# چرای ئەفسووناوی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

## ئینگمار بێریمان

# چرای ئەفسووناوی

وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی



کتێب: چرای ئەفسووناوی
دانانی: ئینگمار بێریمان
وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٣٧
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
پیت لێدان: وەرگێڕ خۆی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

**سوپاس بۆ**

هاوڕێی ئازیز بەختیار عەلی کە بەوەرگێڕانی تێکستە ئەڵمانییەکانی کتێبەکە، هاریکارییەکی دڵسۆزانەی کردم.

هاوڕێ هونەرمەند دانا ڕەئووف کە دڵسۆزانە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا پشتگیریی کردووم.



(ئینگمار بێرمان) سڵاوی بۆ دلاوەر قەرەداغی، وەرگێڕی (چرای ئەفسووناوی) هەیە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت.

*ئینگمار بێرمان*

Ingmar Bergman halsar till oversuttaren Dilawar Karadaghi av laterna magica och onskar lycka till.

*Ingmar Bergman*

لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا، وێڕای دەقە عارەبییەکە، پشت بەم دەقە سوێدییە بەستراوە:
Laterna magica
Ingmar Bergman
Norstedts Förlag, Stocholm 2004

## پێشەکی

کتێبی (چرای ئەفسووناوی) یاداشتنامەیەکی چڕ و دەوڵەمەندی ڕیژیسۆر و نووسەری گەورەی سویدی ئینگمار بێریمانە. لەم کتێبەدا ئینگمار بێریمان زۆر بەوردی ڕۆژگارەکانی منداڵی، کاروانی هونەری و ژیانی تایبەتی خۆی باس دەکات.

زۆر بەڕاستگۆیی ئاماژە بەنوشووستییەکانی، کەموکوڕی بەرهەمەکانی و لە هەمان کاتدا چرکەساتە پڕ لە داهێنانەکانی دەدات. کتێبەکە بەشێوازێکی سینەمایی نووسراوە، وەک سیناریۆی سینەمایی ڕووداوەکان مۆنتاژ دەکات، وێنە نزیکە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی دەگرێت و زەمەنی ڕابردوو و ئێستە تێکەڵاوی هونەرێکی گێڕانەوەی بەرز دەکات.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ هونەر و لەگەڵ شانۆ و سینەمادا ژیاوە و گەورە بووە. بێریمان ڕیژیسۆرێکی بەتوانای سینەما بووە لە شانۆدا و ڕیژیسۆرێکی شانۆیش بووە لە سینەمادا.

لەم ڕووەوە ئینگمار بێریمان دیاردەیەکی زۆر تایبەت بووە لە بواری سینەما و شانۆدا. هەندێ جار تەکنیکی سینەما تێکەڵاوی شانۆ بووە و شانۆش تێکەڵاوی سینەما بووە. بۆ نموونە دیالۆگ، ستروکتورە دراماتیکییەکان، بەکارهێنانی ڕووناکی، دووپاتکردنەوەی هەندێ لە بابەتەکان، هەروەها ڕەنگ و ئاوازە بەکارهێنراوەکانی شانۆ، بۆ نموونە بەکارهێنانی دەمامک، یان سیمای کارەکتەرەکان و هونەری نواندن لەناو نواندندا: بێریمانی شانۆ لە سینەما و بێریمانی سینەما لە شانۆدا، فیلم یان شانۆ، فیلم و شانۆ و جەستەی شانۆ و چاوی سینەما.



ئینگمار بێریمان لە هاویناندا کاری لە سینەمادا کردووە و لە زستانیشدا خەریکی پڕۆژە شانۆییەکانی بووە. هەندێ جار توانیویەتی لە یەک هاویندا دوو فیلم بەرهەم بهێنێ. ئەم گەڕانە چڕە بەردەوامەش لەنێوان شانۆ و سینەمادا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە هەردوو بوارەکەدا: شانۆ بەسەر سینەما و سینەماش بەسەر شانۆوە بەجێهێشتووە.

کتێبی (چرای ئەفسووناوی)یش وانەیەکی گەورەی ژیان و هونەرە، لەنێو وشە و دێڕەکانی ئەم چرا ئەفسوونیەدا فێری لەخۆبوردەیی، ئاکاری هونەری و هونەرێکی گەورە دەبین. کە بۆ یەکەم جار ئەم کتێبەم بەسویدی خوێندەوە لە دڵەوە ئاواتەخواز بووم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم ئەم کتێبە بەزمانی کوردیش بخوێنمەوە. خۆشبەختانە هێندەی نەبرد ئەو هیوایەم هاتە دی و برای بەڕێزم دلاوەر قەرەداغی پێی ڕاگەیاندم کە سەرقاڵی وەرگێڕانیەتی.

دلاوەر قەرەداغی کتێبەکەی بەزمانێکی کوردی ڕەسەن و خۆشەویستییەکی گەورەوە وەرگێڕاوە، وەرگێڕانەکەی سەرسامی کردم و لەگەڵ خوێندنەوەی هەر لاپەڕەیەکیدا زیاتر هەستم بەو کارە گەورەیەی دلاوەر کرد. بەلای منەوە وەرگێڕانەکەی دلاوەر هێندە گەورەیە هەروەک ئەوەی کتێبەکە لە نەژاددا بەزمانی کوردی نووسرابێت.

من دڵنیام کە ئەم کتێبە کەلێنێکی گەورە و ڕۆڵێکی لەبەرچاوی دەبێت لەنێو کتێبخانەی کوردی و لەناو قوتابیانی هونەر و هونەرمەندانی کوردستاندا.

ئینگمار بێریمان هەموو ژیانی هەوڵێکی بێ وچان بوو بۆ خۆناسین، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و گەڕانەوە بۆ ساتەوەختەکانی منداڵی. دوا فیلمیشی (فانی و ئەلیکساندەر) دوا وێستگەکانی ئەو کاروانە دوور و درێژەیە.

چرای ئەفسووناوی و وەرگێڕانەکەی دلاوەر قەرەداغی سەرەتایەکی ڕۆشن و گرینگی ناسینی ئێمەیە بۆ دنیا گەورە و بەرینەکەی ئینگمار بێریمان.

دانا ڕەئووف
١١ / ١٢ / ٢٠٠٥
ستۆکهۆڵم

که له ساڵی ١٩١٨دا له دایک بووم، دایکم دووچاری ئەنفلۆنزای ئیسپانیایی[١] ببوو، من لەبارێکی نالەباری تەندروستیدا ببووم و ناچار هەر لەنەخۆشخانەش غوسلْدرابووم. ڕۆژێکیان پزیشکە پیرەکەی خێزانمان سەردانی کردبووین و کاتێک منی بینیبوو، گوتبووی: ئەم منداڵە لەوەدایە لە بەدخۆراکیدا بمرێت. نەنکم لەگەڵ خۆیدا بۆ خانووە هاوینییەکەی خۆی لە (دالارنا)[٢] بردبووم، لە میانەی سەفەرەکەمان بەقەتار کە ئەو کات یەک ڕۆژی تەواوی دەخایاند، کێکی بەئاو تەڕکراوی بەدەممەوە کردبوو. کە سەرەنجام گەیشتبووینە ئەوێ، ئیتر من لەسەر لێواری مردن ببووم. بەڵام نەنکم توانیبووی دایەنێک لە گوندێکی نێزیک پەیداکات، ئەو دایەنە کیژێکی میهرەبان و پرچ زەرد بوو، گەرچی تەندروستیم باشتر ببوو، بەڵام هێشتا هەر ڕشانەوە و زگ ئێشەی بەردەوام بەریاننەدابووم.

١- spanska sjukan ساڵی ١٩١٨ پەتایەکی سەخت ڕوو دەکاتە سوێد، بەهۆی ئەوەوە کە وامەزەندە دەکرا لە ئیسپانیاوە هاتبێ، بۆیە بە ئەنفلۆنزای ئیسپانیایی ناوزەد کرا. ئەو پەتایە پێشتر ملیۆنەها خەڵکی لە ئەورووپا مراندبوو، کە بەرەو سوێدیش هات لە ساڵانی ١٩١٨، ١٩١٩، ١٩٢٠دا هەزارەها قوربانی خستەوە. و.ک

٢- Dalarna هەرێمێکی باکووری خۆرئاوای سڤیەلاندە، نزیکەی لە سەدا حەوتی هەموو خاکی سوێدی گرتۆتەوە و زیاتر لە ٢٧٨٠٠٠ دانیشتووی هەیە. و.ک



جگە لەوەش یەک ڕیز نەخۆشیی سەیر بەرۆکیان گرتبووم و نەتوانرا بوو مەزەندەی ئەوە بکرێت کە ئاخۆ دەژیم یان نا. ئەلعان دەتوانم لە قووڵایی ئاگاییمدا وەزعی خۆم لەوکاتەدا وەیاد بهێنمەوە: بۆنی ناخۆشی ئارەقەی جەستە، جلکی شێدار و کۆن، ڕۆشنایی کزی چراکانی شەو، دەرگای تۆزێک کەلاکراو کە دەچۆوە سەر ژوورێکی دی، پرخەپرخی دایەنی نوستوو، تەپەی هەنگاونانی بە سرتە، دەنگی چپەچپ و پێچەوانەبوونەوەی تیشکی خۆر لەسەر سوراحیە شووشەییەکە. ئەلعان دەتوانم هەموو ئەوانە وەیادبێنمەوە، بەڵام چ ئاسەوارێکی ترسم لە یاد نییە. ئەوە دواتربوو کە ترس هات.

ژووری مویەق بەرامبەر حەوشێکی تاریکی دیوار بەرزی بەخشت هەڵچنراو بوو، ئاودەستی دەرەوە، بەرمیلی زبڵ، مشکگەلی قەڵەو و قولاپی هەڵخستنی بەڕە و فەرش. لەسەر ئەژنۆی یەکێک دادەنیشتم و شۆربای لە دەفرێکدا دەکرد بەدەممەوە کە لەسەر سفرەیەکی مشەمای ڕەساسیی چمک سوور دانرابوو. مینای دەفرەکەش سپی و گوڵی شینی لەسەر وێنە کێشرابوو کە ڕووناکی کزی پەنجەرەکەی پێچەوانە دەکردەوە. لە میانەی خۆجووڵاندنم بۆ پێشەوە و بەملاولادا، چەند جۆرێکی جیاوازی گۆشەی بینینم ئەزموون دەکرد. لە کاتێکدا کە سەرم دەجووڵاند، تیشکە پێچەوانەبووەکانی سەر دەفری شۆرباکەش دەگۆڕان و شێوەی تر دەخولْقان. کوتوپڕ بەسەر هەموو ئەوانەدا دەڕشامەوە.

دەشێ ئەمە ئەووەڵین یادەوەریم بێ: خێزانەکەمان لە نهۆمی یەکەمی خانووی سەر سووچەکەی نێوان (خێپارگاتان)[٣] و (ستورگاتان)[٤]دا نیشتەجێ بوو.

پاییزی ساڵی ١٩٢٠، بۆ (ڤێللاگاتانی بیست و دوو)[٥] لە (ئۆستێرمالم)[٦] گواستمانەوە. بۆنی تازەی بۆیاخ و بۆنی عەردی تەختەیی تازە پۆڵیشکراو خانووەکەی تەنی بوو. ڕەنگی ڕاخەری ژووری منداڵ لەو خانووە نوێیەدا زەرد و پەردەی ڕووناکیی پەنجەرە، بەنیگاری سوارەی قەڵاو گوڵی مێرغوزارەوە. دایک دەستی نەرم و کاتی بۆ گێڕانەوەی حەکایەت دەڕەخساند. باوک بەیانییەکیان لە نوێنەکەی هاتە دەرێ و پای بەقەدعەکەدا نا، ئەوسا بەدەنگی بەرز کەوتە جنێودان. دوو کیژۆڵەی دالارنایی لە مویەقەکە هەبوون کە زۆرجاران لە کانگای دڵەوە گۆرانییان دەچڕیی. ڕێک لە ژوورەکەی

3- Skeppargatan
4- Storgatan
5- Villagatan 22
6- östermalm

لای دەرگای حەوشەوە کچێکی هاوتەمەن و هاوگەمەی خۆم دەژیا کە ناوی (تیپان)[٧] بوو. وی کیژێک بوو سەرچڵ و خاوەن خەیاڵێکی چڕوپڕ. من و ئەو کیژە، ئەندامەکانی لەشی خۆمان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکردن و جیاوازی سەیر و سەرنج ڕاکێشەرمان تێیاندا دەدۆزیەوە. ئیدی ڕۆژێکیان کەسێک بەسەرداهات، بەڵام هیچی نەگوت.

کە خوشکەکەم لەدایک بوو من تەمەنم چوار ساڵان بوو، ئەوسا بارودۆخەکە بەشێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا: کوتوپڕ مەخلوقێکی قەڵەو و جیاواز کەوتە بینینی ڕۆڵی سەرەکی. من لەنوێنەکەی دایکم دوورخرامەوە، باوکم بەو بوخچە گرینۆکە شاگەشکە بوو، ئیدی شەیتانی بەخالەت چەنگاڵی بەدڵمدا کرد، هەڵدەچووم، دەگریام، میز و گووم لەسەر عەردەکە دەکردن و خۆم پیس دەکرد. من و برا گەورەکەم، هەردوو دوژمنە ئەزەلییەکەی تینوو بەخوێنی سەری یەکتر، ئاشت بووینەوە و کەوتینە پلاندانان بۆ کوشتنی ئەو مەخلوقە قێزەوەن و تووڕەهاتە. لەبەر هۆیەک لەهۆیەکان براکەم پێی وابوو وا شیاوترە، خۆم پلانەکە جێبەجێکەم. من لەوەوە بوغرابووم و ئینجا هەردووکمان بەدوای دەرفەتێکی گونجاودا کەوتینە گەڕان.

لەپاش نیوەڕۆیەکی بێدەنگ و خۆرەتاودا کە پێموابوو بەتەنێ لەماڵەوەم، بەپێدزکێ خۆم کرد بەژوورەکەی دایک و باوکمدا، لەوێ مەخلوقەکە لە زەمیلە پەمەییەکەیدا نوستبوو. دەستمدایە کورسییەک و چوومە سەری، لەوێوە لە ڕوخساری ئاوساو و دەمە لیکاوییەکەی خوشکە ساواکەم دەنۆڕی. براکەم سەبارەت بەوەی چۆناوچۆنی کارەکە ئەنجام بدەم، ڕێنوێنی تەواوی کردبووم، بەڵام من خەراپ لە ئامۆژگارییەکانی حاڵی ببووم. لەبری ئەوەی دەست بنێمە بینی، قەفەسەی سینگیم گوشی. ئیدی یەکەندەردوو لەگەڵ زریکەیەکی جەرگبڕدا وەئاگاهاتەوە، دەستم نایە سەر زاری، چاوە شینە پاقژەکانی خێل و زەق بوونەوە، هەنگاوێکی ترم بۆ پێشەوەنا تا باشتر لە قەرەی بێم، بەڵام قاچم ترازا و کەوتمە سەر عەردەکە.

وەبیرم دێتەوە ئەم کارە ڕایەڵ بوو بەچێژێکی بەهێزەوە کە دواتر خێرا گۆڕا بە ترس.

بەسەر وێنەکانی منداڵییدا دادەنەومەوە و بەزەڕەبین لە ڕوخساری دایکم ورد دەبمەوە، هەوڵدەدەم لەمیانەی هەستە پەرتەوازەبووەکانەوە خۆم بگەیەنمە قووڵایی. با ... من ئەوم خۆشدەویست. دایکم ئەوەتا لە وێنەکاندا گەلێک سەرنجڕاکێشە: پرچی پڕی لەناوەڕاستا

7- Tippan



شانەکراو و قژی کەوتوو بەسەر هەنیە پانەکەیدا، ڕوخسارێکی سپی نەرم، دەمێکی ئاشنای شەهوانی، برۆیەکی وەستایانە ئەفرێنراو و دوو دەستی گچکە و بەهێز.

دڵی چوارساڵانەم خەریک بوو لە ئەڤینێکی سەگانەدا دەتوایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندیی نێوانمان پێوەندییەکی هاسان نەبوو. ئاخر وەفاداریم بۆی بێزار و تووڕەی دەکرد، ئەڤین و هەڵایسانم بەرامبەری نیگەرانی دەکرد. زۆر جاران بەنەغمەیەکی سارد و گاڵتەجاڕییانە لەخۆی دەتاراندم. ئیدی لە نائومێدی و تووڕەییدا دەمدایە قوڵپی گریان. پێوەندی ویی بەبراکەمەوە هاسانتر بوو، لەبەرئەوەی دەبوو دایکم بەردەوام براکەم لەباوکم بپارێزێ کە بەزەبر و زەنگێکی توند و تیژ پەروەردەی دەکرد، لەو پەروەردە کردنەدا، لێدانی دڕندانە، ئەرگیومێنتێکی هەمیشەیی بوو کە ناوبەناو پەنای بۆ دەبرا.

بەکاوەخۆ پەیم بەوە برد کە نۆرە سەرسامیی گا ناسک و گا شێتانەم بەرامبەر دایکم کاریگەرییەکی کەمیان هەن. ئەوسا خێرا کەوتمە خستنە کاری هەڵسوکەوتێک کە دەشێ دڵخۆشی کا و سەرنجمی بەلایدا ڕاکێشێ. ئەوە نەخۆشی بوو کە یەکەندەردوو هەستی وی دەبزواند. لەبەرئەوەی من منداڵێک بووم بەبێ شومار نەخۆشیگەلی درێژخایەنەوە، بۆیە ئەوە ڕێگەیەکی ئازاراوی بەڵام بێ ئەملاولا بوو بۆ خۆگەیاندنە نێو ئامێزی سۆزی وی. بەڵام هەر زوو بەدرۆوە خۆ نەخۆش خستنم بەرهەڵدا دەبوو، ئاخر دایکم سیستەرێکی خوێندن تەواوکردوو بوو، ئەو جۆرە فرتوفێڵانەی بەسەردا تێنەدەپەڕین. ئیدی ئەوجا سزایەکی حیسابیی دەدام.

ڕێگەیەکی تر هەبوو بۆ سەرنجڕاکێشانی، بەڵام ڕێگەیەکی مەترسیدارتر بوو: بۆم ساخ ببۆوە دایکم بەرگەی بێباکی و خەمساردی ناگرێ، ئاخر ئەوانە چەکی خۆی بوون. فێری ئەوە بووم کە پێ بەسەر هەست و سۆزی لەکوڵمدا بنێم و بکەومە وازیکردنی گەمەیەکی سەیر کە یەکەمین بنەماکانی سەرچڵی و ساردوسڕی بوون. هیچ ئەو شتانەم بیر نین کە ئەو کات کردمن، بەڵام خۆ ئەڤین لە ئەفراندندا بلیمەتە و منیش لەو بارەیەوە بەخێرایی توانیم سەرنجی وی بەلای هەستی ناسکمدا ڕاکێشم.

قورسترین کێشە بەتەنێ ئەوە بوو کە هەرگیز هەلومەرجی ئەوەم بۆ نەڕەخسا نهێنیی گەمەکەم بەرهەڵداکەم، دەمامک فڕێدەم و بەئەڤینێکی دوو جەمسەرییەوە ڕایەڵ بم.

دوای ساڵانێکی زۆر و دوای ئەوەی دایکم بەهۆی پەلاماری دووەمین جاری سەکتەی دڵەوە لە نەخۆشخانە کەوت و لوولەی ئۆکسجینەکەی بەکەپووەوە بوو، لەبارەی ژیانمانەوە

کەوتینە قسان. لەبارەی عەزابی منداڵیمەوە بۆی دوام و ئەویش پێی لەوەنا ئازاری بەوە چەشتووە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە من بۆی چووم. دایکم نیگەرانیی خۆی لەو بارەیەوە بۆ پزیشکێکی بەنێوبانگی منداڵان گێڕاوەتەوە و ئەویش بەحیرسەوە ئاگاداری کردۆتەوە کە خۆی گوتەنی (خۆ نێزیکخستنەوەی نەخۆشانە)م ئەفەرۆزکا. هەروا ئەو پزیشکە دایکمی ئاگادار کردبۆوە کە هەر سازشکردنێک بەرامبەرم ڕەنگە بەدرێژایی ژیانم زەرەرمەندم کات.

بەڕوونی یادەوەری سەردانێکی ئەو پزیشکەی منداڵانم لەبیرە. هۆی ئەو سەردانە ئەوەبوو کە لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنم گەیبووە شەش ساڵان، کەچی ملم بۆ قوتابخانە چوون نەدەدا. ناچار بەتۆپزی بەرەو پۆلی خوێندن کێشیان دەکردم یاخۆ هەڵیان دەگرتم و منیش لە ترسا دەکەوتمە هاوار هاوار. ئەوسا هەرچیم بینیبا بەسەریدا دەرشامەوە. پاشان لەسەرخۆ دەچووم و بەڵانسم تێک دەچوو. سەرەنجام سەرکەوتنم وەدەست دەهێنا و چوون بۆ قوتابخانەم دوادەخرا، بەڵام دیدەنی کردنی ئەو پزیشکەی منداڵان شتێک بوو بێ چەند و چوون.

پزیشکەکە ڕیشێکی پڕی هەبوو، کراسێکی یەخە درێژی لەبەردا و بۆنی سیگاری لێدەهات. پانتۆڵەکەمی ڕاکێشایە خوارێ، زەکەرە چرچۆڵەکەمی بەدەستێکی گرت و بەپەنجەی دۆشاومژەی دەستەکەی تریشی، سێ گۆشەیەکی لەسەر ناوگەڵم کێشا. ئەوجا بەدایکم، کە پاڵتۆیەکی فەرووی ڕیشاڵدار و کڵاوێکی سەوزی تاریکی چارشێوداری پۆشیبوو و لەدوامەوە دانیشتبوو، گوت: **لێرەدا ئەم کوڕە هێشتا هەر لە منداڵ دەچێ!**

دوای ئەوەی لەسەردانی پزیشک گەڕاینەوە، سەدریە زەردە کاڵە چمک سوورەکەیان لەبەرکردم کە وێنەی پشیلەیەک لەسەر گیرفانەکەی چنرابوو. بابۆڵەیەک و نسکافێیەکی گەرمیان دامێ. پاشان بۆ ژووری منداڵ چووم کە خوشکە ساواکەم لێی داگیر کردبووین، براکەم سوورێژەی گرتبوو لە شوێنێکی تر دەژیا (هەڵبەت لەخوام دەویست بمرێ، ئاخر ئەو نەخۆشیە لەو دەور و زەمانەدا نەخۆشیەکی خەتەرناک بوو) عارەبانە دارینەیەکی تایە سووری تەل زەردم لە دۆڵابی یاریەکان دەرهێنا و ئەسپە دارینەیەکم لێ بەست. ئیدی هەڕەشەی قوتابخانە لە بەختەوەریی سەرکەوتندا، بووە یادەوەرییەکی خۆش.

ڕۆژێکی زستانی ساڵی ١٩٦٥، دایکم تەلەفۆنی بۆ شانۆ کرد و پێیڕاگەیاندم کە باوکم لە خەستەخانە خەوێنراوە و بڕیارە نەشتەرگەری بۆ بڕینی لوویەکی پیس لە گەروویدا بکرێ. داوای لێکردم بچم و سەردانی بکەم. منیش وەڵامیمدایەوە کە نە تاقەتم هەیە و نە کات، پێیمگوت من و بابم چ شتێکمان نییە بەیەکدی بڵێین، پێیمگوت بابم ئینسانێکە



هەست بەهیچ شتێک ناکەم بەرامبەری و بەدڵنیاییشەوە ڕەنگە لەنێو نوێنی ئەگەری مردندا، بەو سەردانە ببمە مایەی ترس و شپرزەیی بۆی. کە وامگوت دایکم تووڕەبوو، پێیداگرت لەسەر ئەوەی کە دەبێ بڕۆم. منیش هەڵچووم و داوام لێ کرد هەوڵنەدات ناچارم کات. ئەو ناچارکردنە ئەبەدییە: (دەتوانیت لەبەر خاتری من ئەوە بکەیت.) دایکم ئیدی تەواوێک تووڕە دای لەقوڵپی گریان، منیش ئاماژەم بەوە کرد کە هەرگیز فرمێسک کاری تێنەکردووم. وامگوت و بەتوندی تەلەفۆنەکەم بەسەریدا داخستەوە.

هەمان ئێوارە من لە شانۆ خەفەر بووم، چوومە ئەودیو تەختەی شانۆ و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەدوام، بەزۆر بەنێو ژمارەیەک بینەردا تێپەڕیم کە خۆیان کرد بەهۆڵەکەدا و بەهۆی زریانی بەفرەوە دواکەوتبوون، زیاتر لەژوورەکەمدا مامەوە تا کار لە سێنێریی شانۆنامەی (لێپێچانەوە)[٨]ی (پێتەر ڤایس)[٩]دا بکەم.

زەنگی تەلەفۆن لێدرا، کیژی بەدالە ڕایگەیاند کە خاتوو بێریمانێک لەخوارەوەیە و دەیەوێ قسان لەگەڵ بەڕێوەبەری شانۆدا بکا. لەبەر ئەوەی ژمارەیەک خانمی بێریمان ناو هەبوون، بۆیە من بەمۆنیەکەوە پرسیم مەبەستی کام خاتوو بێریمانی نەفرەتییە. کیژی بەدالە بەترسێکی تەنک وەڵامیدایەوە کە ئەوە خاتوو بێریمانی دایکی بەڕێوەبەری شانۆیە دەیەوێ هەر ئەلعان لەگەڵ کوڕەکەیدا بئاخڤێ.

چووم بەپیر دایکمەوە کە ئەویش بەو زریانی بەفرە خۆی گەیاندبووە شانۆ. هێشتا بەهۆی زەحمەتی هاتن بەخۆدان و بێهێزیی دڵ و تووڕەییەوە هەناسە بڕکێی بوو. داوام لێ کرد دانیشێ و پرسیارم لێ کرد ئاخۆ دەخوازێ کووپێک چای بۆ بێنم. وەڵامیدامەوە ناخوازێ دانیشێ و چ حەزیشی لە چا نییە. مەبەست لە هاتنەکەشی ئەوەیە هەمدیس هەمان ئەو وشەگەلە توندوتیژ و بێ بەزەیی و دڵ ڕەقانەیەی بەگوێدا بدەمەوە کە بەیانی هەمان ئەو ڕۆژە بەتەلەفۆن پێیم گوتبوو. دەیویست بزانێ ڕوخسارم چۆن دەنوێنێ کاتێ لە دایک و بابم هەڵدەگەڕێمەوە و سووکایەتییان پێدەکەم.

بەفری سەر ئەو مەخڵوقە گچکە فەرووپۆشە تواوبۆوە و چەند پەڵەیەکی تاریکی لەسەر کومبارەکە خوڵقاندبوو. تا بڵێی ڕەنگی پەڕیبوو، چاوانی لەتووڕەییدا ڕەش دەچوونەوە و گوێیشی سوور.

---

8- Rannsakningen
9- Peter Veis

هەولّم دا ئامێزی پێداکەم و ماچی بکەم، بەڵام پاڵێکی پێوەنام و شەپازللەیەکی لێدام (دایکم هێند وەستایانە شەپازللەی دەوەشاند وێنەی نەبوو، زللەکە خێرا وەکی بروسکە دادەبەزیی، بەدەستی چەپیشی دەیوەشاند کە هەردوو ئەنگوستیلەی قورسی هاوسەرێتی لەپەنجەکانیدا و ئازارێکی بەسۆی دەبردە دڵەوە) من پێکەنیم و دایکیشم کوڵی گریانی بەربوو، ئینجا لێزانانە لەسەر کورسییەکی نزیک مێزی وتووێژ ڕۆنیشت، ئەوسا بەدەستی ڕاستی ڕوخساری حەشاردا و بەدەستی چەپیشی لە جانتاکەیدا بەدوای دەسەسڕدا گەڕا.

لە تەنیشتییەوە دانیشتم و دڵنیام کردەوە کە بێگومان سەردانی باوکم دەکەم، هەروا پێمگوت لەوەی گوتوومە پەژێوانم و لەدڵیشەوە تکام لێکرد بمبووریێ.

بەتوندی ئامێزی پێداکردم و گوتی: هەنووکە ئیدی نابێ یەک دەقیقەی تر مەزاحیمم بێت.

دوای ئەوە چامان خواردەوە و تا سەعات دووی شەو لە کەشێکی ئاشتییانەدا قسانمان کرد.

هەموو ئەو شتانە لە ڕۆژێکی سێ شەممەدا ڕوویان دا. لە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوودا، ناسیاوێکی خێزانەکەمان، کە لەمیانەی لە خەستەخانە کەوتنی بابمدا لە لای دایکم دەژیا، تەلەفۆنی کرد و داوای لێ کردم دەسبەجێ بچم بۆ لای، لەبەرئەوەی تەندروستیی دایکم زۆر خەراپە، پرۆفیسۆر (نانا سڤارتز)[10]ی پزیشکی دایکیشم بۆ ئەوێ بەڕێوەیە و پەلامارەکە بۆ چاوترووکانێک خاوبۆتەوە. بەپەلە خۆم گەیاندە (ستۆرگاتانی حەوت)[11]. پرۆفیسۆر دەرگاکەی کردەوە و یەکسەر پێیڕاگەیاندم کە بەر لە چەند دەقیقەیەک دایکم مردووە.

هێند حەپەسام و بەبێ ئەوەی بتوانم کۆنترۆڵی خۆم بکەم بەدەنگی بەرز دامە کوڵی گریان. خێرا ئەوە تێپەڕی، پزیشکی پیر بەبێدەنگی ڕاوەستاو و دەستی گرتبووم. کاتێ هێور بوومەوە، گێڕایەوە کە هەموو شتەکان زۆر بەخێرایی ڕوویان داوە، دوو نۆرە دڵ لە دایکمی داوە و هەریەکەیان نزیکەی بیست دەقیقەی خایاندووە.

ساتەوەختێک دواتر و ئیدی من لەو باڵەخانە بێدەنگەدا بەتەنێ لەگەڵ دایکمدا مامەوە.

---

10- Nanna Svartz
11- Storgatan 7



بەجلکی فلانیلی نووستن و چاکەتە بلوسێکی شینەوە لەسەر تەختە نوێنەکەی درێژ ببوو. کەمێک ڕوخساری کەوتبوو بەلاداو تۆزقاڵێک دەمی کردبۆوە. ڕەنگی پەڕیو و سێبەر گەمارۆی دەوری چاوانی دابوو. قژە هێشتا ڕەشەکەی باش شانەکراو بوو- نا، ئیدی قژی ڕەش نەبوو، بەڵکو ماشوبرنجیی و لەو ساڵانەی دواییشدا بەکورتی دەیهێشتەوە. بەڵام وێنەکانی نێو یادەوەریم دەڵێن دایکم قژی ڕەش بووە، دەشێ تاڵگەلی ماش و برنجیی تێدابووبێ. دەستەکانی لەسەر سینگی دانابوون، پلاستەرێکی چکۆڵەش بەپەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپییەوە بوو.

کوتوپڕ ژوورەکە تەژی لە هەتاوێکی بەتینی بەهارێکی زوو بوو. کاتژمێرە چکۆڵە زەنگدارەکەی پاڵ تەختەنوێنەکە بەپەرۆشەوە دەیچرکاند.

پێموابوو دایکم هەناسە دەدا، پێموابوو سینگی بەرزدەبێتەوە و گوێم لە دەنگی ئارامی هەناسە هەڵمژتنێتی، پێموابوو پێڵووەکانی دەترووکێن، پێموابوو نوستووە و هەر ئەلعان بەئاگادێتەوە: گەمەی فێڵاوییانەی باو لەگەڵ واقیعدا.

چەند سەعاتێک لەوێدا دانیشتم، زەنگەکانی کڵێسای (هێدڤیگ ئیلێنورا) وادەی نوێژیان ڕاگەیاند، ڕووناکییەکە گۆڕا، دەنگی پیانۆ دەهاتە گوێ کە لە جێگەیەکەوە دەژەنرا. پێموانییە تازیەباربووبم، پێموانییە لە فیکرەوە چووبم، پێشموانییە تەنانەت چاودێریی خۆم کردبێ یاخۆ ڕۆڵێکم بینیبێ - مەبەستم لەو نەخۆشییەی پیشەیە کە دلڕەقانە لە ژیاندا بەدوامەوە بووە و زۆر جاران قووڵترین ئەزموونەکانی دزیومن یاخۆ درزی تێ بردوون.

زۆر شتم لەو سەعاتانە بیرنایەنەوە کە لە ژوورەکەی دایکمدا بەسەرمبردن. شتێک کە بەتۆخی وەبیرم بێتەوە پلاستەرەکەی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی چەپیەتی.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ سەردانی بابم لە خەستەخانە کرد و هەواڵی مردنی دایکم پێڕاگەیاند. بەسەرکەوتوویی نەشتەرگەرییەکەی بۆ کرابوو، هەروەها لە هەوکردنێکی سییش قوتاری ببوو. ئەلعان لەسەر کورسییەکی شینی ژووری خەستەخانەدا، ڕۆبە کۆنەکەی بەیانیانی لەبەردا، ڕێکوپێک و ڕیش تەراشکراو دانیشتبوو، دەستە درێژە لاوازەکەی بەکەمەی گۆچانەکەیەوە گرتبوو. ورد سەرنجی دام، چاوانی ڕووناک و ئارام و کراوە، دوای ئەوەی هەموو ئەو شتانەم گوتن کە دەمزانین، ئەو تەنێ سەری ڕاوەشاند و داوای لێ کردم بەتەنیا جێیبێڵم.

زۆرترین پەروەردەبوونی ئێمە لەسەر واتاگەلی گوناھ، ددانپیانان، سزا، لێخۆشبوون و نوێژ دارێژرابوون، ئەوانە هۆکاری دیار و ئاشکرای پێوەندیی نێوان منداڵ و دایک و باوک بوون لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ خودادا. لەو پەروەردەکردنەدا لۆژیکێکی ناوەکی هەبوو کە ئێمە ڕێزمان لێ دەنا و پێمان وابوو لێی حاڵی بووین. دەشێ ئەم حەقیقەتە یارمەتی لە قەبووڵکردنی سەرسوڕهێنەرانەی نازیزمدا دابێتین. ئێمە نەمانبیست باسی ئازادی بکرێ و کەمتریش دەمانزانی تامی چۆنە. ئاخر لە سیستمێکی دەسەڵاتخوازیدا هەموو دەرگاکان داخراون.

بەو چەشنە سزاکان ببوونە شتی بەڵگەنەویست و هەرگیز نەدەکرا بخرێنە ژێر پرسیار. سزاکان هەندێک جار خێراو ساکار بوون وەک شەپازللە یاخۆ بەقوونداکێشان، بەڵام بۆی هەبوو لەوپەڕی ئاڵۆزیدابن و نەوە بەنەوە دەستیان پێداهێنرابوون.

گەر (ئێرنست ئینگمار)[١٢] میزی بەخۆداکردبا، شتێک کە زۆربەی کات و بەهاسانی ڕووی دەدا، ئەوا دەبوو بەدرێژایی ڕۆژ تەنوورەیەکی سووری تا سەر ئەژنۆ کورت بپۆشێ. ئەم سزایە بەسزایەکی هاکەزایی و پێکەنیناویی مەزندە دەکرا.

تاوانە گەورەکان سزایەکی نموونەیی دەدران: سزاکە لەساتەوەختی بەرهەڵدابوونی تاوانەکەوە جێبەجێ دەکرا. تاوانبار لای دەسەڵاتێکی نزم ددانی بەتاوانەکەیدا دەنا، بۆ نموونە لای ڕاهیبەگەل یان لای دایک یاخۆ لای یەکێک لەو ژنە زۆرانەی خزمان کە لە ڕێکەوتی زۆری جیاوازدا لە حەوشی قەشە دەژیان.

ئاکامی دەسبەجێی ددانپیانان فەرامۆشکردنێکی ڕەهای تاوانباربوو. ئیدی نە کەس قسەی لەتەکدا دەکردیت و نە کەس وەڵامی دەدایتەوە. وەک تێگەیشتبم ئەمەش وای لە کەسی تاوانبار دەکرد، بکەوێتە عەوداڵبوون و سوێبوونەوە بۆ سزاو لێخۆشبوون. دوای فەراوین و قاوەخواردنەوە لایەنە پێوەندیدارەکان بۆ ژووری باوک بانگ دەکران. لەوێ لێپێچانەوەکە بەرفەراوان دەکرا و هەمدیس گوێ لە ددانپیانانەکە دەگیرایەوە. دواتر شووڵکی فەرش تەکاندن دەهێنرا و کەسی تاوانبار خۆی ژمارەی ئەو شووڵکانەی دیاری دەکردن کە دەبووا لێیبدرێن. دوای ئەوەی سزاکە دەسنیشان دەکرا، ئەوجا باڵشتێکی سەوز و ڕەق دەهێنرا، پانتۆڵ و دەرپێی ژێرەوە لەبەرت دادەماڵرا، بەدەمدا لەسەر باڵشتەکە ڕادەکشایت، کەسێک توندوتۆڵ ملتی دەگرت و ئەوسا شووڵک دەوەشێنرا.

١٢- مەبەست لە بێرمان خۆیەتی.



ناتوانم بڵێم ئەو لێدانە ئازاری هەبوو، ئاخر ئەوە کەش و زەلیلییەکە بوون کە ئازاریان دەورووژان. براکەم خەراپتر ئەو لێدانانەی پێوە دیاری دەدا. زۆرجاران دایکم لەپاڵ سیسەمەکەیدا دادەنیشت و پشتی بۆ تەڕ دەکرد کە شووڵکەکە پێستەکەی بڕیبوو و هێڵی خەتخەتی خوێناوی تێکردبوو. لەبەرئەوەی من ڕقم لەبراکەم و لەنۆرە تووڕەیییە ناکاوەکانی دەترسام، بۆیە گەلێک خەنیی بووم کە ئاوها بەو توندوتیژییە سزا دەدرا.

کە لێدانەکە تەواودەبوو، ناچاربوویت دەستی باوکت ماچکەیت، ئەوجا لێخۆشبوون ڕادەگەیەنرا و باری گوناھ دادەگیرا، ڕزگاری و بەزەیی دەکەوتنەڕوو. بێگومان دەبوو بەبێ شێو و بەبێ موتاڵای شەوانە سەربنێیتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، داگیرانی باری قورسی گوناھ، شتێکی مەزن بوو.

جگە لەوەش جۆرە سزایەکی ڕاگوزەریی تر هەبوو کە زۆر سەخت بوو بۆ منداڵێک لە تاریکی بترسێت، ئەویش بەوەی ماوەیەکی درێژ یان کورت لەنێو کەنتۆرێکدا زیندانی بکرێ. (ئالما)[١٣] لە موبەق بۆی گێڕابووینەوە، ڕێک لەو کەنتۆرەدا مەخلوقێکی گچکە هەیە کە پەنجەی پێی منداڵی هار دەخوا. من بەئاشکرا دەمبیست کەسێک لەوێ، لە تاریکییەکەدا دەجووڵێتەوە، ئیدی ترسێکی بێ ئەندازە دایدەگرتم، بیرم نییە ئەوکات چیم دەکرد، دەشێ بەکەنتۆرەکەدا هەڵزنیبێتم و خۆمم بەقووڵاپەکانیدا هەڵواسیبێ تا لێنەگەڕێم پەنجەکانم بخورێن. ئەم شێوازەی سزادان کاریگەریی خۆی لەتۆقاندنمدا بزرکرد دوای ئەوەی ڕێگەچارەیم دۆزییەوە: لە قوژبنێکی کەنتۆرەکەدا لایتێکی گڵۆپ سوور و سەوزم شاردەوە، هەرکە لەوێدا حەپس دەکرام، لایتەکەم دەردەهێنا و ڕووناکییەکەیم دەگرتە دیوارەکە و وام دەنواند لە سینەمام. جارێکیان لە ناکاوێکڕا دەرگای کەنتۆرەکە کرایەوە، من یەکسەر ڕاکشام و بەدرۆوە خۆم بوورانەوە. هەمووان کە منیان بینی ترسان، جگە لەدایکم کە گومانی بەدرۆوە خۆبوورانەوەی لێ کردم، بەڵام چ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو، بۆیە سزای داهاتووم بۆ نەبڕدرایەوە.

بەجۆرە سزای تریش ئاشنابووم: قەدەغەکردنی چوون بۆ سینەما، قەدەغەکردنی نانخواردن، بەزۆر هێشتنەوە لەسەر تەختەنوێن، لەژووردا حەپسکردن، وەزیفەی زیادە لە ژماردندا، دارحەیزەران بەدەستداکێشان، قژڕاکێشان، پاککردنەوەی موبەق (ئەمەیان کارێکی تا ڕادەیەک خۆش بوو)، ماوەیەکی دیاریکراو کەس لەگەڵت نەدەدوا ... و ئیدی بەم جۆرە.

13- Alma

هەنووکە من لە نائومێدی ئەوسای دایک و بابم حاڵیی دەبم. ئاخر خێزانی قەشەیەک وەک ئەوە وایە لە ڕوو بژی، پارێزراو نییە لەچاوانی خەڵکی. دەبێ ماڵەکە هەمیشە کراوە بێت. ڕەخنەو قسەی گرووپە کلێسایییەکان شتێکە جێگیر. دایک و بابم تا ئەوپەڕی لەگەڵ یەکتریدا کۆک بوون، بەڵام تەواوێک لەژێر باری ئەو گوشارە ناماقووڵەدا نەوی بوون. کاری ڕۆژانەیان دیارینەکراو، پێوەندیی ژن و مێردایەتییان قورس، دیسپلینی خۆیییان ئاسنین. هەردوو کوڕەکەیان ئەو سیفەتە کەسێتییانەی ئەوانیان پێچەوانە دەکردەوە کە هەمیشە لەخۆیاندا چەپاندبوویان. براکەم نەیدەتوانی دابین بێ و قیرسیچمەیی خۆی کۆنترۆڵکات. باوکیش هەموو گوڕی خۆی بۆ تێکوپێکشکاندنی خستبووەگەڕ و لەوەیشدا سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو. خوشکەکەم زۆر بەتینوتاو و پاسیڤانە خۆشدەویسترا، ئەویش وەڵامی ئەو خۆشەویستییەی بەخۆسڕینەوە و ترسێکی نەرم دەدایەوە.

پێموایە دوای ئەوەی بوومە کەسێکی درۆزن، توانیم بەهاسانی خۆم لەسزادان بپەڕێنمەوە. ئاخر کەسێکی زیادەم خوڵقاند زۆر کەم لەگەڵ واقیعیەتی ئەو کارەدا دەهاتەوە کە من دەمکرد. لەبەرئەوەی نەمدەزانی چۆناوچۆنیی مەخلوقەکەم و کەسێتیی خۆم لەیەکتری جیاوەکەم، ئەو مەسەلەیە دەرەنجامی درێژخایەنی لە ژیانی گەورەییم و داهێنانەکانمدا بەجێهێشت. هەندێ جار دەبێ سەبووریی خۆم بەوە بدەمەوە کە ئەو کەسەی لەدرۆدا بژی حەقیقەتی خۆشدەوێ.

یەکەمین درۆیەک لە ئاگایییەوە کردبێتم بەئاشکرا لە زەینمدایە. بابم ببووە قەشەی نەخۆشخانە، ئێمە بۆ خانوویەکی زەردی تەنیشت پارکی گەورەی (لیل-یانسکۆگن[١٤]) گواستبوومانەوە. ڕۆژێکی ساردی زستان بوو. من و براکەم و ڕەفیقەکانی تۆپەڵە بەفرمان دەگرتە خانوویەکی ڕووەکیی گوێ پارکەکە. زۆر لە شووشەکان شکان. کابرای باخەوان یەکسەر گومانی لێ کردین و لای بابم شکاتی لێ کردین. ئیدی لێپێچانەوە دەستی پێ کرد. براکەم دانی بەتاوانەکەدا نا، هاوەڵەکانیشی دانیان بەتاوانەکەدا نا. من لە مویەق بووم و یەک پەرداخ شیرم هەڵقوڕاند. (ئالما) لای مێزی مویەقەوە کولێرەی دەکرد. لەمیانەی شووشەی تەمومژاویی پەنجەرەکەوە دەمتوانی سیلەی خانووە شووشەیییە شکاوەکە چاوکەم. (سیریی[١٥]) هاتە مویەق و باسی ئەو سزا ناهەموارەی کرد کە هی

14- Lill-Jannskogen
15- Siri



براکەم و ڕەفیقەکانی دەدرێ. پرسیاری لێ کردم ئاخۆ منیش لەو وێرانکارییەدا بووم، شتێک کە لە یەکەمین لێپێچانەوەدا نکوڵیم لێ کردبوو (ئاخر لەبەر نەبوونی بەڵگە بەشێوەیەکی کاتی ئازاد کرابووم). بۆیە هەر کە (سیریی) بەنەغمەیەکی سوعبەت ئامێز و ڕاگوزەر پرسیاری لێ کردم، ئاخۆ هیچ شووشەیەکم شکاندووە، من ئیدی یەکسەر تێگەیشتم دەیەوێ تێوەمگلێنێ، بۆیە بەدەنگێکی ئارام وەڵامیمدایەوە، من تەنها ڕاوەستابووم و بۆ ساتەوەختێک تەماشایانم کردووە، چەند تۆپەڵێ بەفری گچکەم هاویشتووە کە بەر براکەم کەوتوون، پاشان لەبەر ئەوەی قاچم تەزیوە بۆ ماڵەوە گەڕاومەتەوە. بەئاشکرا بیرمە ئەوکات هات بەخەیاڵمدا کە: دەبێ بونیادەم ئاوها بدوێ کاتێ درۆ دەکات.

ئەوە داهێنراوێکی یەکلاکەرەوە بوو. بڕیارم دا بەهەمان لۆژیکی ئەقڵانیی (دۆن جوان)ی مۆللێر، ببمە کەسێکی فێڵباز. نامەوێ لافی ئەوە لێبدەم، هەموو کاتێ بەهەمان تەرز سەرکەوتوو بووم، ئاخر گا بەهۆی کەم ئەزموونییەوە پێوەدەبووم و گا هەڵسوکەوتی نائاساییم دەنواند.

خێزانەکەمان خزمێکی زۆر دەوڵەمەند و خێرەومەندی هەبوو کە ناوی (پوورە ئاننا)[١٦] بوو. هەمووجار داوەتی دەکردین بۆ ئاهەنگی منداڵان بەجادووبازیی و شتی خۆشی ترەوە، وی هەمیشە لەدوای ئاهەنگەکانیش دیاری گرانبەهای سەریساڵی دەداینێ، هەموو بەهارانێکیش دەیبردین بۆ یەکەمین نمایشی (سێرکی شۆمان) لە (یۆرگۆردن)[١٧]. ئەو ڕووداوە خستمیە نێو ورووژانێکی بەتین و تاوەوە: سەفەر بەترومبێل لەگەڵ شۆفێرە جلکی سەربازی پۆشەکەی (پوورە ئاننا) و خۆکردن بەخانوویەکی دارینی گەورەی گەلێک ڕووناکدا، بۆنگەلی نهێنی ئامێز، کڵاوە زلەکەی پوورە ئاننا، هەراوزەنای ئۆرکیسترا، ئەفسوونی خۆئامادەکردنەکان، نەڕەی ئاژەڵە کێوییەکان لەودیو پەردە سوورەکانی دەرگای سێرکەوە. یەکێک دەچرپێنێ شێرێک لە دەریچەیەکی ژێر گومەزەکەوە دەرکەوتووە و ئێدی لێبووکەکان ترساون و تووڕەبوون، من لە هەژاندا خەو دەیبردمەوە و بەدەنگی مۆسیقایەکی خۆش وەئاگا دەبوومەوە: کیژێکم دەبینی بەجلکی سپی و بەسواری ئەسپێکی تابڵێی ڕەشەوە.

کەوتمە داوی ئەڤینیی ئەو ژنە جاحێڵەوە و وی تەواوێک گەمە فانتاسییەکانمی گەمارۆ

16- tant Anna
17- Cirkus Schumanns premiär pa˚ Djurga˚rden.

دا. ئەو ژنەم بە(ئیسمێرالدا)[16] بانگ دەکرد و ڕەنگبێ خۆیشی ناوی هەر ئەوەبووبێ. دواجار خەیاڵم سەختترین ڕێچکەی بەرەو واقیع گرتەبەر کاتێ ئەو نهێنییەی خۆم لای هاوپۆلێک و هاوڕیحلەیەکم درکاند کە ناوی (نیسسێ)[17] و سوێندیمدا بیپارێزێ. نهێنی ئەوەی کە دایک و بابم بەسێرکی شۆمانیان فرۆشتووم و بەو زووانە لە ماڵ و لە قوتابخانە دەردەهێنرێم تا بکرێمە ئەکرۆبات و پێکەوە لەتەک (ئیسمێرالدا)ی شاجوانی ژنانی دونیادا بکەومە فێربوونی ئەکرۆباتبازی. بۆ ڕۆژی دوایی خایلەکەم بڵاوبۆوە و ئابڕووم برا. خانمی مامۆستای پۆل مەسەلەکەی هێند بەخەتەر وەرگرت کە نامەیەکی تووڕەی بۆ دایکم نووسی. ئیدی ئەوە دادگاییەکی خەتەرناکی لێکەوتەوە. ڕووەو دیوار ڕاگیرام، لە ماڵ و لەقوتابخانە زەلیل و ڕیسواکرام.

پەنجا ساڵ دواتر لەدایکم پرسی ئاخۆ مەسەلەی فرۆشتنەکەمی بەسێرک لەیادە. دایکم بەباشی لەیادی بوو. ئەوسا لێیم پرسی ئەدی بۆچی کەس پێکەنینی پێینەهات یاخۆ هاوسۆزی بەرامبەر ئاوها فانتاسیا و چاوقایمییەک نەنواند. ئاخر هەڵبەت کەسێک دەیتوانی لە خۆی بپرسێ باشە بۆچ منداڵێکی حەوت ساڵان دەخوازێ ماڵ جێبێڵێ بۆ ئەوەی بەسێرکێک بفرۆشرێت. دایکم وەڵامی دامەوە ئاخر خۆی و بابم، پێشتر زۆر جاران بەدەست درۆو فانتاسییەکانمەوە هەراسان ببوون. دایکم ئەوکات لە حەژمەتا ڕاوێژی بەپزیشکێکی بەنێویانگی منداڵان کردووە و ئەویش بۆی دووپات کردۆتەوە کە چەند گرینگە منداڵ لە زووەوە فێربێت جیاوازی لەنێوان فانتاسیا و واقیعدا بکات. ئەوسا کە ئەوان هەنووکە لە بەردەم درۆیەکی چاوقایمانە و ئاشکرادا خۆیان دەبینیەوە، ئەوا دەبوو پەنا بۆ سزایەکی نموونەیی بەرن. حەقم لەو هاوڕێیەی پێشووم کردەوە بەوەی بەچەقۆی براکەم بەدەوری حەوشی قوتابخانەدا ڕاومنا. کاتێ ژنە مامۆستایەک کەوتە نێوانمانەوە، هەوڵم دا مامۆستاکە بکوژم.

لە قوتابخانە دوورخرامەوە و بەتوندی سزادرام. پاشان ئەو هاوڕێ درۆینەیەم ئیفلیجیی منداڵان لێی دا و مرد. ئەوە دڵخۆشی کردم. بۆ ماوەی سێ هەفتە وەک باو بوو، لە قوتابخانە مەرەخەسیان کردین و ئەوسا هەموو شتێک لەبیرکرا. لەگەڵ ئەوەشدا من خەیاڵم هەر لای (ئیسمێرالدا) بوو. سەرچڵییەکانمان خەتەرتر و ئەڤینەکەمان بەلرفەتر ببوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا کیژێکی ترم لە پۆلەکەماندا خۆشویست کە ناوی

18- Esmeralda
19- Nisse



(گلادیس)[18] بوو. بەو جۆرە من خیانەتم لە(تیپان)، لە هاوگەمە بەوەفاکەی خۆم کرد.

پارکی (سۆفیاهێم)[19] گەورەیە، لە پێشەوە ڕووەو (ڤالهالا ڤێگین)[20]ە، دیوێکی ڕووەو (ستادیۆن)[21] و دیوەکەی تری ڕووەو قوتابخانەی باڵای تەکنەلۆژیا و بەقووڵی بۆ ناو (لیلیانسسکۆگن) درێژ دەبێتەوە. ئاپارتمانەکان ئەوکات زۆر نەبوون و لێرەو لەوێ لە ڕووبەرێکی فەراواندا بڵاوببوونەوە. تا ڕادەیەک بەئازادی پیاسەم بەو ناوەدا دەکرد و شتگەلی زۆرم ئەزموون دەکردن. بەتایبەتی گۆڕستانی گچکەی کڵێسایەک، کە بینایەکی چکۆڵەی بەخشت ڕۆنراو و دوور لە خوار پارکەکەوە بوو، سەرنجی ڕاکێشام. لە میانەی هاوڕێیەتیکردنی پاسەوانی نەخۆشخانەکەدا، کە جەنازەی لە نەخۆشخانەکەوە بۆ قەبرستانی کڵێساکە دەگوازتەوە، زۆر چیرۆکی سەیرم ژنەفتن و ڕوخسەتم پێدرا زۆر جەنازە لە جۆرەها داوەشانی جیاوازدا ببینم. خانوویەکی تر کە لەڕاستیدا چوونە ژوورەوە بۆی قەدەغە بوو، ماشێنی ناوەندی بوو کە تیایدا چوار فڕنی گەورە نێڵەیان دەهات. بەگالیسکەی واگۆن خەڵوز دەهێنراو لە لایەن کەسانی قەڵافەت ڕەشەوە، دەڕژێنرایە کوورەکانەوە. واگۆنەکان لە ئەسپی گەورە و بەهێز[22] دەبەستران و لە هەفتەیەکدا چەند ڕۆژێک دەهاتن. گونیەکان لەلایەن زەلامگەلی ڕوخسار بەجەلاتین پۆشراوەوە بەکۆڵ بۆ دەلاقە پۆڵایینەکان هەڵدەگیران. جاروبار کاروانی نهێنی لە پارچەی خوێناویی جەستە و دەست و قاچی بڕدراو دەهێنران و لە کوورەکانا دەسووتێنران.

یەکشەممە نا یەکشەممەیەک بابم قوداسی باڵای لە کڵێسای نەخۆشخانەکە ڕێک دەخست و کڵێسا پڕ دەبوو لە سیستەری جلکی ڕەشی یەکشەمموان پۆش بەبەروانکەی سپی و کڵاوی سۆفیاهێم بەسەر پرچە جوان بڕدراوەکانیانەوە. بەرامبەر حەوشی قەشە، خانووی (سولهێم)[23] هەبوو کە تیایدا سیستەرە زۆر پیرەکان، ئەوانەی ژیانی خۆیان بەخشیبووە نەخۆشخانەکە، وەکی ڕاهیبە بەدابی توندوتیژی دەیرەوە دەژیان.

ئەوی ڕاستی بێت من بەخواست و پەیجۆرییەوە بیر لەو ساڵانەی ئەووەڵینم دەکەمەوە. فانتاسیا و هەستم خۆراک دەدران و چ ساتەوەختێکم بیرنایەتەوە بێزاربووبێتم.

18- Gladys
19- Sophiahemmets park
20- Valhallavägen
21- Stadion
22- ardennerhästar
23- Solhemmet

بەواتایەکی تر سەعات و ڕۆژەکان بەساتەوەختی نایاب و دیمەنگەلی چاوەڕواننەکراو و ساتەوەختگەلی ئەفسووناوی دەتەقینەوە. هێشتا دەتوانم بەنێو دونیای منداڵیمدا بێم و بچم و سەرلەنوێ ڕووناکی و بۆن و خەڵک و ژوور و ساتەوەخت و ئاماژە و نەغمە و کەرەستەکان ئەزموون بکەمەوە. ئەو ساتەوەختانە بەدەگمەن لەگەڵ کەسێکدا باس دەکرێن، بەواتایەکی تر فیلمی کورت یاخۆ درێژن و بەتەرزێکی هەڕەمەکی وێنە گیراون.

ئیمتیازەکانی منداڵێتی: ئەوەیە بێ چ ڕێگرێک لە نێوان سیحر و شۆربای ئاردی جۆدا بجووڵێیت، لە نێوان ترسێکی بێ سنوور و شادومانییەکی تەقینەوەییدا بجووڵێیت. چ سنوورێک نییە تەنها قەدەغەکان و یاساکان نەبێ کە تاریک و زۆر جاریش تێگەیشتن لێیان زەحمەتە. بۆ نموونە بیرمە من لە ژماردنی کات نەدەگەیشتم. دەیانگوت: تۆ پێویستە لەگەڵ کاتدا ڕابێیت، تۆ کاتژمێرێکت هەیە و خۆیشت فێری کاتژمێر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کات شتێک بوو، بوونی نەبوو. ئەز درەنگ دەگەیشتمە قوتابخانە، درەنگ بەژەمە خواردنەکانا ڕادەگەیشتم. بێ پەروا لە پارکی نەخۆشخانەکەدا دەهاتم و دەچووم، شتم دەبینی و خەیاڵم دەکردەوە، زەمەن دەوەستا، شتێک بیری دەخستمەوە ڕەنگبێ برسیم بێ و ئیدی ئەوە شەڕێکی بۆ دەنامەوە.

سەخت بوو شتە فانتاسیاکراوەکان لە شتە واقیعییەکان جیاوەکەیت. گەر تەقەلام دابا ئەوا دەشێ توانیبام واقیعیەتم وەک واقیع بینیبا، بەڵام بۆ نموونە خێو و تارمایی هەر هەبوون. ئەدی چیم لێ کردبان؟ باشە ئاخۆ ئەفسانەکان واقیعی بوون؟ ئەدی خودا و فریشتەکان؟ ئەی مەسیح؟ ئادەم و حەوا؟ تۆفانی نوح؟ هەر بەڕاست ئەی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاقدا چۆن؟ ئاخۆ ئیبراهیم نیازی سەربڕینی کوڕەکەی هەبوو؟ بەورووژانەوە دیقەتی پەیکەرە لە کانزا هەڵکۆڵراوەکەی (دۆرێ)[٢٤]م دەدا، خۆم لێدەبوو بەئیسحاق، ئەمە حەقیقەت بوو: باوک نیازی هەبوو سەری ئینگمار ببڕێ، بیرکەوە چ دەبوو گەر مەلایکەتەکە دواکەوتبا. ئەوا ئەوان دەگریان، خوێن فیچقەی دەکرد و ئینگماریش بەڕەنگپەڕییەوە زەردەخەنەی دەهاتێ. ئەمە حەقیقەت بوو.

ئەوجا نۆرەی سینەماتۆگراف[٢٥]ەکە هات.

*

٢٤- Gustave Dore 1883 - 1832 گرافیکێرێکی بەنێوبانگی فەرەنسییە و یەکێکە لە گەورەترین ئەو هونەرمەندانەی کە ساڵانی سەدەی نۆزدە وێنەی گرافیکیان بۆ کتێب کێشاوە. و.ک

25- Kinematograf



چەند هەفتەیەک پێش جێژنی لەدایکبوون بوو. جەنابی (یانسۆن)[٢٦]ی خزمەتکارە یۆنیفۆرم پۆشەکەی پوورە ئاننای بێ ئەندازە دەوڵەمەند، پێشتر بڕێک دیاری هێناو هەروەک باوبوو، لە گەنجینەی ژێر پێپلیکانەی نهۆمی دووەمدا خستبوونیە زەمیلەی دیارییەکانی سەری ساڵەوە. دیارییەکان بەتایبەتی کارتۆنێکیان تێدابوو کە سەرنجی نەدیوبدییانەمی بەلای خۆیدا ڕاکێشا: کارتۆنێکی قاوەیی ڕەنگ و گۆشەدار بوو کە لە کاغەزەکەی سەری: مارکەی (فۆشنێش)[٢٧] لێدرابوو. فۆشنێش کارخانەیەکی فۆتۆگراف بوو لە (هامنگاتسباکێن)[٢٨]. ئەو کارخانەیە تەنها کامێرای نەدەفرۆشت، بەڵکوو سینەماتۆگرافی ڕاستەقینەشی دەفرۆشت.

من زیاتر لەهەر شتێکی تر حەزم لە سینەماتۆگرافێک بووە. ساڵێک پێشتر بۆ یەکەمین جار چووبووم بۆ سینەما و لەوێ فیلمێکم لەبارەی ئەسپێکەوە بینیبوو، وابزانم فیلمەکە ناوی (ڕەشە جوانەکە)[٢٩] و بیرۆکەی فیلمەکە لە کتێبێکی بەنێوبانگی منداڵانەوە هەڵگۆزرابوو. فیلمەکە لە سینەمای (ستیور)[٣٠] پیشاندرا و ئێمەیش لە ڕیزی پێشەوە دانیشتین. ئەوە بۆ من سەرەتابوو. لەوێدا تایەکم لێهات کە ئیدی هەرگیز بەری نەدام. سێبەرە بێدەنگەکان ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیوەکانیان دەکردە من و بەدەنگێکی نەبیستراو لەگەڵ نهێنیترین هەستمدا دەئاخڤین. شەست ساڵ تێپەڕیوە، کەچی چ شتێک نەگۆڕاوە و هێشتا هەمان (تا) بەری نەداوم.

دواتر لە پاییزدا سەردانی هاوپۆلێکی خۆم کرد. وی سینەماتۆگرافێک و چەند فیلمێکی هەبوون و دیدارێکی ئەرکناسیی[٣١] نمایشکردنی فیلمەکانی بۆ من و (تیپان) ڕێکخست. من ڕوخسەتم وەرگرت کە هەندلی ئامێرەکە بادەم و خانەخوێش کەوتە خۆ تێهەڵسوونی تیپان.

جێژنی لەدایکبوون جێژنێکە بەخۆشییەکان دەتەقێتەوە. دایکم بەدەستێکی تۆکمەوە ئەو بۆنەیەی بەڕێوە دەبرد. دەبوو ڕێکخستنێکی مەزن لەودیو ئەو سروتە ئاینییەوە لە

26- herr Jansson
27- Forsners
28- Hamngatsbacken
29- Vackra Svarten
30- Sturebiografen

٣١- pliktskyldig دیدارێک کە وەک ئەرک ڕێکدەخرێت نەک بەخۆشی. بۆ نموونە دەگوترێت فلان کەس لە ڕووی ئەرکناسییەوە مانگی جارێک سەردانی دایکی دەکات. و.ک

میوانداری و ژەمەخواردن و دیدەنی خزمان و دیاری جێژنی لەدایکبوون و خۆئامادەکردنە کلێسایییەکانەوە، هەبێت.

لای ئێمە، ئێوارەی جێژنی لە دایکبوون ڕێوڕەسمێکی تا ڕادەیەک ئارام بوو کە سەعات پێنج بەنوێژی لە دایکبوون لە کلێسا دەستی پێدەکرد و پاشان بەژەمێکی دڵشادانە بەڵام سنووردار و داگیرساندنی مۆمی سەر پەلکی درەختی لەدایکبوون و خوێندنەوەی ئینجیلی کریسمیس و زوو چوونە نێو نوێنەوە درێژەی پێدەدرا، ئاخر دەبوو زوو لەخەو ڕابین و فریای ڕێوڕەسمی نوێژی بەیانی[۳۲] لە دایکبوون بکەوین کە ئەو دەوروزەمانە هەر بەڕاستی نوێژی بەیانی بوو. هێشتا چ دیارییەک دابەشنەکرابوو، بەڵام ئێوارە ئێوارەیەکی شادومانانە بوو، پێشەکیگەلی فێستیڤاڵەکانی لە دایکبوون دەژەنران. دوای نوێژی بەیانی، مۆم دادەگیرسێنرا و شەیپوور دەژەنرا، نۆرەی بەرچایی کریسمیس دەهات. باوکم تا ئەوکات ئەرکە کەهنووتییەکانی بەجێهێناون و جبە قەشەییەکەی دادەکەند و پاڵتۆکەی ناوماڵی دەپۆشی. وی لە خۆشترین خولقیدا و گوتارێکی ڕاگوزاری بەشیعر بۆ میوانەکان دەبێژا، گۆرانییەکی دەچڕی کە بۆ ئەو بۆنەیە دانرابوو، پێکی شەرابی هەڵدەبڕی، لاسایی هاوکارەکانی دەکردەوە و هەمووانی دەهێنانە پێکەنین. هەندێ جار شادییە ساکار و دڵخۆشی و ناسکی و سەخیی تەبعییەکەی بابم دەکەونەوە بیر. هەموو ئەوانە، بەتاریکی و قورسایی و دڕندەیی و گۆشەگیرییەکەی دەڕەوینەوە. کاتێ بیر لە هەموو ئەوانە دەکەمەوە، پێموا دەبێ من لە زەینمدا غەدرم لە بابم کردووە.

دوای بەرچایی، هەمووان دەچوونەوە نێو نوێنەکانیان و بۆ چەند سەعاتێک دەنووستن. دەبوو ئەو ڕێکخستنە ناوەکییە هەر لەکاردا بێ، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ و ڕێک لەکاتی تاریک داهاتندا قاوەی شێو دەخورایەوە. ئەوە ئیدی دەرگای ماڵ دەکەوتە سەر پشت بۆ هەر کەسێ کە ئارەزووی کردبا پیرۆزبایی جێژنی لەدایکبوون لە ماڵی قەشەدا بکات. ژمارەیەک لە میوانەکان موزیکژەنی حیسابی بوون و بەزۆری ئاهەنگی شێو دەبووە کۆنسێرتێکی ڕاگوزاری. بەو جۆرە ترۆپکی بەتامترین ڕۆژانی جێژنی لەدایکبوون نێزیک دەبۆوە کە ئەویش ژەمی شێو بوو. ئەو ژەمە لە موبەقە فەراوانەکە دەخورا و بەشێوەیەکی کاتی، ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی هەڵدەگیرا. هەموو خواردنەکان لەسەر مێزی خزمەت و جێ قاپە ڕووپۆشراوەکان دادەنران. دیارییەکانی جێژنی لەدایکبوون لەسەر مێزی هۆڵی

۳۲- julottan نوێژێکە کە بەیانی زووی ڕۆژی لەدایکبوون دەکرێت. و.ک



نانخواردن دابەش دەکران. زەمیلەکان دەهێنرانە ژووری، باوکم بەسیگارێک و پەرداخێک بادەی (پونش)[۳۳]ەوە سەرپەرشتیی ڕێوڕەسمی دابەشکردنی دیارییەکانی دەکرد، شیعر دەخوێنرایەوە، چەپڵە لێدەدرا و شیعرەکە ڕاڤەدەکرا. بەبێ شیعر، دیاری دابەش نەدەکرا.

ئەلعان ئیدی مەسەلەی سینەماتۆگرافەکە هاتەپێش. ئەوە بەر براکەم کەوت.

کوتوپڕ کەوتمە ناڵە و هاوار، بەتووندی هەڕەشەم لێکرا، خۆم لەژێر مێزەکەدا بزر کرد و لەوێدا لەسەر هاوار هاوارەکەم بەردەوام بووم، داوایان لێ کردم بێدەنگ بم، ڕامکردە ژووری منداڵ[۳٤]، لەوێ کەوتمە جنێودان و نەفرەتکردن، بەخەیاڵمدا هات ڕاکەم، دواجار لە خەفەتدا خەوم لێکەوت.

ئاهەنگەکە بەردەوام بوو.

ئێوارەیەکی درەنگ وەئاگابوومەوە. (گێرترود)[۳٥] لە خوارەوە گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەچڕی، گڵۆپەکانی شەو پرشنگیان دەدا. وێنەیەکی تەنکی کادانی لەدایک بوون و ستایشی شوانان ڕووناکییەکی کزی لەسەر بیرۆ بەرزەکە دروست کردبوو. لەسەر مێزە سپییە لەقەدکردن هاتووەکە و لەنێو دیارییەکانی تری براکەمدا، سینەماتۆگرافەکە بەلوولە چەماوەکەی و عەدەسە مسینە جوانەکەی و شوێنی بەکرەی فیلمەکانییەوە، دانرابوو.

بڕیارێکی خێرام دا، یەکەندەردوو براکەم خەبەرکردەوە و پێشنیاری سەودا و مامڵەیەکم بۆ کرد. پێشنیارم بۆ کرد سەد سەربازە فافۆنەکەمی بدەمێ و ئەویش سینەماتۆگرافەکەم بداتێ. لەبەرئەوەی (داگ)[۳٦]ی برام خودان سوپایەکی گەورە و هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە شەڕەوە دەگلا، بۆیە هەردوولامان پێشنیارەکەمان پێخۆش بوو.

سینەماتۆگرافەکە بووە هی خۆم.

ئەوە ئامێرێکی ئاڵۆز نەبوو. سەرچاوەی ڕووناکییەکەی چرایەکی کیرۆسین بوو، هەندلەکەشی بەسترابوو لە خولخلۆکەیەکی ددانەدار و دەسکێکی خاچئاساوە. لەڕووی دواوەی سندووقی سلایدەکاندا ئاوێنەیەکی پێچەوانەکەرەوەی سادە هەبوو. لەودیو عەدەسەکەیەوە کەلێنێک بۆ شریتی ڕەنگاوڕەنگی سلایدەکان و سندووقێکی وەنەوشەیی گچکەی چوارگۆشە هەبوو. بەشێکی هەندێ سلایدی شووشەیی تێدابوو، بەشەکەی تریشی

۳۳- punsch جۆرە بادەیەکی زەرد و شیرینە. و.ک

34- barnkammaren

35- Gertrud

36- Dag

فیلمێکی زەردباوی سی و پێنج میللیمی. فیلمەکە نزیکەی سێ مەتر درێژ و بەبەکرەیەکەوە چەسپێنرابوو. لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: ئەم فیلمە ناوی (خاتوو هۆلێی)[٣٧]یە. ئەدی ئەم خاتوو هۆلێیە کێ بوو؟ کەس نەیدەزانی، بەڵام دواتر ڕوون بۆوە ئەو ناوە هاومانایەکی میللییانەی زاراوەی خواوەندی ئەڤینە لای میللەتانی زەریای ناوەڕاست.

بۆ ڕۆژی دوایی خۆم خزاندە کەنتۆرە فەراوانەکەی ژووری منداڵ، سینەماتۆگرافەکەم لەسەر قوتوویەکی شەکر دانا، چرا کیرۆسینەکەم داگیرساند و ڕووناکییەکەیم ئاراستەی دیوارە بەڕەنگی سپی بۆیاخکراوەکە کرد. پاشان فیلمەکەم لەناو دانا.

لەسەر دیوارەکە وێنەی مێرگێک وەدیارکەوت. ژنێکی جاحێڵ لە مێرگەکەدا وەنەوزی دەدا، بەئاشکرا دیاربوو کە جلکی خۆماڵی پۆشیوە. هەندلەکەم جووڵاند (ئەوسا شتێک ڕووی دا کە ڕاڤە ناکرێ، ناتوانم بە وشەیەک سەرسامیی خۆم دەربڕم، دەتوانم لەهەرکاتێکدا بۆنی میتاڵە گەرمەکە، بۆنی تۆز و خۆڵ و دەرمانی مۆرانەی ناو کەنتۆرەکە، هەستکردن بەهەندەلەکەی ناو دەستم و سێبەرە لاکێشەیییە جووڵاوەکەی سەر دیوارەکە لە یادەوەریمدا بژێنمەوە.)

هاندلەکەم جووڵاند و کیژەکە خەبەری بۆوە، دانیشت، بەکاوەخۆ هەستایە سەر پا، دەستی ڕایەڵ کرد، سووڕایەوە و لەلای ڕاستەوە دیارنەما. خۆ گەر لە بادانی هاندلەکە بەردەوام بام، ئەوا کیژەکە هەمدیس لەوێدا ڕادەکشایەوە و هەموو جووڵەکانی پێشووی دووبارە دەکردنەوە.

ئاخر دواجار ئیدی ئەو بزوا بوو.

***

37- Frau Holle

تافی منداڵێتیم لەماڵی قەشەدا لە (سۆپیاهێم) بریتی بوو لە: ڕیتمی ڕۆژانە، ڕۆژانی لە دایکبوون، جێژنە کڵێساییەکان، یەکشەممەکان، ئەرکە ئاینییەکان، یارییەکان، ئازادی، پابەندبوون بەیاسا و دڵنیایی. ڕێگەی تاریک و درێژی قوتابخانە لە زستاناندا، بەهارانی پاسکیل ئاژووتن و هەڵماتێن، بەدەنگی بەرز خوێندنەوەی بەر ئاگردان لە ئێوارانی یەکشەممانی پاییزاندا.

ئێمە نەماندەزانی دایکمان بەئەزموونی ئەڤینێکی بەتینوتاودا تێدەپەڕێ و باوکیشمان دووچاری خەمۆکییەکی قورس بووە. دایکمان خۆی ئامادەکردبوو تا لە پێوەندیی ژن و مێردایەتی بێتەدەرێ، باوکیشمان هەڕەشەی خۆکوشتنی دەکرد، پاشان پێکهاتنەوە و بڕیاریان دا (لەبەر خاتری منداڵەکان) کە ئەوکات وای پێدەگوترا، درێژە بەژیانی پێکەوەییان بدەن. ئێمە هەستمان بەهیچ نەکرد، یاخود هەستمان بەشتی زۆر کەم کرد.

ئێوارەیەکی پاییز لە ژووری منداڵ خەریکی ئامێری فیلمەکەم بووم، خوشکەکەم لەژوورەکەی دایکم نووستبوو، براکەشم لە ڕاهێنانی نیشانەپێکان بوو. لەناکاوێکڕا دەنگی هەراوزەنایەکی توندم لە نهۆمی خوارەوە ژنەفت. دایکم دەگریا و باوکیشم بەتووڕەیی دەدوا. ئەوە دەنگە دەنگێکی هێند ترسێنەر بوو کە پێشتر نەمژنەفتبوو.



لەسەرخۆ چوومە سەر پێپلیکانەکە و لە هۆڵەکەدا دایک و بابم لە توندوتیژترین شەڕە قسەدا بینی. دایکم هەوڵی دەدا پاڵتۆکەی ببا و باوکیشم توند پاڵتۆکەی گرتبوو. دوای تاوێک دایکم لە پاڵتۆکە گەڕا و بەرەو دەرگای دەرەوە هوروژمی برد. باوکم پێش وی گەیشت و پاڵێکی پێوەنا و لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا. دایکم شاڵاوی بۆ برد و ئیدی لێکبەربوون. دایکم زللەیەکی لە باوکم دا و باوکیشم دایکمی بەتوندی بەرەو دیوارەکە فڕێدا. دایکم هاوسەنگی لەدەست داو کەوت. من بەدەنگی بەرز قیژاندم. خوشکەکەم وەئاگابۆوە و هاتە سەر پێپلیکانەکە. دەسبەجێ کوڵی گریانی بەربوو. ئەوسا دایک و بابم شەڕەکەیان ڕاگرت.

ئەوەی کە دواتر ڕووی دا بەلێڵی بیرمە. دایکم لە ژوورەکەی خۆی لەسەر قەنەفەکە دانیشت و کەپووی خوێنی لێدەهات. هەوڵی دەدا خوشکەکەم هێورکاتەوە. من لەژووری منداڵ ڕاوەستام و لە سینەماتۆگرافەکەم دەنۆڕی، بەسۆزەوە کەوتمە سەر ئەژنۆ و بەڵێنم بەخوا دا کە ئەگەر دایک و بابم پێکبێنەوە ئەوا فیلم و ئامێرەکەی بدەمێ بۆ خۆی. دۆعاکەم گیرابوو. قەشەی کڵێسای هێدڤیگ ئیلیێونۆرا (کە سەرۆکی بابم بوو) دەخاڵەتی کرد. دایک و بابم ئاشتبوونەوە و (پووره ئاننا)ی بێ ئەندازە دەوڵەمەندیش بەرەو مەرەخەسییەکی درێژخایەنی بۆ ئیتاڵیا بردن. نەنکم هاتە لامان و جێگەی ئەوانی پڕکردەوە، ئیدی هەمدیس نەزم و دڵنیاییە وەهمییەکە دابین کرانەوە.

نەنکم بەزۆری لە (ئۆپسالا)[١] دەژیا، بەڵام خانوویەکی خۆشی هاوینەشی لە دالارنا هەبوو. کە لە تەمەنی کەمێک زیاتر لە سی ساڵیدا بێوەژن دەکەوێ، باڵەخانە خۆشەکەی لە گەڕەکی (ترێدگۆردگاتان) دەکاتە دوو دەستەوە و بۆ دەستە پێنج ژوورییەکەیان کە موبەق و ژووری کارەکەری هەبوو، دەگوێزێتەوە. لەسەرەتای ناوەڕاستی ژیانییەوە لەو خانووەدا بەتەنها لەگەڵ باجی (ئێللین نیلسۆن)[٢]دا ژیا. ئەو خاتوونە سومبولێکی نەمری یادەوەریی ژنی (سمۆلاند)[٣]ی بوو کە چێشتی بەتامی لێدەنا، تا بڵێی ئیماندار و نازی ئێمەی منداڵانیشی دەکێشا. کە نەنکم مرد، بەرخۆدانی خۆی لای دایکم، هەم ئازیزانە و

١- Upsala چوارەمین گەورە شاری سوێد.

2- Ellen Nilsson

٣- Sma˚land گەورەترین هەرێمی یۆتەلاندە، ڕووبەرەکەی ٢٩٣٣١ کیلۆمەتر دووجایە، ژمارەی دانیشتوانی ٧١٥٠٠٠ کەسە. دابەش بووە بەسەر دەڤەرەکانی یۆن شۆپین، کرۆنۆبێری، هالاند و خۆرهەڵاتی یۆتەلاند. و.ک

هەم بەهەیبەت درێژەپێدا. لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا دووچاری شێرپەنجەی قورگ بوو، ژوورەکەی گسک دا، وەسێتنامەکەی نووسی، ئەو بیتاقەی نومرە دووەی قەتار کە دایکم بۆی بڕیبوو، بەنومرە سێ گۆڕی و بۆ لای خوشکەکەی لە (پاتاهۆلم[٤]) سەفەری کرد، لەوێ دوای چەند مانگێک مرد. ئێمەی منداڵان، (ئێللین نیلسۆن) مان بە(لاللا)[٥] بانگ دەکرد، زیاتر لە پەنجا ساڵ لەگەڵ نەنکم و خێزانەکەی دایکمدا ژیا.

نەنکم و لاللا تەواوێک لە هاوخوڵقییەکی هاوبەشدا ژیان کە زۆر زۆر سنوور بەزاندنی یەکتر و ئاشتبوونەوەی لەخۆدەگرت، بەڵام ئەوە هەرگیز نەخرایە ژێر پرسیار. بۆ من ئەو باڵخانە گەورەیە (دەشێ گەورەیەش نا)ی گەڕەکە بێدەنگەکەی (ترێدگۆردسگاتان) بەرجەستەبوونێک بووبێ بۆ دڵنیایی و سیحر. ئەو هەموو کاتژمێرەی کە کاتیان دەژمارد، ئەو تیشکی خۆرەی کە لەسەر سەوزاییبیە بێ سنوورەکانی سەر فەرشەکان پیاسەی دەکرد. ئاگر لە ئاگردانەکاندا بۆنێکی خۆشی لێدەهات، لە بۆری دووکەڵکێشەکاندا نێڵەی دەهات و لە کڵاورۆژنەکانیشدا جیرە. جارناجار گالیسکەیەکی سەر بەفر لە خوارەوە بەشەقامەکەدا تێدەپەڕی و زرینگەی زەنگۆڵەکانی دەگەییە گوێ. کڵێسای (دۆمشیرکان)[٦] زەنگی نوێژ یاخۆ زەنگی بەخاکسپاردنی لێدەدا. بەیانی و ئێوارە زرینگەی زەنگەکانی (گیونێلا)[٧]، ناسک و دوور دەگەییننە گوێ.

کورسی و قەنەفە کۆنەکان، پەردە قورسەکان، تابلۆ تاریکەکان. لەوسەری ڕاڕەوە درێژو تاریکەکەوە، ژوورێکی سەیر هەبوو کە چوار کونی لە دەرگای نێزیک ئەرزی ژوورەکەدا، تێدابوو. کاغەزی سووری دیوار، کورسییە عەرشێک لە تەختەی ماهۆگنی و مەخمەلی ڕیشاڵدار دروستکراو و بە مس و زەخرەفە ڕازێنراو. دوو پێپلیکانە دەچوونەوە سەر عەرشەکە کە بەکومبارێکی نەرم پۆشرابوون. هەر کە دەلاقەی قورسی کورسییەکەت هەڵدەدایەوە، ئەوسا بەبینینی هەڵدێرێک لەتاریکی و لە بۆن سەرت دەسوڕما. دانیشتن لەسەر عەرشەکەی نەنکم غیرەتێکی دەویست.

لە ڕاڕەوەکەدا ئاگردانێکی ئاسن هەبوو کە بۆنێکی تایبەتی لە خەڵووزی سووتاو و میتاڵی داخبوو، پەخش دەکرد. (لاللا) لە موبەق شێوی ئامادە دەکرد کە بریتی بوو لە

4- Pataholm
5- Lalla
6- Domkyrkan
7- Gunillaklockan



شۆربای بەسوودی سلق، بۆنێکی گەرم و خۆش بەهەموو ماڵەکەدا بڵاودەبۆوە و بەهێزتر لەگەڵ بۆنە شاراوەکانی تری ژووره نهێنییەکەدا یەکانگیر دەبوو.

بۆ کەسێکی کورتەباڵا کە بەسەر عەردەکەدا ڕۆیشتبا، بۆنی پاقژی و بۆنی تیژی دەرمانی مۆرانەی فەرشەکان بەسەریدا دەچوو، کاتێ فەرشەکان بەلولکراوی بەدرێژایی مانگەکانی هاوین هەڵدەگیران، ئیدی بۆنی ئەو دەرمانی مۆرانەیەیان هەڵدەمژت. هەموو ڕۆژانێکی هەینی، لاللا عەردە تەختەییبە کۆنەکەی بەمۆمی هەنگوین و تەربەنتین، کە بۆنێکی سەرگێژکەری هەبوو، پۆڵیش دەکرد. عەردە تەختەییبە زبر و چاڵ چاڵەکە بۆنی سابوونی شلی لێدەهات. ڕاخەرە مشەمماکان بەماددەیەکی بۆن ناخۆشی تێکەڵ لە ئاو و شیری پیس دەسڕدران. خەڵکی بەو ناوەدا دەڕۆیشتن و دەتگوت بەنێو سەمفۆنیایەک لەبۆندا دێن و دەچن: بۆنی پۆدرە، بۆنی عەتر، بۆنی سابوونی قیر، بۆنی میز، بۆنی سێکس، بۆنی ئارەقە، بۆنی کرێمی قژ، بۆنی پیسایی و بۆنی چێشت. هەندێک کەس بەشێوەیەکی گشتی بۆنی ئینسانیان لێدەهات، هەندێک کەسی تر بۆنی دڵنیایی و هەندێکی تر بۆنی هەڕەشەیان لێدەهات. پورە (ئێمما)ی قەڵەو، پووری بابم، بارۆکەیەکی دەنایە سەر سەرە کەچەڵەکەی کە بەماددەیەکی تایبەتی بەسەریەوە دەنووساند، لەبەرئەوە هەموو کاتێک پوورە (ئێمما) بۆنی زەمقی لێدەهات. نەنکم بۆنی " گلیسرین و گوڵاو"ی لێدەهات، ئەوە جۆرە پێکهاتەیەک بوو کە تەواوێک بەهاسانی لە ئەجزاخانە دەکڕدرا. دایکم بۆنی خۆش بوو وەک بۆنی ڤانیللا، کاتێ تووڕە دەبوو، گەندەمووەکانی سەرلێوی تەڕدەبوون و کەمە بۆنێکی لە مێتاڵ دەورووژان. کیژە دایەنێکی خڕوخەپان و پرچ سوور و شەل هەبوو کە ناوی (مێریت)[٨] بوو، بۆنێکی لێدەهات کە ئەو بۆنە لە لای من لە هەموو بۆنێک خۆشتربوو، خۆشترین شت بەلامەوە ئەوەبوو لەسەر تەختەنوێنەکەی بنوویت و سەر بنێیتە سەر باسکی و کەپوو بنێیت بەجلکی زبری نووستنەکەیەوە.

دونیایەکی نغرۆ لە ڕووناکی و لە بۆن و لە دەنگ. گەر ئارام بام و ڕێک هەر ئەوکاتەی بمویستبا بنووم، دەمتوانی لەژوورێکەوە خۆم بەژوورێکی تردا بکەم، هەموو وردەکارییەکم دەبینین و دەمزانین و هەستم پێدەکردن. لە ئارامییەکەی لای نەنکمدا، زەینم کرایەوە و بڕیاری دا هەموو شتێک تا ئەبەد لەخۆیدا بپارێزێ. ئەدی باشە ئەو هەمووە کوێوە چوون؟ ئاخۆ هیچکام لەمنداڵەکانم ئەو کاریگەرییە هەستییانەمی بۆماوەتەوە؟ ئاخۆ بونیادەم دەتوانێ کاریگەری هەستی، ئەزموونەکان و دونیابینییەکانی بەمیرات بۆ بمێنێتەوە؟

8- Märit

ئەو ڕۆژان و هەفتە و مانگانەی لای نەنکم، ڕەنگە بەرامبەر پێویستی بەردەوامی من بووبێ بۆ بێدەنگی و یاسا و دیسپلین. گەمە تاکە کەسییەکانی خۆم دەکردن بەبێ ئەوەی پێویستم بەکەس بێت وازیم لەگەڵ بکات. نەنکم لای مێزی نووسینەوە لە ژووری نانخواردن دادەنیشت، جلکێکی ڕەشی بەبەربەرۆکێکی گەورە و شینی خەت خەتەوە لە بەردا. کتێبێکی موتالا دەکرد، یان خەریکی حیسابکاری یاخۆ نامەی دەنووسی، پاندانە نووک پۆلایینەکەی بەئەسپایی جیرەی دەهات. (لاللا) لە مویەق خەریکی ئیش بوو، لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەچری. من سەرم بەسەر شانۆ بووکە شووشەکەمدا شۆڕدەکردەوە، لێدەگەڕام پەردەی شانۆکە بەشێوەیەکی هەژێنەر بەسەر دارستانە تاریکەکەی (کڵاوسوور) یان هۆڵی ڕووناکی ئاهەنگەکەی (ئاسککونگێندا) هەڵبدرێتەوە. گەمەکەم دەیکردمە سەرگەورەی شانۆکە و خەیاڵم ئەو شوێنەی پڕ لە خەڵک دەکرد.

ڕۆژێکی یەکشەممە خەبەرم بۆوە و ئازاری قوڕگم هەبوو، پێویستی نەدەکرد بۆ قوداسی باڵا بچم، بەتەنێ لە ماڵەوە مامەوە. بەهارێکی زوو بوو، تیشکی خۆر بەهەنگاوی خێرا و بێدەنگ دەهات و لەسەر پەردە و تابلۆکان دەجووڵا. کاتێ دانیشتم و پاڵم بەیەکێک لە قاچە ئاوساوەکانی مێزە زلەکەی هۆڵی نانخواردنەوە دایەوە، بینیم مێزەکە بەژوور سەرمەوەیە. کورسییەکان بەدەوری مێزەکەدا بوون و دیوارەکان بەکاغەزێکی تاریکی ئاڵتوونی پۆشرابوون و بۆنی کۆنییان لێدەهات. مێزە تاقدارەکە لەودیومەوە وەک قەڵا بەرز دەینوواند، سوراحی و جامە کریستاڵییەکان لەنێو ئەو ڕووناکییە بزۆزەدا پرشنگیان دەدا. بەدیوارەکەی لای چەپەوە تابلۆیەکی گەورە هەڵواسرابوو کە خانووی سپی و سوور و زەردی پیشان دەدا، لەئاوێکی شیندا ڕۆنرابوون و بەلەمی لاکێشەیی بەئاوەکەدا تێدەپەڕین.

کاتژمێرەکەی ژووری نانخواردن کە خەریک بوو لە ساپیتە زەخرەفەکراوەکەی دەدا، وەکی بونیادەمێکی مۆن و گۆشەگیر لەگەڵ خۆیدا دەدوا. لەوێدا دانیشتبووم و دەمتوانی لەو سەوزاییە درەوشاوەیەی ساڵۆنەکەوە، ناوەوە ببینم. دیوارە سەوزەکان، فەرشەکان، قەنەفەکان و پەردەکان، لەوێدا لاولاو و خورما لە ئینجانەی سەوزدا ڕوابوون. دەمتوانی ئەو ژنە ڕووتە سپییە چاوکەم کە باسکەکانی قرتابوون، نەختێک بۆ پێشەوە چەمیبووەوە و بەزەردەخەنەیەکی گچکەوە تەماشای دەکردم. لەسەر بیرۆ پەنماوە بەئاڵتوون توندوتۆڵکراو و قاچ ئاڵتوونییەکە، کاتژمێرێکی ئاڵتوونی لەژێر کەمامەیەکی شووشەییدا هەبوو. بەرەو ڕووی مینای کاتژمێرەکە کوڕێکی جحێڵ پاڵی دابۆوە و فلووتی دەژەند. لەتەنیشت کوڕە جحێڵەکەوە، خانمێکی گچکە شەبقەیەکی زلی لەسەردا و تەنوورەیەکی کورتی لەبەردا.



هەردووکیان ئاڵتوونی. هەر کە سەعات دەبووە دوازدە، کوڕە جحێڵەکە فلووتەکەی دەژەند و کیژەش دەکەوتە سەما.

ئەلعان تیشکی هەتاو پێدەبێ و ئاوێزەکانی چرا کریستاڵییەکە هەڵدەئایسێنێ، تیشکەکە بەسەر تابلۆی ئەو خانووانەی کە لەئاودا ڕۆنراون، دەجووڵێ و سپێتیی پەیکەرەکە نەوازش دەکات. هەنووکە زەنگی کاتژمێرەکان لێدەدرێن، هەنووکە کیژە ئاڵتوونییەکە دەکەوێتە سەما، کوڕەکە فلووت دەژەنێ، هەنووکە خانمە ڕووتەکە وەردەچەرخێ و سەریم بۆ دەلەقێنێ، هەنووکە مەرگ داسەکەی لەسەر ڕووپۆشە مشەمماکە و لە دالآنە تاریکەکە هەڵدەگرێتەوە، ئەز دەیبینم، زەردەخەنەی کەللەسەرە زەردەکەی دەبینم، قەڵافەتە تاریک و درێژەکەی بەرامبەر چوارچێوەی دەرگای دەرەوە دەبینم.

دەخوازم ڕوخساری نەنکم ببینم. وێنەیەک دەهێنمە پێشەوە کە وێنەی باپیرەم، بەڕێوەبەری ترافیک، نەنکم و هەر سێ کوڕی مێردەکەی تێدایە. باپیرەم بەشانازییەوە لە دەستگیرانە جاحێڵەکەی دەنۆڕێ، ڕیشە ڕەشەکەی جوان چاککراو، عەینەکەکەی لە چوارچێوەی ئاڵتوون، یەخەی بەرز، جلکی پێش نیوەڕۆی بێ خەوش. کوڕەکانی قینج و قیت ڕاوەستاون: کوڕانی جحێڵ، بەڵام خاوەن نیگای نادڵنیا و سیمای نەرم. عەدەسەیەکی گەورەکەری تر دەهێنم و لە هێڵەکانی ڕوخساری نەنکم دەکۆڵمەوە. نیگای ڕووناک بەڵام تیژ، ڕوخساری خڕ و گۆشتن، چەناگەی پتەو و دەمی سەرەڕای زەردەخەنە خۆنەویستانەکەی نێو فۆتۆگرافەکە، قۆچاخ. قژی پڕ و ڕەش، بەوردی چاککراو، بونیادەم ناتوانێ بڵێ کە وی جوانە، بەڵام بەئیرادە و بەزرنگی و بەخولق پرشنگ دەدات.

ئەو دووە تازە بووک و زاوایە گوزارشتێکی بەهێز لە باوەڕبەخۆبوون وەدیار دەخەن. وەک ئەوەی بێژن: ئێمە ڕۆڵەکانی خۆمان وەرگرتوون و لەخەیاڵی ئەوەداین ئەو ڕۆڵانە ببینین. کوڕەکان لە بەرامبەر ئەوەدا وادەردەکەون پەرت، ملکەچ و ڕەنگیشە یاخی.

باپیرەم خانوویەکی هاوینەی لە (دیوفنێس)[9]، ڕۆنابوو کە یەکێک بوو لە جوانترین ناوچەکانی (دالارنا) و دەینۆڕی بەسەر ڕووبارەکە و ئەرزی ڕووتەن و کوختی هاوینەی شوانان و پشتیری مەڕوماڵاتەکانیان و گردۆڵکەکاندا. خانووەکە لەودیو گردۆڵکەکانەوە شین دەچۆوە. لەبەرئەوەی باپیرەم حەزی لە قەتار بوو، بۆیە هێڵی ئاسنەکە تەنها لێژاییەکی چەند سەد مەتری لە خوار خانووەکەیەوە بوو. دەیتوانی لە هەیوانەکەیدا

9- Dufnäs

دانیشێ و وادەی ئەو هەشت قەتارە ڕاگرێ کە چواریان بەیەک ئاراستە دەهاتن و دووان لەو قەتارانەش هی شمەک بوون. هەروەها دەیتوانی پردی هێلّی ئاسنی سەر ڕووبارەکە ببینێ کە خودان تەکنیکێکی وەستایانەی بیناسازی و جێگەی شانازی وی بوو. من لە کۆشیدا دادەنیشتم، بەلاّم خۆیم لەبیر نییە. پەنجە گۆشەییە تیژەکانم لەوەوە بۆ ماونەتەوە، دەشێ پەرۆشیشم بۆ قەتاری بوخاری هەر لەوەوە بۆ مابێتەوە.

وەک باسم کرد نەنکم بەجحێلّی بێوەژن دەکەوێ. جلکی ڕەش دەپۆشێ و پرچی سپی دەبێ. منداڵەکانی ژن دەهێنن و شوو دەکەن و ماڵ جێدێڵن. ئیدی ئەویش بەتەنێ لەگەڵ (لاللا)دا دەمێنێتەوە. دایکم گێڕایەوە کە جگە لە (ئێرنست)[10]ی کوڕە گچکەی، نەنکم هەرگیز کەسی خۆش نەویستووە. دایکم گەرەکی بووە خۆشەویستیی وی وەدەسبێنێ بەوەی بەهەموو شێوەیەک هەوڵی داوە لەو بچێ، بەلاّم نەیتوانیوە و شکستی هێناوە، لەبەرئەوەی دایکم لە کەسێتییە نەرمەکان بووە. باوکم نەنکمی وەک پیرێژنێکی دلّڕەق و شەڕانگێز وێنادەکرد. هەڵبەت وی لەو جۆرە داوەرییەدا بەتەنێ نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا خۆشترین ڕۆژانی تافی منداڵیم لای نەنکم گوزەراند. بەئەڤینێکی زبر و لێک حاڵیبوونێکی ئینتیویتیڤانەوە(*) هەڵسوکەوتی لەتەکدا دەکردم. لەو شتانە: ئێمە خۆمان لەسەر جۆرە ڕیتواڵێک ڕاهێنابوو کە وی قەت لێی لانەدا. بەر لە شێو، لەسەر قەنەفە سەوزەکەی دادەنیشتین و بۆ ماوەی سەعاتێک دەمودۆمان دەکرد. نەنکم لەبارەی دونیاوە قسانی بۆ دەکردم، لەبارەی ژیان و مردنەوە (کە ئەوکات ڕووبەرێکی فراوانی لەبیرکردنەوەمدا داگیرکردبوو). دەیویست بزانێ چۆناوچۆنی بیردەکەمەوە، بەوردی گوێی بۆ ڕادەدێرام، دەخاڵەتی لە درۆ گچکەکانما دەکرد و بەگاڵتەجارییەکی هاوڕێیانەوە ئەو درۆیانەی لەقسەکانمدا بژاردەکردن، هێنامییە سەر ئەوەی کە وەک خۆم بدوێم، تەواوێک وەک مرۆڤێکی ڕاستەقینە، بەبێ دەمامک بازی.

هەمیشە وتوێژەکانمان گەمارۆ درابوون بەبوولێڵەکان، بەسیحر و بەئێوارەکانی زستان.

نەنکم تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشتری هەبوو. ئەویش ئەوە بوو حەزی دەکرد بچێت بۆ سینەما و فیلمەکە بۆ منداڵان ڕێگەپێدراو بێت (بەیانیانی دووشەمموان بەهۆی ڕیکلامی سینەماوە لە لاپەڕە سێی ڕۆژنامەی ئۆپسالای نوێدا)، ئیدی سەردانی سینەما پێویستی

10- Ernst

(*)- intuitiv حەدس.



نەدەکرد چاوەڕێی شەممە یاخۆ پاش نیوەڕوانی یەکشەممە بکرێت. تەنها شتێک هەبوو کە دەبووە کۆسپی بەردەم ئەو شادومانییەمان، ئەویش پێلاّوە[11] خەتەرناکە لاستیکەکانی نەنکم بوو. نەنکم پێچەوانەی من، حەزی لە دیمەنە عەشقبازییەکان نەبوو. بۆیە هەر کە کوڕە عاشق و دولّبەرەکەی زیاتر پەرۆشی یەکدی دەبوون، ئەوسا پێلاّوەکانی نەنکم دەکەوتنە جیڕەجیڕ. ئەوە دەنگێکی خەتەری وا بوو کە هۆڵی سینەماکەی لێ پڕدەبوو.

بەدەنگی بەرز شتمان بۆ یەکتر دەخوێندەوە، حەکایەتی خەیاڵییمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بەتایبەتی ئەو حەکایەتانەی باسیان لە خێو و تارمایی و بابەتی ترسێنەری تر دەکرد. هەروەها وێنەی " زەلام" مان دەکێشا لەشێوەی حەکایەتی زنجیرەییدا. یەکێکمان ڕەسمێکی دەکێشا ، ئەوی ترمان لە کێشانی ڕەسمێکی تردا بەردەوام دەبوو، ئیدی بەو شێوەیە ڕووداوەکە پەرەی دەسەند. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ڕەسمی ئەو "ڕووداو"انەمان دەکێشان، کە جاری وا هەبوو دەگەیشتە چل پەنجا وێنە. تێکستمان بۆ حاڵیبوون لە بابەتەکە لە نێوان وێنەکاندا دەنووسی.

ڕێوڕەسمی ژیان لە ترێدگۆردگاتان، (کارۆلینسکییانە)[12] بوو. کاتێ ئاگر لە ئاگردانە خشتییەکەدا پێدەبوو، ئێمە لەنوێنەکانمان دەهاتینەدەرێ. ئەوە مانای ئەوەبوو کە سەعات حەوتە. ئاو بەخۆداکردن لە ئەستێرکێکی تەنەکەیی پڕ لەئاوی زۆر سارددا، بەرچایی کە بریتی بوو لە شۆربای ئاردی جۆ و جۆرە نانێکی ڕەقی کەرە پێداسواوراو. نوێژی بەیانیی. وەزیفە نووسینەوە یاخود دەرسودەور بەچاودێریی نەنکم. سەعات یەک وادەی چاخواردنەوە بەبابۆڵەوە. پاشان چوونە دەرەوە لە هەر جۆرە کەشوهەوایەکدا، گەڕان بۆ تەماشاکردنی تابلۆی سینەماکان: سکاندیا ، فیرس، ڕۆدە کڤارن، سلۆتس، ئێدا[13] شێو سەعات پێنج، هێنانە دەرەوەی یارییە کۆنەکان، ئەوانەی کە لە منداڵی خاڵە (ئێرنست)[14] مابوونەوە و هەڵگیرابوون. خوێندنەوە بەدەنگی بەرز، نوێژی ئێوارە. لێدانی زەنگەکانی گیونێلا. ئیتر سەعات نۆ دەبووە شەو.

١١- pampusch پێلاّوێکی لاستیکییە، بەسەر پێلاّوی ئاساییدا لە پێ دەکرێت بۆ خۆپاراستن لە تەڕی و سەرما.

١٢- ئاماژەیە بۆ شێوازی ژیان لە ئۆردووی (شا کارل)ی دووانزەیەمدا. و.ک

13- Skandia, Fyris, Röda Kvarn, Slotts, Edda

14- Ernst

پاڵدانەوە لەنێو جێگەداو گوێڕادێران بۆ بێدەنگی. ڕوانین لە ڕووناکی گڵۆپی دارتێلەکەی جادەدە کە پرشنگ و سێبەری لەسەر ساپیتەکە دەخولڤاند. هەر کە بارێزەی بەفر بەسەر دەشتەکەی ئۆپسالادا هەڵیدەکرد، با گڵۆپەکەی دەهێنا و دەبرد، سێبەرەکان لوول دەبوون، دەنگی قرچەقرچ و فیکوهوڕ لە ئاگردانە خشتییەکەدا دەگەیشتە گوێ.

یەکشەممێوان سەعات چوار شێومان دەکرد. ئەوسا پوورە (لۆتێن)[١٥] دەهات. ئەو لە خانوویەکی میسیۆنێرە[*] دێرینەکانا دەژیا و لەقوتابخانەش هاوپۆلی نەنکم بووە، لەوێ ئەوان لە یەکەمین کیژە مەکتەبلییەکانی وڵات بوون. پوورە لۆتێن بۆ کاری میسیۆنێری سەفەر بۆ چین دەکات، لەوێ جوانی خۆی و ددانەکانی و چاوێکی لەدەست دەدات.

نەنکم دەیزانی من قێزم لە پوورە لۆتێن دێتەوە، بەڵام پێیوابوو کە دەبێ جۆشبدرێم. لەبەرئەوە لە شێوکردنەکانی یەکشەممواندا لە تەنیشت پوورە (لۆتێن)ەوە دایدەنام. من ڕێک کەپووە مووایییەکەیم دەبینی کە هەمیشە چڵمێکی زەردی سەوزباو لە کونە کەپوویدا بوو. سەرباری ئەوەش بۆنی میزی وشکەوەبووی لێدەهات. کە دەدوا تاقمی ددانەکەی تەقەی دەهات، کە چێشتی دەخوارد قاپەکەی دەنووسان بەدەمییەوە و دەیلوشکاند. هەندێ جار دەنگی نەڕەیەکی تاساو لە زگییەوە دەهاتە دەرێ.

ئەو بونیادەمە قێزەونە خەزنەیەکی هەبوو. دوای شێو و قاوەخواردنەوە، لە سندوقێکی تەختەی زەرددا، سێبەرە شانۆیەکی چینی دەردەهێنا. سەرچەفێک بەدەرگاکەی نێوان سالۆنەکە و هۆڵی نانخواردنەوە دەکرا، گڵۆپ دەکوژێنرایەوە و ئەوسا پوورە لوتێن دەکەوتە نومایشکردنی شانۆ سێبەرەکەی (دەبوو لەو کارەدا گەلێک بەدەستوبردبێ: ئاخر لەیەک کاتدا ژمارەیەک فیگۆری دەجووڵاندن و هەموو دەورەکانیشی دەبینین، کوتوپڕ پەردەکە دەبووە سوور یان شین، کوتوپڕ شەیتانێک بەناو سوورەکەدا دەهات، مانگێکی تەنک لە شینەکەدا هەڵدەهات: کوتوپڕ هەموو شتێک دەبووە سەوز، ماسیگەلی سەیر و سەمەرە لە قووڵایی زەریادا دەجووڵان.)

هەندێ جار خاڵۆکان بۆ سەردان دەهاتن و ژنە ترسناکەکانیشیان لەتەک خۆیان دەهێنان. پیاوەکان قەڵەو، ڕیشن و بەدەنگی بەرز دەدوان. ژنەکان شەپقەی زل لە سەرداو بۆنی ئەو ئارەقەیەیان لێدەهات کە لە پەیجۆری خۆیانا دەریاندەدا. من هەوڵم دەدا

15- tant Lotten

(*) missionär موبەشیر، بڵاوکەرەوە و موژدەدەری ئاینی مەسیحی. و.ک



هەرچەندێک کرابا خۆم دوورەپەرێز ڕاگرم. بەڵام بەرز دەکرامەوە، باوەشم پێدا دەکرا، ماچ دەکرام، نوقورچ و گازم لێ دەگیرا. هەروەها دەبوومە جێگەپرسیاری خەمخۆرانەی خێرای وەک: ئەرێ ئەم هەفتەیە تەنوورە سوورەکەی لەبەرکرد، هەفتەی پێشوو میزی زۆر بەخۆیدا کرد. ئادەی دەم بکەرەوە بزانم چ ددانێکت نالەقێ، شتێکی پیس هەیە، ئا با دەری بێنین، دەی (دە) فلس[١٦] یشت دەدەینێ. من پێموایە خەریکە ئەم منداڵە بەرەو خێلی دەچێ، ئادەی سەیری پەنجەکانم بکە، ئا وایە، ئەوەتا چاوێکیان باش نایەتەوە، ئاخر بونیادەم پێویستە وەک چەتەی زەریا ببینێ. ئادەی دەمت داخە، تۆ زۆر دەم دەکەیتەوە، لەڕاستیدا تۆ لووی زیادە لە کەپووتایە، ئەو کەسەی زۆر دەمی بکاتەوە گێلۆکە دەنوێنێ، وا باشە نەنکت خەمی نەشتەرگەرییەکت بۆ بخوا، خەراپە ئاوها بەدەمی کراوەوە بێیت و بچیت.

خێرا خێرا دەجووڵان، نادڵنیا دەیاننۆڕی. ژنەکان سیگاریان دەکێشا. لەبەرچاوی نەنکمدا لە ترسدا ئارەقەیان دەردەدا و دەنگیان زیقن دەبوو. ئەوانە دەم و چاوی خۆیان ڕەنگاندبوو.

گەرچی ئەوانە دایک بوون، بەڵام لە دایکم نەدەچوون.

بەڵام خاڵە (کارڵ)[١٧] لەوانی تر جیاواز بوو.

***

١٦– لە دەقەکەدا (ئورە) بەکارهاتووە کە دراوێکی کەمبەهای سوێدییە.

17- morbror Karl

خاڵە کارڵ لەسەر قەنەفە سەوزەکەی نەنکم دانیشت و نەنکم کەوتە سەرکۆنەکردنی. خاڵۆم زەلامێکی کەتە و قەڵەو و نێوچەوان بەرز، کە لەو کاتەدا لە شپرزەییدا گرژبوو، تەوقە سەری کەچەڵ بەپەڵەی قاوەیی ڕەنگەوە، چەند موویەکی پەراگەندەی لوول بەپشتی ملیەوە، مووە پڕەکانی گوێچکەی سوور. ورگی بەسەر ڕانیدا کەوتوو، چاویلکەکەی کە لە شێدا تەماوی ببوو، چاوە میهرەبانە شینە تۆخە مەیلە و وەنەوشەییەکەی حەشاردابوو. دەستە قەڵەوە نەرمەکانی لە نێوان ئەژنۆیدا گوشاردابوو.

نەنکم گچکە و قینج لەسەر کورسییەکەی لای مێزی ساڵۆنەکەوە دانیشتبوو. پەنجەوانەیەکی کردبووە پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستی. هەندێ جار کە ددانی بە وشەیەکدا دەنا، ئەو پەنجەیەی کە پەنجەوانەکەی تێدابوو، دەکێشا بەڕوومێزە بریقەدارەکەدا. هەروەک جاران جلکی ڕەشی لەبەردا، یەخەی سپی و گوڵێکی لە بەردی گرانبەهای بەبەرۆکەوە کردبوو. بەربەرۆکەکەی ڕۆژانەی سپی و شینی خەتخەت، پرچە پڕ و سپییەکەی بەتیشکی هەتاو دەبریقایەوە، ڕۆژێکی ساردی زستان بوو، ئاگر لە ئاگردانەکەدا نێڵەی دەهات و پەنجەرەکان بەچلوورەی گوڵ پۆشرابوون. کاتژمێری ژێر کەمامە شووشەییەکە بەلێدانی زەنگی خێرا، سەعات دوازدەی ڕاگەیاند و ئیدی کیژە شوان بۆ کوڕە شوانی خۆی کەوتە سەما. گالیسکەیەکی سەر بەفر بەژێر دەروازە گومەزییەکەدا



تێپەڕی: زەنگۆڵەکانی زرنگەیان دەهات و ویلەکانی، شەقامە چەو ڕێژەکەیان دەڕووشاند و ناڵە قورسەکانی دەنگیان دەدایەوە.

من لە یەکێک لە ژوورەکانی نێزیکیان لەسەر عەردەکە دانیشتبووم، من و خاڵە کارڵ هەر ڕێک ئەو کاتە لە بەستنی هێڵی ئاسنی ئەو قەتارە ببووینەوە کە وەک دیاری جێژنی لە دایکبوون لە پوورە (ئاننا)ی بێ ئەندازە دەوڵەمەندم وەرگرتبوو. نەنکم لە ناکاوێکڕا لەدەرگاکەوە وەدیارکەوت و بەنەغمەیەکی سارد، خاڵە کارڵی بانگ کرد. خاڵم هەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاکەتەکەی لەبەرکرد و هێلەکەکەی بەسەر ورگیدا دادایەوە. هەردووکیان لە ساڵۆنەکە دانیشتن. گەرچی نەنکم دەرگاکەی داخست، بەڵام کەلا کەوت. هەروەک ئەوەی تەماشای دیمەنێکی شانۆیی بکەم، دەمتوانی بکەومە دووی بینینی هەموو شتێک.

نەنکم دەدوا و خاڵە کارڵیش لچە ئەستوورە شینە سووربا وەکەی هەڵدەقورتاند. سەرە زلەکەی زیاتر و زیاتر بەنێوان شانەکانیدا ڕۆدەچوو. لە ڕاستیدا خاڵە کارڵ زرخاڵ بوو، ئاخر وی کوڕە گەورەی مێردەکەی نەنکم بوو- ساڵانێکی زۆر لەو گچکەتر نەبوو.

نەنکم ببووە وەسیی وی: خاڵم سەری نەخۆش و نەیدەتوانی بەئیشوکارەکانی خۆیدا ڕابگا. هەندێ جار دەکەوتە شێتخانەوە، بەڵام بەزۆری لای دوو خانمی تەمەن مام ناوەنجیی دەژیا و ئەوان بەشێوەیەکی هەمیشەیی خۆراکیان دەدا و سەرپەرشتییان دەکرد. وەکی سەگێکی گەورە خۆشەویست و نازداربوو، بەڵام ئەلعان ئیدی پێی زۆر لێڕاکێشابوو: بەیانییەکیان بەبێ پانتۆڵ یاخۆ دەرپێی کورت لە ژوورەکەی دەردەپەڕێ و بەتوندی باوەش بەپوورە (بێدا)[1]دا دەکا و ماچبارانێکی تەڕی دەکا و یەک ڕیز قسەی نەشیاویشی پێدەڵێ. بەڵام پوورە بێدا بەپێچەوانەوە ناترسێ، بەڵکوو بەهێمنی، ڕێک نوقورچ لەو جێگەیە دەگرێ کە پزیشک دەستنیشانی کردووە. ئیدی پاشان تەلەفۆن بۆ نەنکم دەکات.

خاڵە کارڵ پەژیوانییەکی قورس دایدەگرێ و کوڵی گریانی بەردەبێ. ئاخر ئەو بونیادەمێکی بێوەی بوو، هەموو یەکشەمموانێک لەگەڵ پوورە (ئێستێر)[2] و پوورە (بێدا)دا بۆ کڵێسای میسیۆن دەچێ. بەقاتە ڕەشە کەشخەکەیەوە، بەچاوە میهرەبان و دەنگە خۆشە (باریتۆن)[3]کەیەوە تا ڕادەیەک هەر بەواعیز دەچێت. لەهەر

1- tant Beda
2- tant Ester

٣- baryton دەنگێکی پیاوانەی نێوان هەردوو جۆری دەنگی باس و تینۆرە. و.ک

پێداویستییەکدا بۆ هەر ئیشێک دەکەوێتە خۆ، دەبێتە جۆرێک لە مجێوری بێ مووچەی کلێسا ، لەداوەتەکانی قاوەخواردنەوە و کۆبوونەوەکانی بەرگدرووندا بەستایشەوە تەماشای دەکرێت، لەوێدا بەخۆشحاڵییەوە و بەدەنگی بەرز دەکەوێتە خوێندنەوە و ژنانیش خۆیان بەکارە دەستییەکانیانەوە خەریک دەکەن.

لە ڕاستیدا خاڵە کارڵ کەسێکی داهێنەر بوو. ئاخر وی بەڕێوەبەرایەتی (مافی داهێنانگەلی پادشایەتی)[٤] بەچەندین وێنە و ڕاڤەکاری تەنیبوو، کەچی سەرکەوتنێکی کەمی وەدەست هێنابوو. لە سەدان داواکارینامە تەنها دووانیان هەڵبژاردبوون کە بریتی بوون لە: مەکینەیەک کە هەموو پەتاتەیەک دەکاتە یەک قەبارە و فلچەیەکی ئۆتۆماتیکیی ئاودەستخانەش.

خاڵە کارڵ گەلێگ خانەگومان بوو. زیاتر غەمی ئەوەی بوو نەبا کەسێک تازەترین بیرۆکەکانی بدزێ. لەبەرئەوە ئەو پارچە قاقزانەی کە بیرۆکەکانی لەسەر دەنووسین، لەبەرگێکی مشەمما دەنان و لە نێوان پانتۆڵ و دەرپێ کورتەکەیدا هەڵیدەگرتن. ئەو بەرگە مشەممایە شتێکی پێویست بوو، چونکە خاڵۆم کەسێکی میزن بوو. هەندێ جار و بەتایبەتیش لە میواندارییە گەورەکانا نەیدەتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ و بەرگەی ئازارە نهێنییەکەی بگرێ. ئیدی قاچی ڕاستی لە پای کورسییەکەی ژێرەوەی دەئاڵاند، نیوە هەستانێک هەڵدەسا و لێدەگەڕا پانتۆڵ و دەرپێکەی ژێرەوەی بەهوروژمی شلەمەنییەکی شلەتێن تەڕ ببن. نەنکم و پوورە ئێستێر و پوورە بێدا، ئەو خاڵە لاوازەی خاڵۆم بەڵەد بوون و لەو کاتەیدا بەدەنگێکی تیژ و خێرا بانگیان لێ دەکرد: "کارڵ"! و ئیدی بەریان بەو پێداویستی خۆبەتاڵکردنەوەیە دەگرت. بەڵام جارێکیان (خاتوو ئاگدا)[٥] ڕۆحی دەچێ کاتێ گوێی لە دەنگی چزە چزێک دەبێت کە لە ئاگردانە سوورەوەبووەکەوە دێ، کە دەچێ دەبینێ خاڵۆم میز بەئاگردانەکەدا دەکا. کاتێ خاڵە کارڵ بەو وەزعەوە دەگیرێ، هاواردەکا: وای، من لێرەدا ڕاوەستاوم و شلکێنە دەبرژێنم!

من خاڵە کارڵم ستایش دەکرد و لە دڵەوە قسەکەی پوورە (سیگنێ)[٦] م دەسەلماند کە دەیگوت کارڵ لەهەر چوار براکەی تری بەهرەمەندتر بووە، بەڵام (ئالبێرت)[٧]ی برای لە

4- Kungliga Patentverket
5- fröken Agda
6- tant Signe
7- Albert



ئیرەیییەوە بەچەکوش دەکێشێ بەسەری ویدا و بەو جۆرە ئەو کوڕە بەستەزمانە گیرۆدەی نەخۆشییەکی ئەقڵیی درێژخایەن دەکات.

من بەخاڵە کارڵ سەرسام بووم لەبەرئەوەی شتی زیادەی بۆ چرا ئەفسووناوییەکەم و سینەماتۆگرافەکەم داهێنا. ئاخر وی سەرلەنوێ جێگە فیلم و عەدەسەکەی چاک کردنەوە، ئاوێنەیەکی قۆقزی بۆ دانا و سێ یان چەند شریتی شووشەیی جوولاوی دوو لایەنەی کە خۆی ڕەنگی کردبوون، لەسەر تاقی کردەوە. بەوجۆرە خاڵۆم باکگراوندی جوولاوی بۆ فیگۆرەکان خولقاند. کەپووی فیگۆرەکان گەورە دەبوون، فیگۆرەکان لەهەوادا دەهاتن و دەچوون، تارماییەکان لەو قەبرانە دەهاتنە دەرەوە کە مانگ ڕۆشنی دەکردنەوە، کەشتی غەرق دەبوو، دایکێک کە خەریک بوو ژێر ئاو دەکەوت، منداڵەکەی بەسەر سەریەوە بەرز دەکردەوە تا ئیدی شەپۆلەکان هەردووکیانیان هەڵدەلووشین.

خاڵە کارڵ هەر مەترێک شریتی فیلمی بەپێنج ئورە دەکڕی و دەیخستنە نێو ئاوی گەرمی سۆداوە، بەوجۆرە ئێمولشونەکە (ماتریاڵە شیرییەکە - و.ک) لە شریتەکە دادەماڵرا، دوای ئەوەی شریتەکە وشک دەبۆوە، ئەوجا بەمەرەکەبی چینی، ڕاستەوخۆ وێنەی جوولاوی لەسەر فیلمەکە دەکێشا. هەندێ جار وێنەی ئەبستراکتی دەکێشان کە دەگۆڕان، دەتەقینەوە، دەئاوسان و دەهاتنەوە یەک.

لە ژوورە پڕ لە کەلوپەلەکەدا، قورس بەسەر مێزەکەیدا دادەنوییەوە و خەریکی کار دەبوو، فیلمەکەی بەرامبەر شریتێکی شووشەیی تەڵخ دادەنا کە لە ژێرەوە ڕووناک کرابۆوە، چاویلکەکەی بۆ نێوچەوانی بەرز دەکردەوە، عەدەسەیەکی گەورەکەری دەنایە سەر چاوی چەپی، پایپێکی کورت و قۆقزی دەکێشا و چەند دانەیەکی تر لەو پایپانەی لەبەردەم خۆیدا، خاوێنکراو و پڕ لە تووتن بۆ بەکارهێنان، لەسەر مێزەکە دادەنان. من بێ پەروا لەو فیگۆرە وردیلانانە ورد دەبوومەوە کە لەچوارچێوەی وێنەکاندا، خێرا و دڵنیا، دەهاتنە پێشەوە. خاڵە کارڵ بەدەم ئیشکردنەوە دەدوا، مژی لە پایپەکەی دەدا، دەدوا، هەناسەی هەڵدەکێشا، مژی لە پایپەکەی دەدایەوە و دەیگوت:

- ئەوە (تێدی)[٨] سەگی سێرکەکەیە سەرمەوقوولات بۆ پێشەوە دەدات، باشە، زۆر باش دەیدات. ئەوە ئێستا بەڕێوەبەرە دڵڕەقەکەی سێرک ئەو سەگە داماوە ناچاردەکا بەدواوادا سەرمەوقوولات بدات. تێدی ناتوانێ ئەوە بکات، سەری بەر گوریسەکە دەکەوێ،

8- Teddy

ئەلعان ئەستێرە و خۆرگەل دەبینێ، ڕەنگێکی تر بۆ ئەستێرەکان بەکاردێنین، سوور بەکاردێنین. ئەلعان ئاوساوییەک دەکەوێتە سەری، ئەویش هەر سوورە. پێم وانییە پوورە ئێستێر و پوورە بێدا لەماڵەوە بن، بچۆ بۆ هۆڵی نانخواردن، چەکمەچە چکۆڵەکەی لای چەپی بۆفیەکە بکەرەوە، کیسەیەک شوکولات[9]ی شاردراوەی لێیە، «ما»[10] ئەوەی شاردۆتەوە، چونکە دەڵێ من نابێ تشتی شیرین بخۆم. بڕۆ چوار شوکولاتی لێ بێنە، ئاگات لەخۆت بێ نەگیرێیت.

شوکولاتەکانم دەهێنان و یەکێکیانم وەردەگرت، ئەویش شوکولاتەکانی تری هەڵدەدایە ئەودیو لچولێوە ئەستوورەکەیەوە، لیکی لالغاوەی دەبریقایەوە. پاڵی دەدا بەکورسییەکەیەوە و بەچاوانێکی نیوەکراوەوە لەو بوومەلێڵە خۆڵەمێشییە زستانییەی دەنۆڕی. لە ناکاوێکڕا دەیگوت: دەمەوێ شتێکت پیشاندەم، بەڵام بۆت نییە بۆ «ما»ی بگێڕیتەوە! ئەوجا هەڵدەستا و دەچوو بۆ لای مێزی ژێر لەمپای ساپیتەکەوە، لەمپاکەی دادەگیرساند، ڕووناکییەکی زەرد لەسەر ڕوومێزە نەخشێنراو بەنەخشی خۆرهەڵاتییانەکە ڕەنگی دەدایەوە. دادەنیشت و داوای لێ دەکردم بەرامبەری دانیشم. چمکی ڕوومێزییەکەی لە مەچەکی چەپییەوە دەئاڵاند، یەکەم جار بەپارێز و پاشان زۆر قایم دەیپێچا و بای دەدایەوە. دواجار چمکی ڕوومێزییەکەی بەردەدا و دەست و مەچەکی لە ئاست سەرقۆڵە ئوتوودراوەکەیدا خاودەبۆوە. چەند دڵۆپێک لە شلەمەنییەکی ڕەش دەڕژایە سەر ڕوومێزەکە.

– من دوو قات جلکم هەن، پێویستە لەسەرم هەموو ڕۆژانێکی هەینی بۆ لای دایکت بێم و قات و جلکی ژێرەوەم بگۆڕم. ئەم وەزعە ماوەی بیست و نۆ ساڵە بەردەوامە. دایکت دەستی پێمەوەیە وەک ئەوەی هێشتا منداڵ بم. ئاخر ئەمە دادوەرانە نییە، خودا هەقی لێ دەکاتەوە، خودا هەق لە دەسەڵاتداران دەکاتەوە. دەبینیت وا هەنووکە ئاگر لەماڵەکەی ئەوبەر شەقامەکە هەڵایساوە!"

خۆری زستان دەلاقەیەکی لەنێوان هەورە بەفرییە وەک ئاسن خۆڵەمێشییەکەدا دەکردەوە و ڕێک پەنجەرەکانی خانووەکەی ئەوبەری لە (گەملائۆگاتان)[11]، دادەگیرساند. پێچەوانەبوونەوەی ڕووناکی چوارگۆشەی تاریکی مەیلە و زەردی لەسەر نەخشی کاغەزی

9- pralin

١٠– Ma مەبەست لە نەنکی بێریمانە.

11- Gamla A˚gatan



دیوارەکە دەخولقاند، نیوەی ڕوخساری چەپی خاڵە کارڵ لەبەر ئەو ڕووناکییە هەڵایساوەدا بوو. دەستە لێبووەوەکە لە نێوانماندا و لەسەر مێزەکە بوو.

کە نەنکم مرد، دایکم بووە وەسیی خاڵۆم. خاڵە کارڵ بۆ ستۆکهۆڵم گواستییەوە و لەوێ دوو ژووری بچووکی لە پیرێژنێکی سەر بەکڵێسای سەربەخۆ بەکرێ گرت کە لە (رینگڤێگن)[12] لە نزیک (یۆتگاتان)[13] دەژیا.

هەمان ڕۆتینەکان درێژەیان هەبوو، هەموو جومعانێک خاڵۆم بۆ ماڵی قەشە دەهات، جلکی پاکی ژێرەوەی وەردەگرت، قاتێکی بێ پەڵە و ئوتوودراوی بەقاتەکەی پێشووی دەگۆڕی و شێویشی لەگەڵ خاوخێزاندا دەکرد. قەڵافەتی هەر وەک خۆی و نەگۆڕابوو، جەستەی هەر هەمان خڕیلە و قورس، ڕوخساری هەر هەمان سوورکەلانە، چاوە شینە تۆخەکانی هەر هەمان میهرەبان لەودیو چاویلکە ئەستوورەکەیەوە. وی هەر بەردەوام و بێ هەدادان داهێنراوەکانی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی مافی داهێنان دەناردن. یەکشەموان تەرتیلەی لە کڵێسای میسیۆن دەچڕی. دایکم ئابووری ئەوی بەڕێوە دەبرد، پارەی هەفتانەی دەدایە. خاڵۆم دایکمی بەخوشکە کارین بانگ دەکرد. جارێکیان گاڵتەی بەهەوڵە ناکامەکانی دایکم کرد کە دەیویست لە نەنکم بچێ و پێیگوت: تۆ هەوڵ دەدەیت لە باجیم بچیت. لەوە گەڕێ. تۆ زۆر نەرمیت. باجیم هەموو شتێکی ڕەق بوو.

هەینییەکیان خاوەن ماڵەکەی خاڵە کارڵ هات. دایکمی بردە لاوە و لەگەڵیدا کەوتە وتووێژێکی تایبەت و دوورودرێژ. خاوەن ماڵ بەتەرزێک گریا کە دەنگی لەودیو چەند دیوارێکەوە دەژنەفترا. دوای چەند سەعاتێک خوداحافیزی کرد و بەچاوانێکی سوور و ئاوساو بەفرمێسک ڕۆیشت. دایکم بۆ لای لاللا بۆ موبەق چوو، لەسەر کورسییەک دانیشت، دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: خاڵە کارڵ کیژێکی نیشانە کردووە سی ساڵ لەخۆی گچکە ترە!

دوای چەند هەفتەیەک ئەو دوو دڵخوازە بۆ سەردانمان هاتن. دەیانویست لەگەڵ باوکمدا لەبارەی ڕێوڕەسمی مارەکردنەکەیانەوە بدوێن کە گەرچی ساکار بەڵام کڵێساییانە دەبێ. خاڵە کارڵ کراسێکی وەرزشی بێ بۆیباخ و چاکەتێکی موڕەبەعات و پانتۆڵێکی فلانیلی باش ئوتووکراوی بێ هیچ جۆرە پەڵەیەک لەبەردابوو. چاویلکە کۆنەکەی بەیەکێکی تازەی چوارچێوە گۆشەیی، پووتە دوگمەدارەکانی بەجووتێک پێڵاوی بێ قەیتان گۆڕیبوون.

12- Ringvägen
13- Götgatan

بێدەنگ و کۆ و قۆچاخ. لەو شلەژان و بەختەوەرییەیدا هیچ وشەیەکی هەڵە یان نەشیاوی بەزوباندا نەهات.

وەک پاسەوان لە کلێسای سۆفیا دامەزرا. کۆڵی لە بیرۆکە داهێنەرەکانی دا، لەو بارەیەوە گوتی: دادە، خۆ هەموو ئەوە وەهم بوو.

تەمەنی دەسگیرانەکەی شتێک لە سیی ساڵ زیاتر بوو، ورد ئەندام و ناسک، شانەکانی دەرپەڕیو و قاچی لاواز و باریک. ددانی شاش و سپی، قژی جوان بەڕەنگی هەنگوین، کەپوویەکی وەستایانە خولقێنراو، دەمی باریک و چەناگەی کۆ. چاوانی ڕەش بەڵام درەوشانەوەیەکی بەهێزیان هەبوو. بەهەستی ئەڤینێکی خاوەندارێتییەوە مامەڵەی خاڵۆمی دەکرد، لەمیانەی حەواس پەرتیی ویدا، دەستە بەهێزەکەی دەنایە سەر ئەژنۆی خاڵۆم. ئاخر ئەو بەڕێوەبەرێکی جومناستیک بوو.

دەبوو ویسایەتە درێژەکەی سەرخاڵۆم هەڵگیرێت. خاڵۆم گوتی: فیکرەی باجی لەبارەی وەزعی ئەقڵیمەوە، یەکێک بووە لەوەهمەکانی وی. ئەو دەسەڵاتخوازێک بوو بۆ خۆی، دەبوو یەکێک هەبێ کە ئەو دەسەڵاتی خۆی بەسەریدا بنوێنێ. دادە هەرچەندێک خۆی هیلاک بکا، هەرگیز ناتوانێت وەک باجی بێت. ئەوە وەهمە وەهم!

دەسگیرانەکەی خاڵۆم بەچاوانێکی ڕەش و ڕووناک لەخێزانەکەمانی نۆڕی و بێدەنگ بوو.

چەند مانگێکی نەبرد نیشانەکردنەکە هەڵوەشێنرایەوە. خاڵە کارڵ گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی لە رینگڤێگن و وازی لە حەرەسییەکەیشی لەکلێسای سۆفیا هێنا. بەئەمانەت بۆ دایکمی باس کردبوو کە ئەو ناچارکراوە واز لەبیرۆکەی کارە داهێنەرەکانی بێنێ. دەسگیرانەکەی هەوڵی داوە ڕێگەی ئەو بیرۆکانەی لێ بگرێ و ئیدی مەسەلەکە گەیشتۆتە هاوار هاوار و دەست لە یەککردنەوە. خاڵە کارڵ جێ چڕنوقێک بەگۆنایەوە بوو. گوتی: من وامزانی دەتوانم واز لە بیرۆکەی داهێنانەکانم بێنم، بەڵام ئەوە هەمووی وەهم بوو.

دایکم سەرلەنوێ بووەوە بەوەسیی وی، ئیدی هەموو ڕۆژانێکی هەینی خاڵە کارڵ بۆ ماڵی قەشە دەهات، قاتەکەی و جلکەکانی ژێرەوەی دەگۆڕین و شێوی لەگەڵ خێزانەکەدا دەکرد. پەرۆشی بۆ میز بەخۆداکردن زیادی کردبوو.

خاڵۆم ئاکارێکی خەتەری تری هەبوو. ئەویش ئەوەبوو کاتێ بۆ کتێبخانەی پادشایەتی یاخۆ بۆ کتێبخانەی گشتی دەچوو، کە لەو دوو شوێنەدا هەموو ڕۆژەکەی خۆی بەسەر



دەبردن، ڕێگەیەکی دەگرتەبەر، بەتونێلی هێڵی قەتاری بەرەو (باشوور)دا، تێدەپەڕی. ئاخر لەبەرئەوەی خاڵۆم کوڕی ئەو ئەندازیاری ترافیکە بوو کە هێڵی ئاسنی لە نێوان (کریلبۆ و ئینخۆن)[١٤]دا ڕاکێشابوو، حەزی لەقەتار بوو. کاتێ قەتارەکان لەتونێلەکەدا بەبەردەمیدا دەهاتن و دەیانگرماند، ئەم پشتی بەگاشەبەردی تونێلەکەوە دەدایەوە، گرمەکە ئەفسوونی دەکرد، شاخەکە دەلەرزی، تۆزو خۆڵ و دووکەڵ سەرمەستیان دەکرد.

ڕۆژێکی بەهار لاشەکەی خاڵۆمیان لەنێوان هێڵە ئاسنەکاندا بەهەلاهەلابوویی دۆزییەوە. لە پانتۆڵەکەشیدا بەرگێکی چەرمیان بینیبۆوە کە نەخشەی پرۆژەیەکی تێدابوو سەبارەت بەهاسانکردنی گۆڕینی گڵۆپی شەوقداری سەر جاددەکان.

***

14- Krylbo och Insjön

له تەمەنی دوانزده ساڵییدا ڕوخسەتیان دام لەودیوی شانۆوە لەگەڵ موزیکژەنێکدا بم کە ئامێری (سێلێستا)[١]ی لە شانۆنامەی (گەمەیەکی خەون)[٢]ی سترێندبێری دا دەژەند. ئەوە ئەزموونێکی هەڵپڕووکێنەربوو. شەو دوای شەو، خۆحەشاردراو لەبورجی شانۆکەدا، شاهێدی دیمەنی هاوسەرێتیی پارێزەر و کیژەکە دەبووم. ئەوە یەکەمجاربوو سیحری نواندنم ئەزموون دەکرد. پارێزەرەکە تەوقەیەکی قژی لەنێوان کەڵە پەنجە و پەنجەی دۆشاومژەیدا پێبوو. تەوقەکەی دەنووشتانەوە، ڕاستی دەکردەوە و دەیکردە دوو کەرتەوە. چ تەوقەیەک لە ئارادا نەبوو، بەڵام من دەمبینی! ئەفسەرەکە لەودیو دەرگای دواوەی شانۆوە ڕاوەستا و چاوەڕێی چوونە ژوورەوە بوو. دانەویبۆوە و تەماشای پێڵاوەکانی دەکرد، دەستی نابووە پشتی، بەبێدەنگی قوڕگی پاک دەکردەوە، وی تەواوێک بونیادەمێکی ئاسایی بوو. ئەوجا نۆرەی چوونە ژوورەوەی دەهات، دەرگاکەی دەکردەوە و دەچووە بەر ڕووناکی سەر تەختەی شانۆ. ئیدی لەوێدا دەگۆڕا و دەبووە ئەفسەر.

لەبەرئەوەی من ئاژاوەیەکی هەمیشەییم لە ناوەمڕا هەڵگرتووە کە پێویستە لەسەرم بیخەمە ژێر چاودێرییەوە، بۆیە لەبەردەم شتە حیساب بۆکراو و حیساب بۆ نەکراوەکاندا

١- celesta ئامێرێکی مۆسیقاییە و لە پیانۆ دەچێ. و.ک

2- Ett drömspel



زراوم دەچێ. پراکتیزەی کارەکەم بەو تەرزە دەبێتە بەڕێوەبردنێکی دڕدۆنگانە بۆ شتگەلێک کە بەگوتن ناگوترێن. من وەک ناوبژیوانێک هەڵسوکەوت دەکەم، ڕێکدەخەم، سرووت دەخولقێنم. دەرهێنەرگەلێک هەن ئاژاوەی ناو خۆیان دەکەنە ماتریاڵ، لە باشترین حاڵەتدا ئەوان نومایش لەو ئاژاوەیە دەخولقێنن. من ئەو جۆرە ئەماتۆرانە ئەفەرۆز دەکەم. من هەرگیز لە دراماکەدا بەشدارنابم، بەڵکو پاچڤە و کۆنکرێتیزەی دەکەم. لەهەمووی گرنگتر: من چ جێگەیەکم لەوێدا بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵە دەروونییەکانی خۆم نییە، بەڵکو کلیلی نهێنییەکانی دەق و کۆنترۆڵکردنی ترپەی لێدانی دڵی داهێنانی ئەکتەرەکانم هەن. من ڕقم لە ئاژاوە، دوژمنکاری و هەستە ڕاگوزەرەکانە. پرۆڤەی من کردەیەکە کە مەبەست لێی گەیشتنە بەمۆبیلەکردنێکی لۆکاڵی کە لەوێدا دیسپلینی خۆبی، پاقژی، ڕووناکی و ئارامی باڵ دەکێشن. پرۆڤە، کردەیەکی ڕێکخراوە، نەک ئەوەی کە دەرهێنەر و ئەکتەر بەهۆیەوە چارەسەری گرێوگۆڵە کەسییەکانی خۆیان بکەن.

من ڕقم لە (والتێر)[٣] بوو کە سەعات نۆی بەیانییان نەختێک مەست دەهات و دەکەوتە ڕشاندنەوەی شتە تایبەتییەکانی خۆی. قێزم لە (تێرێسا)[٤] دەهاتەوە کە بەهەورێک لە ئارەقە و بۆنی عەترەوە هوروژمی دەهێنا و باوەشی پێدا دەکردم. دەمخواست لە (پاول)[٥]، لەو دوودەگییە داماوە بدەم کە بەپێڵاوی پاژنە بەرزەوە ئامادە دەبوو، کەچی باشیش دەیزانی دەبێ بەدرێژایی ڕۆژ بەسەر پێپلیکانەکانی تەختەی شانۆدا ڕابکات. ڕقم لە (ڤانیا)[٦] بوو کە ڕێک دوای یەک دەقیقە درەنگ کەوتنی بەهەڵەنگاوتن و قژ بژ، شپرێو و بەهەناسەبڕکێ، جانتاو کیسە بەدەست خۆی بەژووردا دەکرد. بە(سارا)[٧] تووڕە دەبووم کە دەقەکەی بیردەچوو و هەمیشەش دوو تەلەفۆنی گرنگی بەیەکجار هەبوون. من ئارامیم گەرەکە، ڕێکوپێکی و میهرەبانی. ئاخر ئێمە بەو تەرزە دەتوانین خۆمان لە بێ سنوورێتی نێزیک بخەینەوە. تەنێ بەو تەرزەیە دەتوانین مەتەڵەکان هەڵبێنین و خۆمان فێری میکانیزمی پرۆڤە بکەین. پرۆڤەیەکی زیندوو و خودان ترپەی دڵ. هەمان نمایش و هەموو ئێوارەیەک، هەمان نمایش، بەڵام نمایشێکی سەرلەنوێ لە دایک بوو. لەسەروو ئەمەیشەوە ئەدی ئێمە چۆناوچۆنی دەتوانین خۆمان فێری ئەو نهێنییە هەنووکەیی و

3- Walter
4- Teresa
5- Paul
6- Vanja
7- Sara

مۆڵەتپێدراوە بکەین کە هێند پێویستە تا نومایشێک نەبێتە ڕۆتینێکی مردوو، نەبێتە پێ چەقێنییەکی بەرگە نەگیراو؟ هەموو ئەکتەرە باشەکان نهێنییەکە دەزانن، مامناوەنجییەکان پێویستە فێری بن و خەراپەکانیش قەت فێری نابن.

بەو تەرزە من دەق و سەعاتەکانی کار بەڕێوە دەبەم. بەرپرسیارم لەوەی ڕۆژەکان بەهەدەر نەچن. هەرگیز شتی تایبەتیم نین. من چاودێری دەکەم، سەرنج دەنووسم، ڕۆدەنێم و کۆنترۆڵ دەکەم. من چاو و گوێچکەی ئاڵتەرناتیڤی ئەکتەرەکانم. پێشنیار دەکەم، نەوازش دەکەم، هان دەدەم و ڕەت دەکەمەوە. من ڕاگوزاری و مەزاجی و هاوگەمە نیم. تەنها وا دەردەکەوێ کە ئەوە بەو شێوەیە بێت. ئاخر گەر توانرابا بۆ چاوتروو‌کانێک دەمامکەکەم لادابا و ئەو شتەم هێنابایە سەر زوبان کە لەواقیعدا هەستی پێدەکەم، ئەوا هاوڕێکانم دژم دەوەستانەوە، تێکوپێکیان دەشکاندم و لە پەنجەرەکەوە تووڕیان هەڵدەدامە دەرەوە.

لەگەڵ بوونی دەمامکیشدا، بەڵام هەرگیز خۆم حەشار نەداوە. وتووێر[٧]ی من خێراو ئاشکرا دەئاخڤێت، من هەمیشە ئامادەم، ئاخر دەمامکەکە تەنها فیلتەرێکە کە ڕێگە نادات چ شتێکی تایبەتی لێوە دزە ببێت. ئاژاوە لە شوێنی خۆیدا ڕادەگیرێت.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ژنە ئەکتەرێکی بەتەمەنی گەلێک بەهرەمەنددا دەژیام. وی گاڵتەی بەتیۆری پاڤژییەکەی من دەهات و پێیوابوو شانۆ شتێکی تورەهات، شەبەقی، توورەیی و نەفرەتە. ئەو گوتی: ئینگمار بێریمان، خەراپترین شت لەتۆدا سوێ بوونەوەتە بۆ شتە تەندروستەکان، تۆ دەبێت واز لەو سوێبوونەوەیە بێنیت، ئاخر ئەوە گومڕاکەر و گومانکارانەیە، سنوورگەلێک لەبەردەمتا دادەنێ کە ئیدی تۆ غیرەت ناکەیت بیانبڕیت، تۆ پێویستە وەک دکتۆر فاوستی ( تۆماس مان)[٨] بەدوای قەحپە گیرۆدە بەنەخۆشیی سووزەنەک[٩] ەکەتا بگەڕێیت.

ڕەنگبێ ئەو ڕاستی کردبێ، دەشێ ئەوە تورەهاتێکی ڕۆمانسییانەی هونەریی پۆپ و شوێن پێهەڵگرتنی خەیاڵی بەبەنگ سڕ بووبێ . نازانم، تەنها شتێک بیزانم ئەوەیە کە ئەو ژنە ئەکتەرە شۆخ و بلیمەتە، زەین و ددانەکانی لە دەستدان و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا

٧- لێرەدا intuition مان بەوتووێژ پاچڤە کردووە. و.ک

8- Tomas Manns doktor Faustus

٩- Syfilis نەخۆشییەکە تووشی ئەندامی زاوزێ دەبێ و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوێزرێتەوە. و.ک



لە خەستەخانەی دەروونی مرد. لەوێ پاداشتی بەرامبەر ئەو شتانە وەرگرت کە هەستی پێدەکردن.

لەبەرئەوە هونەرمەندە زوبان ڕەوانە چاپووکەکان دووچاری خەتەر دەبنەوە. کوتوپڕ مەزەندەکانیان، دێنەدی و دەبنە مۆد. ئەمەش بۆی هەیە کارەساتی لەخۆیدا هەڵگرتبێت. (ئیگۆر ستراڤنسکیی)[١٠] حەزی بوو گوزارشت لەخۆی بکات. وی ژمارەیەکی زۆر کاری مۆسیقایی نووسین. لەبەرئەوەی ئەو گڕکانێکی لەناوەوەیڕا هەڵگرتبوو، بۆیە جڵەوپێگرتنی قورس بوو. هونەرمەندە مامناوەنجییەکان وییان موتاڵاکرد و سەری لێکحاڵی بوونیان بادا. ئەوانەی کە چ ئاسەوارێکی گڕکان لە ناوەوەیانڕا نەبوو، داری مایسترۆکانیان هەڵبڕی و بەلەبەر چاوگرتنی خۆجڵەوکردن، سەرۆکایەتی ژەنینی کارەکانی ئەویان کرد. ئەمە لەکاتێکدا کە (ستراڤنسکیی) هەرگیز وا نەژیا کە فێری ببوو، سەرۆکایەتی کارەکەی خۆی، (ئەپۆللۆن موساگیتییێ)[١١] کرد هەروەکی ئەوەی (چایکۆڤیسکیی) بێت. ئێمە کە ئەومان خوێندبۆوە، گوێمان ڕادێرا و سەرسام بووین.

ساڵ ساڵی ١٩٨٦ و سات ساتی نومایشکردنی چوارەمین جاری (گەمەیەکی خەون) بوو. پێدەچوو بڕیارەکە ماقووڵ بێت: بڕیاری نومایشکردنی (خاتوو یولیی) و (گەمەیەکی خەون) لە یەک وەرزی نومایشدا. ژوورەکەم لە دراماتن (شانۆی پادشایەتی – و.ک ) نۆژەن کرابۆوە. چوومە ناوی. ئیدی من لە ماڵی خۆمدا بووم.

ئامادەگییەکان بەئاڵۆزییەکان دەستیان پێ کرد. مشورەتم بەسینۆگرافێک کرد کە لە شاری (یۆتۆبۆری) دەژیا. هاوسەرەکەی دوای دە ساڵ پێکەوە ژیان، وازی لێ هێنا و لەتەک ئەکتەرێکی جاحێڵدا ڕێک کەوتبوو. ئیدی سینۆگرافەکە نەخۆشی گەدەی گرت و ڕێک لەدوای ناوەڕاستی هاوینەوە بەوەزعێکی زۆر خەراپ بۆ دوورگەی(فۆرئیۆ ) ، بۆ لام هات.

بەو ئومێدەی کارکردنمان ببێتە هەتوانێک بۆ خەمۆکییەکەی، کۆبوونەوە ڕۆژانەییەکانمان دەستی پێ کرد. هونەرمەندەکە بەلێوەلەرە و بەچاوانێکی مات و زەقەوە تەماشای دەکردم و چپە دوو دەیگوت: دەمەوێ ئەو بگەڕێتەوە. من لە تەکیدا نەکەوتمە وتووێژکردن لە بارەی هەتوانکردنی ڕۆح، بەڵکوو گوڕی بەردەوامیم دایە بەر. دوای چەند هەفتەیەک تێکوپێک شکاوانە بۆی ڕوون کردمەوە کە لە وزەیدا نەماوە. پاشان خرتکە و پرتکەکانی کۆکردنەوە

10- Igor Stravinskij

11- Appollon Musagete

و بۆ یۆتۆبۆری گەڕایەوە. لەوێ خۆی لەنێو بەلەمێک نا و لەگەڵ دوڵبەرێکی نوێیدا بەزەریادا سەفەری کرد.

لەناچاریدا پەنام بۆ ژنە هاوڕێ و هاوکارم (ماریک ڤوس)[12] برد. ئەو خاوەن ڕۆحێکی هاوڕێیانە و پەرۆش بوو، لە پەنسیۆنەکەی ئێمەدا نیشتەجێ بوو. ئێمە گەرچی لەکارەکە دواکەوتبووین، بەڵام بەخولقێکی خۆشەوە کەوتینە ئیش. (ماریک) ساڵانێکی زۆر لەوەوبەر لە گەمەیەکی خەوندا کاری لەگەڵ (ئولوف مولاندێر)[13]ی بناغە دارێژەری (ترادیشۆنی ستریندبێریی)[14]دا کردبوو.

تا ڕادەیەک لە دەرهێنانەکانی پێشووترم بۆ گەمەیەکی خەون نارازی بووم: وێنەگرتنەکەی بۆ تەلەفیزۆن دووچاری ڕووداوی کارەساتباری تەکنیکی ببۆوە (ئاخر ئەوکات نەدەتوانرا لە شریتەکە ببڕدرێ). نومایشەکەی (لیلا سێن)[15]یش هاکەزایی بوو گەرچی ئەکتەری داهێنەریش دەوریان تێدا بینی. نومایشە ئەڵمانییەکەش لەژێر باری سینۆگرافیایەکی زەبەلاحدا تێکوپێک شکابوو.

ئەمجارەیان دەمویست دەقەکە بەبێ چ گۆڕانکارییەک یان لابردنێک، ڕێک وەکی ئەوەی کە شاعیرەکە هۆنیویەتییەوە نومایش بکرێت. هەروەها مەبەستی من ئەوەبوو، بەڕێگەچارەی تەکنیکی ئەو دیمەنە ئاماژەبییانە پاچڤە بکرێن کە پراکتیزەکردنیان زۆر زەحمەت بوو. دەمویست بینەر ئەو بۆگەنە ئەزموون بکات کە لە کەلەگی نووسینگەی پارێزەرەکەوە دێت، دەمویست بینەر جوانییە ساردەکەی هاوینەهەواری بەفرینی (فاگێرڤیکس)[16]، تەمی تەنکی گۆگردی و پرشنگی دۆزەخ لە (سکامسوند)[17]، باخچەی شکۆفەکردووی دەوروبەری کۆشکە لە گەشەکردن هاتووەکە[18]، شانۆ کۆنەکە لەودیو ڕاڕەوەکانییەوە، ئەزموون کات.

(لیلا سێن) شانۆیەکی ئەوتۆ نەبوو، تەنگ و داڕووخاو بوو. لە ڕاستییدا ئەوێ هۆڵێکی سینەمایی سەرلەنوێ ڕۆنراو بوو کە لەساتەوەختی کردنەوەیەوە، واتە لەسەرەتای

12- Marik Vos
13- Olof Molander
14- Strindbergstraditionens grungläggare
١٥- Lilla Scenen شانۆی گچکە.
16- Fagerviks snöiga sommarland
17- Skamsund
18- Det Växande Slottet



دەیەی چلەوە چ چاکسازییەکی گەورەی بەخۆوە نەبینیبوو. بۆ ئەوەی فەزا و ئاشنایەتی وەدی بهێنین، بڕیارمان دا چوار ڕیز کورسی لابەرین و بەوە پێنج مەتر بدەینە دەم تەختەی شانۆکە.

بەو تەرزە ژوورێکی دەرەکی و یەکێکی ناوەکیمان دەسکەوت. ژوورە دەرەکییەکە نزیک بوو لە بینەرانەوە، ئەوە قەڵەمڕەوی شاعیر بوو. لەوێدا مێزی نووسین لەنزیک پەنجەرەیەکی ڕەنگاوڕەنگی دروستکراو بەسەبکی (یوگنیت)[19]، لەوێدا دارخورما هەبوو بەڕووناکییە درەوشاوە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوە، تاقی کتێبەکان بەدەرگای نهێنییەوە. لەلای ڕاستی دیمەنەکەوە خرتکەوپرتکە و کەلوپەلی بێ عەمەل و خاچێکی گەورە، بەڵام شکاو و دەرگای ئەفسووناویی گەنجینەکە باڵیان بەسەر شوێنەکەدا کێشاوە. لە قوژبنەکەدا و وەکی واقورماوێک (ئیدیپتی دزێو)[20] لە نێو خرتکەوپرتکە تۆز و خۆڵاوییەکاندا لای پیانۆکەیەوە دانیشتووە. ئەکتەرەکە پیانۆژەنێکی بەتوانایە کە بەهەردوو جووڵە و موزیک، هاوڕێیی ڕووداوەکە دەکات.

لەو بینا ڕۆنراوەدا، ژوورەکەی پێشەوە دەچێتەوە سەر ژوورێکی دواوەی ئەفسووناوی. کە منداڵ بووم، زۆرجاران لە ماڵەوە، لە ژوورە تاریکەکەی نانخواردن ڕادەوەستام و بەسەرەتاتکێوە لە دەرگا کەلا کراوەکانەوە لە هۆڵەکەم دەنۆڕی. خۆر قەنەفە و کورسی و کەلوپەلەکانی ڕووناک دەکردنەوە، چلچراکەی پرشنگ پێدەدا، سێبەری جووڵاوی لەسەر فەرشەکە دروست دەکرد. هەموو شتێک سەوز بوو وەک حەوزێکی شووشەیی[21]. لەوێدا خەڵکی دەجووڵان، دیار نەدەمان، هەمدیس وەدیاردەکەوتنەوە، بێ جووڵە ڕادەوەستان، بەدەنگی نزم دەدوان، گوڵەکان لەسەر تاقی پەنجەرەکەدا دەگەشانەوە، کاتژمێرەکان دەیانچرکاند و دەکەوتنە زرینگە: ژوورێکی ئەفسووناوی بوو. ئەلعان دەبوو ژوورێکی ئاوها لە ناوەوە، لەسەر شانۆکە ڕۆنێینەوە. دە پرۆژێکتێری بەهێز تەگبیرکرا. دەبوو لەسەر پێنج شاشەی تایبەت دروستکراو، بدەن. نەماندەزانی دەبێ چ وێنەیەک لەو شاشانەدا پیشان بدرێت، بەڵام پێمانوابوو کاتی باشمان بەدەستەوەیە تا تیایدا بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە. عەردی شانۆکەمان بەکومبارێکی نەرمی شینی مەیلەو بۆر داپۆشی. بەسەر ئەو ژوورە دەرەکییەدا ساپیتەیەک لەهەمان تۆنی ڕەنگ قایم کرا. سیستمی دەنگ کە لە

19- Jogned
20- fula Edit
٢١- Akvarium حەوزی شووشەی ماسی و ڕووەک و شتیتریش دەگرێتەوە. و.ک

شانۆی (لیلا سین)دا مایەی پێشبینی نەبوو، ئیدی جێگیر و زۆر هەستیار کەوتە ڕوو. ئەکتەرەکان دەیانتوانی سووک و خێرا بئاخڤن، پرینسیپی موزیکی ژوور[22] ڕۆنرا.

له مانگی ئایاری ۱۹۰۱دا ستریندبێری کیژێکی جاحێڵ و خودان جوانییەکی بیانییانەی لە دراماتسکا تیاترن[23]، هێنا. وی سی ساڵ لە ستریندێری گچکەتر و تا ئەوکات سەرکەوتنێکی بەرچاوی لەکارەکەیدا وەدەست هێنابوو. شاعیر باڵەخانەیەکی پێنج ژووریی لە ئاپارتمانە تازە ڕۆنراوەکەدا لە (کارلاپلان)[24] بەکرێ گرت، مۆبیلەو قاقزی دیوار و تابلۆ و کەلوپەل. ئەو بووکە جاحێڵە چووە نێو دیکۆرێکەوە کە تەواوێک لەلایەن مێردی پیرەوە خولڤێنرابوو. هەردوولا بەوپەڕی خۆشەویستی، دڵسۆزی و بەهرەوە تێکۆشان تا ڕۆڵە لەسەرەتاوە دیاریکراوەکانی خۆیان ببینن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر زوو دەمامکەکان درزیان تێبوو، لەنێو ئەو ژیانە دێهاتییە ورد نەخشە بۆ کێشراوەدا تراژیدیایەکی بەسۆ وەدیارکەوت. ژنە بەتووڕەیی ماڵی جێهێشت و بۆ لای خزمەکانی لەکۆدورگە[25] گواستیەوە. شاعیر بەتەنێ لە دیکۆرە شاهانەکەیدا جێهێڵرا. وەرز ئەوەجی هاوین و شار چۆڵ وهۆڵ. وی عەزابێکی دەچەشت کە تا ئەلعان هەرگیز مەزەندەی نەکردبوو.

له (بەرەو دیمەشق)[26]دا، پیاوە نەناسراوەکە لە وەڵامی سەرزەنشتەکەی خانمدا بەوەی کە هاتووە لەگەڵ مەرگدا گەمە بکات، دەڵێ: هەرئاوها من گەمە لەتەک ژیانیشدا دەکەم، ئاخر من شاعیربووم. وێڕای ئەو خەمۆکییەی کە بەشیرەوە خواردوومە، بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە شتەکان بەجیددی وەرگرم، تەنانەت حوزنە گەورەکانی خۆیشم، ساتەوەختگەلێک هەن، گومان دەکەم لەوەی کە ژیان لە شیعرەکانی من واقیعیتر بێت.

هەنووکە برینەکە قووڵ و بەخوڕ خوێنی لێدەچۆڕا، نەدەتوانرا بیبەسترێ وەک ئەوەی کە لە بەڵا گەورەکانی تری ژیاندا دەکرێت. عەزاب ڕۆچووە ژوورە نەناسراوەکەوە و ڕێگای بەرەو سەرچاوەی تۆفان کردەوە. وی لە یاداشتەکانی ڕۆژانەیدا نووسیوبەتی، ئەو گریاوە، بەڵام

٢٢– مەبەست لە جۆرێکی موزیکە کە ژەنەرەکانی لە چەند کەسێک ئامێری تاکنەواز پێکهاتوون. وەک زاراوە لە سوێدیدا موزیکی کامەر Kammaramusikی پێدەگوترێت. و.ک

23- Dramatiska Teatern

24- Karlaplan

٢٥– skärga˚rd کۆمەڵێک دورگەی چکۆڵەی نێو زەریاچە. و.ک

٢٦– Till Damaskus شانۆنامەیەکی ستریندبێری. و.ک



فرمێسکەکان ڕوانینیان پاقژکردۆتەوە و بەقایلبوونێکی لەخۆبوردووانەوە لەخۆی و دەوروبەرەکەی ڕوانیوە. هەر بەڕاست وی بەزوبانێکی نوێ دەدوا.

بەخۆشحاڵییەوە وتووێژی ئەوەمان کرد کە چۆناوچۆنی بەری بەشێکی گەورەی دراماکە دەچنرێتەوە بەرلەوەی (هاریێت بۆسسێ)[27] بەزگپڕییەکی قبوولێنراو و قەناعەتێکی ئاشتیخوازانەوە بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە. نیوەی یەکەمی شانۆنامەکە تۆفانێکی بێ وێنەیە: چ شتێک نییە ڕاڤەکردنی قورس بێت، هەموو شتێک خواست و ئازار، ژیان و ڕەسەنێتی و شتگەلی چاوەڕواننەکراوە. دراماکە، خۆی خۆی نومایش دەکات. بیرۆکەکە لە ماڵی پارێزەرەکەدا دەگاتە ترۆپک. ڕێک لەماوەی دوازدە دەقیقەدا، ڕۆنانی هاوسەرێتییەک، نائومێدی و تێکشکان باڵ دەکێشن.

پاشان مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەبێ: (فاگێرڤیک) بەدوای (سکامسوند)دا دێت، بیرۆکەکان ( ئیلهام )، هەروەکو لە سۆناتا قورسەکەی (هامەر کلاڤێری بیتهۆڤن)[28] دا، دەکەون و هەڵدەنگوێن، وردەکارییەکان بەنۆتەی زۆر قەرەبوو دەکرێنەوە. لێکردنەوەی زۆر دیمەنەکان دەکوژێ، نومایشکردنی هەموویشی پێکەوە بینەر ماندوو دەکات.

دەبوو ددان بەخۆدا بگیرێ و ئەو ڕیتمیکە بخرێتەوە گەڕ کە بزر ببوو. ئەمەش شتێک بوو کە دەکرا بکرێ و بوومیشی هەبوو، ئاخر هێشتا دەقەکە بەهێز، تۆکمە، بەچێژ و شاعیری بوو. بۆ نموونە ئەو بەزۆر خۆپێدادکردنە چاوەڕواننەکراوەی دیمەنی قوتابخانەکە، شتێکی پرشنگداربوو. کەچی خەڵووز هەڵگرە نەگبەتەکان میوانداریەکی زۆرەملێیی بوو: ئیدی گەمەیەکی خەون، لەوە دەرچووبوو گەمەی خەون بێت، بەڵکوو نومایشێک بوو بەچۆنایەتییەکی گوماناوییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆزترینی کێشەکان مابوو. یەکەمینیان ئەشکەوتەکەی (فینگاڵ)[29] بوو. ئێمە دەزانین ئاشتی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوە، کابانی جحێڵی دووگیان خۆی بۆ پەیکەر تاشین و موتالاکردنی کتێبی بەنرخ تەرخان کردووە، شاعیر وازی لە سیگارکێشان هێناوە تا نیەت باشیی خۆی بخاتەڕوو. پێکڤە بۆ شانۆ و ئۆپێرا دەچن، داوەت بۆ ژەمی شێو ڕێک دەخەن، ئێوارە ئاهەنگی موزیک ساز دەدەن. گەمەی خەون گەشە دەکات، هەنووکە ستریندبێری ئەوەی هەڵگۆزا کە دراماکە شێوازی ئەوەی وەرگرتووە ببێتە

27- Harriet Bosse

28- Beethovens Hammarklaversonat

29- Fingalgrottan

پانۆرامایەکی ژیانی ئینسانەکان لەژێر چاودێرییەکی گوماناوی خودایەکی سەرگەرمدا. لەناکاوێکڕا هەست دەکات بانگێشت کراوە تا بە وشە فۆڕمۆڵەی ئەو مەودا درزبردووە بکا کە پێشتر خۆویستانە لە دەقەکەدا، لە هەڵوێست و دیمەنەکاندا خستبوویە ڕوو. (کیژەکەی ئیندرا)[٣٠] دەستی شاعیر دەگرێ و نابەختەوەرانە بۆ ئەشکەوتی (فینگال)ی لە قووڵایی زەریادا دەبات. لەوێ شیعری جوان و خەراپ بەسەر یەکتردا دەخوێننەوە، ئەوسا ترسناکترین و جوانترین لەپاڵ یەکدیدا باڵ دەکێشن.

دەرهێنەرێک کە کۆڵ نادا و لێدەگەڕێ شاعیر[٣١] لەبۆتەی بۆن و بەرامەی شۆربا یۆگێند[٣٢]ییەکەی خۆیدا بکوڵێت، هێشتا تا ڕادەیەک خۆی لەبەردەم کێشەی گرێکوێرەدا دەبینێتەوە. ئاخر چۆناوچۆنی دەتوانرێ ئەشکەوتی (فینگال) بەرجەستە بکرێت بەبێ ئەوەی خودی خۆی وێران نەکات؟ چۆناوچۆنی مانۆڕم بەگلەیینامە گەورەکەی شاعیر کردبا کە ئاراستەی (ئیندرای خواوەند) کرابوو؟ زیاتر بریتی بوو لە ناڵە ناڵ. ئەدی چۆن زریانم خولْقاندبا، چۆن تێکوپێکشکانی کەشتی و قورسترین شتێکی تر: چۆن ڕێڕۆیشتنی مەسیحم بەسەر شەپۆلەکاندا خولْقاندبا؟ (ساتەوەختێکی ئارام و کاریگەر لە شانۆیەکی ئارایشتکراوی گاڵتەئامێزدا.)

نومایشێکی گچکەم لەمیانەی نومایشنامە سەرەکییەکەدا تاقی کردەوە. شاعیر فەزای نواندن بەشاشەیەک، کورسییەک و گرامافۆنێکی لوولەیی ڕۆدەنێت. (کیژەکەی ئیندرا) لە شاڵێکی خۆرهەڵاتییانەوە دەپێچێ، لەبەرامبەر ئاوێنەدا تاجی دڕک لەسەری خۆدەنێ، چەند پەڕەیەک لە دەقە شانۆییەکە دەداتە کیژە ئەکتەرەکە. لە گەمەوە بۆ جیددییەت دەخزێن، لە پارۆدییەوە بۆ ئیرۆنی، هەمدیس جیددیەت، شادومانییەکی ئاماتۆری، شانۆیەکی گەورە و ساکار، هارمۆنییەکی پاقژ. دەبوو ئەو مەزنە هەر مەزن بێت، دەبوو ئەوەی کە باڵی بەسەر زەمەندا کێشابوو، بەخششی دڵۆپێک لەئیرۆنییەکی میهرەبانی بەرکەوێت.

دڵمان بەو ڕێگەچارەیەمان خۆش بوو، ئاخر دواجار ڕێگەچارەیەکمان دۆزیبۆوە.

30- Indras Dotter

٣١- مەبەست لە ستریندبێرییە.

٢٣- jugend ستایلێکی هونەرییە، دەوروبەری سەرەتای سەدەی ڕابردوو لە ئەڵمانیا و سوێد برەوی هەبوو. و.ک



دیمەنەکانی دواتر لە ڕاڕەوەکانی شانۆکەدا، دیمەنگەلی وشکن و چ شتێکیان بۆ گوتن لەخۆ نەگرتووە، بەڵام نەدەکرا ئەفەرۆز بکرێن. گەمە لەگەڵ پیاوچاکان، نهێنی ئەودیو دەرگاکە و ڕۆح کوژیی کیژەکە لەلایەن پارێزەرەکەوە شتێکی یەک ڕیتیکمە، بەخێرایی هێڵکاریکراو و هەرگیز ڕۆنەچۆتە قووڵایی. تاقە میتۆدێکی گونجاو بریتییە لە هاسانی، خێرایی و تۆقاندن: پیاوچاکان دەبوو بەبێ چ مەرجدارییەک خەتەرناک بن، ئەوسا لەودیو دەرگا کراوەکەوە و لەبەردەم بێ مانایی و بێ ناوەڕۆکیدا بتۆقن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، دوا دیمەنی لای قوربانیگاکەوە دیمەنێکی مەزن و پەیامی کیژەکەش پەیامێکی ساکار و کاریگەر بوو. بەر لە فۆرمۆڵەبوونی ئەو پەیامە شتێکی سەیر نەشونومای کردبوو، ئەویش ئەوەبوو کە (کیژەکەی ئیندرا) مەتەڵی ژیانی ئاشکرا کرد. بەگوێرەی یادەوەرینامەکە، سترێندبێری ئەوکات، هاوکات لەگەڵ قاڵبوونی لە درامادا توێژینەوەیەکی سەبارەت بەمیتۆلۆگیا و فەلسەفەی هیندی خوێندبۆوە. وی بەری هەموو خوێندنەوەکانی کردبووە قازانەکەوە و تێکی هەڵدابوو. بەڵام ئەو خۆراکە نەدەچووە بنی قازانەکە و چ تامێکیشی بەژەمەکە نەدەبەخشی. ئیدی ببووە حەکایەتێکی هیندوستانی بەبێ ئەوەی چ شوێنگەیەکی لە ئەودوای تێکستەکەدا هەبێ.

لە دوا دیمەن و هەروا لەدیمەنەکەی سەرەتادا کێشەیەکی بنبەست بەڵکوو کێشەیەکی شاراوە هەبوو. هەر لە ئەوەڵەوە بەئاشکرا منداڵێک بەباوکی دەڵێ: قەڵاکە ڕۆژ بەڕۆژ گەورە دەبێ، سەرنجت داوە کە لە ساڵی ڕابردووەوە چەندێک باڵای کردووە؟ لە دواین لەحزەدا شاعیرێکی پیر دەبێژێ: ئۆف، هەنووکە هەست بەعەزابی هەموو بوون دەکەم، ئاخر ئاوهاییە ئینسانبوون. لە سەرەتاوە منداڵێک، لەکۆتاییدا پیرێک، لەنێوانیشیاندا ژیانی مرۆڤایەتی. من ڕۆڵی کیژەکەی (ئیندرا)م بەسەر سێ کیژە ئەکتەردا دابەش کرد. ئەوە قازانجی هەبوو. سەرەتا پرشنگدار و کۆتاییش هاوگونجاو. تەنانەت مەتەڵی ژیان بووە چیرۆکێکی زیندوو کە بەئەزموون و ڕاستگۆیی خانمە ئەکتەرێکی گەورە بەرجەستەبوو. کیژە پێگەییوەکە بەهێز، پەیجۆر، چالاک، دڵخۆش، خودان خولْق و تراژیدیی لەمیانەی ژیاندا.

هەرگیز دۆزینەوەی ڕێگە چارە لە شانۆنامەیەکدا بەوێنەی ئەوە زۆر ماندووی نەکردووم و کارەکە بەئاوها خاوییەکی بێزەوەر نەچووەتە پێش. ئاخر دەبوو یادەوەری لە بڕیارەکانی پێشوو پاقژ بکرێتەوە. هاوکات پێویست بوو ساواکە بەئاوی خۆشتنەکەوە توور نەدرێت. دەبوو ڕێگەچارە باشەکان کە هاتبوونە ناو بەرهەمە نوێیەکەوە ڕزگار بکرێن. بەڵام دەبوو

بژار بکرێن و شوێنپێی ڕاوێژە توندوتیژەکەی (فاولکنێر)[٣٣] هەڵگیرێ کە دەبێژێ: خۆشەویستانی خۆت بکوژە. ئەمە لە کاتێکدا کە کارکردن لە (خاتوو یولیی)دا یارییەک بوو تا ئەوپەڕی خۆش، کەچی دەست بەسەراگرتنی (گەمەیەکی خەون) لە شەڕێکی خاچپەرستانەی بێزەوەر دەچوو.

بۆ یەکەم جار هەستم کرد، پیریی وەک وێرانکەرێک خۆی دەنوێنێت. وێنەکان خۆیان بەدەستەوە نەدەدا، پرۆسەی بڕیاردان درێژی دەخایاند، بەتەرزێکی نائاسایی بێزاربووم. مەحاڵ بووە مەحاڵ و ئیدی لەوەدابوو دەیخنکاندم. چەند جارێک ویستم کۆڵ بدەم، ئارەزوویەک کە بەدەگمەن لەخۆوەی پێچاوم.

پرۆڤەکان ڕۆژی سێشەممە، چواری فێبریوەری بەدانیشتنێک دەستی پێ کرد، هەلومەرجەکانی پرۆڤەی پراکتیکی، نەخشە و لایەنە هونەرییەکانمان تاووتوێ کرد. پێشتر ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین دەقەکە چەندێک بکرێ بەزوویی هەرس بکرێت، ئیدی ئەو قۆناغە بەسەرچووە کە کتێبەکە بنرێتە ژێر کەپووەوە و باسکێکیش ڕەپ ڕاگیرێت، ئەوە قۆناغێکی بەسەرچووە کە لە بناغەدا (لاش هانسۆن)[٣٤] هێنایە گۆڕێ کە ڕقی لە دەرس خوێندن بوو. ئەکتەرە تەمبەڵەکان ئینجیلەکەی ئەویان لەژێر کاریگەری ئەو ئەنجامگیرییە تەمومژاوییەدا قەبووڵ کرد بەوەی گوایە دەقەکە بەشێوەیەکی ئۆرگانی لەمیانەی پرۆڤەکاندا لەلایان کامڵ دەبێت. ئەنجامگیرییەکی ئاوها هەمیشە هەلومەرجی ئاژاوەئامێزی لێ دەکەوێتەوە، هەندێک دەتوانن، ئەوانی تر ناتوانن، بەڵکوو دەنۆڕن و قلاَفەت دەنوێنن، ئیدی هەموو پرۆڤە هاوبەشەکە دەبێتە قوماشێکی پینە پینە.

گرنگترین ئەرکی ئەکتەر بریتییە لەوەی وەک هاوڕێیەک خۆی بۆ ئەکتەرەکەی بەرامبەری تەرخان کات. بەبێ ئەوەی بگوترێ تۆ و بەبێ ئەوەی بگوترێ من نا، ئەمە شتێکە کە کەسێکی ژێر فۆرمۆڵەی کردووە.

یادەوەرییەکانی ڕۆژانەم بۆ کارکردن لە شانۆنامەی (گەمەیەکی خەون)دا دەخوێنمەوە، چ شتێک نییە هانی خوێندنەوەیم بدات. ئاخر من ئەوکات لە هەلومەرجێکی خەراپدابووم. نیگەران، ناڕازی، شەکەت، سمتی ڕاستم بێ وچان دەیێشا و بەیانیانیش بەیانیانێکی بێزەوەر. گەدە لەمیانەی گرژبوون و هوروژمی نۆرە زگچووندا هەراسانی کردبووم. بێزاری دەستی نابووە ڕۆحم.

33- Faulkner
34- Lars Hanson



لەگەڵ ئەوەشدا هیچم وەدیار نەدەخست. ئاخر هەڵەیە کێشە شەخسیەکان لەمیانەی کارکردندا بهێنرێنە پێش. دەبێ خولّق ئارام و بەهێز بێ و لە بەرامبەردا نابێ بۆ وەدیهێنانی ئارەزووگەلە داهێنەرە پێناس نەکراوە زیادەکان، زۆر لەخۆ بکرێت. دەبێ پشت بەئامادەگی وردبینانە ببەسترێ و ئومێد بەساتەوەختگەلی باشتر ببەسترێ.

مانگێک بەر لە دەسپێکردنی پرۆڤە، (لێنا ئولین)[٣٥] داوای لێ کردم کە گەرەکیەتی لەتەکمدا بدوێ، دەبوو وی ڕۆڵی (کیژەکەی ئێندرا) ببینێ، بەڵام دووچاری پەتای باوی حەز لە دووگیان بوون لە شانۆدا، ببوو. دەشێ لە یەکەمین ئێوارەی نمایشدا زگەکەی لە سەرەتای پێنج مانگیدا بێ و لە ئۆگۆستیشدا منداڵەکەی ببێت، بەوجۆرە بەرنامەی وەرزی پاییز لابرا، (گەمەیەکی خەون) یش لە بەهاری داهاتوودا، سەرەڕای پێداگرتنی شەخسی خۆم، نەدەخرایە سەر شانۆ. ئەوپەڕی بۆمان هەبوو چل جار نمایش بکەین.

هەلومەرجەکە نەختێک کۆمیدیی بوو. ئاخر دەقە تەلەفیزۆنییەکەم بەناوی (دوای پرۆڤە)[٣٦]، لەبارەی ئەکتەرێکی جحێڵ (کە لێنا ئولین دەورەکەی دەبینی) و هەنووکەش دەوری (کیژەکەی ئێندرا)ی دەبینی و دەرهێنەرێکی پیرەوە بوو کە بۆ چوارەمین جار کاری لە گەمەیەکی خەوندا دەکرد. کیژەکە بۆی دەگێڕێتەوە کە دووگیانە و بەمنداڵەوەیە، ئیدی دەرهێنەرەکە، کە هەر لەسەرەتاوە هەموو شتێکی بۆ ئەوە کردووە تا لەگەڵ ئەو کیژە ئەکتەرەدا کار بکات، بەبیستنی ئەو قسەیە تێکوپێک دەشکێت. کیژە ئەکتەرەکە وردە وردە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەکا کە پێشتر منداڵەکەی لەباربردووە.

بەڵام (لێنا ئۆلین) گەرەکی نەبوو منداڵەکەی لەبار بەرێت، وی ئینسانێکی بەهێزو جوان و پڕ لە ژیان و تا ئەوپەڕی هەستیار و هەندێک جاریش ئاژاوەگێڕ. بەڵام هەمیشە هاوسەنگ و خودان ژیرییەکی کردەیی. چێژی لە دووگیانییەکەی دەبرد، هەموو کێشەکانیشی دەبینی کەچی دەیگوت ئەگەر بڕیار بێت منداڵێکی ببێ ئەوا پێویستە هەر ئەلعان بیبێت، گەرچی تازەکییش ئەستێرەی بەهرەی کەوتبووە درەوشە.

هەر وەک گوترا هەلومەرجەکە نەختێک کۆمیدی بوو، دەمەوێ بڵێم پێکەنیناوییە بۆ دەرهێنەر. ئاخر هەرگیز ئەو هەلومەرجە بۆ ژنێک پێکەنیناوی نییە کە بڕیارە ببێتە دایک، (لێنا)ی جوان و نازدار وازی لە ئەستێرەی بەهرەی خۆی هێنا و بڕیاری منداڵ خستنەوەی دا.

35- Lena Olin
36- Efter repetitionen

هەستەکان کۆنترۆڵ نەدەبوون. پێموابوو لێنا خیانەتی کردووە. ئاخر ئەوەی کە پێی دەگوترێ واقیع، هەرتک خەون و پلانەکانی گۆڕین. بەڵام دەسبەجێ هەستی نائومێدیم تێدا ڕەویەوە. ئەدی ئەم ناڵەناڵەی بۆچییە؟ ئاخر لەگۆشەنیگایەکی بەرینترەوە سەیرکەین، دەبینین هەوڵە شانۆییەکانمان تا ڕادەیەک گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە. لە دایکبوونی منداڵێک شنەیەکی وەهمئامێز لە مانا لەگەڵ خۆیدا دێنێ. (لێنا ئۆلین) دڵشاد و منیش بەدڵشادیەکەی ئەو خۆشحاڵ بووم.

پرۆڤە بێزەوەرەکانمان هیچ یاخۆ تا ڕادەیەک هیچ پێوەندییەکی بەو مەسەلەیەی سەرەوە نەبوو. هەفتەکان تێدەپەڕین. ئاکامی کارەکانیش خاوەن ئەستوورایی یەکسان بوو. سەرەڕای ئەوەش (ماریک ڤۆن)ی سینۆگراف دووچاری بوورانەوەی کوتوپڕ[٣٧] یان دەشێ خۆ شەکەتکردنێکی بێ ئەندازە بووبوو. بەشی جلکی پیاوانە دوورینی شانۆی دراماتن، لەسالآنێکی زۆر لەوەوبەرەوە بەخەڵکانی بێ توانای کەللەپووت پڕکرابۆوە. (ماریک) بەبێدەنگی و سەرسەختییەوە دژی گێلێتی، تەمبەڵی و خۆ بەشتزانی کەوتبووە شەڕ. چ شتێک بەو شێوەیە نەبوو کە دەبوو وابێت، چ شتێک تەواو نەبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە (ماریک) نمایشی وێنەکانمان[٣٨] لە بیرکات. گەڕان بەدوای وێنەکان بەخانمێکی جحێڵ کە بەهۆی ناچاریی و نەبوونی خەڵکی لێوەشاوەوە، بەو سپێردرابوو. وی ئەوپەڕی بەهەوڵ و بەبڕی دەیان هەزار کرۆن وێنەی فۆتۆگرافی ڕاسپارد، بەبێ ئەوەی کەسێک چ کاردانەوەیەک بنوێنێ. کاتێ هەستم کرد بێدەنگییەکی گوماناوی لەبارەی پرۆژێکشۆنەکانمانەوە لە ئارادایە، ئیدی بۆ چوونە نێو بنج و بناوانی مەسەلەکە، کەوتمە جووڵە. دەرکەوت ئێمە خاوەن پرۆژێکتۆری دەگمەنین ( بایی نزیکەی نیو ملیۆن کرۆن ) بەڵام بەبێ چ پرۆژێکشونێک. لەوەدا بوو کە ئیدی کارەسات ڕوویدات، بەڵام بەختمان هەبوو: وێنەگرێکی جاحێڵمان بۆ پەیدابوو، کە هەم حەزیشی دەکرد و هەم دەشیتوانی، شەو و ڕۆژی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە خستنە سەر یەک. ئەوسا لە ژەنەراڵ پرۆڤەدا دوایین وێنەکان ئامادەبوون.

لە ڕۆژی هەینی، چواردەی مارسدا بۆ یەکەمین جار کارەکەمان ڕاکێشا. لێگەڕاین پرۆڤەکە بەبێ پچڕان یاخۆ دووبارەکردنەوە بڕوات. لە دەفتەری یادەوەرییەکەمدا نووسیم: نمایشێکی نائومێدکەرە، دانیشتم و زەق زەق تەماشایم کرد. تەواوێک خەیاڵ بردوو.

37- black - out

38- projektion



تەواوێک بێ جووڵە. نا. هێشتا کات هەیە. (پلان وابوو شانۆنامەکە لە حەڤدەی ئاپڕێلدا نمایش بکرێت، لەو ڕۆژەدا حەفتا و نۆ ساڵ بەسەر یەکەمین جاری نمایشی شانۆنامەکەدا تێدەپەڕی.)

ڕۆژی یەکشەممە، (ئێرلاند)[٣٩] و من لە ژوورەکەم دانیشتبووین و لەبارەی (سباستیان باخ)[٤٠] هوە دەدواین، ئەوکاتەی لە یەکێ لە سەفەرەکانی دەگەڕێتەوە، دەبینێ لە نەبوونی ویدا ژنەکەی و دوو منداڵی مردوون. ئیدی لە دەفتەری یادەوەریەکەیدا دەنووسێت: خودایە لێمەگەڕێ شادومانیم بدۆڕێنم!

من هەموو ژیانم لەگەڵ ئەو شتەدا ژیاوم کە باخ ناوی نابوو شادومانی. ئەو شادومانییە لە قەیران و غەم قوتاری کردووم و هەروەکی دڵم بەوەفاداری هەڵسووڕاوە. هەندێ جار سەرسەخت بووە و بەزەحمەت هاتۆتە ژێر بار، بەڵام هەرگیز وەک گوڕێکی دوژمنانە یاخۆ ڕووخێنەر خۆی نەنواندووە. باخ ئەو حاڵەتەی بەشادومانی خۆی ناوناوە، شادومانییەک لە خودێ وە. خودایە نابێ شادومانی خۆم بدۆڕێنم.

لە ناکاوێکڕا گوێم لەخۆم بوو بە(ئێرلاند) دبێژم: ئیدی من لەوەدام شادومانی خۆم بدۆڕێنم، لە جەستەمدا هەست بەوە دەکەم، خەریکە شادومانیم تێدا چۆڕبڕ دەبێ، مەودا ناسک و تویژاڵە تەڕەکان وشک هەڵگەڕاون و خەریکە وێران دەبن.

کوڵی گریانم بەربوو، ترسم لێ نیشت، لەبەرئەوەی من هەرگیز ناگریم، بەمنداڵی بۆ گریان بەپەرۆش بووم، دایکم درۆی لەمیانەی فرمێسکەکانمدا دەبینی و سزای دەدام. ئیدی دوای ئەوە من لە گریان کەوتم. بەڵام جاروبار هەست بەهاوارێکی شێتانە، لە خوارەوە، لەقوولآیی کانەکەدا دەکەم، بەڵام تەنێ دەنگدانەوەکەی دەگاتە گوێم و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شاڵاوم بۆ دێنێ. ئاخر منداڵێکی هاوار لە ناخدا کپ بوو، تا ئەبەد هەر زیندانی دەبێت.

لەو پاش نیوەڕۆ تاریکەدا لە ژوورەکەم لە شانۆ، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نۆرە گریان شاڵاوی بۆ هێنام. خەمم قووڵ و بەهوروژم بوو.

چەند ساڵێک لەمەوبەر سەردانی هاوڕێیەکم کرد کە لەوەدا بوو شێرپەنجە دەیکوشت.

٣٩- مەبەست لە ئێرلاند یوسێپسۆن Erland Josepson، ئەکتەری بەنێوبانگی سوێدی و هاوڕێی تەمەنی بێرگمانە. و.ک

40- Sebastian Bach

ورده ورده دادەوەشاو دەبووە قەزەمێک بەدوو چاوانی گەورە و ددانی زەردەوە. لەسەر لا ڕاکشاو و چەند ئامێرێکی پزیشکی بەجەستەیەوە کرابوون. دەستی چەپی خستە سەر ڕوخساری و پەنجەکانی جوولاندن. زەردەخەنەیەکی ترسناکانەی هاتێ و گوتی: بنۆڕە هێشتا دەتوانم پەنجەکانم بجوولێنم. ئەمە هەمیشە خۆ خەڵەفاندنێکی خۆشە.

بەخۆم گوت: مەسەلە ئەوەیە کە بونیادەم هەستێتەوە سەر پا، هێڵەکانی بەرەنگاربوونەوە کورت کاتەوە، هەرچۆنێ بێ جەنگەکە بەدۆڕاندن کۆتایی هاتووە و ئیدی ناکرێ چاوەڕێی چ شتێکی دی بکرێت. گەرچی من بەو وەهمە خۆشە دەژیام کە بێڕیمان تا ئەبەد بەپارێزراوی دەمێنێتەوە: (سکات)[٤١]ی ئەکتەر لە فیلمی (حەوتەمین مۆر)[٤٢] دا، لەکاتێکدا کە خۆی توند بەچڵەپۆپەی درەختی ژیانەوە گرتووە، دەپرسێ: ئەدی چ یاساگەلێکی تایبەتی بۆ لێبوکەکان نییە؟ مەرگ وەڵامی دەداتەوە: چ یاساگەلێکی تایبەتی بۆ ئەکتەرەکان نییە. وا دەڵێ و ئیدی مشارەکە لەسەر قەدی درەختەکە دەنێت.

شەوی دووشەممە، تایەکی بەرزم لێ هات و کەوتمە ئارەقەکردنەوە و هەڵلەرزین. هەموو دەمارێک لە دەمارەکانم ئالای یاخیبوونی بەرزکردبۆوە. ئەوە بۆ من ئەزموونێکی نائاسایی بوو، هەرگیز لەوەوبەر ئاوها نەخۆش نەکەوتبووم، من گا نەخۆش دەکەوتم بەڵام لەمیانەی نەخۆشکەوتنمدا لە پرۆڤە و وێنەگرتن نەدەکەوتم.

بۆ ماوەی دە ڕۆژ پلەی گەرمای لەشم هەر بەبەرزی مایەوە، تەنانەت نەیشم دەتوانی بخوێنمەوە، بەڵکو بەزۆری لەجێگەدا ڕادەکشام و وەنەوزم دەدا. کاتێ لە جێگە هەڵدەسام یەکسەر هاوسەنگیم تێکدەچوو، ئاخر هێند نەخۆش بووم کە ئیدی ئەو نەخۆشییە تا ڕادەیەک ببووە شتێکی خۆش. وەنەوز، نووستن، وەئاگابوونەوە، کۆکین، ئاو بەکەپوودا هاتنەخوارەوە. ئەنفلۆنزاکە بەتوندی تەشەنەی سەند و تاکەم بەرزتر بۆوە. ئەمەش بیانووی ئەوەی دەدامێ: گەر بڕیاربێ دەسبەرداری (گەمەیەکی خەون) بم، ئەوا دەبێ هەر ئەلعان دەسبەرداری ببم.

ئەو ڕاکێشانە شکستخواردووەمان بەڤیدیۆ تۆمار کرد. چەند جارێک تەماشایم کرد، سەرنجی خاڵە لاوازەکانیم دا و هەڵەکانیم شی کردنەوە. ئەگەری چاککردنی ئەو هەڵانە ئازایەتی دامەبەر بەردەوام بم. بێ مانایی هێشتا هەر هەمان بێ مانایی و بێ

41- Skat
42- Sjunde inselaget



ئارەزوویییش هەر هەمان بێ ئارەزوویی، بەڵام تووڕەیییەکی پۆشراو بەجۆرە ورەیەکی هاتوو بەهۆرمۆنی ئادرێنالین[٤٣] دا لەخۆوەی پێچابووم. ئاخر هێشتا نەمردبووم.

بڕیارم دا بەچاوپۆشین لە باری تەندروستیم، یەکی ئاپریل دەست بەپرۆڤە بکەمەوە. شەوی پێشوو هەمدیس تا و گرژبوونی گەدە هاتبوونەوە وێزەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی ئاسایی کەوتینەوە کار، زۆرینەی کارەکەی پێشووم قرتاند و سەرلەنوێ دەستم پێکردەوە. ئەکتەرەکان بەپەرۆشییەکی هاوڕێیانەوە بەدەنگمەوە هاتن. شەوانە بێخەوییەکی پڕ لە دڕدۆنگی و ناڕەحەتیی جەستەیی باڵی دەکێشا، ئەنفلۆنزاکە لە دوای خۆی بەخەمۆکییەکی ناساندم کە چ پێی ئاشنا نەبووم، خەمۆکییەک کە ژیانی ژەهراوییانەی خۆی لەجەستەمدا درێژە پێدەدا.

ڕۆژی چوارشەممە نۆی ئاپریل لە هۆڵەکەدا دوایین ڕۆژی پرۆڤەمان بوو. لە دەفتەری یادەوەریەکەمدا نووسیم: نیگەرانی هەیە و بەهێز دەبێ. دەبێ قورستر بچمە پێش. ڕاستە غەمبارم، بەڵام هەرگیز تێکناشکێم.

ئەوسا بۆ خوارەوە، بۆ قەرەباڵخی و ناڕەحەتییەکانی (لیلا سێن) گواستمانەوە. مەودا و ئاشکرای کاری ڕووناکی، بێ ڕوحمانە توندوتیژی لەئاستە جیاوازەکانی نمایشەکەدا وەدیاردەخست. کەوتینە ئاڵوگۆڕکاری و ڕێکخستنەوە. ڕووناکی، جلوبەرگ، دەمامک. ئەو ماڵە مقەبابییەی کە بەهەزار زەحمەت ڕۆمنابوو، تێکوپێک چوو. هەموو شتێک دەیگرت، جیرەیان دەهات و نەدەچوونەوە شوێنی خۆیان.

دونیا بەسەریەکدا دەڕووخا. ئەدی هەر بەڕاست من ئەم ڕیشەم هەبێ! چۆنە ئەم پانتۆڵە بەسەر ئەوی تردا لەبەرکەم، ئاخر فریا ناکەوم بیگۆڕم. لێرەدا بەکرەیەکمان پێویستە، میکیاژەکەی تۆ زۆر سپییە. هێشتا بکوژەکەی پاڵمێ نەگیراوە، مەکینەی بەفرەکە تێکچووە، بەفرەکە کلۆ کلۆ دێتە دەرەوە، هەڵەیەک کەوتۆتە سپرینگەکەیەوە، ئەدی بۆچی ئەو پرۆژیکتۆرەی لای چەپ ڕووناکی گەرمتر دەدا وەک لەوانی تر، هەڵەیەک لە ئاوێنەکەدا هەیە، هەڵەکە لە کۆمپانیاکەوەیە، چ ئاوێنەیەک لە سوێد نییە، دەبێ ڕاسپێرین لە نەمساوە بۆمان بێت، پشێوی کەوتۆتە ئەفریقای باشوور، چواردە کەس کوژراون، زۆریش برینداربوون، بۆچی پانکەکان وڕەوڕ دەکەن، ئامێری فێنککەرەوەکە پەکی کەوتووە، لە ناوەڕاستی هۆڵەکە شوێنێکی فێنکتر هەیە، بۆچی پێڵاوەکانت وەرنەگرتووە،

٤٣- adrenalin هۆرمۆنێک کە ڕێژەی دەردانی لەکاتی ترس و گرژیدا زیاتر دەبێت. و.ک

پێڵاو درووەکە نەخۆشە، ڕاسپاردەکە لە شارە، ڕەنگە پێڵاوەکان بکەونە هەینی. دەتوانم ئەمڕۆ کەمێک بەپارێزەوە پرۆڤە بکەم، ئاخر قوڕگم ئازاری هەیە، نا تام نییە، لە (ریڤیسۆرن)[٤٤]دا نیم بەڵام گوتارێکم لە ئیزگە هەیە. ئا لەوێدا ڕاوەستە، دوو هەنگاو بەرەو لای ڕاست بنێ، وا باشە، هەست بەڕووناکی لەمپاکە دەکەیت؟

ئارامی و خولقخۆشی، پێکەنین لە بری شەڕوشۆڕ. بەوجۆرە شتەکان بەشێوەیەکی خێراتر دەچنەپێش، بەڵام بەهەرحاڵ وەزعەکە هەر بریندارکەربوو. ئێستا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو جێگایە، نا، هیچ گۆڕانکارییەک، هێشتا کڕ و بێدەنگ، هەڵبەت دەتوانم ئەو ببینم کە چۆن هەڵدەلەرزێت، چ هەڵەیەکم کردووە؟ دیکۆرێکی دی دەتوانێ یارمەتیمان بدات؟ نا، هیچ شتێک یارمەتیمان نادات. ئەو ئاوها حەز دەکات، بەدیوارەکانی زینداندا دەماڵێت، دەبێ ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون هەبێت.

دونیا بەسەر یەکدا دەڕووخا. ئێمەیش بەپەیجۆری و کەمێک بەورووژاوییەوە لەنێوان چوارچێوەی دیواری ئەستووری ئەو بینایەدا ویزەویزمان بوو. دونیایەکی گچکە لە بێ سەروبەرییەکی جاڕسکەر، هەوڵ، ئەڤین و ئازایەتی. ئاخر ئەمە هەموو ئەو شتە بوو کە بەڵەدی بووین.

لە بەیانی دواتری تیرۆرکردنی ئۆلۆف پاڵمێ[٤٥] دا لەژووری چاوەڕوانیی هۆڵی پرۆڤە کۆبووینەوە. مەحاڵ بوو بتوانین بکەوینە ئیش. دردۆنگ و نادڵنیا کەوتینە قسان تا ڕایەڵێک لەنێوان یەکدیدا دروستکەین. یەکێک گریا. پیشەکەمان زۆر سەیر خۆدەنوێنێ کاتێ واقیع ڕێگەی خۆی بۆ ناوی دەکاتەوە و گەمە وەهمیەکانی قەتڵوعام دەکات. کاتێک ئەڵمانیا نەرویژ و دانیمارکی داگیر کرد، شانۆ ئەماتۆرەکەم لە هۆڵی قوتابخانەی (سڤیاپلان)[٤٦]، شانۆنامەی (ماکبێس)ی نمایش دەکرد. تەختەیەکی شانۆی هاوشێوەی ئەوەمان ڕۆنا و یەک ساڵ تیایدا خەریکی کار بووین. قوتابخانەکە بووە بنکەیەکی سەربازی، زۆربەی زۆرمان بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کراین، لەبەرهۆیەک کە ڕاڤەکردنی زەحمەتە، ڕێگەمان پێ درا لەسەر نمایشەکەمان بەردەوام بین. موشەکی دژە فڕۆکە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە جێگیر کرابوو، ئەرزی پۆل و ڕاڕەوەکان بە کا پۆشراو و کەم و زۆر عەسکەر بەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون. هەلومەرجێکی تاریک بوو.

٤٤- Revisorn ژمێریار، مودەقیقی ژمێریاریی.

٤٥- Olof Palme سەرەک وەزیرانی پێشووتری سوێد کە لە ساڵی ١٩٨٦دا تیرۆر کرا. و.ک

46- Sveaplan



من خۆم دەوری (دیونکان پادشا)[٤٧]م دەبینی. باروکەیەکی گچکەم بۆ دەورەکە پێدرا. قژم بەماکیاژی چەور، بەڕەنگی سپی بۆیە کرد و ڕیشێکم بەچەناگەمەوە نووساند. هەرگیز هیچ (دیونکان) ێک ئەوەندە لە بزن نەچووە. بەڵام (لایدی) قەت بەبێ چاویلکە پرۆڤەی نەکردبوو، پای لە جلکە درێژەکەی گیردەبوو. (ماکبێس) یش قەت ئاوها گورجوگۆڵ شمشێری نەوەشاندبوو (لە دوایین ساتەکاندا شمشێریان پێدااین)، بەجۆرێک کە سەری (ماکدیوف)[٤٨]ی بەشێوەیەکی کاریگەر بریندار کرد، خوێن فیچقەی کرد و دوای نمایش گەیاندمانە خەستەخانە.

بەڵام هەنووکە مەسەلەکە تیرۆرکردنی (ئۆلۆف پاڵمێ) بوو. ئەدی لە نێوەندی ئەو هاتوباتەدا چیمان کردبا؟ ئایا دەبوو پرۆڤەمان ڕاگرتبا؟ دەبا نومایشی ئێوارەمان ڕاگرتبا؟ ئایا بۆ هەتا هەتا وازمان لە گەمەیەکی خەون هێنابا؟ ئایا ناکرێ شانۆنامەیەک پێشکەش بکرێت کە کەسێک بڕوا و وەعز بدا و بڵێ: حەیف بۆ خەڵکی. بەرهەمێکی هونەری کە بەشێوەیەکی بەدەر لە حەوسەڵە پیربووە، جوان بەڵام دوور، ڕەنگبێ مردوو.

یەکێک لە جاحێڵترین کیژە ئەکتەرەکان گوتی: ڕەنگە هەڵەبم، بەڵام پێموایە دەبێ پرۆڤە بکەین. دەبێ بەردەوام بین. ئەوەی پاڵمێی تیرۆر کردووە گەرەکیەتی ئاژاوە باڵ بکێشێت، گەر واز لە شانۆنامەکە بێنین ئەوا ئێمە یارمەتی ئەو ئاژاوەنانەوەیەمان داوە و لێدەگەڕێین بکەوینە ژێر کۆنترۆڵی وروژانەکانمانەوە. مەسەلەکە سنووری هەستی تایبەتی و کوتوپڕ دەبڕێت. نابێ لێگەڕێین ئاژاوە بڕیار بدات.

وردە وردە، بەشێنەیی و بەدوودڵی، (گەمەیەکی خەون) بووە نمایش. بەئامادەبوونی بینەر پرۆڤەمان دەکرد. پرۆڤەکانمان گا سەرنجڕاکێش و بەپەرۆشانە و گا کڕ و گۆشەگیرانە. گەشبینییەکی بەپارێز خوێنی زایاندەوە گۆنامان. هاوڕێیانمان ستایشیان کردین، نامەگەلی هاندەرمان پێ گەیشت و بەهاوارەوە ئافەرین کراین.

دوایین هەفتەی پرۆڤە بۆ دەرهێنەر چرکەساتێکە کە بەزەحمەت بەرگە دەگیرێت. چرکەساتێک کە فیڵەکە، کاریگەری خۆی بزردەکا و بێزاری دەبێتە شتێکی خنکێنەر، کەموکوڕییەکان لەچاواندا پرشنگ دەدەن، هەستێکی سارد لە بێباکی، وەک تەمێکی هەرگیز نەڕەویو لەسەر مێشک و زەین دەنیشێت.

47- kung Duncan

48- Macduff

خەوم لێ تێک چووبوو. بەڵاکان، نەغمەی دەنگ و قڵافەتەکان بەنمایشەکەدا تێدەپەڕین. ڕووناکی چڕی بەشێوەیەکی هەڵە دانراو، وەکی وێنەگەلی (شیۆپتیکۆن)[٤٩]ی جێگیر لەبەر چاوانمدا دەوەستا. فەرموو! شەوان بوونە شەوانێکی درێژ و بەسۆ. ئەوە کەم خەویی نەبوو کە نیگەرانی کردبووم، بەڵکوو ئەوە هەستەکان بوون کە شەکەتیان دەکردم: ئەدی باشە قووڵترین هەڵە لە کوێدایە؟ پێشتر لەخودی دەقەکەدا بووە: لە ناکۆکی نێوان بیرۆکەی بلیمەتانە و هەڵوێستگەلە ڕزگارکەرەکاندا بوو؟ لەنێوان جوانی توندوتیژ و چەنەبازی شیریندا بوو؟ هەڵبەت نەفرەت لەو دژبەیەکییەی کە من هەوڵم دا بەرجەستەی کەم. ئایا ئەو پارۆدینە پڕ لە گەمەیەی ئەشکەوتی فینگال[٥٠]، بێ حورمەتی کردن بەخودا بوو؟ بونیادەم بۆی نییە بە(تیتان)[٥١] پێبکەنێ تەنانەت ئەگەر ئەو پێکەنینە لە خۆشەویستیشەوە بێ؟ نابێ بیرم بچێت کە ئێمە پێویستە سی و شەش پرۆژێکتۆر بەسەر تەختەنوێنەکەی ژووری پارێزەردا پەخش کەین، تەنها ئەوە نەبێ ئەگینا ڕووناکی لەوێدا باشە، چەند لەمپایەکی کەم و پانتاییەکی زۆر. دەبێ (سڤێن نیکڤیست)[٥٢]م لێ ڕازی بێت. مانگاکان زەق زەق لەو کێڵگە باریکەی خوار دوکانی ئاسنگەریەکەوە تەماشام دەکەن، هەورێک لە مێش دەوری لمۆز و چاوانیانی داوە. گوێرەکە گچکە ڕەنگاوڕەنگەکە قۆچی کورتی هەیە و مەزەندە دەکرێت هار بێت. ئەلعانیش (هێلگا)[٥٣] بەکراسە تەڕ و نووساو بەسینگ و مەمکە هەڵاوساوەکەیەوە دێت، بۆنی تیژی ئارەقە و شیری لێدێت. بەددانە شاش و سپییەکانییەوە پێدەکەنێ، لەناوەڕاستدا بۆ پێشەوە کلاوڕۆژنەیەک هەیە کە (برینلۆف)[٥٤] کردوویەتیەوە. ئەوسا (هێلگا) بۆ گوێ ڕووبارەکە دەڕوا و بەلەمەکەی (برینلۆف) نوقوم دەکات، قووتوویەکی ماسی ئەنشوڤس هەڵدەپچڕێ و لەودیو دەرگاکەوە خۆی دەشارێتەوە. کاتێ (برینلۆف) بۆ شێوکردن دێت، (هێلگا) قووتوە هەڵپچڕاوەکە بۆ ڕوخساری مێردەکەی دەبا، ڕۆی دەبا و تیایدا دەیسووڕێنێ. برینلۆف لەهۆش خۆی دەچێ و کاتێ وەئاگا دێتەوە، تەپلەکەی لەسەر دەنێ و بەپێ، بەرەو (بورلێنگێ)[٥٥] دەچێ و خوێنیش بەنێوچەوان و گۆنایدا دێتە خوارەوە، ماسییە ئەنشوڤسەکە بەڕیشیدا شۆڕبۆتەوە.

٤٩- skioptikon جۆرێکی کۆنی ئامێری پیشاندانی وێنە. و.ک

50- Fingalgrottan

51- Titanen

52- Sven Nykvist

53- Helga

54- Brynolf

55- Borlänge



سەردانی (هیولتگرێن)[٥٦]ی وێنەگر دەکا و داوای لێ دەکات بەو تەپلەیەیەوە، بەو جلکە پەڵەپەڵەیەیەوە، بەو کەپووە خوێناوی و ماسییە ئەنشوڤسەکەی سەر چەناگە و گۆنایەوە وێنەیەکی بگرێت، ئەمە ئەوەبوو کە ڕووی دا. (هێلگا) وەک دیاری یادی جێژنی لە دایکبوون وێنەکە وەردەگرێت. هەنووکە دەچم بنووم، هەنووکە کاتژمێرە زەنگدارەکە لێدەدات.

بێ جووڵە ڕادەکشێم، وەئاگا و زەندەقچوو: دەتوانم هەر کەسێک بکوژم قسەیەکی خەراپی لەبارەی ئەکتەرەکانمەوە لە زار بێتەدەرێ. ئەلعان ژەنەراڵ پرۆڤەیە، ئەلعان لەیەکتر جوێ دەبینەوە. دوو سبەی ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە تەنانەت ئەگەر وایشی دەرخەن کە نایخوێننەوە. لەوێدا لەتوپەت دەکرێن، دەشێلرێن، نەوازش دەکرێن، پێشوازی دەکرێن، هان دەدرێن، سووکایەتییان پێدەکرێ یاخۆ بەبێدەنگی ڕووبەڕوو دەکرێنەوە. هەمان ئێوارە دەبێ بچنە سەر شانۆ. دەزانن کە بینەرەکان دەزانن.

ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر هاوڕێیەکم بینی لە قوژبنێکدا ڕاوەستابوو، خۆ گۆڕیو و ئارایشتکراو. هێند لێوی کرۆژتبوو کە ئیدی خوێن بەچەناگەیدا دەهاتە خوارەوە و دەمی کەفی کردبوو. سەری بادەدا و دەیگوت: ناچمە سەر شانۆ، ناچمە سەر شانۆ. کەچی پاشان هەر چوو.

ئێوارەی ڕۆژی بیست و چواری ئاپرێل ژەنەراڵ پرۆڤە کرا، لە ڕۆژەکەدا کۆبوونەوەیەکی بەراییمان بۆ پرۆژەی شانۆنامەی هاملێت هەبوو. خەڵکێکی زۆر بەدەوری مێزێکدا دانیشتبوون و نەخشەیان بۆ بەرهەمێک دەکێشا کە یەکەمین نمایشی لە نۆزدەی یانیوەریدا بوو. من لەبارەی بیرۆکەی خۆمەوە بۆیان دوام: تەختەی شانۆکە بەتاڵ، ڕەنگە دوو کورسی بەڵام ئەوە شتێک نییە زۆر دڵنیا. ڕووناکی بێ جووڵە، بەبێ فیلتەری ڕەنگاوڕەنگ، بەبێ چ جۆرە کەشێک. بازنەیەک بەتیرەیەکی پێنج مەترییەوە کە بەعەردی شانۆکەوە لە نێزیک بینەرانەوە ڕایەڵ کراوە. نواندن لەوێدا دەکرێت. (فورتینبراس)[٥٧] و پیاوەکانی لە دیواری دواوەی سەر تەختەی شانۆکەی بەرامبەر (ئالملۆفسگاتان)[٥٨]ەوە دەرگاکە دەشکێنن، زریانی بەفر هوروژم بۆ ناوەوە دێنێ، لاشەکان بۆ نێو قەبرەکەی (ئۆڤیلیا)[٥٩]

56- Hultgren

57- Fortinbras

58- Almlöfsgatan

59- Ofelia

فرێ دەدرێن. هاملێت لە گەڕانەوەیەکی فەرمی سووکایەتیئامێزدا ڕێزی لێ دەنرێ. (هۆراشیۆ)[٦٠] بەبێدەنگی دەکوژرێت.

لە هەندێک شوێندا تووڕەبووم و دەمویست واز لەم پرۆژەیە بێنم. چەند مانگێک لەوەوبەر داوام لە (ئینگڤار کایلسۆن) کرد کە ڕۆڵی گۆڕهەڵکەنەکە ببینێت. ئەویش قایل بوو. لە پشتی منەوە، بۆ ڕۆڵێکی گەورەتر لە بەرهەمێکی گەورەتردا خۆی گواستەوە یاخۆ گوێزرایەوە. ئەکتەرێکی منداڵکار کە هێشتا مووی لێنەهاتبوو، ڕوونی کردەوە بەنیازە پشووی باوکایەتی وەربگرێت. سێیەمیان بەدوایەمین مەرج بۆ پێدانی ئیش وەک دەرهێنەری میوان لە ژێر دەستم دەرهێنرا. ئەکتەرێکی جاحێڵی بێ شەخسییەت، بەڵام بەهرەمەند نەیدەویست ڕۆڵی (گیلدێنستێرن)[٦١] ببینێت. بەهۆکاری جۆراوجۆر نەمتوانی ئەکتەرێکی جاحێڵ بۆ ئەو دەورە بدۆزمەوە. زۆربەی ئەو ئەکتەرە جاحێڵانەی کە بەهرەمەندن حەزناکەن لە بەرامبەر (هاملێت)ێکدا ڕۆڵ ببینن کە هاوتەمەنی خۆیان و هەندێک جاری تریش لە خۆیان گچکە تر بێ. کێشەی جەستەیی و دەروونییان هەبوو، تەنانەت دژایەتی کوڕە تازە لەدایکبووەکانی خۆشیان دەکرد. جگە لەوەش ئیدی چ بەلایانەوە زۆر گرنگ نەبوو لەگەڵ (بێریمان)دا بمێیننەوە. هەڵبەت ئاخر ئەو لە دروستکردنی فیلم کەوتبوو.

لەهەمان کاتدا حاڵی بووم، بێگومان حاڵی بووم، ئاسان بوو حاڵی ببم کە ئەکتەر زۆر نێزیکترە لە خودی خۆیەوە، پێچ دەخوا و تاو دەدا، ڕادەمێنێ و شتەکان هەڵدەسەنگێنێ. تێدەگەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تووڕەبووم. بیرمە کاتێک (ئالف خیوبێری) ویستی لێم دا لەبەرئەوەی (مارگرێتا بایستڕۆم)م لە (ئەلشیستیس)ەکەی وی بردبوو. هەڵوێستەکە هەمان شت بوو. لەمیانەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی (خیوبێری)دا، یەکێک لە ئەکتەرانی دەستەی نوێنەرایەتی، لای بۆ ئەکتەرێکی لایەوە کردەوە و پێیگوت: پیرۆزە... ئیتر وا ئێستا کێشە و گرفتەکانی دەرهێنەرانی دراماتن، کەمترە. بیرمە چۆن (ئولۆف مولاندێر)م دەرکرد. دەبێ خودان ئەو ژیربییە بم کە بزانم کەنگێ کاتی خۆیەتی. داخۆ کەنگێ (کاتی خۆی) دێت. ئایا پێشتر، کاتی (کاتی خۆی) نەهاتووە؟

لە ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٤ی ئەپرێل، سەعات حەوتی ئێوارە (لە هەموو ڕۆژنامەکاندا بڵاومان کردبۆوە، کە دوای دەستپێکردنی نمایشەکە، ڕێگە بەکەس نادرێت بێتە ژوورەوە)،

60- Horatio

61- Gyldenstren



دواجار ژەنەراڵ پرۆڤەمان هەیە. ئەکتەرەکان هەستیان بەبۆنی میسکێک لە سەرکەوتن دەکرد، شادومان بوون و دڵیان خۆش بوو. بەشداریکردنی چاوەڕوانیە شادومانانەکەیان ئازاری دەدام. لە جێگایەک لە ئاگاییمرا هەستی شکستهێنانمان دایگرتبووم، نەک لەبەر قایل نەبوونم لە نمایشەکە، بەپێچەوانەوە. دوای هەموو ئێش و ئازارەکانمان نمایشێکی پلە یەک، دیراسەکراو و لە هەلومەرجێکی باشدا نوێنراو، لەسەر شانۆ نمایش دەکرا. ئیدی چ بیانوویەک بۆ خۆ سەرزەنشتکردن نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، من دەمزانی گرەوەکەمان نابەینەوە.

نمایشەکە دەستی پێ کرد. C-durton ەکە لێدرا. لەگەڵ بەڕێوەبەردا لە (لیلاسێن) چوومە دەرێ. هەر کە لە دەرگای دواوە چووینە سەر جادده، چەند وێنەگرێک بەفلاشلێدان و تەنگ پێهەڵچنینەوە شالاویان بۆ هێناین. کابرایەکی خۆ شێن و مۆرکردوو، شانی گرتم و گوتی، دەبێ ڕێگەی بدەم بچێتە ژوورەوە، دە دەقیقە دواکەوتووە و ئەمڕۆش نەبێ دەرفەتی ئەوەی نییە ڕۆژێکی تر شانۆنامەکە ببینێت. هەوڵی دابوو دەرکەوانەکە قایل بکات بیکاتە ژوورەوە، بەڵام ئەو نەیویستبوو سەرپێچی لە بڕیارەکان بکات. منیش بەمۆنییەوە بەو کابرا چاوقایمەم گوت: نابێ و لە ڕاستیدا ناشمەوێت یارمەتی بدەم و دەبێ لەوبارەیەوە سەرزەنشتی خۆی بکات. پاش ئەوە ناسیمەوە کە ئەو کەسە نووسەری لاپەڕەی کولتووریی ڕۆژنامەی (سڤێنسکا داگ بلادێت)[٦٢] و ڕەخنەگرێکی شانۆیی بوو. ئەوجا زۆر هاوڕێیانە بۆم ڕاڤەکرد کە دەبێ لە یاساکان تێبگا و ڕێزیان بگرێت، لە هەمان کاتیشدا ئارەزوویەکی جڵەونەگیراوم بۆ لێدانی تێدا ورووژابوو. ئاخر هەڵبەت ویستوویەتی پرۆفیشیۆنالانە خۆی بنوێنێ و چەند دەقیقەیەک خۆی دواخستبوو. جگە لەوەش ئەوە شتێکی بێ نەزاکەتانە بوو کە زۆری بۆ دەرهێنەری نمایشەکە هێنابوو تا بیکاتە ژوورەوە. ڕۆیشت و دوورکەوتەوە. بەڕێوەبەری شانۆ، کە شوێن پێ هەڵگرتنێکی درێژخایەنی بەدەست لاپەڕەی کولتووریی (سڤێنسکا داگ بلادێت)ەوە چەشتبوو، کەوتە شوێن کابرای تووڕە و بەهۆڵەکەیدا کرد.

دواجار ڕووداوێکی لاوەکی نائومێدیەکەمی سەلماند: نەخۆشی گەدەی یەکەمین سینۆگراف و جێهێلانم، دووگیانبوونی (لێنا ئۆلین)، ڕێگەچارە نابەدڵەکان، نواندنی بێزەوەر لە ناوەڕاستی ساتەوەختی پرۆڤەدا، ئەو ئەنفلۆنزایەی بەرۆکی گرتم و ئەو خەمۆکییەی کە بەدوای خۆیدا هێنای، کەشوهەوا تەکنیکییەکانمان، کاستی دەورەکانی

62- Svenska Dagbladet

هاملێت، ئەکتەرەکانی شانۆنامەی هاملێت، هەست برینداركردنی لاپەڕەی كولتوور، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە تیرۆر كردنی پاڵمێ كە بەشێوەیەكی كاتی یاخۆ بۆ هەمیشە رووناكییەكانیان لە دەوری هەوڵەكانمان گۆڕی. هەموو ئەمانە پێكەوە تێگەیشتنێكیان لەلا خولقاندبووین، تێگەیشتنێك كە ئیدی دەمزانی چۆناوچۆنی ئەوە بەڕێوە دەچێت.

دوای ژەنەراڵ پرۆڤە، لە یەكێك لە هۆڵە نوێیەكانی پرۆڤەی سەر (لیلاسێن)دا كۆبووینەوە. بابۆڵەمان خوارد و شەمپانیامان خواردەوە. كەشەكە لەیەك كاتدا شادومانانە و خەمینیش بوو. ئاخر هەمیشە زەحمەتە لە گرووپێك خەڵك جوێ بیتەوە كە بونیادەم ماوەیەكی درێژ و بەشێوەیەكی نێزیك پێوەیان ڕایەڵ بووبێت. هەستكردن بەخۆشەویستییەكی بێ دەسەڵاتانەم بەرامبەر ئەو خەڵكانە تێدا درووژابوو. پەتی ناوكەكە پچڕابوو، بەڵام ئازارم لە هەموو جەستەدا هەبوو. لەبارەی فیلمەكەی (ئەندرییە فایدا)، (مایسترۆ)[٦٣] وە قسانمان كرد كە دەبێژێ ناتوانرێ بەبێ خۆشەویستی مۆسیقا بكرێت. لەو چركەساتە گرژییە چڕەدا رێك كەوتین لەسەر ئەوەی كە گەرچی دەتوانرێ شانۆ بەبێ خۆشەویستی بەڕێوە ببرێت، بەڵام شانۆیەكی لەوجۆرە ناژی و هەناسە نادات. بەبێ خۆشەویستی شتی وا نابێت. بەبێ یەك (تۆ) یەك چ (من) ێك بوونی نییە. گەرچی ئێمە ئەزموونێكی شانۆیی درەوشاوەمان ئەزموون كرد، ئەزموونێك كە لە ڕقێكی ئەفسووناوییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام خۆ ڕقیش هەر بەریەككەوتنە و ئەڤینییش وەكی ڕق حەكیمانەیە. لەوەمان كۆڵیەوە و نموونەمان هێنایەوە.

مۆمەكانی سەر مێزەكە توانەوە و كەوتنە پرتە پرت. ئیتر كاتی ڕۆیشتن هات. هەمووان ئامێزمان بەیەكدیدا كرد و یەكترمان ماچ كرد وەك بڵێی ئیدی هەرگیز یەكتر نەبینینەوە. ئاخر توو دۆزەخ، هەڵبەت ئێمە سبەینێ بەیانی یەكتر دەبینینەوە. وامانگوت و پێكەنین. بەیانی یەكەمین ڕۆژی نمایشەكە بوو.

بۆ یەكەمین جار لە ژیانی پیشەییمدا لە چل و هەشت سەعات زیاتر، لە ئاكامی شكستەوە خەفەت دەخۆم. هەندێ جار دەكرێ مرۆڤ دڵی خۆی بەهۆڵی پڕ لە بینەر بداتەوە. ئاخر ژمارەی بینەران لە هۆڵەكەی (لیلاسێن) و بۆ چل نمایش خەراپ نەبوو، بەڵام بەسیش نەبوو. بێ مانایی زەردەخەنەی دەهاتێ! هەموو هەوڵەكان، عەزاب، دڵەڕاوكێ، بێزاری و هیوا، چ شادومانییەكیان نەخستەوە. چ قازانجێكیان نەبوو.

***

63- Wajdas Dirigenten

خانووه هاوینیەکەی دالارنا پێی دەگوترا (ڤۆرومس)[1]، ئەم وشەیەش بەشێوەزاری (ئورسا) یی واتە (هی خۆمان). تەمەنم یەک مانگ بووە بردوویانم بۆ ئەوێ کەچی هێشتا لە زەیندا هەر لەوێ دەژیم. ئەوێ هەمیشە هەر هاوین بوو، دوو دار بێتولا گەورەکە خشوهۆڕیان بوو، گەرما بەژوور گردۆڵکەکانەوە بریقەی دەدایەوە، خەڵکی جلکی تەنکی ڕووناکیان لەبەردا و لەنێو بانیژەکاندا بای باڵی خۆیان دەدا، پەنجەرەکان کرابوونەوە، یەکێک پیانۆی دەژەند، تۆپی کرۆکێت خلۆر دەبۆوە، قەتاری شمەک دوور لەو خوارەوە، لە وێستگەی دیوفنێس[2] هێڵەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد و ئاماژەیان دەدا، ڕووبارەکە تەنانەت لە ڕووناکترین ڕۆژەکاندا، بەڕەنگێکی ڕەشی پڕ لە نهێنی ڕێی دەکرد، کۆتەرە بڕدراوەکان گا خاو و گا خێرا بەشێوەیەکی بازنەیی لە ئاوەکەدا دەجوولان، بۆنی گوڵە سۆسەنی زنار، شارە مێرووولە و گۆشتی برژاوی گۆلک دەهات. منداڵان هەر هەموو ئەژنۆ و سەرقۆڵیان ڕووشاو. لە ڕووبارەکە یاخۆ لە (سڤارت خیۆن)[3]دا مەلەمان دەکرد و زۆر بەزووییش فێری مەلە بووین، چونکە لە هەردوو ئاوەکەدا بنی قوڕ و لیتاوی زوو بونیادەم نقوومکەر و قووڵایی ناکاویان تێدابوو.

---

1- Va˚roms

2- Dufnäs

3- Svartsjön



دایکم بۆ یارمەتیدانی خۆی لە کاروباری ماڵەکەدا، کیژۆڵەیەکی لەو ناوچەیە ڕاگرت. ئەو کیژۆڵەیە ناوی (لینێیا)[4] بوو، کیژێکی میهرەبان و کەمێک بێدەنگ، بەڵام بەسۆز و هۆگری خوشک و براکانم بوو. تەمەنم شەش ساڵان بوو کە شەیدای زەردەخەنە شادومانانەکەی و پێستە سپییەکەی و پرچە زەردە سووربا وەکەی بووم. گچکەترین شتم بەقسە دەکرد و تا قایلی بکەم تووی کێویم بۆ دەڕنی. وی فێری مەلەی کردم، ئەو خۆی مەلەوانێکی لێزان بوو. کاتێک خۆم و خۆی بەتەنها مەلەمان دەکرد، گوێی نەدەدایە ئەوەی جلکە ڕەشەکەی مەلە بپۆشێ، ئەوە شتێک بوو کە حەزم لێیی بوو. لێنێیا کیژۆڵەیەکی بەژن زراڤ و لاواز و شان پان و خاڵدار، مەمکۆڵانێکی گچکە و تووکەبەری وەک کڵپەی ئاگر سوور. هەرگیز پێشتر بەئەندازەی ئەو هاوینە مەلەم نەکرد بوو، کاتێ ددانە چۆقەم پێدەکەوت و لێوم شین هەڵدەگەڕا، لینێیا بەخاولییەکی گەورە خێوەتێکی هەڵدەدا و هەردووکمان لەژێریدا گەرم دادەهاتین.

لە ئێوارەیەکی سێپتێمبەردا و ڕێک بەرلەوەی بۆ ماڵەوە، بۆ ستۆکهۆڵم بگەڕێینەوە، چوومە موبەق. لینێیام بینی لای مێزەکەوە دانیشتبوو. وی گوێی نەدابووە ئەوەی لەمپا کیرۆسینەکە داگیرسێنێت. کووپێکی قاوەی لەبەردەمدا بوو. دەستی گرتبوو بەنێوچەوانیەوە و بەکوڵ بەڵام بەبێدەنگی دەگریا. من ترسام و ئامێزم پێدا کرد، بەڵام ئەو بۆ دواوە پاڵێکی پێوەنام. لەوەوبەر شتی لەو جۆرە ڕووی نەدابوو، ئیدی منیش کوڵی گریانم بەربوو، لەبەرئەوەی هەموو شتەکان خەمین خۆیان دەنواند. دەمویست ئەو ژێربێتەوە و دڵم بداتەوە. بەڵام وای نەکرد، بەڵکوو گوێی لێ خەواندم.

کاتێ دوای چەند ڕۆژێک (ڤۆرومس) مان جێهێشت، (لینێیا) مان بۆ ستۆکهۆڵم لەگەڵ نەهات، لەو بارەیەوە لە دایکم پرسی ئاخۆ بۆچی وەک ساڵانی پێشوو ئەو لەگەڵمان نایەت، کەچی وەڵامێکی ئەوتۆم نەدرایەوە.

دوای چل ساڵ لە دایکم پرسی ئەدی لینێیا چی بەسەر هاتبوو، وەڵام درامەوە کە ئەو کیژۆڵەیە لەوکاتەدا دووگیان بووە و کابرا نکوڵی کردووە و خۆی بەباوکی منداڵەکە نەزانیوە. لەبەرئەوە ئیدی زەحمەت بووە کارەکەرێکی بەشێوەیەکی ناشەرعیی دووگیانبوو لە ماڵی قەشەدا جێگای بێتەوە، بۆیە بابم سەرەڕای پێچەقێنی توندی دایکم، بڕیاردەدا دەریکات. کاتێ نەنکم دێتە ناو کێشەکەوە و بۆ یارمەتیدانی کیژۆڵەکە دەکەوێتە خۆ،

---

4- Linnea

ئیدی ئەو دیارنەماوە. دوای چەند مانگێکی کەم لاشەکەی لەنێزیک پردی هێڵی قەتارەوە دەدۆزنەوە، لاشەکەی لەژێر کۆتەرە دارێکی نوقوومبوودا بووە و نێوچەوانیشی تیغ بووە. پۆلیس پێیوابووە کە ئەو خۆی لە پردەکە هەڵداوەتە خوارەوە.

ویستگەی هێڵی ئاسنی دیۆفنێس بریتی بوو لە خانوویەکی سوور بەگۆشەو قوژبنی سپییەوە، ئاودەستێکی (بۆ پیاوان) و (بۆ ژنان)ی لەسەر نووسراو، دوو هێما ڕێکخەری هاتوچۆی قەتار، دوو بگۆڕی هێلی ئاسن، ئەمبارێکی کەلوپەل، شۆستەیەکی بەردین و ژێرزەمینێکی گڵ کە تووی فەرەنگی لە سەربانەکەی ڕوابوو. هێڵە سەرەکییەکە بەئاراستەی ترۆپکی (یورمۆ)[٥] دادەگەڕا، بەڤۆرومسدا کە لە وێستگەکەوە دەبینرا، تێدەپەڕی. لە مەودای دوو سەد مەترێکەوە بەرەو باشوور، ڕووبارەکە لای ناوچەیەکەوە کە پێی دەگوترا، گرۆدان[٦] ، بەشێوەیەکی بەهوروژم و لە پێچپێکدا ڕەوتی خۆی دەگۆڕی، ڕووبارەکە لەوێدا خەتەرناک بوو بەگێژەنی قووڵ و گاشەبەردی هەڵتۆقیو و تیژەوە. لە ژوور ئەم پێچەوە، پردی هێڵە ئاسنەکە بەرز ببۆوە و ڕێگایەکی ئاسنی باریکی لەلای ڕاستەوە پێدا تێپەڕ دەبوو. پەڕینەوە لە پردەکە قەدەغە بوو، بەڵام کەس گوێی بەوە نەدەدا، لەبەرئەوەی ئەوێ ڕێگایەکی هاسان بوو بۆ خۆ گەیاندنە ئەو سامانی ماسییەی کە لە زەریاچەی (سڤارتخیۆن)دا هەبوو.

بەڕێوەبەری وێستگەکە ناوی (ئێریکسۆن)[٧] بوو، بیست ساڵ بوو لەگەڵ ژنە دووچاربووەکەیدا بەنەخۆشی ڕژێنی دەرەقی، لە خانووی ویستگەکەدا دەژیا. خەڵکی گوند وەک کەسێکی تازەکیی هاتوو، تەماشایان دەکرد و لەبەرئەوە دەبوو بەخانەگومانییەوە مامەڵەی بکرێت. بێدەنگی گەلێکی زۆر گەمارۆی (مامە ئێریکسۆن) یان دابوو.

مۆڵەتم لە نەنکم وەرگرت سەردانی وێستگەکە بکەم، گەرچی بۆ ئەو سەردانە پرسیار بەمامە ئێریکسۆن نەکرابوو، بەڵام بەهاوڕێیەتییەکی پەرتەوە مامەڵەی کردم. نووسینگەکەی بۆنی دووکەڵی پایپی لێدەهات، مێشی خەواڵوو بەشووشەی پەنجەرەکەوە گیزەگیزیان بوو. هەر جارناجارێک ئامێری تەلگرافەکە لێیدەدا و کاغەزێکی باریکی بەخاڵ و داشەوە لێدەهاتە دەرێ. مامە ئێریکسۆن بەسەر مێزەکەیدا دەچەمییەوە و زانیاری لە دەفتەری گەورەی ڕەشدا دەنووسین و پسووڵەی باجەکانی ڕیزبەند دەکردن. جار ناجار

5- Djurmo

6- Gra˚dan

7- Ericsson



کەسێک بەتوندی چەند جارێک لە پەنجەرەکەی لای هۆڵی چاوەڕوانی دەدا و و بلیتێکی بۆ (ڕێپبێکین)، (ئینخیۆن) یاخۆ (بورلێنگێ)[٨] دەکڕی. بێدەنگی هەروەکی ئەبەدییەت وەها و هەمان نرخی هەبوو، بۆیە من ئەو بێدەنگییەم بەقسەیەکی ناپێویست نەدەشکاند.

بەڵام لە ناکاوێکڕا زەنگی تەلەفۆن لێیدەدا: کورتە پەیامێک، قەتاری کریلبۆ، (لێنهێدێن)[٩]ی جێهێشتووە، ئیدی مامە ئێریکسۆن لەژێر لێوەوە وەڵامێکی دەدایەوە، کڵاوە سەربازییەکەی لەسەر دەنا، ئاڵا سوورەکەی دەهێنا، دەچووە دەرەوە بۆ دواوە و ئامێری ڕێکخەری هاتوچۆی قەتارەکەی بادەدا. چ کەسێک بەدەرەوە نەبوو. تیشکی گەرمی ڕۆژ لەسەر دیواری ئەمباری کەلوپەل و لەسەر ڕێڵەکە هەڵدەئایسا، بۆنی قیر و ئاسن دەگەییە کەپوو. دوور لای پردەکەوە، ڕووبارەکە هاژەی دەهات. گەرما لەسەر تەختە بە زەیت پەڵە پەڵاوییەکانی ژێر ڕێڵەکەدا دەلەرزی، بەردەکان بریسکەیان دەدایەوە. بێدەنگی و چاوەڕوانی. پشیلە ئیفلیجەکەی مامە ئێریکسۆن لەژێر واگۆنەکەدا نووستبوو.

هەنووکە قەتارەکە دوور لە پێچپێکدا و بەر لە گەیشتنی بە(لۆنگخیۆن[١٠])، ئاماژە دەدات. وەک پەڵەیەکی ڕەش لەو سەوزاییە قورسەدا لە دوورەوە وەدیاردەکەوێت، یەکەمجار بێدەنگ، پاشان یەکسەر وڕەوڕی دێتە گوێ و دەنگەکەی زیاد و زیاتر دەبێت، هەنووکە لە ڕووبارەکە تێدەپەڕێ، وڕەکەی قووڵە، تەقوهۆڕی گێڕەکانی دێت، ئەرزەکە دەلەرزێت، کە بەلای شۆستەکەدا تێدەپەڕێ خێراییەکی نوێ بەخۆوە دەگرێت، هەورێک لە دووکەڵی ڕیتمیک لە دووکەڵ کێشەکەیەوە دێتە دەرێ، پێستونگەکانی هەڵمیان لێ هەڵدەسێ. واگۆنەکان بەخێرایی تێدەپەڕن، تێپەڕینی خێرایان با یەک دەخاتەوە، ڕەوڕەوە ئاسنینەکانی خۆیان بەڕێڵەکاندا دەکێشن، ئەرزەکە دەلەرزێ. مامە ئێریکسۆن سڵاوێکی سەربازی لە شۆفێری قەتارەکە دەکا و ئەویش سڵاوەکەی دەسەنێتەوە. لەمیانەی چەند دەقیقەیەکدا وڕەوڕەکە دەڕەوێتەوە، هەنووکە قەتارەکە لەخوار ڤۆرومسەوە پێچ دەکاتەوە و لەژێر چیاکەدا بزر دەبێت، هەنووکە لای کارگەی دارتاشییەکەوە دەتووتێنێت. پاشان هەمدیس بێدەنگی باڵ دەکێشێتەوە. مامە ئێریکسۆن هاندلی تەلەفۆنەکە بادەدا و دەڵێ: لە دیوفنێس دەرچوو، دوو و سی و سێ. بێدەنگی سەراپاگیرە. تەنانەت مێشەکان لەسەر شووشەی پەنجەرەکان گیزەگیزیان نایەت. مامە ئێریکسۆن بەرەو نهۆمی سەرەوە

8- Repbäcken, Insjön eller Borlänge

9- Lännheden

10- La˚ngsjön

دەگەڕێتەوە تا ژەمی شێو بخوا و بەر لە گەیشتنی قەتاری کەلوپەلی باشوور لەنێوان سەعات چوار و پێنجدا، سەرخەوێک بشکێنێت. ئەو قەتارە هەرگیز لە وادەکانیدا ڕێکوپێک نییە، چونکە تا ڕادەیەک لە هەموو وێستگەیەکدا واگۆنەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکرێت.

لەسەر ئەو کورتە ڕێگایەی کە دەچۆوە سەر سێنترالی قەتارەکان دوکانێکی ئاسنگەری هەبوو، ئاسنگەرەکە هەر دەتگوت سەرۆک قەبیلەیەکی مەنگۆلییە، ژنێکی هێشتا جوان بەڵام زۆر تێشکاوی هەبوو کە ناوی (هێلگا)[١١] بوو. خاوەن منداڵێکی زۆر بوون و لەگەڵیاندا لە دوو ژووری گچکەی سەر دوکانی ئاسنگەرییەکەدا دەژیان. ژیانیان نارێکوپێک و بێ سەروبەرە بەڵام هاوڕێیانە بوو. من و براکەم حەزمان دەکرد لەگەڵ منداڵەکانی ئەو ئاسنگەرەدا گەمە بکەین. هێلگا هێشتا شیری دەدایە گچکەترینیان. کاتێ کۆرپەکە تێر شیر دەبوو، ئەوسا هێلگا بانگی کوڕە هاوگەمە و هاوتەمەنەکەی منی دەکرد و دەیگوت: (جۆنتێ) تۆیش وەرە و بەشی خۆت شیر بخۆ. منیش بەدڵێکی پڕ لە ئیرەییییەوە تەماشام دەکرد کە چۆناوچۆنی هاوڕێکەم لەنێوان ئەژنۆی دایکیدا ڕادەوەستا، ئەویش مەمکە زلەکەی بۆ ڕادەگرت و کوڕەش کەمێک دادەنەوییەوە و چاوچنۆکانە شیری دەمژت. پرسیم ئاخۆ منیش دەتوانم کەمێک تامی ئەو شیرە بکەم، هێلگا بەپێکەنینەوە گوتی دەبێ یەکەم جار ڕوخسەت لە خاتوو (ئۆکێربلوم)[١٢] بخوازم. خاتوو ئۆکێربلوم نەنکم بوو، ئیدی بەشەرمەوە سەرنجم دا کە وا هەمدیس قاچم لە یەکێک لەو یاسا قورسانە هەڵدەنەنگوێ کە بەژمارەی زۆر دەهاتنە سەر ڕێگام.

وێنەیەکی ساتەوەختی! لەسەر تەختەنوێنە لێوار بەرزەکەم ڕاکشاوم، کات ئێوارەیە و گڵۆپەکانی شەو داگیرسێنراون. کۆرڤێکم پێیە و بەحەزەوە خەریکی گوشینیم، لەنێوان دەستمدا پانی دەکەمەوە، نەرمە و دەتوانرێ شێوەی جۆراوجۆری لێ دروست بکرێت و بۆنێکی نهێنی لێ دێت. کوتوپڕ بۆ سەر عەردەکە فڕێی دەدەم و بەپەرۆشەوە بانگی لینێیا دەکەم، دەرگاکە دەکرێتەوە و باوکم دێتە ژوورەوە، زل و تاریک پشت لە ڕووناکیی هۆڵەکە ڕادەوەستێت. ئاماژە بۆ کۆرڤەکە دەکا و دەپرسێت ئەوە چییە، منیش تەماشای دەکەم و بەدڵێکی لەرزۆکەوە وەڵامی دەدەمەوە: پێموانییە ئەوە هیچ شتێک بێت. دیمەنی دوایی: قوونم لە حەژمەت لێدان سووربۆتەوە و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا لەسەر قەدعەکە

11- Helga
12- A˚kerblom



دانیشتووم و بەدەنگی بەرز دەناڵێنم. لەمپای ساپیتەکە داگیرساوە و لینێیا بەجووڵەی تووڕە چەرچەفی تەختەنوێنەکەم بۆ دەگۆڕێت.

نهێنیگەل. بێدەنگیی کوتوپڕ، ناڕەحەتی نائاشکرای جەستە. ئاخۆ ئەمە عەزابی ویژدان نییە؟ وەک ئەوەی کە کیژەکەی ئیندرا لە (گەمەیەکی خەون)دا لەبارەیەوە دەپرسێ. بەترسەوە دەپرسم: چیم کردووە؟ قەدەر وەڵام دەداتەوە: خۆت باشتری دەزانیت. ڕاستە من گوناهم کردووە، هەمیشە گوناهگەلێکی گچکەی پەی پێنەبراو هەن کە زەین دەکرۆژن. ئێمە نووساو بەیەکەوە لەپاڵ بەرمیلی ئاودەستخانەدا دانیشتووین و سیخوڕی بەسەر دواوەماندا دەکەین. ئێمە کشمیشمان لە دۆڵابی بەهارات دزی. ئێمە لە گێژەنە قووڵەکانی خوارەوە نزیک پردی هێلی ئاسنەکە مەلەمان کرد. ئێمە پارەی وردەمان لە گیرفانی پاڵتۆکەی باوکماندا دزی، ئێمە بێ حورمەتیمان بەخودا کرد بەوەی لە دۆعاکانماندا ناوی ویمان بەناوی شەیتان گۆڕی و گوتمان: شەیتان بەرەکەتمان بدە و بمانپارێزە، شەیتانیش ڕووی بەلادا وەرگێڕاین و گانی داینێ. (ئێمە) من و براکەمین کە ناو بەناو لە بەزم و هەرای هاوبەشدا یەکمان دەگرت، بەڵام بەزۆریی بەرقێکی کرۆژراو لێکتر جوێ بووین. (داگ) پێیوابوو من درۆ دەکەم، خۆم دەپەڕێنمەوە و فریای خۆم دەکەوم. جگە لەوەش من نازدار بووم، لەبەرئەوەی من کوڕە باشترەکەی بابم بووم. منیش پێموابوو براکەم، کە چوار ساڵ لە من گەورەتر بوو، خاوەن ئیمتیازگەلێکی نادادوەرانەیە: ئەو بۆی هەبوو ئێواران زوو نەنوێت، دەیتوانی بۆ تەماشاکردنی فیلمی بۆ منداڵ قەدەغە، بچێت. ڕێی تێدەچوو هەرکاتێک بۆی بلوێت لێم بدا. من دواتر حاڵی بووم لەوەی کە ئەویش بەردەوام لەبەر زەبری تووڕەییییە دڵپیسانەکەی بابمدا بوو.

ڕقی برایانەی نێوانمان خەریک بوو بگاتە براکوژی. داگ خەراپ لێیدەدام و منیش سووربووم لەسەر ئەوەی تۆڵەی لێ بکەمەوە. جا ئیتر چ دەبێ با ببێ.

سوراحییەکی قورسی شووشەم هەڵگرت، هەڵگژامە سەر کورسییەک و لەودیو دەرگای ژووری هاوبەشەکەمانەوە لە ڤۆرومس، خۆم حەشاردا. ئەوسا کە براکەم دەرگاکەی کردەوە، سوراحییەکەم بەسەریدا کێشا، سوراحییەکە وردوخاش بوو، براکەم کەوت و خوێن لە برینێکی گەورەی سەرییەوە فیچقەی کرد. دوای نزیکەی مانگێک ئەویش لە ناکاوێکڕا و بەبێ چ ئاگادارکردنەوەیەک پەلاماری دام و دوو ددانی پێشەوەی شکاندم. منیش کە نووست ئاگرم بەنوێنەکەیەوە نا. ئاگرەکە خۆ بەخۆ کوژابۆوە و ئەوسا بەشێوەیەکی کاتی کارە دوژمنکارییەکانی نێوانمان ڕاگیرا.

هاوینی ساڵی ١٩٨٤ براکەم و ژنە گریکستانییەکەی بۆ سەردانم بۆ دوورگەی (فۆرئۆ)[١٣] هاتن. براکەم ئەوکات باڵیۆزێکی خانەنشینکراوی تەمەن شەست و نۆ ساڵان بوو. سەرەڕای ئیفلیجیی قورس، توانیبووی بەگوڕەوە درێژە بەوەزیفەکەی بدات. بەڵام ئەلعان تەنها دەیتوانی سەری بجوولێنێ، بەزەحمەت هەناسەی دەدا و کە دەدوا مرۆڤ بەسانایی لە قسەکانی حاڵی نەدەبوو. ڕۆژانێکمان لەبەردەمدا بوون کە مەودای ئەوەمان هەبوو تیایاندا تافی منداڵیی خۆمان وەیاد بێنینەوە.

بیری ئەو لە بیری من تیژتربوو، لەبارەی ڕقهاتنەوەی لە باوکمان و پەیوەستبوونی توندی بەدایکمانەوە قسانی کرد. هێشتا بەلایەوە ئەوان دایک و باوک بوون، دوو مەخلوقی سەیر، حولحولی، تێگەیشتن لێیان زەحمەت و لە سەروو هەر ئەندازەگیرییەکەوە بوون. من و براکەم بەڕێگای پۆشراو بەگژوگیادا پیاسەمان دەکرد و بەسەرسوڕمانەوە زەق زەق لە یەکدیمان دەنۆڕی: دوو پیاوی پیر کە لە یەک ڕەحمەوە هاتبوونە دەرێ، ئەلعانیش لە مەودایەکی دوور لە یەکدابوون کە نەدەکرا ببەزێنرێت. ڕقی دوو لایەنەمان ڕەویبۆوە، بەڵام ئەو ڕقە جێگای خۆی بەبۆشایی بەخشیبوو. چ پێوەندییەک و چ هاریکارییەکمان لەنێواندا نەبوو. براکەم دەیویست بمرێ، لە هەمان کاتیشدا لە مردن دەترسا، ژیان دۆستییەکی شێتانە سییەکان و دڵی هێشتبۆوە و لێنەدەگەڕا لەکار بکەون. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە چ ئەگەرێکی بۆ خۆکوشتن لەبەردەمدا نییە لەبەرئەوەی توانای دەست جوولاندنی نییە.

ئەم پیاوە بەهێز و خۆ بەزلزان و ژیرەی کە هەمیشە ڕیسکی دەکرد، بەدوای شەڕدا دەگەڕا، چێژ وەرگر لە ژیان، ماسیگر، پیاسەکەر بەدارستانەکاندا، سەرچڵ، خۆویست، هەزەلی. سەرەڕای ڕقی لە باوکم، کەچی هەمیشە مەرایی بۆ دەکرد، سەرەڕای هەوڵی خۆڕزگارکردن و سەرەڕای ناکۆکییە پرزەلێبڕەکانی لەگەڵ دایکمدا، کەچی هەمیشە پێوەی پەیوەست.

بۆ من، نەخۆشیی براکەم شتێک بوو جێگای تێگەیشتن. ئیفلیج بوو بەتووڕەیی، ئیفلیج بوو بەدوو دێوی زەبەلاح، خنکێنەر و لە تێگەیشتن نەهاتوو: باوک و دایکم.

١٣- دورگەی Fa˚rö، دورگەیەک کە هەنووکەش ماڵەکەی (بێرمان)ی لێیە و لە یەکێک لە فەسڵەکانی داهاتوودا باس لەو ساتەوەختە دەکات کە بڕیاریداوە ئەو دورگەیە بکاتە ماڵی هەمیشەیی خۆی. و.ک



دەشێ پێویست بێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕقی وی لە هونەر، شیکاریی دەروونیی، ئاین و واقیعی ڕۆحیی، ڕقێکی زۆر بوو. بوونەوەرێکی تەواوێک ئەقڵانی بوو، بەحەوت زوبان قسانی دەکرد و حەزی بەخوێندنەوەی مێژوو و بیۆگرافیای سیاسی بوو. وێڕای ئەوەش یادەوەرینامەی خۆی لەسەر شریت تۆمار کردبوو. من ڕوخسەتم پێدرا ئەو ماتریاڵە بخەمە سەر کاغەز. هەشت سەد لاپەڕەی نووسراو بەنەغمەیەکی وشک و گاڵتەجاڕییانە و ئەکادیمییانەی لێدەرچوو. چەند هەڵاوێردێکی تێدابوو، بەواژەی ساکار و ڕاشکاوانە لەبارەی ژنەکەییەوە دواوە. چەند لاپەڕەیەکیشی لەبارەی دایکمەوە لەخۆگرتووە. جگە لەوە هەموو شتەکانی تر کالۆکرچ، گاڵتەجاڕی و بێباکییەکی تەنزامێز بوو: ژیان حەکایەتی سەرچڵییەکی بێ تام بوو. لەو هەشت سەد لاپەڕەیەدا تەنانەت بەوشەیەکیش باسی نەخۆشییەکەی نەکردووە. هەرگیز نەشکڕوزاوەتەوە، بەڵام ڕقی لە چارەنووسی خۆی بۆتەوە. بەتووڕەییەکی نائارامانەوە ڕووبەڕووی زەلالەتە جەستەییەکانی بۆتەوە و زۆر بەلایەوە گرنگ بووە هێند ڕق وورووژێن خۆی پیشان بدات کە هیچ کەس بەخەیاڵیدا نەیەت هاوسۆزی بەرامبەر بنوێنێت.

بەبۆنەی یادی هەفتایەمین ساڵەی تەمەنییەوە لە باڵیۆزخانە لە ئەسینا ئاهەنگی گێڕابوو. هێند بێ بڕست ببوو کە ژنەکەی پێیوابووە دەبێ ئاهەنگەکە هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام براکەم پێشنیارێکی لەو تەرزەی ڕەت کردۆتەوە و گوتارێکی درەوشاوەی بەشانازیی میوانەکانییەوە خوێندۆتەوە. چەند ڕۆژێک دواتر بۆ نەخۆشخانەیان گواستۆتەوە و لەوێ چارەسەری هەڵەیان پێداوە و بەهۆی نۆرەیەکی درێژی هەناسە لێبڕانەوە مردبوو. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هۆشی بەخۆی ببوو، لەبەرئەوەی کونێک کرابووە گەرووی نەیتوانیبوو بئاخڤێ. ئەوسا کە ئیدی نەیتوانیبوو گوزارشت لەخۆی بکات، تووڕە و بێدەنگ مردبوو.

نێوانی من و (مارگەرێتا)[١٤]ی خوشکی گچکەم خۆش بوو. ئەو گەرچی چوار ساڵ لە من چکۆڵەتربوو، بەڵام پێکەوە بەبووکەشووشەکانی ئەو گەمەمان دەکرد و زنجیرە ڕووداوی ئاڵۆزمان لە دۆڵابی یارییە باش دروستکراوەکەی ئەودا دەخولقاند. لە وێنەیەکدا لە ئەلبومی خێزانەکەمان، کەسێکی گچکەی خڕتۆڵی خاوەن پرچێکی زەردی سپی باو و چاوانێکی زەقی تۆقیو دەبینم. هەموو شتێک، هەر لە دەم و لێوە نەرمەکەیەوە تا نادڵنیایی دەستەکانی، هەستیاریی ئەو وەدیاردەخەن. لەلایەن دایکم و باوکمەوە زۆر بەتوندی خۆش دەویسترا و ئەمیش هەوڵی دەدا لەئاست ئەو خۆشەویستییەی ئەواندابێ،

14- Margareta

هەوڵی دەدا ئەو منداڵە نازدارەبێ کە دەشێ قەرەبووی دوو کوڕە لاسارەکەیان بۆ بکاتەوە.

یادەوەرییەکانی منداڵیم لەبارەی (مارگەرێتا)وە تۆزوخۆڵ لێ نیشتوون و ڕام نابن. پێکەوە شانۆیەکی بووکەشووشەمان ڕۆنا، ئەو جلکەکانی دەدوورین و منیش دیکۆرەکانم بۆیاخ دەکردن. دایکمان بینەرێکی بەحەوسەڵە و بەبابەتی شانۆییەکانمانەوە پەیوەست و پەردەیەکی مەخمەڵیی چنراویشی پێ بەخشین. ئارام و بەدڵێکی خۆشەوە گەمەمان دەکرد. باشتر لەگەڵ خوشکەکەمدا وەک لە براکەم هەڵمدەکرد. باوەڕناکەم هەرگیز لە یەکدیمان دابێت یاخۆ هەرامان بووبێت.

کاتێ تەمەنم یازدە ساڵان و خوشکەکەشم حەوت ساڵان بوو، هاوینمان لە (لۆنگێنگێن)[15] لە دەوروبەری ستۆکهۆڵم بەسەر برد. نەشتەرگەرییەکی قورس بۆ دایکم کراو و چەند مانگێک بوو لە سۆفیاهێم کەوتبوو. باوکم دەیویست لەو نزیکانە بین و ئیدی باجیەکی میهرەبان کە لە ڕاستیدا مامۆستای قوتابخانە بوو، ئەرکی سەرپەرشتی کردنمانی پێ سپێردرا. من و خوشکەکەم زۆر جاران بۆ خۆمان و بۆ یەکتری جێدەهێڵراین. ڤێللاکە گەرماوێکی کۆنی تێدابوو کە پڕ لە ئاو بوو، ژوورێکی خۆگۆڕین و ژوورێکی گەورەی تریش بێ میچ، بەڵام حەوزێکی تێدابوو. بەسەعات دەچووین بۆ ئەوێ و گەمە تەمومژاوییە بەگوناهـ بارگاوییەکانی خۆمان دەکرد. بەبێ چ ڕاڤە یاخۆ لێپێچانەوەیەک، بەتەنها مانەوەمان لە گەرماوەکەدا لێ قەدەغە کرا.

مارگەرێتا زیاتر و زیاتر لە پێوەندی نێوان خۆی بەدایک و باوکمانەوە هەڵدەلوشرا و ئێمەیش زیاتر و زیاتر ئەو پێوەندییەی نێوان خۆمان دەدۆڕاند. کاتێ تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو، لە ماڵەوە هەڵهاتم. لە ڕاستیدا لەوساوە ئیتر ئێمە یەکتریمان نەبینییەوە. مارگەرێتا دەیگوت جارێکیان نووسینێکی خۆی پیشان داوم و منیش لە جەهلی جاحێڵییمەوە، ڕەخنەم لە نووسینەکەی گرتووە و دڕاندوومە. من خۆم هیچ ئەو ڕووداوەم بیرنایەتەوە. ئەلعان خوشکەکەم ناوبەناو کتێبێک دەنووسێت. گەر ئەو شتانەی ئەو دەیاننووسێت ئەوەبێ کە من لێی تێگەیشتووم ئەوا دەبێ ژیانی دۆزەخێک بێ بۆ خۆی. هەندێ جار بەتەلەفۆن قسان دەکەین، جارێک بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە کۆنسێرتێکدا یەکترمان بینی. ڕوخساری بەعەزاب نەخشیو و دەنگە ساردە بێ نەغمەکەی ترساندمیان و جورئەتیان لێ بڕیم.

15- La˚ngängen



هەندێ جار بەئازارێکی ویژدانی کورت و بەسۆوە بیر لە خوشکەکەم دەکەمەوە. وی بەنهێنی کەوتە نووسین. ئەوەی دەینووسی پیشانی کەسی نەدەدا. دواجار ئازایەتی دایە بەر خۆ و لێگەڕا بیانخوێنمەوە. من بۆ خۆم لە قەیراندا بووم: ئاخر ئەز بەدەرهێنەرێکی جاحێڵی تازە دەرکەوتوو دادەنرام بەڵام وەک نووسەر لە سێدارە دەدرام. من خەراپ و بەزۆر لەخۆکردنەوە دەمنووسی و لەژێر کاریگەری (هایلمەر بێریمان)[16] و (ستریندبێری)دا بووم. ئەلعان هەمان شێوازی گرژ و ماندووکەری نووسین لای خوشکەکەم دەبینمەوە و ئەو هەوڵەی دەکوژم بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە ئەوە تەنها ڕێگەیەتی بۆ گوزارشت لەخۆکردن. بەگوێرەی ئەوەی کە خۆی باسی کرد، بەشێوەیەکی یەکجاری وازی لە نووسین هێناوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە وازی لە نووسین هێنابێ تا من یان خۆی سزا بدات، یاخۆ ڕەنگە لەبەر بێ جورئەتی بووبێت... نازانم.

***

16- Hjalmar Bergman

بڕیارەکەم بۆ دەسبەرداربوون لە کامێرای سینەمایی زەحمەت نەبوو، لەمیانەی کارکردن لە فیلمی (فانی و ئەلیکساندێر)[1]دا گەیشتمە ئەو بڕیارە. نازانم جەستەم بڕیاری بە ڕۆحم دەدا یاخۆ ڕۆحم کاریگەری لەسەر جەستەم هەبوو، نازانم، بەڵام نارەحەتییە جەستەییەکان زیاتر و زیاتر دژوار دەبوون.

هاوینی ساڵی ١٩٨٥ پێمەوابوو بیرۆکەیەکی ناوازەم بۆ فیلمێکی نوێ دۆزیوەتەوە. دەمویست لە دونیای سینەمای بێدەنگ نێزیک ببمەوە، دەبوو لە بڕگەگەلی درێژ و بەتاڵ لە دیالۆگ و کاریگەریی دەنگیدا کاربکەم و دواجار زەمینەیەک بۆ خۆقوتارکردن لە فیلمە ئاخێوەرەکانم بڕەخسێنم.

دەسبەجێ کەوتمە نووسینی سیناریۆ، بەدەربڕینێکی میلۆدرامییانە بڵێم، جارێکی تریش بەخششی خودایی کۆمەکی کردم، ئارەزووی کارکردنم هەبوو. ڕۆژەکان پڕبوون لەو قەناعەتە نهێنییەی کە دەبووە بەڵگەیەک بۆ تۆکمەیی تێڕوانینەکەم.

دوای سێ هەفتە لە کاری باش، نەخۆشییەکی سەختم گرت. جەستەم گرژ و ناهاوسەنگ. وەک ئەوە وابوو ژەهراوی بووبێتم. پەژارە تێکی شکاندبووم و لەبەردەم عەزابدا هەستێک بەسووکایەتیکردن باڵی بەسەردا کێشابووم. مەزەندەم کرد ئیدی هەرگیز

1- Fanny och Alexander



ناتوانم فیلم دروستکەم چونکە جەستەم نەیدەویست هاوکاریم کات و پەرۆشیی بێ وچانیش – کە بەشێکی بنەڕەتییە لە کاری فیلمسازیدا – شتێک کە لەسەری ڕاهاتبووم، ببووە قۆناغێکی مەحاڵ و بەسەرچوو. سیناریۆکەمم لادا کە لەبارەی ڤین کۆنفیوسێنفی[2] سوارەوە بوو، کە فیلمی بێدەنگ دروستکەرێکی پیرە، نیوە فیلمە خەراپبووەکانی لە قوتووی بێ شوماری کاسێتدا لەژێر ڤێللایەکی هاوینەدا کە لە ڕۆنانەوەیدان، دەدۆزرێتەوە. پێوەندییەکی تاریکی مەزەندەکراو لەنێوان وێنەکاندا هەیە، شارەزایەکی بواری کەرولاڵان، دەم جووڵاندنی ئەکتەرەکان دەخوێنێتەوە تا دیالۆگەکانیان پاچڤە بکات. هەموو جۆرە پلانێک ئەزموون دەکرێ و بەرەنجامی جیاواز وەدەست دەخرێت. پرۆژەکە خەڵکی زیاتر و زیاتر بەخۆوە دەگرێت، پرۆژەکە گەشەدەکا و بەزوویی فەراوان دەبێ، پارەی زیاتر و زیاتری تێدەچێ. زیاتر و زیاتریش ئەنجامدانی قورستر دەبێ. ڕۆژێکیان بەنیترات، ئۆرگیناڵ و ئەستاتی کۆپییەکانی و یەک پەناگای تەواوەوە دەسووتێت و هەموو شتێک بە با دەچێت. ئیدی ئاسوودەیی باڵ دەکێشێت.

هەمیشە من ئازارم بەو شتەوە چەشتووە کە پێیدەگوترێت تووڕەیی گەدە، ئەمەش بەئەندازەی ڕووداوێکی سووکایەتی ورووژێن پێکەنیناوییە. هەناوم کە هەرگیز وشکی نەکردووە و زۆرجاران سەروەتی داهێنانەکانمی پاڵاوتووە، هەوڵەکانمی تێکوپێک شکاند. بەوجۆرە، قوتابخانە بووە عەزابێکی هەمیشەیی، چونکە نەمتوانیوە حیسابی ئەوە بکەم کە کەنگێ نۆرە پەلامارەکانم بۆ دێن. کوتوپڕ گوو بەخۆداکردن، ئەزموونی شۆکێک بوو ڕۆحی. پێویست بەوە نییە چەند جارێک یەخەگیرت بێت تا بەشێوەیەکی بەردەوام دردۆنگت کات.

بە درێژایی ساڵان بەحەوسەڵەوە خۆم فێرکرد، ئەو نارەحەتییانە بەجۆرێک کۆنترۆڵکەم کە بتوانم بەبێ ئەو تەنگەتاوییە زۆر ئاشکرایانە چالاکییەکانم بەڕێوەبەرم. ئەوە لە دالدەدانی شەیتانێکی شەڕانگێز دەچوو لە هەستیارترین ناوچەی نێوەندی جەستەدا. بەهۆی ڕیتواڵی توندوتیژەوە دەمتوانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆمدا ڕایگرم. بڕیارێک کە بەشێوەیەکی گەورە دەسەڵاتی ئەوی ڕامالی، ئەوە من بووم نەک ئەو، کە جڵەوی هەڵسوکەوتەکانمی بەدەستەوە بوو.

داو و دەرمان بێ سوود بوو، لەبەرئەوەی یان بێ باکانە یاخۆ درەنگ کاری خۆی دەکرد.

2- Finn Konfusenfej

پزیشکێکی ژیر پێی گوتم من دەبێ لەسەر ئەو خەوشە جەستەییەم ڕابێم و خووی پێوەبگرم. منیش هەر وام کرد. لەهەموو ئەو شانۆیانەی کە ماوەی درێژ کارم تێداکردوون، هەمیشە ئاودەستێکی تایبەتی بۆ خۆم هەبووە. ڕەنگە ئەو ئاودەستانە نەمرترین هەوڵی من بن لە مێژووی شانۆدا.

بە واتایەکی تر واپێدەچێ کە ڕەنگە ئەو شەیتانە نیشتەجێ بووە، سەرەڕای هەموو شتێک بەسەر ئارەزوومدا بۆ دروستکردنی فیلم، زاڵ بووبێت. مەسەلەکە وانییە. من زیاتر لە بیست ساڵە بەدەست بێ خەوییەکی درێژخایەنەوە دەناڵێنم. ئەمەش لەخۆیدا شتێکی خەتەرناک نییە، ئاخر مرۆڤ دەتوانێ زیاتر لەوەی کە مەزەندە دەکا بەکەمترین ماوەی نووستن داسەکنێ، پێنج سەعات نووستن بۆ من بەسە. تەنگ پێهەڵچنینەکە لەگەڵ تەنکیی شەودا دێت، ڕێژە گۆڕاوەکان، گەڕانەوە بۆ هەڵوێستە گێلانە یاخۆ سووکایەتیئامێزەکان، پەژێوانبوونەوە بۆ شەڕانگێزییە بیرلێنەکراوە یاخۆ ئەنقەستەکان. زۆر جاران پۆلە تەیری ڕەش دەهاتن و لە تەکمدا دەبوون: ترس، تووڕەیی، شەرم، پەژێوانی و بێزاری. تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی بێ خەوییش ڕیتواڵ هەن: نوێنەکەت بگۆڕە، گڵۆپ داگیرسێنە، کتێب بخوێنەوە، گوێ لە موزیک ڕادێرە، پسکیت و شوکولات بخۆ، ئاوی کانزایی بخۆرەوە. خواردنی ڤالیۆمێک لە کاتی خۆیدا کاریگەرییەکی نایابی دەبێت، هەروەها بۆیشی هەیە بەخولقاندنی تووڕەیی و بەهێزکردنی پەژارە، ڕۆڵێکی وێرانکەر ببینێت.

سێیەمین هۆکار بۆ بڕیارەکەم پیریی بوو. پیریی دیاردەیەکە نە لێی پەژێوانم و نە پێشی شادومانم. ڕێگەچارەی کێشەکان بەکاوەخۆتر و کاری شانۆیی، خەم و نیگەرانی گەورەتری لێدەکەوتەوە و بڕیاردان کاتێکی درێژتری دەخایاند، لە کێشەو گرفتە پێشبینی نەکراو و پراکتیکییەکان ئیفلیج ببووم.

لەگەڵ شەکەتیدا دڕدۆنگیم زێدەتربوو. تا هیلاکتربام، دەم بەپرتەوبۆڵەتر دەبووم: هەستەکانم تیژ دەبوونەوە و لە هەموو جێگایەکدا کەموکورتی و هەڵەم دەبینی.

لە فیلم و دەرهێنانەکانی ئەم دواییەم ورد دەبمەوە و لێرە و لەوێ، ئیرەیییەکی نموونەیی هەیە کە ژیان و ڕۆح ڕاو دەکات. ئەو ترسە لە شانۆدا زۆر گەورە نییە، لە شانۆدا دەتوانم چاودێری خاڵە لاوازەکان بکەم و لە خەراپترین حاڵەتدا ئەکتەرەکان دەتوانن ڕاستم بکەنەوە. لە فیلمدا هیچ شتێک ناگەڕێنرێتەوە. هەموو ڕۆژێک سێ دەقیقەی تەواو لە فیلمەکە تەواو دەکرێت. دەبێ هەموو ئەوەش زیندووبێت، هەناسەبدات، داهێنان بێت.



هەندێ جار، بەئاشکرا و تا ڕادەیەک بەتەرزێکی فیزیکیش هەست بەهیۆلایەکی زۆر دێرین، نیوە ئاژەڵ و نیوە ئادەمیزاد دەکەم کە لە ناوەوەمڕا دەجووڵێ و خەریکە دەیهێنمە بوون: بەیانییەکیان ڕیشێکی تام ناخۆش و زبرم دەجوو، هەستم بەدەست وقاچە لاوازە لەرزیوەکانی هیۆلاکە لە جەستەمدا دەکرد و دەنگی هەناسەبڕکێیم دەژنەڤت. مەزەندەی بوومەلێڵێکم دەکرد کە چ پێوەندییەکی بەمردنەوە نەبێت، بەڵکە پێوەندی بەکوژانەوەوە بێت. هەندێ جار خەون دەبینم کە هەموو ددانەکانم دەوەرن و ئەودوای شتی زەرد و بوواردوو تف دەکەمەوە.

بڕیارم دا بەرلەوەی ئەکتەرەکان و ئەوانەی کە لەتەکمدا کار دەکەن ئەو دەعبایە ببینن و بەڕق و بەزەییەوە تەماشام بکەن، پاشەکشێ بکەم. ئاخر من ژمارەیەکی گەلێک زۆر لە هاوڕێکانم بینیبوو کە وەک لێبووکی شەکەت لە گۆڕەپانی سێرکەکەدا بەلادا هاتبوون، بێزراو لە بێزاریی خۆیان، فیکەی چوونە دەرەوەیان بۆ لێدرابوو یاخۆ بەنەزاکەتەوە، مرێنەرانە بێدەنگ کرابوون، بەمیهرەبانییەوە یاخۆ سووکایەتی ئامێزانە لەلایەن تاقمی سێرکەکەوە بۆ دەرەوە ڕاکێشرابوون.

دەست دەدەمە شەپقەکەم، مادامەکی دەستم دەگاتە ڕەفەی شەپقەکان، ئەوا شەپقەکەم لەسەر دەنێنم و سەرەڕای ئەوەی کە سمتم دێشێت، بەپێی خۆم دەڕۆم. هەر بەڕاست داهێنان لە پیریدا شتێک نییە گەرەنتی بێت، بەڵکوو بەقۆناغ و مەرجدارە، شتێکە نزیک لە لاوازبوونی توانای سێکسوالێتییەوە.

ڕۆژێکی مانگی یانیوەری ساڵی ١٩٨٢ م بۆ وێنەگرتن هەڵبژارد. بەگوێرەی بیرەوەرییەکانم ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سارد و پلەی گەرمای تێدا گەیشتبووە بیست پلە ژێر سفر. وەک جاران سەعات پێنجی بەیانی لەخەو هەستام، باشترە بڵێم لەخەویان هەستاندم، وەک بڵێی لەلایەن ڕۆحێکی شەڕانگێزەوە، لەنێو لوولەکێکدا لە قووڵترین خەو ڕاکێشرێم. بۆ ئەوەی بەرەنگاری هێستریای ڕیخۆڵەکانم و کارە وێرانکەرەکانی ببمەوە، دەسبەجێ لە تەختەنوێنەکەم بازمدایە خوارەوە و بۆ چەند چرکەیەک لەسەر عەردەکە بەپێڵووی لێکنراوەوە ڕاوەستام. لە وەزعی خۆم ورد بوومەوە: وەزعی جەستەم چۆنە، وەزعی ڕۆحیم لە چیدایە و لە پێش هەموو شتێکەوە پێویستە ئەمڕۆ چ بکرێت؟ سەرنجم دا کەپووم گیراوە (بەهۆی هەوای وشکەوە) گونی چەپم ئازاری دەدام (ڕەنگە شێرپەنجە بێ)، ماسوولکەی سمتم دەئێشا (هەمان ئازارەکەی جاران) و تۆنێکی بەرز لە گوێچکەمدا (شتێکی بێزەوەر بەڵام هیچ مایەی نیگەرانی نییە). هەروەها یاداشتی ئەوەم

کرد کە هەمدیس هێستێریاکە لەژێر کۆنترۆڵدایە، کە ترسم لە گرژییەکانی گەدەم زۆر بەو چڕییە نییە، کە کاری ئەو ڕۆژە لە دیمەنی نێوان ئیسماعیل و ئەلیکساندەر[3] پێکدێت، کە دردۆنگم لەوەی دیمەنی ناوبراو لەتەک توانای ئەکتەرە جاحێڵ و ئازاکەیدا نەیەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هاریکاری نێزیکبووەی (ستینا ئیکبلاد)[4] لەتەکمدا، گوڕێکی گچکەم لە شادومانییەکی چاوەڕوانکراو پێ دەبەخشێت. بەوجۆرە یەکەمین پشکنینی ئەو ڕۆژەم تەواوکرد و گەیشتمە سوودێکی گچکە بەڵام ئەرێنی: گەر (ستینا) وەک ئەوەی کە من باوەڕم وایە لێهاتوو بێت، ئەوا دەتوانم لە قەرەی (بێرتیل-ئەلیکساندێر)[5] بێم. پێشتر دوو ستراتیژیم گرتبوونەبەر: یەکەمیان لەگەڵ ئەکتەرە خاوەن توانا یەکسانەکاندا، ئەوی تریشیان لەتەک ئەکتەرە سەرەکییەکان و ئەکتەرە یاریدەدەرەکانا.

هەنووکە گرنگ ئەوەیە بەئارامی هەڵسوکەوت بکەم. گرنگ ئەوەیە ئارام بم.

سەعات حەوتی بەیانی لەتەک (ئینگرید)دا لە بێدەنگییەکی هاوڕێیانەدا بەرچاییم کرد. گەدەم هێشتا هێور و چل و پێنج دەقیقەی بۆ دۆزەخ بەرپاکردن مابوو. لەچاوەڕوانی ئەوەدا کە بزانم چی لە خەیاڵدایە، ڕۆژنامەکانی بەیانیم موتاڵاکردن. سەعات چارەکی بوێت بۆ هەشت ترومبێلەکە گەیشت و بۆ ستۆدیۆی بردم کە ئەو ڕۆژانە کەوتبووە (سیوندبی بێری)[6] و لەلایەن کۆمپانیای (ئەوروپا فیلم)[7]ەوە خاوەنداریێتی دەکرا.

ئەم لۆکاڵی ستۆدیۆیانەی کە ڕۆژانێک خاوەن ناوبانگێکی باش بوون، ئەلعان ئیدی وێران ببوون. بەشێوەیەکی گشتی خۆ بەبەرهەمی ڤیدیۆییەوە خەریک کرابوو، کارمەندە کۆنەکانی پەرت و ڕووخاو بوون. خودی ستۆدیۆی فیلم پیس و پۆخڵ، دەنگ خەراپ و بەشێوەیەکی باش خزمەت نەدەکرا. ژووری مۆنتاژ کە لە یەکەمین بینیندا بەشێوەیەکی کۆمیدییانە ئالۆ والا خۆی دەنواند، کەچی دەرکەوت شیاوی بەکارهێنان نییە. پرۆژێکتۆرەکان بەرباد و نە بەهێز بوون و نە هەلومەرجی وێنەییان باش بوو، دەنگ خەراپ بوو، ئامێری هەوا گۆڕین ئیشی نەدەکرد و فەرشەکەش پەڵە پەڵاوی.

ڕێک سەعات نۆی بەیانی دەست بەوێنەگرتن کرا. گرنگ بوو دەستپێکردنی پێکەوەییمان لە وادەی خۆیدا بێت. دەبوو هەموو وتوێژ و نادڵنیاییەکان بکرێنە دەرەوەی

3- Ismael och Alexander
4- Stina Ekblad
5- Bertil - Alexander
6- Sundbyberg
7- AB Europafilm



ئەم بازنەی تەرکیزەوە. ئاخر لەم چرکەساتەوە ئێمە دەبووینە ئامێرێکی ئاڵۆز بەڵام پێکەوە کارکردوو کە ئامانجی بەرهەمهێنانی وێنەی زیندووە.

کارەکەمان بەخێرایی نەفەسێکی هێوری بەخۆوە گرت، متمانە ڕاشکاوانە و ساکار بوو. تەنها شتێک کە لەو ڕۆژەدا بێزاری دەکردین خەراپیی دەنگ لە ستۆدیۆکە و ڕێز نەگرتن بوو لەو لەمپا سوورانەی کە لەڕاڕەو و شوێنەکانیتردا هەڵکرابوون. ئەگینا ئەو ڕۆژە، ڕۆژێک بوو کە شادومانییەکی شەرمنانە باڵی بەسەرداکێشابوو. هەر لە دەقیقەی یەکەمەوە هەستمان بەلێک حاڵیبوونی نایابی (ستینا) بۆ کەسێتیی (ئیسماعیل)ی چارەڕەش کرد. لە هەموو شتێک باشتر ئەوەبوو کە بێرتیل-ئەلێکساندێر دەمودەست هەڵوێستەکەی قەبووڵ کرد. بەتەرزێکی سەیری منداڵ و بەگوزارشتێکی ڕەسەن و کاریگەر، کەشێکی ئاڵۆزی لە پەیجۆری و ترس خولڵقاند.

پرۆڤەکان بەئاسوودەیی دەچوونە پێش، شادومانییەکی هێمن باڵی کێشا. وزەی داهێنەرانەمان کەوتە سەما. جگە لەوەش (ئاننا ئاسپ)[8] هەلومەرجێکی وروژێنەری بۆ ڕەخساندین و (سڤێن نیکڤیست)[9] بەخودان وتووێژێک ڕووناکی بۆ داناین کە بەدەم باس ناکرێت و ئەوە شتێکە بووەتە خەسڵەتی وی و ئەوی کردووەتە یەکێک لە باشترین ڕووناکی دانەران و بگرە باشترینیان لەهەموو جیهاندا. لێیان دەپرسی ئاخۆ چۆن ئەوە دەکا، ئەویش ئاماژەی بۆ چەند بنەمایەکی بنچینەیی ساکار دەدا (کە من لە کاری شانۆمدا کەڵکێکی گەورەم لێ وەرگرتوون). نەیدەویست یاخۆ حەزی نەدەکرد نهێنییە ڕاستەقینەکە ئاشکراکات. هەندێ جار لەبەر هەر هۆکارێک با، هەستی بەبێزاریی، تەنگ پێهەڵچنین یاخۆ دڵەڕاوکێ کردبا، ئیدی هەموو شتەکان تێکدەچوون و هەمدیس دەبوو لە سەرەتاوە دەستی پێکردبایەوە. متمانە و دڵنیایی باڵی بەسەر کاری هاوبەشماندا کێشابوو. زۆر کات خەم دام دەگرێ بەوەی کە ڕۆژێک دێ ئێمە هەرگیز پێکەوە کارناکەین، خەم دامدەگرێ کاتێ بیر لە ڕۆژێکی ئاوها دەکەمەوە. قایل بوونی هەستیی دەخولڵقێت کاتێ ئادەمیزاد لەگەڵ خەڵکانێکی بەهێز، سەربەخۆ و داهێنەردا کاردەکات: ئەکتەران، یاریدەدەران، کرێکارانی کارەبا، بەڕێوەبەری بەرهەم، بەرپرسیارانی ئیکسسوار، کارمەندانی ماکیاژ، نەخشەدارێژەرانی جلوبەرگ و هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە ڕۆژ ئاوەدان دەکەنەوە و ئەو لەدەوری یەکدی گردبوونەوەیە وەدی دێنن.

8- Anna Asp
9- Sven Nykvist

ڕوودەدات بەتوندی بیری هەموو کەس و هەموو شتەکان دەکەم. ئەز حاڵی دەبم لەوەی کە (فێللینی)[١٠] مەبەستی چ بووە کاتێ گوتوویەتی: وێنەگرتنی فیلم بۆ وی، شێوە ڕێگایەک بووە بۆ ژیان. هەروەها هەمدیس لە حەکایەتە کورتەکەی لەبارەی (ئانیتا ئیکبێری)[١١]ەوە دەگەم. دوایین دیمەن لە فیلمی(La Dolc Vita)ی ئەو لەناو ترومبێلێکدا وێنە دەگیرا کە لە ستۆدیۆکەدا ڕاگیرابوو. دوای ئەوەی دیمەنەکە وێنەگیرا و ڕۆڵی (ئانیتا) لە فیلمەکەدا تەواو بوو، ئەو خانمە دای لە قوڵپی گریان و توند سووکانەکەی گرتبوو، نەیدەویست لە ترومبێلەکە دابەزێت. دەبوو بەزەبروزەنگێکی میهرەبانانەوە هەڵیگرن و لە ستۆدیۆی بهێننە دەرەوە.

هەندێ جار بەختەوەرییەکی تایبەتی لە دەرهێنەری سینەمایی بووندا هەیە. دەربڕینێکی پڕۆڤە لەسەرنەکراو لە چرکەیەکدا لای ئەکتەرێک لەدایک دەبێت و کامێراش ئەو دەربڕینە تۆمار دەکات. ڕێک ئەمڕۆ ئەمە ڕووی دا. بەبێ خۆ ئامادەکردن و بەبێ پڕۆڤە ئەلیکساندێر ڕوخساری زۆر دەپەڕێت، ئازارێکی تەواو لەسەر ڕوخساری دەنیشێت. کامێرا ئەو ساتەوەختە تۆمار دەکات. ئەو ئازارە هەست پێنەکراوە چەند چرکەیەک بەوێوە دەمێنێتەوە و ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە، پێشتریش بەوێوە نەبووە، بەڵام شریتی فیلمەکە ئەو ساتەوەختەی ڕاو کرد. من بڕوام وایە لێرەدایە کە بەروبوومی هەموو ڕۆژ و مانگەکان لە کاری پێشبینیکراو دەچنرێتەوە. ڕەنگە من بۆ ئەو ساتەوەختگەلە کورتانە بژیم.

وەکی ڕاوکەری مرواری.

بەڕێوەبەری شانۆی شار بووم لە (هیلسینبۆری)[١٢] و ساڵ ساڵی ١٩٤٤ بوو. لە دەمێکیشەوە وەک سیناریست لە کۆمپانیای (سڤینسک فیلم ئیندیوستری)[١٣] دامەزرابووم. سیناریۆیەکی بەفیلمکراوم هەبوو ناوی (تەنگ پێهەڵچنین) و دەرهێنانی ئالڤ خیویێری بوو، من بەبەهرەوەر بەڵام بەکەسێکی قورس لەقەڵەم دەدرام. جۆرێک لە گرێچنی لەخزمەتدا بوون[١٤]، منی بەسڤێنسک فیلمەوە ڕایەڵ کردبوو کە بەگوێرەی ئەو

10- Fellini
11- Anita Ekberg
12- Helsingborgs Stadsteatre
13- Svensk Filmindustri
١٤- förfogande - kontrakt گرێچنێک کە کەسێک ناچار دەکات تەواوێک لە خزمەتی ئەو دامەزراوەدا بێت کە گرێچنەکەی لەگەڵدا ئیمزا کردووە. و.ک



گرێچنە سەرەڕای ئەوەی چ ئیمتیازێکی ئابووریم نەدرابوویە، نەشدەبوو لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکی تری فیلمدا کاربکەم. هەڵبەت مەترسییەکە زۆر گەورە نەبوو. سەرەڕای جۆرە سەرکەوتنێکی فیلمی تەنگ پێهەڵچنین[١٥]، هیچ کەس پێوەندی پێوەنەگرتم لۆرێنس مارمسفێدت[١٦] نەبێ کە ناو بەناو تەلەفۆنی بۆ دەکردم. بەنەغمەیەکی شیرین و گاڵتەجاڕییانە دەیپرسی تا کەنگێ پێموایە ئەو هیلاکییەم لە سڤێنسک فیلم بەهای هەیە، دەیگوت ئەوان تەواوێک دڵنیان لەوەی دەبێ کۆتاییم پێ بێنن، بەڵام هەڵبەت (لۆرێنس) خۆی، دەتوانێ وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی حیسابیم لێ دروست کات. من دوودڵ و بەقودرەتەوە پەیوەست بووم و بڕیارم دا لای (کارل ئەندێش دیملینگ)[١٧] بمێنمەوە کە باوکانە و نەختێک بەبوغزەوە مامڵەی دەکردم.

ڕۆژێکیان دەقێکی شانۆیی لەسەر مێزەکەم دانرابوو. دەقەکە بەناوونیشانی (دایک) و لە نووسینی نووسەرێکی کرێ وەرگر[١٨]ی دانیمارکی بوو. (دیملینگ) پێشنیاری کرد سیناریۆیەکی باش بۆ دەقەکە بنووسم. گەر سیناریۆکە ڕەزامەندی لەسەر بکرێت ئەوا من یەکەم فیلمی خۆم دروست دەکەم. دەقەکەم خوێندەوە و بینیم شتێکی ترسناکە. بەڵام لەبەرئەوەی پەرۆشی کاری دەرهێنان بووم گەر کەسێ پرسیاری کردبا ئەوا ئامادەبووم کەتەلۆگی ژمارەی تەلەفۆنیشی بۆ بکەمە سیناریۆ. بەوجۆرە بەچواردە شەو سیناریۆکەم نووسی و ڕەزامەندی لەسەر کرا. دەبوو لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥ دا دەست بەوێنەگرتنی بکرێت. شتەکان زۆر باش بەڕێوەدەچوون، خەریک بوو لە خۆشحاڵیدا شێت دەبووم، هەڵبەت باش ڕاستییەکانم نەدەبینین. بۆیە دواجار بەسەردا دەکەوتمە ناو هەموو ئەو چاڵانەوە کە خۆم و خەڵکانی تر یارمەتیمان بۆ هەڵکەندنیان دابوون.

شاری سینەما لە ڕۆسیوندا[١٩]، بریتی بوو لە کۆمپانیایەک کە لەدەیەی چلەکاندا، بیست تا سی فیلمی بەرهەم هێنا. لەوێ دەست ڕەنگینیەکی گەورە لە توانای پیشەیی و ترادیسۆنی کاری دەستی، ڕۆتینێکی میکانیکی و بوهیمییەت هەبوو. لەمیانەی ئەو

15- Hets
16- Lorens Marmstedt
17- Carl Anders Dymling
١٨- fäsör مەبەست لە نووسەرێکی نایاب بەڵام کەسێکی ڕۆتینییە و خاوەن چ مۆرک و بیرۆکەیەکی تایبەتی نییە. و.ک
19- Filmstaden i Ra˚sunda

سالانەدا کە ببوومە کۆیلەی سیناریۆنووسی، زۆر جاران سەرم لە ستۆدیۆکان، ئەرشیفی فیلمەکان، لابوراتورەکان، ژوورەکانی مۆنتاژ، بەشەکانی دەنگ و چێشتخانەکانیان دەدا، هەربۆیە بەباشی شارەزای شوێنە گشتییەکانی شاری سینەمایی بووم و زۆر چاک کارمەندەکانیم دەناسین. وێڕای ئەوەش زۆر بەتینوتاو بڕوام بەوە هەبوو کە دەبێ خۆم وەک یەکێک لە گەورەترین دەرهێنەرانی سینەمایی جیهان بناسێنم.

ئەو شتەی نەمدەزانی ئەوەبوو کە ئیدارەی کۆمپانیاکە پلانی ئەوەی هەبوو فیلمێکی هەرزانبەهای نومرە دوو بەرهەم بهێنێ، بەهۆی ئەوەوە بەر لە هەمووشتێک، بتوانرێ هەموو ئەو ئەکتەرانە بەکاربهێنن کە گرێچنیان لەگەڵ کۆمپانیاکە ئیمزا کردبوو. دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر ڕێگەم پێدرا فیلمێکی ئەزموونی لەگەڵ (ئینگا لاندگرێ)[20] و (ستیگ ئولین)[21] دروستکەم. (گیونار فیشەر)[22] فۆتۆگراف بوو. ئێمە هەموومان هاوتەمەن بووین، پەرۆش بووین و زۆرباش لەگەڵ یەکتریدا هەڵماندەکرد. کارەکەمان فیلمێکی ئەزموونیی درێژی لێ بەرهەم هات. کاتێ فیلمەکەم بینی، ئیدی زانیم پەرۆشیم چ سنوورێکی نییە. تەلەفۆنم بۆ ژنەکەم کرد کە لە هێلسنبۆری مابۆوە و لە تەلەفۆنەکەدا پەرۆش و بەدەنگێکی بەرز پێمگوت: ئیتر خیۆبێری، مۆلاندێر و درێییێر دەتوانن هەر ئەلعان بەمەرەخەسی بڕۆن، ئاخر ئینگمار بێریمان بەرێوەیە.

لەکاتێکدا من لە باوەڕ بەخۆ بووندا کەفم دەچڕاند، ئیدارە دەرفەتی قۆستەوە و (گیونار فیشەر)ی بە(یۆستا ڕووسلینگ) گۆڕی، ئەم وێنەگرە ساموورا[23]یەکی پێکراوبوو، لەسەر ژمارەیەک کورتەفیلم، ناو و ناوبانگی بەدەست هێنابوو کە لەو فیلمانەدا ئاسمانی بەرینی بەهەوری جوان و ڕووناکەوە پیشاندابوو. ئەو فیلمسازێکی دوکیومێنتاری نموونەیی بوو، وەختە بڵێم هەرگیز لە ستۆدیۆدا کاری نەکردبوو. بۆیە ئەوەی پێوەندی هەبوو بەڕووناکییەوە، ئەو بەشێوەیەکی ڕێژەیی تیایدا بێ ئەزموون بوو، جگە لەوەش ڕقی لە فیلمی درێژ و حەزی لە وێنەگرتنی ناوەوە نەدەکرد. هەر لە یەکەمین ساتەوەختەوە چاومان بەیەکتردا هەڵنەهات. لەبەرئەوەی هەردووکمان لە یەکتر نادڵنیابووین، بۆیە نادڵنیایی خۆمان لەژێر جەفەنگ و چاوقایمییدا حەشار دەدا.

20- Inga Landgre
21- Stig Olin
22- Gunnar Fischer

٢٣- samuraj جەنگاوەرێکی ژاپۆنی لە قۆناغی فیوداڵییەتدا. و.ک



یەکەمین ڕۆژەکانی وێنەگرتن مۆتەکەئامێز بوون. کوتوپڕ پەیم بەوەبرد خۆم هاویشتووەتە ناو ئامێرێکەوە کە هەرگیز دەسەڵاتم بەسەریدا ناشکێت. هەروەها پەیم بەوەش برد کە ژنە ئەکتەر (داگنی لیند)[24] کە هەرام لەتەک خۆمدا نایەوە تا ڕۆڵی سەرەکی بدەمێ، جگە لەوەی ئەکتەرێکی سینەمایی نەبوو، بێ ئەزموونیش بوو. بەڕاشکاوییەکی وەک سەهۆڵ ساردەوە سەرنجم دەدا ئەوانی تر پەی بەبێ توانایییم دەبەن. منیش بەتووڕەبوونێکی نەشیاو لەگەڵ بێ متمانەیییاندا بەرامبەرم، ڕووبەڕوو دەبوومەوە.

ئاکامەکانی کارە پڕ لە هەوڵەکەمان جێگەی خەفەت بوون. وێڕای ئەوەش کامێراکە هەڵەیەکی تێدا، بەشێک لە دیمەنەکان ڕووناک نەبوون. دەنگ خەراپ بوو، بونیادەم بەزەحمەت دەیتوانی دیالۆگی ئەکتەرەکان جیاکاتەوە.

لە پشتی منەوە چالاکییەکی چڕوپڕ لەکاردابوو. ئیدارەی ستۆدیۆ پێیوابوو کە یان فیلمەکە لەغۆ بکرێت یاخۆ دەرهێنەر و ئەکتەرە سەرەکییەکان بگۆڕدرێن. ئەوسا کە ئێمە سێ هەفتە بوو خۆمان شەلوکول کردبوو، نامەیەکم لە (کارل ئەندێش دیملینگ)ەوە کە لە پشوو بوو، پێگەیشت. بۆی نووسیبووم، ماتریاڵەکەی بینیوە و پێی وانییە شتێکی باش بێت، بەڵام مژدە بەخشە. پێشنیاری کردبوو سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە. منیش بەسوپاسەوە بەپێشنیارەکەی قایل بووم بێ ئەوەی ئەو دەربیچەیە ببینم کە دەمێک بوو جەستە لاوازەکەمی پێوە ببوو.

تەواوێک ڕێکەوت بوو کاتێ کە (ڤیکتۆر خیوسترۆم)[25]، دەرهێنەری گەورەی فیلمی بێدەنگ قووت بۆوە و هاتە سەر ڕێگام. بەتوندی دەستی کردە ملم و بەرێگا قیرەکەی دەرەوەی ستۆدیۆدا کەوتینە پیاسە. بەزۆری بێدەنگ بووین، بەڵام لەناکاوێکڕا شتگەلێکی پێگووتم کە هاسان و مایەی تێگەیشتن بوون: تۆ بەشێوەیەکی ئاڵۆز دیمەنەکانت ئەنجام دەدەیت، چ تۆ و چ (ڕۆسلینگ) یش دەرەقەتی ئەو ئاڵۆزییە نایەن. ساکارتر کاربکە. ئەکتەرەکان لە پێشەوە وێنە بگرە، ئەوان حەز لەمە دەکەن، ئاوها باشترە. ئاوها نەفرەتیانە لەتەک هەموو خەڵکیدا مەیکەرە هەرا، چونکە بەو جۆرە تووڕە دەبن و باش کار ناکەن. هەموو شتەکان مەکەرە مەسەلەی سەرەکی، چونکە بینەران تەنگەنەفەس دەبن. شتێکی

24- Dagny Lind

٢٥- Victor Sjöström 1879 - 1960 کارەکانی ڤیکتۆر خیرستۆرم لە ماوەی شەست ساڵدا وەک دەرهێنەر، ئەکتەر و سیناریۆنووس، ئەوی کردۆتە یەکێک لە هەرە ناوە دیارەکانی مێژووی فیلم و شانۆی سوێدیی لە سەدەی بیستەمدا. و.ک

گچکە دەبێ وەک شتێکی گچکە مامڵەی لەگەڵدا بکرێت بەبێ ئەوەی پێویست بێ کە ئەوە وەک شتێکی گچکە وەدیارکەوێت. ئیدی هەروا بەڕێگا قیرەکەدا دەسووڕاینەوە و دەهاتین و دەچووین. ئەویش دەستی کردبووە ملم، ڕێکوڕەوان دەدوا، ساکار و چ لێم تووڕە نەبوو، ئەگەرچی من زۆر لاساریش بووم.

هاوینێکی گەرم بوو. ڕۆژەکان لە ستۆدیۆدا و لەژێر ئەو ساپیتە شووشەییەدا قورس و خەمین بوون. ئەو کات لە میوانخانەیەکدا لە گاملەستان[٢٦] دەژیام. هەموو ئێوارەیەک خۆم بەسەر تەختەنوێنەکەمدا دەدا و لە حەژمەت پەژارە و شەرم ڕادەکشام. لە خۆرئاوابووندا بۆ لۆقنتەیەک دەچووم و شێوم دەکرد. پاشان بۆ سینەما دەچووم، هەمیشە سینەما، فیلمی ئەمەریکاییم دەبینین و بیرم دەکردەوە: دەبێ فێربم. خۆ ئەو جووڵاندنی کامێرایە سانایە، ئەوە شتێکە کە ڕووسلینگ دەرەقەتی دێت. ئەمەشیان مۆنتاژێکی جوانە، دەبێ لەبیرم بێت.

ڕۆژانی شەممە خۆم سەرخۆش دەکرد، هاوڕێیی پێرێکی خەراپم دەکرد، تووشی شەڕ و لێدان دەبووم و دەردەکرام. جار ناجار ژنەکەم دیدەنی دەکردم، وی دووگیان بوو، دەبووە هەرامان و دەڕۆیشت. وێڕای ئەوەش دەقی شانۆییم دەخوێندنەوە و خۆم بۆ وەرزی ئایندەی شانۆی شاری هێلیسنبۆری ئامادە دەکرد.

دەبوو لە (هێدێمورا)[٢٧] لە هەموو جێگاکاندا وێنە بگرین. نەمدەزانی بۆچی. ڕەنگبێ پێداویستییەکی تاریکم تێدابووبێ تا لەبەر چاوی دایک و باوکمدا خۆم دەرخەم کە ئەو هاوینە لە ڤۆرومس، چەند میلێک لە باکووری هێدمورا دەژیان. کەوتینە ڕێ. لەو کاتەدا ئەوە وەک گەشتێکی زانستی وابوو: ترومبێل گەل، دامەزراوەی ئامێرەکان، هەڵگری ئامێری دەنگ و هاتوباتی خەڵک. لە میوانخانەی شارەوانی لە هێدێمورا دابەزین.

هەنووکە دوو شت ڕوویان دا.

کەشوهەوا گۆڕا. باران بەتاو دایکرد و خۆشی نەدەکردەوە. (ڕووسلینگ) کە دواجار لەدەرەوە بوو، چ هەورێکی سەرنجڕاکێشی نەبینیبوو، تەنێ ئاسمانێکی یەک ئاست خۆڵەمێشی نەبێ. ئیدی دەرگای ژووری ئوتێلەکەی لەسەر خۆی داخست، خۆی سەرخۆش

26- Gamla Stan

27- Hedemora



کرد و ملی بۆ وێنەگرتن نەدەدا. هەروەها منیش زۆر زوو پەیم بەوەبرد کە گەرچی بەڕێوەبەرێکی نەگبەتی گرووپی وێنەگرتنی ناو ستۆدیۆ بووم، کەچی هەنووکە لێرە، لە هێدیمورای باراناوییدا لەوەش خەراپترم.

زوربەی زۆری ئەندامانی گرووپەکە لە ئوتێل دەمانەوە، کاغەزێنیان دەکرد و دەیانخواردەوە. ئەوانی تریش خەم[٢٨] باڵی بەسەردا کێشابوون و دووچاری خەمۆکی ببوون. هەمووان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو ئاووهەوا خەراپە هەڵەی دەرهێنەرەکەیانە. هەندێ لە دەرهێنەران لە کەشوهەوادا بەختیان هەیە و هەندێکی تریان بێ بەختن، دەی منیش یەکێک لەو دەرهێنەرانەی جۆری دووەم بووم.

چەند جارێک هورووژمان بۆ دەرەوە برد، (رایەڵ)ی سواربوونمان دامەزراند، لەمپا زل و ناقۆڵاکانمان هەڵواسین، بەدامەزراوی ئامێرەکان و هەڵگری ئامێری دەنگەوە چووینە پێش، کامێرا دێبری[٢٩]یە قورسەکەمان لەسەر ستاند دامەزراند، لەگەڵ ئەکتەرەکاندا پرۆڤەمان کرد، لە کلاکێت درا، هەمدیس تاوەبارانی نوێ. لەبەر دەروازەکاندا ڕادەوەستاین، لە ترومبێلەکاندا دادەنیشتین، لە دوکانی شیرینی فرۆشێک لاماندەدا، باران شەستی دەکرد و ڕووناکی خامۆش بوو. ئیدی کاتی ئەوەبوو بۆ ئوتێل بگەڕێینەوە و شێو بکەین. کاتێک هەندێ جار لەمیانەی خۆشبوونەوەی باران و وەدیارکەوتنی تیشکی خۆردا، دەمانتوانی دیمەنێک وێنەبگرین، شڵەژان و وروژانێکی وا دایدەگرتم کە بەگوێرەی قسەی شاهیدعەیانێکی بەڕێز وەک شێت هەڵسوکەوتم نوواندووە. هاوارم کردووە، جنێوم داوە و هێرشم کردۆتە سەر خەڵکانی دەوروبەر و دانیشتووانی هێدمۆرام بەنەفرەت کردوون.

ئێواران زۆر جاران دەنگە دەنگ و شەڕ و هەرا لە دەوروبەری ئوتێلەکە ڕووی دەدا. پۆلیس دەخاڵەتی دەکرد. بەڕێوەبەری ئوتێلەکە هەڕەشەی دەرکردنی لێ دەکردین. (مارینێ لۆفگرێن)[٣٠] لەسەر مێزێکی چێشتخانەکە سەمای (کان کان)ی کردبوو (زۆر لێزانانە و بەچێژ)، بەڵام کەوتبووە خوارەوە و پارکێتەکەی شکاندبوو.

دوای سێ هەفتە پیاوماقووڵانی شار شەکەت بوون، پێوەندییان بەکۆمپانیای

٢٨- لە دەقەکەدا، lappsjuk بەکارهاتووە کە مەبەست لە حاڵەتێکی خەمۆکییە و ئەو کەسانە دووچاری دەبن کە لە باشووری سوێدی تا ڕادەیەک قەرەباڵختر و ئاووهەوا خۆشترەوە سەردانی باکووری سارد و تا ڕادەیەک چۆڵتر دەکەن. و.ک

29- Debrikameran

30- Marianne Löfgren

سڤێنسگ فیلم ئیندیوستری یەوە گرت و سوێندی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکەیان دا کە بۆ خاتری خودا ئەم خەڵکە شێتوویێتانە بۆماڵی خۆیان بەرنەوە.

ڕۆژی دواتر فەرمانمان پێدرا دەسبەجێ دەست هەڵگرین. بەبیست ڕۆژ وێنەگرتن، چوار دیمەنمان لە بیست دیمەن وێنە گرتبوو.

بۆ لای (دیملینگ) بانگ کرام. بەتوندی سەرکۆنەی کردم. هەڕەشەی ئەوەی لێ کردم کە فیلمەکەم لێ دەسەنێتەوە. وا بزانم (ڤیکتۆر خیۆسترۆم) دەخاڵەتی کردبوو. نازانم.

ئەمە شتێکی زەحمەت بوو، بەڵام ئەم زەحمەتییە خەراپتر دەبوو. لە فیلمەکەدا دیمەنێک هەبوو کە ساڵۆنێکی جوانکردنی پیشان دەدا، بەگوێرەی سیناریۆکە ئەو ساڵۆنە بەپەنا شانۆیەکی گۆرانی و مۆسیقاوە بوو. ئێواران دەنگی مۆسیقا و پێکەنین لە شانۆکەوە دەهاتە گوێ. من هەوڵم بۆ ئەوەبوو ئەو شەقامە دروست بکرێت، چونکە چ جۆرە جێگایەکی شیاوی لەو جۆرەم لە ستۆکهۆڵم شک نەدەبرد. ئەوە پارەیەکی زۆری تێدەچوو، سەرەڕای هەلومەرجی ناجۆری خۆم و ئەو گوشارەی کە لە سەرم بوو، من لەوە حاڵی دەبووم. بەڵام تێڕوانینێکم لەبارەی سەری خوێناوی (ژاک) ەوە لەژێر ڕۆژنامەکەدا هەبوو، بریقوباقی تابلۆی سەر دەرگای شانۆکە، پەنجەرە ڕووناککراوەکانی ساڵۆنی جوانکردنەکە بەڕوخسارە مۆمیاییەکانی ژێر پێروکە بەشێوەیەکی هونەریی دروستکراوەکانەوە، قیری تەڕ بەباران و دیواری خشتین لە دواوە. من دەمویست خاوەنی ئەو شەقامەی خۆم بم.

مایەی سەرسوڕمانم بوو کە بەبێ وتووێژکردن ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکە کرا. دەسبەجێ پرۆسە گەورەکەی ڕۆنان لە ناوچەیەکی پاکوتەمیزی سەد مەترێک دوور لە ستۆدیۆی گەورە[٣١]، دەست پێکرا. بەردەوام سەردانی شوێنی کارەکەم دەکرد و تا ڕادەیەک هەستم بەشانازی دەکرد کە توانیومە پرۆژەیەکی ئاوها گرانبەها بخەمەگەڕ. مەزەندەم دەکرد سەرەڕای شەڕ و زەحمەتییەکان، دەستەی بەڕێوەبەر متمانەیان بەفیلمەکەم هەیە. بەڵام ئەوەی لێی حاڵی نەبووم ئەوە بوو شەقامەکەم ببێتە چەکێکی باش و کارا بەدەست ئیدارەی دەسەڵاتخوازی ستۆدیۆکەوە، چەکێک ئاراستەی من و دیملینگ کرابوو کە هێشتا دەیپاراستم. هەمیشە گرژییەکی بەردەوام لەنێوان بیرۆی سەرەکی، کە تەنها بڕیار بەدەست و شاری فیلم کە فیلمەکانی بەرهەم دەهێنان، هەبوو. دەبوو خەرجی زۆر و تەواوێک بێ مانای شەقامەکە لەسەر فیلمەکەم بنووسرێ و ئەمەش دەرهێنانەوەی ئەو پارە تێچووەی

31- Stora Ateljen



دژوار دەکرد. بەو شێوەیە هەمووان دڵی خۆیان خۆش دەکرد و پیادەڕۆکەش بەردرێژ دەکرا.

هەلومەرجی وێنەگرتنیش ئاراستەیەکی دزێوی بەخۆوە گرت: دیمەنی یەکەم لە ئێوارەیەکی پاییز و دوای تاریک داهاتندا وێنەگیرا. ئەوە وێنەیەکی گشتیی بوو. کامێراکە لەسەر جێگایەکی سێ مەتر بەرز دامەزرێنرابوو. گڵۆپی تابلۆی شانۆکە بریقوباقی بوو، ژاک گوللەی بەخۆیەوەنا، (ماریانێ لۆفگرێن) کەوتبوو بەسەر لاشەکەدا و بەجۆرێک دەیزریکاند کە سۆی دەبردە دڵەوە. ئەمبۆلانس دەگات، قیرەکە دەدرەوشێتەوە و بووکەشووشەکانی ساڵۆنەکە زەق زەق دەنۆڕن. من توند بەستاندی کامێراکەوە نووسابووم، نەخۆش بەسەرەسووڕێ، بەڵام مەست بەهەستی دەسەڵات: هەموو ئەمە داهێنانی منە، ئەمە ئەو واقیعییەتەیە کە من پێشبینیم کرد و نەخشەم بۆ داڕشت و بەئەنجامم گەیاند.

واقیعی ڕاستەقینە، خێرا و توند گورزی خۆی دەوەشێنێ. دەبوو کامێراکە داگیرێت. یەکێک لە یاریدەدەرەکان زۆر چووبووە ژێر گوشاری ستاندەکەوە و لەگەڵ یاریدەدەرێکی تردا کامێراکەی لەسەر ستاندەکە بەرزکردەوە. لەناکاوێکڕا کامێراکە لێبۆوە و پیاوەکەش دەستەپاچانە بۆ سەر عەردەکە کەوتە خوارەوە و کامێرا قورسەکەش بەسەریدا کەوت. زۆر بەوردی ڕووداوەکەم بیر نییە. هەڵبەت ئامبۆلانس هات و توانی دەسبەجێ بریندارەکە بۆ نەخۆشخانەی کارۆلینسکا بگوێزێتەوە. گرووپی وێنەگرتن پێیان لەسەر ئەوە داگرت وێنەگرتن ڕابگرن لەبەرئەوەی هەمووان دڵنیابوون هاوڕێکەیان مردووە یاخۆ گیان دەدا.

نۆرە زەندەقچوونێک لەخۆوەی پێچام و داواکەیانم ڕەت کردەوە، بەڕوویاندا قیژاندم بەوەی کە هاوڕێکەیان سەرخۆش بووە، کە هەمووان هەمیشە لەمیانەی وێنەگرتنی ئێواراندا سەرخۆشن (شتێک کە تا ڕادەیەک وا بوو)، هاوارم کرد کە من بەتاقمێک گێرەشێوێن و خەڵکانی ناکەسبەچە دەورەدراوم، پێمگوتن وێنەگرتن بەردەوام دەبێ تا هەواڵمان لە نەخۆشخانەوە بۆ دێ کە بزانین کابرای بریندار مردووە یان نا. هاوکارەکانم بەکەمتەرخەمی، تەمبەڵی و بێ باکی تاوانبار کرد. کەس لە ئامادەبووان وەڵامی نەدامەوە، بێدەنگییەکی کپی سوێدییانە گەمارۆی دام. لەسەر وێنەگرتن بەردەوام بووم، هەموو بەرنامەکەمان تەواو کرد، بەڵام هەموو شتێک لەوەی مەزەندەم کردبوو، لە ڕوخسار، کەرەستە و قلافەتەکان سڕدرانەوە. ئیدی لە وزەمدا نەمابوو، ڕۆیشتمە تاریکی و لە تووڕەیی و نائومێدیدا کوڵی گریانم بەربوو.

دواتر مەسەلەکە بەبێدەنگی سپێردرا، برینی پیاوەکە قورس نەبوو، ئەمە جگە لەوەی کە هۆشیاریش نەببوو.

ڕۆژەکان بەقورسی دەچوونە پێش. (روسیلنگ) هەنووکە ڕاشکاوانە دوژمنایەتی دەکردم و گاڵتەی بەپێشنیارەکانم سەبارەت بەدامەزراندنی کامێرا دەهات. کۆمپانیای شتنەوەی فیلم وێنەیەکی دەداینێ کە یان زۆر ڕووناک بوو یاخۆ زۆر تاریک. سەرۆکی گرووپی وێنەگرتنەکەم دەیدا لە قاقای پێکەنین و بەپشتیدا دەکێشام. وی هاوتەمەنی خۆم و پێشتر یەک فیلمی دروست کردبوو. هەمیشە لەگەڵ بنکەی کارەبادا لەسەر کاتەکانی کار و پشوو شەڕم بوو. ئەودوای دیسپلینی کار بزر بوو، خەڵکەکە کەنگێ بیانویستبا دەهاتن و دەڕۆیشتن. ئاخر ئیدی من تڕۆ کرابووم.

لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیەکم هەبوو ئەوەی ڕەت کردەوە لەتەک گورگەکاندا بلووریێنێ. ئەویش (ئۆسکار روساندێر)[32]ی مۆنتێری فیلمەکە بوو. وی خۆی لە مقەست دەچوو، هەموو شتێک لای ئەو تیژو سنوور بۆ دانراوبوو. بەسکوڕنین[33]ێکی بە شکۆیانە دەئاخڤی و تا ڕادەیەک بەستایلێکی ئینگلیزییانە بەخۆیدا دەنازی، ڕقێکی هاوڕێیانەی بەسەر دەرهێنەران، ئیدارەی ستۆدیۆ و هەموو سەرە گەورەکانی بیرۆی سەرەکیدا دەباراند. وی پیاوێکی خوێندەوار و خاوەن کۆکراوەیەکی پورنۆگرافیکی[*] شیاو بوو. ساتەوەختی گەورە لە ژیانی ئەودا کارکردنی بوو لەگەڵ میر ولیالم[34] دا کە ناو بەناو کورتە فیلمێکی لە کۆمپانیای سڤێنسک فیلم ئیندیستیۆری دروست دەکرد. هەمووان کەمەکێک لە ئۆسکار دەترسان، کەس نەیدەزانی کەنگێ ئەو بەنیازە کەسێکی میهرەبان بێ یاخۆ بکوژ. بەنەزاکەتێکی جوامێرانەی مۆدێل کۆنەوە مامڵەی ژنانی دەکرد بەڵام مەودایەکی لەنێوان خۆی و ئەواندا دەهێشتەوە. دەگوترا کە لەماوەی بیست و سێ ساڵدا هامشۆی هەمان قەحپە دەکات، هەفتەی دوو جار و لە هەموو وەرزێکدا.

کاتێک دوای کۆتایی هاتنی وێنەگرتن، نائومێد و خوێن لەبەر ڕۆییو و تووڕە بۆ سەردانی چووم. بەمیهرەبانییەکی بابەتییانەی ڕاشکاوانەوە پێشوای کردم. بێڕوحمانە ئاماژەی بۆ هەموو ئەو شتانە کرد کە لە فیلمەکەمدا خەراپ و نزم و ناماقووڵ بوون. بەڵام لەسەر ئەو شتانەی کە بەباشی دەزانین ستایشی کردم. وێڕای ئەوە لە نهێنییەکانی مۆنتاژ ئاگاداری کردم، یەکێک لەوانە ڕاستییەکی بنەڕەتییە بەوەی مۆنتاژ پێشتر لەمیانەی

32- Oscar Rosander

٣٣- skorrning گۆکردنی پیتی (ر) بەقورگ کە بەشێوەی پیتی (غ) دێتە گوێ.

(*) pornografi نووسین یاخۆ وێنەی ڕووت.

34- prins Wilhelm



خودی وێنەگرتندا ڕوودەدات، ڕیتمیش لە سیناریۆوە دەخولقێت. من دەزانم کە ژمارەیەکی زۆر دەرهێنەر پێچەوانەی ئەوە کاردەکەن. وانەکانی (ئۆسکار روساندێر) بۆ من بنچینەیی بوون.

ڕیتم لە فیلمەکانی مندا لەمیانەی ئەو سیناریۆیەوە دیاری دەکرێت کە لەسەر مێزەکەیە و ئیدی لەبەردەم کامێرادا لەدایک دەبێت. هەموو جۆرەکانی ڕاگوزاری[35] بۆ من نامۆن، گەر ناچاری بڕیارێکی خێرا بکرێم ئەوا لە ترسدا ئارەقە دەردەدەم و وشک هەڵدەگەڕێم. سینەما لای من وەهمێکی لە وردەکاری پێکهاتووە، ڕەنگدانەوەی واقیعیش کە هەرچەندێک درێژتر بژیم، زیاتر و زیاتر لەلام وەهمییانە خۆ دەنوێنێت.

گەر فیلم دۆکیۆمێنت نەبێت ئەوا خەونە. هەر بۆیە (تارکۆڤسکی)[36] لە هەر هەمووان مەزنترە. ئەو ئاشکرایانە لەژوورەکانی خەوندا دەبزوێت، چ ڕاڤەیەک نادات. ئەدی دەبێ ڕاڤەی چ بکات؟ ئەو تەماشاکەرێکە کە دەتوانێ تێڕوانینەکانی خۆی لەقورسترین بەڵام هەروەها لە ئارەزوومەندانەترین کەناڵ لە هەموو کەناڵەکانی تر، دەربڕێت. من هەموو ژیانم لە دەرگای ئەو ژوورانەم داوە کە تارکۆڤسکی بەڕوونی تیایاندا بزواوە، تەنێ چەند جارێک توانیومە دزەبکەمە ژوورەوە. زۆربەی تەقەللا ئاگاییەکانم بەشکستێکی سەغڵەتئامێز کۆتاییان هاتووە: وەک ئەوەی لە فیلمەکانی هێلکەی مار، بەرکەوتن، ڕوو بەڕوو[37] و ئەوانی تردا ڕووی داوە.

فیللینی، کیورۆساوا و بونویل[38] وەک تارکۆڤسکی لە هەمان ئەو پانتاییانەدا بزواون. ئەنتۆنیۆنی[39] بەڕێوەبوو بەڵام مرد، بەهۆی بێزەوەری خۆیەوە خەفە بوو. مێلیێس[40] هەمیشە لەوێدا بووە بەبێ ئەوەی بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە. ئەو لە پیشەکەیدا جادووگەر بوو.

فیلم وەکی خەون، فیلم وەک موزیک. چ جۆرێکی هونەر نییە وەک فیلم توانای هەبێت بەئاگایی ڕۆژانەماندا تێپەڕێت و ڕێک ڕۆبچێتە نێو هەست و قووڵایی ژووری بوولێڵاوی ڕۆحمانەوە. پێداویستییەکی گچکە لە دەماری چاوماندا، کاریگەری شۆکێک: بیست و

35- improvisation

36- Tarkovskij

37- Ormens ägg, Beröringen, och Ansikte mot ansikte

38- Fellini, Kurosawa och Buuel

39- Antonioni

40- Melies

چوار گرتەی ڕووناک لە چرکەیەکدا، تاریکایی لەنێوانیاندا، دەماری چاو ناتوانێ تاریکایی تۆمارکات. کاتێک لەسەر مێزی مۆنتاژ، گرتە گرتە بەسەر شریتی فیلمەکەدا دەچمەوە، هێشتا هەمان ئەو هەستە سەرەسوورێیەی سیحر کە لە منداڵییدا دایدەگرتم، لەخۆیمەوە دەپێچێ: لە خوارەوە، لە تاریکایی کەنتۆرەکەدا بەکاوەخۆ هاندلەکە با دەدەم و گرتە دوای گرتە تەماشای فیلمەکە دەکەم، سەرنجی هەموو ئەو گۆڕانکارییە تا ڕادەیەک هەست پێنەکراوانە دەدەم کە ڕوودەدەن، خێراتر هاندلەکە با دەدەم، جووڵەیەک دەبینم.

سێبەری خەڵکانی بێدەنگ یان ئاخێوەر ڕاشکاوانە لە نهێنیترین ژوورەکانمدا دەبزوێن. بۆنی مێتاڵی گەرم، وێنەی لەرزیو و شەکاوە، خشە خشی خاچیماڵتایی، دەستم بەهاندلەکەوە.

***

بەرلەوەی تاریکایی تافی باڵقبوون گەمارۆم بدا و جەستە و زەینم بشڵەژێنێ، لە ئەزموونی ئەوینێکی بەختەوەرانەدا ژیابووم. ئەوە لەو هاوینەدا بوو کە بەتەنێ لە ڤورۆمس، لەلای نەنکم دەژیام.

هۆکاری ئەو پێوەندییەم لەبیر نییە، بەڵام ئەو هەستی قایلی و دڵنیایی و ئاسوودەیییەم لەیادە کە دایگرتبووم. ناو بەناو میوان دەهاتن و چەند ڕۆژێک دەمانەوە و دەڕۆیشتن. ئەمەش شادومانییەکەمی زیاتر دەکرد. گەرچی هێشتا منداڵ بووم، شێوەم منداڵ و هێشتا دەنگم گڕ نەببوو، کەچی نەنکم و (لالا) وەک کوڕێکی جاحێڵ تەماشایان دەکردم و هەر بەو چاوە مامڵەیان دەکردم. لەپاڵ بەشداریکردن لە ئەرکە زۆرەملێکانی ماڵدا (داربڕین، کۆکردنەوەی گزگل، وشککردنەوەی قاپ و قاچاخ و هێنانی ئاو) ئازاد بووم و بەئازادی دەهاتم و دەچووم. بەزۆری تەنیابووم و لەزەتم لەو تەنیاییيەی خۆم دەبرد. نەنکم لێم گەڕابوو لەتەک خەونەکانمدا بژیم. وتووێژە ئەفسووناوییەکانمان و خوێندنەوە بەدەنگی بەرز لە ئێوارانداا هەروا درێژەی هەبوو بەڵام هەرگیز بەتۆپزی نا. ئیدی من خۆم حوکمڕانیم بەسەر ژیانی خۆمدا دەکرد کە جاران هەرگیز وا نەبوو. هەروەها پابەندبوونی وردیش بەکات و وادەکانەوە وەک جاران نەما. هێشتا هەر درەنگ بەژەمەکانی خواردندا ڕادەگەیشتم، هەمیشە بابۆڵەیەک و پەرداخێک شیرم لە دۆڵابی خواردنەکەدا هەبوون.



تاقە شتێکی چەسپیو کە نەدەکرا لێی لابدرێت، بەیانییانی زوو بوو، سەعات حەوتی بەیانی وادەی فیقەنە لێدان بوو، یەک شەممموانیش وەک ڕۆژانی تری هەفتە. بەخاولی تەڕکردنی جەستە بەئاوی سارد کە لەلایەن خودی نەنکمەوە سەرپەرشتی ئەو ڕێوڕەسمە دەکرا. پاقژڕاگرتنی نینۆک و شتنی گوێچکە بەزاندنی ئەو ئازادییە بوون کە من بەحەوسەڵەوە بەڵام بەبێ لێتێگەیشتن بەرگەیم دەگرت. پێموایە نەنکم مەزەندەی دەکرد کە پاکوتەمیزیی دەرەکی، مەسەلە ڕۆحییەکان دەپارێزێ و بەهێزیان دەکات.

سەبارەت بەمن هێشتا بە چ کێشەیەکەوە گیرۆدە نەببووم. ئارەزووە سێکسوێلییەکانم تەمومژاوی بوون و ڕەنگیشە بەشێوەیەکی شاراوە، بەژێر هەستکردن بەگوناهەوە بووبن. هێشتا گوناهی خەتەرناکی جاحێڵی بەرۆکی نەگرتبووم. بەهەموو تەرزێک بێ تاوان بووم. ئەو توێکڵی درۆیانەی کە لەماڵی قەشەدا شانیان قورس کردبووم، هەنووکە کەوتبوونە خوارێ و ڕۆژ دوای ڕۆژ ئازاد لە هەر جۆرە شپرزەیییەک و بەبێ ترس و ئازاری ویژدان، دەژیام. دونیا شتێک بوو کە لێی حاڵی دەبووم و دەمتوانی خەون و واقیعی خۆم کۆنترۆڵکەم. خودا بێدەنگ و مەسیح بەخوێن و بانگهێشتە تاریکە تەمومژاوییەکانی عەزابی نەدەدام.

بەتەواوی لەلام ڕوون نییە کەنگێ مێرتا[1] هاتە ناو هەموو ئەو پێوەندییانەوە. خێزانێک هەبوو خەڵکی فالیون[2] بوو، هاوینان بەژمارەیەک منداڵەوە نهۆمی سەرەوەی کلێسای هاوبەشی دیوفنێس و یورمو[3] یان بەکرێ دەگرت کە زستانان ئەو نهۆمە بۆ وانەگەلی ڕۆشنبیری و نمایشی سینەمایی بەکاردەهات. چەند مەترێک لەولا خانووەکەوە، هێڵی قەتار ڕاکێشرابوو، لەسەر ئەرزی تایبەت بەو بینایەدا زۆنگاوێک هەبوو، لەخوار نشێوەکەوە کارگەیەکی گچکەی داربڕین هەبوو کە بەئاوی (گیمۆن)[4]، ڕێک بەرلەوەی بڕژێتە ڕووبارەکەوە کاری دەکرد. هەروەها ئەستێرکێکی زۆر لێژی پڕ لە زەرووی لێ بوو کە ڕاو دەکران و بەنێزیکترین ئەجزاخانە دەفرۆشران. هەموو شتێک بۆنی ئەو دارە تازە بڕدراوە بەتیشکی هەتاو گەرمەی لێدەهات کە لە دەوروبەری کارگە خۆڵەمێشییە نیوە وێرانەکەدا هەڵچنرابوو.

---

1- Märta
2- Falun
3- Dufnäs och Djurmo
4- Gima˚n

براکەم زۆر پێشتر هاوڕێیانی هاوتەمەنی خۆی لەنێو براکانی مێرتادا دۆزیبوونەوە. ئەوانە چاوقایم، شەڕانگێز و تامەزرۆی شەڕوشۆڕبوون، لەگەڵ منداڵانی خانەی میسیۆنێرەکاندا، کە لەوسەری باشووری گوند دەژیان، یەکیان دەگرت. ئەوسا دەکەوتنە ورووژاندنی منداڵە هاروهاجەکانی گوند تا لە نشێوێکی زۆر لێژدا، کە تەواوێک بەدڕکەزی پۆشرابوو، لە یەک بەربن. لەهەرلایەکەوە وەدیاردەکەوتن، بەدوای یەکتریدا ڕایان دەکرد و بەدار و بەرد لە یەکدییان دەدا. من خۆم لەو شەڕە سروت ئاسایانەی ئەوان بەدوور دەگرت. هێندەم بەس بوو لەبەرامبەر براکەمدا بەرگری لەخۆم کەم کە هەر کاتێک ویستبای لێی دەدام.

گەرمترین ڕۆژی هاوین، (لالا) بۆ پشتیرێکی هەناردم کە کەوتبووە ئەوبەری ڕووبارەکە و ئەودیو عەردە ڕووتەنەکانەوە. پیرێژنێک ساڵ دوازدەی مانگ لەوێ دەژیا کە ناوی (لیس-کیوللا)[5] و بەڵام بە(پووریێ)[6] بانگ دەکرا. ئەو کەسێکی سەیربوو، بەهۆی ئەزموونی دەرمانسازی و بەرهەمهێنانی پەنیرەوە، ڕێزی خەڵکی وەدەست هێنابوو. چەند ساڵێک گیرۆدەی نەخۆشی دەروونی ببوو، لەبری ئەوەی ڕەوانەی شێتخانەکەی (ساتێر)[7]ی بکەن، چونکە ئەوە بەرپرسیایی بۆ کەسوکارەکەی لێکدەدرایەوە، لە کوختێکی کێڵگەکەدا حەپس کرابوو. هەندێک جار هاوار و قیژەی دەگەیشتە گوند. بەیانییەکیان زوو لە دەرەوەی ڤۆرومس ڕادەوەستێ، دەسەسڕێکی وەکی سینی لەنێو دەستیدا دادەنێ و داوا لە نەنکم دەکا چوار کرۆنی بۆ بکاتە سەر دەسەسڕەکە. خۆ گەر ئەو پارەیەی نەدرێتێ ئەوا پەلک و چڵی درەخت بەرێگاکەدا بڵاو دەکاتەوە تا کوڵەوەیبابی تێداکۆببنەوە و بەقاچ و قولی ڕووتی منداڵانەوە بدەن. نەنکم قسانی لەگەڵ لیس- کیوللا دا کردبوو، بانگی کردبووە ژووریێ و خواردن و ئاوی پێدابوو، وێڕای ئەوەش پارەی خۆی وەرگرتبوو، دوعای بۆ کردبووین. زمانی لە براکەم دەرهێناو و ئیدی بەکاوەخۆ دوور کەوتبۆوە.

ئێوارەیەکی ساردی زستان هەوڵی دابوو لە (گرۆدان)[8] خۆی لە (بێسنە)[9]دا بخنکێنێت. چەند زەلامێک لە بەلەمێکدا بینیبوویان و دەریانهێنابووەوە. دوای ئەو ڕووداوە ئیدی هێمن و ئاقڵ بەڵام کەمدوو ببوو. لە ئەمباری دانەوێڵەکە خۆی

5- Liss-Kulla

6- Moster

7- Säter

8- Gra˚dan

9- Bäsna



گۆشەگیرکرد، لەوێ خۆی بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو مەڕومالاَتانە تەرخان کرد کە هاوینان دەبرانە ئەوێ، زستانانیش قوماشی دەچنی و دەرمانی گژوگیای دەگرتەوە، داوودەرمانەکانی وی لە کولاَتەکانی پزیشکی گوند کاریگەرتر بوون.

ڕۆژێکی گەرم بوو. لە ئاوە ڕەشەکەی (سڤارت خیۆن)دا مەلەم دەکرد، لاولاوی ئاویی قەدە هەڵفڕیوێنەرەکانیان لە قوولاییەوە هێنابووە دەرێ. ئاوی ئەو زەریاچەیە هەمیشە زۆر سارد و زەریاچەکەش بێ بن دەهاتە بەرچاو، کەناڵێکی ژێر عەردی تویژینەوە لەسەر نەکراوی هەبوو کە بەڕووبارەکە کۆتایی دەهات. کوڕێک کە لە سڤارت خیۆندا غەرق ببوو، چەند مانگێک دواتر لاشەکەی بەکۆڵەگەیەکی لای (سولباکێن)[10]ەوە گیرسابۆوە. بینیبوویان زگی پڕبووە لە مارماسی و لە دەم و پاشەڵییەوە هاتبوونە دەرەوە.

بەڕێگە زەلکاوییەکەدا ڕۆیشتم. ئەو ڕێگەیە قەدەغەبوو، بەڵام من بەڕێگەکە بەڵەد بووم. بۆنێکی تیژ دەهات و ئاوە قاوەییەکەش لەنێوان پەنجەکانی پێمدا بلّقە بلّقی بوو. گەواڵە هەورێکی گچکە لە مێش و مێشەکەرانە شوێنم کەوتبوو.

پشتیرەکە کەوتبووە گوێ دارستانەکە و بناری تەپۆڵکەکەوە. لەوەڕگەکە بەشێوەی شەپۆل بەرەو باشوور لێژدەبۆوە. جەنگەڵەکە ڕووەو باکوور بەرەو چیاکە درێژدەبۆوە. تەویلە و ماڵ و ئەمبارەکە بەڕەنگی سوور بۆیاخکراو و ڕێکوپێک بوون، تازەکی بە خشت ساپیتەی بۆ کرابوو، زەوییە گوڵ تێدا ڕوێنراوەکان باش خزمەتکراو بوون. کەسوکارەکەی لیز- کیوللا لە جوتیارە باشەکان بوون، هەنووکەش کە پووریێ ئەقڵی وەبەر هاتبۆوە، چ شتێکی لە شانازییەکانی ئەوان پێ گرنگ نەبوو.

پووریێ کەسێکی بەژن زراڤ و تەوقە سەری چەند تاڵێکی ماشوبرنجیی تێ کەوتبوو. چاوانی شینێکی تۆخ. ڕوخساری بەهێز، دەمێکی درێژکۆڵە، کەپووی گەورە، نێوچەوانی پان و گوێچکەی قووت. قۆڵ و قاچ ڕووت لە حەوشە خەریکی داربڕین بوو. (مێرتا) لاکەی تری مشارەکەی گرتبوو.

دەرکەوت مێرتا بۆیە بۆ پشتیرەکە گواستوویەتییەوە تا بەرامبەر کرێیەکی کەم یارمەتی لیس-کیوللا لە سەرپەرشتیکردنی ئاژەڵان و کاروباری تردا بدات.

شەربەتی ترێی فەرەنگی و بابۆڵەیان بەش دام، لەسەر مێزی بەردەم پەنجەرەکە دانیشتم. لیس-کیوللا و مێرتا لای تەباخەکەوە دانیشتن و لەژێرپیاڵەدا کەوتنە

10- Solbacken

قاوەخواردنەوە. ئەو ژوورە تەسک و تروسک و گەرمە بۆنی شیری ترشاوی لێدەهات، مێش بەهەموو شوێنێکەوە و گیزەگیزیان ئەو ناوەی لێ پڕ ببوو. ئەو دەرمانە لینجەی کە بۆ مێش کوشتن بەکاردەهات، لەبەر مێش وەکی قوڕێکی بزۆزی هێور ڕەش دەچۆوە.

لیس-کیولِلا هەواڵی تەندروستی خاتوو نیلسۆن و خاتوو (ئۆکێربلوم)ی لێ پرسیم. منیش وەڵامم دانەوە باشن. سەلکە پەنیرێکی گەورەیان پێچایەوە و لە هەگبەکەمدا دایاننا، تۆقەم لەگەڵ کردن و نوشتامەوە و سوپاسی ئەو میواندارییەم کردن و پاشان خواحافیزیم کرد. لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان مێرتا تا شتێک لە ڕێگاکە لەگەڵم هات.

گەرچی لەگەڵ مێرتادا هاوتەمەن بووین بەڵام ئەو نیو سەر لە من کەڵەگەتتر بوو. ئەو بەخۆ و کەتە بوو، پرچە کورتەکەی بەهۆی هەتاو و مەلەوە تا ڕادەیەک سپی هەڵگەڕابوو. لێوی باریک و دەمی پان، کە پێدەکەنی پێموابوو ئەملاولای دەمی دەگاتە گوێی و ددانە سپی و بەهێزەکانی وەدیاردەکەوتن. چاوانی شینێکی کاڵ و وەک بڵێی سەرسوڕماو. برۆی زەرد وەکی پرچی، کەپووی ڕێک و درێژ و گرێیەک لە کۆتاییەکەیدا، شانی تۆکمە، بەڵام سمتی بەرز نەبوو، قۆڵ و قاچیشی درێژ و سووتاو بەهەتاو و بەگەندەمووی ئاڵتوونیی ڕەنگ پۆشراو. بۆنی تەویلەی لێدەهات و بۆنەکەی وەک بۆنی زەلکاو تیژ بوو. ڕەنگی جلکەکەی لە بنەڕەتدا شین بوو، بەڵام نەشۆراو و شڕوپڕ. ژێر قۆڵ و بن باڵەکانی بەئارەقە ڕەش دەچۆوە.

خۆشەویستییەکەمان لە چاوترووکانێکدا دروست بوو- وەک ئەوەی نێوان ڕۆمیۆ و ژولێت. بەجیاوازی ئەوەی کە هیچ کام لە ئێمە لە خەیاڵی ئەوەدا نەبووین دەست لەوەی ترمانەوە بدات، بۆ ماچ ئەوە هەر هیچ.

ئیدی بەبیانووی ڕاپەڕاندنی کاروبارەوە، من هەر لە بەیانی زووەوە لە ڤۆرومس بزر دەبووم و دوای خۆراوابوون دەگەڕامەوە. ئەوە چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو. تا دواجار نەنکم ڕاشکاوانە لەو بارەیەوە پرسیاری لێ کردم و ئیدی منیش ددانم پێدانا. نەنکم لەدانایی خۆیەوە مۆڵەتێکی بێ سنووری لەسەعات نۆی بەیانییەوە تا نۆی ئێوارە پێدام. هەروەها پێشیگوتم مێرتا هەمیشە ڤۆرومس ماڵی خۆیەتی، ئەوە نیعمەتێک بوو کە من و مێرتا بەحاڵ دەمانتوانی کەڵکی لێ وەربگرین، لەبەرئەوەی برا گچکەکانی خێرا پەییان بەکەینوبەینەکەمان بردبوو. ڕۆژێکیان زاتمان کرد و بەجووتە بەرەو (گیمۆن)، بۆ ڕاوەماسی دابەزین، لەنزیک یەکەوە دانیشتین بێ ئەوەی دەستمان بەر یەکدی بکەوێت، لە پڕ



کۆمەڵێک منداڵی چەتوون لە تەلانێکەوە سەریان دەرهێنا و گۆرانییەکی حەیابەرەیان بەسەردا هەڵداین. منیش پەلامارم دان و دەستێکم وەشاند بەڵام لێدانێکی تا ڕادەیەک باشم خوارد. مێرتا هیچ بۆ یارمەتیدانم نەکەوتەخۆ، پێدەچوو بیەوێت بزانێت چۆناوچۆنی دەتوانم دەرەقەت بێم.

چ قسانی نەدەکرد، ئەوە من بووم قسانم دەکرد، هیچ کاممان دەستی بەر ئەوی ترمان نەدەکەوت، یان دادەنیشتین یاخۆ ڕادەکشاین یاخود نزیک لەپاڵ یەکدیدا ڕادەوەستاین، برینی یەکدیمان دەلێسایەوە و ئەو جێگایانەی یەکتریمان دەخوراند کە مێشوولە پێوەی دابوو. بەشەرمەوە لەهەموو جۆرە کەشوهەوایەکدا مەلەمان دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ کاممان تەماشای ڕووتیی ئەویترمان بکات. من هەرچەندێک توانیبام لە کاروباری پشتیرەکەدا یارمەتی ئەوم دەدا بەڵام نەختێک لە مانگاکان دەترسام. وێڕای ئەوەش تانژییەکە بەئیرەییەوە چاودێری دەکردم و هەمیشە گازی لە قاچم دەگرت. هەندێ جار مێرتا سەرزەنشت دەکرا. ئاخر پووری لە بەجێهێنانی کاروبارەکاندا زۆر وردبوو، جارێکیان مێرتا شەپازللەیەکی خوارد، لە حەژمەت تووڕەیی گریا، من نەمتوانی دڵی بدەمەوە.

ئەو بێدەنگ و منیش ڕیز ڕیز دەدوام. بۆم گێڕایەوە کە ئەو باوکەی ئێستا هەمە، باوکی ڕاستەقینەی خۆم نییە، بەڵکوو من کوڕی ئەکتەرێکی بەنێوبانگم کە ناوی (ئەندێش دی وال)[11]ە. پێیمگوت بێریمانی قەشە ڕقی لێمە و دەمچەوسێنێتەوە و ئەمەش شتێکە کە پێویستە مرۆڤ تێیبگات. پێیمگوت هێشتا دایکم (ئەندێش دی وال)ی خۆشدەوێ و بۆ هەموو یەکەمین ئێوارانی نمایشەکانی دەچێت. جارێکیان ڕوخسەتم پێدرا و لە دەرەوەی شانۆکە بینیم، بەچاوانێکی فرمێسک تێزاوەوە تەماشای کردم و نێوچەوانی ماچ کردم. بەدەنگە خۆشەکەی بەگوێمدا چرپاندی: منالەکەم خودا بەرەکەتت بدات. پێیمگوت مێرتا تۆ دەتوانیت لە ڕادیۆدا گوێت لەباوکم بێت کاتێک ناقوسەکانی ساڵی نوێ دەخوێنێتەوە! پێمگوت (ئەندێش دی وال) باوکی ڕاستەقینەی منە و منیش دەمەوێ دوای قوتابخانە یەکسەر لە شانۆی دراماتن ببمە ئەکتەر.

پاسکیلە کۆنەکەی نەنکم بەپردی هێڵی قەتارەکەدا کێش کرد، بەڕێگا باریک و پێچاوپێچەکانی خوار دارستانەکەدا، لار و خوار دەڕۆیشتین. مێرتا پاسکیلەکەی دەئاژوو و منیش لە دواوە دانیشتبووم و بەپەنجەی وشکهەڵگەڕاوەوە توند پەڕەکانی زینی

11- Anders de Wahl

پاسکیلەکەم گرتبوو. بەرەو سەردانی کۆڕێکی ڕابوونەوە[١٢] دەچووین لە (لێنهێدێن)[١٣]. مێرتا کەسێتییەکی ئیماندار و بەدەنگێکی پڕ خرۆشەوە گۆرانییە سەبووریی هێنەکانی دەچڕی. نەمدەتوانی کۆنترۆڵی بێ ئارەزوویی خۆم لە ئاین بکەم، من ڕقم لە خودا و لە مەسیح دەبۆوە، بەتایبەتی مەسیح بەنەغمەی دەنگ و خوانە قوڕاوییەکەی و خوێنەکەیەوە لەلام شتێکی قێزەوەن بوو. خودا نییە، کەس ناتوانێ بیسەلمێنێ هەیە. گەر خودا هەبێ ئەوا خودایەکی بەئاشکرا دزێو، هیچوپووچ، نا بەخشندە و لایەنگیرە. ئەمە ئیدی کەی خودایە! تەنێ تەورات بخوێنەرەوە، لەوێدا ئەو، بەهەموو درەوشانەوەیەکی خۆیەوە دەبینیت. دەبوو ئەو خودای ئەڤین با و هەمووانی خۆشویستبا. هەڵبەت وەک ستریندبێری دەڵێ: دونیا چاڵێک گووە.

مانگ چواردە و بەڕەنگێکی سپی بەسەر گردۆڵکەکانەوە دەدرەوشایەوە. ئەو تەمەی لە زەریاچەکەوە بەرزدەبۆوە بێ جووڵە بوو. گەر زۆر قسانم نەکردبا ئەوا بێدەنگی سەراپاگیربوو، ناچاربووم بەمێرتا بێژم لە مردن دەترسێم. قەشەیەکی پیری دەیرەکە کوتوپڕ مردبوو، لە ڕۆژی بەخاک سپاردنیدا لە تابوتێکی سەرکراوەدا ڕاکشابوو، میوانەکان لە ژوورەکەی تەنیشتەوە شەرابیان دەخواردەوە و کێکیان دەخوارد. هەوا گەرم بوو. مێش بەدەوری لاشەکەدا گیزەگیزی بوو. ڕوخساری بەقوماشێکی سپی داپۆشرابوو لەبەرئەوەی نەخۆشییەکەی شەویلاگەی سەرەوە و لێوی کرۆژتبوو. بەهۆی بۆنی قورسی گوڵەوە بۆنێکی خۆش دەگەییە کەپوو، کوتوپڕ قەشەی نەفرەتی جولاّو دانیشت، قوماشە پەڵەپەڵاوییەکەی سەر ڕوخساری دڕاند و دەموچاوە گەنیوەکەی کەوتە ڕوو، پاشان بەلادا کەوت، تابووتەکە هەڵگەڕایەوە و هەموو شتێک کەوتە ڕوو. ئەوسا بونیادەم دەیتوانی سەرنج بدات کە قەشەژن ئەڵقەیەکی ئاڵتوونی کردبووە زەکەری مێردەکەی و ئەنگوستیلەیەکیشی ڕۆبردبووە قوونییەوە. بەمێرتام گوت: مێرتا بەڕاستمە، من خۆم لەوێ بووم، خۆ گەر باوەڕیشم پێناکەیت ئەوا لە براکەم بپرسە کە ئەویش لەوێ بووە، بەڵام هەڵبەت بوورایەوە. نا، مردن شتێکی دزێوە، مرۆڤ نازانێ لەدوای ئەوەوە چیتر دێت. ئەوەیشی مەسیح دەیلێ کە لە ماڵی بابمدا مەسکەن زۆرە، ئەوە من باوەڕم پێی نییە. وێڕای ئەوەش سوپاسی دەکەم. گەر من هەر بەڕاستی لە مەسکەنی باوانم ڕزگارم بووبێ ئەوا ئیتر ناگوێزمەوە لای کەسێکی تر

١٢– väckelsemöte مەبەست لە کۆڕ و کۆبوونەوەی گرووپێکی ئاینییە کە چالاکانە کار بۆ ئیمانپێهێنانی خەڵک بۆ ئاینی مەسیحی دەکەن. و.ک

13- Lännheden



کە بەئەگەری زۆر لەو خەراپترە. مردن ترسناکە و دەربازبوون لێی مەحاڵە، نەک لەبەر ئەوەی بەسۆیە، بەڵکوو لەبەرئەوەی پڕە لە خەونگەلی دزێو کە مرۆڤ ناتوانێ لێیان وەئاگابێتەوە.

ڕۆژێکیان باران بەخوڕ دەباری. پووریّ بۆ سەردانی هاوسێیەک چووبوو کە ئازاری گەدەی هەبوو. من و مێرتا لە ژوورە گەرمە تەسک و ترووسکەکەدا بەتەنێ بووین. ڕووناکی ڕۆژ هاوسەنگ و باران بەسەر شووشەی هەردوو پەنجەرە گچکەکەدا دەهاتە خوارێ و لە سەربانەکە خوڕەی دەهات. مێرتا گوتی دوای ئەم بارانە دەبینی کە ئیدی هەر بەڕاستی پاییز دێت. من کوتوپڕ پەیم بەوەبرد ڕۆژەکان لە تەواو بووندان و ئەبەدییەتەکەمان بەرەو کۆتایی دەچێ و ساتەوەختی جیابوونەوە بەڕێوەیە. مێرتا بەسەر مێزەکەدا نوشتایەوە، هەناسەی بۆنی شیری لێدەهات. گوتی: سەعات حەوت و چارەک قەتارێکی شمەک لە بورلێنگێ[١٤] وە دەردەچێت. دەتوانم گوێم لێی بێ کە دەکەوێتە ڕێ. ئیدی ئەو کات بیرت لێدەکەمەوە. تۆیش گوێڕادێرە و بنۆڕە، هەرکاتێک قەتارەکە بەڤۆرومسدا تێپەڕی، ئەوا تۆیش بیر لە من بکەوە.

دەستە پانە بەهەتاو سووتاوەکەی بەنینۆکە پیسە کرۆژراوەکانیەوە ڕایەڵ کرد، دەستم نایە نێو دەستی و ئەویش دەستمی لەنێو دەستی خۆینا. من ئیدی بێدەنگی دایگرتم لەبەرئەوەی خەمێکی قورس حەپەساندبوومی.

پاییز هات و ناچاربووین بەپێڵاو و گۆرەوییەوە ڕێ بکەین. کۆمەکی ئەوانی ترمان لە کۆکردنەوەی شێلم و سێوی گەییودا دەکرد. پاشان شەختە هات و هەموو شتێک لە فەزا و لە ئەرزدا وەک شووشەی لێهات. ئەستێرکەکەی نزیک خانەی میسیۆنێران بەچینێکی تەنک لە زوقوم پۆشرا، دایکی مێرتا خەریکی شکاندنی بوو. هەتاو لە نیوەڕۆدا تینی تێدەکەوت، بەڵام لە ئێوارەدا ساردی دەکرد. کێڵگەکان کێڵراو و دەڕاسەکان وڕەیان دەهات. ئێمە هەندێ جار بۆ یارمەتیدان دەکەوتینەخۆ، بەڵام حەزیشمان لەوە بوو خۆمان ون کەین.

ڕۆژێکیان بەلەمەکەی (بێرگلوند)[١٥] مان قەرد کرد و بۆ ڕاوی ماسییە مراوی چووین. ماسییە مراوییەکی گەورەمان ڕاوکرد کە پەنجەی گەستم. کاتێ (لالا) ناوزگی ماسییەکەی

14- Borlänge
15- Berglund

هەڵدڕی، ئەڵقەیەکی هاوسەری تێدا دۆزییەوە، بەشووشەیەکی زەڕەبین نەنکم توانی ناوی هەڵکۆڵراوی (کارین)[١٦] لەسەر ئەڵقەکە بخوێنێتەوە. باوکم چەند ساڵێک لەوەوبەر ئەڵقەکەی خۆی لە (گیمێن)[١٧] بزرکردبوو، بەڵام چ مەرج نەبوو ئەوە هەمان ئەڵقەکەی باوکم بێت.

بەیانییەکی سارد و شێدار، نەنکم ناردینی بۆ دوکانێک کە دەکەوتە نێوان (دیوفنێس) و (یورمۆ) وە. کوڕەکەی (بێریلوند) بەپیکاپەکەی گەیاندینی کە ئەویش دەچوو بۆ ئەوێ تا ئەسپێکی پیر بفرۆشێت. ئێمە لەدوای پیکابەکەدا دانیشتبووین، پیکابەکە هێواش و قورس بەسەر ڕێگاکەدا ڕێی دەکرد کە باران پڕی لە چاڵوچۆڵی کردبوو. ئێمە خەریکی ژماردنی ئەو ترومبێلانە بووین کە بەلاماندا تێدەپەڕین یاخۆ بەرەو ڕوومان دەهاتن. ژمارەیان لەماوەی دوو سەعاتدا گەیشتە سێ ترومبێل. لە دوکانەکە کەلوپەلەکانمان لە کۆڵە پشتەکانماندا پێچانەوە و بەپێ بەرەو ماڵ بووینەوە. کاتێ گەیشتینە شوێنی جارانی بەلەمەکان، لەسەر کەڵەکێکی ڕەش دانیشتین، ئاوی سێومان خواردەوە و ئەو بابۆڵانەمان خواردن کە پێمان بوون. من لەبارەی جەوهەری ئەڤینەوە قسانم بۆ مێرتا کرد. بۆم ڕاڤە کرد کە بڕوام بەخۆشەویستیی ئەبەدی نییە، خۆشەویستیی خەڵک خۆپەرستانەیە، ئەمەش قسەی (ستریندبێری)یە لە شانۆنامەی (سەقاقوش)[١٨]دا. پێمگوت خۆشەویستی نێوان پیاو و ژن زیاتر بەرەڵاییە. باسی خانمێکی جوان بەڵام قەڵەوم بۆ کرد کە هەموو ئێوارانی پێنجشەممەیەک دوای ڕێوڕەسمی شێوی ڕەببانی لە ژووری شتە پیرۆزەکانی کەڵێسادا خۆشەویستی لەگەڵ بابمدا دەکات.

ئاوی سێوەکە چۆڕبڕ بوو، مێرتا شووشەکەی فڕێدایە ناو ڕووبارەکەوە. ئیدی لەبارەی جووتە عاشقە تراژیکییەکانی ناو ئەدەبیاتەوە بۆی دوام و کەمێک بەپارێزەوە بەزانیاری ئەدەبییانەمەوە خۆم بادا. کوتوپڕ خەمێک لەخۆوەی پێچام و سەرەسووڕەیەکی سەیر دایگرتم، بەجۆرە شپرزەییەکەوە بە(مێرتا)م گوت ئاخۆ من قسان زۆر دەکەم. ئەویش گوتی: نا، هەرگیز. وای گوت و بەحیرسەوە سەری لەقاند. ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بووم و بەزەینمدا هات چیرۆکێک لەبارەی ئەزموونە ئیرۆتیکییەکانی خۆم بهۆنمەوە، بەڵام زیاتر دڵم تێکەڵهات و لەدڵی خۆدا گوتم بڵێی ئاوی سێوەکە پیس نەبووبێت. دەبێ لەسەر

---

١٦- karin دایکی بێریمان.

17- Gimmen

18- Pelikanen



گژوگیای ڕێگەکە ڕاکشێم. بارانێکی جوان و سارد کەوتە بارین. ڕۆخی ڕووبارەکەی ئەوبەر لە تەمدا دیار نەما.

شەوێکیان بەفر باری. ڕەنگی ڕووبارەکە ڕەشتر هەڵگەڕا، هەموو سەوزای و زەردایییەک دیارنەمان، با خستی و بێدەنگییەکی قورس چۆکی دادا. گەرچی هێشتا دونیا نیوە ڕووناک بوو، کەچی ڕەنگێکی سپی پرشنگی دەدا و لەبەرئەوەی لە خوارەوە دەهات، لەو شوێنەی چاوی دەدا کە نەپارێزراو بوو. بەسەر وردە زیخی هێڵە ئاسنەکەدا بەرەو خانەی میسیۆنێران چووین. کارگەی خۆڵەمێشیی ڕەنگی داربڕینەکە، ئەژنۆ شکاو لەژێر قورسایی ئەو ڕەنگە سپییەدا، بێ نەوایانە چەمیبۆوە. ئاوی زۆنگاوەکە کەمی کردبوو، شەختەیەکی تەنک لەنزیک دەریچە داخراوەکانەوە کەوتبوو.

نەماندەتوانی بدوێین، نەشماندەوێرا لە یەکدی بنۆڕین، ئازارەکە زۆر بەسۆ بوو. تۆقەمان کرد و گوتمان خواحافیز، ڕەنگە هاوینی داهاتوو یەکتر ببینینەوە.

مێرتا بەخێرایی لە دوورەوە ئاوڕی دایەوە و پاشان بەڕاکردن بەرەو ماڵ بۆوە. منیش بەهەمان ڕێگەی زیخینی هێڵی قەتارەکەدا بەرەو ڤۆرومس بوومەوە و لە خەیاڵی ئەوەدا بووم ئەگەر ئەلعان قەتارێک بێت ئەوا ڕەنگە بمکات بەژێرەوە.

***

ڕۆژی هەینی ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ)ی (ستریندبێری)دا کەوتینەوە پرۆڤە کە ماوەیەک بەهۆی نەخۆشیی (ئەندێش ئێک)[1]ەوە ڕاگیرابوو، هەنووکە وی چاک ببۆوە و بەدەمی خۆی دەیگوت کە ئیدی دەتوانێ سەرلەنوێ بکەوێتەوە کار.

لە میانەی ئەو ڕاوەستانە کاتییە چاوەڕواننەکراوەدا، خانمە نووسەر (ئوللا ئیساکسۆن)[2]، (گونێل لیندبۆلم)[3]ی دەرهێنەر و من، لە سیناریۆی فیلمی (گۆڕەپانی بەهەشت)[4]دا کە لەسەر ڕۆمانێکی (ئوللا) ڕۆنرابوو، سەرگەرمی کارکردن بووین. کۆمپانیاکەم (سینەماتۆگراف) فیلمەکەی بەرهەم دەهێنا و وا مەزەندە دەکرا لە مانگی ئایارەوە بکەوینە وێنەگرتن. هەمووما تا ئەوپەڕی بەئامادەکارییەکانەوە سەرقاڵ بووین، سەرقاڵی نووسینی گرێبەند و پشکنینی شوێن. تازەکی لە زنجیرە تەلەفیزیۆنیەکەم (ڕوو بەڕوو) ببوومەوە. بڕیاربوو سیناریۆی فیلمە درێژەکەم لە کۆتایی هەفتەدا بخرێتە بەر چاوی ژمارەیەک بەرهەمهێنی ئەمریکایی، بەر لە چەند مانگێکیش سیناریۆی فیلمی (هێلکەی مار)م تەواو کردبوو کە (دینۆ دێ لاورنتیس) بەرهەمی دەهێنا.

1- Anders Ek
2- Ulla Isaksson
3- Gunnel Lindblom
4- Paradistorg



بەکاوەخۆ و بەتەرزێک لە دڕدۆنگی کەوتوومەتە ڕوو وەرگەڕان بەلای ئەمەریکادا. ئاشکرایە هۆکارەکەشی ئەو سەرچاوە گەورانەن کە بۆ خۆم و بۆ سینەماتۆگراف دابین دەکرێن. ژینگەی ئەوەی کە بەپارەی ئەمەریکایی فیلمی خودان چۆنایەتی باش، لەلایەن خەڵکانی ترەوە دەربهێنرێن، بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەڕەخسێ. من زۆر چێژم لە بەرهەمهێنانی فیلم دەبینی، ڕۆڵێک کە ئێستا دوای ئەوە پێموانییە زۆر باش تیایدا سەرکەوتوو بووبم. بەهەرحاڵ سینەماتۆگراف لەسەر دوو کۆڵەگە خۆی ڕاگرتبوو کە جگە لەوەی هاوڕێی نێزیک بووین، لە ساڵانێکی زووەوە هاوکاری یەکدیش بووین، ئەوانیش (لاش- ئۆی کارل بێری)[5] کە هاوکاریم لەگەڵیدا، ساڵی ١٩٥٣ بەفیلمی (ئێوارەی لێبووکەکان)[6] دەستی پێ کرد، سەرپەرشتیکردنی کاری ئیدارەکەمانی گرتە دەست و (کاتینکا فاراگو)[7] کە بە(فیلمی خەونی ژن)[8] لە ساڵی ١٩٥٤ دا هاوکاری یەکدی ببووین، کاروباری وێنەگرتنی لە ئەستۆ گرت. لای (ساندرێوس)، بەرزترین نهۆمی بیناکەمان بەکرێ گرت لە ئاپارتمانێکی جوانی ساڵانی سەدەی هەژدەدا. لەوێ نووسینگەیەکی ماقووڵمان بەسینەما و چەند ژوورێکی مۆنتاژ و مویەق و کەشوهەوای خێزانییەوە دامەزراند.

مانگێکیان دوو پیاوی بەویقار و بەنەزاکەتی بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج سەردانیان کردین. جێگایەکیان بەشێوەیەکی کاتی بۆ خۆیان لە یەکێک لە ژوورە چۆڵەکانی ئێمەدا چێ کرد و ئیدی خۆیان بۆ پشکنینی حیساباتەکانمان تەرخان کرد. هەروەها گوتیان حەزدەکەن لە کۆمپانیا سویسرایییەکەشم (پێرسۆن فیلم) بکۆڵنەوە. ئێمەیش دەسبەجێ هەموو دەفتەری حیساباتەکانمان خستنە بەردەستیان.

کەس کاتی ئەوەی نەبوو گوێ بداتە پیاوانی بێدەنگی ئەو ژوورە چۆڵە. بەگوێرەی دەفتەری یاداشتەکانم، دەبینم ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی یانیوەری، یاداشتنامەیەکی دوورودرێژم لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باجەوە پێ گەیشتووە. یاداشنامەکەم نەخوێندۆتەوە و بۆ پارێزەرەکەمم هەناردووە.

چەند ساڵێک لەوەوبەر، وابزانم ساڵی ١٩٦٧ بوو، کاتێ بارودۆخی ئابووریم بەگشتی

5- Lars-Owe Carlberg
6- Gycklarnas afton
7- Katinka Farago
8- Kvinnodröm

بەشێوەیەکی دڵخۆشکەر بەڵام هەرەسی بەفرئاسا گەشەی دەکرد، داوام لە (هاری چین[٩])ی هاوڕێم کرد پارێزەرێکی جێ متمانەم بۆ پەیداکات کە ببێتە "وەسی"[١٠]ی کاروبارە ئابوورییەکانم. پەنجەی هەڵبژاردن کەوتە سەر پارێزەرێکی بەشێوەیەکی ڕێژەیی جاحێڵ و خودان ناوبانگێکی باش کە ئەویش (سڤێن هارالد بایوێر)[١١] و جگە لە وەزیفەکەی خۆی، پلەیەکی باڵاشی لە بزاڤی نێودەوڵەتیی پێشەنگاندا هەبوو. وی سەرپەرشتیکردنی کاروبارە ئابوورییەکانمی لە ئەستۆی خۆی گرت.

کارەکان باش دەچوونە پێش و پێکەوە هاوگونجاو و هاریکارییەکەمان بەبێ کێشە بەڕێوە دەچوو. پێوەندیم لەگەڵ ئەو پارێزەرە سویسراییەشمدا باش بوو کە سەرپەرشتی کاروبارە ئابوورییەکانی پێرشۆن فیلمی دەکرد. چالاکییەکانمان زیاتر گەشەیسەند: (چپەکان و هاوارەکان)[١٢]، (دیمەنگەلێک لە ژیانی هاوسەرییەک)[١٣]، (نوتقی بەربەرەکانی لەخۆکردنی شێتێک)[١٤]، نووسینی: (کایل گرێدێ)[١٥] و (فلووتی ئەفسووناوی)[١٦].

لە یادەوەری ڕۆژی **٢٢**ی یانیوەری، کەمتر یاداشتنامەکەی بەڕێوەبەرێتیی باج نارەحەتی کردووم وەک لەوەی ئەو ئەکزیما بەسۆیە نیگەرانی کردبێتم کە دابوویە پەنجەی برا تووتەی دەستی چەپم.

ماوەی پێنج ساڵ بوو من و (ئینگرید)[١٧] لە ژیانی یەکدیدا بووین. لە خانوویەکی تازەڕۆنراو لە (کارپلانی ١٠) دەژیاین، (لەو شوێنەی کە جاران ماڵی ستریندبێری لێ بووە).

ژیانێکی ئارام و بۆرژوازییانە دەژیاین، هامشۆی هاوڕێیانمان دەکرد، بۆ کۆنسێرت و شانۆ دەچووین، ژمارەیەکی زۆر فیلممان دەبینین و بەحەز و ئارەزووەوە کارمان دەکرد.

9- Harry Schein

١٠- لە دەقەکەدا förmyndare بەکارهاتووە، بەواتای ئەو کەسە دێت کە ویسایەتی پارە و سامانی کەسێک دەکات کە نەگەیشتۆتە تەمەنی باڵقبوون. و.ک

11- Sven Harald Bauer
12- Viskningar och rop
13- Scener ur ett äktenskap
14- En dres försvartal
15- Kjell Grede
16- Trollflöjten
17- Ingrid



ئەوەی لە سەرەوە باس کرا بەکورتی پێشینەیەکە بۆ ئەوشتەی کە ڕۆژی **٣٠**ی یانیوەری و دواتر ڕووی دا. لە ماوەی مانگەکانی داهاتووەوە من چ شتێکم لە دەفتەری یادەوەرییەکانمدا تۆمار نەکردووە. نزیکەی ساڵێک دواتر ئیدی بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ کەوتمەوە نووسینی یادەوەرییەکانم. بۆیە من لێرەدا وێنە ساتەوەختییەکان وەبیر خۆم دێنمەوە، وێنەگەلێک چڕ لە نێوەنددا بەڵام تەمومژاوی لە پەراوێزەکانیدا.

هەروەک جاران سەعات دە و نیو لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ)دا کەوتینە پرۆڤە. ئێمە بریتی بووین لە (ئەندێش ئێک)، (مارگەرێتا کرۆک)[١٨]، (یان- ئۆلف ستراندباری)[١٩]، یاریدەدەری دەرهێنەر، مولەقین، دەرهێنەری دووەم و خۆم. لە لۆکاڵێکی ڕووناک و خۆشدا، لەسەرەوە لەژێر ساپیتەی ئاپارتمانی دراماتندا بووین.

کارەکە هاسان و هێور، وەک بەرایی هەر کاتێ کە پرۆڤە دەست پێ دەکات، دەچووە پێش. دەرگاکە کرایەوە و (مارگۆت ویرسترۆم)[٢٠]، سکرتێری بەڕێوەبەری شانۆ هاتە ژوورەوە. پێی گوتم دەبێ هەر ئێستا بچم بۆ ژوورەکەی کە لەوێ دوو پۆلیس گەرەکیانە قسانم لەگەڵدا بکەن. وەڵامیم دایەوە ڕەنگە وا باشتر بێ قاوەیەک بخۆنەوە و تا سەعات یەک، لە وادەی فەراویندا یەکتر ببینین. (مارگۆت ویرسترۆم) گوتی ئەوان گەرەکیانە هەر ئەلعان لەتەکتدا بدوێن. لێم پرسی ئەدی مەسەلە چییە، (مارگۆت) نەیدەزانی مەسەلە چییە. بەسەرسوڕمانەوە پێکەنین و داوام لە ئەکتەرەکان کرد لەسەر پرۆڤەی خۆیان بەردەوام بن تا دوای فەراوین، لە سەعات یەک و نیودا یەکتر دەبینینەوە.

من و (مارگۆت) دابەزینە خوارەوە بۆ ژوورەکەی، لە دەرەوەی ژووری بەڕێوەبەر. لەوێ پیاوێک دانیشتبوو کە پاڵتۆیەکی درێژی ڕەشی لەبەردابوو. هەستایە سەر پێ، تۆقەی لەگەڵ کردم و خۆی پێناساندم. لێم پرسی چ ڕووی داوە کە ئاوها ئەم پەلەپەلییەی گەرەک بێ. تەماشایەکی ئەولاوەی کرد و گوتی مەسەلەکە پێوەندی بەکاروباری باجەوە هەیە و پێویستە هەر ئەلعانیش لەگەڵیدا بۆ لێپێچانەوە بڕۆم. وەک شێت چاوانم زەق بوونەوە و گوتم گەر ڕاستیت دەوێ هیچ حاڵیی نەبووم. کوتوپڕ بیرم کەوتەوە کاتێ خەڵکانێک دەکەونە هەمان ئەم هەڵوێستەی منەوە (لە فیلمە ئەمەریکییەکاندا) یەکەندەردوو پێوەندی بەپارێزەرەکانی خۆیانەوە دەگرن. پێم ڕاگەیاند پێویستە لەمیانەی لێپێچانەوەدا

18- Margareta Krook
19- Jan-Olof Strandberg
20- Margot Wirström

پارێزەرەکەمم لەتەکدا بێت و تەلەفۆنی بۆ دەکەم. پۆلیسەکە هێشتا کە هەر تەماشای ئەولاوەی دەکرد گوتی: نابێ، لەبەر ئەوەی پارێزەرەکە بۆ خۆیشی لە کێشەکەوە گلاوە و ئەویش ڕاپێچی لێپێچانەوە دەکرێت. ئەوسا دەستەپاچانە داوام لێ کرد ڕێگەم بدات بۆ ژوورەکەم بچم تا پاڵتۆکەم بێنم، پۆلیسەکە گوتی باشە خۆیشم لەگەڵت دێم، ئەوسا ڕۆیشتین. لەڕێگەی ڕۆیشتن بەرەو ژوورەکەم، ژمارەیەک خەڵکم بینی کە سەرسوڕماوانە لەو فیگۆرە سەیرەیان دەنۆڕی کە ڕێک لە دوامەوە ڕێی دەکرد. لە ڕاڕەوی دەرهێنەران، هاوکارێکی خۆم بینی، بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسیم: چییە ئەوە پرۆڤە ناکەیت؟ وەڵامیم دایەوە: نا، پۆلیس گرتوومی. وام گوت و هاوکارەکەم لە قاقای پێکەنینی دا.

کاتێ پاڵتۆکەم لەبەرکرد، گرژیگەلێکی توندی گەدە شاڵاوی بۆ هێنام. بەپۆلیسەکەم گوت دەبێ بچمە سەر ئاو. کابرای پۆلیس ئاودەستەکەی کۆنترۆڵ کرد و نەیهێشت دەرگاکەی داخەم. لە ئاودەستەکەدا پێچی توندی زگچوونی درێژ و بەدەنگەوە، گوشیبوومی. پۆلیسەکەش هەر لەودیو دەرگا نیوە کراوەکەوە دانیشتبوو.

دواجار ئیدی ئامادەبووین بەڕێ کەوین. دڵم تێکەڵدەهات و لە بێدەنگیدا حەیفی ئەوەم لێ دەهات کە بەهەرەی خۆ بووراندنەوەم نییە. چەند ئەکتەر و کارمەندانی ترمان بینین بۆ فەراوینکردن بۆ چێشتخانەکە دەچوون. بەشەرمەوە سڵاوم لێ کردن. لە ژووری بەدالەکە، ڕوخساری پەیجۆرییانەی کیژێک سەرنجی ڕاکێشام.

هاتینە سەر جادەی (نیبورگاتان)[٢١]. پۆلیسێکی تر هاتە پێشەوە و سڵاوی کرد. وی سەری پێچەکەی نێوان (نیبورگاتان) و (ئالملۆفسگاتان)[٢٢]ی گرتبوو بۆ ئەوەی چ بوارێکم بۆ ڕاکردن، لەبەردەمدا نەمێنێتەوە.

(کێنت کارلسۆن)[٢٣]، پۆلیسی نهێنی سەر بەبەڕێوەبەرێتیی باج، ترومبێلکەی لەبەردەم شانۆکەدا پارک کردبوو (لە ڕاستیدا نازانم خودی وی بوو یاخۆ هاوکارەکەی بوو، من هەرگیز نەمتوانی ئەو دووانە لەیەکتر جیاوەکەم، ئاخر هەردووکیان قەڵەو، کراسی گوڵگوڵی لەبەردا، ڕوخساریان پیس و نینۆکەکانیان چڵکن.) چووینە ترومبێلەکەیەوە و کەوتینە ڕێ. من لەدواوە لەنێوان دوو پۆلیسەکەدا دانیشتم. (کێنت کارلسۆن)ی پۆلیسی نهێنی بەڕێوەبەرێتیی باج (یاخۆ هاوکارەکەی) ترومبێلەکەی ئاژووت. یەکێک لە پۆلیسەکان ڕۆحێکی هاوڕێیانەی هەبوو، قسانی دەکرد، پێدەکەنی و چیرۆکی دەگێڕایەوە.

21- Nyborgatan
22- Almlöfsgatan
23- Kent Karlsson



داوام لێ کرد گەر بکرێ بێدەنگ بێت. کەمێک بەدڵگرانییەوە وەڵامی دامەوە کە تەنێ ویستوویەتی گرژی هەڵوێستەکە هێورکاتەوە.

نووسینگەی قۆمیسەری پۆلیس لە شەقامێکی نزیکی (کوینگسهۆلمس تۆری)[٢٤] بوو، بەڵام من دڵنیا نەبووم، ئاخر هەنووکە ئیدی وێنەکان نائاشکراتر خۆیان دەنواند، قسەکان بەزەحمەتی زیاتر دەژنەفران.

پیاوێکی میهرەبانی بەتەمەن بەرەو پیرم هات و خۆی پێناساندم. لەسەر مێزەکەی ژمارەیەک کاغەزی بۆ ڕایەڵکردم و داوای لێ کردم تەماشایان کەم. لەبەرئەوەی دەم و قورگ و گەرووم وشک ببوون، داوای پەرداخێک ئاوم کرد. بەدەستێکی لەرزۆک ئاوەکەم خواردەوە، هەناسەم بۆ نەدەدرا. دوور لەوسەری ژوورەکەوە (کە کوتوپڕ بێ سنوور دەهاتە پێش چاو) ژمارەیەکی نادیار خەڵک، پێنج یان شەش ڕەنگە زیاتر، دانیشتبوون. قۆمیسەرەکە گوتی، من غەشم لە ڕاگەیاندنی حیساباتی داهاتەکەمدا کردووە و کۆمپانیای (پێرسۆن فیلم) یش ئیدی پرۆژەیەکە لە ڕووی یاساییەوە بێ ڕەسیدە. من بەڕاستی وەڵامیم دایەوە کە هەرگیز دیکلاراشون[٢٥]ەکانم ناخوێنمەوە، هەرگیز نیەتی ئەوەشم نەبووە هیچ بڕە پارەیەک لە دەوڵەت بشارمەوە. قۆمیسارەکە پرسیار دوای پرسیاری دەکرد. منیش بۆم دووپات کردەوە کە من لەبەرئەوەی لەم جۆرە حیساباتانەدا تەپۆم و هەرگیز نامەوێت سەرچڵبازێتی بنوێنم و شتێکی ئاوهایش لە سروشتی منەوە بەدوورە، بۆیە خەڵکانی ترم ڕاسپاردوون سەرپەرشتی پارە و حیساباتەکانم بکەن. بەئیرادەی خۆم ددانم بەوەدا نا کە بێ ئەوەی بیانخوێنمەوە، ئیمزای کاغەزگەلێکم کردوون. خۆ گەر جارێک لە جاران کاغەزێکیشم خوێندبێتەوە ئەوا لێی حاڵی نەبووم.

لەم چیرۆکە تێکشکێنەر و تاقەتپڕووکێنەدا، کە بۆ ساڵانێکی زۆر درێژبۆوە، کە خۆم و خەڵکانی تریشی گیرۆدەی ئێش و ئازارێکی زۆر کرد، کە سەروەت و سامانێکی زۆری بۆ کرێی پارێزەران پێ خەرج کردم، کە ماوەی نۆ ساڵ بۆ دەرەوەی وڵاتی هەناردم و دواجار ڕێست باج[٢٦]ێکی (بەبێ سزای زیادە یان هەر تەرزە مەرجێکی تر) بەبڕی سەد و هەشتا

24- Kungsholmstorg

٢٥- deklaration ڕاگەیاندنی داهات. ئەو زانیارییانەی تایبەت بەداهاتی کەسێک و ڕێژەی باجدان لە سەری، ساڵی جارێک لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی باجەوە بۆ چاوپێداگێڕانەوە و ئیمزا لەسەرکردنی، بۆ ئەو کەسە دەنێردرێت.

٢٦- restskatt ئەو باجەیە کە لەبەر دواکەوتنی، لە کاتی تردا تۆمار دەکرێت.

هەزار کرۆنی بەتەنگەدا دام، لە هەموو ئەم چیرۆکەدا تەنها یەک تاوان دەخەمە ئەستۆی خۆم، بەڵام تاوانێکی گرنگ: ئەویش ئەوەیە من ئیمزام لە پای کاغەزگەلێک کردوون کە نەمخوێندوونەتەوە یاخۆ لێیان حاڵی نەبووم. بەم جۆرە من پرۆسەگەلێکی داراییم رایی کردوون کە لێیان تێنەگەیشتووم و نەشمتوانیوە چاویان پێدا بخشێنم. ئاخر پارێزەرەکەم دڵنیای کردبوومەوە کە هەموو شتێک بەتەرزێکی یاسایی بەرێوەدەچێت و هەموو شتەکان لەسەر رەوتی راستی خۆیاندان. بەو جۆرە منیش پاڵم لێدابۆوە. تومەز پارێزەری ئازیز و سەرکردەی پێشەنگانی نێودەوڵەتییش نازانێ چ دەگوزەرێ و تووشی چ گێچەڵێک بووین. ئاخر ژمارەیەک مامەڵە بەشێوەیەکی هەڵە ئەنجام درابوون و ئەمەش بەرێوەبەرێتیی باجی خانەگومان کردبوو. (کارڵسۆن)ی پۆلیسی بەرێوەبەرێتییەکە و هاوکارەکەی، مەزەندەی نێچیرێکی قەڵەویان کردبوو. لەلایەن داواکارێکی گشتی داماو و بێ تواناوە سەربەستی تەواویان درابوویە و دەستیان کرابۆوە، ترسێنرابوون بەوەی من رەنگە لە وڵات راکەم و بەم جۆرەش دەگەیەک لە داوودەزگاکانی دەوڵەت بدەم.

ساتەکان تێدەپەرین، پیاوەکانی ئەوسەری ژووره پانوپۆرەکە یەک لەدوای یەک دیار نەدەمان. من بەزۆری بێدەنگ دانیشتبووم و ئەوە نەبێ کە جارجار بەچرپە دەمگوت بەراستی ئەمە کارەساتە. جگە لەمەش بۆ قۆمیسەرەکەم روون کردەوە کە ئەم مەسەلەیە بۆ ماسمیدیا شتێکی گەورەیە. ئەو هێمنی کردمەوە بەوەی قسەکانمان نهێنین. خۆی و لیژنەکەیان لێرە لە (کوینگسهۆلمستۆری)، دوور لە دایرەی پۆلیس داناوە بۆئەوەی خۆ لە سەرنجراکێشانی لابەلا بپارێزن. لێیم پرسی دەکرێ بتوانم تەلەفۆن بۆ ژنەکەم بکەم، ئەو قایل نەبوو، لەبەرئەوەی هەر ئەلعان ماڵەکەمان تەحەری دەکرێت. لە هەمان کاتدا زەنگی تەلەفۆن لێیدا. ئەوە رۆژنامەی (سڤێنسکا داگ بلادێت)[٢٧] بوو کە هەواڵیان پێ گەیبوو، قۆمیسەری میهرەبان شڵەژا و تکای لە رۆژنامەوانەکە کرد لەم بارەیەوە هیچ شتێک نەنووسێت. پاشان پێی راگەیاندم، بۆم نییە سەفەرکەم و پاسپۆرتەکەشیان بەتاڵ کردوومەتەوە. پرۆتۆکۆڵی لێپێچانەوەکە ئامادەکرا، گەرچی نەمدەزانی چی تێدا نووسراوە، بەڵام ئیمزایم کرد، لەبەرئەوەی ئیدی لەو قسانە حاڵی نەدەبووم کە ئەو پیاوە لەگەڵیدا دەکردم.

هەستاین. پۆلیسەکە بەمیهرەبانییەوە کێشای بەپشتمدا و هانی دام وەک جاران بژیم و

27- Svenska Dagbladet



کاربکەم. دووبارەم کردەوە کە ئەوە کارەساتی ژیانمە، ئاخۆ ئەو تێدەگەیشت کە ئەوە کارەساتی ژیانم بووە!

دواجار خۆم لەسەر جادە بینییەوە. بەفرێکی نەرم دەباری و ئیدی دونیا تاریک دادەهات. هەموو شتێک زۆر ئاشکرا دیاربوو، بەڵام بەرەش و سپی و بەبێ رەنگ، زبر وەک وێنەیەکی لەبەرگیراوە. چۆقەی ددانم دەهات و هەموو هەست و خایلەیەکم کرِ ببوون. تەکسیەکم بۆ پشت شانۆکە گرت کە لەوێ ترومبێلەکەمم پارک کردبوو. لە رێگەی ماڵەوە بەلای (لیڤگاردێس کاسێرنێن)[٢٨]دا تێپەریم. لەو تاریکاییەدا، لەساپیتەکەیەوە کڵپەی گەورەی ئاگر بەرزدەبۆوە. دواتر بیرم دەکردەوە رەنگە ئەوە خەون بووبێت: ئاخر من نە ترومبێلی ئاگرکوژێنەوەم بینی و نە خەڵکم بینی لەوێ کۆبووبێتنەوە. تەواوێک بێدەنگیی باڵی کێشابوو، بەفر دەباری و (لیڤگاردێس کاسێرێنێن) یش دەسووتا.

هەر کە گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەوە، ئینگرید لەوێ راوەستابوو. تەحەریکردنی ماڵەکە شڵەژاندبووی، بەڵام ئەو ئاگای لە هیچ نەبوو. پۆلیسەکان بەنەزاکەت ببوون و زۆر باش نەگەرابوون. ژمارەیەک دۆسییەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوون، بەڵام ئەوەش تەنها وەک شتێکی رۆتین. پاشان ئینگرید دانیشتبوو چاوەرێی کردبوو، کە کاتەکە درێژەی کێشا بوو ئیدی بۆ خۆی کەوتبووە کولیچەکردن.

تەلەفۆنم بۆ (هاری چێێن) و (سڤێن هاراڵد باوێیر) کرد. هەردووکیان حەپەساو و شۆک بوون. ئیدی هەموو ئەو شتانەی ترم بیر نین کە لەو ئێوارەیەدا روویان دا. شێومان کرد؟ رەنگە. تەماشای تەلەفیزیۆنمان کرد؟ رەنگە تەماشای تەلەفیزیۆنمان کردبێ.

شەوێکی درەنگ کە ئیدی ئێمە چووبووینە نێو جێگە، بەخەیاڵمدا هات سبەینێ رەنگە ماسمیدیا گەمارۆی ماڵەکەم لە (کارڵ پلانی دە) بدەن. بۆیە چەند کەلوپەلێکی پێویستم پێچانەوە و رووم کردە ئەو باڵەخانە گچکەیەی (گرێڤ تیۆری گاتان)[٢٩] کە من و (گیون)[٣٠] پاییزی ساڵی ١٩٤٩، دوای سەفەرەکەمان بۆ پاریس، گواستمانەوە ئەوێ. ئیتر لەوە بەدوا من لە کارەساتەکاندا، لە هەرەسهێنانی ژیانی هاوسەری و گرفتەکانی تردا، هەمیشە پەنام بۆ گرێڤ تیۆری گاتان دەبرد.

٢٨- Livgardeskasernen سەکەنەی پاسەوانانی پادشایەتی.

29- Grevturegatan

٣٠- Gun ژنە رۆژنامەنووسێک کە لە کۆتایی دەیەی چلدا هاوسەری بێریمان بوو.

دەمەو نیوەی شەو گەیشتمە باڵەخانەکە. نەناسراویی ژوورەکە دڵنیایی دەبەخشی. حەبێکی خەوم خوارد و خەو بردمیەوە.

بیرم چۆتەوە چی لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەدا ڕووی دا. لە گریڤ تیۆری گاتان، دەرگام لەسەر خۆم داخست و تەنها ئێواران چەند سەعاتێک بۆ ماڵەوە دەچوومەوە. لە گەراژەکەوە خۆم بەماڵدا دەکرد و ئیدی کەسم نەدەبینی.

ماسمیدیا لە ڕاگەیاندنەکاندا، لە لاپەڕەکانی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا و لە گۆڤاری هەواڵە تەلەفیزیۆنەکاندا کردیە هەرا. (دانیێل)، کوڕە تەمەن دوازدە ساڵانەکەم، بۆ قوتابخانە نەچۆوە. ترسێک لەخۆیەوەی پێچاو و خۆی لە ژووری ئامێری ئیشپێکردنی فیلم لە سینەمای (ڕۆدە کڤارن)[٣١]، لای (نیپان)ی هاوڕێی ئیشپێکەری سینەماکە، پەناگرت. ئەو هاوڕێیەی کوڕەکەم لەو قەیرانە قورسەی کە پێشهات پاڵپشتێکی بەردەوامی بوو. نازانم کاردانەوەی منداڵەکانی ترم بەرامبەر ئەو مەسەلەیە چۆن بوو، ئاخر ئێمە پێوەندییەکی کەممان لە نێواندا هەبوو یاخۆ هەر نەمانبوو. زوربەیان سەر بەبزاڤی گرووپە چەپەکان بوون و بەگوێرەی ئەوەی کە دواتر تێگەیشتم، پێیان وابوو بەجۆرێک لە جۆرەکان باوکیان دەبێ سەرزەنشتی خۆی بکات. هەندێکیان هەر یەکسەر باوەڕیان بەتاوانباربوونم هێنابوو.

پێش نیوەڕۆی دووشەممە، نائومێدی تەواوێک باڵی کێشا. لە ژوورە گەورەکەی نهۆمی سەرەوە دانیشتبووم و کتێبێکم دەخوێندەوە و گوێم بۆ مۆسیقا ڕادێرابوو. ئینگرید بۆ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ پارێزەرەکاندا چووبوو. هەستم بەهیچ نەدەکرد و کۆبووم، تەنێ ئەو گێژییە نەبێت کە بەکارهێنانی حەبی خەو لەسەری جێهێشتبووم، چونکە هەرگیز پێشووتر خووم بەبەکارهێنانیەوە نەگرتبوو.

مۆسیقاکە کۆتایی هات و شریتەکە لەگەڵ تەقەیەکدا ڕاوەستا. هێمنییەکی تەواو باڵی کێشا. سەربانەکانی ئەوبەری جاددەکە سپی دەچوونەوە و بەفر بەکاوەخۆ دەباری. لە خوێندنەوە ڕاوەستام، ئاخر زەحمەت بوو لەوەی دەیخوێنمەوە حاڵی ببم. ڕووناکیی ڕۆژ لە ژوورەکەدا بێ سێبەر و تیژ. کاتژمێرێک زەنگێکی لێدا. دەشێ نووستبێتم، دەشێ تەنها کورتە هەنگاوێکم نابێ لە زەینی باوی واقیعەوە بۆ دیوەکەی تری واقیع. نازانم، هەنووکە هەستم بەخۆم دەکرد لە قووڵایی بۆشاییەکی بێ جووڵە و بێ ئازار و بێ هەستدام. چاوانم

31- Röda Kvarn



لێکدەنێم، پێموایە چاوانم لێکناوە، مەزەندە دەکەم یەکێک لە ژوورەکەدا بێت، چاوانم دەکەمەوە: چەند مەترێک دوور لەو ڕووناکی تیژی هەتاوە ڕاوەستاوم و لەخۆم دەنۆڕم. ئەزموونەکە کۆنکرێتی و چ بێنە و بەردەیەک هەڵناگرێ. لەو دوورەوە لەسەر فەرشە زەردەکە ڕاوەستاوم و تەماشای خۆم دەکەم کە لەسەر کورسییەکە دانیشتووم. لەسەر کورسییەکە دانیشتووم و تەماشای خۆم دەکەم کە لەسەر فەرشە زەردەکە ڕاوەستاوم. من کە لەسەر کورسییەکە دانیشتووم ئەو کەسەیە کە کاردانەوەکانی بەدەستە. ئیدی ئەمە خاڵی کۆتاییە، چ گەڕانەوەیەک نییە. گوێم لەخۆم بوو کە بەدەنگی بەرز شیکایەتی دەکرد و دەینالاند.

ئەز چەند جارێک لەژیانمدا گەمەم لەتەک خایلەی خۆکوشتندا کردووە، جارێکیان لە جحێڵیمدا هەوڵێکی ناشیانەم داوە. هەرگیز خەونم بەوەوە نەبینیوە لەتەک ئەو گەمانەمدا جیددیی بم. ئاخر پەیجۆرییم گەورە، ئارەزووی ژیان لەلای من بەگوڕ و ترسم لە مردن زۆر منداڵانە، پتەو بووە.

هەرچۆنێک بێ، کاردانەوەی من بەرامبەر بەژیان، کۆنترۆڵێکی ورد و نەپچڕاوی پێوەندی منی بەواقیع، وەهم و خەونەکانەوە لەخۆدەگرت. گەر ئەم کۆنترۆڵە لەدەست چووبا، شتێک کە پێشتر لەمندا ڕووی نەداوە، تەنانەت لە تافی زووی منداڵیشمدا، ئەوا ماشێنەکە دەتەقییەوە و شوناس دەکەوتە بەر زەبری هەڕەشە. گوێم لە دەنگی ناڵەناڵی خۆمە، لە سەگێکی بریندار دەچم. لەسەر کورسییەکە هەڵدەستم تا لە پەنجەرەکەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە.

نەمزانیبوو ئینگرید بۆ ماڵەوە گەڕاوەتەوە. کوتوپڕ باشترین هاوڕێم (دکتۆر ستیورێ هێلاندێر)[٣٢] هاتبوو. سەعاتێک دواتر خۆم لە بەشی نەخۆشییە دەروونییەکانی خەستەخانەی کارولینسکا بینییەوە. بەتەنێ لە ژوورێکی گەورە خەوێنرام کە چوار تەختەنوێنی تری لێبوو. پرۆفیسۆرێک بەو ناوەدا دەهات و بەمیهرەبانییەوە دەیدواندم. من شتێکم لەبارەی شەرمەوە گوت، وتە دەستەبژێرەکەم لەبارەی ترسەوە گوت کە دەڵێ ترس ئەو شتە وەدی دێنێ کە لێیدەترسین، ترس لە خەمدا دەمانکاتە بەرد. وام گوت و شرینقەیەکیان لێدام و نووستم.

ئەو سێ هەفتەیە، لەو بەشەی خەستەخانەکەدا بەهێوری تێپەڕی. ئێمە گرووپێکی گوێڕایەڵ و بەنگزەدەی داماوبووین کە بەبێ چ بەرپەرچدانەوەیەک لەسەر سیستمێکی بێ

32- Sture Helander

ئەملاولا و پراکتیکی ڕۆژانە دەڕۆیشتین. من ڕۆژانە پێنج حەبی ڤالیۆمی شین و شەوانەش دوو موگادۆنم وەردەگرت. گەر هەستم بەجۆرێک لە نارەحەتی کردبا ئەوا داوام لە سیستەرەکە دەکرد حەبی زیادەم بداتێ. شەوانە بەقوولّی دەنووستم و چ خەونێکم نەدەبینی، بەڕۆژیش چەند سەعاتێک وەنەوزم دەدا.

جاروبار بەئەودوای پەیجۆریی پەڕاگەندەی پیشەکەم، لە دەوروبەری خۆم ورد دەبوومەوە. لە ژووره گەوره چۆڵەکەمدا لەودیو پەردەیەکەوە دەژیام، بەزۆریی دەمخوێندەوە بەبێ ئەوەی ئەو شتانە یاداشت کەم کە دەمخوێندنەوە. ژەمەکانی خواردن لە هۆڵێکی گچکەی نانخواردن دەخوران. وتووێژەکان میهرەبانانە و چ ناچارییەکیان تێدانەبوو. چ ورووژانێکی ئینفیعالی نەدەبینرا، بێجگە لە پەیکەرسازێکی بەنێوبانگ کە ئێوارەیەکیان هەژا و نزیکەی هەموو ددانەکانی خۆی شکاندن. بەشێوەیەکی گشتی کیژێکی خەمگینم بیردێتەوە کە لێکدا لێکدا هەستی دەکرد پێویستی بەوەیە دەستی بشوات. جحێلێکی ناسک و دوو مەتر درێژ کە دووچاری زەردوویی ببوو، مێتادۆن[٣٣]ی بۆ بەکاردەهات. هەفتەی جارێک بۆ نەخۆشخانەی (ئوللێرئۆکێر)[٣٤] دەبرا و لەوێ پشکنینی تەندروستی جۆراوجۆری بۆ دەکرا. پیرەمێردێکی بێدەنگیشی لێبوو، هەوڵی دا بەبڕینی مەچەکی، بەمشاری دەستیی، خۆی بکوژێت. ژنێکی تەمەن مام ناوەنجی مۆن و جوان، بەدەست دردۆنگیی بزووتنەوە دەینالاند و بەبێدەنگی چەندان میلی لە ڕاڕەوەکەدا بەهاتن و ڕۆیشتن دەبڕی.

ئێواران لەبەردەم تەلەفیزیۆندا کۆدەبووینەوە و تەماشای پاڵەوانێتی جیهانیی هونەریی هەڵخلیسکان لەسەر سەهۆڵمان دەکرد. تەلەفیزیۆنەکە تەلەفیزیۆنێکی بێ عەمەلی ڕەش و سپی بوو بەوێنەی نائاشکرا و دەنگێکی خراپەوە. بەڵام ئەوە شتێکی گرنگ نەبوو، هیچ کاممان لەو بارەیەوە گلەیی نەدەکرد.

ئینگرید ڕۆژی دوو جار بۆ دیدەنیم دەهات، هێور و هاوڕێیانە دەدواین. هەندێ جار ئێواران دەچووین بۆ سینەما. جارناجار (ساندریۆس) لە ژووری مۆنتاژەکەی خۆیدا نەمایشێکی پیشان دەدا، ئەو پیاوەش کە لەژێر چارەسەری مێتادۆندا بوو، لەگەڵماندا هات.

٣٣- metadon پێکهاتەیەکی مۆرفینی ئامادەکراوە کە بۆ چارەسەرکردنی خووگرتن بە کحول و بەنگکێشان، بەکاردێت.

34- Ullera˚ker



نە ڕۆژنامەم دەخوێندەوە، نە تەماشای بەرنامەی دەنگوباسم دەکرد و نەگوێم لێدەگرت. بەکاوەخۆ و بەشێوەیەکی هەستپێنەکراو، بەوەفاترین هاودەمی ژیانم کە ئەویش نیگەرانییەک بوو بەمیرات لە دایک و بابمەوە بۆم مابۆوە، بزر و کەوتە ناوەندیترین جێگای شوناسی من، شەیتانی من و هەروەها هاوڕێ و هاندەری منەوە. نەک هەر بەتەنها ئازار و ترس و هەستکردن بەچارەسەرنەبوونی سووکایەتی دەرەوییەوە، بەڵکوو هەروەها گوڕی داهێنانیشم تاریک دادەهات و ڕۆدەنیشت.

پێموابوو ڕەنگە ئیدی تا ئەودوای ژیانم وەک نەخۆشێک چاودێری بکرێم لەبەرئەوەی بوونم هێند خەمین، هێند بێ داواکاری و هێند پارێزراو بوو بەهاوسۆزی کە ئیدی هیچ شتێک واقیعی و هیچ شتێک گرنگ نەبوو، هیچ شتێک نیگەرانکەر و ئازاردەر نەبوو. بەپارێزەوە دەبزوام و هەموو کاردانەوەکانم درەنگ دەکەوتن یاخۆ ئامادە نەدەبوون، ویستی سێکسوالیێتیم چۆڕبڕ ببوو، ژیان ئێلێگی[٣٥] یەک بوو، گۆرانییەک بوو، دوور لە ژێر گومبەزێکی دەنگ دەرەوەدا لەلایەن کۆرسێکی مادریگال[٣٦]ەوە دەگوترا. پەنجەرە گوتییەکان پرشنگیان دەدا و حەکایەتی هێند دووریان دەگێڕایەوە کە ئیدی چ ڕایەڵێکیان بەمنەوە نەبوو.

پاش نیوەڕۆیەکیان لە پرۆفیسۆرە میهرەبانەکەمم پرسی کە ئاخۆ لە ژیانیدا تاقە یەک کەسی شەفا داوە، ئەو بەحیرسەوە لە فیکرەوە چوو، پاشان گوتی: شەفادان وشەیەکی گەورەیە. پاشان سەری بادا و بەهاندانەوە زەردەخەنەی هاتێ. دەقیقە و ڕۆژ و هەفتەکان تێدەپەڕین.

نازانم چی وای لێ کردم دیواری ئەو دڵنیایییە توند کڵۆمدراوە بڕمێنم. داوام لە پرۆفیسۆر کرد، وەک ئەزموونێک ڕێگەم بدات بۆ سۆپییاهێم بگوێزمەوە. وی ڕوخسەتی دام، هاوکات بەحیرسەوە ئاگاداری کردمەوە کە بەشێوەیەکی کوتوپڕ واز لە بەکارهێنانی ڤالیۆم نەهێنم. سوپاسی میهرەبانی و دڵسۆزییەکەیم کرد، خوداحافیزیم لە هاوڕێ نەخۆشەکانم کرد و تەلەفیزیۆنێکی ڕەنگاوڕەنگیشم بەدیاری بەژووری دانیشتنەکەمان بەخشی.

٣٥- Elegi شیعرێکی پڕ لە خەم و پەرۆشبوونێکی خەمینانە. بریتیشە لە پارچەیەک مۆسیقای شیعریی. و.ک

٣٦- madrigal جۆرێک لە گۆرانی کە لە سەدەی پانزەهەمدا برەوی هەبوو. و. ک

لە ڕۆژێکی کۆتایی مانگی فێبروەریدا، خۆم لە ژوورێکی خۆش و بێدەنگی سۆپییاهێمدا بینییەوە. پەنجەرەکەی بەسەر باخچەکەدا دەینۆڕی. دەمتوانی لەوێوە خانووە زەردەکەی قەشە، ماڵەکەی منداڵییم لەسەر بەرزاییەکە چاوکەم. هەموو بەیانییەک سەعاتێک لە پارکەکەدا پیاسەم دەکرد. سێبەری کوڕێکی هەشت ساڵان لە تەنیشتمەوە ڕێی دەکرد، ئەوە شتێکی وروژێنەر و لە هەمان کاتدا ترسناکیش بوو.

بەگشتی ئەوە زەمەنێک بوو لە عەزابگەلی توند. لە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر ئامۆژگارییەکانی پرۆفیسۆر، تەواوێک وازم لە بەکارهێنانی هەردوو ڤالیۆم و موگادون هێنا. کاریگەری ئەوە دەمودەست بوو. ترسە خەفەکراوەکەی ناخم وەک بڵێسەی ئاگر لە ناوەوەمڕا هەڵقوڵی، بێ خەوی شاڵاوی هێنا، شەیتانەکان هەستانە سەر پا و ئیدی من پێمـوابوو کە بەتەقینەوەیەکی ناوەکی هەلاهەلا دەبم. کەوتمەوە خوێندنەوەی ڕۆژنامە. بەشێکی هەموو ئەو شتانە بوون کە لە لەگوم لەبەرچاوبیی[*] خۆمدا نووسرابوون، هەموو ئەو نامە میهرەبان و نامیهرەبانانەم خوێندنەوە کە کەڵەکە ببوون، قسانم لەگەڵ پارێزەراندا دەکرد و پێوەندیم لەتەک هاوڕێیاندا دەگرت.

ئەوە نە ئازایەتی بوو نە نائومێدی، بەڵکوو غەریزەی پارێزگاری لە خودکردن بوو کە گەرچی یان ڕاستتر بێژم بەهۆی لەهۆش خۆچوونەوە لەو کلینیکە دەروونییەدا، خۆی بۆ بەرپەرچدانەوە گردکردبۆوە.

ئیدی بەمیتۆدێک کە لە قەیرانەکانی پێشوودا کاریگەریی خۆی هەبوو، بەرەو شەڕی شەیتانەکان چووم: بەگوێرەی ئەو میتۆدە ڕۆژان و شەوانم بەسەر کاتی دیاریکراودا دابەش کردن و هەریەکێکیان بەچالاکی پێشوەخت ڕێکخراوبوون کە بەنۆرە پشوودان، پڕ کرابوونەوە. بەپراکتیزەکردنی ئەو میتۆدە توانیم پارێزگاری لە تەندروستی ئەقڵیم لە عەزابگەلی بەسۆ بکەم. بەکورتی، توانیم بکەومەوە پلانێرەکردنی ژیانم و بەوردەکارییەکی فرەوە ڕێکی بخەمەوە.

بەهۆی ئەو ڕۆتینانەوە توانیم تا ڕادەیەک بەخێرایی خودی پیشەییم ڕێک بخەمەوە و بەگرنگی پێدانەوە ئەو عەزابگەلە تاووتوێ کەم کە خەریک بوو لەتوکوتی دەکردم. کەوتمە تۆمارکردنی یاداشتەکانم و ئیدی لە ماڵی قەشە لەسەر گردۆڵکەکە نێزیک دەبوومەوە، دەنگێکی هێمن لە جێگایەکەوە پێیوابوو کاردانەوەم بەرامبەر ئەوەی دووچاری بووم زیادەڕۆیی و عەسەبییانە بووە، لەبری ئەوەی بەتووڕەیی ڕووبەڕووی ببمەوە ملم بۆ کەچ

(*) لە گوم لەبەرچاویی: لە غیبیابی.



کردووە، کە من سەرەڕای هەموو شتێک ددانم بەوەدا ناوە تاوانبارم بەبێ ئەوەی تاوانباریش بم، کە من پەرۆشی سزادان بووم تا هەرچی زووە لێبووردن و ڕزگاری وەدەست بێنم. دەنگەکە هاوڕێیانە و بەگاڵتەجاڕییەوە درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: ئەدی کێ لێتبووری؟ (کارلسۆن)ی پۆلیسی نهێنی فەرمانگەی باج بەخۆی و کراسە گوڵگوڵییەکەی و نینۆکە چڵکنەکانییەوە؟ کێ؟ دوژمنەکانت؟ ڕەخنەگرەکانت؟ ئەدی دەبێ خودا لێت ببووری و ڕزگارییت پێ ببەخشێت؟ پێتوایە چییە؟ ئەدی دەبێ (ئولف پاڵمێ) و (شا) مەرسومێک دەربکەن و تیایدا بێژن کە تۆ سزا دراویت و داوای لێبووردنت کردووە و بەخشراویت؟ (دواتر لە پاریس هەر لەخۆوە تەلەفیزیۆنم کردەوە. بینیم ئولف پاڵمێ دانیشتووە و بەفەرەنسییەکی ڕەوان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە: زۆر بەحەکایەتی باجەکەی بێرمانەوە نراوە، کە ئەوە بەرەنجامی سیاسەتی باجیی سۆشیاڵ دیموکراتەکان نییە، کە ئەو[٣٧] هاوڕێی خۆمە. لەو ساتەوەختەدا من ڕقم لە پاڵمێ بۆوە.)

لەناکاوێکڕا تووڕەییەکی کپ و چەپێنراوی نێو ناخم، لەناوەوەمڕا و لە تاریکترین ڕاڕەوەکانیدا کەوتە جووڵە. هەنووکە دەبێ زیادەڕۆیی نەکەم! لە دەرەوەمڕا ئەز کەسێکی داماو، کەسێکی دەم بەشەکایەت و زوو هەڵچووم، هەموو سەرپەرشتییەکم دەکرێ و هەموو دڵسۆزییەکم بەرامبەر دەنوێنرێ و وەک منداڵێکی نازدار خەریکی نووکەنووکم. من لەناو ڕۆتینەکان و ئەو سیستەمە خودییەدا، بێ چارە و پەشۆکاو بووم، نازانم سبەینێ چ ڕوودەدات. ناتوانم نەخشە بۆ هەفتەیەکی تر دانێم. ئەدی ژیانم چی بەسەردێت؟ کارم لە شانۆ و سینەمادا بەکوێ دەگات؟ ئەدی ئەی سینەماتۆگرافی بیلبیلەکەی چاوانم چی بەسەر دێت؟ ئەدی ئەی فەرمانبەرەکانم؟ شەوانە ئەو کاتەی کە ئیتر نەمدەتوانی بخوێنمەوە، یەک دەستە شەیتان ئامادەی شاڵاوهێنانم بوون. بەڕۆژیش لەنێو ئەو سیستەمە ڕووکەشەدا، وەک شارێکی بۆردومانکراو، ئاژاوە باڵی بەسەردا دەکێشام.

لەناوەڕاستی مانگی مارسدا بۆ دوورگەی (فورئۆ) گواستمانەوە. لەوێ هەر عەینەن وەخت ململانێ درێژەکەی نێوان زستان و بەهار دەستی پێکردبوو: ڕۆژێک هەتاوێکی بەتین و بایەکی فێنک، ڕووی ئاو ڕۆشن و کارژۆڵەی تازەزاو لە دەشتاییەکاندا دەلەوەڕان. ڕۆژێکیش بارێزە لە سەرزەمینە شەختەبەندەکانەوە هەڵی دەکرد، بەفر ئاسۆیی دەکەوتە بارین، زەریا هەڵدەچوو، هەمدیس پەنجەرە و ڕێگاکان دەگیرانەوە و کارەبا دەکوژایەوە. ئاگردانەکان، تەباخی نەوتی و ڕادیۆی پاتریی.

٣٧- مەبەست لە بێرمانە.

هەموو ئەوانە ئارامکەرەوە بوون. بەگوڕەوە لێکۆڵینەوەکەم نووسی کە ناوونیشانی (ژووره داخراوەکە)[٣٨]م لێ نا. بەکاوەخۆ بەو ڕێگا نەناسراوانەدا دەچوومە پێش کە هەمیشە هەستی بێدەنگی و بزربوونیان دەورووژاند. هەر بەڕاست حەوسەڵەم هەبوو، وێڕای ئەوە نووسین بەدیسپلینی ڕۆژانەوە ڕایەڵ بوو.

شەوانە کە هەستم دەکرد هەڕەشەی وێرانبوون زۆر بەهێزە، مۆگادین و ڤالیۆمم دەخوارد. بەهەرحاڵ هەنووکە دەمتوانی مانۆر لەگەڵ جورعەکانمدا بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵانسە زەوتکراوەکەم هێشتا هەر لەرزۆک بوو.

ئینگرید بەکارێکی گرنگ ناچاربوو بۆ ستۆکهۆڵم سەفەرکات. پێشنیاری بۆ کردم لەتەکیدا بچم، من نەمدەویست. پێشنیاری کرد یەکێک ڕاسپێرێ لەماوەی ئەو ڕۆژانەدا کە ئەو لام نییە، لە لام بێت، تەنانەت ئەو پێشنیارەشم زۆر پێ باش نەبوو.

ئینگریدم گەیاندە فڕۆکەخانە. لەڕێگای نێوان فۆرئۆ _ سیوند و بیونگێ دا ترومبێلێکی پۆلیسمان بینی، ئاخر شتێکی وا لە باکووری یۆتەلاندا سەیرە. ترس شاڵاوی بۆ هێنام و پێموابوو هاتوون بمبەن. ئینگرید قسانی بۆ کردم کە من هەڵەم، منیش خۆم هێورکردەوە و لە فڕۆکەخانەی ڤیسبی[٣٩] ئەوم دابەزاند. کاتێ گەیشتمە ماڵەوە بەفر پرۆشەی دەکرد. لەنزیک ماڵەکەوە جێگە تایەی تازەی ترومبێل و جێگەپێم بینی. هەنووکە من ئیدی تەواوێک دڵنیابووم پۆلیس بەدوامدا گەڕاوە. هەموو دەرگاکانم کلۆمدان، تفەنگەکەم خستە سەر پێ و لە مویەقەکە خۆم نایەوە و لەوێوە دەمتوانی ڕێگاکە و گەراژەکە بخەمە ژێر چاودێرییەوە. چەند سەعاتێک چاوەڕێم کرد، دەم و گەرووم وشک ببوو، ئاوی کانزاییم خواردەوە و بەهێمنی بەڵام تەسلیم بوو، بیرم کردەوە کە ئەمە ئیدی کۆتاییە. بوولێڵەی مانگی مارس، بێدەنگ و تیژ. چ باسێک لە پۆلیس نەبوو. وردە وردە پەیم بەوە برد کە خەریکە وەک دێوانەیەکی ترسناک هەڵسوکەوت دەنوێنم، تفەنگەکەم لە گوللەکانی بەتاڵ کرد، خستمەوە جێگای خۆی و ئەوسا کەوتمە ئامادەکردنی شێو.

نووسین زیاتر زەحمەتتر دەبوو. نیگەرانی ببووە شتێکی هەمیشەیی. پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبیووەوە کە مەسەلەکەی من سەبارەت بەغەشکردن لە پێدانی باجدا، دادەخرێت. ئیدی بەو جۆرە مەسەلەکە هەر هەمووی بۆ کێشەیەکی هیچ و پووچی باج، گۆڕدرا.

38- Den Slutna rummet

39- Visby flygplats



چاوەڕێ بووین. چ شتێک ڕووی نەدا. من (ئۆرشەلیم)ی (سێلما لاگێرلۆف)[٤٠]م دەخوێندەوە و بەزەحمەت پارێزگاریم بەڕۆتینەکانی خۆمەوە دەکرد. چوارشەممەی ڕۆژی٢٤ی مارس، ڕۆژێکی هێمن و هەوریی و بەفری سەربانەکان کەوتبووە تووانەوە. گوێم لێبوو زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەم لێدرا و ئینگرید هەڵیگرت. سەماعەکەی فڕێدا و بەڕاکردن هات، جلکە شینە چوارگۆشەدارەکەی ڕۆژانەی (فۆرئۆ)ی لەبەردا بوو. دەستی ڕاستی کێشا بەڕانیدا و هاواری کرد: فایلەکەیان داخستووە.

یەکەم جار هەستم بەهیچ شتێک نەکرد، پاشان هیلاکی دایگرتم، هەموو ڕۆتینەکانم شکاندن و چوومە سەر تەختەنوێنەکەم. بۆ چەند سەعاتێک نووستم. هێند شەکەت بووم کە تەنها جارێکی تر نەبێ هەرگیز شەکەتی لەو جۆرەم بەخۆوە نەبینیبوو، ئەو جارەش کاتێک بوو لە فڕۆکەیەک دابەزیم کە ماتۆڕێکی بەئاسمانەوە سووتابوو، چەند سەعاتێک بەدەوری (ئۆرێسوند)[٤١]دا سووڕایەوە تا بەنزینی تێدا نەمێنێ و بنیشێتەوە.

بۆ ئێوارە لە دەرگا درا. هاوڕێ و هاوسێیەکی میهرەبان لەدەرەوە ڕاوەستابوو. هەر یەکسەر بەخێرایی چەپکێک گوڵی ڕایەڵ کرد و گوتی تەنها ویستوویەتی پیرۆزبایی بکا و خۆشحاڵیی خۆی بەو بۆنەیەوە دەرببڕێت.

ئەو شەوە ئیدی شەوی بێ خەویی بوو. یەک تەقینەوە لە پرۆژە و نەخشەدانان وەئاگای هێنابوومەوە. نە حەبی خەو و نە مۆسیقا، نە سێلما، نە شوکولاتە و نە پسکیت دەرەقەتی ئەو بێ خەوییە دەهاتن، لەنوێنەکەم هاتمە دەرێ و لەودیو مێزەکەمەوە دانیشتم. بەخێرایی ڕەشنووسی فیلمێکم نووسی و ناوم نا (دایک و کچ و دایک)[٤٢]. ئەو سەرنجەشم نووسی کە دەبێ ئینگرید بێریمان و لیڤ ئوللمان[٤٣]، دەورەکانی فیلمەکە ببینن.

لە ٣٠ی مارسدا بۆ ستۆکهۆڵم گەڕاینەوە کە لەوێ کارێکی زۆر چاوەڕێم بوو. من بەپارێز و بەهیلاکییەکی لە حەوسەڵە بەدەرەوە کەوتمە ئەنجامدانی چەند بابەتێکی گرنگ، لە پێشی پێشەوەیان (گۆڕەپانی بەهەشت)ەکەی (ئولللا ئیساکسۆن) و (گیونێل لیندبلوم).

لە ٢ی نیساندا بەڕێوەبەرایەتیی باج تۆپەکەیان داگرتەوە و گوللە تۆپێکیان هاویشت.

40- Selma Lagerlöfs Jerusalem

41- Öresund

42- Mor och Dotter och Mor

43- Liv Ullmann

سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ (ڕۆلف ماگرێلل)[٤٤]ی پارێزەرمان بینی. من بەکاوەخۆ و بەزەحمەت لەناوەڕۆکی ئەو پەیامە تێگەیشتم کە لە بەڕێوەبەرێتی باجەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. دواتر گوتارێکم سەبارەت بەو مەسەلەیە و ئاکامەکانی نووسی. بەم شێوەیە:

ڕۆژی هەینی ٢ی نیسان، (رولف ماگرێلل)ی نوێنەری یاسایی من لەلایەن (بێنگت شێللێن)[٤٥]ی بەڕێوەبەری دەستنیشانکردنی باج و (هانس سڤێنسۆن)[٤٦]ی بەڕێوەبەری بەشەوە لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج، بۆ وتووێژێک "بانگێشت" کرا.

ئەو پەیامەی کە ئەو دوو بەڕێزە بۆ منیان ناردووە تا بڵێیی ئاڵۆزە. سەرەڕای هەوڵگەلی بەحەوسەڵانە، کەچی مارگرێلل بەتەواوەتی نەیتوانیوە هەموو وردەکارییەکانیم بۆ ڕاڤەکات. بەڵام لە بەرامبەردا من لە بیرۆکەی گشتیی پەیامەکە حاڵی بووم.

بەرلەوەی بەشی ڕاگەیاندنی سەیروسەمەرە و بەئاگای بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج فریاکەوێ و خۆی بگەیەنێتە ماسمیدیا، کە پێدەچێ پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵیدا هەبێت، وا من هەنووکە تەواوێک دەخوازم هەموو ئەو شتانە ئاشکراکەم کە لە دڵی هەردوو بەڕێوەبەری دەستنیشان کردنی باج و بەڕێوەبەری بەش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجدان.

کە بەم ڕێگەیە من پارەی کرێی لە زوبانەوەدان لە کەسێک دەماشمەوە، بۆ ئەوەیە تا مەسەلەکە بەخوێن ساردی وەرگرێت. بەجۆرێک لەجۆرەکان من لەو بڕە پارە بێ شومارە تێدەگەم کە بە(گڵۆڵە لێژیی بێریمان) ناودەبرێت. پرسیارێکی ڕاگوزەر: لە مەسەلەیەکی ئاوهادا چۆناوچۆنی چاپەمەنییەکان خەرجییەکانی خۆیان تۆمار و بەیان دەکەن و چۆناوچۆنی وەرگر داهاتەکانی خۆی ڕادەگەیەنێت؟

من هەنووکە هەوڵ دەدەم ڕوونکردنەوەیەکی کورت سەبارەت بەپەیامەکەی (سڤێنسۆن) و (شێلێن) بخەمەڕوو. داوا لە خوێنەر دەکەم نەختێک حەوسەڵەی هەبێت، لەبەرئەوەی مەسەلەکە هەر بەڕاستی سەرنجڕاکێشە.

44- Rolf Magrell
45- Bengt Källen
46- Hans Svensson



وایان دەربڕیوە کە ئەوان لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج تەواوێک قاییل نەبوون بەرامبەر داخستنی کێشەکە لەلایەن ڕاگەیاندنی پێشووی بەڕێوەبەرێتی گشتی باج کە داواکارییەکەی (دالستراند)ی بەڕێوەبەری دەستنیشان کردنی باجی لەخۆگرتووە. دالستراند گەرەکییەتی دوو ملیۆن و نیو کرۆن باجی ساڵی ١٩٧٥ بدەم (وەک بەشی خۆم لە کۆمپانیای پێرشۆنا، کۆمپانیا سویسرایییەکەی پێشووم). ئەو جەنابانەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج هەنووکە دەیانەوێ لەسەر هەمان داهات، باجی سینەماتۆگراف، کۆمپانیا سوێدییەکەشم بدەم، لەبەرئەوەی ئەوان پێیانوایە کە کۆمپانیا سویسرایییەکەم "بێ ڕەسید " ە. ئەوان بەو شێوەیە چ باکیان بەوە نییە کە دوو جار لەسەر هەمان داهات باج بکرێیت (بە ٨٥ + ٢٤ لە سەدا یان پێکەوە ١٠٩ لە سەدا) لەبەرئەوەی گوایە ئەوە هەڵەی (دالستراند)ی بەڕێوەبەری دەست نیشانکردنی باجە (ئاگاتان لێیە؟)

لەلایەکی دییەوە گەر (دالستراند)ی بەڕێوەبەری دەستنیشانکردنی باج و من، توانیبوومان لەسەر ئەو باجە پێکبێین کە یەکەم جار بەڕێوەبەرێتیی گشتیی باج ویستبووی، ئەوا لێدەگەڕان باجی کۆمپانیا سوێدییەکەم نەدرێت.

بەکورتی و بەپوختی: لەمیانەی هەڕەشە و باجگیرییەوە دەیانەوێ من و دالستراند ناچارکەن ددان بەوەدا بنێین کە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج هەر لەسەرەتاوە لەسەر حەق بووە.

بۆ من شتێکی چێژبەخشە کە هەر لەمیانەی ئەم ڕۆژنامەیەوە بە(بێنگت شێلێن)ی بەڕێوەبەری دەستنیشانکردنی باج و (هانس سڤێنسۆن)ی بەڕێوەبەری بەش ڕابگەیەنم کە میتۆدەکەیانم پێ قەبوڵ ناکرێ و نامەوێت خۆم لە هیچ کوێیەکی ئەم کەربازارییە[٤٧] وە بگلێنم.

هەڵبەت شتێکی سروشتییە کە هەنووکە ناچارم نەختێکی تر مەزەندەی ئەو هۆکارانە بکەم کە لەودیو گەمە سەرسوڕهێنەکەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی باجەوەن.

٤٧- لە دەقەکەدا kohandel بەکارهاتووە، کە لە بنەڕەتدا مەبەست لێی ڕێککەوتنێکی سیاسییانەی نێوان دوو لایەنە لەسەر حیسابی بەقوربانی کردنی پرەنسیپەکان لە پێناوی وەدەست هێنانی چەند ئیمتیازێکی کورتخایەندا. و.ک

ئەمەش برێک ڕوونکردنەوە: کاتێ (نوردێنادلێر)[٤٨]ی داواکاری گشتی، داخستنی دۆسییەکەمی ڕاگەیاند، ژمارەیەک خەڵک لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج، ئابڕوویان چوو. ماوەی چەند مانگێک بوو (کێنت کارلسۆن)ی کۆمیسارییەی بەڕێوەبەرێتیی باج و یاریدەدەرەکانی کاریان لەم دۆسییەدا کردووە کە لە دوا پلەدا گەیشتە پەلکێشان و دەسگیرکردنم لە دراماتن. ئەوسا کە دواتر ئاشکرابوو هەموو ئەو هەوڵانە بەشێوەیەک لە شێوەکان بێ هوودەبوون، ئینجا هەستیان کرد ناچارن و پێویستیان بەوەیە بەدوای شتێکی تردا بگەڕێن تا گەر بەشێوەیەکی کاتییش بێ ئەو بۆچوونە نەرێنییە بسڕنەوە کە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا لەسەر خۆی دروستی کردووە. دەشێ ئەوان پێیان وابووبێ ترسم لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیاندا، وام لێ دەکا سەر بۆ باجگیرییەکانیان نەوی کەم و ئەوساش بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج لە هەر هەموو هەلومەرجەکاندا وەک براوە دەمێنێتەوە.

من چ ڕێزێک بۆ ئاوها گەمەیەک دانانێم.

لە هەمان کاتدا دەخوازم هەر ئێستا بڵێم کە دەمەوێ هەردوو بەڕێوەبەری دەستنیشان کردنی باج و بەڕێوەبەری بەش لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج بەخۆمەوە بگوشم.

ئاخر ئەو دوو بەڕێزە توانییان لە شتێکدا سەرکەون کە نە من و نە پزیشکی دەروونی لەمیانەی دوو مانگی نەخۆشییەکەمدا، نەمانتوانی بەسەریدا زاڵ بین.

بەساکاری بڵێم من هێند تووڕەییەکی نەفرەتاوی دایگرتبووم، کە ئیدی چاک بوومەوە. ترس و هەست بەزەلیلیی کردنێک کە ڕیشەکێشکردنی زەحمەت بوو، ترس و هەست بەزەلیلی کردنێک کە ڕۆژان و شەوانێک پێوەی تلابوومەوە، لەماوەی چەند سەعاتێکدا بووە هەڵم و چ ئاسەوارێکی نەما. پەیم بەوەبرد کە نەیارەکانم کارمەندانی دادوەر و بابەتی و دەزگا و دامەزراوی حەکیم نین، بەڵکوو ئەوانە گرووپێک قومارچی پلەوپایە خوازن.

هەڵبەت من پێشتر لەم ڕێگەیەدا لە شتێک کەوتبوومە گومانەوە، بەتایبەتی

48- Nordenadler



کاتێ لە نزیکەوە سەرنجم لە (کێنت کارلسۆن)ی لێکۆڵەرەوە دا، کە لە میانەی لێپێچینەوە لەگەڵمدا لە نووسینگەی بەشی تاوانباران ئامادەبوو، لە حەژمەت گەیشتن بەساتەوەختی سەرکەوتنە چاوەڕوان کەرەکەی، لەرزێک لە ورووژان لە خۆوەی پێچابوو.

دەبێ پێ لەوەبنێم، دواتر کاتێک (نوردێنادلێر)ی داواکاری گشتی بەخودان ئازایەتییەکی مۆراڵییەوە ڕووبەڕووی ئەو هێزە بەدەسەڵاتانە بووەوە کە پێشتر دادگاییان کردبووم، بەدگومانییەک دایگرتم. (بڕیارم دا هەموو شتەکان بیر خۆم بەرمەوە، بۆ چالاکییەکانم بگەڕێمەوە و بەمتمانەیەکی تەواوەوە پرۆسێسی باجەکە بۆ خەڵکانی تایبەتمەند جێبێڵم. ئاخر پارە و تشت هەمیشە لای من جێی بایەخ نەبوون، هەروا بوون و هەر واشدەبن. من هیچ ترسم لەوە نییە لە بەڵایەکی ناگەهاندا هەرچیم هەیە لەدەستی بدەم. سامانی من لە پارەدا نییە. هەڵبەت هەستم کرد خەراپ مامەڵە کراوم، بەڵام هەر پێموابوو دەبێ ئەوە بیر خۆم بەرمەوە تا بتوانم بۆ واقیع بگەڕێمەوە، هەروەها پێموابوو لە کۆتایی ئەم چیرۆکە خەمینەدا، شایستەیی و دادوەریی هەن.)

بەڵام (شێلێن)ی بەڕێوەبەری دەستنیشان کردنی باج و (سڤێنسۆن)ی سەرۆکی بەش، لە میانەی هەرەشە لێکردنەوە بەباجگیریی، هەمدیس بەگوڕتر زەمینەیان بۆ بیرۆکە زیاتر پارانۆید[٤٩]ییەکانم خۆش کرد. هاوکاتیش لەکارکەوتنی گوڕی کار و ئەو قەیرانی داهێنانەم چارەسەر بوو کە بۆ یەکەم جار لە ژیانی ئاگاییمدا دووچاری ببووم.

بەو تەزرە من ئێستا بەمشورەتکردن لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسە نێزیکەکانم گەیشتوومەتە کۆمەڵە بڕیارێک و هەنووکە دەخوازم بیاننووسم. ئەگینا یەک کۆمەڵ پڕوپاگەندە و مەزندە و ئیماژە سەر دەردێن و ئیدی ئەوسا زەحمەت دەبێت شتەکان بهێنرێنەوە جێگای خۆیان.

یەکەمین بڕیارم ئەوەیە: لەبەرئەوەی من پێویستم بەجۆرێک دڵنیاییە تا شتێک لە بواری کارەکەی خۆمدا بەشتێک بکەم و لەبەرئەوەش کە ئاشکرایە

٤٩- Paranoid هەستکردن بەوەی کە بەبێ چ هۆکارێک لەلایەن کەسێک یان کەسانێکەوە بەربەرەکانی دەکرێیت و دەچەوسێنرێیتەوە. و.ک

ئەم دڵنیاییيەم لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێ ڕەوا نابینرێت، بۆیە ناچارم لە وڵاتێکی تری جیاواز لەم وڵاتەدا بەدوایدا بگەڕێم. ئاشکرایە ئەمە بۆ من ریسکێکی گەورەیە. ئاخر پیشەکەم بەشێوەیەکی بەتین بەژینگە و بەزوبانەکەی خۆمەوە ڕایەڵە و دەشێ هەنووکە لەم تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵییەمدا دەرەقەتی جۆرە ریسکێکی لەو جۆرە نەیەم. لەتەک ئەوەشدا من دەبێ جورئەتی ئەوەم هەبێ هەوڵ بدەم. پێویستە ئەو هەستی ئیفلیج بوونە بەنادڵنیایی، کە لەماوەی چەند مانگی پێشوودا دەرگیری بووم، کۆتایی پێ بهێنرێ. ئاخر گەر نەتوانم کاربکەم ئەوا ژیانم دەبێتە شتێکی بێ مانا.

بڕیاری دووەمم: بۆ ئەوەی "باجدەرانی نەزیهی سوێدی" نەگەنە ئەو بڕوایەی کە من بەهۆی پرۆسێسی باجەوە دەمەوێ لە وڵات هەڵبێم، ئەوا سەروەت و سامانەکەم دەخەمە ژمارە حیسابێکی داخراوەوە کە گەر دۆسییەکەم دۆڕاند ئەوا پارەکە دەچێتە حیسابی بەڕێوەبەرێتی گشتیی باجەوە. دەبێت بڕێک پارە هەبێت کە دەست بیگاتێ بۆ ئەگەری ئەوەی کە سینەماتۆگراف کێشەکە بدۆڕێنێت. گەر چ پارەی تر قەردار بم ئەوا تا دوا فلسی دەدەم. ژمارەیەکی بێ شومار پەیامم هەن و ناخوازم یەک فلس قەرداری نیشتیمان بم.

بڕیاری سێیەمم: من لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە دوو ملیۆن کرۆن باجم داوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکم لای خۆم دامەزراندوون. سەبارەت بەهەموو ڕێککەوتننامەکان لە خەمی ئەوەدابووم ئابڕوومەندانە بەڕێوەبچن. لەبەرئەوەی لە ژمارە تێناگەم و لە پارە دەترسم، بۆیە داوام لە خەڵکانی چەلەنگ و بەئابڕوو کردوون کە ئەرکی ئەو جۆرە شتانە بگرنە ئەستۆی خۆیان. (فۆرئۆ) ماڵی دڵنیایی من بووە و لەنێویدا وەک لەنێو ڕەحمی دایکێکدابم حەواومەتەوە بەبێ ئەوەی هەستی ئەوەم لەلا دروست بووبێ، جێی بێڵم و من جگە لەوێندەر، جێگایەکی ترم لە ژیاندا هەبێ پەنای بۆ بەرم. من سۆشیاڵ دیموکرات بووم. بەپەرۆشییەکی بەتینەوە لایەنگیری ئەو ئایدۆلۆژیای خودان سازشکردنە خەمینانە بووم. من پێمواببووە وڵاتەکەم باشترین وڵاتی دونیایە و هەنووکەش هەر لەسەر هەمان باوەڕم، ڕەنگە ئەمە لەبەرئەوەبێ کە ژمارەیەکی کەم وڵاتی ترم بینیبون.



ڕابوونەوەم وەک شۆکێک وەدیارکەوت، بەشێکی لەبەر ئەو زەلیلییە لە بەرگەگرتن نەهاتووە، بەشێکی تریشی لەبەرئەوەی کە پێمواببوو هەر کەسێکی تر لەم وڵاتەدا بۆی هەیە بەجۆرێکی تایبەت لە بیرۆکراتییەت پەلامار بدرێ و سووکایەتی پێبکرێت، بیرۆکراتییەتێک کە وەک شێرپەنجەیەکی خێرا بڵاودەبێتەوە و بەهیچ تەرزێک لە قەرەی ئەرکە قورس و هەستیارەکەی نایەت. کۆمەڵگە دەسەڵاتی بەهێزی داوەتە کەسانێک، بەشێوەیەک لە شێوەکان شایستەی ئاوها دەسەڵاتێک نین.

کاتێک نوێنەرانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی باج، لە سەروو هەموویانەوە (کێنت کارلسۆن)ی لێکۆڵەرەوەی بەڕێوەبەرێتیی باج بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆ نووسینگەی کۆمپانیای سینەماتۆگراف هاتن و داوایان کرد لە حیساباتەکانمان بکۆڵنەوە، سەرنجم دا شێوازەکەیان بۆ تاووتوێکردنی مەسەلەکان هیچ و پووچ و دزێوە، دواتر زانیم ئەمە هەمان ئەو شێوازەیە کە پەیڕەو دەکرێت و حیساباتەکانمان چ کێشەیەکی تێدانییە. هەر ئەوکات داوای زانیارییان لەبارەی کۆمپانیای پێرسۆنا فیلمەوە کرد، ئێمەیش بێ ئەوەی پرسیاریان لێبکەین، دەفتەرەکانی کۆمپانیاکەمان خستنە بەر دەستیان.

من و پارێزەرەکەم بەبێ چ نیگەرانییەک چاوەڕێ بووین لەلایەن ژمێریاری ئەو جەنابانەوە بۆ وتووێژ بانگ کرێین.

بەڵام وا دەرنەچوو.

(کینت کارلسۆن)ی بەڕێوەبەری باج و پیاوەکانی، پلانی تریان هەبوون کە دەیانویست لەمیانەیەوە هێزی خۆیان لەبەردەم دونیادا پیشاندەن و لەم خشتە تایبەتییەی نومرەی بیرۆکراتییەتدا، ژمارەیەک نومرەی تر بۆ خۆیان بپچڕن.

(بەڵام ورد پلانەکەیان نەچنیبوو. لەنێوان دەستکردن بەحیساباتەکان و دەستگیرکردنی خۆم و پارێزەرەکەمدا " تا نەبا چ بەڵگەنامەیەک لە بەین بەرین " چەند مانگێک مەودا هەبوو. گەر هەر بەڕاستی شتێکمان هەبا بیشارینەوە، ئەوا لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا دەمانشاردەوە، ئەمە شتێکە کە تەنانەت (پاولۆس بێری سترۆم)[٥٠]یش دەتوانێت حیسابی بۆ بکات. گەر ویژدانم

50- Paulus Bergström

بەتاوان قورس با، ئەوا لەم ماوە درێژەدا خۆم دەکردە سویدییەکی هەندەران نشین. دواجار گەر من هێند نائومێدانە بەم وڵاتەوە ڕایەڵ نەبام و وێڕای ئەوەش هێند تاوانبارانە دەستپاک نەبام، ئەوا دەبوو ئەمڕۆ سەروەت و سامانێکی زۆرم لە دەرەوەی وڵات هەبا.)

بەڵام شتێک لەم بیرۆکانە بەخەیاڵی (کارلسۆن)ی لێکۆڵەرەوە یاخۆ (دریفالدت)[٥١]ی داواکاری گشتییدا نەهاتووە. گورزە چاوەڕواننەکراوەکەی کارلسۆن ڕاستەقینە بوو، دوای چواردە دەقیقە لە بردنم بۆ دەرەوەی دراماتن، لە یەکەمین ڕۆژنامەوە پێوەندییان بەلێپرسراوی لێپێچانەوەکەوە گرت و داوای وردەکاری ئەو پرۆسە ورووژێنەرەیان لێ کرد.

هەنووکە کە نمایشی نەخشە بۆ داڕێژراوی سینگ دەرپەڕاندنەکە کۆتایی هاتووە، ئیدی مەسەلەکە بۆتە شەڕێکی سەیرو سەمەرەی سەنگەر بەسەنگەر کە تیایدا چەکی هەڕەشە و باجگیری بەکاردێت، ترسام ئەم ستراتیژییەتە تا ئایندەیەکی نادیار بخایەنێت.

من نە تێگەیشتن و نە ئەعسابی ئەم جۆرە شەڕانەم هەیە، هەروەها کاتیشم بۆیان نییە.

هەر بۆیە سەفەر دەکەم.

سەفەر دەکەم تا لە دەرەوەی وڵات و بەزوبانێکی بێگانە خۆم بۆ یەکەمین فیلمم ئامادەکەم. چ پاساوێکیش بۆ ئەوە نابینمەوە کە ئەسەف بخۆم. ئاخر ئەمە بۆ هەمووان، جگە لە خۆم و کەسە نێزیکەکانم، شتێکی ناچیزە و تەواوێک "بێ ڕەسید "ە وەک ئەوەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باج دەیڵێن.

پێیانگوتم من دەبێ بەرامبەر بەشێوازی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەی (ئەفتوون بلادێت)[٥٢] لەگەڵ کێشەکەمدا، هێرشی بکەمەسەر. منیش وەڵامم دانەوە ئەوە شتێکی بێ مانایە. ئاخر ڕۆژنامەیەک کە لە وتی وتی، سووکایەتی پێکردنی ئاشکرا، گوتنی نیوەی حەقیقەت و وەدووکەوتنی ئاژاوەگێڕییانەی خەڵکییدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا بەهەمان هەستی سەرکەوتنەوە کە هیندییەکی

51- Dreifaldt
52- Aftonbladet



سوور، کەللەسەر کۆدەکاتەوە، ئەویش سەرنج و تێبینی لە نوێنەرانی یاسایی چاپەمەنییەکان کۆدەکاتەوە. من پێمولیە هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بەبەکارهێنانی بۆرییەکی زێرابی وەک ئەفتون بلادێت هەیە. ئەوەی کە هەمیشە سەری سووڕماندووم ئەوە بووە کە ئەم بۆری زێرابە ئاڵای پاپۆڕی چاپەمەنی سۆشیالٚ دیموکراتەکان بێت و لەنێو خانە کەڵەکەبووە لەرزۆک و فشەڵەکانیدا، خەڵکانێکی بەڕێز و شایستە کاربکەن.

هەروەها هەندێک کەسی تر ڕانومایییان کردم پێویستە لەبەرامبەر ئەو زەرەرانەدا کە لێم کەوتوون: (کرێی دوو شانۆگەری: هەریەکەیان چل و پێنج هەزار کرۆن، ڕاگرتنی فیلمێک: نزیکەی سێ ملیۆن کرۆن، زیانی دەروونی: یەک کرۆن، حەیا بردن: کرۆنێکی تر، هەمووی دەکاتە سێ ملیۆن و نەوەد هەزار و دوو کرۆن)، داوای یاسایی لەسەر (درێیفالدت)ی داواکاری گشتی تۆمارکەم و داوای قەرەبووی لێ بکەم.

بینیم ئەمە شتێکی بێ هوودەیە. کارێکی ئەماتۆرییانەیە. هەستکردن بەبەرپرسیارێتی و بێ باکی پێکەوە قۆڵ لە قۆڵی یەکدیدا کاردەکەن. دەبێ مرۆڤ لەمە بگات. ئەمە شتێکی سوێدییانەیە. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان شانۆنامەیەکی هەزەلی لەسەر ئەم بابەتە بنووسم. منیش وەک ستریندبێری، کە هەر تووڕە دەبوو، بڵێم:" ئاگاداربە هەی ناڕەسەن، لە تێکستی داهاتوومدا، چاومان بەچاوی یەکتر دەکەوێتەوە."

(بیۆرن نیلسۆن)[٥٣] لە ڕۆژنامەی (ئێکسپرێسێن)[٥٤] ئەرکی بڵاوکردنەوەی وتارەکەمی گرتە ئەستۆ. من و ئینگرید دیدەنی خوشکەکەی و زاواکەیمان لە (لێخیۆفۆش)[٥٥] کرد. لە گەڕانەوەماندا بۆ ستۆکهۆڵم ئەو ڕێگەیەمان گرتەبەر کە بەڤۆرومسدا تێدەپەڕی. ڤۆرومس بێدەنگ و گۆشەگیر لە ڕووناکی خۆڵەمێشیی زستانێکی درەنگدا ڕاکشابوو. ڕووبارەکە ڕەش و گردۆڵکەکانی بەتەم پۆشرابوون. پاشان بە(ستورە تیونا)[٥٦]دا تێپەڕین کە دایکی ئینگریدی لێ نێژرا بوو. سەعاتێک لە ئۆپسالا لامان دا، خانووەکەی نەنکمم لە ترێدگۆردگاتان پیشانی ئینگرید دا. لای

53- Björn Nilsson
54- Expressen
55- Lesjöfors
56- Stora Tuna

ڕووباری فیریسئۆن[٥٧]ەوە ڕاوەستاین کە بەخوڕ دەڕۆیشت. ئەوە شتێکی سۆز ورووژێن و خودا حافیزییەکیش بوو. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەفەرمان بۆ فۆرئۆ کرد. ئەوە لە هەمان کاتدا ئازاراوی و شتێکی پێویستیش بوو. نیازی سەفەر کردنەکەمم بەلاش- ئوی کارلبێری و کاتینکا فاراگو ڕاگەیاند. ئەوان بەڵێنیان پێدام بەباشترین شێوە بەردەوامیی بەسینەماتۆگراف بدەن. لە هەینی درێژ[٥٨]دا وتارەکەم نووسی، جارێک و جارێکی تریش نووسیمەوە، بیرم کردەوە ئەرێ بۆچی خۆم لەم حەمکە هیلاکییەوە گلاندووە، بەڵام ئەو تووڕەییبیەی لەماوەی ئەو چەند هەفتەیەی دواییدا بەردەوامی پێ بەخشیبووم، هانی دەدام و ئادرێنالینی پێویستی بەرهەم دەهێنا.

٢٠ی ئاپرێل، ئینگرید و خوشکەکەی سەفەریان بۆ پاریس کرد. من ئەو ئێوارەیەم لەگەڵ (ستیورێ هێلاندێر)ی هاوڕێمدا بەسەربرد. ئێمە لە ساڵی ١٩٥٥ ەوە و لەوکاتەوەی کە منیان بەوەزعێکی خەراپ و بەڕشانەوەوە گەیاندە بەشەکەی وی لە خەستەخانەی کاررولینسکا، یەکترمان دەناسی. ئەوکات کێشم پەنجاو شەش کیلۆ و گومانی شێرپەنجەی گەدەم لێ دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە زۆر لەیەکدی جیاواز بووین، کەچی بووینە هاوڕێ، هاوڕێیەتییەک تا ئێستاش بۆ هەردووکمان مانای گەورەی هەیە.

سەعات چوار و پەنجا دەقیقەی عەسری ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی ئاپرێل، سەفەرم بۆ پاریس کرد. کە فڕۆکەکە هەستا، شاگەشکەبوونێکی سەیر لەخۆوەی پێچام و ئیدی بۆ کیژێکی گچکە، کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، کەوتمە حەکایەت گێڕانەوە.

ئەوەی دواتر ڕووی دا، لەم پێوەندەدا چ مایەی گرنگیپێدان نییە. ڕۆژێک دوای سەفەرەکەم، وتارەکەم لە ئێکسپرێسێندا بڵاو ببۆوە و جۆرێک لە ورووژانی دروست کردبوو. ماسمیدیا هۆتێلی پاریسی گەمارۆدا و هێندەی نەمابوو وێنەگرێک بەسواری ماتۆڕەکەیەوە خۆی بکوژێ کاتێ دوای ئەو ترومبێلە کەوتبوو کە بۆ باڵیۆزخانەی سوێدی دەبردین. من بەڵێنم بە(دینۆ دی لاورێنتیس) دابوو هیچ نەڵێم، چونکە پلانمان دانابوو چەند ڕۆژێک دواتر، کۆنفراسێکی ڕۆژنامەیی لە هۆلیوود ڕێکخەین.

میوانییەکی بەهاتوبات بەڕێوەچوو. پێموابوو جەولەی دووەممان بردۆتەوە، بەڵام هاوکات بیرم لەوە دەکردەوە کە بەهاکەی ئەو بەرزە نییە.

من و ئینگرید بیرمان لەوە کردەوە لە پاریس نیشتەجێ بین کە دوای کەمێک زیاتر لە

57- Fyrisa˚n

٥٨- La˚ngfredagen ئەو هەینییەی کە مەسیحی تێدا لە خاچ درا. و.ک



هەفتەیەک بۆی گەڕابووینەوە. دەبوو هاوینەکە لە (لوس ئەنگێلێس) بەرینە سەر، چونکە خۆئامادەکردنەکان بۆ فیلمی (هێلکەی مار) دواخرابوو. پاریس گەرم بوو. هوتێلە خۆشەکەمان هەوابگۆڕێکی تێدابوو کە وڕەی دەهات و دەنگێکی تیژی لێ بەرز دەبۆوە، مەکینەکە گەورە بوو، لەخوارەوە لەسەر عەردەکە هوروژمی هەوایەکی سارد دەهات. بەڕووتی لەبەر هوروژمی ئەو هەوا ساردەدا دانیشتین و کەوتینە شەمپانیا خواردنەوە، توانای جووڵەمان نەبوو. لە کۆڵانێکی شەقامە گشتییەکەدا دوو بۆمب تەقینەوە و چەند نووسینگەیەکی ئەڵمانیای خۆراوای وێران کردن.

پلەی گەرما بەرزتر دەبۆوە و ئێمەیش بۆ کۆپینهاگن سەفەرمان کرد، لەوێ ترومبێلێکمان گرت و بەدێهاتەکانی دانیماركدا کەوتینە گەڕان. ئێوارەیەکیان فڕۆکەیەکی شەخسیمان بەکرێ گرت و بۆ (ڤیسبی)[*] فڕین. تا ڕادەیەک درەنگوەخت گەیشتینە دوورگەی (فورئۆ)، بەڵام دونیا هێشتا ڕووناک بوو. لەنزیکماڵە کۆنەکەمانەوە لە دێمبا[٥٩] پەرژینێکی گەورەی گوڵەیاس چڕۆی کردبوو، تا خۆرئاوابوون لەسەر پێپلیکانەی بەردەم خانووەکە دانیشتین و بەبۆنی قورسی گوڵە یاس گەمارۆدراین. بەیانی زوو بۆ کۆپینهاگن فڕینەوە.

من و (دینۆ دی لاورێنتیس) لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین کە فیلمەکە لە (میونشین)[٦٠] وێنە بگیرێت، ئەمەش شتێک بوو باش بیری لێ کرابۆوە، چونکە بەرلین لە دەیەی بیستدا جێگای ڕووداوەکانی فیلمەکە ببوو. بۆ ئەوێ چووم تا بەدوای جێگای وێنەگرتندا بگەڕێم، چ جێگایەکم نەدۆزییەوە، شارۆچکەیەکی نێزیک شووراکە نەبێ کە ناوی (کریوزبێرگ)[٦١] بوو، ئەوێ وەک شاری تارمایی وەهابوو، هەر لەزەمەنی جەنگەوە تا ئەلعان چ دەستێکی پێدانەهێنرابوو. ڕووکاری ئاپارتمانەکانی هێشتا ئاسەواری نارنجۆک و گوللەیان پێوەبوو. گەرچی وێرانەی خانووە بەبۆمب خاپوورکراوەکان لابرابوون کەچی عەردە چۆڵەکان وەک برینێکی هەوکردوو لەنێوان کۆمەڵە ئاپارتمانەکاندا خۆیانکردبووەوە. تابلۆی مەغازەکان بەزوبانێکی بیانی نووسرابوون. ئەم بەشەی شار جارێک لەجاران پایتەختێکی هێند بەشکۆ بووە کە هیچ ئەڵمانیاییەکی لێ نەژیاوە. یەکێک گوتی خانوویەک لێرە بۆی هەیە وەکی چەکێکی بکوژ وابێت و ئیدی من کوتوپڕ لە

(*) Visby شارێک لە سوێد.

59- Dämba
60- Munchen
61- Kreuzberg

مەغزای ئەو بەلاغە شۆڕشگێڕانەیە گەیشتم. خانووەکان پڕبوون لە خەڵکانی بیانی، منداڵان لە گۆڕەپانەکاندا گەمەیان دەکرد، زبڵ لەو گەرمایەدا بۆنی بڵاوببۆوە، جاددەکان خەراپ و قیرەکەیان هەروا پینە و پەڕۆبوون.

دڵنیابووم کە داوودەزگایەک کۆنترۆڵی ئەم لووە سەرەتانییەی لە پشتی ئەم خۆراوای بەرلینە دەوڵەمەندەدا کردووە. بەدڵنیاییەوە ڕێک هەموو ئەو پێداویستییە کۆمەڵایەتییە بنچینەیی و هەلومەرجە ئەمنییانە دابین کراوە کە کەس زەرەرمەند نەبێت و دواتریش ویژدانی ئەڵمانیایی ئازار بدا و کینەی ڕەگەزپەرستییان لەکەدارکات. ئەوان بەئاشکرا دەڵێن: ئەم نارەسەنانە هەرچۆنێک بێ ئێرەیان لە هەر جێگایەکی ماڵی خۆیان باشترە. لە (باهنوف زوو)[٦٢]، کە بەزۆری بەنگکێشانی جحێڵی لێن، جاروبار بەپلانی نەخشە بۆدارێژراو هەڵدەکوترێتە سەریان. هەرگیز لە ژیانمدا هێند ڕاشکاوانە شاهێدی ئاوها مەحرومییەتێکی جەستەیی و ڕۆحی نەبووم. ئەڵمانەکان ئەمە نابینن، یاخود گەر بیشیبینن ئەوا توورە دەبن و دەڵێن: دەبێ ئۆردوگا هەبێت. بیرۆکەیەکی ساکار و گاڵتەجاڕییانە لەپشت (کریوزبێرگ) ەوە هەیە، ئەوەیش ئەوەیە: گەر دوژمنان لەدیوەکەی تری دیوارەکەوە بیانەوێ خۆیان بگەیەننە خۆرئاوا، ئەوا دەبێ بەسەر لاشەی دیوارێک لە جەستەی خەڵکانی نائەڵمانیاییدا، ئەو خەونەی خۆیان بێننە دی.

باڤاریا بریتی بوو لە دەزگایەکی بەشکۆ کە دوازدە ستۆدیۆ و چوار هەزار کارمەندی لەخۆدەگرت. لە شاری میونشین دوو خانەی ئۆپێرا، سی و دوو شانۆ، سێ ئۆرکیسترای سیمفۆنیایی، ژمارەیەکی بێ شومار مۆزە، پارکی زۆر و شەقامی خاوێنی لێواولێو لە مەغازەی قەرەباڵخ هەن کە لەجامخانەکانیاندا کەلوپەلی وا نەمایش کراوە بەزەحمەت لە شارێکی گەورەی تری ئەوروپاییدا بەرچاو دەکەوێت. خەڵکەکەی میهرەبان و میواندۆستن، ئێمەیش بڕیارماندا لە میونشین بمێنینەوە بەتایبەتی کە بانگێشت کرابووم تا کار لە (گەمەیەکی خەون)، لە شانۆی (ڕێسیدێنزتێیەتێر)[٦٣]، دراماتنی باڤاریادا بکەم.

وێڕای ئەوەش خەڵاتێکی شانازییم پێ بەخشرا کە بەناوی خەڵاتی (گۆتە)وە ناونراو و پایزی داهاتوو لە فرانکفۆرت وەرمدەگرت. دوای کەمێک گەڕان، باڵەخانەیەکی ڕووەو هەتاو و بەرینمان لە ئاپارتمانێکی بەرزی ناشیرینی پاڵ Englischer Garten بینییەوە. لەبانیژەکەیەوە زنجیرە چیای ئەلپ و (میونشین)ی دێرین و بورجەکانمان دەبینی.

62- Bahnhof Zoo
63- Residenztheater



لەبەرئەوەی باڵەخانەکە تا سێپتێمبەر چۆڵ نەدەبوو، بۆیە بۆ لۆس ئەنجێلێس گەڕاینەوە تا هاوین لەوێ بەسەربەرین، لە کالیفۆرنیا شەپۆلێکی گەرما باڵی کێشابوو کە دەیەیەک بوو گەرمای وای بەخۆوە نەبینیبوو. دوو ڕۆژ بەر لە ناوەڕاستی هاوین گەیشتینە ئەوێ، لە ژووری هۆتێلەکەوە، لەبەر هەوا ساردە قەبر ئاساکەیدا دانیشتین و کەوتینە تەماشاکردنی یاری بۆکسێن لە تەلەفیزیۆندا. ئێوارەکەی هەوڵمان دا بەپیاسە بۆ سینەمایەکی ئەو نێزیکانە بچین، بەڵام گەرما وەک دیوارێکی چیمەنتۆیی کە لەوەدا بێت بڕووخێت، هوروژمی بۆ هێناین.

بۆ بەیانییەکەی (باربارا سترێیساند)[٦٤] تەلەفۆنی کرد و پێشنیاری ئەوەی کرد، جلکی مەلە لەگەڵ خۆماندا ببەین و بچین بۆ لای، چونکە دەیەوێت ئاهەنگێکی بچووک لە گوێ ئەستێرکەکەیدا ڕێکخات. من سوپاسی میهرەبانییەکەیم کرد، سەماعەکەم دانایەوە، ئاوڕم بۆ ئینگرید دایەوە و گوتم: هەر ئێستا بۆ ماڵەوە، بۆ فورئۆ دەگەڕێینەوە و هاوینەکە لەوێ بەسەردەبەین. هەر ئەوەندەیە بەرگەی زەردەخەنەی گاڵتەجاڕییانە بگرین. چەند سەعاتێک دواتر و ئیدی ئێمە بەڕێوەبووین.

ئێوارەی جێژنی ناوەڕاستی هاوین، چووین بۆ ستۆکهۆڵم. ئینگرید تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد کە هاوڕێ و خزمانی لە (نۆرتێلێ)[٦٥] لە باخچەکەیدا داوەت کردبوون. فەرمانی پێدابن هەر یەکسەر ئێمەیش بچین. سەعات لە یازدە لایدابوو. ئێوارەیەکی فێنک بوو. هەموو شتێک جوانتر و بۆنەکانیش خۆشتر. هەروەها ڕووناکیش.

لەسەر تەختەنوێنێکی سپی و لەژوورێکدا ڕۆژم کردەوە کە بۆنی خانووی هاوینە و ئەرزی تەختەیی تازەخاوێنکراوی لێ دەهات. لە پەنجەرەکەوە دار بێتولایەکی بەرز هەبوو کە سێبەرەکەی فیگۆری جووڵاوی لەسەر پەردەی ڕووناکی پەنجەرەکە دەکێشا، دەیوژاند، دەیچرپاند و دەیچرپاند.

ئەو سەفەرە درێژە کۆتایی هات. ئەو کارەساتەی ژیانم خەونێک بوو کەسێکی تر بینیبووی. ئینگرید و من تەواوێک بێدەنگ لەبارەی ئەوەوە دواین کە ژیانی تازەمان قورس دەبێت.

من گوتم: یان دەمرم یاخۆ بەرەنگارییەکی دۆزەخییانە دەنوێنم.

***

64- Barbara Streisand
65- Norrtälje

دوای نیوەڕۆی یەکشەممە بوو لە ماڵی قەشە. من بەتەنیا لە ماڵەوە بووم و خەریکی ئەنجامدانی ئەرکی قورسی ماتماتیک بووم. زەنگەکانی کڵێسای (ئینگێل بێرکت)[١]، وادەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیان ڕاگەیاند. براکەم لە بینینی نمایشی فیلمێک بوو لە سینەما، خوشکەکەشم لە خەستەخانە بوو چارەسەری ڕیخۆڵەکوێرەی بۆ دەکرا، باوک و دایک و باجییەکان بۆ یادی (شازادە سۆپیا)[٢]ی دامەزرێنەری خەستەخانەکە چووبوون. هەتاوی بەهار لەسەر مێزی نووسینەکەم پرشنگی دەدا، سیستەرە پیرەکانی سولهێم، جلکی ڕەشیان لەبەردا و بەریز بەژێر سێبەری درەختەکاندا دەڕۆیشتن. ئەز تەمەنم سیازدە ساڵان و بەهۆی ئەوەی کە ئێوارەی پێشوو خۆم لە سەعیکردن لە ماتماتیکدا دزیبۆوە و بۆ (ڕاگناڕۆک)[٣] چووبووم، ڕۆیشتن بۆ سینەمام لێ قەدەغە کرابوو. لە حەژمەت بێزاری و بێ حەوسەڵەیی وێنەی ژنێکی ڕووتم لە دەفتەرەکەمدا کێشا. لەبەرئەوەی من هەمیشە وێنەکێشێکی بێ بەهرە بووم، شێوەی ژنەکە دواتر وەدیارکەوت. سینگی ژنەکە تا بڵێی گەورە و عەورەتیشی دیارنەبوو.

من زۆر شتم لەبارەی ژنەوە نەدەزانی. هیچ زانیارییەکیشم لەبارەی سێکسوالیتێتەوە

1- Engelbrekt
2- drottning Sophia
3- Ragnarök



نەبوو. براکەم جاروبار ئاماژەیەکی سووکایەتیئامێزانەی لەو بارەیەوە دەدا، باوک و دایک و مامۆستاکانیش هیچیان لەو بارەیەوە نەدەبێژا. دەتوانرا ژنی ڕووت لە مۆزەخانەی نەتەوەیی یاخۆ لەمێژووی هونەری (لاورین)[٤]دا ببینرێت. هاوینان مرۆڤ دەیتوانی نیگای گەڵوقوونێک یان مەمکێکی ڕووت بکات. ئەو کێماسییە لەزانیاری سێکسوالیتێتیدا هیچ کات نەبووە کێشە، من خۆم لە ئیغوا بەدوور دەگرت و بەهیچ جۆرە پەیجۆرییەکی ناچارانەوە عەزابم نەدەچەشت.

ڕووداوێکی بێ بەها جۆرە کاریگەرییەکی لەسەرم جێهێشت. بێوەژنێکی تەمەن مامناوەنجی کە ناوی (ئاللا پێتریۆس)[٥] و نەسەبی فینلاندیی - سویدی بوو، هامشۆی خێزانەکەمانی دەکرد و چالاکانە لەکاری کڵێسادا بەشدار دەبوو. بەهۆی پەتایەکی کاتییەوە کە دزەی کردبووە ماڵی قەشەوە، چەند هەفتەیەک لای پوورە ئاللا ژیام. وی لە باڵەخانەیەکی بێ سنووردا لە (ستراندڤێگن)[٦] دەژیا کە دەینۆڕی بەسەر (خێپس هولمن)[٧] و ژمارەیەکی بێ شومار بەلەمی تەختەییدا. هاتوپاتی شەقامەکە نەدەگەیشتە ئەو ژووره بێدەنگە هەتاوییانەی کە پڕبوون لە کەرەستە و کەلوپەلی دڵڕفێن و خەیاڵ ورووژێن.

بەدڵنیاییەوە (ئاللا پێتریۆس) ژنێکی جوان نەبوو. چاویلکەیەکی ئەستووری لەچاو دەکرد و خودان ڕۆیشتنێکی پیاوانە بوو. کە پێدەکەنی، (ئاخر وی زۆر پێدەکەنی)، لیک بەلالغاوەیدا دەهاتە خوارەوە. بەسەلیقەوە جلکی دەپۆشی و شەپقەی زلی لەسەر دەنا کە دەبوو لە سینەما لەسەری دایگرێ. وی پێستی جوان، چاوانی قاوەیی و دەستی نەرم، لە لاملیدا ژمارەیەک نیشانەی شێوە جیاوازی لەدایکبوون هەبوون. جگە لەوەش بۆنی خۆشی عەترێکی بێگانەی لێدەهات. دەنگی قووڵ و نزیک لە دەنگێکی پیاوانەوە بوو. گەلێک خۆشحاڵ بووم کە لەتەک ویدا دەژیام، ئاخر لە ماڵی ئەوانەوە ڕێگای قوتابخانەشم بۆ دەبووە نیوە. کارەکەر و چێشتلێنەرەکەی تەنێ بەزمانی فینلەندایی دەدوا، بەڵام نازی دەکێشام و نوقورچی لە ڕوومەت و قوونم دەگرت.

ئێوارەیەکیان چوومە حەمام خۆم بشۆم. کارەکەرەکە بانیۆکەی پڕ کردبوو لە ئاو و شتێکی

4- Laurins konsthistoria
5- Alla Petreus
6- Strandvägen
7- Skeppsholmen

بۆنخۆشیشی پێداکردبوو. چوومە نێو ئاوە گەرمەکە و خەواڵوویییەکی خۆش لەخۆوەی پێچابووم. ئاللا پێترێوس لە دەرگای حەمامەکەی دا و پرسیاری کرد ئاخۆ نەنووستووم. کە وەڵامم نەدایەوە، ئەوسا خۆی هاتە ژوورێ. ڕۆبێکی سەوزی لەبەردابوو، دەمودەست ڕۆبەکەی لەخۆی کردەوە.

پێیگوتم دەیەوێ پشتم بۆ بشوات، منیش پشتم تێکرد و ئیدی ئەویش هاتە نێو بانیۆکەوە. سابونی لە پشتم دا، بەفلّچەیەکی زبر کەوتە پشت شتنم و پاشان بەدەستێکی نەرم ئاوی بەپشتمدا کرد. ئەوسا دەستی گرتم، بۆ لای خۆی ڕایکێشا و خستییە نێوان ڕانییەوە، ڕۆحم گەییە سەر کەپووم، زیاتر پەنجەکانمی ڕادەکێشا و قووڵتر دەینانە نێو عەورەتی خۆیەوە. بەدەستەکەی تریشی زەکەری گرتم کە هەر یەکسەر کاردانەوەیەکی گێژ و سەرسوڕهێنەرانەی نواند. ئەوجا بەپارێزەوە پێستی سەر زەکەرمی ڕاکێشا و پێکهاتەیەکی سپی لێ گوشی کە لە سەری زەکەرمدا کۆببۆوە. هەموو ئەوانە خۆش بوون بەبێ ئەوەی کەمترین ترسیان لەخۆگرتبێ. توند لەنێوان ڕانە بەهێز و نەرمەکانیدا گرتبوومی و منیش بێ چ بەربەرەکانییەک و بەبێ ترس لێگەڕابووم لەنێو جۆلانەی چێژێکی قورس و ئازاراویدا، بهێنرێم و ببرێم.

ئەوکات من تەمەنم هەشت ساڵ یاخۆ ڕەنگە نۆ ساڵ بووبم. زۆر جاران من و پوورە ئاللا لە ماڵی قەشە یەکدیمان دەبینی، بەڵام هەرگیز ئەو شتەی نێوانمان نەدەهێنایە سەر زوبان. جاروبار لەودیو چاویلکە ئەستوورەکەیەوە تەماشای دەکردم و کەمێک پێدەکەنی. ئاخر ئێمە نهێنییەکمان لەنێواندا هەبوو.

پێنج ساڵ دواتر ئەم یادەوەرییە تا ڕادەیەکی زۆر سڕدرایەوە بەڵام دواتر بووە چێژێکی عەزابدەر و شەرمهێن. چێژێک کە هەمیشە دووبارە دەبۆوە و تا ڕادەیەک وەک سینەماتۆگراف بەردەوام نمایشەکەی لێدەدایەوە، شریتی چێژێک، شەیتانێک دەیسووڕاندەوە کە ڕقی لێم دەبۆوە و خەم و عەزابی بۆ بەئاوات دەخواستم.

ئەلعان وێنەی ژنێکی ڕووتم لە دەفتەرە شینەکەمدا کێشا. هەتاو بەتینتر و سیستەرەکانی سۆپیاهێمیش بەڕیز دەڕۆیشتن. بەپارێزەوە کەوتمە ولێنی نێوگەڵم، پانتۆڵەکەم کردەوە و لێگەڕام زەکەرێکی شینی سووربا و هاسان ورووژاو، هەستێ و ئازاد بێ. جاروبار کەمێک بەپارێزەوە دەمولێ، ئەوە بەجۆرێکی نائاسایی و ترسێنەر لێوڕێژ بوو لە لەزەت. هاوکات لە وێنەکێشانەکەی خۆیشم بەردەوام بووم، ژنێکی ڕووتی تریشم کێشا، کەمێک لەژنەکەی یەکەم چاوقایمتر بوو. زەکەرێکم بۆ دروست کرد، ئەوەم



بەمقەست بڕی، کونێکیشم لەنێوان ڕانی ژنەکەدا دروست کرد و زەکەرەکەم پێدا ڕۆ برد.

کوتوپڕ هەستم کرد جەستەم خەریکە دەتەقێ، هەستم کرد ئیدی کۆنترۆڵم بەسەر ئەو شتەدا نییە کە لە جەستەمەوە دێتە دەرێ. ڕامکردە ئاودەستەکە کە لەوسەری هۆڵەکەوە بوو، دەرگاکەیم لەودیوەوە کلۆم دا. هەنووکە چێژەکە ببووە ئازارێکی جەستەیی. زەکەرە نازدارەکەم کە جاران بەگرنگیپێدانێکی خەیاڵپەرتانە بەڵام هاوڕێیانەوە تەماشایم دەکرد، هەنووکە ببووە شەیتانێک کە وەک دڵ لێی دەدا و هەستکردن بەئازارێکی توندی بۆ سەرەوە، ڕەوانەی گەدە و بۆ خوارەوە ڕەوانەی ڕانم دەکرد. نەمدەزانی چ لەگەڵ ئەم دوژمنە بەهێزەدا بکەم. بەتوندی بەدەست پیامدا دەکێشا، ڕێک لەو کاتەدا تەقینەوەکە هات. سەرم سوڕما کاتێک بینیم شلەمەنییەکی نەناسراو پرژایە سەر دەست و پانتۆڵ و کورسی ئاودەستەکە و ئەو پەردەیەی پەنجەرەکە و دیوارەکان و ئەو ڕاخەرەی لە عەردەکەدا ڕاخرابوو. پێموابوو خۆم و هەموو شتەکانی دەوروبەرم بەو قوڕاوە سەیرەی لە جەستەمەوە دەهاتە دەرەوە، پیس بوون. هیچم نەدەزانی، لەهیچ حاڵی نەدەبووم و هەرگیزیش لەوەوبەر تەڕبوونی شەوانە، تەڕ نەببووم. ئەو حاڵەتە کوتوپڕ هات و بەهەمان زەبروزەنگیش بزر بوو.

حاڵ و وەزعی سێکسوالێتیم وەکی برووسکە، تەمومژاوی، دوژمنکارانە و عەزابدەر شالاوی بۆ هێنام. تا ئەمڕۆش نازانم چۆناوچۆنی ئەوە ڕووی دا، بۆچی ئەو گۆڕانە قووڵە جەستەیییە ئاوها بێ چ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشینە هات، بۆچی هێند ئازاراوی هات و بۆچ هەر لەیەکەم ساتەوەختی هاتنییەوە هێند بەهەستی تاوان بارگاوی ببوو. گەر ترس لە سێکسوالێتی لە پێستەوە دزەی کردبێتە جەستەی ئێمەی منداڵانەوە، ئەوە لەبەرئەوەیە، لە ژوورەکانی ئێمەی منداڵاندا وەک گازێکی ژەهراوی و نەبینراو هەبووە. ئاخر کەس هیچی لەو بارەیەوە نەگوتبوو، کەس ئاگاداری نەکردبووینەوە یاخۆ بەڕادەیەکی کەمیش نەیترساندبووین.

بێ ڕوحمانە بەو نەخۆشییە یان بەو جادووەوە گیرۆدە ببووم. پرۆسەکە هەمیشە دووبارە دەبۆوە، شتێک بوو نزیک لە ناچاریشەوە.

لە حەژمەتا پەنام بۆ براکەم برد و پرسیارم لێ کرد کە ئاخۆ ئەویش بەهەمان ئەزموونەدا تێپەڕیوە. براکەم بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕییانەی خۆشەویستانەوە پێیگوتم کاتێ تەمەنی حەڤدە ساڵان بووە ژیانێکی تەندروستانەی ئیرۆتیکی سێکسوالێتی لەگەڵ ژنە مامۆستایەکدا هەبووە کە وانەی زیادەی لە زوبانی ئەڵمانیدا پێگوتووە. گوتی ئیتر نایەوێ

گوێی لەو قسە قۆڕانەم بێ، ئامۆژگاریشی کردم بەوەی گەر بمەوێ زانیاری وردترم لەو بارەیەوە چنگ کەوێت، ئەوا دەتوانم لە فەرهەنگی پزیشکیی خێزاندا، لەژێر زاراوەی دەسپەڕدا بەدوایدا بگەڕێم. منیش بەقسەیم کرد و وام کرد.

لە فەرهەنگەکەدا بەزمانێکی ڕوون و ئاشکرا نووسرابوو، دەسپەڕ بەسوێدی واتای خۆ لەکەدارکردن دەگەیەنێت. ئەوە عادەتێکی خەراپی هەرزەکارانەیە و پێویستە بەهەموو تەرزێک بەربەرەکانێی بکرێت. ئەو عادەتە دەبێتە هۆی ڕەنگپەڕین، ئارەقەکردنەوە، لەرزین، دروستبوونی بازنەی ڕەش لەژێر چاواندا، شیرازە پچڕانی سیستمی تەرکیز و بالآنس تێکچوون. لە خەراپترین حاڵەتدا، نەخۆشییەکە مێشک تێکدەدات، شالآو بۆ کرۆکی بڕبڕە دەبا، پەرکەم دروست دەکات، دەبێتە هۆی بوورانەوە و لە تەمەنی زوودا مردن. بەگۆشەنیگایەکی ئاوهاوە، من بەچێژ و ترسەوە لەسەر خووەکەی خۆم بەردەوام بووم. چ کەسێکم شک نەدەبرد لەبارەیەوە لەگەڵیدا بدوێم، چ کەسێکم شک نەدەبرد لەبارەیەوە پرسیاری لێ بکەم، دەبوو هەمیشە هەر خۆم حەسحەسی خۆم بم، دەبوو هەمیشە ئەم نهێنییە ترسناکەم وەشارم.

لە نائومێدی خۆمدا هانام بۆ مەسیح برد و داوام لە باوکم کرد ساڵێک زووتر لەوەی کە نەخشەی بۆ داڕێژراوە بەشداری لە ڕێوڕەسمی تۆمارکردن[٨]دا بکەم. داواکەم قبوڵێنرا و ئیدی هەنووکە لەمیانەی نوێژ و ڕاهێنانی ڕۆحییەوە هەوڵم دەدا خۆم لە دەست ئەو بەڵایە ڕزگارکەم. شەوی پێش ڕێوڕەسمی خوانی ڕەببانی، هەوڵم دا بەهەمموو هێزم لە دژی شەیتانەکەم بجەنگم. تا بەرەبەیانی یەکتریمان هێنا و برد تا ئیدی من شەڕەکەم دۆڕاند. مەسیح سزای بەدروستبوونی یەک زیپکەی گەورە و کێماوی لە سەر نێوچەوانە ڕەنگپەڕیوەکەم، دام. کاتێ بۆ گوێڕادێران لە وێردەکانی نوێژ دانیشتم، زگم پێچی دەخوارد و خەریک بوو دەڕشامەوە.

هەموو ئەوە ئەوڕۆکە نەختێک کۆمیدی خۆ دەنوێنێ، بەڵام ئەوکات واقیعییەتێکی تاڵ بوو. ئاکامەکانیشی باش نەشکانەوە. دیواری نێوان ژیانی واقیعیم و نهێنییەکەم بەرزتر بووەوە کە ئیدی نەدەکرا ببەزێنرێ. درۆزنی تا دەهات دەبووە شتێکی پێویستتر. ژیانی فەنتاسیاییم دووچاری جۆرە شۆرتێکی کارەبایی بوو کە سالآنێکی زۆر و

٨- Konfirmationsundervisningen وەرگرتنی زانیاری تایبەت بەتۆمارکردن لە کڵێسای سوێدیدا. ئەو ڕێوڕەسمەیە کەسێک لە بەرایی تافی هەرزەکاریدا دەڕوا و لە کڵێسا تۆمار دەکرێت. و.ک



یارمەتیدەرانێکی میهرەبانی گەرەک بوون تا جۆربکرێتەوە. گۆشەگیرییەکەم هێند هاتبووەوە یەک کە ئیدی کەوتمە گومانەوە لەوەی خەریکە شێت دەبم. لای ستریندبێری و لە نەغمەی ئانارشیستییانە و گاڵتەجاڕییانەی نۆڤێلەکانی (ژن هێنان)[٩]دا جۆرە تەسەلایەکم بینییەوە. وشەکانی ئەو لەبارەی خوانی ڕەبانی لێواولێو لە بەخشش و ئەو چیرۆکەی لەبارەی عەیباشە دڵخۆشەکەوەبوو کە برا ئابڕوومەندەکەی ڕزگارکرد، چیرۆکێکی باش تانوپۆ چنراوبوو. بەڵام توو دۆزەخ چۆن دەمتوانی ژنێک وەدەستبێنم، هەر ژنێک با ؟ ئاخر هەموویان ئیشی خۆیان دەکرد من نەبێ کە دەسپەڕم دەکرد، کە ڕەنگپەڕیو بووم، کە ئارەقەم دەردەدا، کە بازنەی ڕەش لەژێر چاوامندا و کە کێشەی خەیاڵپەرتیم هەبوو.

سەرەڕای ئەوەش من لاواز، زەلیل، چیکڵدانە گچکە، هەمیشە ئامادەی شەڕ و شۆڕ و نەڕەنەڕ و قیژە، خودان نومرەی خەراپ و دنیایەک شەپازللە. سینەما و سێیەمین ڕیزی نهۆمی سەرەوەی شانۆی دراماتن تاقە پەناگام بوون.

ئێمە ئەو هاوینە وەک جاران لە ڤۆرومس نەژیاین، بەڵکوو بۆ خانوویەکی زەرد لە کەنداوێکی پڕ لە دار و درەخت لە دوورگەی (سمۆدالارئۆ)[١٠] گواستمانەوە. ئەوە بەرەنجامی ململانێیەکی درێژخایەن و تاڵی نێو چوار دیواری ماڵەکەی قەشە بوو. ئاخر بابم ڕقی لە ڤۆرومس و نەنکم و گەرمای ناوەوەی وڵات بوو. دایکم ڕقی لە زەریا و کۆدوورگە[١١] و با بوو کە ڕۆمانتیسمەی بەسۆی لە شان و ملیدا بۆ دروست دەکرد. هەنووکە وی لەبەر هۆیەکی نادیار، لە کەلی شەیتان هاتبووە خوارەوە. ئیدی (ئێکێبۆ)[١٢] لە دوورگەی سمۆدالارئۆ، بۆ چەندین ساڵ دواتر، بووە جێگای دڵگیری هاوینانی ئێمە.

کۆدوورگە بۆ من ئەزموونێکی هەژێنەر بوو. میوانانی هاوین دەهاتن بۆ ئەوێ و منداڵەکانیان کە زوربەیان لە تەمەنی مندا بوون، لەگەڵ خۆ دەهێنان. ئەو منداڵانە ئازا، جوان و توندوتیژ بوون. هەرچی منیشە دەموچاو زیپکاوی، جلک ناشیرین، زمانم دەیگرت و هەرلەخۆوە و بەدەنگی بەرز پێدەکەنیم، لە هەموو جۆرە وەرزشێکدا تەپۆ بووم،

9- Giftasnovellerna
10- Sma˚dalarö

١١- Skärga˚rden کۆمەڵێک دوورگەی گچکە لەبەردەم کەناری زەریادا.

12- Ekebo
13- Nietzsche

نەمدەتوانی بەسەردا خۆم هەڵدەم و حەزم دەکرد لەبارەی نیچە[١٣]وە قسان بکەم، ئەمەش بەهرەیەکی کۆمەڵایەتی بوو بەحاڵ بەکەڵکی ئەو کەنارە بەردینانە دەهات کە ئێمە مەلەمان لێ دەکرد.

کیژەکان خودان مەمک و سمت و قوون و پێکەنینێکی خۆشحاڵانەی گاڵتەجاڕییانە بوون. لەبەرهەیوانە گچکە گەرمەکەمدا لەگەڵ هەموویاندا دەنووستم، ئەشکەنجەم دەدان و ڕقم لێیان دەبۆوە.

هەموو ئێوارانێکی شەممە ئاهەنگی سەما لە ئەمباری دانەوێڵەی کوێخای گوند ساز دەکرا. تەواوێک وەک ئەوەی لە (خاتوو یۆلی) کەی ستریێنباری دا هەیە، هەموو شتێک لەوێ هەبوو: ڕووناکی شەو، کەشی هەژێنەر، بۆنی قورسی دارگێلاس و یاس، جیرەی ڤیۆلین، ڕەفزکردن و قەبووڵکردن، گەمە و زەبروزەنگ. لەبەر ئەوەی ژمارەی سەماکەرانی پیاو لە ئاهەنگی سەمای ئێوارانی شەممواندا کەمی دەهێنا، بۆیە من بۆ سەما قەبووڵ دەکرام بەڵام جورئەتم نەدەکرد دەستم بەر کیژەکان بکەوێ و یەکسەر مەودام دەگرت. وێڕای ئەوەش من خەراپ سەمام دەکرد و ئیدی وردە وردە دەردەکرام. تووڕە و هەڵچوو، دڵشکاو و کۆمیدیی، گۆشەگیر و زەندەقچوو، قێزەوەن و زیپکاوی. ئەوە ساڵی ١٩٣٢، تافی باڵقبوونی من بوو بەتەرزێکی بۆرژوازییانە.

بەبێ پچڕان دەمخوێندەوە، زۆرجاریش لەو شتەی کە دەمخوێندەوە حاڵی نەدەبووم، بەڵام گوێڕایەڵی نەغمەی: دۆستۆیڤسکی، تولستۆی، بەلزاک، دیڤوێ، سویفت، فلاوبێرت، نیچە و وەک پێشتر گوتم ستریندبێری بووم.

من ئیدی خاوەن چ قسەیەک نەبووم، زوبانم گیرا و کەوتمە کرۆژتنی نینۆکەکانم. ڕقم لە خۆم و خودی ژیان خەریک بوو دەیخنکاندم. کۆمە کۆم دەڕۆیشتم و سەریشم دەرپەڕیو، شتێک کە هەمیشە بەهۆیەوە سەرکۆنە دەکرام. سەیر ئەوەبوو من هەرگیز ئەو ژیانە داماوانەیەی خۆم نەخستە ژێر پرسیارەوە. ئاخر وام دەزانی ژیان خۆی ئاوهاییە.

***

من و (ئاننا لیندبێری)[١] هاوتەمەن بووین. پێکەوە لەو قۆناغی خوێندنەدا بووین کە پێیدەگوترا پۆلی نۆ و دواین هەنگاوی خوێندنی ناوەندی بوو. قوتابخانەکەمان ناوی (پالمگرێنسکا سامسکولان)[٢] و دەکەوتە پێچی نێوان هەردوو شەقامی (خێپارگاتان) و (کومیندۆرسگاتان)[٣]ەوە. ئەو سێ سەد و پەنجا قوتابییەی لەو قوتابخانەیەدا دەیانخوێند لە هۆڵێکی دڵگیری خوێندن، بەڵام تەنگوتروسکی ئاپارتمانێکی شەخسیدا جێگایان کرابۆوە. وا مەزندە دەکرا مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە میتۆدێکی پیداگۆگی پێشکەوتووتر لەوەی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی تردا هەبوو، پەیڕەوکەن. ئەم شتە هێجگار وانەبوو، لەبەرئەوەی زوربەی زۆری مامۆستاکانی ئێمە لە ئامادەیی (ئۆستێرمالم) دامەزرابوون کە پێنج دەقیقە بەپێ، لە قوتابخانەکەی ئێمەوە دوور بوو.

لە هەردوو قوتابخانەکەدا هەمان مامۆستایانی بێ مانا و هەمان میتۆدی قۆڕی خوێندن هەبوون. جیاوازی نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە لەوەدابوو کە پارەی وەرزی خوێندن لە (پالمگرێنس) زۆر زۆرتربوو. وێڕای ئەوەش قوتابخانەکەی ئێمە تێکەڵاو بوو. لە پۆلەکەی ئێمەدا بیست و یەک کوڕ و هەشت کچ دەرسیان دەخوێند. (ئاننا)[٤] یەکێک لەو کیژانە بوو.

1- Anna Lindberg
2- Palmgrenska Samskolan
3- Kommendrörsgatan
4- Anna



قوتابییەکان دوو دوو لەسەر ڕیحلەی کۆن دادەنیشتن. مامۆستاش مێزەکەی لە گۆشەیەک لە بەرزاییەکدابوو. لە بەرامبەرماندا تەختەڕەش هەڵواسرابوو. لەو دیو سێ پەنجەرەکەی پۆلەوە، هەمیشە باران دەباری. پۆلەکەمان نیوە تاریک، شەش گلۆپ نائومێدانە زۆرانیان لەتەک ئەو ڕووناکییە لەرزۆکەی ڕۆژدا دەگرت. بۆنی پێڵاوی تەڕ، بۆنی دەرپێی نەشۆردراوی ژێرەوە، بۆنی ئارەقە و بۆنی مێز بۆ هەمیشە بەدیوار و کەلوپەلەکانەوە لکابوو. ئەوێ دامەزراوەیەک بوو، جێگایەک بوو بۆ ئەمبارکردن، کە لەسەر یەکگرتنێکی ناشەرافەتمەندانەی نێوان دامەزراوەکان و خێزان ڕۆنرابوو. ئەو بۆگەنە بەئاشکرا هەست پێکراو و لێوانلێو بوو لە بێزاری، هەندێ جار بڕندە و هەندێک جاری تریش تاسێنەر بوو. پۆلەکەمان وێنەیەکی گچکەی کۆمەڵگەی زەمەنی بەر لە جەنگ بوو: تەمبەڵی، بێ باکی، هەلپەرستی، خۆهەڵواسین و زوڵم و هاوکات هەندێ پرشنگی تەمومژاوی لە شۆڕش و ئیدیالیتێت و پەیجۆریی. لەگەڵ ئەوەشدا ئانارشیستەکان لەلایەن هەریەک لە کۆمەڵگە، قوتابخانە و خێزانەوە سزا دەدران. سزاکەش نموونەیی بوو کە زۆرجار بۆ ئایندەی ژیانی کەسی تاوانبارکراو یەکلاکەرەوە بوو. میتۆدەکانی خوێندن بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر سزا، پاداشت و چاندنی هەستکردن بەئازاری ویژدان، ڕۆنرابوون. زۆر لە مامۆستاکان ناشیونال سۆسیالیست[٥] بوون: هەندێکیان بەهۆی دەبەنگیی خۆیان یاخۆ بەهۆی شکستیان لە وەدەستهێنانی پلەوپایەی ئەکادیمیدا، ئەوانەی تریشیان بەهۆی ئیدیالیتێت و ئەشقی ڕۆمانسییانەیان بۆ ئەڵمانیای دێرین، " ئەڵمانیای گەلی شاعیران و بیریاران."

لەم کەشوهەوای هەست بەزەلیلیکردنەدا، هەڵبەت هەڵاوێردن هەبوو، خەڵکانی بەهرەمەند و جڵەونەکراو هەبوون کە دەرگاکانیان دەکردنەوە و لێدەگەڕان هەوا و ڕووناکی بێنە ژوورێ. ئەو تەرزە خەڵکانە زۆر نەبوون. بەڕێوەبەرەکەمان کەسێکی ماستاوچی و دەسەڵاتخواز بوو، فێڵبازێکی گەورەی ناو کۆمەڵەی میسیۆنەکان بوو. نوێژی بەیانی ڕێکدەخست و مەوعیزەیەکی ماستاوچیانەی دەدا، مەوعیزەکەی بریتی بوو لە شیکایەتکردنێکی ویژدانییانە لەبارەی ئەوەوە کە گەر ئەوڕۆ مەسیح سەردانی قوتابخانەی (پالمگرێنسکا سامسکولا) بکات، دەبێ چ خەمێک دایبگرێت. یاخۆ مەوعیزەکانی لەبارەی سیاسەت، ترافیک و پەتای کولتووری جازەوە بوو.

٥- حزبی نازییەکان. و.ک

کۆشش نەکردن و ئەنجامنەدانی ئەرکەکانی ماڵەوە، فێڵوفڕ، قۆپیە، خۆهەڵواسین، خۆخواردنەوە و بۆنی ناخۆش، پرۆگرامی نائومێدانەی ڕۆژانەی پۆل بوو. کیژەکان سەریان دەکرد بەیەکدا و بەفسکە فسک و پێکەنین دەکەوتنە چنینی پیلان. کوڕەکان بەدەنگە تازەکی باڵقبووەکانیانەوە دەیانقیژاند، زرمە زلێیان دەکرد، شەقیان لە تۆپ هەڵدەدا، خۆیان بۆ قۆپیەک یان فریاکەوتن لە بەجێهێنانی ئەرکێکی لە ماڵەوە تەواونەکراودا، ئامادە دەکرد.

من تا ڕادەیەک لە ناوەڕاستی پۆلدا دادەنیشتم. (ئاننا) بەرامبەر من، لای پەنجەرەکەوە دادەنیشت. پێموابوو ئاننا ناشیرینە، هەمووان پێیان وابوو کە ناشیرینە. ئەو کیژێکی دزێو و قەڵەو و شان خڕ، لە وەزعێکی خەراپدابوو، مەمک زل، سمتی گەورە و قوونی پان. قژی زەردێکی سوورباو و لەناوەڕاستدا شانەکراو و کورت بڕدراو، چاوانی خێل، یەکێکیان قاوەیی و ئەویدیشیان شین، ئێسکی گۆنا دەرپەڕیو، لێوی ئاوساو، گۆنای منداڵانە خڕ و لە چەناگە جوان خوڵقاوەکەیدا چاڵێک هەبوو. لە برۆی ڕاستیەوە بەرەو سەرەوە بۆ نێوچەوانی جێگەبرینێک هەبوو کە هەرکاتێک دەگریا یاخۆ تووڕە دەبوو، ئەو جێگەبرینە سوور هەڵدەگەڕا. دەستەکانی چوارگۆشەیی و پەنجەکانیشی کورت و قەڵەو، قاچی درێژ و جوانخوڵقاو، پێیشی گچکە و کڵاوەی ئەژنۆی بەرز، پەنجە گچکەی پێیەکی نەبوو. بۆنی سابوونی کچ و منداڵی لێدەهات، تەنوورەیەکی قاوەیی ناجۆر و بلووسێکی ئاوریشمی ڕەنگ پەمەیی یاخۆ شینێکی کاڵی دەپۆشی. ئاننا کیژێکی زرینگ و وەڵام ئامادە و میهرەبان بوو. پڕوپاگەندەی ئەوە هەبوو گوایە باوکی لەگەڵ کەسێکی نێرەمووکدا هەڵاتووە، دەشگوترا دایکی لەتەک دێوەرەیەکی قژ سووردا دەژی کە لە هەردوو دایک و کچ دەدا، هەروەها دەگوترا لە پارەی خوێندنەکەی داشکێنراوە.

من و ئاننا هەردووکمان تەنیا بووین، من کەسێکی سەیر و ئەویش ناشیرین. هیچ کام لەقوتابییەکان بێزاریان نەدەکردین، هەروەها شەڕیشیان پێ نەدەفرۆشتین.

یەکشەممەیەکیان لە نمایشێکی (سینەمای کارلا)[6] یەکترمان بینی. دەرکەوت هەردووکمان حەزمان لە سینەمایە و زۆرجاران بۆی دەچین. بەپێچەوانەی منەوە، ئاننا پارەیەکی زۆری گیرفانی پێبوو، بۆیە لێگەڕام وێرم بکات. ئیدی وردە وردە ئاننام بۆ ماڵیان دەگەیاندەوە. باڵەخانەکەیان فراوان بەڵام داڕووخاو، لە نهۆمی یەکەمی ئاپارتمانێکی بەرامبەر (نیبۆرگاتان)، لە پێچی (ڤالهاللا ڤێگین)دا بوو.

6- Karlabiograf



ژوورەکەی ئاننا لاکێشەیی و تاریک بوو بەکورسی و قەنەفەی خواروخێچ دانراو و ڕاخەرێکی شڕ و ئاگردانێکەوە. لای پەنجەرەکەوە مێزێکی سپی نووسین هەبوو کە لە باوکی دایکییەوە بۆی مابۆوە، تەختەنوێنەکەی لەو جۆرە مۆدێلانە بوو کە وەک قەنەفەش بەکاردەهات، چەرچەف و باڵشتەکانی نەخشونیگاری تورکییان لەسەر کێشرابوون. دایکی ئاننا لەگەڵم میهرەبان بوو بەڵام میهرەبانییەکی لە دڵەوە نا. لە شێوەی دەرەوەیدا لە کیژەکەی دەچوو، جگە لە دەمی کە زلتر و ڕوخساری زەردبا و و قژە تەنکەکەشی ماش و برنجی و بۆ دواوە شانەکراو بوو. کابرای دێوەرەی پرچ سوور لە ماڵەکەدا نەدەبینرا.

من و ئاننا کەوتینە ئەوەی ئەرکەکانی قوتابخانەمان بەیەکەوە ئەنجامدەین، ئەوم بەخێزانەکەم ناساند و لەماڵی قەشەدا قەبووڵ کرا، هەڵبەت ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان بوو. دەشێ لەبەرئەوە بووبێ کە وی بەڕادەیەک ناشیرین بوو ئیدی چ مەترسییەکی لەسەر ڕەوشت و داوێنپاکیم دروست نەدەکرد. خۆشەویستانە ئاوێتەی خێزانەکەمان کرا، ڕۆژانی یەکشەموان فەراوینی بەگۆشتی گوێرەکە و خەیارەوە لەتەکماندا دەکرد، براکەم بەسووکایەتی و گاڵتەجاڕییەوە دیقەتی دەدا، ئاننا ڕێکوڕاست و ڕاشکاوانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە لێی دەکران و لە چەندین شانۆنامەی بووکەشووشەیشدا بەشداری لەگەڵدا دەکردین.

میهرەبانیی ئاننا بووە هۆی ئەوەی گرژی نێوان من و ئەندامانی خێزانەکەم هێوربێتەوە.

بەڵام ئەوەی ئەوان نەیاندەزانی ئەوە بوو کە دایکی ئاننا بەدەگمەن ئێواران دەکەوێتە ماڵەوە و نەیاندەزانی کە ئیدی کۆشش کردنەکانی ئێمە لەسەر تەختەنوێنە هەمیشە جیرە جیرکەرەکەی ئاننا، وردە وردە دەبێتە ڕاهێنانی شپرزە بەڵام کەللەڕەقانە.

ئێمە هەردووکمان تەنیا، برسی، پەیجۆر و تەواوێک داماو بووین. پاقیژەیی ئاننا بەرگری دەنواند و ئەو شتە لە قووڵاپی هەڵخستنی بەرە چووەی ژێر سیسەمەکەش، پرۆسەکەی دژوار کردبوو. ئێمە هەرگیز نەماندەوێرا جلکەکانمان داکەنین بەڵکوو بەجلکی تەواو و گۆرەوییە خورییەکانی ئانناوە سێکسمان دەکرد. ئێمە کەمتەرخەم و لە هەمان کاتیشدا بەپارێز بووین. زۆرجاران سپێرمەکەم لەجێگایەک لەنێوان ڕانە ڕەقەکەی و سکە نەرمەکەیدا دەڕژاند. ئاننا بوێر و فێڵباز بوو، پێشنیاری کرد، با لەسەر ئەرزەکە لەبەردەم ئاگردانەکەدا ڕاکشێین، ئاخر وی ئەوەی لە فیلمێکدا بینیبوو. چەند پارچە دار و کوتە ڕۆژنامەیەکمان ئاگر تێبەردان و ئەو جلکانەشمان لەبەری خۆمان داکەندن کە دەبوونە ڕێگرمان. ئاننا زریکاندی و پێکەنی، من بەتەرزێکی تەواو نهێنیئامێز، قووڵ بۆ ناوەوە

ڕۆچووم، ئاننا هەمدیس زریکاندییەوە، سەرەڕای ئەوەی ئازاری هەبوو، بەڵام توند بەخۆیەوە گرتبوومی. هەوڵمدا لە ڕووی ئەرکناسییەوە خۆم ڕزگارکەم، بەڵام ئەو قاچی بەپشتمدا دەدا، ئیدی من قووڵتر ڕۆدەچووم، ئاننا گریا، فرمێسک و چڵم بەڕوخساریدا هاتنەخوارەوە، بەلێوانی کلۆمدراوەوە یەکدیمان ماچ کرد، بەچرپە گوتی هەنووکە من دووگیانم، هەستدەکەم من دووگیانم. پێکەنی و گریا. ترسێکی وەک شەختە سارد لەخۆوەی پێچام، هەوڵم دا بیهێنمەوە سەر خۆی، ئاخر دەبوو دەسبەجێ خۆی و ڕاخەرەکە بشوات، ئێمە هەردووکمان شەلاڵ لە خوێن بووین، خوێن تا سەر ڕاخەرەکەش گەیبوو.

هەر لەوکاتەدا دەرگای هۆڵەکە کرایەوە و دایکی ئاننا لە ژوورەکەدا ڕاوەستا. ئاننا لەسەر ئەرزەکە دانیشت و هەوڵی دا پانتۆڵەکەی لەپێکاتەوە و مەمکە زلەکانی بخاتەوە ناو ژێر کراسەکەی. من بلووسەکەم ڕاکێشایە خوارتر تا چەند پەڵەیەکی تاریکی دەوروبەری لای زنجیری پانتۆڵەکەمی پێ حەشاردەم.

خاتوو (ليندبێری) شەپازللەیەکی لێدام، گوێچکەی گرتم و دوو پێچ بەدەوری ژوورەکەدا سووڕاندمییەوە، پاشان ڕاوەستا، شەپازللەیەکی تری لێدام و بەزەردەخەنەیەکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی، من دەبوو کیژەکەیم دووگیان نەکردبایە، ئەگینا هەرچییەکمان کردبا بەدۆزەخ، تەنها ئەو لەم مەسەلەیەوە نەگلێنرایە. کاتێ ئەوەی گوت، ئەوسا پشتی تێکردم و هەمدیس دەرگاکەی بەدوای خۆیدا داخستەوە.

من ئاننام خۆشنەدەویست، لەبەرئەوەی خۆشەویستی لەو جێگایەدا نەبوو کە منی لێدەژیام و هەناسەم تێدا دەدا. تەواوێک بەدڵنیاییەوە لە تافی منداڵیدا بەخۆشەویستییەکی هێجگار زۆر گەمارۆ درابووم، بەڵام بیرم چووبۆوە تامی ئەو خۆشەویستییە چۆناوچۆنی بووە. هەستم بەخۆشەویستی بەرامبەر هیچ کەس و هیچ شتێک نەدەکرد، لە هەمووانیش کەمتر بەرامبەر خۆم. دەشێ هەستەکانی ئاننا کەمتر داخوراو بووبێتن. ئاخر ئەو ئیدی کەسێکی هەبوو ئامێزی پێداکات، ماچی بکات، گەمەی لەتەکدا بکات. کەسێکی چەتوون، بووکەشووشەیەکی سەیر و سەمەرە و شەڕانگێز کە هەر قسانی دەکرد و قسانی دەکرد، گا شادی ورووژێنەر و گا هێند گێلانە و منداڵانە کە مرۆڤ خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو بڵێی هەر بەڕاستی ئەم زەلامە تەمەنی چواردە ساڵان بێ، زەلامێک کە نەیدەویست لە شەقامەکاندا لە تەکیدا ڕێبکات، چونکە پێیوابوو ئەوەی لەتەکیدا دەڕوات زۆر قەڵەوە و خۆیشی زۆر لەڕ و لاواز، بۆیە گەر بەیەکەوە بڕۆن ئەوا زۆر هەزەلییانە وەدیاردەکەون.



جار ناجار کاتێ گوشار لە ماڵی قەشەدا لەسەرم لە حەوسەڵە دەردەچوو، ئیدی من لە ئاننام دەدا و ئەویش لێیدەدامەوە، ئێمە هەردووکمان بەقەد یەک بەهێزبووین بەڵام من تووڕەتر بووم، بۆیە لە یەکتر سرەواندنەکانمان بەگریانی ئەو و چوونە دەرەوەی من کۆتایی دەهات. ئێمە هەمیشە پێکدەهاتینەوە، جارێکیان بەلێدانی من چاوێکی شین ببۆوە، جارێکی تریش لێوی هەڵتلیشا، پێی خۆش بوو ئەو جێگەلێدانانە لە قوتابخانە پیشانی قوتابییەکان بدات، کە یەکێک پرسیاری لێ دەکرد: ئەدی کێ وای لێ کردوویت، دەیگوت عاشقەکەی وای لێ کردووە. هەمووان پێدەکەنین، ئاخر کەس باوەڕی نەدەکرد کوڕە لەڕ و زوبان گیراوەکەی قەشە هێند بەتوانا بێ کە پیاوەتی و بەدخووییەکی لەوجۆرەی تێدا بتەقێتەوە.

یەکشەممەیەکیان بەر لە ڕێوڕەسمی نوێژ، ئاننا تەلەفۆنی کرد و قیژاندی کە ئەوا (پاللێ)[7] خەریکە دایکی دەکوژێت، بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە ماڵیان. ئاننا دەرگاکەی کردەوە. هاوکات یەک بۆکسی توند لە دەمم درا و بەپشتا بەسەر ڕەفەی پێڵاوەکاندا کەوتم. دێوەرەی قژ سوور کە تەنێ جلکی نووستنی لەبەردا و گۆرەوی کورتی لە پێدا بوو، کەوتبووە گیانی دایک و کچ. دەیقیژاند کە دەیانکوژێت، کە ئیدی کۆتایی بەم هەموو فێڵوفڕە دێنێ، کە ئیدی ماندوو بووە لەوەی قەحپەیەک و کچە قەحپەیەک بەخێوکات. دەستی نابووە بینی دایکی ئاننا، ڕوخساری دایکی ئاننا شین و مۆر ببۆوە و دەمی داپچڕیبوو. من و ئاننا هەوڵمان دا دەستی پاللێ لە قوڕگی دایکی لابەین و نەهێڵین بیخنکێنێت، دواجار ئاننا بەرەو موبەق ڕایکرد و قیژاندی کە بەچەقۆ دەیکوژێت. پاللێ دەستوبرد دایکی ئانناى بەردا، بۆکسێکیتری لە دەموچاوی من سرەواند و منیش بۆکسەکەم لێدایەوە بەڵام بەری نەکەوت. پاشان بەبێدەنگی خۆی گۆڕی، کڵاوەکەی لەسەر نا، پاڵتۆکەی لەبەرکرد، کلیلی دەرگاکەی فڕێدایە سەر ئەرزەکە و لێیدا ڕۆیشت.

دایکی ئاننا قاوە و بابۆڵەی بۆ دانایین. هاوسێیەک لەزەنگی دەرگای دا و پرسیاری کرد چ ڕووی داوە. ئاننا بۆ ژوورەکەی خۆی بردم و تەماشای برینەکانی کردم. پارچەیەک لە ددانێکی پێشەوەم شکابوو (ئەلعان لەکاتی نووسینی ئەم یادەوەرییانەدا هێشتا کە زمان بەددانمدا دەهێنم هەست بەو شکاوییە دەکەم.)

هەموو ئەو شتانە بۆ من سەرنجڕاکێش بەڵام ناواقیعی بوون. ئەوەی لە دەوروبەری مندا

7- Palle

ڕووی دەدا لە پارچەگەلی فیلم دەچوون کە بەشێوەیەکی ناجێگیر پێکەوە گرێدرابوون، گا تەمومژاوی و گا تەنها بێزاریی وورووژێن. بەسەرسوڕمانەوە ئەوەم هەڵگۆزی کە گەرچی زەینم دیوی دەرەوەی واقیعیەتی تۆمارکردبوو، بەڵام حەزەکان هەرگیز بۆ ناو هەستەکانم ڕۆنەچوون. ئاخر ئەوان لەژوورێکی داخراودا بوون و بەئەمرکردن بەکاردەهێنران بەڵام هەرگیز بەشێوەیەکی ورد تاووتوێ نەدەکران. ئاخر واقیعیەتی من هێند لە قووڵاییڕا درزی تێ ببوو کە ئیدی هۆشیاری لەدەست دابوو.

لەکاتی شەڕەکەدا لەو باڵەخانە داڕووخاوەی شەقامی (نیبروگاتان)دا مامەوە، بۆیە هەموو چرکەساتێک، هەموو جووڵەیەک، هەموو قیژە و دەنگدانەوەکان، پێچەوانەبوونەوەی ڕووناکی لەسەر پەنجەرەکانی ئەوبەری شەقامەکە، بۆنی برژاوی و بۆنی پیسوپۆخڵی، بۆنی کرێمی قژە سوورە چەورەکەی پاللێ. هەموو شتێک و هەر شتێک بۆ خۆیشیم لەبیرە، بەڵام چ هەستێک نییە کە بەو ئینتیباعە زەینییەوە ڕایەڵ بێت. ئەدی چما من دەترسام، تووڕە بووم، شڵەژا بووم، پەیجۆر بووم یاخۆ تەنێ دووچاری هێستریا ببووم؟ نازانم.

ئەلعان کە کلیلی چارەسەرەکانم بەدەستەوەیە، دەزانم دەبوو چلساڵ تێپەڕێ تا هەستەکانم لەو ژوورە داخراوەیان ڕزگاربن و بێنەدەرێ. من بەهەستەکانی زەینم ژیابووم، تا ڕادەیەک بەباشی دەمزانی چۆناوچۆنی هەستەکانم بەرهەم دەهێنرێنەوە، بەڵام هەرگیز ئەو دەربڕینە ڕاگوزارییە، ڕاگوزاری نەبوو، هەمیشە میکرۆچرکەیەک لەنێوان ئەزموونی حەدسییم و وەدیارکەوتنە هەستییەکەیدا هەبووە.

ئەمڕۆ هەنووکە کە پێموایە تا ڕادەیەک چاک بوومەتەوە، دێت بەخەیاڵمدا چۆنە ئەگەر ئامێرێک هەیە یان ئامێرێک هەبێت شڵەژانێکی عەسەبی بپێوێ یاخۆ دەستنیشانی کات کە زۆر کاریگەرانە گاڵتە بەپێوەندیگەلی ئاسایی وەهمی بکات.

ئاننام بۆ جێژنی پازدە ساڵەی لەدایکبوونم لەو خانووە زەردەی دوورگەی (سمۆدالارئۆ) بانگێشت کرد. شەومان لای خوشکەکەم لە یەکێک لە بەرهەیوانەکاندا بەسەر برد. کە خۆر کەوت وەئاگامهێنایەوە. بێ خشپە بەرەو کەنداوەکە شۆڕبووینەوە و بەرەو دوورگەی گچکەی (یۆنگفروفێردێن)[٨] سەوڵمان لێدا، بەلای (ڕۆدئیود)[٩] و

8- Jungfrufjärden
9- Rödudd



(ستێندۆڕێن)[١٠]دا تێپەڕین. لە دوورگەکەوە یەکڕاست لەناو بێ جووڵەیی، لەنێو پرشنگی هەتاو و ئەو ڕووناکییە تەمبەڵەی (سالت خیۆن)[١١]دا سەوڵمان لێدا کە بێدەنگ لە گەشتە بەیانیانییەکەیدا لە دوورگەی (ئوتۆ)[١٢]ەوە بۆ دوورگەی (دالارۆ)[١٣]، چارۆکەی هەڵدابوو.

لە کاتی خۆیدا بەبەرچایی و ڕێوڕەسمی جەژنی لەدایکبوونەکەمدا ڕاگەیشتین. شان و پشتمان بەهەتاو سووتابوو، لێومان کەمێک قڵیشاو و تامیان سوێر، لەبەر ئەو حەمکە ڕووناکییە چاومان بۆ هەڵنەدەهات.

دوای ئەوەی زیاتر لە نیو ساڵ بوو پێکەوە دەژیاین، ئیدی ئەوە بۆ یەکەمین جار ڕووتیی خۆمان دەبینی.

***

10- Stendören
11- Saltsjön
12- Utö
13- Dalarö

ئەو هاوینەی تەمەنم بووە شازدە ساڵان، لەمیانەی ئاڵوگۆڕپێکردنی قوتابیاندا بۆ ئەڵمانیا نێردرام. ئەوەش مانای ئەوە بوو دەبێ شەش هەفتە لای خێزانێکی ئەڵمانیایی لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆمدا بژیم و ئەوسا کە پشووی هاوینەی ئەویش دەست پێ دەکات، ئەو کوڕەیش لەتەک مندا بۆ سوێد بێت و هەمان ماوەی من لێرە بمێنێتەوە.

من لای خێزانی قەشەیەک لە (تورینگێن)[١]، لە ناوچەیەکی بچووک کە ناوی (هاینا)[٢] و لەنێوان (وایمار)[٣] و (ئایزناخ)[٤] دایە، گیرسامەوە. ئەو گوندە دەکەوتە زنارێکەوە، بەئاپارتمانی ئاڵوواڵا دەورە درابوو. ڕووبارێکی خاو و خلیچک و لیڵ بەنێو ماڵەکاندا دەهات. لە گوندەکەدا کڵێسایەکی بێ ئەندازە گەورە، گۆڕەپانێک بەمونیومێنتێکی جەنگ و وێستگەیەکی پاس، هەبوون.

ئەو خێزانەی من لایان نیشتەجێ بووم، گەورە بوو، پێکهاتبوو لە شەش کوڕ و سێ کچ، قەشە و قەشە ژن لەگەڵ ژنە خزمێکی بەتەمەنیاندا کە وەک کارەکەری کڵێسا یاخۆ باجیی کارەکەر[٥] کاری دەکرد. وی خاوەنی سمێڵ، زوو زوو ئارەقەی دەکردەوە و بەدەستێکی ئاسنینەوە خێزانەکەی بەڕێوەدەبرد. خاوەن ماڵ کەسێکی لاواز و خاوەن

1- Thüringen
2- Haina
3- Weimar
4- Eisenach
5- dienende Schwester



ڕیشێکی بزنیی بوو، چاوانێکی شینی میهرەبانانەی هەبوون، لۆکەی لە گوێدا و شەپقەیەکی لەسەردا کە بۆ خوارەوە دای دەدایەوە و نێوچەوانی دادەپۆشی. وی موزیکژەن و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی ئەدەبی بوو، چەند ئامێرێکی دەژەند و بەنەغمەیەکی نەرم گۆرانی دبێژا. ژنەکەشی قەڵەو، شەکەت و گوێڕایەڵ، زوربەی کاتەکانی خۆی لە موبەق بەسەر دەبردن و بەشەرمەوە دەستی بەگۆنامدا دەهێنا، دەشێ هەوڵیدابێت داوای لێبووردنم لێ بکات بەوەی کە ماڵەکەیان هێند هەژارانەیە.

هاوڕێکەی من ناوی (هانێس)[٦] بوو، دەتگووت لە ڕۆژنامەیەکی پڕوپاگەندەی ناشیونال سۆسیالیستەکان لێکراوەتەوە: قژ زەرد، درێژ و چاو شین، خودان زەردەخەنەیەکی ساخ، گوێچکەی زۆر گچکە و ڕیشێکی تەنک. هەردووکمان هەوڵمان دەدا لە یەکدی حاڵی بین بەڵام ئەوە هاسان نەبوو. ئاخر ئەو ئەڵمانیاییەی من دەمزانی، بەری میتۆدی ئەو گراماتیکە بوو کە ئەوکات دەمانخوێند، ئاخر زوبانێک بکرێ قسانی پێبکرێت، لەو میتۆدی فێرکردنەدا نەبوو.

ڕۆژەکان خاوخلیچک تێدەپەڕین. سەعات حەوت مندالانی ماڵەکە دیارنەدەمان و بۆ قوتابخانە دەچوون و ئیدی لەگەڵ ئەو خەڵکە پیرانەدا جێیان دەهێشتم. من دەمخوێندەوە و پیاسەم دەکرد و بیری ماڵەوەم دەکرد. زیاتر حەزم دەکرد لە ژووری کاری قەشەدا بمێنمەوە یاخۆ لەگەڵیدا بۆ سەردانی ماڵان بچم. وی ترومبێلێکی کۆنی میچ بەرزی لەو گەرما وەستاوەدا بەڕێگا تەپ و تۆزاوییەکاندا دەئاژوو، لەهەموو جێگەیەکدا قازی قەڵەو و تووڕە ڕیزیان بەستبوو.

لە قەشەم پرسی ئاخۆ منیش دەبێ وەک خەڵکانی دی دەست هەڵێنم و بێژم: (هێیل هیتلەر)[٧]، وەڵامی دامەوە: liber Ingmar, das wird als mehr als eine Höflichkeit betrachtet[٨]. ئەوسا منیش دەستم ڕایەڵ کرد و گوتم: هێیل هیتلەر. هەستم کرد ئەوە شتێکی خۆشە.

وردە وردە (هانێس) پێشنیاری بۆ کردم کە لەگەڵیدا بچم بۆ قوتابخانە و گوێ لە وانەکانیان ڕادێرم. لەهەڵبژاردنی نێوان تاعون و کۆلێرا[٩] دا، من قوتابخانەم هەڵبژارد کە

6- Hannes
7- Heil Hitler

(٨) واتە: ئینگماری ئازیز، ئەمە وەک شتێکی زیاتر لە ئەدەب و نەجابەت تەماشا دەکرێت.
(٩) واتە لە ناچاریدا.

لە (هاینا)وە چەند کیلۆمەترێک بەپاسکیل دوور بوو. لە قوتابخانە بێ ئەندازە لە دڵەوە پێشوازییان لێ کردم و ڕوخسەتیاندام لای (هانێس)ەوە دانیشم. ژووری پۆلەکە فراوان، پەڕپووت و سەرەڕای گەرمای هاوینیش لەودیو پەنجەرە بەرزەکانەوە، ژوورەکە هەر سارد و شێدار بوو. بابەتی وانەکە زانیاری ئاینی بوو، کەچی کتێبەکەی هیتلەر، (بەرخۆدانی من)[١٠]، لەسەر ڕیحلەی قوتابییەکان دانرابوو. مامۆستاکە شتێکی لەڕۆژنامەیەکدا کە ناوی (دێر ستورمێر)[١١] بوو، خوێندەوە. تەنها ڕستەیەکم لە قسەکانی لەیادە کە پێم سەیر بوو. لێکدا لێکدا ئەو ڕستەیەی بەنەغمەیەکی واقیعییانە دووبارە دەکردەوە، ئەو ڕستەیەش ئەمە بوو: von den Juden vergiftet[١٢]، دواتر پرسیم ئەرێ مانای ئەوە چییە. هانێس پێکەنی و گوتی: ach, Ingmar, das alles ist nicht fur Ausländer[١٣]

یەکشەممانماڵەکە بۆ ڕێوڕەسمی نوێژ دەچوون. نوتقەکەی قەشە سەیر بوو. لە سەرەتای ئینجیلەکانەوە دەستی پێ نەدەکرد، بەڵکوو لە (بەرخۆدانی من)ی هیتلەرەوە. دوای کڵێسا بونیادەم قاوەی لە خانەی کۆمەڵە مەزەبییەکەدا دەخواردەوە. زۆر کەس جلکی سەربازییان لەبەردا و ئیدی هەلی زۆرم بۆ دەرەخسا دەست هەڵێنم و بێژم: هێیل هیتلەر.

هەموو جحێڵانی خانەکە ڕێکخراو کرابوون. کوڕەکان لە Hitlerjugend (ڕێکخراوی لاوانی هیتلەر) و کیژەکانیش لە Bund Deutscher Mädel (یەکێتی کچانی ئەڵمان). پاش نیوەڕوان لەبری تفەنگ، بەخاکەناز ڕاهێنانیان دەکرد یاخۆ لە یاریگادا وەرزشیان دەکرد، ئێوارانیش لەگەڵ کۆڕگێڕاندا فیلمی فێرکارییمان پیشان دەدرا یاخۆ گۆرانیمان دەگوت و سەمامان دەکرد. بەزەحمەت دەمانتوانی لە ڕووبارەکەدا مەلە بکەین، ئاخر بنی ڕووبارەکە قوڕ و ئاوەکەی بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات. سانتی کیژەکان لە لۆکەی زبر چنرابوو، لە ژوورێکی هاکەزایی شت شتندا هەڵدەخران کە نە ئاوی گەرم و نە چ پێداویستییەکی تری تێدابوو.

یادی ڕۆژی حزب بوو لە ڤایمار، یەک کەژاوەی گەورەی هیتلەر لە پێشەوە بوو. لە ماڵی قەشە پەلەپەلی باڵی کێشا، کراس دەشۆرا و ئوتوو دەکرا، پووت و پشتێنی قایش بۆیاخ دەکران، جحێڵان هەر لە بەیانی زووەوە چووبوونە دەرەوە. من و قەشە و ژنەکەی دواتر

10- Mein Kampf
11- Der Sturmer

(١٢) واتە: جووەکان ژەهرخواردیان کردووە.
(١٣) واتە: ئاخ، ئینگمار، ئەم شتانە هیچی بۆ خەڵکی بێگانە نین.



بەترومبێل دەڕۆیشتین. خێزانەکە هەوڵێکی زۆریاندابووە بەرخۆ تا بلیتی نزیک لە سەکۆی شەرەفیان بەرکەوێت. یەکێک بەگاڵتەوە ئاماژەی بەوەدا کە هۆی پەیداکردنی ئەو جێگە تایبەتە، بەهۆی بوونی منەوەیە لەوێ.

لەو بەیانیی شپرزەییەدا زەنگی تەلەفۆن لێی دا، تەلەفۆنەکە لە سوێدەوە بوو. لە دووری دوورەوە گوێم لە دەنگە سازگارەکەی پوورە (ئاننا) بوو، سەروەت و سامانە زۆرەکەی ڕێگای ئەنجامدانی ئاوها پێوەندییەکی تەلەفۆنیی گرانبەهای پێدابوو. هیچ پەلەی نەبوو پێوەندییەکە کۆتایی پێ بێنێ، بەڵکوو وردە وردە هاتە سەر کاکڵەی بابەتەکەی. پێی ڕاگەیاندم هاوڕێیەکی لە ڤایمار دەژی و شووی بەبەڕێوەبەری بانکێک کردووە، لەدایکیشمەوە بیستبووی کە من لە جێگایەکی نێزیک لە ڤایمارم، بۆیە هەر یەکسەر پێوەندی بەهاوڕێکەیەوە گرتووە و پێشنیاری بۆ کردووە چۆنە من بچم و سەردانی ماڵەکە بکەم. پاشان پوورە ئاننا بەئەڵمانیاییەکی ڕەوان قسانی لەتەک قەشەدا کرد، دوایی قسانی لەگەڵ مندا کردەوە و دڵخۆشیی خۆی دەربڕی کە گەر بچم هاوڕێکەی و مناڵە جوانەکانی ببینم.

سەعات دوازدە گەیشتینە ڤایمار. سەعات سێ نومایشە سەربازییەکە و نوتقەکەی هیتلەر دەستی پێدەکرد. شار لە ورووژانێکی ئاهەنگئامێزدا نێڵەی دەهات، خەڵک جلکی ڕۆژانی پشوو یاخۆ جلکی سەربازییان لەبەردا و بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتن. لە هەموو لایەک ئۆرکیسترا، ماڵەکان بەگوڵ و ئاڵا ڕازێنرابوونەوە، زەنگی کڵێساکان، زەنگی خەمینی کڵێسای پروتێستانتی و زەنگی شادومانانەی کڵێسای کاسۆلیک لێدران. لە یەکێک لەگۆڕەپانەکاندا شارێکی یاری کرابۆوە. لە ئۆپراکەدا ڕیکلام بۆ (ڕینێز)ی (ڤاگنەر)[١٤] وەک نومایشی ئاهەنگەکە و ئەودوای شەوانە ئاگربازییەکانەوە، کرابوو.

من و ماڵی قەشە جێگەی خۆمان لەنزیک سەکۆی شەرەفەوە کردەوە. کاتێ لەو کەشە گەرمە هەورییە بەگرمەیەدا چاوەڕێمان دەکرد، بیرەمان خواردەوە و بابۆڵەمان بۆ خواردن لەو زەرفە چەورە دەرهێنا کە قەشە ژن بەدرێژایی سەفەرەکە بەسینگە دەرپەڕبوەکەی خۆیەوە گوشیبووی.

سەعات سێ دەنگێک هاتە گوێ کە لە دەنگی بورکان دەچوو. ئەو دەنگە کپە ترسێنەرە بەشەقامەکاندا بڵاوبۆوە و خۆی بەدیواری خانووەکاندا کێشا. دوور بەدرێژایی گۆڕەپانەکە،

14- Vagners Rienzi

یەک ڕیز ترومبێلی ڕەشی سەرکراوە بۆ پێشەوە دەهاتن. گرمەکە بەرزتربۆوە و کەشە هەورە گرماوییەکەی داپۆشی، باران وەک پەردەیەکی تەنک کەوتە بارین، گرموهۆڕ باڵی بەسەر جێگای ئاهەنگەکەدا کێشا.

کەس ئاگای لەو کەشوهەوا ناجۆرە نەما، هەموو سەرنجدانەکان، هەموو ئەفسوون و هەموو ڕزگارییەکان لەسەر یەک کەس چڕ کرابوونەوە. ئەویش بێ جووڵە لە ترومبێلە زەبەلاحە ڕەشەکەیدا، کە بەکاوەخۆ لە گۆڕەپانەکەوە پێچی دەکردەوە، ڕاوەستابوو. هەنووکە ئاوڕی دایەوە و چاوی بەخەڵکەکە کەوت کە هاواریان دەکرد و دەگریان و ئەفسوون ببوون. باران بەڕوخساریدا دەهاتە خوارەوە و جلکە سەربازییەکەی لە ئاودا تۆخ دەچۆوە. ئەوسا بەکاوەخۆ لە ترومبێلەکە دابەزییە سەر فەرشە سوورەکە و بەتەنها بەرەو لای سەکۆی شەرەف چوو. ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، مەودایان لێگرت.

کوتوپڕ بێدەنگی باڵی کێشا. تەنها دەنگی خوڕەی باران بوو کە لە بەردچنی شەقام و ڕاڕەوەکانی دەدا. (فوهرەر)[١٥] قسانی کرد. ڕاگەیاندنێکی کورت بوو، زۆری لێ تێنەگەیشتم، بەڵام دەنگی گا بەشکۆ و گا گاڵتەجاڕییانە بوو، ئاماژە و ئیشارەتەکانی دەستی هاوکات و هاوگونجاو بوون. هەر کە نوتقەکەی تەواوبوو، هەموو خەڵکەکە هاواریان کرد: هێیل. باران و کەشە هەورە گرماوییەکە تەواوبوون و ڕۆشنایی بەتینی هەتاو لەنێو هەورێکی ڕەشی شینباوەوە هاتەدەرێ. ئۆرکیسترایەکی گەورە کەوتە ژەنین و ئەوسا ریزی نمایشکەران لە شەقامە لاوەکییەکانەوە بزوا و بەرەو گۆڕەپانەکە هات و بەدەوری سەکۆی شەرەفدا سووڕایەوە و پاشان بەلای شانۆ و کاتیدراڵییەکەدا تێپەڕی.

هەرگیز لە ژیانمدا هاوشێوەی هێزێکی ئاوها بێ ئەندازە هەڵایساوم لەهیچ جێگایەک نەبینیبوو. منیش هەروەک ئەوانی تر هاوارم کرد، هەروەک ئەوانی تر دەستم ڕایەڵ کرد، هەروەک ئەوانی تر قیژاندم و هەروەک ئەوانی تر خۆشەویستیی خۆم دەربڕی.

هانێس لە وتووێژی شەوانەماندا جەنگی حەبەشە[١٦]ی بۆ ڕاڤەکردم، باسی ئەوەی بۆ کردم کە چەند گرنگ بووە مۆسۆلینی خۆی گەیاندۆتە ئەو خەڵکانەی لە تاریکی ئەوێدا کرابوونە کۆیلە و بەدەستانێکی بەخشندەوە لە کولتووری ڕەسەنی ئیتاڵیایی بەش داون. هەروەها گوتی ئێمە، لەو دوورەوە لە سکاندناڤیا، نازانین چۆن جوولەکە دوای هەرەسەکە، خەڵکی ئەڵمانیایان چەوساندۆتەوە. بۆی ڕوون کردمەوە چۆن ئەڵمانیاییەکان

15- Führern
16- Abessinienkriget



مەتەرلێزیان دژی کۆمۆنیزم لێداوە و چۆن جووەکان ئەو مەتەرلێزەیان تێکداوە و چۆن پێویستە هەموو ئێمە ئەو پیاوەمان خۆش بوێت کە چارەنووسی هاوبەشمانی پێکهێنا و شێلگیرانە لە بۆتەی یەک ئیرادە و یەک هێز و یەک گەلدا، پێکڤەی گرێداوین.

لە ڕۆژی لەدایکبوونمدا،ماڵەکە دیارییەکیان پێ دام، دیارییەکەش وێنەیەکی فۆتۆگرافی هیتلێر بوو. هانێس وێنەکەی بەژوور تەختە نوێنەکەمەوە هەڵواسی تا " هەمیشە ئەو پیاوەم لەبەر چاواندا بێت" و فێربم ئەو پیاوەم خۆشبوێت بەهەمان ئەو تەرزەی کە هانێس و خێزانی (هاید)[١٧] خۆشیان دەوێ. منیش خۆشم ویست. ساڵانێکی زۆر منیش لایەنگری هیتلێر بووم، سەرکەوتنەکانی دڵخۆشیان دەکردم و بەشکستەکانیشی خەمین دەبووم.

براکەم یەکێک بوو لە ڕۆنەر و دامەزرێنەرانی حزبی ناشیونال سۆسیالیستی سوێدی، باوکم چەند جارێک دەنگی بۆ ناشیونال سۆسیالیستەکان دابوو، مامۆستای مێژوومان عاشقی "ئەڵمانیای دێرین[١٨]" بوو، مامۆستای جومناستیکمان هەموو هاوینان بۆ دیداری ئەفسەران لە بایێرن[١٩] دەچوو، هەندێک لە قەشەکانی کڵێسا لەژێرەوە نازیی بوون، هاوڕێ نێزیکەکانی خێزانەکەمان لایەنگیریی بەهێزی خۆیان بۆ (ئەڵمانیای نوێ) دووپات دەکردەوە.

کە بەڵگەنامەکانی بنکەی زیندانییە بەکۆمەڵەکان تاساندمیان، یەکەم جار بڕوام بەو شتگەلە نەکرد کە چاوانم دەیانبینین. هەروەکی زۆر کەسی تر بڕوام وابوو ئەو وێنانە درۆی پڕوپاگەندەیی پێشتر ئامادەکراون. دواجار حەقیقەت بەسەر تێگەیشتنی مندا زاڵ بوو، نائومێدییەک لەخۆوەی پێچام و ڕق لەخۆبوونەوەم کە پێشتر قورسایی لەسەر دروست کردبووم، ئیدی بەسەر مەرزەکانی بەرگەگرتندا بینی گرت. دوای ماوەیەکی زۆر نەبێت، پێم وانەبوو کە سەرەڕای هەموو ئەو شتانە، من تا ڕادەیەک بێ گوناه بووم.

ئاخر من وەک "قوتابییەکی ئاڵوگۆڕپێکراو"، بێ پشت و پەنا و نائامادە، هەڵەنگاوتمە ناو واقیعێکەوە کە بەئایدیالیتێت و خۆشویستنی کوێرانەی قارەمان، پرشنگی دەدا. من جگە لەوە، دەست و پێ سپییانە تەسلیمی ئاگریسڤێتیت[*]ێک کرام کە بەپلەیەکی بەرز

17- familjen Haid
18- det gamla Tyskland
19- Bayern

(*) عەدوانییەت.

لەگەڵ مندا دەهاتەوە. ئەو پرشنگە دەرەکییە نابینای کردم. من تاریکاییم نەدەبینی.

کاتێ ساڵی دوای تەواوبوونی شەڕ، بۆ شانۆی شاری یۆتۆبۆری[٢٠] چووم، بینیم درزێکی قووڵ و خوێناوی کەوتۆتە نێوان هونەرمەندانەوە. ڕۆژنامەنووسانی ئوفا، ڕێکخەرانی ژووری فیلمی سوێدیی نیشتیمانی و هاوکارە ئاساییەکانیان، لەلاکەی تر: جووەکان، لایەنگیرانی سیگێرشتێد[٢١]، هونەرمەندان لەتەک هاوڕێ نەرویژی و دانیمارکییەکانیاندا. هەموویان لەوێ دادەنیشتن، خەریکی خواردنەوەی قاوە دڵتێکدەرەکەی حانووتەکە و جووینی ئەو بابۆڵانە دەبوون کە لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنان. ڕق شتێک بوو ئەستوور و بڕندە.

هەر کە زەنگی شانۆ لێیدەدا، دەچوونە سەر شانۆ و دەبوونە باشترین گرووپی شانۆیی وڵات.

من لەبارەی هەڵەکانمەوە و لەبارەی نائومێدی خۆمەوە بێدەنگ بووم. بڕیارێکی سەیر بەکاوەخۆ شێوەی دەگرت: ئیتر سیاسەت هەرگیز! بێگومان من دەبوو بڕیارێکی تەواو جیاواز لەمەم دابا.

بەزم و ئاهەنگ لە ڤایمار، بەدرێژایی ئێوارە و شەو بەردەوام بوو. قەشە بۆ ڤێلاکەی بەڕێوەبەری بانک گەیاندمی، ڤێلاکەی خانوویەکی خۆشی لەسەر شێوازی یۆگێندی بەمەڕمەڕ ڕۆنراو و بەباخچەیەکی بۆنخۆش دەورە درابوو. شەقامەکە هێمنییەکی شکۆدار باڵی بەسەرداکێشاو و بەخانووی هاوشێوە دابەش ببوو. بەسەر پێپلیکانەیەکی بەریندا سەرکەوتم و لە زەنگی دەرگاکەم دا، کارەکەرێکی ڕەشپۆش، کە شەپقەیەکی نووکداری لەسەر پرچە بەشێوەیەکی هونەریانە بڕدراوەکەی نابوو، دەرگاکەی لێ کردمەوە، لاڵ و پات خۆم پێناساند و ئەو کارەم پێگوت کە بۆی هاتبووم، ئەو پێکەنی و بەرەو بەردەم پێپلیکانەی هۆڵەکەی بردم.

هاوڕێکەی پوورە ئاننا ژنێکی پرچ زەرد، بەخۆ و بێ ئەندازە دلۆڤان و ناوی (ئاننێ)[٢٢] بوو، دایکی سوێدی و بابیشی ئەمریکایی، بەسوێدییەکی شێوەزاری دەدوا. بێ ئەندازە جوان خۆگۆڕیو، چونکە دەبوو هەمان ئێوارە لەگەڵ شووەکەیدا بۆ بینینی نمایشێک لە ئۆپێرا ئامادەبن. بۆ هۆڵی بەرچایی خواردن برام کە لەوێ چای ئێوارە

20- Göteborgs Stadsteater

21- srgerstedtanhängarna

22- Annie



بەخواردنێکی ساردەوە دەخورایەوە. بەدەوری مێزە بێ ئەندازە ڕێکوپێک ڕوومێزی لەسەر دانراوەکەدا، جوانترین خەڵکانێک دانیشتبوون کە من تا ئەو کات بینیبووم. بەڕێوەبەری بانک پیاوێکی درێژی ڕەشتاڵە بەڕیشێکی جوان دەسپیاهێنراو و خاوەن نیگایەکی گاڵتەجاڕییانەی ئەودیو چاویلکەکەیەوە. لە تەنیشتییەوە جحێڵترین کیژی ماڵەکە دانیشتبوو کە ناوی (کلارا)[٢٣] و بە(کلێرچێن)[٢٤] بانگیان دەکرد، وی لە باوکی دەچوو، بەژن زراف و ڕەشتاڵە و خاوەن چاوانێکی ڕەش و دەمولێوێکی ڕەنگپەڕیو و گۆشتن. یەک تۆزقاڵ خێل بوو، ئەوەش بەشێوەیەکی لە ڕاڤەکردن نەهاتوو، لە شۆخ و شەنگییەکەی زیاد کردبوو.

براکانی بەتەمەنتر بوون، وەکی کلێرچێن ڕەشتاڵە بوون، بەڵام چاویان شین بوو. جەستەیان ڕێک، چاکەتی یانەی ئینگلیزییان لەبەردا و جۆرێک لە دروشمی زانکۆش بەگیرفانی لای سینگییانەوە.

لەسەر کورسییەک لای پوورە (ئاننێ)وە دانیشتم کە چای تێدەکرد و بابۆڵەی دابەش دەکرد. لە هەموو شوێنێک تابلۆ، زیو، ڕاخەری نەرم لەسەر عەردە تەختەییەکە ڕاخراو و کۆڵەگەی بەمەڕمەڕ نەخشێنراو، پەردەی قورس، سەردەرگا. لە دەرەوەی هۆڵی نانخواردنەکەوە و لەبەر ڕووناکی ئەو دوایین ساتی خۆراوابوونەدا، پەنجەرەیەکی ڕەنگ پەمەیی دەدرەوشایەوە.

کاتێ ژەمەکەمان خوارد، بۆ ژوورەکەمیان بردم لە نهۆمی دووەم لە هەمان باڵەخانە دوو ژوورییەکەی کوڕەکان. لەو باڵەخانەیەدا بەهەردوولا حەمامێک و چەند دەست شۆرییەک و بانیۆیەکی نزمان هەبوون. ئەوسا کە (ئاننێ) هەموو ئەو ئالووالاییەی پیشان دام، خواحافیزی لێ کردم، شۆفێرەکەی لە هۆڵەکەدا ئامادە و بەڕێوەبەری بانکیش لەسەر پێپلیکانەکان چاوەڕێی بوو.

(کلێرچێن) وەدیارکەوت، پێڵاوێکی پاژنەبەرزی لەپێدا (لەبەرئەوە بوو کە لە من بەژن زراڤتر دەینواند)، جلکێکی ماڵەوە، کە سوورێکی تاریک بوو، پرچیشی پەخش بەسەر شانیدا بەردابۆوە. بەقڵافەتێکی تەژی لە نهێنیگەلێکی گاڵتەئامێزانە قامکی لەسەر لێوی دانا.

دەستی گرتم و بەڕاڕەوێکی درێژدا بردمی بۆ ژوورێکی سەرەوە کە دیاربوو ئەو ژوورە

23- Clara

24- Clärchen

بەکارهێنراو نەبوو، لەبەرئەوەی مۆبیلەکانی ژوورەکە داپۆشرابوون و بلوورە کریستاڵییەکانی بنمیچەکە لە قوماشێکی نەرمەوە پێچرابوون. ڕووناکی هەندێ لە مۆمە داگیرساوەکان لەسەر ئاوێنە گەورەکانی قەد دیوارەکە پێچەوانە دەبوونەوە. براکانی (کلێرچێن) پێشتر لەوێ بوون، جگەرەی پانی تورکییان دەکێشا و بەکاوەخۆ کۆنیاکیان دەخواردەوە. لەسەر مێزێکی گچکەی بەئاڵتوون ڕووپۆشکراو، گرامافۆنێکی سەفەری دانرابوو، هەندل لێدراو و ئامادە. (داڤید)، برا گچکەکەیان جووتێک گۆرەوی پەستاندە لوولەی دەنگەکەیەوە.

لە گرامافۆنەکەدا قەوانێک هەبوو کە مارکەی شینی تێلێفیونکێنی لەسەربوو. دەرزیی دەنگەکە لەسەر قەوانەکە دانرا و ئیدی لەو سندووقە ڕەشەوە، ئۆوڤێرتیرێنی ئۆپرای (سێ پێنسەکە)[٢٥]، تیژ بەڵام کپ بەرزبۆوە. دوای قسە گاڵتەجاڕییانەکەی ئاخێوەرەکە، کە بۆچی ئەم کارە ناوی سێ پێنسەکەیە، ئەوجا گۆرانییەکەی بەسەر ماخیاس[٢٦]دا بەدوادا هات: Und Macheath der hat ein Masser, doch das Masser sieth man nich.[٢٧] پاشان (سێریوبێر = جێنی) لەتەک (لۆتێ لینیا)[٢٨] دا: ئەو دەنگە بریندارە، ئەو نەغمە لەخۆباییبیە سووکایەتی ئامێز و هێند میهرەبان و گاڵتە ئامێزە: Und wenn dann der kopf fällt, sag ich: Hoppla![*]

هەرگیز مەزەندەی دونیایەکی ئاوها نەناسراوم نەکردبوو: نائومێدی بەبێ فرمێسک، خەمۆکییەک کە پێدەکەنی!

(٢٥) ئۆپێرای سێ پێنسەکە، نووسینی برتۆڵد برێخت و مۆسیقای کیورت وێیل Kurt Weill.
Jonathan Pechumی پادشای سوڵکەران دەزانێ چۆن هەستی خەڵکی ببزوێنێ و لە ژێی بەزەیییان بدات. ئەو بەهرەیەی خۆی لە پارە پەیداکردن بەسواڵ دەخاتە گەڕ. وی کاری سواڵکەریی مۆنۆپۆلیزە کردووە و ناوچەکانی سواڵکردن بەپارە، بەسواڵکەرانی تر دەفرۆشێتەوە. تاقە خاڵی لاواز لەودا ئەوەیە کە (پولیی) کچی، بەنهێنی شووی بەماخیاس (کە بەماخیاسی چەقۆ ناسراوە) کردووە. یەکەمین نومایشی ئۆپێرای سێ پێنسەکە لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری بەرلین ئەنجام درا. یەکەمین نومایشی لە سوێد لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٠ کرا. پیەسەکە لە ئۆپێرایەکی John Gay ەوە بەناوی (ئۆپێرای سواڵکەرەکە) کە لە سەدەی هەژدەیەمدا نووسراوە، هەڵگۆزراوە. و. ک
26- Macheath
(٢٧) واتە: (ماخیاس) یش، چەقۆیەکی پێیە، بەڵام کەس چەقۆکە نابینێ.
28- Seeräuber-Jenny med Lotte Lenya
(*) واتە: هەر کاتێک سەرەکەش کەوت، منیش دەڵێم: هێی تۆ سەیرکە چ بەزمێکە!



Versuch es nur, von deinem kopf lebt höchstens eine Laus;[**]

من کۆنیاکم خواردەوە و جگەرەی تورکیم کێشا و کەمێک دڵم تێکەڵدەهات. ئاخۆ بۆچی ئەم نهێنی پارێزییە لەگەڵ شەوانە کۆنسێرتدا، دەرگای داخراو، کزکردنی دەنگ، ئاخنینی گۆرەوی لە لوولەی دەنگدا. (هورست)[٢٩] گوتی: ئاخر ئەوە مۆسیقایەکی قەدەغەیە. برێخت و وێیل قەدەغەن، بەقاچاخ شریتەکانمان لە لەندەنەوە هێناون تا (کلێرچێن) یش گوێی لێیان ڕادێرێ.

قەوانێکی تری دانا. دەنگی ئۆرکێستراکەی لویس رۆس[٣٠] لەگەڵ دواین پەردەدا هاتە گوێ:

Was ich möchte, ist es viel? Einmal in dem tristen Leben einem Mann mich hinzugeben. Ist das ein zu hohes Ziel?(31)

ئەوجا دەنگێکی باسی لەناوگۆڕەوە ئاسا هاتە ناوەوە:

Ein guter Mensch sein? Ja, wer wär s nicht gren(32)

دووکەڵی تیژ و بۆنداری جگەرەکە قانگی دابووین، تریفەی مانگ درەختەکانی باخچەکەی ڕووناک کردبوونەوە. کلێرچێن نیوە ئاوڕدانەوەیەک ئاوڕی دایەوە، لە ئاوێنە گەورەکەی نێوان پەنجەرەکاندا تەماشای ڕوخساری خۆی دەکرد، دەستی خستبووە سەر

(**) واتە: هەوڵ بدە، ئەوپەڕی کێچێک لەسەری تۆدا دەژی.
دەشێ ئەم ڕستەیە بەتەنها مانایەکی پڕاوپڕی نەبێت، مەگەر لە سیاقی ئەودوای تێکستەکەدا نەبێت کە لە دەقە ئەڵمانییەکەدا بەم شێوەیەیە:
مرۆڤ بەهۆی سەرییەوە دەژی
بەڵام سەر بەشی ناکات
هەوڵ بدە، دەبینیت بەسەری تۆ
مەگەر ئەوپەڕی کێچێک ژیانی خۆی دابین کات
بۆ ئەم ژیانە، مرۆڤ بەئەندازەی پێویست زیرەک نییە
هەرگیزیش نابینیت، هەمووی درۆ و ساختەیە
29- Horst
30- Lewis Ruths
٣١- واتە: ئایا ئەوەی من دەمەوێت زۆرە؟ لەم ژیانە خەمگینەدا جارێک خۆم بدەمە دەست پیاوێک. ئەرێ ئەمە ئامانجێکی وەها بەرزە؟
٣٢- واتە: ببیتە مرۆڤێکی باش؟ بەڵێ، کێ حەزی بەوە نییە.

چاوێکی. داڤید پەرداخەکەمی پڕکرد. پەردەی ڕوانینم وەک توێژاڵێکی تەنک دڕا و منیش دەستەپاچە بۆ ڕوانینێکی تر گواستمەوە کە ئەویش یەکسەر دڕا. پاشان ئیتر هەروا و بەو شێوەیە درێژەی هەبوو.

دواین پەردە:

Und man siehet die im Lichte, die im Dunkeln sieht man nichht[33].

لە وشەکان تێنەدەگەیشتم، لە زۆریان تێنەدەگەیشتم، بەڵام من هەمیشە، وەک ئاژەڵێکی ژیر، لەنەغمەکەی دەگەیشتم، لەنێو ئاگاییمدا ڕۆدەنیشت و وەک بەشێک لە من دەمایەوە.

دواجار بیست ساڵ دواتر هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا ئۆپێرای سێ پێنسەکە لەسەر شانۆیەکی سوێدی دەربهێنم. چ سازشکارییەکی خەمین، چ پارودییەکی خەونە گەورەکان، چ ترسنۆکییەک، چ غەدرێک لە بەسیرەتێکی دەست بەسەرداگیراو. هەموو سەرچاوەیەکی هونەری و ماتریاڵیم خرابوونە بەر دەست، کەچی شکستمهێنا چونکە گەمژە و لەخۆبایی بووم، کاری دەرهێنان پێکهاتەیەکی یەکانگیرە و یەکەکانی لەیەک جوێ ناکرێنەوە. من بیرم لە ڕوخسارە نیوە ڕۆشنەکەی کلێرچێن و تریفە ڕەقەکەی مانگ نەکردبۆوە، بیرم لەو جگەرە تورکییانە و داڤید نەکردبۆوە کە بەسەر گرامافۆنە ڕەشە سەفەرییەکەدا نەوی بۆوە.

هەلومەرجی ئەوەمان هەبوو گوێ لە دەنگی خشەخشکەری قەوانەکانی تێلیفیۆنکێن ڕادێرابا، بەڵام ئێمە خەیاڵ پەرتانە ئەوەمان ئەنجام دا و هاوڕابووین لەسەر ئەوەی کە موزیکەکە پێویستە سەرلەنوێ بژەنرێتەوە. گێلێتیگەل و بیلمەتیگەلی لادێییانە. ئەوسا ئاوها بوو. ئاخۆ بڵێی ئێستا چۆن بێ؟

کۆنسێرتەکە لەگەڵ (لویس ئارمسترۆنگ)[٣٥]، (فاتس واللێر)[٣٦] و (دیوکێ ئێللینگتۆن)[٣٧]دا بەردەوام بوو. من لە ورووژاندا و بەهۆی کاریگەری کۆنیاکەکەوە خەو بردمییەوە، بەڵام دوای چەند چرکەیەک وەئاگابوومەوە. بینیم لەسەر تەختەنوێنە گەورەکەم ڕاکشاوم، کازیوەیەکی کاڵ لەودیو پەنجەرەکەوە و (کلارچێن)یش لەسەر لێواری تەختەنوێنەکە دانیشتووە و خۆی لە ڕۆبێکی چرچولۆچی شەوانەوە پێچاوە و لەفافەی لە

٣٣- واتە: ئەوەی مرۆڤ لە تاریکیدا نایبینێت، لە ڕووناکیدا دەیبینێت.

35- Louis Armstrong

36- Fats Waller

37- Kuke Ellington



پرچی داوە. بێ هەدادان و پەیجۆر دیقەتیدەدام. ئەوسا کە بینی وەئاگابوومەتەوە، بەزەردەخەنەوە سەری لەقاند و بەبێ دەنگی بزر بوو.

شەش مانگ دواتر نامەیەکم بەدەست گەیشت و دەسخەتە ستوونییە هاکەزاییەکەی (کلارچێن)م لەسەر زەرفەکەی بینی. نامەکە لە سویسراوە نێردرابوو. لەنامەکەدا بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە ئەو بەڵێنەی وەبیرهێنابوومەوە کە بەیەکدیمان دابوو سەبارەت بەوەی نامە بۆ یەکتر بنووسین، بەڵام من ئەو بەڵێنەم نەبردبووە سەر. بۆی نووسیبووم بۆ قوتابخانە ناوخۆییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆی نووسیبووم باوک و دایکی بۆ لای هاوڕێکانیان لە کەنەدا سەفەریان کردووە و بۆ خۆیشی دوای تەواوبوونی قوتابخانە پێوەندی بەفێرگەیەکی وێنەکێشانەوە لە پاریس دەکات، هەروەها نووسیبووی بەهۆی یارمەتی باڵیۆزی ئینگیلیستانەوە، براکانی بۆ زانکۆکانیان گەڕاونەتەوە. هەروەها نووسیبووی باوەڕ ناکا خێزانەکەی جارێکی تر بۆ ڤایمار بگەڕێنەوە.

ئەوە لاپەڕەی یەکەمی نامەکە بوو. لاپەڕەی دووەمیشی ئاوهایی بوو:

(لە ڕاستیدا من ناوم کلارا نییە بەڵکوو ناوم تیا[٣٨]یە، ئەو ناوە لە پەساپۆرتەکەمدا نەنووسراوە. پەروەردەبوونم وەک پێم گوتبوویت پەروەردەبوونێکی ئاینیی توند و تیژ بووە و تەواوێک بەدڵنیاییەوە و بەگوێرەی پێوانەکانی دایک و باوکم، بەرجەستەکەری کیژێکم کە پێیدەگوترێت کیژی باش.

من دووچاری زۆر ئازاری جەستەیی بووم. قورسترینیان حاڵەتی وروژانێکە کە ماوەی دوو ساڵە وەک مۆتەکە بەدوامەوەیە. یەکێکی تر لە ئازارەکانم هەستیاری لە ڕادەبەدەرمە. من کاردانەوەی توندم بەرامبەر دەنگی کوتوپڕ و ڕووناکی چڕوپڕ هەیە (ئاخر چاوێکم کوێرە) و کاردانەوەم بۆ بۆنی ناخۆش هەن. بۆ نموونە گوشاری ئاسایی جلکێک لەسەرم بۆی هەیە لە ئازاردا بمتاسێنێت. ئەوسا کە تەمەنم پازدە ساڵان بوو، شووم بەئەکتەرێکی جاحێڵی نەمسایی کرد، ویستم دەست بەشانۆ بکەم بەڵام ژیانی هاوسەرێتیمان بەختەوەر نەبوو، منداڵێکم بوو، مرد و منیش بۆ قوتابخانەکەم لە سویسرا گەڕامەوە. هەنووکە ئەو بوومەلێڵە هیشکە بەسەر سەری منداڵەکەدا وژەی دێ. من ئیتر ناتوانم بەردەوام بم. هەنووکە من دەگریم. چاوە شووشەکەشم هەر دەگری.

38- Thea

من وا خۆم دەنوێنم کە قەدیس یاخود شەهیدێکم. دەتوانم بەسەعات لای مێزەکەی ئەم ژووره داخراوەوه دانیشم (ئەو جێگایەی کە ئێمە قەوانی کۆنسێرته قەدەغەکەمان تێدا لێدا). دەتوانم بەسەعات دانیشم و له لەپی دەستەکانم بنۆڕم. جارێکیان سوورایییەک له لەپی دەستی چەپمدا وەدیارکەوت، چ خوێنێکی لێ نەهاته دەرەوه. من گەمەی ئەوه دەکەم کە خۆم بەفیدای براکانم دەکەم و له خەتەری مردن ڕزگاریان دەکەم. من بەنەشوەوه گەمەی ئەوه دەکەم کە قسان لەتەک پاقیژەی پیرۆزدا دەکەم. من گەمەی ئیمان و بێ ئیمانی، گەمەی یەقین و گومان دەکەم. من گەمەی ئەوه دەکەم کە گوناهبارێکم بەگوناهی لەڕادەبەدەرەوه. لەناکاوێکڕا باری گوناه لەسەر شانم دادەگرم و لەخۆم دەبوورم. هەموو ئەوانە گەمەن. من گەمە دەکەم.

لەنێو گەمەکەدا من هەمیشه هەمان شتم، گا بێ ئەندازه تەراژیک و گا بێ سنوور شادومان. هەمووی بەهەمان تەقەلای نادیارەوه. باسی وەزعی خۆم بۆ پزیشکێک کرد (ئاخر من سەردانی زۆر پزیشکم کردوون). وی بۆی ڕوون کردمەوه کە ژیانی خەونامێز و تەمبەڵانەم زیان بەباری دەروونیم دەگەیەنێ. چەند ڕێگەچارەیەکی بۆ دانام کە ناچارم دەکەن له زیندانی تاریکی خۆویستیم بێمە دەرێ: ڕێکخستن. دیسپلینی خۆیی. ئەرک. پشتوێن. باوکیشم کە هێند میهرەبان، هێند ژیر و هێند خوێنساردە دەڵێ کە من نابێ نیگەران بم، چونکە هەموو شتێک له هەموو شتێکدا هەیه و ژیان عەزابێکە مرۆڤ دەتوانێ بەخۆبەدستەوەدان بیبەزێنێ، بەڵام زۆر باشترە کە ئەو خۆبەدەستەوەدانە بەدگومانانه نەبێت. من چ پەرۆشی ئەو جۆره تەقەلایانه نیم، بۆیه بیردەکەمەوه کە قووڵتر بەنێو گەمەکانمدا ڕۆبچم، جیددیتر حیسابیان بۆ بکەم. خۆزیا له مەبەستەکەم دەگەیشتیت.

دەسبەجێ بۆم بنووسە و باسی هەموو شتێکم بۆ بکە، بەهەر زوبانێک دەتەوێ بنووسە تەنها بەسوێدی نا، بەو زوبانه نا کە دەشێ پێویست بێ لەسەرم ڕۆژێک له ڕۆژان فێری ببم. برا گچکەم، بۆم بنووسە و لەبارەی خۆتەوه قسانم بۆ بکە، بیرت دەکەم!)

پاشان چەند سەرنجێکی نووسیبوو کە تایبەت بوو بەئەدرێسەکانی ئایندەیەوه، ئیدی نامەکەی بەشێوەیەکی فەرمی، بەڵام هاوڕێیانه و بەئیمزای کلارا، کۆتایی پێهێنابوو:



Mein lieber ich umarme Dich fest, bist Du noch so schrecklich dunn? Clara(39)

من هەرگیز وەڵامی نامەکەیم نەدایەوه. زەحمەتیی زوبانەکە بەجۆرێک بوو کە نەدەبەزێنرا و منیش نەمدەویست خۆم بکەمە قەشمەر. بەڵام پارێزگاریم بەنامەکەیەوه کرد. له فیلمێکدا بەناوی (سرووت)(٤٠) کە ساڵی ١٩٦٩ دەرمهێنا، تا ڕادەیەک سوودم له وشه بەوشەی ئەو نامەیه وەرگرت.

دوای چەند ڕۆژێکی تر له ڤایمار و هەفتەیەکی ترسناکیش له هاینا له جەدەلێکی ئایینییەوه لەگەڵ کارەکەرەکەی کلێسادا، گلام. دیاربوو پەی بەوه بردبوو کە من ستریندبێری دەخوێنمەوه و گوتی کە ئەو کەسێکی توندڕۆ، بوغزن بەرامبەر ژن و سووکایەتیکەر بەخودا بووه. پاشان ئاگاداری کردمەوه و ناڕەزایی خۆی لەبارەی خوێندنەوەم بۆ نووسینی ئەو جۆره کەسانه دەربڕی و پرسیاری ئەوەی کرد ئاخۆ شیاوه (هانیس) لەگەڵمدا بێت بۆ ماڵێک کە ئەو جۆره ئەدەبیاته له کتێبخانەکانیاندا بێت. منیش بەئەڵمانییەکی خەراپ وەڵامیم دایەوه کە ئێمە له وڵاتەکەماندا دەمێکه خودان ئازادیی ئاین و ئازادیی بیروڕاین (هەنووکه کوتوپڕ ئەوه لەتەک دیموکراتییەتدا دەهاتەوه). زریانەکە نیشتەوه. من و هانێس بەرەو ماڵی ئێمە سەفەرمان کرد.

دەبوو هەمووان له بەرلین کۆببینەوه و لەوێوه قەتارێکی زیاده بەرەو ستۆکهۆڵمان بەرێت. لەخانەیەکی زۆر گەورەی لاواندا کە کەوتبووه دەوروبەری شارەوه نیشتەجێ بووین، بەهۆی پشتگیری نهێنییانەی مادیی پووره ئانناوه، توانیم خۆم له گەشتێک بۆ بینینی پەیکەر و جێگەی گەشت و گوزاریی تر بدزمەوه.

له دەرەوەی خانەی لاواندا سواری پاس بووم و تا پاسەکە له دوا وێستگە نەوەستا دانەبەزیم. سەعات شەشی عەسرێکی گەرمی مانگی یولی بوو. واق وڕماو و ڕاچڵەکیو لەنێو گرموهۆڕ و بزاوتێکدا ڕاوەستام کە هەموو زەینی ئاخنیبووم. بەشێوەیەکی هەڕەمەکی جاددەیەکم گرتەبەر و ڕۆیشتم تا گەیشتمە شەقامێکی گشتی قەرەباڵختر، دوای قەرەباڵخییەکە کەوتم و گەیشتمە پردێکی زەبەلاح کە ناوی (کیوفیۆشفێنبرێوک)(٤١) بوو. لەوبەری ڕووبارەکەوه کۆشکێک ڕۆنرابوو. چەند سەعاتێک لای شورای کۆشکەکەوه ڕاوەستام و تەماشام دەکرد چۆناوچۆنی خۆر ئاوادەبوو، تەماشام دەکرد چۆناوچۆنی

(٣٩) واته: ئازیزی من، بەتوندی ئامێزت پێدا دەکەم، ئاخۆ تۆ ئێستایش وەک جاران بەو شێوه ترسناکه لاوازیت؟ کلارا.

40- Rien

41- Kurfurstenburcke

سێبەرەکان بەسەر ئاوی بەلرفە و بۆگەنی ڕووبارەکەوە تاریک دادەهاتن. گرموهۆڕەکە زیاتر دەبوو.

بەسەر پردێکی تری سەر ڕووبارێکی باریکتردا کە پردی تەختەیی ژێر ئاو و کۆڵەگەی هەبوو، پەڕیمەوە. پردەکە لەگەڵ لێدانی ئاژێرێکی جەهەننەمیدا، بەهۆی ماشێنێکەوە ڕۆدەنرایە نێو ئاوەکەوە. دوورتر کەشتییەکی بارهەڵگر لەنگەری گرتبوو، لەوێدا دوو پیاو لەسەر کورسی زەمیلەیی دانیشتبوون، ماسییان ڕاوەکرد و بیرەیان دەخواردەوە. من قووڵتر جووڵە قورسەکەی شار بۆ لای خۆی ڕادەکێشام. هیچ شتێک ڕووی نەدا، هیچ سۆزانییەکیش خۆی لێ نێزیک نەخستمەوە گەرچی ئەوان ئیدی لە شوێنگەکانی ئێوارانی خۆیاندا ڕاوەستابوون. برسی و تینوو بووم، بەڵام نەموێرا خۆم بەهیچ لۆقنتەیەکدا بکەم.

شەو داهات. هێشتا هیچ شتێک ڕووی نەدابوو. شەکەت و نائومێد تەکسییەکم بۆ خانەی لاوان گرت کە کرێکەی هەموو پارەکەی گیرفانمی هەڵلووشی. هەرکە گەیشتم ئیتر لەوەدابوو تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەن و ونبوونی منیان پێ ڕابگەیەنن.

بۆ بەیانی بەقەتارێکی زیادە کە ئەوسەری دیار نەبوو بەرەو ستۆکهۆڵم بەڕێ کەوتین، قەتارەکە لە واگۆنی کۆن و کورسی تەختەیی و سەکۆی سەرکراوە پێکهاتبوو. باران بەلێزمە دەباری. لەبەر بارانەکەدا ڕاوەستابووم و هەراهەرام دەکرد و دەمقیژاند و ڕۆڵی گەمژەیەکم وازی دەکرد تا بەڵکو یەکێک، زیاتریش کیژێک لێم نێزیک بێتەوە و گرنگیم پێبدات. چەند سەعاتێک قیژاندم. لە پاپۆڕەکەدا هات بەخەیاڵمدا کە خۆ فڕێبدەمە زەریاچەکەوە، بەڵام ترسام ببم بەپەروانەکانییەوە. بەرەو شەو دەچووین کە ئیدی کەوتمە بینینی ڕۆڵی سەرخۆشێک، خۆم دا بەئەرزدا و هەوڵم دا خۆم بڕشێنمەوە. دواجار کیژێکی خڕتۆڵی کونج لێم هاتە دەست. قژی ڕاکێشام، بەتوندی ڕایوەشاندم و ئاگاداری کردمەوە کە من نابێ خۆم بکەمە قەشمەر. دەسبەجێ کۆڵم دا، لە کونجەکەی خۆمدا دانیشتم، پرتەقاڵێکم خوارد و خەو بردمییەوە. کە خەبەرم بۆوە ئێمە ئیدی گەیشتبووینە سۆدێرتێلیێ[٤٢]. لە خەونەکانی شەوانەمدا من زۆر جاران لە بەرلین بووم. بەڵام بەرلینە واقیعییەکە نا، بەڵکوو بەرلینێکی لەسەر تەختەی شانۆ ڕۆنراو: بەرلینێکی ناکۆتا، قورس بەمونیومێنتگەل، بەبورجگەلی کلێسا و پەیکەرەوە. لەنێو ئەو ترافیکە بەردەوام و ترسناکەدا بەنێویدا بێ مەبەست دێم و دەچم، هەموو شتێک نامۆ و لە هەمان کاتیشدا ئاشنا. هەست بەترس و خۆشی دەکەم و تا ڕادەیەک بەباشی دەزانم بەرەو کوێ بەڕێوەم:

٤٢– Södertälje شارێکە لە سوێد و دەکەوێتە قەراغی شاری ستۆکهۆڵم.



بەدوای جێگایەکدا دەگەڕێم لەودیو پردەکانەوە، جێگایەکی شار کە شتێکی تێدا ڕوودەدات. بەسەر هەورازێکی لێژدا سەردەکەوم، باڵەفڕەیەکی هەڕەشەکەر بەنێو خانووەکاندا تێدەپەڕێت، ئاوها من دواجار دەگەمە ڕووبارەکە. لەنێو ئاوەکەدا کە بەسەر شۆستەکەدا سەردەکات، ئەسپێکی مردووی لێ دەردەکێشن کە هێندەی نەهەنگێک گەورەیە. پەیجۆریی و ترس زیاتر بەرەو پێشترم دەبەن، من دەبێ لە وادەی خۆیدا بگەمە ئەو لەسێدارەدانە ئاشکرایانە. ئەوسا بەدیداری ژنە مردووەکەم دەگەم، بەسۆزەوە یەکتر لە ئامێز دەگرین و دەکەوینە گەڕان بەدوای ژووری ئوتێلێکدا تا خۆشەویستی تێدا بکەین. ئەو بەهەنگاوی سووک و خێرا لەلامەوە دەڕوات، من دەستم لەسەر سمتییەتی. گەرچی خۆر بەدرەوشەیە، کەچی گڵۆپەکانی شەقامەکە داگیرسێنراون. ئاسمان ڕەش و بەدەنگێکی ناقۆڵا دەبزوێ. هەنووکە من دەزانم دواجار پێم ناوەتە ناوچە قەدەغەکانەوە. لەوێدا شانۆ هەیە بەدەرهێنانێکەوە کە تێگەیشتن لێی مەحاڵە.

سێ جار هەوڵم داوە ئەو شارەی نێو خەونەکانم بفۆرمێنم. یەکەم جار پیەسێکی ڕادیۆییم نووسی بەناوی (شار)[٤٣]. پیەسەکە لەبارەی شارێکی گەورەی نغرۆوە بوو بەخانووی داڕووخاو و شەقامگەلی وێرانەوە. چەند ساڵێک دواتر فیلمی (بێدەنگی)[٤٤]م دەرهێنا کە دوو خوشک و کوڕێکی گچکە لەشارێکی گەورە و بەشەڕ وێراندا، کە لە زوبانەکەی تێناگەن، ون دەبن. بۆ دوایەمین جار لە فیلمی (هێلکەی مار)دا هەوڵێکی ترم دایەوە. ئەو شکستهێنانە هونەرییە بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە من شارەکەم ناونابوو بەرلین و بڕیاریشم دابوو زەمەنەکەی ساڵی ١٩٢٠ بێت. ئەوە لەیەک کاتدا بڕیارێکی سەرچڵانە و گەمژانەش بوو. گەر من شارەکەم لە خەونمدا بفۆرماندایە، شارێک کە لەمیانەی توندوتیژی و بۆن و هەراوزەنایەوە مانیفێستێرەی خۆی ناکات، گەر من ئەو شارەم لە خەونمدا ڕۆنابا ئەوا لەلایەک بەئازادی و بەپابەندییەکی حەتمییەوە دەبزوام و لەلایەکی تریش، کە ئەمە گرنگترینە، بینەرانم بەرەو دونیایەکی نامۆ بەڵام بەتەرزێکی نهێنییئامێز ئاشنا، دەبرد. بۆ نەگبەتی ئەز لێگەڕام پیاسەی ئەو ئێوارەی هاوینەی لە ناوەڕاستی سییەکاندا لە بەرلین کردم، ئەو ئێوارەیەی کە هەر بەڕاستی هیچ شتێک تیایدا ڕووی نەدا، ڕێنوێنم بێت. لە (هێلکەی مار)دا بەرلینێکم ڕۆنا کە کەس نەیدەناسییەوە، تەنانەت خۆیشم.

***

43- Staden

44- Tystnaden

باوکم دوای شەڕێکی وەزیفی سەخت کرایە قەشەی بەڕێوەبەری کڵێسای هێدڤیگ ئێلێونورا لە ستۆکهۆڵم، کە لەساڵی ١٩١٨ ەوە لەوێ وەک قەشەی یاریدەدەر کاری دەکرد. خێزانەکەمان گواستییەوە بۆ باڵەخانەی بەڕێوەبەر، لەنهۆمی سێیەمی ئاپارتمانەکەدا لە (ستورگاتانی حەوت)، بەرامبەر کڵێساکە. ژوورێکی گەورەم بەپەنجەرەوە لەنزیک شەقامی (یۆنگفریو)[1]، بەرامبەر ئەمباری (ئۆستێرمالم)ی لە ساڵانی ١٧٠٠ دروستکراوەوە پێدرا، ئەوێ خاوەن دووکەڵکێشی کۆن و بەسەر گۆڕەپانی ئۆستێرمالمدا دەینۆڕی. لەوێوە ڕێی قوتابخانەم کورتتر و ئازادیی بزووتنیشم زێدەتر بوو.

بابم واعیزێکی پوپیولێر و هەمیشە ئەو دەمەی کە وەعزی دەدا ماڵەکەمان پڕ لە خەڵک دەبوو. وی ئیماندارێکی دڵسۆز و خودان بەهرەیەکی دەگمەن بوو: ئەویش زەینە بێ سنوورەکەی بوو لە وەبیرهێنانەوەی خەڵکدا. لەماوەی ساڵاندا ژمارەیەکی بێ شومار لەو چل هەزار کەسەی ڕەعیەتی کڵێساکەی غوسڵ، ناونووس، مارە و بەخاکسپاردبوون. هەموویانی دەناسین، ناویانی دەزانین و لە ژیان و گوزەرانیان ئاگاداربوو. بۆیە پیاسەکردن لەتەک بابمدا شتێکی زەحمەت بوو، چونکە بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا ڕادەوەستا، سڵاوی لێدەکردن، قسانی لەگەڵ دەکردن، پرسیاری مناڵ و نەوە و خزمەکانیانی دەکرد. باوکم لەتەک هەڵکشانی تەمەنیشیدا هەر پارێزگاری بەو بەهرەیەی خۆیەوە کرد.

---
1- Jungfrugatan



تەواوێک بەدڵنیاییەوە، ئەو شوانێکی خۆشەویستی کڵێسا بوو. وەک کەسێکی ئیداری و وەک بەڕێوەبەرێک، کەسێکی بەئیرادە بەڵام لە هەمان کاتدا نەرم و دیپلۆماتی بوو. چ دەرفەتێکی ئەوەی نەبوو خۆی ئەو کەسانە هەڵبژێرێت کە دەبوو کاری لەگەڵدا بکەن، هەندێکیان بۆ پلەوپایەی بەڕێوەبەرێتی ڕکەبەرییان دەکرد، هەندێکی تر تەمبەڵ، فێڵباز و زەلیل بوون. باوکم بەسەلیقەی خۆی توانی چالاکییەکانی لە دەرەوەی ناکۆکی و بۆسە کەهنوتییەکاندا درێژە پێبدات.

وەک نەریت ماڵی قەشە بۆ هەمووان کراوە بوو. دایکم هێزێکی بنەڕەتی کاروبارە خێرخوازییەکانی سەر بەکڵێسا بوو. هەمیشە و لەهەموو بۆنەیەکدا لەپاڵ بابمدا بوو، لەمیانەی مەوعیزەکاندا بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی کە ئەوە کێیە وەعز دەدات، لە پێشی پێشەوە بەرامبەر سەکۆی وەعزدان دادەنیشت و بەڕاستگۆیی و گرنگی پێدانەوە گوێی ڕادەدێرا، لە کۆنفرانسەکاندا بەشداری دەکرد و خوانی شێوی ڕێکدەخست. براکەم تەمەنی بیست ساڵ و لە شاری ئۆپسالا دەیخوێند.

خوشکەکەم تەمەنی دوازدە و منیش شازدە ساڵ. ئازادییە ڕێژەییەکەی ئێمە تەواوێک پێوەندبوو بەو کارە تاقەتپڕووکێنەوە کە دایک و باوکمان لە ئەستۆیان گرتبوو. ئازادییەکەی ئێمە ئازادییەکی ژەهراویکراو بوو. گرژییەکان ڕەق بوون، گرێکان گرێکوێرە بوون. لە دەرەوە وێنەکە وەک وێنەی خێزانێکی باش دەینواند، بەڵام لە ناوەوەڕا مەحروومی و ناکۆکیگەلی تاقەتپڕووکێن باڵی بەسەردا کێشابوو. بابم بەهرەیەکی گەورەی لە نواندندا هەبوو. لەدەرەوەی شانۆ، ئەو کەسێکی شپرزە و تووڕەو خەمۆک بوو. زەندەقی لەوە چووبوو دەرەقەت نەیەت، لە دڵەڕاوکێی وەدیارکەوتنە فەرمییەکانی بەردەم ڕەعیەتەکەیدا بوو، مەوعیزەکانی دەنووسین و هەمدیس دەکەوتە پاکنووسکردنیان، لەبەردەم زۆر لە ئەرکە ئیدارییەکانیدا ئەژنۆی سست دەبوو. ترس و پەژارە باڵیان بەسەردا دەکێشا و لەخۆوە بەگچکەترین تشت هەڵدەچوو: نەدەبوو فیکە بکێشین، نەدەبوو بەڕێگادا بڕۆین و دەستمان لەگیرفانی پانتۆڵەکانماندا بێت. کوتوپڕ بڕیاری دەدا ئەرکێکی قوتابخانەمان لێ بپرسێتەوە، ئەوەی نەیزانیبا سزا دەدرا. وێڕای ئەوە بابم بەدەنگی بەرز زۆر سەخڵەت دەبوو، هەموو دەنگێکی بەرز شێتگیری دەکرد. دیوارەکانی ژووری نووستن و ژووری کارەکەی کونبڕ کردبوون کەچی ئەو ترافیکە هاکەزاییەی ئەوسای (ستورگاتان)، بەتوندی دەیخستە بۆڵە بۆڵ.

بەڵام دایکم کە دوو دانە ئەرکی لە ئەستۆ گرتبوون، بەتوندی گرژ و بێ خەو بوو.

لەبەرئەوە چارەسەری توندی بەکاردەهێنا کە کاریگەری لاوەکی[٢]، وەک دڕدۆنگی و پەژارەی لەسەر جێدەهێشت. هەروەکی باوکم ئەویش هەستی ئەوە عەزابی دەدا کە هاوگونجاوی خەونە گەورەکان نییە. دەشێ قورسترین عەزابی دایکم ئەوەبووبێ کە هەستی دەکرد وردە وردە پێوەندی بەئێمەی منداڵەکانییەوە دەپچڕێ. ئیدی لەنائومێدیی خۆیدا دەکەوتە گرنگیدان بەخوشکە نەرم و گوێ ڕایەڵەکەم. براکەم دوای هەوڵێکی خۆکوشتن بۆ ئۆپسالا نێردرا و هەرچی منیشە قووڵ و قووڵتر بەنێو ژیانە تایبەتییەکەی خۆمدا ڕۆ دەچووم. هیچ دوور نییە زۆرم بەڕەشایی دیمەنەکەوە نابێت. ئاخر کەس ئەو ڕۆڵە دابەشکراوانە یاخود ئەو ڕووداوە ناماقووڵەی نەخستە ژێر پرسیارەوە: ئیدی ئەوە ئەو واقیعییەتەیە کە هەیە، ئەوە ژیانە. چ ئاڵتەرناتیڤێکی دی نەبوو یاخۆ بەجیددی بیر لە هیچ ئاڵتەرناتیفێکی دی نەکرایەوە. باوکم هەندێ جار لەبارەی ئەوەوە دەدوا کە پێی باشتربوو قەشەیەک بایە لە گوند، چونکە دەشێ ئەرکێکی لەو جۆرە باشتر لەگەڵیدا گونجابا و زیاتر قایلی کردبا. دایکم لە دەفتەری نهێنیی یاداشتەکانیدا نووسیبووی، دەیەوێ لە ژیانی بابم بێتە دەرێ و بچێت لە ئیتاڵیا نیشتەجێ بێت.

ئێوارەیەکیان ڕوخسەتم پێدرا لەتەک دایکمدا بۆ سەردانی هاوڕێیەکی میهرەبان بچین کە بەڕێوەبەری چاپخانەیەکی سەر بەکلێسا و ناوی (مامە پێر)[٣] بوو. ژنی هێنابوو، پاشان جیابببۆوە و لە باڵەخانەیەکی گەورە و تاریکدا لە (ڤاساستادێن)[٤] دەژیا. ئەوەی بووە مایەی سەرسوڕمانم ئەوە بوو، (مامە تۆشتێن)[٥] یش لەوێ بوو. مامە تۆشتێن هاوڕێی منداڵیی دایک و بابم بوو، وی قەشە، ژنی هێناو و مناڵی زۆری هەبوون.

هەنووکە ڕاسپێردرام گرامافۆنە گەورەکەی مامە پێر بخەمە ئیش کە لە ژووری نانخواردن دانرابوو، نەغمەی مۆسیقاکە دەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو، مۆسیقاکەش بەزۆری ئۆپێرا بوو: (مۆزارت و ڤێردی)[٦]. مامە پێر چوو بۆ ژوورەکەی و دیار نەما. دایکم و مامە تۆشتێن لە هۆڵەکە لەبەر ئاگردانەکەدا مانەوە. دەمتوانی لە درزی دەرگای نێوان ژوورەکانەوە بیانبینم، هەریەکە و لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، تیشکی ئاگرەکە لایەک لە ڕوخساریانی ڕووناک کردبۆوە، مامە توشتێن دەستی دایکمی گرت.

---

٢– bieffekt مەبەست لە کاریگەریی نێگەتیڤی بەکارهێنانی دەرمانە.

3- farrbror Per

4- Vasastaden

5- Torsten

6- Mozart och Verdi



بەدەنگێکی نزم دەدوان، من نەمدەتوانی بەهۆی دەنگی مۆسیقاکەوە لە قسەکانیان حاڵی بم. بینیم دایکم دەگری، مامە توشتێن بەرەو لای دانەوییەوە و هێشتا هەر دەستی دایکمی گرتبوو. دوای چەند سەعاتێک مامە پێر بەترومبێلە ڕەشە گەورەکەی کە کورسییەکانی چەرم بوون و دیوی ناوەوەی بەتەختەی ڕەش، ڕووپۆش کرابوو، بۆ ماڵەوەی گەیاندینەوە. هاوینانیش وەک زستان ئێمە سەعات پێنج فراوینمان دەکرد. ئەوسا کە کاتژمێری هۆڵەکە زەنگی لێدەدا، ئیدی ئێمە دەستوپل شۆراو و قژ شانەکراو، هەریەکە و لای کورسی خۆیەوە ڕادەوەستاین، دۆعای سەر مێزمان دەخوێند و دادەنیشتین: باوک و دایکم بەرامبەر یەکتری لای لا کورتەکەی مێزەکەوە، من و خوشکەکەم لەپاڵ یەکدا لای لا درێژەکەی مێزەکەوە، براکەم و خاتوو (ئاگدا) ش لای لاکەی ترییەوە. خاتوو ئاگدا ژنێکی میهرەبان و باڵابەرز، بەجۆرێک لەجۆرەکان حولحولی بوو، مامۆستای سەرەتایی بوو. هاوینانێکی زۆر مامۆستایەکی تایبەتی بەحەوسەڵەی ئێمە بووە و ببووە هاوڕێیەکی جێمتمانەی دایکیشم. ئاوێزە شووشەییەکانی چلچراکە ڕووناکییەکی لێڵی زەردی بەسەر مێزەکەدا پەخش دەکرد. لای دەرگای ژووری خزمەتەوە، بۆفیەیەکی قورس دانرابوو کە پڕ لە کەرەستەی قوڕقوشمیی بوو، بەرامبەری پیانۆیەک هەبوو بەوانەی ژەنینە نەفرەتییەکەیەوە کە کرابۆوە. لە عەردەکەدا فەرشێکی خۆرهەڵاتیی ڕاخرابوو. پەردەی قورس بەپەنجەرەکانەوە، تابلۆگەلی تاریکی (ئاربۆریلیۆس) بەدیوارەکانەوە.

ژەمی خواردنەکە بەماسی ئارینگەی سوێرکراو و پەتاتە یاخۆ بەماسی ئارینگەی سوێرکراوی زەریای بەلتیک و پەتاتە یاخود بەگۆشتی بەراز و پەتاتە دەست پێدەکرا. باوکم پێکێک سناپس و بیرەیەکی لەگەڵ ئەو ژەمەدا دەخواردەوە. دایکم لە زەنگێکی کارەبایی ژێر مێزەکەی دەدا و ئیدی کارەکەرەکە بەجلکی ڕەشەوە وەدیاردەکەوت. دەفر و کەوچک و چەقۆ و چەنگاڵەکانی کۆدەکردنەوە، ئەوسا خواردنی گەرمی دادەنا کە لە باشترین حاڵەتدا کفتەنێرگزیی[*] و لە خەراپترین حاڵەتیشدا ماکەرۆنە بوو. یاپراخی کەلەرم یان کۆرڤی بەراز خۆش بوون، ماسی ڤێزەوەن بوو، بەڵام دەبوو بونیادەم ئاگاداربێت نارەزایی نەنوێنێ. ئاخر دەبوو هەموو شتێک بخورێت. دەبوو ئێمە هەموو شتێک بخۆین.

ئەوسا کە ژەمی سەرەکی دادەنرا، باوکم ئەودوای پێکە سناپسەکەی هەڵدەدا، نێوچەوانی هەندێک سوورهەڵدەگەڕا. هەمووان لە بێدەنگیدا دەکەوتنە خواردن. منداڵ

---

(*) (کفتەنێرگزی) م بەرامبەر شۆت بووللەر köttbuller داناوە کە جۆرە خواردنێکە لە زۆر ڕووەوە لە کفتە نێرگزیی دەچێت. و.ک

لەسەر مێز فزەی لێوە نەدەهات. گەر پرسیاریان لێکرابا ئەوجا دەبوو وەڵام بدەنەوە. هەنووکە ئیدی پرسیارە زۆرەملێکە دەکرا: ئەمڕۆ لە قوتابخانە چۆن بوویت؟ وەڵامە زۆرە ملێکەشی بەدوادا دەهات: باش بووم. چ تاقیکردنەوەیەکت کرد؟ نا. چ پرسیارێکت بۆ هاتەوە؟ توانیت وەڵام بدەیتەوە؟ بەڵێ، بەڵێ بێگومان توانیم. تەلەفۆنم بۆ مامۆستاکەت کرد. لە ماتماتیکدا دەرچوویت. وام مەزەندە دەکرد.

باوکم زەردەخەنەیەکی گاڵتەجارییانەی دەهاتێ. دایکم دەرمانەکەی دەخوارد. دایکم بەو دواییە نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆ کرا و دەبوو بەردەوام دەرمان بەکاربێنێ. باوکم ئاوڕی بۆ لای براکەم دایەوە و گوتی: ئادەی لاسایی (نیلسۆن)[7]ی گەمژە بکەرەوە. براکەیشم کە بەهرەی لاساییکردنەوەی هەبوو، دەسبەجێ شەویلاگی هێنایە خوارەوە، چاوی قیچ کرد و گوشاری خستە سەر کەپووی و ئەوجا بەمنگەمنگ کەوتە قسان. باوکم پێکەنی. دایکم خۆنەویستانە زەردەخەنەی هاتێ. باوکم لەناکاوێکڕا گوتی: دەبێ تەقە لە (پێر ئالبین هانسۆن)[8] بکرێت. ئای گەر کرابا تەقە لە هەموو ئەو ئاژاوەگێڕە سۆسیالیستانە کرابا. دایکم بەنەغمەیەکی بەهەژموونانە گوتی: شتی وا مەڵێ. باوکم وەڵامی دایەوە: شتی چ نەڵێم؟ ئەدی بۆم نییە بڵێم کە ئێمە لەلایەن پیرێک چەتە و خەڵکانی لات و لەوێرەوە حوکوم دەکرێین؟ باوکم کەمێک سەری بادا. دایکم بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت گوتی: دەبێ بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کڵێسا وادە دانێین. باوکم کە هەنووکە نێوچەوانی سوورهەڵگەڕابوو، وەڵامی دایەوە: چەند جارێک ئەم قسەیەت گوتووە. دایکم ڕوانینی داگرت و دەستی بۆ خواردنەکە برد. ئاوڕی بۆ خوشکەکەم دایەوە و بەمیهرەبانی پێی گوت: هێشتا (لیلیان)[9] هەر نەخۆشە؟ (مارگەرێتا)[10] ش بەدەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە: سبەینێ بۆ قوتابخانە دێتەوە. ئاخۆ دەتوانێ ڕۆژی یەکشەممە فراوینمان لەتەکدا بکات؟ بێدەنگی باڵ بەسەر مێزەکەدا دەکێشێ، ئێمە دەجووین و دەنگی بەرکەوتنی چەنگاڵ و چەقۆ بەدەفرەکاندا، دێت. ڕووناکییەکی زەرد، پەیکەرە زیوییەکان لە بۆفیەکەدا دەبریسکێنەوە، کاتژمێری هۆڵەکە دەچرکێنێ. باوکم دەڵێ: سەرەڕای ڕاسپاردەی کڵێسا، کەچی (بێرۆنیۆس)[11] دامەزرێنراوە. شتەکان هەر وا بوون و هەرواش بەردەوام دەبن.

7- Nilsson

٨- Per Albin Hansson سەرەک وەزیرانی ئەوکاتی سوێد.

9- Lilian

10- Margareta

11- Beronius



هیچ لەباردانەبوویی. گێلێتی. دایکم سەر بادەدات. دەربڕینێکی سووکایەتی ئامێز لە ڕوخساریدا وەدیار دەکەوێت. ئەدی ڕاستە ئاربۆرێلیوس[12] لە هەینی درێژدا وەعز دەدات. باوکم پێدەکەنێ و دەڵێ: چما کە ئەو دەدوێ کەس دەزانێ چ دەبێژێ. ڕەنگە ئاوهاش هەر باش بێت.

دوای تاقیکردنەوە گشتییەکانمان (ئاننا لیندبێری) سەفەری بۆ فەڕەنسا کرد تا زوبانە فەڕەنسییەکەی دەمەزەرد بکاتەوە. چەند ساڵێک دواتر لەوێ شووی کرد و دوو منداڵی خستنەوە و پاشان دووچاری ئیفلیجیی منداڵان بوون. مێردەکەی لە دووەمین ڕۆژی هەڵایسانی جەنگدا کوژرا. ئێمە هەموو پێوەندییەکمان لەگەڵ یەکدیدا پچڕابوو. من ئیدی بیرم لە کچە هاوپۆلێکی ترم دەکردەوە کە ناوی (سێسیلیا ڤون گوتهارد)[13] بوو. سێسیلیا کیژێکی قژ سوور، زیرەک، دەم و دەست بەوەڵام و لە هەموو ئەو کەسانە پێگەیشتووتر بوو کە پێی سەرسام بوون. ئاخۆ بۆچی لەنێو هەموو هاوڕێکانیدا منی هەڵبژارد، ئەمەیان بۆ خۆی مەتەڵە. ئاخر من عاشقێکی نائومێد، سەماکەرێکی خەراپ و چەنەبازێک بووم کە بێ وچان باسی خۆم دەکرد. بووینە دەستگیران و دەمەودەست دوو لایەنە کەوتینە ناپاکی لەیەکدی کردن. سێسیلیا کۆتایی بەپێوەندییەکەمان هێنا بەو هۆیەی کە پێیوابوو من هیچم لێدەرناچێت، ئەمەش شتێک بوو دایکم و باوک و خۆم و خەڵکانی دەوروبەریشم لەسەری کۆک بووین.

سێسیلیا لەتەک دایکیدا لە باڵەخانەیەکی لاکەوتەدا لە ئۆستێرمالم دەژیا. باوکی فەرمانبەرێکی گرنگ ببوو. ڕۆژێکیان زوو لەسەر ئیشەکەیەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە و دەچێتە سەر تەختەنوێنەکەی و ئیدی پێ چەقێنیی دەکا لەوەی بێتە خوارەوە. ماوەیەک لە نەخۆشخانەیەکی دەروونییدا بەسەر دەبا، منداڵێک لە سیستەرێکی جحێڵ دروست دەکا و پاشان بۆ کێڵگەیەکی گچکە لە (ێمتلاند)[14]، دەگوێزێتەوە.

هەرچی دایکی (سێسیلیا) یە، لە حەژمەت شەرم و ئەو کارەساتە کۆمەڵایەتییە، خۆی لە ژووری کارەکەردا کە دەکەوتە پشتی موبەقەکەوە، توند دەکات. بەدەگمەن خۆی دەردەخات، زیاتر لە بوومەلێڵەکاندا: ڕوخسارە تۆخ ماکیاژکراوەکەی لەژێر باروکەدا، تەوژمێک بوو لە خەم و عەزاب. وەک مریشک دەیگاراند و هێند نزم دەدوا کە بونیادەم بەزەحمەت لە قسەکانی حاڵی دەبوو، ئیدی کوتوپڕ لە حەژمەتا جووڵەی ناچارانەی بەشان

12- Arborelius

13- Cecilia von Gotthard

14- Jämtland

و سەری دەکرد. لەنێو جوانییە جاحێڵانەکەی سێسیلیادا سێبەرگەڵێک لە ڕەوتاری دایکی پرشنگی دەدا. ئەمە دواتر هانی دام بڕیاری ئەوە بدەم کە دەبێ ڕۆڵی (مومیێن)[١٥] و (خانم) لە (سۆناتای تارمایی)[١٦] ستریندبێری دا، لەلایەن هەمان ئەکتەرەوە ببینرێ.

هەر کە لە پشتێنی ئاسنینی قوتابخانە قوتارم بوو، ئیدی وەک ئەسپێکی سەرکەش خۆم ڕاپسکاند و تا دوای شەش ساڵ، تا ئەو کاتەی کرامە بەڕێوەبەری شانۆی شار لە هێلسینگبۆری[١٧]، نەوەستامەوە. مێژووی ئەدەبیاتم لای (مارتین لام)[١٨] خوێند، وی بەنەغمەیەکی گاڵتەجارییانە کە سەرنجی ئامادەبووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، لەبارەی (ستریندبێری) یەوە دەدوا کە عیشقە بەدەر لە ڕەخنەکەمی بریندار دەکرد. من دواتر و دوای ماوەیەکی درێژ، نایابیی شیکارییەکانیم بۆ دەرکەوت. لە (گاملاستان)[١٩] چوومە ڕێکخراوێکی قوتابیانەوە کە ناوی کێڵگەی مێستێر – ئۆلۆف[٢٠] بوو، ئەوە بووە هۆی ئەوەی بکەومە سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکی فراوان و زیندووی دراما. بەوەش شانۆی قوتابییان سەری هەڵدا. پاشان هەر زوو لە قوتابخانەی باڵا کەوتمە خوێندنی دراما و لەوێ (مارییا)[٢١]م ناسی. ئەو ڕۆڵی دایکەکەی لە (سەقاقوش)[٢٢]دا دەبینی و لەنێوەندەکانی قوتابیاندا خودان کەسایەتییەکی بەنێوبانگ بوو. مارییا جەستەی بەخۆ و شانی لار، سینگی بەرز و ڕان و سمتی تۆکمە. ڕوخساری تەخت و کەپووی درێژ و جوان خوڵقاو، نێوچەوانی پان و چاوانیشی شینێکی تاریک و پڕ لە دەربڕین. دەمی باریک و ئەملاولاکەی کەمێک بەرەو خوار ببوونەوە. پرچی تەنک و بەسوور ڕەنگکراو. وی خودان بەهرەیەکی فراوانی زمانەوانی و کۆمەڵە شیعرێکی چاپ کردبوون کە ببووە جێگەستایشی (ئارتۆر لیوندکڤیست)[٢٣]. ئێواران لە سەر کورسی سووچێکی کافیتریای یانەی قوتابییان دادەنیشت، کۆنیاکی دەخواردەوە و لەسەریەک جگەرەیەکی ئەمەریکایی دەکێشا

15- Mumien
16- Spöksonaten
17- Helsingborgs Stadsteater
18- Martin Lamm
19- Gamla stan
20- Mäster-Olofsg_rden
21- Maeia
22- Pelikanen

٢٣- Artur Lundkvist (1906-1991) شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری بەنێوبانگی سوێدی. لە ساڵی ١٩٦٨ دا بووەتە ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی.



کە ناوی گۆلدفلاک[٢٤] و لە قوتوویەکی کانزایی زەردی تۆخ نراو و مۆرێکی سووری بەڕەنگی خوێن لێدرابوو.

مارییا بۆ زۆر ئەزموون بانگێشتی کردم، وی بۆ تەمبەڵیی ئەقڵییم، بۆ بێ باکیی ڕۆحیی و بۆ شپرزەییی ویژدانییەکانم بووە کلێپە. جگە لەوە، برسێتییە سێکسوالییەکانمی تێرکردن، ئەو دەرگای زیندانەکەی کردەوە و دێوانەیەکی ئازادکرد.

ژوورێکی تەسک و تروسکی تاقە نەفەریمان لە (سۆدێر)[٢٥] بەکرێ گرت. لەو ژوورەدا تاقێکی کتێب، دوو کورسی، مێزێکی نووسین، لەمپایەکی خوێندنەوە و دوو دۆشەک و سەرین و چەرچەف هەبوون. خواردنمان لە دۆڵابێکدا ئامادە دەکرد و دەستشۆرەکەشمان بۆ قاپشتن و خۆشتن بەکاردەهێنا. هەر یەکەمان لەسەر دۆشەکی خۆی دادەنیشت و خەریکی کاری خۆی دەبوو. مارییا جگەرەی بەجگەرە دادەگیرساند. بۆ ئەوەی خۆم ڕزگارکەم منیش دژە جگەرەیەکم داگیرساند. ئیدی تا ڕادەیەک بەخێرایی بۆ خۆم بوومە جگەرەکێشێکی حیسابیی. باوک و دایکم زوو بەزوو بۆیان دەرکەوت کە من شەوان لەدەرەوە بەسەردەبەم. لەو بارەیەوە لێپێچانەوەیان دەستپێکرد و ڕاستییان بۆ دەرکەوت و ئیدی خرامە بەر ڕێژنەی پرسیار. قسەیەک لە من و قسەیەک لە بابم. من ئاگادارم کردەوە دەستم لێنەکاتەوە. کەچی لێی دام و منیش لێم دایەوە. پای ترازا و کەوتە سەر ئەرزەکە. دایکم گا دەگریا و گا دەپاڕایەوە کە هۆش وەبەری خۆمان بێنینەوە. من پاڵێکم بەدایکمەوە نا، ئەو بەدەنگی بەرز زریکاندی. هەمان ئێوارە نامەیەکم بۆ نووسین و پێم گووتن ئیدی ئێمە هەرگیز یەکتر نابینینەوە. کە ماڵی قەشەم جێهێشت هەستی بارسووکییەک دایگرتم. ساڵانێکی زۆر بۆی نەگەڕامەوە.

براکەم هەوڵی دابوو خۆی بکوژێ، خوشکەکەم لەبەر ڕێزی خێزانەکەمان ویستبووی منداڵ لەباربەرێت و منیش لە ماڵەوە هەڵهاتبووم. باب و دایکم لە قەیرانێکی برستلێبڕدا دەژیان کە نە سەرەتای دیار بوو نە کۆتایی. ئاخر ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابوو، ئەوان کۆششی خۆیان کردبوو، لەخودێ پاڕابوونەوە و داوای بەزەیییان لێ کردبوو. نۆرم و بەها و ترادیشۆنەکانیان بەهانایانەوە نەهاتبوون، هیچ شتێک یارمەتی نەدابوون. دراماکەمان لەسەر تەختەی شانۆ زۆر ڕووناکەکەی ماڵی قەشەدا و لەبەرچاوی هەموواندا نەمایش کرابوو. ترس ئەو شتەی وەدی هێنابوو کە لێی دەترسان.

24- Goldflake
25- Söder

چەند ئەرکێکی پرۆفیشۆناڵیم پێ سپێردرا: (بریتا ڤون هورن)[٢٦] و ستۆدیۆ دراماتیکییەکەی داوایان لێ کردم وەک ئەکتەر کاربکەم. باخە گەلییەکان ڕایانسپاردم نمایشی شانۆیی منداڵان سازبدەم، منیش شانۆیەکی گچکەم لەخانەی هاوڵاتیان خستەگەڕ. زیاتر کاری شانۆییمان بۆ منداڵان دەکرد، بەڵام هەوڵیشم دا (سۆناتای تارمایی) ستریندبێری نومایش بکەم. ئەکتەرەکانم پرۆفیشۆناڵ بوون و بۆ هەر ئێوارەیەک دە کرۆنیان وەردەگرت. دوای حەوت نمایش ئەم سەرچڵییە کۆتایی هات.

ئەکتەرێکی گەڕۆک دۆزییەوە و بانگێشتی کردم کە شانۆنامەی (باوک)[٢٧]ی ستریندبێری دەربهێنم و ئەو بۆ خۆیشی ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆنامەکەدا ببینێ. من دەبوو وەک سینۆگراف و بەرپرسیاری ڕووناکی دوای ئەو ئەکتەرە گەڕۆکە بکەوم. ئامانجی من ئەوەبوو تاقیکردنەوەیەکی دواخراوی مێژووی ئەدەبیات بدەم، بەڵام ئیغواکە گەلێک گەورە بوو: کۆتاییم بەخوێندنەکەم هێنا و لەتەک (مارییا)دا پێوەندییەکەم پچڕی و لەگەڵ (یۆناتان ئێسبیۆرنسۆن)[٢٨]دا ڕێگەم گرتەبەر و ڕۆیشتم. یەکەمین نمایشمان لە شارێکی گچکەی باشووری سوێد ئەنجام دا. ڕۆژنامەکانی ئەو شارە خەراپ لەسەرمان دابەزین و ئیدی بۆ ڕۆژی دوایی هاریکارییەکەمان هەڵوەشایەوە. هەریەکەمان هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتەوە ماڵەوە. من بۆ خۆم هێلکەیەکی گەلێک کوڵاو و نیو لەواشە و شەش کرۆنم پێبوو.

گەڕانەوەکەشم لەوە نائومێدانەتر بوو. مارییا سەرکەوتنی خۆی نەدەشاردەوە: ئاخر بەر لە ڕۆیشتنم ئاگاداری کردبوومەوە. وی عاشقە نوێیەکەشی نەدەشاردەوە. چەند شەوێک هەرسێکمان لەو ژوورە تەسکوتروسکەدا ڕۆژمان کردەوە. ئیدی دوای ماوەیەک من بەچاوێکی شین و مۆر و پەنجەیەکی لەجێچووەوە، دەرکرامە دەرەوە. مارییا ئیدی لەو پێکەوە ژیانە سەرپێییەمان شەکەت و نەیارەکەشم لە من بەهێزتر بوو.

لە هەمان ماوەدا من وەک یاریدەدەرێکی دەرهێنەری بێ مووچە لە ئۆپێرا[٢٩] دامەزرام. کیژێکی میهرەبان لە تیپی بالییە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک خواردنی دام و شوێنی کردمەوە. دایکی چێشتی لێدەنا و جلکی ژێرەوەی بۆ دەشتم، ئازاری گەدەم نەما و

26- Brita vom Horn
27- Fadren
28- Esbjörnsson
29- Operan



بەرامبەر شەوی بەسیازدە کرۆن لە ئۆپێرای (ئۆرفیۆس لە دونیای ژێرەوە)[٣٠]دا بوومە مولەقین. پاشان توانیم ژوورێک لە نزیک (لیل-یانسپلان)[٣١] بەکرێ بگرم و ڕۆژی ژەمێک خورادنی باش بخۆم. لەناکاوێکڕا دوازدە دەقی شانۆیی و ئۆپێرایەکم نووسین. (کلایس هووگلاند)[٣٢]ی بەڕێوەبەری شانۆی قوتابیان، هەر هەموو دەقەکانی خوێندنەوە و بڕیاری دا ئیش لە (مردنی کاسپێر)[٣٣]دا بکەین: شانۆگەرییەکە وەرگرتنێکی بێ شەرمانەی دەقی (فێتسداگ کاسپێر)[٣٤]ی ستریندبێری و (دوایین گەمە لەبارەی ئێنڤارەوە)[٣٥] بوو، ئەوە شتێک بوو کە هیچ خەجاڵەتباری نەدەکردم.

یەکەمین نمایش سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا و لە ڕۆژنامەی (سڤێنسکا داگ بلادێت)دا لەسەری نووسرا. ئێوارەی دوایین نمایش، کارل ئاندێش دیملینگ[٣٦]، کە تازەکیی ببووە بەڕێوەبەری کۆمپانیای (سڤێنسک فیلم ئیندیوستری)(*) و (ستینا بێرمان)[٣٧]، جێنشینی هیالمەر و بەڕێوەبەری بەشی سیناریۆ لە ریزی پێشەوە دانیشتن. ڕۆژی دوایی بۆ لای (ستینا) بانگ کرام و بۆ ماوەی یەک ساڵی تەواو دامەزرێنرام. ژووری خۆم، مێزی نووسین، کورسی، تەلەفۆن و پەنجەرە ڕووەو سەربانەکانی (کونگسگاتانی سی). مووچەکەم مانگی پێنج سەد کرۆن بوو.

هەنووکە ئیدی من ببوومە کەسێکی ڕێزلێنراو بەدامەزراندنێکی جێگیرەوە کە ڕۆژانە لە وادەی خۆیدا لە پشت مێزی نووسینەکەیەوە دادەنیشت و سیناریۆکانی دەخوێندنەوە، دیالۆگی دەنووسی و هێڵی گشتی بۆ پرۆژەی فیلمەکان دەکێشا. ئێمە پێنج "کۆیلەی سیناریۆ[٣٨]" بووین کە لەژێر دەستی بەتوانا و دایکانەی (ستینا بێرمان)دا کارمان دەکرد، جارناجار دەرهێنەرێک لە شوێنی کارکردنماندا وەدیاردەکەوت، بەتایبەتی

30- Orfeus i underjorden
31- Lill-Jansplan
32- Claes Hoogland
33- Kaspers död
٣٤- Kaspers fettisdag ، فێتسداگ، سێشەممەی دوای یەکەمین یەکشەممەی بەڕۆژووبوونی مەسیحییەکانە.
35- Det gamla spelet om Envar
36- Carl Anders Dymling

(*) پیشەسازیی فیلمی سوێدی

37- Stina Bergman
38- manuskripnegrer

(گیوستاف مولاندێر)، کە هەمیشە لەدوورەوە کەسێکی میهرەبان بوو. سیناریۆیەکم لەبارەی تافی قوتابخانەوە خستە بەر دەستی. مولاندێر سیناریۆکەی خوێندەوە و ڕایسپارد ئیشی تێدا بکرێت. کۆمپانیای سڤێنسک فیلم ئیندیوستری سیناریۆکەی کڕییەوە و پێنج هەزار کرۆنم وەرگرت کە ئەوەش بڕە پارەیەکی زۆر زۆر بوو. (ئالف خیۆبێری)[٣٩] کە کەسێک بوو من پێی سەرسام بووم، فیلمەکەی دەردەهێنا. توانیم بەپێ چەقێنیی، ڕێگەی خۆم بۆ ناو وێنەگرتنی فیلمەکە بکەمەوە.

پێشنیارم ئەوەبوو کە وەک جۆرێک سکرێپتکار[٤٠] لە فیلمەکەدا بم. ئالف خیۆبێری سۆزی نواند و قایل بوو، ئاخر من تا ئەوکات چ ئەزموونێکم لەبواری وێنەگرتنی فیلمدا نەبوو، چ شتێکیشم لەبارەی سروشتی کاری سکرێپتەوە نەدەزانی. هەڵبەت من بۆ ئەوان مایەی عەزاب بووم و بەسەریانەوە ببوومە بار. زۆر جاران کارەکەی خۆم بیردەچۆوە و خۆم لەکاری دەرهێنانەوە هەڵدەقورتاند. ئیدی سەرزەنشت دەکرام، ئەوسا خۆم لە ئەمبارێکی گچکەدا زیندانی دەکرد و لەحەژمەت تووڕەیی دەگریام، بەڵام کۆڵم نەدا: ئاخر ئەگەری فێربوون لە ئوستادێک، شتێک بوو بێ سنوور.

لەتەک (ئێلسێ فیشێر)[٤١]دا بووینە هاوسەر، ئەو هاوڕێ و ئەکتەری ڕۆژانی شانۆ گەڕۆکەکەم بوو. وی سەمازان و کریۆگراف[٤٢] و گەلێک بەهرەوەر دەینواند. کەسێکی میهرەبان و زیرەک و سەرحاڵ بوو. لە باڵەخانەیەکی دوو ژووریدا لە (ئابراهامس بێری)[٤٣] نیشتەجێ بووین. هەفتەیەک بەر لە ژیانی هاوسەرییمان، من ڕام کرد بەڵام گەڕامەوە. ڕۆژێک بەر لە شەوی سەریساڵی **١٩٤٣**، کچێکمان بوو.

لەمیانەی وێنەگرتنی فیلمی (تەنگپێهەڵچنین)[٤٤]دا پێشنیارم بۆ کرا ببمە بەڕێوەبەری شانۆی شار لە هێلسینبۆری. باکگراوندی ئەو پێشنیارە ئاوهایی بوو: هێلسینبۆری دێرینترین شانۆی وڵاتی تێدابوو. هەنووکە ئەو شانۆیە دادەخرا و یارمەتییە دەوڵەتییەکانی، دەچووە سەر شانۆیەکی تازەکیی ڕۆنراوی شاری مالمیۆ. ئەو شتە، خەڵکە

39- Alf Sjöberg
40- script-boy
41- Else Fisher
٤٢- koreograf کەسێک کە جووڵەی هونەریی بۆ کاری سەما دادەڕێژێت. و.ک
43- Abrahamsberg
44- Hets



نەتەوەییە لۆکاڵییەکەی هێلسینبۆری تووڕەکردبوو، بڕیاریان دابوو هەموو هەوڵێکیان بۆ وەگەڕخستنەوەی شانۆی شارەکەیان بخەنەکار. پێوەندییان بەژمارەیەک شانۆکارەوە گرتبوو بەڵام ئەوان دوای ئەوەی لە وەزعی شانۆکە و باری داراییەکەی حاڵیی ببوون، بەپیر داواکەوە نەچووبوون. دواجار لەناچاریدا پەنایان بۆ (هێربێرت گریڤێنیۆس)[٤٥]ی ڕەخنەگری بەنێوبانگی شانۆیی برد و مشورەتیان پێکردبوو، ئەویش وەڵامی دابوونەوە گەر ئەوان بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن کە جگە لەوەی شێتی شانۆ بێت، بەهرەوەر و خودان بەهرەی ئیداریش بێ (ئاخر من بۆ ماوەی ساڵێک شانۆیەکی منداڵانم لە خانەی هاوڵاتیان سەرپەرشتی کردبوو)، ئەوا دەبێ لەگەڵ بێریماندا بدوێن. ئەوانیش دوای هەندێک دوودڵی بەقسەیان کردبوو.

بۆ ئەوەی هەستێک لە دڵنیایی ببەخشم کە من خاوەنی نەبووم، یەکەمین شەپقەی ژیانم کڕی. ئەوجا بەرەو هێلسینبۆری سەفەرم کرد و شانۆکەم بینی. شانۆکە لە حاڵ و وەزعێکی کارەساتباردا بوو. ژوور و هۆڵەکانی داڕووخاو و پیس، تێکڕا هەفتەی دوو نمایشی تیادا پێشکەش دەکران و ئامارەکان وایان پیشان دەدا کە لە هەر نمایشێک، بیست و هەشت بلیت دەفرۆشرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا من هەر لە یەکەمین بینینەوە ئەو شانۆیەم خۆش ویست. ژمارەیەک داواکاریم خستنەڕوو: دەبێ گرووپەکە بگۆڕدرێ، شانۆکە نۆژەن بکرێتەوە. ژمارەی نمایشەکان زیاد بکرێن. سیستمێکی هاوبەشیی پیتاک پیادە بکرێت. مایەی سەرسوڕمانم بوو کە داواکارییەکانم قەبووڵ کران. هەنووکە من بوومە گچکەترین بەڕێوەبەری شانۆ لە مێژووی وڵاتدا و دەمتوانی ئەکتەر و هاوکارەکانم هەڵبژێرم. گرێبەندەکەمان بۆ ماوەی هەشت مانگ بوو، بۆ ئەودوای ساڵەکە دەبوو بەباشترین شێوە کاروبارەکانی خۆمان بەڕێوەبردبا.

شانۆکە پڕبوو لە ئەسپێی قاوەیی ڕەنگی سەگ. دەشێ گرووپەکەی پێشوو لەبەرامبەریدا بەرگرییان پەیدا کردبێت، گرووپە نوێیەکە بەخوێنێکی جحێڵانەوە هات، بۆیە بەقورسی گەستراین. بۆری ئاوی پیس کە لە چێشتخانەی شانۆکەوە دەهات و بەژووری جلوبەرگی پیاواندا تێدەپەڕی و میز هەمیشە لە ئاودەستەکانەوە بەئامێری گەرمکەری پاڵ دیوارەکەدا تنۆکەی دەکرد. هەوا دەهاتە ژوورەوە. لە کلاوڕۆژنە تاریکە بەرزەکەوە ناڵەیەکی نزم دەهات وەک ئەوەی لە ڕۆحگەلی شەڕانگێزەوە بێت. ئامێرەکانی گەرمکردنەوە خەراپ ئیشیان

45- Herbert Grevenius

دەکرد. کاتێ ئەرزی هۆڵەکە هەڵکەندرا، سەدان مشک بینران کە بەژەهری خەڵووز مردبوون. ئەوانەشی هێشتا دەژیان قەڵەو، چاوقایم و بێباکانە خۆیان وەدیاردەخست. هەر کە پەلاماری پشیلە قەڵەوەکەی ئەندازیاری شانۆکەیان دەدا، دەسبەجێ خۆی دەشاردەوە.

نامەوێ خۆمبدەمە دەست نۆستالگی بەڵام ئەو جێگایە بۆ من بەهەشت بوو. لەوێدا تەختەیەکی شانۆی ماقووڵ هەبوو، هەرچەند لێک بەرهەڵوەشاو و پیس بوو، بەڵام ئەرزی تەختەی شانۆکە زۆر گونجاوانە بەرەو ڕووناکییەکانی پێشەوە نەوی بۆوە. پەردەی شانۆکە پینەکراو و شڕوپڕ بوو، بەڵام بەسپی، سوور و ئاڵتوونی بۆیە کرابوو. ژوورەکانی جلوبەرگ پریمیتیڤ، تەسک و تروسک و چوار دەستشۆریان تێدابوو. دوو ئاودەست بۆ هەژدە کەس هەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئێوارەیەک بچیت بۆ شانۆی خۆت، لە شوێنی تایبەتی خۆ گۆڕینی خۆت دانیشیت و لەتەک هاوڕێکانتا خۆت بۆ نمایشەکە ئامادەکەیت، ئەوە بایی هەموو ناڕەحەتییەکانە.

بەردەوام نمایشمان دەکرد و پرۆڤەمان دەکرد. لە ساڵی یەکەمدا و لە ماوەی هەشت مانگدا نۆ شانۆنامەمان پێشکەش کردن، ساڵی دووەم بووە دە شانۆنامە. سێ هەفتە پرۆڤەمان دەکرد و لە چوارەمین هەفتەدا نمایشی یەکەممان پێشکەش دەکرد. هیچ دەقێکمان لە بیست جار زیاتر نمایش نەدەکرد جگە لە (دووەمین ریڤی)[46] ساڵی نوێمان نەبێ کە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا و سی و پێنج جار پێشکەشمان کرد. ژیانی ڕۆژانەمان ببووە بەشێک لە شانۆ، لە سەعات نۆی بەیانییەوە تا یازدەی شەو لە شانۆ بووین. کەمێک دەمانخواردەوە و بەزممان دەکرد، بەڵام ئاهەنگگێڕانمان بەتوندیی بەوەزعی خەراپی ئابووریمانەوە بەسترابوو. چوونە ژوورەوەمان بۆ لۆقەنتە خۆشەکەی گراند لێ قەدەغە کرابوو بەڵام لە چێشتخانەیەکی هاکەزاییدا بەخێردەهێنراین کە خاوەنەکەی چلفرایەکی تایبەتی بەبیرە و سناپسەوە بۆ ئامادە دەکردین و قەردەکەشی هێند سەخاوەتمەندانە بوو کە وەختە بڵێم چاوی لێدەپۆشی. ڕۆژانی شەممە دوای پرۆڤە شوکولاتمان بەخامەی خەستی خۆماڵیی (ڕۆژانی قەیران) و کێکەوە لە شیرینەمەنی فاهلمان[47] لە گۆڕەپانی (ستور تۆرێت)[48] دەخوارد.

خەڵکی هێلسینبۆری بەهاوڕێیەتی و میواندۆستییەکی لە ڕادەبەدەرەوە مامڵەیان

٤٦- Revy نمایشێکی شانۆییە هاوئاهەنگ بەگۆرانی و سەما و وێنەیەکی هەزەلییانەی واقیع و ڕووداوە هەنووکەییەکان دەخاتەڕوو. و.ک

47- Fahlman

48- Stortorget



دەکردین. زۆرجاران لەلایەن کەسێکی دەوڵەمەندەوە بۆ ژەمی درەنگی خواردنی شەو داوەت دەکراین. کە گرووپی شانۆییەکە دوای نمایشەکەیان ئامادە دەبوون، میوانەکانی تر لە خواردنەکەیان ببوونەوە و حەزیان دەکرد ئەو ئەکتەرە برسییانە ببینن کە چۆن بەرماوەی خواردن و خواردنەوەی سەر مێزە سەرلەنوێ سفرە لەسەر ڕاخراوەکان دەخۆن. خاوەن دوکانێکی دەوڵەمەندی وشکە هەبوو کە دوکانەکەی لەپێچی شەقامەکەدا بوو، لەوێدا ژەمێک خواردن بەکرۆنێک و ژوور و باڵەخانە لە ئاپارتمانێکی داڕووخاوی لە سەدەی هەژدەدا ڕۆنراودا، بەکرێ دەدران. لاولاوەکان لەمیانەی کەوانەی پەنجەرەکان و دیوارەکانەوە خۆیان کوتابووە ژوورەوە، ئاودەست لەسەر قاڵدرمەکان و ئاویشمان بەهۆی مەزەخەیەک کە لەحەوشە چەوڕێژکراوەکە دانرابوو، هەڵدەگۆزا.

بەرزترین مووچە هەشت سەد کرۆن و نزمترین مووچەش سێ سەد کرۆن. ئەوپەڕی توانامان دەخستەکار تا گوزەرانی خۆمان دابین کەین، پارەمان قەرز دەکرد و پێشەکیمان وەردەگرت. کەس لە خەیاڵی ئەوەدا نەبوو ناڕەزایەتی بەرامبەر بارودۆخی نائومێدانەمان بنوێنێ، ئێمە سوپاسگوزاربووین و خۆشبەختیی بێ ئەندازەمان ئەوەبوو کە هەموو ئێوارەیەک نمایش دەکەین، هەموو ڕۆژێک پرۆڤە دەکەین. کۆششەکانمان خەڵات دەکران. ساڵی یەکەم شەست هەزار بینەرمان هەبوون، ئەوەش بەبێ چ دوودڵییەک بۆ ئێمە سەرکەوتن بوو. نمایشەکانمان و هەنگاوە مانەوییەکانمان سەرنجی ڕۆژنامەکانی پایتەختیان ڕاکێشا. ئەو ساڵە بەهار زوو هات و ئێمەیش سەیرانمان بۆ ئاریلد[49] ڕێکخست، لەوێ لە گوێ دارستانێکی داربەڕوودا دامەزراین کە بەسەر زەریای میهرەبان و بەهارییدا دەینۆڕی، خواردنی ناو جانتاکانمان دەرهێنان و شەرابی خەراپی سوورمان نۆشی. من سەرخۆش بووم و نوتقێکی شپرزانەم دا، بەدەربڕینی تاریک ئاماژەم بەوەدا کە ئێمەی خەڵکانی شانۆ، لە دەستە کراوەکانی خودادا دەژین و ڕێک هەڵبژێردراوین بۆ ئەوەی باری عەزاب و شادیی لەکۆڵنێین. یەکێک ڕۆڵی (مارلین دیێتریچ)[50]ی بینی و گوتی:

Ween du Geburtstag hast, bin ich bei Dir zu Gast die ganze Nach.[51]

کەس گوێی بۆ ڕانەدەدێرام، وردە وردە هەمووان کەوتنە قسەکردن، هەندێکیان سەمایان کرد. هەستم کرد خەراپ لێم حاڵیی بوون، دوورکەوتمەوە و ڕشامەوە.

49- Arild

50- Marlene Dietrich

٥١- واتە: کە تۆ جەژنی لەدایکبوونت هەبێت، بەدرێژایی شەو من لای تۆ دەبمە میوان.

من بەبێ خێزان بۆ هێلسینبۆری هاتم. لە بەهاردا ڕوون بۆوە کە هەردوو (ئێلسێ) و کیژە تازەکیی لەدایکبووەکەمان تووشی نەخۆشی سیل بوون. ئێلسێ لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتدا لەنزیک (ئالڤێستا)(٥٢) خەوێنرا. کرێی ئەو خەستەخانەیە هێندەی مووچەکەم بوو. (لێنا)(٥٣) کەوتە خەستەخانەی (ساچسکا)(٥٤)ی منداڵان. من هێشتا لە پێداچوونەوەی سیناریۆ بۆ کۆمپانیای سڤێنسک فیلم ئیندیوستری بەردەوام بووم و بەو تەرزە دەمتوانی خەرجیی خێزانەکە دابین کەم.

من بەو دەلالەتەش کە بەڕێوەبەر و سەرۆک گرووپ بووم، هەر تەنیابووم. لەڕاستیدا بەڕێوەبەرێکی داراییم هەبوو، وی پیاوێکی نایاب بوو کە ژمارەیەک مەغازەی کەرەستەی بەرگدروونی لە ستۆکهۆڵم هەبوون. ساڵانێک لەشانۆی بویلێڤارد(٥٥) کاری کردبوو، کە من تیایدا هەندێک تێکستم خستبوونە سەر شانۆ. کاتێ داوام لێ کرد لە تەکمدا بۆ هێلسینبۆری بێت، یەکسەر ڕەزامەندی دەربڕی. ئەو ئەکتەرێکی زیرەکی ئاماتۆر و حەزی دەکرد ڕۆڵی بچووک ببینێ، وی جحێڵ و کیژانی جحێڵی خۆش دەویستن و بۆ خۆیشی ڕواڵەتێکی دزێوی هەبوو کە ئینسانێکی میهرەبانی لەخۆیدا حەشاردابوو. سەیری دەکرد بزانێت ئاخۆ پارە لە قاسەکەدا ماوە، گەر بیزانیبا پارە نەماوە ئەوا کەلوپەلی دوکانەکانی بەبارمتە دەدا. ئەو منی بەکەسێکی دێوانە دادەنا بەڵام زەردەخەنەی دەهاتێ و دەیگوت ئەوە تۆیت کە بڕیار دەدەیت. منیش هەر وام دەکرد، بەزۆریش دڵڕەق و سەرکێشانە. هەر بۆیە تا ڕادەیەک هەستم بەتەنیایی دەکرد.

(ئێلسێ فیشێر) کە دەبوو ببێتە سەمازان و کریۆگرافی شانۆکە، پێشنیاری هاوڕێیەکی خۆی کرد، هی ئەو کاتەی لای (ماری ویگمان)(٥٦) بووە، کە لەبری ئەم کار بکات. ئەو کەسەش ژنێک بوو ناوی (ئێللێن لیوندسترۆم)(٥٧) و تازەکیی شووی بەفۆتۆگرافیێرێکی ئەوکات تا ڕادەیەک نەناسراو، کە ناوی (چیستێر سترۆمهولم)(٥٨)، کردبوو. ئێللێن سەفەری بۆ هێلسینبۆری کرد و مێردەکەشی بۆ ئەفەریقا. ئێللێن کیژێکی گەلێک جوان بوو بەپرشنگی ئیرۆتیکیانەوە، بەهرەوەر و دەگمەن و زۆر هەستیار بوو.

52- Alvesta
53- Lena
54- Sachska
55- Boulevardteatern
56- Mary Wigman
٥٧- Ellen Lundström خاتوو ئێللێن هێشتا لە ژیاندا ماوە.
58- Christer Strömholm



بەهاتنی ئێللێن کەشێکی پرومیسکیوتیتی(٥٩) میهرەبان باڵی بەسەر گرووپەکەدا کێشا. بۆ ماوەیەکی کەم کێچ کەوتە کەوڵی هەمووانەوە و پاشان ئەوە بووە دیمەنگەلی دڵ لەیەکدی پیسبوون. ڕاستە شانۆ ببووە ماڵی ئێمە، بەڵام بەگشتی ئێمە تاڕادەیەک شپرزە بووین و برسیی هاوڕێیەتی بووین.

بەبێ ئەوەی بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، پێوەندیی من و ئێللێن دەستی پێکرد و ئاکامێکی خێرای بەدووگیانبوونی ئێللێن لێکەوتەوە. لەکاتی جێژنی لەدایکبووندا، ئێلسێ لە خەستەخانە مەرەخەسیی پێدرا. لە ستۆکهۆڵم لای دایکی یەکتریمان بینی. ئەوەی کە ڕوویدابوو بۆیم گێڕایەوە و پێمگوت دەمەوێ لێی جیاببمەوە و گەرەکمە لەگەڵ ئێللێن دا بژیم. بیرمە چۆن ڕوخساری ئێلسێ لە ئازاردا وشک هەڵگەڕا. لای مێزی نانخواردنەوە لە مویەقەکە بەگۆنای سووری نەخۆشییی و دەمە منداڵانە توند داخراوەکەیەوە دانیشت. زۆر بەئارامی گوتی: هەنووکە ئیدی تۆ دەبێت نەفەقەم بکێشیت، هەی بەدبەخت پێت هەڵدەسووڕێت؟ منیش بەتاڵیی پێمگوت: گەر توانیبێتم مانگی هەشت سەد کرۆن بدەمە خەستەخانە نەفرەتییە تایبەتییەکەت، هەڵبەت دەشتوانم نەفەقەکەت بکێشم. خەمت نەبێ.

من ئەو کەسە ناناسمەوە کە چل ساڵ لەمەوبەر هەو بووم. بێزارییم هێند قووڵ و میکانیزمی خەفەبوونم هێند کاریگەر ئیشی دەکرد کە من ئەلعان بەزەحمەت دەتوانم وێنەکان بشۆمەوە. لەم حاڵەتەدا وێنەکان بەهایەکی ناچیزەیان هەیە. ئاخر ئەو وێنانە تەنها دەمامکراوێک پیشان دەدەن کە بەرگریی لەخۆی دەکرد. گەر پێموابایە پەلامارم دراوە، ئەوا وەک سەگێکی ترساو گازم دەگرت. متمانەم بەکەس نەبوو، کەسم خۆش نەدەویست، بیری کەسم نەدەکرد. سێکسوالیتێتییەک داگیر و ئەفسوونی کردبووم کە ناچاری خیانەتی بەردەوام و ڕەوتاری زۆرەملێیی دەکردم، هەمیشە بەدەست شەهوە، ترس، پەژارە و بێ ویژدانییەوە لە عەزابدا بووم.

بەو جۆرە من تەنها و تووڕە کەوتبوومەوە. ئیشکردن لە شانۆدا شتێک لەو گرژییەی دەمژی کە تەنها چەند ساتەوەختێک لە سەرخۆشی و ئۆرگازمدا دەڕەوییەوە. من دەمزانی خودان گوڕی قەناعەت پێکردنم و دەتوانم خەڵکی وا لێ بکەم ئەو شتە بکەن کە من دەمەوێ. دەمزانی من جۆرە گوڕێکی سەرنجڕاکێشانی خەڵکییم بۆ لای خۆم هەیە و دەتوانم

٥٩- Promiskuitet پێوەندی گەلی سێکسوێلی هەوسار پچڕاو.

بەویستی خۆم بەکاری بێنم. هەروەها وەئاگابووم لەوەی بەهرەی ئەوەم هەیە بترسێنم و بێ ویژدانیی بەرهەم بێنمەوە، لەبەرئەوەی هەر لەمنداڵیمەوە شتی زۆرم لەبارەی میکانیزمی ترس و بێ ویژدانییەوە دەزانین. بەکورتی من دەسەڵاتدارێک بووم کە خۆی فێری ئەوە نەکردبوو چێژ لە دەسەڵات وەربگرێت.

بە شێوەیەکی تەمومژاوی هەستمان بەجەنگێکی جیهانی لە دەوروبەرماندا دەکرد. ئەوسا کە فڕۆکە ئەمریکاییەکان بەسەر تەنگە[60]کەدا دەفڕین، گرمە و هاڕەکەیان دەنگی ئەکتەرەکانی دەشاردەوە. ئێمە سەرپێیانە هەموو ئەو مانشێتە ڕەشانەمان دەخوێندنەوە و دواتر خۆمان بۆ خوێندنەوەی هەواڵە شانۆییەکان تەرخان دەکرد. شەپۆلی ئاوارەکان بەسەر تەنگەکەدا گرنگیپێدانێکی خەیاڵ پەرتانەی خولقاندبوو.

هەندێ جار بیردەکەمەوە کە ئاخۆ دەبێ نمایشە شانۆییەکانمان چۆناوچۆنی خۆیان نواندبێ. من بۆ ئەوە تەنێ چەند وێنەیەکی کەم و هەندێ پارچە ڕۆژنامەی زەردهەڵگەڕاوم لەبەر دەستدا هەن. هەڵبەت ماوەی پرۆڤەکردنەکانمان کورت بوون، خۆ ئامادەکردنەکان سفر بوون. ئەوەی ئێمە پێشکەشمان دەکرد ماددەیەکی خێرا بەکاربراو بوو. پێموایە ئەوە شتێکی باش و سوودمەند بووە. ئاخر دەبێ گەنجان بەردەوام خۆیان لەبەردەم ئەزموون و ئەرکی نوێدا ببیننەوە. دەبێ کەرەستەکان ئەزموون بکرێن و باش پراکتیزە بکرێن. تەکنیک تەنێ لەمیانەی پێوەندیی بەردەوام و توندوتۆڵ بەبینەرەوە، بەرەو پێش دەبرێت. من ساڵی یەکەم پێنج شانۆنامەم دەرهێنان، گەرچی ئاکامەکان دڕدۆنگییئامێز بوون، بەڵام پێموایە ئەزموونی بەکەڵک بوون. هەڵبەت نە من و نە هیچکام لە هاوڕێکانم خاوەن پەی پێبردنێکی پێویست و پسپۆڕییەکی قووڵی ئەوتۆ نەبووین بتوانین ڕۆبچینە نێو نهێنی و ئاڵۆزییەکانی درامای (ماکبێس)ەوە.

شەوێکیان لە شانۆوە بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتمەوە. لەناکاوێکڕا پەیم بەوەبرد چۆناوچۆنی دەتوانم ڕێگەچارەی جادووگەرەکان بکەم کاتێ لەبەشی کۆتایی دراماکەدا وەدیاردەکەون. ماکبێس و لێدی[61]ییەکەی، لەسەر تەختە نوێنەکەیانن، ژنەکەی لە خەوێکی قووڵدا و ماکبێس لەنێوان خەو و بێداریدایە. سێبەری تا لێهاتوو لەسەر دیوارەکە دەجووڵێن. جادووگەرەکان لەنێو ئەرزەکەوە، لای خوار تەختە نوێنەکەوە دێنە دەرێ، دەچپێنن و دەپرمێنن، خۆیان بەیەکەوە چەسپاندووە. باسکیان وەک گژوگیای ناو ئاوێکی بەخوڕ

٦٠- Sundet ڕاڕەوێکی تەنگەبەر لە زەریا یاخۆ زەریاچەدا. تەنگە.

61- Lady



دەجووڵێت. لەودیو شانۆکەوە کەسێک بەتوندی پەنجە بەکلیلی پیانۆیەکی کۆک نەکراودا دەنێت. ماکبێس لەسەر تەختە نوێنەکە دەکەوێتە سەر ئەژنۆ، نیوە ڕووت، ڕوو وەردەگێڕێ، جادووگەرەکان نابینێ.

لەو شەقامە بێدەنگەدا ڕاوەستام، چەند دەقیقەیەک بێ جووڵە ڕاوەستام و بێدەنگ لەگەڵ خۆمدا دەمگوتەوە: نەفرەتم لێ بێت، من بەهرەوەرم، خۆ من بلیمەتم. ئەوە هەڵایسانێک بوو کە خستمییە سەرەسووڕێ و گەرمی داهێنام. لە هەموو بەدبەختییەکانمدا، باوەڕبەخۆبوونێکی تۆکمە هەیە، وەک کۆڵەگەیەکی پۆڵایین لەنێو داروپەردووی ڕۆحێکی لەرزۆکدا ڕاست بۆتەوە.

من تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵم داوە لاسایی مامۆستاکانم، (ئاڵف خیۆبێری) و (ئولۆف مولاندێر) بکەمەوە و تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ دزییان لێ بکەم و بەکارەکەی خۆمیانەوە بنووسێنم. خوێندنی تیۆریی من بۆ شانۆ یان نەبوو یاخۆ زۆر کەم بوو. گەرچی من شتێکم لەبارەی (ستانسلاڤسکی) کە ئەوکات لەنێو ئەکتەرانی جحێڵدا ببووە مۆد، خوێندبۆوە، بەڵام تێی نەگەیشتبووم و نەیشم دەویست تێی بگەم. هەروەها چ دەرفەتێکی واشم بۆ نەخولقا لە دەرەوەی وڵات تەماشای شانۆ بکەم، بەمانای ڕاستەقینەی وشە من کەسێک بووم خودان بەهرەیەکی خۆڕسک و خۆم شتم فێری خۆم کردبوو.

گەر کەسێک بەخەیاڵیدا بێ و لە من و هاوڕێکانم لەبارەی چالاکی بەردەوامانەوە پرسیارمان لێ بکات، ئەوا چ وەڵامێکمان پێ نییە بیدەینەوە. ئێمە شانۆ دەکەین لەبەرئەوەی شانۆ دەکەین. دەبێ یەکێک لەسەر شانۆیەک ڕوو لە خەڵکانێکی لە تاریکیدا دانیشتوو ڕاوەستێ. بەختمان هەیە کە ئەوە ئێمەین لە ڕووناکییەکەدا ڕاوەستاوین. هەموو شتەکان نایاب بوون گەرچی وەک بەرەنجام زیاتر گومانیاوی بوون. من دەمخواست (پروسپێرۆ)[62] یەک بم، کەچی زیاتر وەک کالیبان[63]ێک دەمبۆڕاند.

دوای دوو ساڵ لە بەرخۆدانێکی سەخت، بۆ یۆتۆبوری بانگێشت کرام، پەرۆش و بەمتمانە بەخۆبوونێکی پتەوەوە سەفەرم بۆی کرد.

***

62- Prospero

63 Caliban

(توشتـێن هامەرێن)[١] تەمـەنی شـەست و دوو سـاڵ و لە سـاڵـی **١٩٣٤** ەوە و هەر لەکاتی دامەزراندنی (شانۆی شاری یۆتۆبۆوری)یەوە، بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە بوو. بەرلەوە بەڕێوەبەری (شانۆی لورێنسبێری)[٢] بوو. وێڕای ئەوە، ئەکتەرێکی بەنێوبانگیش بوو.

(توشتێن) خودان پێگەیەکی باڵا بوو، گرووپەکەی بەباشترین گرووپ لە وڵاتدا دادەنرا. (کنیـوت سـتـروم)[٣]، یەکـەمین دەرهێنەری شـانۆ، وی شـۆڕشگێـڕێکی دێرین و لای (ڕێینهـاردت)[٤] خـوێندبووی. (هێلگێ واهلگرێن)[٥]، کـەم قـسـە، توندوتیـژ و ورد. ئەکتەرەکانی ئەو گرووپە دەیان ساڵ بوو پێکەوە کاریان دەکرد. ئەمەش مانای ئەوە نەبوو یەکترییان خۆشدەویست.

لە سـەرەتای سـاڵـی **١٩٦٤**ەوە، من و ئێللێن و دوو منداڵەکـەمـان بۆ شـاری یۆتۆبوری گـواسـتـمـانەوە. لە شـانۆکـە ژەنەڕاڵ پرۆڤـەی (سـۆناتای تارمـایی) سـتـریندبێـری بوو لە دەرهێنانی (ئولۆف مۆلاندێر). دزەم کردە سەر تەختەی شانۆ گەورەکە کە لە تاریکاییدا ڕاکشـابوو. دوور و نێـزیک دەنگی ئەکـتـەرەکـان دەهاتە گـوێ، هەندێک جـار لەمـیـانەی

1- Torsten Hammaren

2- Lorensberg

3- Knut Ström

4- Reinhardt

5- Helge Wahlgren



بازنەی ڕووناکـیـیەکـاندا وەدیاردەکـەوتن. تەواوێک بێ جـووڵە ڕاوەسـتـام و گـوێم ڕادێرا: شانۆیەکی گەورە بەهەمـوو جۆرە پێداویسـتـییەکەوە، ئەکـتەرگەلی گەورە و لەخۆ ڕابینینی گەورە. ناتوانم بڵێم ترس دایگرتم، بەڵکوو دەتوانم بڵێم لەرزم لێهات.

لەناکـاوێکڕا هەسـتم کرد بەتەنیـا نیم. مـەخلـوقـێکی گـچکە یاخۆ دەشێ تـارمـاییـیەک لەپاڵـمـدا ڕاوەسـتـابوو: ئەویش (مـارییـا شـیلدکنێـشت)[٦]ی پیـرێژنی شـانۆ بوو، وەک (مـیومـێنی توتی)[٧] خۆی گۆڕیو و ڕوخسـاری لە ژێر دەمامکێکی ترسناکدا شاردبۆوە. میهرەبانانە، بەڵام بەتەرزێکی تۆقێنەر زەردەخەنەیەکی هاتێ و بەچرپە گوتی: وابزانم ئێوە جەنابی (بێریمان)ن. خۆم پێناساند و نابەڵەدانە بۆی نووشتامەوە. چەند ساتێک بێدەنگ ڕاوەستاین. تارماییـیە گـچکەکە لێی پرسیم: باشە، ڕات بەرامبەر ئەمە چییە؟ دەنگی جیددی و فـەرماندەرانە بوو. منیش ڕێک و ڕەوان وەڵامیمدایەوە: بۆ من ئەمە یەکێکە لە گـەورەترین ئەو کـارانەی لە درامـای جیـهـانیدا نووسراون. مـیـومـێن بەرقـێکی ساردەوە تەماشای کردم و گوتی: ئێهـ! ئەم گووە، ستریندبێری حازربەدەست ئامادەی کرد تا ئێمە شتێکمان هەبێ لە شانۆ ئینتیم[*]ەکەیدا نمایشی کەین. وای گوت و میهرەبانانە سەری بۆ لەقاندم و جێی هێشتم. دەقیقـەیەک دواتر سەرکەوتە سەر شانۆ. لە ژووری جلوبەرگەوە هاتە دەرێ و خـۆی لەتیشکی بەتینی ڕووناکـییـەکە لادەدا. جلکە شـۆڕەکەی با دەدا وەک ئەوەی تووتی بێ و پەڕەکـانی خـۆی گـیـڤ کـاتەوە. وی لەم ڕۆڵـەیدا مـایەوە کـە ڕقی لێی دەبۆوە و لەژێر دەستی دەرهێنەرێکیشدا کاری دەکرد کە ڕقی لێی بوو.

یەکەمین ئەزمـوونی سەخاوەتمەندانەم (کـالیگـۆلا)ی (کـامـۆ)[٨] بوو. (ئاندێش ئێک)ی هاوڕێ و هاوتەمەنی ڕۆژە جەنجاڵەکانی ساڵانی ستۆکهۆڵمم، بۆ یەکەمین جار دەهاتە سەر شانۆ و ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینی.

بەدەوری ویدا هەمـوو گـرووپەکـە لە ئەکـتـەرانی ناودار و نـاسـراو ڕاوەسـتـابوون و بەبەدگـومـانی و نارەسەنییەوە دیقەتی ئێمەی تـازە دەستپێکردووانیـان دەدا. ئاخر هەمـوو توانا شانۆییـیە تەکنیکی و ماتریاڵییەکان خرابووە بەر دەستی منەوە.

6- Maria Schildknecht

7- Mumiens papegojk

(*) Intima Teatern ئەو شـانۆیەیە کـە سـتـریندبێـری لە سـاڵـی ١٩٠٦ دا ڕۆینا و تـا سـاڵـی ١٩١٠ درێژەی کێشا. لەو شانۆیەدا زوربەی زۆری کارەکانی ستریندبێری خرانە سەر شانۆ. و.ک

8- Caligula av Camus

ئێوارەیەکیان، لەناوەڕاستی پرۆڤەدا، (توشتێن هاممەرێن)، بەبێ چ بەڵێنێکی پێشوەخت هاتە هۆڵەکەوە و دانیشت تا تەماشای پرۆڤەکەمان بکات. ئەوە ساتەوەختێکی ناجۆر بوو: ئاخر (ئاندێش ئێک) خەریکی هێمادانان و ئەکتەرەکانی تریش دەورەکانی خۆیان دەخوێندەوە. من لە کەم ئەزموونیی خۆمەوە کۆنترۆڵی پێشکەوتنی کارەکەم لەدەست داو و گوێم لە هاممەرێن بوو کە چۆناوچۆنی هەناسەیەکی بێزاری هەڵکێشا و لەجێگای خۆیدا جووڵە جووڵی پێکەوت. دواجار ئیدی نەیتوانی ددان بەخۆیدا بگرێ و هاواری کرد: ئەرێ توو جەهەننەم ئەوە چ دەکەن؟ نوێژی تایبەتی دەکەن یان ڕۆح دەلاوێنن یاخود هەڵماتێن دەکەن یاخۆ توو شەیتان چ دەکەن؟

وای گوت و ئەوسا بەنەفرەتکردن و جنێودانەوە سەرکەوتە سەر شانۆ و کەوتە سەرزەنشتکردنی نێزیکترین ئەکتەری لایەوە بەوەی هێشتا دەسبەرداری دەقەکەی نەببوو، ئەکتەرەکەش بەلاڵەپەتێ شتێکی لەبارەی میتۆدی نوێ و پرۆڤەی ڕاگوزەرییەوە گوت و بەتیلەی چاویش تەماشای منی دەکرد. هاممەرێن بەتووڕەیی قسەکانی پێ بڕی و کەوتە دەستکاریکردنی دیمەنەکە. من هەڵچووم و لە هۆڵەکەوە هاوارم کرد کە ئەم جۆرە ڕەوتارەم پێ قەبوڵ نییە و ئەمە خۆسەپاندن و خستنەگەڕی زوبانی هێزە. هاممەرێن کە پشتی لێم بوو، ئاوڕی دایەوە و گوتی: دانیشە و دەمت داخە بۆ ئەوەی دواجار شتێک فێربیت! من خوێن گرتمی و نەڕاندم کە بەرگەی ئەمە ناگرم. هاممەرێن دوژمنانە پێکەنی و هاواری کرد: بڕۆ بەدۆزەخ هەی بلیمەتی گچکەی لادێیی. من بەرەو دەرگاکە شاڵاوم برد، وردە وردە کردمەوە و شانۆم بەجێهێشت. سبەینێ بەیانی زوو لە سکرتێری بەڕێوەبەری شانۆوە تەلەفۆنم بۆ کرا و ڕایگەیاند، ئەگەر بۆ پرۆڤە نەچم، ئەوا گرێبەندەکەم لەتەکدا هەڵدەوەشێنرێتەوە.

تووڕەییەکەم نیشتبۆوە، بەڵام هەمدیس کەوتەوە کوڵ و بەپەلە خۆم گەیاندە شانۆ تا هاممەرێن بکوژم. بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو لە گۆشەی ڕاڕەوێکدا، لووتمان بەلووتی یەکدیدا تەقییەوە. هەڵوێستەکەمان زۆر پێ کۆمیدیی و هەردووکمان پێکەنین. تۆشتێن ئامێزی پێداکردم، من یەکسەر ئەو پیاوەم لە دڵمدا کردە فیگۆری ئەو باوکەی کە لەوەتی خودا لێی مەحرووم کردبووم، غەریبیم دەکرد. ئەو لەماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا کە لە شانۆکەیدا کارم کرد، بەوەفایەکی پیشەییەوە، ڕۆڵی ئەو باوکەی بینی.

نمایشی (خۆشەویستیی) نووسینی (کای میونک)[٩]، بەداوەتێکی شوکولات دەست

9- Kaj Munks Kärlek



پێدەکات. قەشە ڕەعیەتەکەی بانگێشت دەکات تا سەبارەت بەوەی چۆناوچۆنی بەنداو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زەریا ڕۆبنێن، وتووێژ بکەن. بیست و سێ ئەکتەر لەسەر شانۆ دانیشتوون و شوکولات دەخۆنەوە و هەندێکیان دیالۆگیان هەیە و ئەوانی تریش تەنها دانیشتوون. هاممەرێن ئەکتەرانی باشی بۆ ڕۆڵەکان هەبوو، تەنانەت بۆ ئەو ڕۆڵانەشی کە دیالۆگیان نەبوو. ڕانومایییەکانی بەشێوەیەکی کوشندە ورد و حەوسەڵەپڕووکێن بوون: کاتێ (کولبیۆرن)[١٠] دیالۆگەکەی لەبارەی کەشوهەواوە دەبێژێ، کێکێک هەڵدەگرێ، پاشان شوکولاتەکە تێکدەدا، دەی فەرموو پرۆڤە بکە. کولبیۆرن پرۆڤە دەکا. دەرهێنەر گۆڕانکاری تێدا دەکات. (واندا)[١١] لە سوراحییەکەی لای چەپەوە کاکاو تێدەکا و میهرەبانانە زەردەخەنە بۆ (بێنکت ئۆکێ)[١٢] دەکات و دەڵێ: هەر بەڕاستی پێویستتان پێیەتی، فەرموون. ئەکتەرەکان پرۆڤە دەکەن و دەرهێنەر هەڵەکانیان ڕاست دەکاتەوە.

من نائارامانە باوەڕم وادەبێ کە ئەمە قەبرهەڵکەندنی شانۆیە، ئەمە وێرانبوونی هونەری شانۆیە. هاممەرێن بەحیرسەوە درێژە بەکارەکەی دەدات. (توری)[١٣] دەست بۆ چۆرەکێک ڕایەڵ دەکا و سەر بۆ (ئێبا)[١٤] دەلەقێنێ، ئەوان شتێکیان بەیەکتری گوتووە کە ئێمە لێی حاڵی نەبووین، دەی فەرموون بەدوای بابەتێکی شایستەدا بۆ وتووێژ بگەڕێن. (ئێبا) و (تۆرێ) پێشنیار دەکەن. هاممەرێن قایل دەبێ، ئەوانیش دەکەونە پرۆڤە. من پێم وادەبێ هەنووکە ئەم پیرەمێردە دیکتاتۆرە بەشەختە بووە، هەموو جۆرە حەز و ڕاگوزارییەکی لە دیمەنەکەدا گوشیوە. وەک بەرد ژیانی تێدانەماوە. ئارەزوو دەکەم ئەم سەرقەبرانە جێ بێڵم. لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان دەمێنمەوە. ڕەنگە لەبەر پەیجۆری و حەزی تەماشاکردنی زەرەری خەڵکانی تر بێت. وچانەکان وەدیار دەخرێن یاخۆ لادەبرێن، جووڵەکان بەرامبەر نەغمەکان کێشانە دەکرێن و نەغمەکانیش بەرامبەر جووڵەکان، شێوازەکانی هەناسەدان دەستنیشان دەکرێن. من وەکی پشیلەیەکی شەڕانگێز باوێشک دەدەم. دوای چەندین سەعات لە دووبارەکردنەوە، پێبڕین، ڕاستکردنەوە، هەناسە هەڵکێشان و پاڵپێوەنان، ئیدی هاممەرێن پێیوایە کاتی ئەوەیە دیمەنەکە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی ڕاکێشرێت.

10- Kolbjörn
11- Wanda
12- Benkt-a˚ke
13- Tore
14- Ebba

هەنووکە ئیدی موجیزەکە ڕوودەدات.

دیالۆگێکی ڕەوان و ئازاد دێتە پەیڤین، هاوگونجاو لەگەڵ هەموو ئاماژە سۆسیالییەکانی داوەتی شوکولات خواردنەوەکە و نیگا و مانا شاراوەکان و ڕەوتارە ئاگاو نائاگاکاندا. ئەکتەرەکان لەمیانەی تێپەڕبوونیان بەپانتاییەکانی تەختەی شانۆکەدا، بەئازادی کەسایەتییەکانی خۆیان دەخوڵقێنن. ناچاوەڕوانکراو و بەخوڵقێکی خۆشەوە فەنتاسیا دەنوێنن. ئەوانە ئەکتەرەکانی بەرامبەر خۆیان بێ نرخ ناکەن، بەڵکوو ڕێزی هەموو گشتگیرییەگە، ڕێزی ڕیتمەکە دەگرن.

یەکەمین وانەم بریتی بوو لە دەست تێوەردانی هامەرێن بۆ کالیگۆلا. دەرهێنان دەبێ ڕوون و ئاراستەکەر بێ. دەبێ تەمومژ لە هەست و ئامانجەکاندا هەڵگیرێت. ئاماژەکان لەئەکتەرەوە بۆ بینەر دەبێ هاسان و ئاشکرابن، هەمیشە هەموو ئاماژەیەک لە یەک ساتەوەختدا، باشتریشە لە چاوترووکانێکدا بێت، باشترە ئەم ئاماژەیەیان، ئاماژەکەی تر ڕەتکاتەوە بەڵام دەبێ ئەوە مەبەستدار بێت، ئەوسا وەهمێک لەهاوکاتی و قووڵیی وەک کاریگەرییەکی ستریۆ دەخوڵقێت. ڕووداو لەسەر شانۆ دەبێ لەهەر چاوترووکانێکدا بگاتە بینەر، دوای ئەوە حەقیقەت لە دەربڕیندا دێت، ئەکتەری باش هەمیشە خودان سەرچاوەی پێویستە تا ناوبژیوانیی حەقیقەتە پێچەوانەبووەکەی پێ بکات.

وانەی دووەمم لە ئاهەنگی کاکاو خواردنەوەدا بوو لە نمایشی (خۆشەویستی)یەکەی (کای میونک) دا. ئازادی واقیعی پابەندە بەوێنەکیشانی هاوبەشی وێنە و ڕۆچوونێکی وردی پلە بەپلەی ڕیتمەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاری نواندن بریتییە لە هونەری دووبارەکردنەوە. بۆیە پێویستە هەموو هەوڵێک لەسەر هاریکارییەکی ئازادانەی نێوان لایەنە پێوەنددارەکان، ڕۆبنرێت. گەر دەرهێنەرێک ئەکتەرێک ناچار بکات، ئەوا لەمیانەی پرۆڤەکردنەوە دەتوانێ ئەو شتە بەدی بهێنێ کە گەرەکییەتی. بەڵام ئەگەر دەرهێنەر لێگەڕێ ئەکتەرەکان بەحەزی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، ئەوا هەر ئەکتەرێک ئاگا یاخۆ نائاگا بەگوێرەی ڕوانینی تایبەتیی خۆی بەرۆڵەکەیدا دەکەوێتە پێداچوونەوە، ئەکتەری بەرامبەریش بەهەمان بەڵگە دەسکاری ڕۆڵەکەی خۆی دەکات و ئیتر بەم شێوەیە. گەر هەموو ئێوارەیەک دەرهێنەر چاودێریی پلێنگەکانی نەکات، ئەوا دوای پێنج نمایش، نمایشی ڕامکراو وردوخاش دەبێت. لەڕوخساری دەرەوەیدا، ئاهەنگی کاکاو خواردنەوە، وەک نمایشێکی ڕامکراو خۆی دەنواند هەر بۆیەش شکستی نەهێنا. بەڵام مەسەلەکە ئەمە



نەبوو. ئەکتەرەکان دەرفەتی خۆیان لەنێو سنوورە بەرۆشنیی دیاریکراوەکاندا، دەبینی. بەخۆشحاڵییەوە چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە بوون کە بتوانن دیمەنەکە بەداهێنانی خۆیان دەوڵەمەندکەن. بەم جۆرە هەرگیز نمایشی ئاهەنگی کاکاو تێک نەشکا.

ڕۆژێکیان بەسەر (توشتێن هامەرێن)دا چووم کە چاوی بەدەفتەری دەرهێنانەکەی مندا دەگێڕا. دەفتەرەکەم چ تێبینییەک یان سێنێرییەکی لەخۆ نەگرتبوو. بەگاڵتەجاڕییەوە گوتی: ئاوها، ئەدی تۆ سێنێریی ناکێشیت؟ منیش گوتم: نا، وام پێ باشترە ڕاستەوخۆ لەتەک ئەکتەرەکاندا دیمەنەکە دەربهێنم. هامەرێن بەتوندیی دەفتەرەکەی داخستەوە و گوتی: خۆشە ببینین بزانین تا کوێ حەوسەڵەی شتێکی لەم جۆرەت دەبێ!

هەر زوو ڕاستیی پێشبینییەکەیم بۆ دەرکەوت. ئیدی من لەوکاتەوە گچکەترین وردەکاری ئامادە دەکەم و خۆم ناچاری نەخشەکێشانی دیمەنەکە دەکەم، بۆیە کاتێ دەچمە پرۆڤەوە، دەبێ هەموو ساتەوەختێکی نمایشەکە ئامادەبێ. دەبێ ڕانومایییەکانم ڕوون و کردەیی و هاندەر بن. ئەو کەسەی بەشێوەیەکی باش کارەکەی ئامادە دەکات، تەنها ئەوە خاوەن دەرفەتی ئەوەیە کە ڕاگوزاری پیادە بکات.

خێزانەکەمان گەورەتربوو. بەهاری ١٩٤٨ دوو منداڵی دووانەمان بوون. بۆ باڵەخانەیەکی پێنج ژووریی لە ناوچەیەکی تازە ڕۆنراوی دەرەوەی شار گواستمانەوە. من ژوورێکی گچکەی سپارتاییی[١٥]شم لە نهۆمی سەرەوەی ئاپارتمانی شانۆکەدا هەبوو. لەوێدا ئێواران دادەنیشتم و بەدەقەکاندا دەچوومەوە، تێکست و سیناریۆی فیلمم دەنووسین.

باوە پیارەکەی ئێللێن خۆی کوشت و قەرزێکی زۆری لەدوای خۆیەوە جێهێشت. خەسووم لەتەک کوڕە گچکەکەیدا بۆ ماڵی ئێمەی گواستەوە و لە ژووری کارکردنی من نیشتەجێ بوون کە بەتەنیشت ژوورەکەی من و ئێللێنەوە بوو. ئەو ژنە تازەکیی بێوەژن کەوتووە، شەوانە بەزۆری دەگریا. وێڕای ئەوەش (لێنا)ی کچە گەورەشم لەگەڵ ئێمەدا دەژیا، لەبەرئەوەی (ئێلسێ) هێشتا نەخۆشییەکەی بەری نەدابوو. خێزانەکەمان بەهاتنی کەسێکی میهرەبان بەڵام خەمۆک کە هاریکاری لە کاروباری ماڵەکەدا دەکرد، ژمارەی تەواوبوو. تێکڕا ئێمە ببووینە دە کەس. ئێللێن شەکەت و ناو بەناو نەبێ نەیدەپەرژایە

١٥– spartansk ئاماژە بەسپارتای ئەنتیک. کەسێک کە خودان ئاکاری ساکاری ژیان و شێوە ژیانێکی سەخت بێ. و.ک

سەر کاری خۆی. ئالۆزییە خێزانییەکانمان زێدەتر هەویان کرد. پێکەوە نووستنمان کە ڕێگەی ڕزگاربوونمان بوو، بەهۆی پێوەندیی گوێڕایەڵانەمانەوە بەخەسوو و کوڕە گچکەکەیەوە، کۆتایی هات. من تەمەنم سی ساڵان و دوای ئەوەی فیلمی قەیران[16] شکستی خوارد، لە کۆمپانیای سڤێنسک فیلم ئیندیوستری دەرکرام. باری ئابووی خێزانەکەمان بەرتەسک بۆوە. شەڕ و دەمەقاڵێ لەسەر پارە هەڵایسا. ئاخر من و ئێللێن هەردووکمان دەستبڵاو و بێ باک بووین. فیلمی چوارەمم سەرکەوتنێکی شەرمنانەی وەدەست هێنا. ئەوەش بەهۆی ژیریی، مشوور خواردن و حەوسەڵەی (لورێنس مارمستێدت)[17]ەوە بوو. وی ئەو بەرهەمهێنە ڕاستەقینەیە بوو کە لەپێناوی فیلمەکانیدا، هەر لە سیناریۆوە تا نمایشکردنی، دەژیا و بەرخۆدانی دەنواند.

ئەو بوو فێری کردم چۆناوچۆنی فیلم دروست کەم.

لەنێوان یۆتۆبۆری و ستۆکهۆڵمدا دەهاتم و دەچووم و ژوورێکم لە پەنسیونەکەی (خاتوو نیلاندێر)[18] بەکرێ گرت کە دەکەوتە گۆشەی نێوان (براهێگاتان) و (هیوملێگۆردستان)ەوە. خاتوو نیلاندێر خاتوونێکی بەتەمەنی خانەدان بوو، وەکی تریش مەخلوقێکی گچکە بوو بەپرچێکی سپی درەوشاوە و چاوانێکی ڕەش و ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیوو ڕێکوپێک ئارایشتکراوەوە. لە پەنسیۆنەکەی ویدا زۆرێک لە ئەکتەران دەژیان و ئەویش دایکانە مامەڵەی دەکردین. من لەژوورێکی ڕووەو خۆر و ڕووەو باخچە دەژیام و ئەوێ بۆ من پەناگە و دڵنیایی بوو. خاتوو نیلاندێر چاوی لە ئاژاوەی ئەو ژیان و باری ئابوورییە دەپۆشی کە زۆر جاران یەخەگیری نیشتەجێبوانی پەنسیۆنەکەی دەبوو.

من لە یۆتۆبۆری بێزار بووم. ئەوێ شارێکی لەسەر خۆ داخراو و شانۆیش دونیایەکی سنوور بۆ دانراو بوو، بونیادەم جگە لە کار، باسی چ شتێکی تریان لەگەڵ یەکدیدا نەدەکرد. ماڵەوەش قەرەباڵخ بەزریکەی منداڵ، پەڕۆوپاتاڵی منداڵ بەتەنافەوە، گریانی ژن و دیمەنگەلی هەڵچوونەی دڵپیسیی کە زۆرجاران ڕووی دەدا. هەموو ڕێگەکانی دەرباز بوون داخرابوون و ئیدی تەڵەکەبازی ببووە شتێک ناچاری.

ئێللێن دەیزانی من درۆ دەکەم. نائومێدییەکەی لە ناوەوەڕا دەیخوارد، لێم پاڕایەوە تەنها بۆ کەرەتێک ڕاستی پێ بڵێم، بەڵام من توانای گوتنی ڕاستیم نەبوو، ئاخر ئیدی نەمدەزانی حەقیقەت لەکوێدایە. لە کورتە ساتەوەختەکانی نێوان شەڕەکانماندا هەستمان

18- Kris

17- Lorens Marmstedts

18- fröken Nylanders pensionat



بەهاوسۆزیی، لێک حاڵیبوونی جەستەمان و لێبووردنی قووڵ دەکرد.

ئێللێن لەڕاستیدا هاوڕێیەکی باش و بەهێز بوو. لە هەلومەرجێکی نەرمتردا ئێمە تەواوێک باش لەتەک یەکدیدا ژیاین، بەڵام هیچ شتێکمان لەبارەی خۆمانەوە نەدەزانی و پێمان وابوو ژیان دەبێ ئاوها بێ وەک ئەوەی کە هەیە. ئێمە هەرگیز شیکایەتمان لە هەلومەرجەکان یاخود شیکایەتمان لە هەلومەرجەکانی خۆمان نەبوو. ئێمە زنجیرکراو بەیەکدییەوە دەجەنگاین و خەریک بوو دەخنکاین.

توشتێن هاممەرێن دەرفەتی بۆ ڕەخساندم لە (ستۆدیۆ)[19] دوو دەقی خۆم دەربهێنم: ئەوە لە یەک کاتدا بڕیارێکی ئازایانە و تەواوێک زەحمەتیش بوو. هەندێ لە دەقەکانم پێشتر دەرهێنرابوون. ڕەخنەکان تا ڕادەیەک کۆک بوون لەسەرئەوەی کە: بێریمان دەرهێنەرێکی باش و تەنانەت بەهرەوەریشە بەڵام نووسەرێکی خەراپە. مەبەستیان لەو "خەراپ"ە: پێکۆرالیستیسک[20]، قوتابخانەیی، ئاڵۆز، ویژدانی، هەزەلی، پێکەنیناوی، داماو، حولحولی، بێزەوەر و... هتد بوو.

(ئولۆف لاگێرکرانتز)[21] کە من زۆر ستایشم دەکرد، کەوتە شوێنپێ هەڵگرتنم. ئەوسا کاتێ بووە لێپرسراوی بەشی کولتووری ڕۆژنامەی (داگینس نیهێتەر)، هێرشەکانی بۆ سەرم مەوداگەلی قێزەوەنیان بەخۆوەگرت. لەبارەی (زەردەخەنەی شەوی هاوین)[22]ەوە نووسی: خەیاڵێکی هەژارانەی جاحێڵێکی حولحولی. خەونگەلی سەرچڵانەی دڵێکی گچکە و ڕق لێبوونەوەیەکی بێ سنوور لە حەقیقەتە ئینسانی و هونەرییەکان. ئەمە ئەو هێزانەن کە ئەو "مەهزەلە" یەیان خولقاندووە. من شەرم دەکەم ئەو کارەم بینیوە.

ئەمڕۆ ئەو قسانە توحفەیەکی پێکەنیناوین. بەڵام ئەوکات تیرێکی ژەهراوی بوون کە بریندارایان دەکردم و سۆیان دەبردە دڵمەوە.

توشتێن هاممەرێن کە پیاوێکی ئازا و کراوە بوو، چەند ساڵێک لەلایەن یەکێک لە

19- Studion

٢٠- pekoralistisk پێکۆرال: مەبەست لە تێکستێکە کە بێ مەبەست کۆمیدی خۆ دەنوێنێ، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە فۆرمی تێکستەکە لەگەڵ ناوەڕۆک یاخۆ مەبەستەکەیدا نایەتەوە. پێکۆرالیست: مەبەست لە نووسەری تێکستێکی پێکۆراله. و.ک

21- Olof Lagercrantz

22- Sommarnattens leende

23- Bichon

ڕەخنەگرەکانی یۆتۆبۆرییەوە تەنگی پێهەڵچنرا. هەر کە نمایشێکی نایاب و بەچێژی (بیکۆن)[٢٣]ی خستە سەر شانۆ، کابرای ڕەخنەگر هەلی بۆ ڕەخسا لەپشووی نێوان نمایشەکەدا کە بینەران تێر شادیی ببوون، بەرەو ڕاڕەوەکە چوو، لەبەردەم پەردەی شانۆکەدا ڕاوەستا و ڕوخسەتی چەند ساتێک بێدەنگی خواست. پاشان بەکاوەخۆ و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و وچاندان و دەربڕینی شیاوی ڕوخسارەوە، کەوتە خوێندنەوەی تێبینییە سووکایەتی ئامێزەکەی. بەهاوسۆزییەکی بەتین وەڵامی درایەوە. ئەو تەنگپێهەڵچنینە ئاشکرایە کۆتایی هات و ئەمجا بووە شوێنپێی هەڵگرتنێکی زیاتر سۆفیستایی: ئەو ڕەخنەگرە زۆردارە کەوتە بەزاندنی ئابڕووی ژنە ئەکتەرەکەی هامەرێن و هاوڕێ نێزیکەکانی شانۆی.

ئەمڕۆ هەڵوێستی بەئەدەبانە و تا ڕادەیەک خۆبەرەپێشەوانەم لەگەڵ دادوەرەکانمدا هەیە. جارێکیان خەریک بوو لە شەڕانگێزترین کەسیان بدەم. بەرلەوەی پێدا ڕابگەم دەستی لێ بوەشێنم، ئەو لەسەر ئەرزەکە لەنێوان ژمارەیەکی زۆر لە ستاندی نۆتەدا دانیشت. پێنج هەزار کرۆن غەرامە کرام بەڵام پێموابوو ئەو پارەیە بەزیادە نەچووە، چونکە وام دەزانی ئەو ڕۆژنامەیەی کاری تێدا دەکات، ئیدی ڕێگەی نادا ڕەخنە لەسەر کارەکانم بڵاوبکاتەوە. هەڵبەت من بەهەڵەدا چووم. ئەو ڕەخنەگرە چەند ساڵێک دیارنەما، بەڵام هەنووکە وا گەڕاوەتەوە و زەرداو بەسەر هەوڵەکانی تەمەنی پیریمدا دەڕشێنێتەوە.

ئەو تەنانەت سەفەری بۆ میوشین کرد تا ئەرکی جەللادیی کردنەکەی خۆی بەئاکام بگەیەنێ. من ڕۆژێکی بەهاریی لە (ماکسیمیلیانستراسێ)[٢٤]، بەبەدمەستیی، بەتیشێرتێکی تەنک و پانتۆڵێکی زۆر تەسکەوە بینیم. میهرەبانانە سەرە تاشراوەکەی بادەدا و هەوڵی دەدا لەتەک ڕێبوارانداا بدوێت، بەڵام بەسووکایەتی پێکردنەوە وەڵامیان دەدایەوە. دیاربوو سەرمایەتی و تەندروستیشی خەراپە.

لە ساتەوەختێکدا هات بەخەیاڵمدا لەو پیاوە داماوە بچمە پێشێ و تۆقەی لەگەڵدا بکەم، ئاخر هەنووکە ئێمە دوای هەموو ئەو ساڵانە دەمانتوانی ئاشت بینەوە، هەر بەڕاست ئێمە هەنووکە یەکسان نین؟ بۆچ دەبێ دوای ئەو بەزمە هێند ڕقمان لە یەکتر بێت؟ بەڵام یەکسەر لەو بیرۆکە ویژدانییەم پەژێوان بوومەوە. ئاخر ئەوە بکوژەکەمە کە لەبەردەممدا ڕاوەستاوە. دەبێ تێکوپێک بشکێنرێت. هەنووکە گەرچی لەڕێی نووسینە تووڕەهاتەکانییەوە خۆی دەکوژێ، بەڵام من دەبێ لەسەر قەبرەکەی سەما بکەم و ئاواتی

24- Maximilianstrasse



ئەبەدییەتێکی نەمریی لە دۆزەخدا بۆ بخوازم، تا بۆ خۆی لەوێ دانیشێ و خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکانی بێت.

لەبەرئەوەی ژیان لە ناکۆکییە ئیدێلەکان پێکهاتووە، بۆیە پێویستە لەسەرم هەر ئەلعان بڵێم کە (هێربێرت گریڤێنیۆس)[٢٥]ی ڕەخنەگری شانۆیی، یەکێکە لە هاوڕێ هەرە ئازیزەکانم. ئێمە تا ڕادەیەک هەموو ڕۆژێک لە دراماتن یەکتر دەبینین. من هەنووکە کاتێ ئەم دێڕانە دەنووسم، ئەو تەمەنی هەشتاو شەش ساڵە و هێشتا هەر میهرەبان و سوعبەتچی و هێشتا لە ڕۆژێکدا پەنجا جگەرەکەی خۆی دەکێشێت.

لە دەسپێکی مندا، توشتێن هامەرێن و هێربێرت گریڤێنیۆس، وەکی دوو فریشتەی پتەو و ساخ ڕاوەستاون. لە هامەرێنەوە پیشەکە فێربووم، لە گریڤێنیۆسیشەوە فێری جۆرێک لە ڕوونیی بیرکردنەوە بووم. ئەوان نوقورچیان لێ گرتم، شێلایانم و سەرزەنشتیان کردم.

ڕەخنەی خەراپ و سووکایەتی پێکردنە ئاشکراکانی دی ناماقووڵانە عەزابم دەدەن. گریڤێنیۆس گوتی: هێڵێکی بەتەباشیر کێشراو بهێنەرە پێش چاوی خۆت. لەلایەکی هێڵەکەوە تۆ ڕاوەستاویت، لە لاکەی تریشدا ڕەخنەگرەکەت. ئێوە هەردووکتان هونەری خۆتان لەبەردەم بینەراندا دەنوێنن. ئەو قسانە یارمەتییان دام. کارم لە نمایشێکدا لەتەک ئەکتەرێکی تێکشاو بەمەی، بەڵام بلیمەتدا دەکرد. هامەرێن کەپووی خۆی گرت و گوتی: بیربکەوە کە زۆر جاران گوڵە سۆسەن لە قوونی ئاژەڵی مردارەوەبوودا دەڕوێ. گریڤێنیۆس یەکێک لە فیلمەکانی پێشوومی بینی و بەتووڕەیی شیکایەتی ئەوەی کرد کە بۆشاییەک لەناوەندی فیلمەکەدا هەیە. من بەوە بەرگریم لەخۆم کرد گوایە ئەکتەرەکە ڕۆڵی کەسایەتییەکی میانەڕۆ دەبینێ. گریڤێنیۆس گوتی: نابێ ڕۆڵی کەسایەتییەکی میانەڕۆ لەلایەن ئەکتەرێکی میانەڕۆوە ببینرێت، نابێ ڕۆڵی ژنێکی بازاڕیی لەلایەن ژنێکی بازاڕییەوە ببینرێت، نابێ ڕۆڵی ژنە گۆرانیبێژێکی لەخۆبایی ئۆپێرا لەلایەن ژنە گۆرانیبێژێکی لەخۆبایی ئۆپێراوە ببینرێت. هامەرێن گوتی: ئەکتەر شەیتانێکە بۆ خۆی. کاتێ ڕوخسارێک بەخۆیەوە دەنێ، ئیدی زەینی لەکار دەکەوێت.

***

25- Herbert Grevenius

جگە لەو شەش هەفتەیەی ئەڵمانیا، من هەرگیز لە دەرەوەی وڵات نەبووم. هەروەها (بیرگێر مالمستێن)[1]ی هاورێ و هاوکاریشم لە کاری فیلمسازیدا هەروەکی من بوو. هەنووکە ئیدی هەردووکمان پێکەوە سەفەرمان بۆ Cagnes-sur-Mer دەکرد، ئەوێ شارێکی گچکەی لەبیرکراوی سەر بەرزایی چیایەکی نێوان Cannes و Nice بوو، لەو کاتانەدا ئەو شارە لەلایەن گەشتیارانەوە نەناسراو بوو بەڵام نیگارکێش و هونەرمەندانی تر ڕوویان تێ دەکرد. (ئێللێن) بەشێوەیەکی کاتیی وەک کۆریۆگراف لە (لیسەبێری)[2] دامەزرا، منداڵەکان لەلایەن نەنکیانەوە سەرپەرشتی دەکران و ئیدی وەزعەکان تا ڕادەیەک هێوربوون. باری ئابووریمان بەشێوەیەکی کاتیی بووژابۆوە، لە فیلمێک بوومەوە و گرێبەندی فیلمێکی تریشم بۆ هاوین هەبوو. لە کۆتایی ئەپرێلدا بۆ Cagnes سەفەرم کرد و لە ژوورێکی ڕووەو هەتاودا دابەزیم کە ئەرزەکەی خشتی سووررێژکراو و دەینۆڕی بەسەر نشێوێکی بەگوڵە مێخەک ڕووێنراو و زەریادا، ئەو نشێوە هۆمیرۆس گوتەنی هەندێک جار بەڕەنگی شەراب دەڕەنگی.

1- Birger Malmsten

٢- Liseberg شارێکی گەورەی یارییە لە یۆتۆبۆری.



(بیرگێر مالمستێن) هەر زوو لەلایەن ژنە ئینگلیزێکی شۆخ بەڵام سیلاوییەوە قۆزرایەوە، ئەو ژنە شیعری دەنووسی و ژیانێکی بەکەفوکوڵ دەژیا. منیش ئیدی بەتەنها جێهێڵرا بووم و دەچوومە بانیژەکە تا خەریکی نووسینی ئەو فیلمە بم کە دەبوو لە مانگی ئۆگوستییەوە تیایدا بکەوینە کارکردن. ئەو سەردەمانە پرۆسەی بڕیاردان و ئامادەکردەکان کورت بوون. بونیادەم نەدەپەڕژایە سەر ئەوەی بەتەواوی بترسێت، ترسێک کە کەڵکێکی نەمری هەیە. بڕیار بوو فیلمەکە لەبارەی دوو موزیکژەنی جحێڵی سیمفۆنیای ئۆرکیستراوە بێت لە هێلسینگبۆری. بەڵام لە ڕاستیدا فیلمەکە لە بارەی خۆم و (ئێللێن)ەوە بوو، لە بارەی هەلومەرجەکانی هونەرەوە، لە بارەی خیانەت و وەفاوە. وێڕای ئەوەش دەبوو موزیک باڵ بەسەر فیلمەکەدا بکێشێت.

تەواوێک تەنیا جێهێڵرا بووم، نە قسانم لەگەڵ کەسدا دەکرد و نە کەسیشم دەبینی. هەموو ئێوارەیەک سەرخۆش دەبووم و لەلایەن خودانی ئوتێلەکەوە کە ژنێکی بەتەمەن و میهرەبان بوو، دەبرامە نێو جێگەکەم. وی نیگەرانیی خۆی لە بارەی ئاکاری خواردنەوەمەوە دەردەبڕی. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو بەیانییەک سەعات نۆ لەودیو مێزی کارکردنمەوە دادەنیشتم و لێدەگەڕام ئەو هەستی دوای سەرخۆشبوونە، بۆ کاری چڕتر یارمەتیم بدات.

من و ئێللێن لەتەک یەکدیدا کەوتینە گۆڕینەوەی نامەی عاشقانەی بەپارێز بەڵام میهرەبانانە. لەژێر کاریگەریی هیوا بەستن بەکازیوەی ئایندە بۆ ژیانە هاوسەرییە بە سۆکەمان، وێنەی ژنە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە وەک موجیزەیەک لە جوانی، وەفا، ژیریی و بەهای ئینسانی وێنا کرابوو. کارەکتەرە پیاوەکەی بەرامبەری بەپێچەوانەوە، کەسێکی ئاسایی لەخۆبایی، بێ وەفا، درۆزن و خۆهەڵکێش.

من شەرمنانە، بەڵام بەچڕوپڕی لەلایەن ژنە نیگارکێشێکی ئەمریکایی بەڕەچەڵەک ڕووسەوە چاودێری دەکرام. ئەو کیژە، کیژێکی بەخۆ بەڵام هاوگونجاو، خاوەن چاوانێکی ڕەش بەڕەنگی شەو و دەمێکی سەخیی بوو. پەیکەرێکی ئەمازۆنیی بوو کە بەشەهوانییەتێکی ورووژێنەر پرشنگی دەدا. وەفای خێزانداریم هەردووکمانی هان دەدا. ئەو وێنەی دەکێشا و منیش دەمنووسی، دوو تەنیایی لە هاوڕێیەتییەکی داهێنەرانەی چاوەڕوان نەکراودا.

کۆتایی فیلمەکە بەشێوەیەکی ترسناک تەراژیدییانە بوو: تەباخێکی نەوتیی مەوبەق

بەژنە پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکەدا دەتەقێتەوە (ڕەنگە ئەوە خولیا و حەزێکی نهێنی بێت)، بێ شەرمانە دوا جووڵەی سیمفۆنیای نۆی بیتهۆڤن بەکاردەهێنرێ و ئیدی پاڵەوانی سەرەکی تێدەگات کە " شادیییەک هەیە گەورەترە لە شادومانی"، ئەمەش حەقیقەتێک بوو کە من سی ساڵ دواتر پەیم پێ برد.

(بیرگێر مالمستێن)م لە (چیای ڤینۆس) داگرتە خوارەوە، خواحافیزییەکی پڕ لە فرمێسکم لە خاوەن ئوتێلەکە کرد، ژنە ڕووسەکە سەفەری بۆ وڵاتەکەی خۆی کردەوە و سیناریۆکەش بە شتێک لە دوودڵییەوە قەبوڵ کرا.

بەیەکگەیشتنەوەکەی من و ئێللێن خێرا و بەشێوەیەکی تایبەتی سەرکەوتوو نەبوو. هەستم بەدڵپیسییەکی توند دەکرد بەرامبەری دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت لەگەڵ ژنە نیگارکێشێکی لێسبیسک[٣] دا کەینوبەینی هەیە. تا ڕادەیەک پێکهاتینەوە. من سەفەرم بۆ ستۆکهۆڵم کرد، کاری وێنەگرتن دەستی پێ کردبوو. هاوکارەکانم (بیرگێر مالمستێن) و (ستیگ ئولین)[٤]، ڕۆڵی دوو کارەکتەری داماویان دەبینی. (مای-بریت نیلسۆن)[٥] تا ڕادەیەک ڤایلکەرانە ڕۆڵی ژنە بەشێوەیەکی نائومێدانە نموونەییکراوەکەی دەبینی کە ئەوەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی بلیمەتی وی بوو.

دیمەنە دەرەکییەکانی فیلمەکە لە شاری (هێلسینبۆری) وێنەگیران. ڕۆژێکی سەرەتای مانگی ئۆگۆستی، دیمەنی ئاهەنگی نیشانەکردنی کوڕ و کیژەکە لە هۆڵی خانەی شارەوانی[٦]، لە هەمان ئەو شوێنەی من و ئێللێن چەند ساڵێک لەوەوبەر ئاهەنگی مارەبڕینمان لێ سازدا بوو، وێنە گیرا. هەفتەنامەیەک کە ناوی (فیلم جوێرناڵ) بوو، سەردانی کردین تا ڕیپۆرتاژێک لەسەر کارەکەمان بکات. ئەوە (گیونیللا هولگێر)[٧]ی سەرنجڕاکێشی سەرنووسەری هەفتەنامەکە بوو کە ئەو شانازییەی پێ ڕەوا دەبینین، (گیون هاگبێری)[٨] هاوڕێی ڕۆژنامەنووسیشی لەتەک خۆیدا هێنابوو. ئیدارەی بەرهەمەکە کە ئەرکی خۆی دەزانی و وێڕای ئەوەش زۆر بەتینوتاو، ئەفسوونی خانمی سەرنووسەر ببوو،

٣- lesbisk ژنێک کە خولیای کاری سێکسواڵی لەگەڵ ژنێکی تردا هەیە، سوحاقی.

4- Stig Olin
5- Maj-Brit Nilsson
6- Ra˚dhuset
7- Gunilla Holger
8- Gun Hagberg



بۆیە لەسەر حیسابی پارەی ناچیزەی بەرهەمەکە داوەتێکی شێوی لە ئوتێلی گراند ڕێکخست.

دوای شێو، من و (گیون) بەدرێژایی تەنگەکە پیاسەمان کرد. شەوێکی هاوینی بێ با بوو. بەپەرۆشەوە یەکترمیان ماچ کرد و کەمەکێک بەخەیاڵپەرتی ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی کاتێ کاری وێنەگرتن بۆ ستۆکهۆڵم گەڕایەوە، لەوێ یەکتر ببینین. گرووپی هەفتەنامە سینەماییەکە سەفەریان کردەوە و منیش هەموو مەسەلەکەم بیرچۆوە.

لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگۆستیدا بۆ ستۆکهۆڵم گەڕاینەوە. (گیون) تەلەفۆنی کرد و پێشنیاری کرد گەر بکرێت پێکەوە شێو لە (کاتێلین)[٩] بکەین و پاشان بۆ سینەما بچین. بەتۆزقاڵێک ترسەوە، لە دڵەوە سوپاسیم کرد و گوتم دێم.

هەنووکە هەموو شتەکان بەخێرایی تێپەڕین. کۆتایی هەفتەی دوایی سەفەرمان بۆ (ترۆسە)[١٠] کرد، لە ئوتێل دابەزین، چووینە نێو جێگە و بەیانی دووشەممە هەستاین. بڕیارمان دا بۆ پاریس هەڵبێین، هەریەکە بەتەنیا، بەڵام بەنهێنی پێکەوە. (ڤیلگۆت خیۆمان)[١١] بەستیپیندیۆم[١٢] ێک لە پاریس بوو، بڕیار بوو یەکەمین ڕۆمانی لەلایەن (گۆستاف مۆلاندێر)ەوە بکرێتە فیلم، چەندین سیناریۆی ئەو فیلمە ڕەت کرابوونەوە. ئیدارە فەرمانی پێدام وەک دوایین ڕێگەچارە، ئەو دوای فیلمەکەم بەجێ بێڵم و دەسبەجێ خۆم بگەیەنمە پاریس و، (ڤیلگۆت)ی پێ چەقێن ببینم. (گیون)یش لە پاریس بەنیاز بوو ڕیپۆرتاژ سەبارەت بەنمایشگەلی مۆد بۆ هەفتەنامەیەک ئامادەکات. دوو کوڕە گچکەکەی بەدایەنێکی فینلاندایی سپاردن و مێردەکەشی شەش مانگ بوو لە سەردانی کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی لاستیک، کە هی خزمەکانی بوو، لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا بوو.

من سەفەرم بۆ یۆتۆبۆری کردەوە تا قسان لەگەڵ ژنەکەمدا بکەم. ئێوارەیەکی درەنگ بوو کە گەیشتم، ئەو چووبووە نێو جێگا و بەو سەردانە چاوەڕوان نەکراوە خۆشحاڵ بوو. لەسەر لێواری تەختە نوێنەکە دانیشتم بەبێ ئەوەی پاڵتۆ بارانییەکەم داکەنم، هەموو ئەو شتانەم بۆ گێڕایەوە کە شکم دەبردن.

9- Cattelin
10- Trosa
11- Vilgot Sjöman

١٢- بڕە پارەیەک کە دەدرێت بەکەسێک بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی رووناکبیریی یان هونەریی یاخۆ زانستی. مەنحە. و.ک

ئەو کەسەی ئەم مەسەلەیەی بەلاوە مەبەستە دەتوانێ تەماشای بەشی سێیەمی فیلمی (دیمەنگەلێک لە ژیانی هاوسەرییەک)[13] بکات. تەنها جیاوازییەک (پاولا)یە کە ڕۆڵی عەشیقەیەک لە فیلمەکەدا دەبینێ. بەواتایەکی تر (گیون) پێچەوانەی وییە. ئەو هەمیشە ژنێکی پلە یەک، جوان، بەخۆ، وەرزشەوان، خودان چاوانێکی شینی تۆخ، پێکەنینێکی گەورە، دەم و لێوێکی جوان و گردوکۆ، شۆخوشەنگ، باوەڕبەخۆ، خودان شانازییەکی ژنانە بەڵام بەدەم خەوەوە دەڕۆیشت.

ئەو هیچ شتێکی لە بارەی خۆیەوە نەدەزانی، چونکە ئەوەی بەلاوە شتێکی گرنگ نەبوو. کراوە و ڕاستگۆ و ئازایانە و بەبێ چ بەرگریی نواندنێک ڕووبەڕووی ژیانی خۆی ببۆوە. چ گوێی نەدەدایە ئەو ئازارە ناو بەناوەی گەدەی، هێندە نەبێ چەند ڕۆژێک قاوەی نەدەخواردەوە و دەرمانی بەکاردەهێنا، ئیدی هەمدیس چاک دەبۆوە. هەروەها چ گوێیشی نەدەدایە ئەوەی کە پێوەندیی لەگەڵ مێردەکەیدا زۆر خەراپە: هەموو ژیانە هاوسەرییەکان درەنگ یان زوو بێزەوەر دەبن و ئیدی تۆزێک مەرهەم، پێکەوە نووستن قوتار دەکات. چ نەدەکەوتە ژێر کاریگەریی خەونە پڕ ترس و نیگەرانییەکانییەوە کە بەشێوەیەکی وەرزیی سەریان هەڵدەدا. وی ئەوەی دەگەڕانەوە بۆ ئەوەی کە ڕەنگە زیادەخۆری کردبێ یاخۆ زۆری خواردبێتەوە. ژیان واقیعی و بەشکۆ بوو. ئەو ژنێک بوو بەربەرەکانی نەدەکرا.

ئەڤین دڵی شەقار کردین و پێشتر هەر لە بەراییەوە هەموو میحنەتێک کە بشێ بیری لێ بکرێتەوە، لە هەگبەکەیدا هەڵیگرتبوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٤٩، سەفەرمان کرد و نیوەڕۆ گەیشتینە پاریس. لە ئوتێلێکی خێزانی خودان ناوبانگێکی باش لە rue Ste-Anne، کە جاددەیەکی باریک بوو دەچۆوە سەر Avenue de I Opera، دابەزین. ژوورەکە لاکێشە بوو وەکی تابووت، سیسەمەکان بەتەنیشت یەکەوە دانەنرابوون بەڵکوو خواروو و ژوور، پەنجەرەکە بەسەر حەوشەیەکی داخراودا دەینۆڕی. گەر مرۆڤ سەری ببردایەتە دەرێ ئەوا دەیتوانی شەش نهۆم بۆ سەرەوە، لێواری ئاسمانە هاوینە گەرم و سپییەکەی ببینێ. هەوا لە خوارەوە بۆگەن، سارد و شێدار. لە حەوشەکەدا ژمارەیەک پەنجەرە لە قیرەکەدا هەبوون کە لێیانەوە ڕووناکی دەڕژایە موبەقی ئوتێلەکەوە. برێک خەڵکی سپیپۆش لە خوارەوە وەکی کرمی جەستە دەجووڵان. لەو هەڵدێرەوە بۆگەنی زێراب و خواردنی برژاو بەرزدەبۆوە.

13- Scener ur ett äktenskap



بۆ زانیاری زیاتر، خوێنەر دەتوانێ بۆ ژووری دوو عاشقەکە لە فیلمی (بێ دەنگیی)دا بگەڕێتەوە.

شەکەت و زیڕەکردوو لەسەر تەختە نوێنەکانمان دانیشتین، دەمودەست مەزەندەم کرد کە ئەمە سزای خودایە بۆ خیانەتە ڕەهاکەم: شادومانیی ئێللێن بۆ گەڕانەوە چاوەڕوان نەکراوەکەم، زەردەخەنەکەی، وێنە ڕوونە بێ ڕوحمانەکەی هاتەوە بەرچاوم. ئەم وێنەیە دیسان و هەمدیسان هەر دێت، تا ئەلعانیش.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، گیون بەفەرەنسایی قسانی لەتەک دەرگاوانی کەتەی ئوتێلەکەدا کرد. دە هەزار فرانکی فەرەنسیمان دا (ئەو کات هەزار فرانک پەنجا کرۆن بوو). بۆ ژوورێکی خۆش کە بەسەر جاددا دەینۆڕی و گەرماوی خۆی هەبوو، گواستمانەوە. ژوورە گەورەکە وەک کڵێسا بەپەنجەرەی ڕەنگاوڕەنگ، بۆری گەرما بەئەرزەکەدا و دەستشۆرێکی گەورەش. من هاوکات ژوورێکی گچکەی داڕووخاوم لەژێر سابیتەکەدا بەکرێ گرت کە مێزێکی درێژکۆڵە و لەقی نووسین و سیسەمێکی جیڕە جیڕکەر و ئاودەستێک و پانۆرامایەکی گەورەی سەربانەکانی پاریس بەبورجی ئیفێلەوە لە باکگراوندەکەیدا بوو.

سێ مانگ لە پاریس ماینەوە، ئەوە بۆ هەردووکمان ساتێکی یەکلاکەرەوە بوو.

هاوینی ١٩٤٩، من تەمەنم بووە سی و دوو ساڵ. تا ئەوکات جیددی و بێ وچان لە پیشەکەی خۆمدا کارم کردبوو. لەبەرئەوە دیدار لەو پاییزە گەرمەی پاریسدا ئەزموونێکی ڕیشەیی بوو. ئەڤین خودان کاتی خۆی و دەرفەت بوو تا بەئازادی گەشە بکا و ژوورە داخراوەکان بکاتەوە، شووراکان ڕمان، من هەناسەم دا. خیانەتکردنم لە ئێللێن و منداڵەکان، لەجێگایەکدا، لە تەمتوماندا ئامادەیی هەبوو، خودان ئامادەییەکی هەمیشەیی و بەشێوەیەکی سەیر کنەی دەدام. لەمیانەی چەند مانگێکدا، بەرهەمێکی ئازایانە کە بێ ئەندازە ڕاستەقینە بوو، دەژیا. بۆیە بێ ئەندازە بەبەهابوو. کاتێ فاتوورەکەیم بۆ هات، ترسناکانە گران لەسەرم کەوت.

ئەو نامانەی لە ماڵەوە بۆم دەهاتن هاندەر نەبوون. ئێللێن بۆی دەنووسیم منداڵەکان نەخۆشن و خۆیشی دەست و قاچی دووچاری ئێکسێم بوون و قژی کەوتۆتە ڕووتانەوە. من بەر لە سەفەرەکەم بەبەهای دراوی ئەوسا، بڕە پارەیەکی باشم بۆ جێ هێشتبوو. وی شیکایەتی ئەوەی دەکرد کە بڕە پارەکە لە تەواوبووندایە. مێردەکەی (گیون)، بەخێرایی بۆ سوێد گەڕابۆوە. خێزانەکەی پارێزەرێکیان هەنارد بوو، هەڕەشەی پەنابردنە بەر دادگایان دەکرد: ئاخر بەشێک لە سەروەت و سامانی خێزانەکە بەناوی (گیون)ەوە تۆمار کرابوو.

لێ نەدەگەڕاین چ شتێک بۆژۆمانکات. شەپۆلێک لە کاریگەریی و ئەزموون لە سەرمانا خوڕەی دەهات.

لە هەمـوو شـتـێک مـەزنتـر گـەیشتن بوو بەدیداری (مـۆلـێـر)[١٤]. من هەندێک لە دەقەکانی ئەوم لە سیمینارەکانی مێژووی ئەدەبیاتدا خوێندبوونەوە، بەڵام هیچ شتێکیان لێ تێنەگەیشتبووم و پێم وابوو کۆن و جێی بایەخ نین.

هەنووکە بلیمەتێکی لادێیی خەڵکی باکوور لە Comedie Francaise دانیشتووە و تەماشای (ڕقهەڵگر لە مرۆڤایەتی)[١٥] لە نمایشێکی جحێڵ، جوان و سۆز ورووژێندا دەکـات. ئەوە ئەزمـوونێک بوو وەسف ناکـرێت. ئەو (ئەلێکسـاندرین)[١٦]ە وشک و برینگانە چرۆیان دەکرد و دەپشکووتن. خەڵکی لەسەر شانۆکە خۆیان دەکرد بەزەینمدا و دەهاتنە دڵمەوە، چۆنی دەڵێم ئاوهابوو، دەزانم ئەم قسەیە هەزەلییانە خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئاوها بوو: مـۆلێر لەگەڵ ڕاڤەکـانیدا هاتنە دڵمەوە تاکو ئەو دوای ژیانم لەوێدا بمێننەوە. سووری خوێنم کە جاران بە(ستریندبێری)یەوە ڕایەڵ بوو، ئەلعان خوێنبەرێکی بەرەو مۆلێر لێ دابوو.

پاش نیوەڕۆی یەکشەممەیەک سەردانی Odeon مان کرد، کە پاشکۆی شانۆی نەتەوەیی بوو. لەوێ (کـیـژێک لە ئارلێس)[١٧] لەگـەڵ مـۆسـیـقـای (بیـزێت)[١٨]دا نمایش دەکـرا. دەقەکە، فەرەنساییەکی (ڤێرملاند)[١٩]یی بوو، بەڵام خەراپتر.

هۆڵەکـە مـاڵێکی تەواوبـوو، دایکان و باوکـان لەتەک منداڵەکانیـاندا، نەنک، پوور و خـاڵ. هەمـووان لە چاوەڕوانیدا دەنگە دەنگیـان پێکەوتبـوو. ڕوخسـارە گـردەکانیـان پاک شۆراو، خەڵکانێکی ڕێکوپێک کە ژەمی coq au vinی ڕۆژی یەکشەممە لە گەدەدا: ئەوە گەشتی بۆرژوازییە گچکە فەرەنسییەکان بوو بۆ دونیای شانۆ.

پەردە لەسـەر دیمەنی دیکۆرێکی ترسناکی سـاڵانی (گـرابۆو) هەڵدرایەوە. ئەکـتـەرێکی

14- Molière

15- Misantropen

١٦- alexandrin ستایلێکی شیعریی شەش بەیتییە و لە سەدەی هەژدەدا برەوی هەبووە. و. ک

17- Flickan fra˚n Arles

18- Bizet

١٩- Värmland ویلایەتێکە لە سڤیەلاندی خۆراوا لە سوێد و بەدیالەکتیکی ڤێرملاندایی دەدوێن. و.ک



بەنێویانگی سەر بەکۆمەڵەی ئەکتەران، کە تەمەنی خانەنشینیی تێپەڕاندبوو، ڕۆڵی کیژە گەنجەکـەی دەبینی. وی بەگـوڕێکی لاواز ڕۆڵەکـەی دەبینی، پێـرۆکـەکـەی بەشێـوەیەکی بێزەوەر زەرد و کەپووە تیژەکـەی نێو ڕوخسـارە پیرێژنانە خەست ماکیاژکـراوەی وەدیار دەخست. هەمووان بەکاوەخۆ یاخۆ بەخێرایی وەکی غاردانی ئەسپ دیالۆگیان دەخوێندەوە، ژنە ئەکـتـەرەکـە لەبەردەم ڕووناکی چڕی پێـشـەوەدا خـۆی بەئەرز دادا. ئەوسا سی و پێنج ژەنیاری ئۆرکیسـتراکە بەبێ زۆر لەخۆکردن، مۆسیقایەکی سۆزداریی کاریگەریان ژەند و خێـرا خێـرا دووبارەیان دەکـردەوە، خـەڵکی لە چاڵی ئۆرکیسـتـراکەوە دەچوونە دەرەوە و دەهاتنە ژووری، بێ باک قسانیان دەکرد، ئۆبۆژەنەکە پەرداخێک شەڕابی هەڵقوڕاند. ژنە قارەمانەکە قیژەیەکی بەسۆی کرد و جارێکی تر بەسەر ئەرزەکەدا کەوت.

هەنووکە دەنگێکی سەیر لە تاریکایی هۆڵەکەوە گەیشتە گوێ. تەماشای ئەملاو لای خـۆم کـرد و سـەرم سـووڕمـا کـاتێک بۆم دەرکـەوت ئەرێ خـۆ ئەوە هەمـووان دەگـرین، هەندێکیـان نەختـێک بەپارێزەوە دەسـتـەسڕەکانیـان لەژێرەوە بەچاویانەوە و ئەوانی تریش ئاشکرا و بەچێژەوە. (مـونسیـور لێبریون)[٢٠] لە تەنیشـتـمەوە دانیشـتبـوو بەقژە تەخت داهێنراوەکـەی و سـمـێـڵـە باش ڕێکخـراوەکـەیەوە، وەک بڵـێـی لەرز و تای لێـهـاتبێ هەڵدەلەرزی، لە چاوە گردە ڕەشەکانییەوە هۆن هۆن فرمێسک بەسەر گۆنا پەمەییە جوان هەڵگیراوەکەیدا دەهاتە خوار. دەستە قەڵەوە گچکەکانی دەستەپاچانە بەسەر هێڵی تیژی ئوتووی پانتۆڵەکەیدا دەهێنا.

پەردە دادرایەوە و گەردەلوولی چەپڵە هەڵی کرد. کیژە بەتەمەنەکە هاتە پێشی شانۆ، پێرۆکەکەی سەری لار ببۆوە، دەستە باریکەکانی نابووە سەر سینگە ئێسکنەکەی و بێ جووڵە و بەنیگایەکی تاریک و چۆڵ، لە بینەرانی دەنۆڕی. هێشتا لە نەشوەی خۆیدا و لێ دەگـەڕا هێـدی هێـدی بەهاواری سـتـایش و ئافـەرینی خەڵکانێک وەئاگا بێـتـەوە کـە عومرێکیان لەگەڵ (کیژەکەی ئارلێس)دا بەسەر بردبوو، خەڵکانێک کە جار دوای جار بۆ نمایشی شانۆیی ڕۆژانی یەکشەممە دەهاتن، یەکەم جار دەست لەنێو دەستی نەنکیان و هەنووکـەیش دەست لەنێـو دەسـتی نەوەکـانیـاندا. ئەوانە لەناوەوەیانڕا بەو حەقـیـقـەتە، دڵنیایی باڵی بەسەردا دەکێشان کە مەدام Guerlaine، لەسەر هەمان شانۆ نەمرە و تا ئەبەد دەمێنێتەوە، لە کاتی خۆیدا، ساڵ دوای ساڵ، خۆی فڕێ دەداتە پێشی شانۆ و لە حەژمەت زەبروزەنگی ژیان، ناڵە و هاواری پێ دەکەوێ.

20- Monsieur Lebrun

هەمووان هاواریان دەکرد، ئاخر ئەو پیرێژنە گچکەیەی سەر ئەو جێگای نواندنەی کە بێ ڕوحمانە ڕووناک کرابۆوە، جارێکی تریش لە ژێی سۆزیانیدا و ڕۆچووبووە دڵیانەوە: شانۆ وەک موجیزە وایە. بەچاوانێکی ڕوون و پەیجۆرییەکی دڵڕەقانەوە لەم هەرایەم دەنۆڕی. بە(گیون) م گوت: خەڵکانی سارد بەهاسانی هەستیان دەبزوێت. وامگوت و ئیدی بۆ بورجی ئیفێل سەرکەوتین.

بەرلەوەی بچین بۆ شانۆ، فراوینمان لە چێشتخانەیەکی بەنێوبانگی بەرامبەر ئودیۆن کردبوو. ئەو ژەمی گورچیلە بەبادەوە سوورەوەکراوەی خواردبوومان، لە سەعاتەکانی داهاتوودا بەچەند وێستگەیەکی جۆراوجۆردا تێپەڕیبوو. ئێمە لە سەرەوە بووین لەسەر بورجەکە و تەماشای پانۆراما بەناوبانگەکەی شارمان دەکرد کە بەکتریا زۆروزەوەندەکانی پیرە گورچیلە شاڵاویان هێنا. هەردووکمان دووچاری زگچوونێکی سەخت بووین و بەهەڵەداوان خۆمان گەیاندە ئەسانسۆرەکە. لەوێ ئاگادارینامەیەکی گەورە هەڵواسرابوو کە بەهۆی هاوسۆزیی لەتەک مانگرتنی کرێکارانی پاکژکەرەوەدا، ئەسانسۆرەکە بۆ ماوەی دوو سەعات دادەخرێت. ئێمەیش ناچار بەپێپلیکانە پێچاوپێچەکاندا هاتینە خوارەوە بەبێ ئەوەی بتوانین بەر لە کارەسات بگرین. شۆفێرێکی بێ ئەندازە میهرەبانی تاکسی، ڕۆژنامەکانی خۆی لەسەر کورسییەکانی دواوەی تاکسییەکەی ڕاخست و ئیدی ئەم جووتە نیوە لە هۆشخۆچووە بۆگەنەی، بۆ ئوتێلەکەیان گەیاندەوە. لەوێ بەدرێژایی ڕۆژەکە، بەنۆرە و بەسینگەخشکێ لە تەختە نوێنەوە بۆ ئەزرەکە و لەوێشەوە بۆ ئاودەست، هەر لەهاتوچۆدا بووین. جاران شەرمی ئەویندارێمان ئەوەی لێ قەدەغە کردبووین پێداویستییەکانی گەرماوەکە بەکاربێنین. لەکاتی تەنگەتاویدا خۆمان دەگەیاندە ئاودەستە کەمتر لۆکسەکانی ڕاڕەوەکە. هەنووکە ئیدی لە یەک چرکەدا هەموو جۆرە خۆپارێزییەک هەڵگیرا. ئاخر وەزعی نالەباری جەستەییمان، بێ چ دوودڵییەک هەنگاوێک لە یەکتری نێزیک خستبووینەوە.

سیناریۆکەی (ڤیلگۆت خیۆمان) ئامادە بوو. وی سەفەری بۆ وڵات کردەوە، هەردووکمان غەریبیمان دەکرد و تەنیای کردین. ئیدی چ بیانوویەکمان بۆ لە پاریس مانەوە نەما. ڕۆژانێک هاتن دونیا ساردی کرد، تەمومژ خۆی لە بورجی ئیفێلەوە ئاڵاند و دایپۆشی، ئیدی نەمدەتوانی لە سەربانی ئوتێلەکەوە بیبینم. دەقێکم بەناوی (یواکیمی ڕووت)[21] نووسی. (یواکیم) فیلمسازێکی فیلمی بێ دەنگە، لەسەر سەبکی Melie.

21- Joakim Naken



کەناڵێکی بێ بن بەژێر ستۆدیۆ پیس و داڕووخاوەکەیدا تێدەپەڕێ. ماسییەکی ئاخێوەر ڕاو دەکات، لە ژیانی هاوسەرێتی دێتە دەرێ و حەکایەتێک لەبارەی بورجی ئیفێلەوە دەگێڕێتەوە کە چۆناوچۆنی ڕۆژێک لە ڕۆژان بورجی ئیفێل لە بورجبوونی خۆی شەکەت دەبێ، بۆیە ئەرکەکەی خۆی جێدێڵێ و خۆی دەخاتە کەناڵی ئینگلیزییەوە. دواتر بورجەکە دووچاری عەزابی ویژدان دەبێ و بۆ ئەرکەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. یواکیم لە برایەتییەکی پیرۆزی مەزەبیدا دەگیرسێتەوە، لەوێدا خۆکوشتن بۆ سروتێکی تەژیی لە مانا دەگۆڕدرێت.

تاقە نوسخەی دەقەکە لە هیوابەستنێکی شێتانەدا بۆ ڕەزامەندیی لەسەرکردن، بۆ دراماتن نێردرا، بەڵام لەوێ شوێنبزر کرا و کەس نەیزانی چی بەسەرهات. دەشێ ئەو چارەنووسە وەک هەمان چارەنووسی بورجی ئیفێل، شتێکی باش بووبێت.

بەبێ مەبەست بەشاردا دەگەڕاین، ون دەبووین، ڕێگەکەمان دەدۆزییەوە، هەمدیس ون دەبووینەوە. سەردانی ئاودابەشکەر[22]ەکانمان لە Marne، Port-Oreteil و La pie کرد. Hotel du Nord و پارکە گچکەکەی نزیک Vincennesمان بینی.

پێشانگای ئیمپرێسیۆنیستەکان. Carmenی Ronaldی گچکە. Barrault لە ڕۆڵی جەنابی کاف لە (دادگایی)[23] دا: ستایلی نواندنێکی ئەنتی سایکۆلۆگیک، نامۆ بەڵام سەرنجڕاکێش. Serge Lifarی دەعبای پیر لە Le Apres-midi d un faun دا، سۆزانییەکی قەڵەو بەلچولێوی تەڕ و پرشنگێکی بێ شەرمانەی گشت گەندەڵییەکانی دەیەی بیستەوە. کۆنسێرت بۆ دەستی چەپی Ravel لە بەیانییەکی شەممەدا لە Theatre Champs Elysese de. دەتوانم بەردەوام بم: (فیدرا)ی راسین، چپەدوو بەڵام بەلرفە، نەفرەتی فاوست، Berlioz لە ئۆپێرای گەورە بەهەموو پێداویستییەکانییەوە. بالییەکانی Balanchine. سینێماتێکیۆێت: Langlois، ئەو میسیۆ سەیرەی کە هێڵێکی پیس بەیەخە سپییە دراوشاوەکەیەوە بوو. فیلمی (ڕاوەدوونان و زیندان)یان نمایش کرد، من هاوڕێیانە پێشوازیم کرا و فیلمگەلێکی Melie و بەشگکەلێک لە فیلمی بێ دەنگی فەرەنساییم بینی، Judex و Dreyers Blad لە کتێبی یادەوەرییەکانی شەیتاندا. ئەزموون دەچووە پاڵ ئەزموون. ئەوە برسێتییەک بوو کە هێوربوونەوەی بۆ نەبوو.

٢٢- sluss سیستەمێکی بیناسازییە لە ڕووبار یاخود کەناڵێکدا کە بەمەبەستی گۆڕانکاریکردن لە ئاستی ئاودا بۆ کەشتیەوانی و بەلەمەوانی، ڕۆدەنرێت. و.ک

٢٣- Processen شاکارە بەنێوبانگەکەی کافکا. و.ک

ئێـوارەیەک چووین بۆ Athenee تاکـو Louis Jouvet لە نمایشـێکی Giraudouxدا ببینین. لە کورسییەکەی پێشمانەوە ئێللێن دانیشتبوو. ئاوڕی دایەوە و زەردەخەنەیەکی هاتێ. ئێمە ڕامان کرد. پارێزەرێک بەچاکەت و پانتۆڵێکی شینی کراوە و بۆینباخێکی سوورەوە هاتبوو، خزمان ناردبوویان تا قسان لەگەڵ (گیون)دا بکات. دەبوو فەراوین پێکەوە بکەن. من لەبەر پەنجەرەی ژووری ئوتێلەکەدا ڕاوەستابووم و بەتەنیشت یەکدییەوە بینیمن کە بەrue Ste-Anne دا بەرەو خوار دەبوونەوە. گیون پێڵاوێکی زۆر پاژنە بەرزی لەپێدا بوو، وی باڵای زۆر لە پارێزەرە گچکەکە بەرزتر بوو. جلکە تەنکە ڕەشەکەی بەسمتییەوە دەنووسا، دەستی بەقژە زەردە کورتەکەیدا دەهێنا. من پێم وابوو کە ئیتر ناگەڕێتەوە. ئەوسا کە لە ئێوارەدا وەدیار کەوتەوە، شەکەت و گرژ بوو، تووڕە و پەیجۆرییانە تەنها یەک پرسیارم لێ دووبارە دەکردەوە: لەگەڵیدا خەوتیت؟ دانی پێدا بنێ لەگەڵیدا خەوتوویت. دەزانم لەگەڵیدا خەوتوویت.

ئاخر ترس زوو بەزوو ئەو شتە دەخولقێنێ کە بونیادەم لێی دەترسێت.

لە ڕۆژێکی شەختەبەندانی دیسێمبێردا چووینە پەنسیۆنێک لە ستراندڤێگێن و لەوێ ڕێگەیان نەداین هەردووکمان لەیەک ژووردا بین، ئاخر ئەوە لە سیستێمی ئەو کاتی ئوتێلەکانی سوێددا قەدەغە بوو.

گیون هەر زوو لەژێر هەڕەشەی لە دەستدانی منداڵەکانیدا تێشکا. وی بۆ ڤیللاکەی (لیدینگۆ)[٢٤] و لای پیاوێک گەڕایەوە کە کاتی باشی هەبوو بۆ ئەوەی تیایدا بیر لە باشترین شێواز بۆ تۆڵە لێ سەندنەوەی بکاتەوە. منیش دەبوو سەفەر بۆ یۆتۆبۆری بکەم تا دوایین گرێبەندی ئیمزاکراوی کارێکی دەرهێنان ڕایی بکەم.

من و گیون یەکتربینینمان لێ قەدەغە کرابوو، قەدەغە بوو لێمان بەتەلەفۆن قسان بکەین و نامە بۆ یەکتری بنووسین. هەر هەوڵدانێک بۆ پێوەندی گرتن، ریسکی ئەوەی زیاد دەکرد کە گیون منداڵەکانی لە کیس بچێت. ئەو سەردەمە یاسا توندوتیژ بوو بەرامبەر ژنێک ماڵی جێ هێشتبێت. من توانیم باڵەخانەیەکی گچکەم چنگ بکەوێت (کە تا هەنووکەش هەر بەکرێم گرتووە) و ئیدی بەچوار قەوانی گرامافۆن و هەندێ جلکی پیسی ژێرەوە و کووپێکی درز تێبردووی چا وە بۆ ئەوێ گواستمەوە. لە حەژمەت خەمی خۆم فیلمێکم بەناوی (گەمەی هاوین)[٢٥] نووسی، هەروەها کورتە بیرۆکەی فیلمێکی دی و

24- Lidingö

25- Sommarlek



دەقێکیشم نووسین کە دواتر بزربوو. پڕوپاگەندەی ئەوە هەبوو، هەموو بەرهەمهێنانێکی فیلم ڕادەگیرێت وەک نارەزایەتی دەربڕینێکی بەرهەمهێنەران دژی سەپاندنی ئەو باجەی کە دەوڵەت لەسەر کارە هونەرییەکان دایانابوو. شتێکی لەو جۆرە بۆ من، واتا کارەساتێکی ئابووری. ئاخر من خەرجی دوو خێزانم لە ئەستۆ بوو.

ڕۆژێک دوای جێژنی لەدایکبوون، گیون لەو سووکایەتییەی کە تیایدا دەژیا، هاتە دەرەوە و قاییل نەبوو چیدی بەپێی مەرجەکانی مێردەکەی گەمە بکات. بەپارەیەکی مۆڵ باڵەخانەیەکی ئامادەی چوار ژوورییمان، لە نهۆمی سەرەوەی ئاپارتمانێکی کۆن و جواندا لە ئۆستێرمالم، بەکرێ گرت. بەدوو کوڕە گچکەکەی گیون و دایەنە فینلەندییەکەوە گواستمانەوە بۆ ئەوێ. گیون کاری نەدەکرد، هەنووکە من سێ خێزانم بەسەرەوە بوو کە دەبوو بیانژێنم.

ئەوەی دواتر ڕووی دا، دەکرێ بەکورتی بگێڕدرێتەوە: گیون دووگیان بوو. لە کۆتایی هاویندا هەموو بەرهەمهێنانێکی فیلم ڕاگیرا، من لە کۆمپانیای سڤێنسک فیلم ئیندیۆستری دەرکرام، بڕیاربوو ببمە بەڕێوەبەری هونەری لە شانۆی تازەکیی دەستبەکاربووی Lorens Marmstedt، بەڵام نەمتوانی لە یەک کاتدا خەریکی دوو کاری دەرهێنان بم، بۆیە لەوێش دەرکرام.

ئێوارەیەکی پاییز، مێردەکەی گیون تەلەفۆنی کرد و پێشنیاری کرد، لەبری پەنابردن بۆ دادگا، ئاشت ببنەوە و خۆیان ڕێک بکەون. داوای کرد دەیەوێ بەتەنها گیون ببینێ: کە پێکهاتن ئەوسا پارێزەرێکی هاوبەش دەگرن تا ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان بۆ بنووسێت. من ڕێگەم بەگیون نەدا بەتەنها مێردەکەی ببینێت. بەڵام ئەو پێ چەقێنی کرد. گوایە دەنگی مێردەکەی لە تەلەفۆنەکەدا نەرم و دەستەمۆیانە بووە و تەنانەت خەریک بووە بشگری. دوای نیوەڕۆ مێردەکەی بەترومبێلەکەی خۆی هات و بردی. سەعات چواری بەیانی گیون بەڕوخسارێکی وشکهەڵگەڕاو و نەغمەیەکی خۆ دزەرەوەوە گەڕایەوە. ویستی دەستوبرد بنوێت، گوایە دەتوانین بەیانی و هەموو ڕۆژەکانی تریش بدوێین. من سەرچیغ چووم و نەمهێشت بنوێ و داوام لێ کرد بۆم بگێڕێتەوە چ بووە. گێڕایەوە کە مێردەکەی بۆ پارکی (لیل یانس)[٢٦]ی بردووە و لەوێ لاقەی کردووە. من ئیدی (گیون)م جێهێشت و بەجاددەکانا کەوتمە ڕاکردن.

26- Lill-Jans skogen

هەرگیز پەیم بەوە نەبرد بەڕاستی چ ڕووی دابوو. بەڵام بەدڵنیاییەوە گیون، ڕووبەڕووی چ لاقەکردنێکی فیزیکی نەببۆوە. ڕەنگە ڕووبەڕووی جۆرە زەبروزەنگێکی سایکۆلۆژی بووبێتەوە بەوەی مێردەکەی پێی گوتووە: گەر لەگەڵمدا بنوویت ئەوا منداڵەکانت دەدەمەوە.

نەمدەزانی ئەوە چۆناوچۆنییە. گیون دووگیان و زگەکەی لە مانگی چوارەمدا بوو. وەک منداڵێکی دڵپیس هەڵسوکەوتم دەکرد، (گیون)یش تەنها و جێهێڵراو. چەندین وێنەی بزۆز بەدەنگ و ڕووناکییەوە هەن کە هەرگیز پرۆژەکانی ڕۆح جێ ناهێڵن، بەڵکوو بەهەمان ڕاشکاوی و ئۆبجێکتیڤی نەگۆڕاوەوە لە سەراپای تەمەندا پێچ دەخۆن. ئەوە تەنها وتووێرە کە لێکدا و بێ ڕوحمانە بەرەو قووڵایی حەقیقەت دەبزوێت.

لە ماوەی کەمتر لە یەک سەعاتدا هەموو دەرفەتەکانمان بۆ دەرچوون لەو قەیرانە، مرداربوونەوە. سەرەتای کۆتایی بووە حەقیقەت. گەرچی لە هەوڵێکی نائومێدانەشدا بۆ پێکهاتنەوە، توند پێکڤە نووسابووین.

بڕیاربوو دادگاییەکە دەست پێ بکات. هەمان ڕۆژ پرۆسەکە ئەفەرۆز کرا، لەبەرئەوەی پارێزەرەکەی گیون هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە هەموو پڕۆژە نایاساییە ئابوورییەکانی مێردەکەی گیون ئاشکرا دەکات. من ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە نیم، بەڵام هەڕەشەکە بەبەڵگەوە دەسەلمێنرا. پرۆسەی جیابوونەوەکە تاڕادەیەک بەبێ سەرئێشە چووەپێش و لیژنەی سەرپەرشتیکردنی منداڵ، دوای پشکنینگەلێکی سووکایەتی ئامێز، سەرپەرشتیکردنی منداڵەکانی بەگیون سپارد.

بەم شێوەیە دراماکە کۆتایی هات. ئەوینەکەمان بریندار و خوێنی لێ دەچۆڕا، کێشەی ئابووریمان یەکێک بوو لەو حەقیقەتانەی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو. پارە تەواو ببوو، ڕاگیرانی بەرهەمهێنانی فیلم بەردەوام و هەموو مانگێکیش دەبوو پارەیەکی زۆر بۆ نەفەقەی دوو ژن و پێنج منداڵ بدەم. گەر پارەکە دوو ڕۆژ دواکەوتبا، ئەوا ژنێکی تووڕەی سەرپەرشتیاریی منداڵ لەسەر ڕێگەم قوت دەبۆوە و سەبارەت بەژیانە بێ سەروبەرەکەم، دەکەوتە سەرزەنشتکردنم. هەموو سەردانێکم بۆ لای منداڵەکان لە یۆتۆبۆری، سەرەتا بەئەدەبێکی فەرمی دەستی پێ دەکرد و بەدیمەنگەلی دڵتەزێن، بەشەڕ و زریکەی بەسۆی منداڵەکان کۆتایی دەهات.

دواجار پێم بەجەرگی خۆمدا نا و هانام بۆ کۆمپانیای (سڤێنسک فیلم ئیندیوستری) برد تا قەرزێکم بدەنێ. قەرزەکەم وەرگرت و هاوکاتیش ناچارکرام گرێبەندێک بۆ پێنج



فیلم بنووسم کە وەک سیناریۆنووس و دەرهێنەر، دوو لەسەر سێی کرێکەم دەدەنێ. وێڕای ئەوەش دەبێ لەماوەی سێ ساڵدا قەرزەکە بەسووەکەیەوە بدەمەوە. بڕە قەرزەکە مانگانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە مووچەکەی کۆمپانیام دەشکێنرا. بەشێوەیەکی کاتی لە کارەساتێکی ئابووری قوتارم بوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی ئاشکرا دەست و پێم شەتەک درا.

لە ئێوارەی (ڤالبۆریسمێسۆ)[*]ی ساڵی ١٩٥١دا کوڕێکمان بوو. بۆ ئەوەی ئازارەکان بیر خۆمان بەرینەوە شەمپانیامان خواردەوە و ترومبێلە فۆردە خەڕەکە شکاوەکەمان بەجاددە پڕ لە چاڵوچۆڵییەکانی Ladugardsgrädetدا ئاژووت. ئەوسا کە (گیون)م بەمامانەکان سپارد و لە خەستەخانەکەیان وەدەرنام، بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، زیاترم خواردەوە، قەتارە کۆنە منداڵانەکەمم دەرهێنا و بێ دەنگ و پێ چەقێن کەوتمە یاری پێکردنی تا لەسەر کومبارەکە خەو بردمییەوە.

قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی فیلم هەڵگیرا و گیون وەک ڕۆژنامەنووسێکی جێنشین، کارێکی لە ڕۆژنامەیەکی ئێواراندا چنگ کەوت، جگە لەوەش کاری وەرگێڕانیشی دەکرد. من دەبوو دەمودەست یەک لە دوای یەک دوو فیلم دروستکەم: (چاوەڕوانی ژنان)[27] بەسیناریۆی خۆم و (هاوین لەگەڵ مۆنیکادا)[28]، وەرگیراو لە ڕۆمانێکی (پێر ئەندێش فۆگێلسترۆم)[29]ەوە. بۆ ڕۆڵی (مۆنیکا) کیژە ئەکتەرێکی جحێڵ هەڵبژێردرا کە لە شانۆی (سکالا) کاری دەکرد. وی شتێک ئەزموونی لە سینەمادا هەبوو، کەوتبووە داوی ئەوینی کوڕە ئەکتەرێکی جاحێڵەوە. لە کۆتایی مانگی یولیدا بۆ وێنەگرتن بۆ دەرەوەی کۆدوورگە دەچووین.

فیلمی (هاوین لەگەڵ مۆنیکادا) وەک فیلمێک پلانی بۆ داڕێژرا کە بودجەیەکی کەمی هەبێ و سەرچاوەکانی سنووردار بێ و بەژمارەیەکی کەمیش کارمەندەوە بەڕێوە بچێت. ئێمە لە Klockargarden لە دوورگەی Ornö دەژیاین. هەموو بەیانییەک چەند دەقیقەیەک بەبەلەمی ماسی دەڕۆیشتین تا دەگەیشتینە دورگەگەلێکی بێگانە لەوپەڕی کۆدورگە.

(*) Valborgsmässoafton دوایین ڕۆژی مانگی ئەپرێل کە بەبۆنەی هاتنی وەرزی بەهارەوە ئاهەنگ دەگێڕدرێت. و.ک

27- Kvinnors väntan

28- Sommaren med Monika

29- Per Anders Fogelström

کتوپڕ هەستێکی دڵنیایی و خۆشەویستی دایگرتم. هەموو گیروگرفتە پیشەیی و ئابووری و خێزانداریەکانم بەژێر ئاسۆوە بوون. ئاخر ئێمە بەشێوەیەکی ڕێژەیی، ژیانێکی خێزانیی گەرموگوڕ لەدەرەوە دەژیاین، هەموو ڕۆژێک، هەموو ئێوارەیەک، هەموو بوولێڵەیەک و لە هەموو کەشوهەوایەکدا کارمان دەکرد. شەوان کورت بوون، خەوەکانمان چۆڵبوون لە خەون. دوای سێ هەفتە کار و هەوڵی بەردەوام، بوومی کارەکەمان بۆ شتنەوە هەنارد. بەڵام بەهۆی خەوشێکەوە، لابوراتوریۆمەکە هەزاران مەتری لە فیلمەکە ڕووشاندبوو، بۆیە دەبوو سەرلەنوێ هەموو شتەکان وێنە بگیرێنەوە. لە ڕوو هەندێک فرمێسکی تیمساحانەمان ڕژاند و لە ناوەوەیشڕا دڵشادبووین کە ئازادییەکەمان درێژبۆوە.

کاری فیلم چالاکییەکی ئیرۆتیکی خودان وزەیەکی بەهێزە. چ پارێزێک بۆ نێزیکبوونەوەی نێوان ئەکتەرەکان نییە، ئەو خۆ تەسلیمی یەکترکردنە هاوبەشە شتێکە ڕەها. گیانی بەگیانی بوون، دڵسۆزی، خۆشەویستی، متمانە بەخۆبوون و ڕاستگۆیی لەبەردەم چاوی ئەفسووناوی کامێرادا دەبنە دڵنیاییەکی گەرم و ڕەنگیشە ببێتە دڵنیاییەکی وەهمی. گرژیی، خاوبوونەوە، هەناسەدانی هاوبەش، ساتەوەختی سەرکەوتن، ساتەوەختی هەڵدێران. ئەتمۆسفێرەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بارگاوییە بەسێکسوالیتێت. ساڵانێکی زۆری خایاند ئەوسا توانیم لەوە بگەم کە ڕۆژێک کامێرا دەوەستێ و پرۆژیکتۆرەکان دەکوژێنەوە.

لەمیانەی ساڵانێکی زۆردا، من و (هارییێت ئەندێرسۆن)[٣٠] پێکەوە کارمان کرد، وی کیژێکە بەشێوەیەکی نایاب بەهێز و تابڵێیی دڵناسک. پێوەندی لەتەک کامێرادا ڕاستەوخۆ و خودان هەستیارییەکی باڵایە، وێڕای تەکنیکە نایابەکەی لە نواندندا، دەشتوانێ وەک بروسکە لە حاڵەتێکی سۆزداری بەهێزەوە بۆ حاڵەتێکی تری هێور و هۆشیارانە بگوێزێتەوە، خولقی توند بەڵام هەرگیز خانە گومان نا. ئەو کەسێکە شایانی خۆشویستن و یەکێکە لە ئازیزترین هاوڕێیانم.

ئەوسا کە لە سەرچڵییەکەی کۆدوورگە بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە، من ئەوەی ڕوویدا بوو بۆ (گیون)م گێڕایەوە، لەبەرئەوەی هەریەک لە من و (هارییێت) پێمان وابوو پێوەندییەکەمان سنووردارە بەکات، بۆیە داوای چەند مانگێک مۆڵەتم کرد. گیون هەڵشاخا و بەنەفرەتی

٣٠- Harriet Andersson کتێبێکی ئەم خانمە بۆ چاپ ئامادەیە کە تیایدا زۆر ڕاشکاوانە باس لە پێوەندیی خۆی لەگەل بێریماندا دەکات. و.ک



کردم. بەو توورەیییەی سەرم سووڕما کە لەوەوبەر وێنەیم نەبینیبوو، هەستێکی گەورە لە ئارامی دایگرتم. هەندێ لە خرتکە و پرتکەکانم پێچانەوە و هەمدیس بۆ ژوورە یەک کەسییەکەم گواستمەوە.

چەند ساڵێک دواتر من و گیون توانیمان بەبێ هەست بەتاڵی و تفتی و شیکایەت و شیکایەتکاریی لەیەککردن، یەکتربببینین. دوای جیابوونەوە، گیون کەوتە خوێندنی زوبانی سلاڤیی و هەر بەئامانجی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لەو بوارەدا لە هەوڵی خۆی بەردەوام و وەدیشی هێنا. جگە لەوەش کارەکەی لە بواری وەرگێڕاندا زیاتر و زیاتر بەپلەوپایە قورس دەبوو.

وردە وردە ژیانێکی تەواو سەربەخۆی بۆ خۆی ڕۆنا و بووە خودان هاوڕێ و دۆست و سەفەری دەرەوەی وڵات.

دڵشادیمان بەگەڕانەوەمان بۆ نێزیکبوونەوەمان لە یەکتر گەورە بەڵام خۆپەرستانە بوو. بەحاڵ هەستمان بەوە دەکرد کە کوڕەکەمان بەعەزاب و دڵپیسییەوە کاردانەوەی بەرامبەر پێوەندییە نوێبووەوەکەمان هەیە.

کاتێ گیون لە ڕووداوی ترومبێلدا گیانی لە دەست دا، دەبوو من و (لیل-ئینگمار)[*] لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنییدا بەشداربین. لە باڵەخانە یەک ژوورییەکەی من لە (گرێڤتیورێگاتان) یەکتریمان بینی. وی تەمەنی نۆزدە ساڵان، جحێڵێکی قیتوقۆز، باڵای لە باڵای من بەرزتر، ساڵانێکی درێژ بوو یەکتریمان نەبینی بوو. قاتێکی ڕەشی تا ڕادەیەک تەسک کە لە براکەی قەرز کردبوو، پۆشیبوو. بێ دەنگ دانیشتبووین و لە خوامان دەویست کات کەمێک خێراتر تێپەڕێت. بەڵام خێراتر تێنەدەپەڕی. پرسیاری لێ کردم کە ئاخۆ دەرزی و دەزووم هەن، دەبوو قۆپچەیەک توندکاتەوە. دەرزی و دەزووم بۆ هێنا. هەردووکمان لەلای پەنجەرەکەوە بەرامبەر یەک دانیشتین. (لیل-ئینگمار) خۆی بەسەر کاری دوورینەکەیدا چەماندبۆوە. قژە زەردە پڕەکەی بەسەر نێوچەوانیدا کەوتبوو، دەستە بەهێزە سوورەکەی، چاپووکانە بەدەرزی و دەزووەکەوە خەریک بوون. جار ناجار لە سەخڵەتیدا مشەمشێکی دەکرد. وی سەرسووڕهێنەرانە لە وێنەیەکی تافی قوتابێتیی باپیری (باوکی باوکی) دەچوو. هەمان چاوانی شینی تۆخ، هەمان ڕەنگی قژ، هەمان نێوچەوان، هەمان دەمولێوی ناسک. هەمان ڕاوەستانی بێریمانییانە کە هەمیشە مەودایەک

(*) کوڕی بێریمان

لە نێوان خۆی و ئەویتردا دەهێڵێتەوە وەک ئەوەی بێژێ: دەستم تێوەمەدە، لێم نزیک مەبەرەوە، مەمگرە، بەخودا قەسەم من یەک (بێریمان) م.

هەوڵێکی گێلۆکانەم دا تا شتێک لە بارەی دایکییەوە بێژم، بەڵام ئەو بەئاماژەی ڕەتکردنەوەیەکی توند، جووڵەیەکی کرد. من کە هەر پێ چەقێنییم نوواند، ئیدی ئەو لەناکاوێکڕا، بەڕقێکی ساردی وا تەماشای کردم، کە دەمکوتی کردم.

(گیون) لە فیلمەکانمدا مۆدێلی زۆر ژن بوو: (کارین لوبێلیوس) لە فیلمی (چاوەڕوانی ژنان)، (ئاگدا) لە فیلمی (ئێوارەی لێبووکەکان)[٣١]، (مارییانێ ئێگێرمان) لە فیلمی (وانەیەک لە ئەڤین)[٣٢]، (سوساننێ) لە فیلمی (خەونی ژن)[٣٣] و (دێسیرێ ئارمفێلدت) لە فیلمی (زەردەخەنەی شەوی هاوین)[٣٤].

لە کەسێتی (ئێڤا دالبێک)ی بێ هاوتادا، هاوشێوەی (گیون) م دۆزییەوە. هەر زوو ئەو خانمانانە هەردووکیان پێکەوە توانییان بەرجەستەی دەقە تا ڕادەیەک زۆر تەمومژاوییەکانم بکەن و لەمیانەی ئەوەشەوە بەشێوەیەک ئەو ژنێتییە لە شکست نەهاتووە دەرببڕن کە من هەرگیز خەیاڵم بۆی نەچووە.

***

31- Gycklarnas afton
32- En lektion i kärlek
33- Kvinnodröm
34- Sommarnattens leende

خەونگەلێک هەن کە دووبارە دەیانبینمەوە. ئاساییترین خەونیان خەونی پیشەیە: دەبینم لە ستۆدیۆی فیلم ڕاوەستاوم و خەریکی ئامادەکردنی دیمەنێکم. هەمووان لەوێن، ئەکتەرەکان، وێنەگران، یاریدەدەران، کارمەندانی ڕووناکی و کۆمبارسەکان. لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان تێکستی ئەو ڕۆژەم بیر ناکەوێتەوە. بۆیە دەبێ بەردەوام دەفتەری دەرهێنانەکەم تەماشاکەم کە لەوێدا چەند هێڵگەلێکی تێکەڵ و پێکەڵی تێدایە. ناچار بۆ لای ئەکتەرەکان دەگەڕێمەوە و هەڵیاندەخەڵەتێنم، شتێک لە بارەی وچانەکان دەڵێم. وچانێک بدە و ئاوڕ بۆ کامێرا بدەرەوە، پاشان دیالۆگەکە بڵێ، ڕاوەستە، بەئەسپایی بیڵێ.

ئەکتەرەکە بەگومانەوە تەماشام دەکات بەڵام گوێڕایەڵانە فەرمانەکانم جێبەجێ دەکات. من لە کامێراکەوە تەماشای دەکەم. نیوەی ڕوخساری و چاوێکی بەزەقی دەهێنمە ناو کامێراکەوە. نا... ئەمە ڕاست نییە، ئاوڕ بۆ (سڤێن نیکڤیست)[1] دەدەمەوە کە لە

١- Sven Nykvist سڤێن نیکڤیست ئەمڕۆ یەکێکە لە بەنێوبانگترین وێنەگرانی سینەما و تا ئێستا لە سەد و سی فیلمدا لەودیو کامێراوە ڕاوەستاوە. ناوبانگی نیکڤیست لە دەیەی شەستدا و لەو کاتەوە کەوتە ڕوو کە بووە یەکێک لە وێنەگرە دەستبژێرەکانی ئینگمار بێرگمان. نیکڤیست لەگەڵ زۆر لە دەرهێنەرە گەورەکانی جیهاندا کاری کردووە، لەوانە: جون هوستون، ڕۆمان پۆلانسکی، ئەندرێ تارکۆڤسکی و وودی ئاللێن. لە کتێبێکی سەرنجڕاکێشدا بەناوی (لە ستایشی ڕووناکییدا) کە لەگەڵ (بێنگت فۆشلوند)دا نووسیویەتی، نیکڤیست لەبارەی ژیانە پڕ لە ڕووداوەکەی خۆیەوە دەدوێت. و.ک



عەدەسە گەورەکەرەکەوە دەنۆڕێت، کۆک و زوومی دەکات. لەو ماوەیەدا ئەکتەرەکە دیار نەماوە، یەکێک دەڵێ چووە جگەرە بکێشێت.

کێشەکە ئەوەیە نواندنەکە لە ڕووبەرێکدا جێگا بکرێتەوە. بەهۆی بێ بەهرەیی منەوە بڕێک ئەکتەر و کۆمبارس لە سوچێکدا قەرەباڵغییان دروست کردووە، لە بەرامبەر ڕووناکییەکەدا پەستاونەتە ناو یەکتری، بەتوندی سێبەریان لەسەر ڕووبەری دیوارەکان دروست کردووە، پێموایە قورسە دیمەنەکە ڕووناک بکرێتەوە. ڕووخسارە بەئەدەبە مۆنەکەی (سڤێن) سەرنجم ڕادەکێشێت، وی ڕقی لە ڕووناکی بەتینی ساپیتە و سێبەری دووانەییە.

فەرمان دەدەم دیوارەکە لاببرێت. بەو چەشنە خۆمان ڕزگار دەکەین و دەتوانین دیمەنەکە لەلایەکی ترەوە وێنە بگرین. یەکێک لە یاریدەدەرەکان نیوە دوور دەڵێ، ڕەنگە گوێزانەوەی دیوارەکە شتێک بێ بلوێ بەڵام دوو سەعاتێک دەخایەنێت، لەبەرئەوەی ڕێک ئەم دیوارە دیوارێکی دووانەیە و بەدیوارێکی ترەوە ڕایەڵە، کە قورس و نیمچە چەسپاوە. بۆیە گواستنەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی ڕووخانی دیکۆرەکە. لەناوەوەڕا خۆم دەخۆمەوە و هەستێکی ناڕەحەت دامدەگرێ بەوەی من خۆم لەسەر ڕایەڵکردنی ناوەوە بەدەرەوە، پێ چەقێنیم کردووە.

فەرمان دەدەم کامێراکە بۆ سەرکردنەوەی دەرگا بجوولێنرێ و لە عەدەسەی گەورەکەرەکەوە دەنۆڕم. کۆمبارسەکان ئەکتەرەکە دەشارنەوە. بۆ ئەوەی ببینرێت ئەوا دەبێ بەلای ڕاستدا ئاوڕ بداتەوە، سکرێپتانەکە لەخۆبوردووانە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەکتەرەکە لە گرتەی پێشوودا بەلای چەپدا جوولاوە.

لە ستۆدیۆکەدا ئارامییەکی زۆر باڵی کێشاوە، هەمووان بەحەوسەڵە بەڵام نائومێدانە چاوەڕێن. بەبێ هیواییەوە لە عەدەسەی گەورەکەرەکەوە دەنۆڕم. لەوێدا نیوەی ڕوخساری ئەکتەرەکە و چاوێکی زەقبووەوەی دەبینرێت. بۆ ساتێک دێت بەبیرمدا ئەمە گرتەیەکی نایابە کە ستایش دەکرێ و لەلایەن ڕەخنەگرانی نێودەوڵەتییەوە پیایدا هەڵدەدرێ، بەڵام دواتر لەبەرئەوەی ناشەرافەتمەندانە خۆی دەنوێنێ، ڕەتی دەکەمەوە.

کتوپڕ ڕێگەچارەکە دەدۆزمەوە: گرتە لەگەڵ جووڵەی کامێرادا. جووڵەی کامێرا بەدەوری ئەکتەرەکاندا و تێپەڕینی بەلای کۆمبارسەکاندا. تارکۆڤسکی[2] بەبەردەوامی لە هەموو

٢- Tarkovskij دەرهێنەر و ئەکتەر و نووسەری ڕووسی تارکۆڤسکی لە ٤ی ئەپرێلی ١٩٣٢لە شاری (ساڤراسیا)ی نزیک مۆسکۆ لەدایک بووە و لە ٢٨ی دێسەمبەری ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس کۆچی=

دیمەنێکدا کامێرای دەجوولاند، کامێراکەی دەڕۆیشت و دەفڕی. گەرچی من ئەوەم پێ تەکنیکێکی خەراپە، بەڵام ئەوە کێشەکەم چارەسەر دەکات. ئاخر کات تێدەپەڕێ.

دڵم بەخێرایی لێ دەدا و بەزەحمەت هەناسەم بۆ دەدرێت. (سڤێن نیکڤیست) دەڵێ، جوولاندنی کامێرا شتێکی مەحاڵە. بۆچ دەبێ (سڤێن) کەسێکی ئاوها کەللەڕەق بێت، بێ گومان ئەو لە جوولاندنی قورسی کامێرا دەترسێت، وی پیر و ترسنۆک بووە. بەنائومێدییەوە تەماشای دەکەم، ئاماژە بۆ دواوەم دەکات و خەم دایدەگرێ. ئاوڕدەدەمەوە و چ دیکۆرێک نابینم، تەنها دیواری ستۆدیۆکە. وی ڕاست دەکات، جوولاندنی کامێرا شتێکە مەحاڵ.

لە نائومێدیی خۆمدا بڕیار دەدەم نوتقێکی کورت بۆ ئەو خەڵکانەی لەوێ کۆبوونەتەوە، بدەم. گەرەکمە بڵێم من ماوەی چل ساڵە لەتەک فیلمدا کار دەکەم، گەرەکمە پێیان بڵێم من چل و پێنج فیلمم دروست کردوون، گەرەکمە پێیان بڵێم من بەدوای ڕێگای نوێدا دەگەڕێم، دەمەوێ زوبانی وێنەیی خۆم نوێ بکەمەوە. مرۆڤ پێویستە لەسەری بەردەوام بەرئەنجامی کارەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە. گەرەکمە پێیان بڵێم من خودان توانام، پیاوێکم بەئەزموونی گەورەوە، ئەم کێشەیەشی کە هاتۆتە پێش شتێکی ناچیزەیە. گەر ویستبام ئەوا کامێراکەم بۆ دواوە دەگەڕاندەوە و وێنەیەکی گشتیم دەگرت، ئەوەش بۆ خۆی ڕێگەچارەیەکی سەرنجڕاکێش دەبوو. گەرچی باوەڕم بەخودا نییە بەڵام مەسەلەکەش بەو سانایییە نییە، هەریەکەمان خودایەکی لەناوەوەی خۆیدا هەڵگرتووە، هەمووان نموونەیەکی باڵایان هەیە کە هەندێ جار لە چاوترووکانێکدا دەیبینین، بەتایبەتیش لە ساتەوەختی مردندا. دەمویست ئەم شتانەیان پێ بڵێم، بەڵام ئیدی پێویستی نەدەکرد. خەڵکەکە کشابوونەوە و لە قوولایی ستۆدیۆ تاریکەکەدا کۆببوونەوە. لەوێدا لەپاڵ یەکدا ڕاوەستابوون و کەوتبوونە ئەرگیومێنتکارییی. نەمدەتوانی بژنەڤم باسی چ دەکەن، تەنها لە پشتەوە دەمبینین.

بەباڵەفڕەیەکی گەورە سەفەر دەکەم و من تەنها موسافیری ناو ئەو باڵەفڕەیەم. باڵەفڕەکە هەڵدەسێ بەڵام ناتوانێ خۆی بەرزکاتەوە، بەڵکوو بەسەر جادده پانوپۆڕەکانی

= دوایی کردووە. فیلمی (قوربانی) تاقە فیلمێک بوو کە لە خۆرئاوا دروستی کرد و لە سوێد وێنەگیرا. تارکۆڤسکی بەفیلمی (منداڵیی ئیڤان) هاتە ناو دونیای کاری سینەماوە و گوڕێکی بەهێزی بۆ بەردەوامبوون پێبەخشی. فیلمەکە باس لە ئەزموونی کوڕە گەنجێکی ڕووسی لە زەمەنی جەنگدا دەکات. و.ک



شاردا گرمەی دێ. باڵەفڕەکە ڕادەی بەرزایی فڕینی، هاوئاستی ئاپارتمانە بڵندەکانە، لە پەنجەرەکەوە دەتوانم خەڵک ببینم کە دەجوولێن و دەستیان ڕادەوەشێنن. ڕۆژەکەی ڕۆژێکی قورس و زریانییە. متمانەم بەچاپووکیی باڵەفڕەوانەکە هەیە بەڵام پێموایە کۆتایی نێزیک دەبێتەوە. هەنووکە من بەبێ باڵەفڕە بەئاسمانەوەم، بەتەرزێکی تایبەتی باڵ دەجوولێنم و بەسووکەڵەیی لەسەر ئەرزەوە بەرز دەبمەوە. سەرم سووڕماوە لەوەی بۆچی پێشتر هەوڵم نەداوە بفڕم کە فڕین ئاوها هاسان بێت. هەمان کات پێموایە فڕین بەهرەیەکی تایبەتییە، هەموو کەس ناتوانێ بفڕێت. ئەوەی بیەوێ بفڕێت ئەوا دەبێ لێبڕاوانە هەوڵ بدات. دەبێ بەباڵی کەوانیی و جومگەی گرژبووی گەردنەوە هەوڵ بدات. سەبارەت بەمن، بەبێ کێشە هەروەکی تەیر دەفڕم.

خۆم بەسەر دەشتاییەکەوە دەبینمەوە، تەواوێک بەدڵنیاییەوە ئەوێ ڕووسیایە. بەسەر ڕووبارێکی گەورەدا دەفڕم کە پردێکی بەرزی لەسەر ڕاکێشراوە. لە خوار پردەکەوە ئاپارتمانێکی لە خشت ڕۆنراو لە ڕووبارەکەوە بەرزبۆتەوە، دووکەڵ لە دووکەڵکێشە بەرزەکانییەوە دێتە دەرێ. گوێم لە وڕەی ماشێنەکانە، ئەوێ کارگەیەکە.

هەنووکە ڕووبارەکە بەهێڵێکی کەوانیی گەورە پێچ دەکاتەوە. کەنارەکان بەدارستان پۆشراون. پانۆراماکە بێ کۆتاییە. خۆر چووەتە نێو هەورەوە بەڵام هێشتا ڕووناکی بەتینە. ئاو سەوز و تەنک دەڕژێتە پێچێکی بەرینەوە، جار ناجار سێبەرگەلێک دەبینم کە لە قوولاییڕا لەسەر بەردەکان دەجوولێن، ئەوانە ماسیگەلی گەورەی بریسکەدارن. من هێور و پڕم لە متمانە بەخۆبوون.

کە جحێڵتر بووم و خەوێکی قووڵم لێ دەکەوت، خەونی ناخۆش دەهاتنە وێزەم: خەون بەکوشتنەوە، بەئەشکەنجەدانەوە، بەخنکانەوە، بەئینسێست[٣]ەوە، خەون بەوێرانبوونەوە، خەون بەتووڕەبوونێکی شێتگیرانەوە. لە ڕۆژانی پیریمدا خەونەکانم بیردەچنەوە، بەڵام خەونی میهرەبانانەن، بەزۆری خەونی سەبووری دەرەوەن.

جار ناجار خەون بەدەرهێنانێکی درەوشاوەوە دەبینم کە خەڵکانێکی زۆر و موزیک و سینۆگرافی ڕەنگاوڕەنگی لەخۆگرتووە. ئەوکات بەچرپە و بەقایلبوونێکی گەورەوە بەخۆم دبێژم: ئەوە دەرهێنانی منە، ئەمە ئەوەیە کە ئەز خولقاندوومە.

***

٣- Incest پێوەندی سێکسواڵیی لەنێوان دوو کەسدا کە ڕایەڵی ڕوحمیان هەیە. و.ک

لە سەرەتای پەنجاکاندا گفتێکم بۆ دامەزراندن لە شانۆی دراماتن پێدرا. ئەوەش شتێک بوو مایەی دڵخۆشیم بوو، بەڵام سیستێمی شانۆکە گۆڕا. بەڕێوەبەری نوێی شانۆکە نەک هەر خۆی نەدەکردە خاوەنی هیچ جۆرە گفتێک، بەڵکوو بەدەربڕینێکی سووکایەتی ئامێز پێی ڕاگەیاندم کە من لەگەڵ ئاستی پێوانەکانی شانۆی نەتەوایەتی نایەمەوە. جا بۆ ئەوەی دڵنەوایی خۆم بکەم، چەند پیەسێکم نووسین کە هەر هەموویان ڕەتکرانەوە. (هاریێت) بەگۆرەوی تۆڕیی و کراسی یەخەکراوەوە لە کارەکەی خۆی لە شانۆی سکالا بەردەوام بوو، ناچاریش بوو بەیتە شیعرێک بەگۆرانییەوە بڵێ: گەر (بێریمان) منی بوێ ئەوا بەخۆشحاڵییەوە جلک بەبەری خۆمەوە ناهێڵم.

لەو ماوەیەدا پێوەندیمان بەرەو خەراپی دەچوو. شەیتانگەلی دڵپیسییەکانی ڕابردووم ژەهراوییان کردبووین. من بۆ ئوتێلێکی گچکە، لە ژوور باڵەخانەی (سۆدرە تیاتێر)[1]ەوە گواستمەوە کە (لادیوگۆردس لاندێت) و (لیل- یانسسکۆگێن)[2] یان لێوە دیاربوو. لەوێدا لە هەستێکی تووڕەیی قووڵی ڕق لێهاتنەوەیەکی نائاسایی لە بەشەرییەت، فیلمێکم نووسی و ناوم نا (ئێوارەی لێبووکەکان).

1- Södra Teatern
2- Laduga˚rdslandet och Lill-Jansskogen



ئەوسا کە هەموو بەڕێوەبەری شانۆکانی پایتەخت دەسبەردارم ببوون و هیچ کامیان پێویستییان بەکاری من نەبوو، بانگێشتنامەیەکم لە شانۆی شاری (مالمیۆ)[3]ەوە پێگەیشت. (هاریێت)یش دامەزرا. بەبێ چ ئەفسووسێک بۆ باڵەخانەیەکی سێ ژووری لە ناوچەیەکی تازە ڕۆنراو لەسەر ڕێگای (لیمهامن)[4]، گواستمانەوە. چەند کەلوپەلێکی ماڵم کڕی و لە باڵەخانەکەدا دامانان.

ئیدی خۆمان بۆ شانۆ تەرخان کرد.

شانۆی شاری مالمیۆ لە ڕواڵەتدا دەزگایەکی ئاسایی و هاکەزایی بوو کە بۆ نمایشەکانی ئۆپێرا، بالێت، ئۆپەرێت و نواندن بەکاردەهێنرا: هۆڵێک زۆر گەورە و هەزار و حەوت سەد کورسی تێدا و ناونرابوو (بۆڕەی زل) Stora Bu، ئەویتریشیان زۆر گچکە و دوو سەد کورسی تێدا و ناونرابوو (جیکەی گچکە) Lilla Pip. ئەم پرۆژەیە بەرەنجامی بەریەککەوتنی هەرگیز لەگەڵ یەکدا هەڵنەکردووی نێوان شانۆ لە دڵی خەڵکدا ژیاوەکەی (پێر لیندبێری)[5]، و شانۆیەکی بازنەیی و دانیشتنی دیموکراتییانە و دونیابینی (کنیوت سترۆم)[6] بۆ شانۆی وێنەیی بوو، کە لە دونیابینی سینۆگرافیانەی ڕەوتی شانۆیی (مێیر هۆڵد) و (ڕێینهاردت)ەوە خولقێنرابوو. کێشەی سیستیمی دەنگ لەو شانۆیەدا گرێ کوێرە بوو. کۆنسێرتی ئۆرکێستراکان چەندین کەموکوڕی لە سەدادا تێدابوو، دەنگ بەهۆی کەوانە بیست و دوو مەترییەکەی پێشی شانۆکەوە، خەراپ بوو، ئۆپێرا و ئۆپێرێت بەهۆی دووریی مەودایان لە بینەرانەوە خەراپ بوون، بالێتەکە بەهۆی ڕایەڵە شیشی داڕووخاوی تەختەی شانۆکەوە بێ کەڵک بوو. ژمارەیەکی بەرچاو کارمەند، بەڵام بەمووچەیەکی کەم ئەم دێوەیان بەڕێوە دەبرد و لە ماوەی یەک ساڵدا بیست نمایشیان بەرهەم دەهێنان. بەڕێوەبەرە دیکتاتۆرەکەی ئەم شانۆیە ناوی Lars-Levi Laestadius و ڕاستەوخۆ لە کارەکەی خۆیەوە وەک وەعزدەرێکی بەرگریکەر لە زیندووبوونەوە(*)، بۆ بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە گوێزرابۆوە. وی کەسێکی خوێندەوار، خودان ئەزموون، سەرچڵ و بەتەرزێکی شێتانە خۆپەرست بوو. ئەم پێکهاتەیەش بۆ بەڕێوەبەرێکی شانۆ شتێک نییە شایانی سەرزەنشت بێ.

3- Malmö Stadsteater
4- Limhamn
5- Per Lindberg
6- Knut Ström

(*) مەبەست لە زیندووبوونەوەی مەسیحە. و.ک

ئەو هەشت ساڵەی ژیانم لە شانۆی شاری مالمیۆ لە باشترین ساڵەکانی ژیانمە. زستانان سێ نمایشم ئامادە دەکردن و هاوینانیش فیلمێک یاخود دوو فیلم. دەستم کراوە، ژیانی تایبەتیم بەشێوەیەکی پراکتیکی کۆتایی پێ هاتبوو، لە ناوەوەمڕا ژیانێک دەژیام لە هەوڵی پێکەوەیی، لەوێدا هەموو شتێک ئاراستەی ئەوە کرابوو تا دێوەکەمان بەنمایشی شانۆیی خۆراک بدەم. بەو هۆیەش کە شانم بەکاری ئیداریی قورس نەکرابوو، ئازادانە خۆم بۆ ڕۆچوون بەنێو پیشەکەمدا تەرخان کرد.

شانۆکەمان وردە وردە بووە جێگای گرنگیپێدان، ئەکتەرە بەنێوبانگەکان تایبەتمەندیی ئەوەیان بۆ دەردەکەوت کە شانۆیی جیددی لە زستاناندا پێشکەش بکەن و هاوینانیش بەشداری لە فیلمەکانی بێریماندا بکەن. گرووپەکەمان لەبواری نواندندا هەنگاوی باشی هەڵێنا. جورئەتمان نواند زیاتر لە دونیای درامادا ڕۆبچین.

گەر کەسێک بەخەیاڵیدا هاتبا و پرسیبای بۆچی ئێمە خەریکی شانۆین یاخۆ چ ئامانجگەلێک پاڵنەرمانن، ئەوا دەشێ چ وەڵامێکمان پێ نەبووبێت.

ناتوانم چ ئامانجگەلێکی سیاسی، ئاینی یاخۆ ڕووناکبیریی وەبیر خۆم بێنمەوە کە ببوونە هەوێنی ئەو سێزدە نمایشەی لە مالمیۆ پێشکەشم کردن. دەمزانی شانۆ گەرەکی بەبەرنامەیە و ئیدی ئەوە شتێکی بێ مانایە کە لە شانۆی گەورەدا " کاڤیار بۆ جووتیاران دانرێت " ئەرکەکە بریتییە لەوەی کارێکی شانۆیی باوەڕپێهێنەر و کاریگەر نمایش بکرێت.

هەروەها گرنگ بوو خودی هۆڵەکە وا لێ بکرێت بۆ نواندن بشێت. لەمیانەی ئەزموونەوە گەیشتینە ئەوەی جێگەیەک لە تەختەی شانۆکەدا، نزیکەی بەمەودای مەترێک لە شوێنی مولەقینی دەق[7]ەکەوە، خودان کەڵکی بینین و بیستنە و دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێت. لەم خاڵەوە مرۆڤ دەیتوانی چەند مەتر بەملاو لادا و چەند مەترێکیش بەرەو قووڵایی بجووڵێت: بەم جۆرە ئێمە لاکێشەیەکمان وەدەست دەهێنا کە شەش مەتر پان و چوار مەتر قووڵ بوو. لە دەرەوەی ئەم ڕووبەری نواندنەدا توانای ئەکتەرەکان بۆ کارتێکردن لە بینەران بەخێرایی کەم دەبۆوە. لە ڕووبەرێکی نمایشدا کە بیست و دوو مەتر فراوان و سی و شەش مەتر قووڵایی هەبێت (ڕووبەری سووڕاوەی نمایشەکە تا نیوە ڕێگای شاری یستاد دەڕوات) واتە فەزایەک کە بۆ نواندن بشێت، بیست و دوو مەتر دووجا بوو.

هەروەها ناچاربووین ئەملاو لای تەلاری نمایشەکە بەپەردەی جووڵاو کەم کەینەوە. تا

7- sufflör



جێگەی کەمتر لە هەزار کەسی تێدا ببێتەوە. کەلوپەل و ئەشیاکانی تەختەی شانۆکە خەراپ و کۆن بوون، ئامرازگەلی مۆدێرنی ڕووناکی، کە بەکەشتییەکی بارهەڵگری ئەڵمانیایی هاتبوو، کەشتییەکە پێکراو و هەنووکە لە بنی زەریاچەی ئۆستێر[8] دا ڕۆچوو بوو، بۆیە بەشێوەیەکی کاتیی بەئامرازگەلی لە ساڵی ١٩١٤دا دروست کرا و، قەرەبوو کرابۆوە. کارمەندە تەکنیکییەکان گەلێک شەکەت بوون، ژمارەیان کەم و تا ڕادەیەک بەدمەستیش بوون. بێ گومان کەسانێکیش هەبوون ژیانی خۆیان و تەندروستیی خۆیان دەڕەتاند تا کاری ئەم گرووپە ئاڵۆزەی ئێمە بەرەو پێشەوە بچێت.

هەموو بەیانییەک من لەکاتی خۆیدا و لە سەعات هەشت و نیودا دەگەیشتمە شانۆ. لە چێشتخانەی شانۆکە بەرچاییمان دەکرد و بەرچاییەکەش بریتی بوو لە شەش پسکیت و کوپێک چا. لە سەعات دە و نیوەوە پرۆڤەمان دەکرد تا سەعات یەک، گۆشتی ڕانی بەراز و هێلکەمان دەخوارد و کوپێک قاوەی خەستمان بەسەردا دەکرد و ئیدی تا سەعات چوار بەردەوام دەبووین، کۆبوونەوەم پێ دەکردن، دەرسم لە قوتابخانەی شانۆ دەگوتەوە و سیناریۆم دەنووسی، لەسەر کورسییەکەم وەنەوزێکم دەدا، شێومان لە هۆڵی شانۆکە دەکرد کە هەمیشە گۆشتی سوور بوو لەگەڵ پەتاتەیەکدا، کاری ڕۆژی داهاتووم ئامادە دەکرد، ئەرکی ماڵەوەم دەخوێندەوە یاخۆ کۆنترۆڵی نمایشەکەمم دەکرد.

ئەوسا کە (هاریێت) میکیاژەکەی دەسڕی و خۆی دەگۆڕی، بۆ ماڵەوە دەگەڕاینەوە و دەنووستین. چ شتێکی ئەوتۆمان نەبوو بەیەکدی بڵێین. زۆر جاران سەفەرم بۆ ستۆکهۆڵم دەکرد تا کار لە فیلمگەلی ئامادە یاخۆ فیلمگەلی پلان بۆ دانراودا بکەم، لەوێ لە باڵەخانە یەک ژوورییەکەمدا لە (گرێڤتورێ گاتان) دەژیام، فراوینم لە ستۆدیۆی فیلم دەکرد و شێویشم لە ژوانگە هەمیشەییەکەمدا. من دوو پانتۆڵ، ژمارەیەک کراسی فلانێل، جلکی شی بووەوەی ژێرەوە، سێ چاکەت و دوو جووت پێڵاوم هەبوون. ژیانێکی پراکتیکی و هاکەزایی. گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە ئازاری ویژدان نازکردنە، لەبەرئەوەی عەزابی من هەرگیز نەیتوانیوە ئەو زەرەرانە قەرەبووکاتەوە کە لێم کەوتوون. دەشێ پرۆسێسگەلێکی دوورەدەست لە ناوەوەڕا ڕوویدابێت. ئاخر من هەوکردنێکی درێژخایەنی گەدە، هەوکردنی ڕیخۆڵە، برینی گەدەم هەبوون، زوربەی جاران دەڕشامەوە و گرژیی بۆژۆکەری گەدەم هەبوو کە زگچوونی بەدوادا دەهات. لە پاییزی ساڵی ١٩٥٥ دا،

8- Östersjön

دوای وێنەگرتنی فیلمی (زەردەخەنەی شەوێکی هاوین)، کێشم پەنجاوشەش کیلۆ و لەبەرئەوەی گومانی ئەوە دەکرا دووچاری شێرپەنجە بووبم، لە خەستەخانەی کارۆلینسکا خەوێنرام. بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن (دۆسێنت ستیورێ هێلەندێر)[٩]ەوە فەحس کرام. وی پاش نیوەڕۆیەک کە بەرەنجامی لیزەرەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هاتە ژوورەکەم. دانیشت و ئارامانە کەوتە شرۆڤەکردنی ورد. نەخۆشییەکەمی بەپسیکۆسۆمات[١٠] ڕاڤە کرد و گێڕایەوە کە هەر ئێستا دەستی کردووە بەلێکۆڵینەوەی جیددی لە بارەی ئەم ناوچە تاریک و ڕووناکەوە، ناوچەی سنووریی نێوان جەستە و ڕۆح. ئامۆژگاری کردم شیری ترش بخۆم، ئەوە ئامۆژگارییەک بوو ئیدی لەو کاتەوە بەگوێیم کرد. ئەو پێی وابوو من ئازار بەجۆرێک لە کاردانەوەگەلی ئەلەرژیکییەوە دەچێژم و دەبێ بەکاوەخۆ بچمە پێش بۆ ئەوەی ئەو شتە دەستنیشانکەم کە دەرەقەتی دێم و ئەوەش کە دەرەقەتی نایەم. وی بەتوانا، میهرەبانیی و حیکمەت پرشنگی دەدا. ئێمە بووینە هاوڕێی یەکدی.

(ڤیکتۆر خیۆسترۆم)[١١]م قایل کرد تا ڕۆڵی سەرەکی لە (جێگای تووی فەڕەنگی کێوی)[١٢]دا ببینێت. پێشتر پێکەوە لە فیلمی (بە شادیی)[١٣]دا کارمان کردبوو بەبێ ئەوەی هیچ کاممان هەست بەپێداویستییەکی ناچارانە بۆ درێژەدان بەکارکردن لەگەڵ یەکدیدا بکات. ڤیکتۆر شەکەت و نەخۆش بوو، دەبوو هەموو مەرجەکانی بۆ کارکردن لەبەرچاو بگیرێن. لەو مەرجانە دەبوو من گفتم بدایەتێ هەموو ڕۆژێک سەعات چوار و نیوی ڕێک لەماڵەوە بێت بۆ خواردنەوەی پێکە ویسکییە هەمیشەییەکەی.

هاریکاری ئێمە بەتەرزێکی ترسناک دەستی پێ کرد. ڤیکتۆر تووڕە و منیش گرژ. ئەو بەزیادەڕۆییەوە ڕۆڵی دەبینی و منیش لەو بارەیەوە تێبینیم دەدایێ. ئیدی دەمودەست مۆنی دەکرد و خۆی دەکشانەوە، پاشان ڕوونی دەکردەوە کە بەدڵنیاییەوە کەسێکی تر هەیە دەتوانێ بەگوێرەی ڕێنماییەکانی من ئەم ڕۆڵە ببینێ و هەر ڕۆژێکیش بێت پزیشکەکەی بەڵگەنامەی نەخۆشی پێ دەدات.

9- Sture Helander

١٠- Psykosomatiska نەخۆشیی گەلێک کە نیشانەی جەستەیی بەڵام هۆکاری دەروونییان هەیە. و.ک

11- victor Sjöström

12- Smultronstället

13- Till glädje



کە کیژەکان دەهاتنە نواندنەوە، بارودۆخەکە گوڕی تێ دەکەوت و ڕووناک دەبۆوە. ئەم ئەفسوونگەرە پیرە ئیدی بەدەربڕینی سۆزی گاڵتەئامێزی ئەو خانمانە دەکەوتە هەوای خۆی، موغازەلەی دەکردن، گوڵ و دیاری گچکەی بۆ دەکڕین. جارێکیان بەنهێنی و بەشێوەیەکی تایبەتی وێنەی (بیبی ئەندێرسۆن)[١٤]م گرت کە جلکێکی یەخەکراوەی لەبەردا و لە کەناری مێرگێکدا دانیشتبوو، تووت فەرەنگیی دەکرد بەدەمی (ڤیکتۆر)ەوە. ڤیکتۆر گازی لە پەنجەی بیبی دەگرت و ئیدی هەردووکیان دەیاندا لە قاقای پێکەنین، ئەو خانمە جاحێڵە نازی دەفرۆشت و شێرە پیرەش بەئاشکرا لەزەتی لەوە دەبرد.

لە وچانەکاندا ئەڵقەیەکمان بەدەوری ڤیکتۆردا دروست دەکرد. وەکی منداڵی پەیجۆر داوامان لێ دەکرد لە بارەی ڕابردوویەوە، لە بارەی کارەکەیەوە، لە بارەی دەرهێنەرەکانی ترەوە، لە بارەی (ستیللێر)[١٥]ەوە، لە بارەی (چارلێس ماگنیۆسۆن)[١٦]ەوە، لە بارەی ئەکتەرانەوە، لە بارەی شاری دێرینی فیلمەوە بۆمان بدوێ. وی پەرۆش و گەرموگوڕ دەکەوتە گێڕانەوە. دانی بەوە دادەنا کە زۆر جاران لە نائومێدییدا چ وشەیەکی بۆ دەربڕینی ڕای خۆی نەهێناوەتە سەر زوبان. ئەوسا خۆی گۆشەگیر کردووە و سەری بەدیوارێکدا ماڵیوە. کاتێ هاتۆتەوە سەر خۆی، ئەوسا بەئاوساوییەک لە پشتی سەر یاخۆ نێوچەوانیدا بۆ نواندنەکەی گەڕاوەتەوە. ئەو هەرگیز پێی وانەبوو (ئینگیبۆری هۆلم)[١٧]، (Körkarlen) یان (ئەوەی کە زللەی خوارد)[١٨] بەشێوەیەکی تایبەتی کارگەلی نایاب بووبن. وی چەندین جار ڕووبەڕووی شکست ببۆوە و لە کەمیی دەستڕەنگینی و هێوریی لەخۆیدا تووڕەبوو. هەمیشە بەئامادەیی درەوشاوەی (ستیللێر) سەرسام بووە و هەرگیزیش خەونی بەوەوە نەبینیوە خۆی لەتەک ئەو هاوکارەیدا بەراوردکات. گێڕایەوە کە ئەو زۆر ورد بووە لەوەدا ئەکتەرەکان لە فیلمی بێ دەنگدا ئەو وشانە دەربڕن کە پاشان لە تێکستی سەر شاشەکەدا وەدیار دەکەون. کەڕ و لاڵگەلێک کە بەلێو شت دەخوێننەوە، تووڕە دەبن گەر تێکستەکان شتێک بڵێن و ئەکتەرەکانیش تەواوێک شتێکی تر.

ڕاشکاوانە لە بارەی ئەڤینیی خۆی بۆ هاوسەرەکەی و درامای پشت درامای (بێری-

14- Bibi Andersson

15- Stiller

16- Charles Magnusson

17- Ingeborg Holm

18- Han som fick örfilarna

ئیڤیند و ژنەکەی)[19] دەدوا. کتوپڕ بێ دەنگی باڵی بەسەردا دەکێشا، دەچووە لاوە و دوور دەکەوتەوە، ڕوخساری دەبووە دەمامکێک لە عەزاب.

وێنەگرتن بەسەرکەوتوویی دەچووە پێش و ئیدی دەبوو ڕۆژێک دیمەنی کۆتایی وێنە بگرین: عیشقی جحێڵیی (ئیساک بۆری)[20]، وی بەرەو لای گردۆڵکەیەکی هەتاویی دەبات. دوورتر ئەو دەتوانێت دایکی و باوکی ببینێت کە دەستی بۆ ڕادەوەشێنن. ئێمە جێگایەکمان لە شاری فیلم هەڵبژاردبوو. سەعات پێنجی عەسر هەتاو دەکەوتە سەر چیمەنەکە و دارستانەکەی تاریک دەکرد. (ڤیکتۆر) تووڕە و شەڕانگێز ببوو. گفتەکەی بەیاد دەهێنامەوە: سەعات چوار و نیوی ڕێک، واتە ماڵەوە و ویسکی خواردنەوەکەی. من لێی پاڕامەوە. چ کەڵکی نەبوو. ئەو پێی دادەگرت. چارەکێک دواتر گەڕایەوە و گوتی: ئەرێ ئەو دیمەنە نەفرەتییانە وێنە نەگرین؟

وی چ خولقی باشتر نەببوو بەڵام ئەرکی خۆی بەجێ هێنا. ئەوسا کە لەگەڵ (بیبی ئەندێرسۆن)دا بەسەر گژوگیا بەهەتاو ڕووناکبووەکەدا دەڕۆیشت، لەبەرخۆیەوە کەوتبووە بڵمەبڵم و هەموو جۆرە هەوڵێکی دۆستانەی ڕەت دەکردەوە. گرتەی نزیکمان وێنەگرت و ئەویش چووە قوژبنێکەوە، دانیشت و سەری لە نێوان شانیدا ڕۆ برد. پێشنیاری خواردنەوەی پێکێک ویسکی لە جێگای وێنەگرتندا، سووکایەتی ئامێزانە ڕەت کرایەوە. ئەوسا کە هەموو شتێک ئامادەبوو، بەلەتردانەوە هات، یەکێک لە یاریدەدەرەکان کەوتەخۆ بۆ یارمەتیدانی، خولقە خەراپەکەی شەکەتی کردبوو. کامێرا جووڵاو کلاکێت لەیەک درا. لەناکاوێکڕا ڕووی کرایەوە، ڕوخساری بووە ڕوخسارێکی نەرم، بۆ خۆیشی میهرەبان و هێور بۆوە. ئەوە ساتەوەختێک بوو لە لێبووردن. کامێراش لەوێ بوو. کامێرا وێنەی گرت. لابۆراتور[21]یش، دیمەنەکەی نەسڕییەوە.

دوای ماوەیەکی زۆر تێگەیشتم کە هەرا هەرای (ڤیکتۆر) لە بارەی گفتی من بۆ خواردنەوەکەی سەعات چوار و نیو و تووڕەیییەکەی تافی پیریی، تەنێ ترسێکی کۆنترۆڵنەکراو بووە لەوەی ئیدی دەرەقەت نەیەت، ترس بووە لە شەکەتبوونی تەواو یان پێ نەمان یاخۆ خەڵەفان: نامەوێ، ناتوانم، ئەوانە مافی ئەوەیان نییە داوا بکەن، من ئەو ڕۆڵە نابینم، من فریوم خوارد، من ئیغوا کرام، نا .. جارێکی تر نابێ ئەوە ڕوو بدات، ئەم

١٩- Berg-Ejvind och hans hustru یەکێک لە فیلمە کلاسیکییەکانی ڤیکتۆر خیۆسترۆم.
20- Isak Borg
٢١- laborator تاقیگەی شتنەوەی فیلم.



ترسە، ئەم دەرەقەت نەهاتنە، نا، نابێ جارێکی تر ئەوە ڕوو بدات، ناچار نیم، لەوە زیاتر نا، کەس ناتوانێ ناچارم کات، من پیر و شەکەتم، ئەمە هەمووی بێ مانایە، ئاخر ئەم عەزابە بۆ؟ دەک بەنەفرەت بن، دەمەوێ تەنیابم، من کاری خۆم کردووە، ئازاردانی مرۆڤێکی نەخۆش شتێکی دڵڕەقانەیە، من دەرەقەتی ئەوە نایەم، نابێ جارێکی تر ئەوە ڕوو بدات، گوو بەگۆڕی وێنەگرتنە نەفرەتییەکەتان، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوێ دەڕۆم و هەوڵی خۆم دەدەم. ئەوان دەبێ سەرزەنشتی خۆیان بکەن. ئاخر ئەوە شتێکی باش نابێ، ئەوە ناتوانێ شتێکی باش بێ. دەچم بۆ ئەوێ و پێیان دەسەلمێنم ئیتر من ناتوانم، ئیتر دەرەقەت نایەم. بەو تووڵە سەگە نەفرەتییەی دەسەلمێنم کە مرۆڤ نابێ چۆنی بوویت ئاوها مامەڵەی خەڵکانی پیر و نەخۆش بکات. ئەو دەبێ بێ توانایی کەسێکی وەک من بسەلمێنێت، منێک کە ئەو پێیوایە وەک یەکەمین ڕۆژی وێنەگرتن کار دەکەم.

دەشێ ئەو ئەکتەرە پیرە ئاوها بیری کردبێتەوە. من ئەمڕۆ دەتوانم لە هۆکاری تووڕەیی وی حاڵی ببم، لەبەرئەوەی تا ڕادەیەک خۆم لە هەمان تەنگژەکەی ئەودا هەست پێ دەکەم. ئاخر هەموو یارییە خۆشەکان، بەبێ گەڕانەوە ڕۆیشتن و ئاوابوون و بێزاری، چرچولۆچی لەسەر ڕوخسار نەخشاندووە. ترس لە بێ توانایی پەلامار دەدا و توانام تێکوپێک دەشکێنێت. جاران بەبێ بەربەست دەفڕیم و خەڵکانی ترم فێری فڕین دەکردن. ئەلعانیش پێویستم بەمتمانە و خواستی خەڵکانی تر هەیە، خەڵکانی تر دەبێ بەرزم بکەنەوە تا ئارەزووی فڕینم تێ بگەڕێت.

جاری دووەم کە دەستمان بەشانۆنامەی سەمای مەرگ کردەوە، تووشبوونی (ئاندێش ئێک) بەنەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن، سەلمێنرا. ئەو نەخۆشییە ئازارێکی قورسی دەوروژان و بەداووودەرمانی بەهێز هێوردەکرایەوە. هەموو جووڵەیەک، ئازاری دەدا. خاڵی لوتکەی دراماکە، (سەما لەگەڵ شمشێردا)، نەدەکرا پراکتیزە بکرێت، بۆیە ئەوە بۆ داهاتوو دواخرا چونکە پزیشکەکەی ئەندێش گفتێکی تەمومژاوی دابوو بەوەی گوایە لەتەک پێشڤەچوونی چارەسەرکردنەکەدا، ئازارەکەیش هێور دەبێتەوە. پرۆڤەکردنەکانمان سەیروسەمەرە بوون، سەعاتەکان تێدەپەڕین. هەمووومان پەیمان بەوە بردبوو پڕۆژەکە شتێکە جێبەجێ نابێت، بەڵام من لەبەر هۆگەلی سروشتی حەزم نەدەکرد (ئەندێش ئێک) لە کارەکە بکشێتەوە. ئەویش وای نەکرد.

ئێمە لەسەرەتای دەیەی چلەوە شان بەشانی یەکدی کارمان کردبوو. شەڕمان ببوو، جنێومان بەیەکتر دابوو، ئاشت ببووینەوە، هەمدیس بەشەڕ هاتبووینەوە، لە ساتەوەختی

تووڕەییدا لەیەکتر جیابووینەوە، پاشان پەژێوان بووینەوە و لە سەرەتاوە تێهەڵچووبووینەوە. (سەمای مەرگ) دەبوو خاڵی باڵای هاریکاریکردنی پێکەوەییمان بێ. هاوڕێیانی تری کارەکە لە کانزا گرانبەهاکان بوون: (مارگرێتا کروک) و (یان-ئۆلۆف ستراندبێری).

هەنووکە من بەترس و نیگەرانییەوە (ئەندێش ئێک)م دەبینی لە کەسێتی (کاپیتان)[22] دا، گرەوی لەسەر ترسی خۆی لەگەڵ مردندا دەکرد و لەوێدا شوناسی خۆی دەدۆزییەوە. وشەکانی ستریندبێری کە هێڵە گشتییەکانی نەخۆشێکی بەدبەخت، جۆرێک لەویسواسێکی پێکەنیناوی لە دەربڕینی (ئەندێش ئێک)دا ببووە تۆقینێکی ستۆیسکیی سامورایی دان بەخۆداگرتوو بەڵام ڕێگەی خۆ شەقکردوو. ئیدی ئەمە ترسناک، شەرمهێن و نائومێدانە بوو، ئیدی کاری شانۆ دەبووە شتێکی گاڵتەجاڕانە.

بەیانییەکیان بۆ ژووری خۆگۆڕینی (ئەندێش ئێک) بانگ کرام. ئەو لە پشت مێزی ئارایشتەوە دانیشتبوو. دەستی لەسەر ڕووی مێزەکە دانابوو. ڕوخساری لە حەژمەت بێ خەوی و ئازار، خۆڵەمێشیی دەچۆوە و بەو ڕووناکییە پاییزییە بەچڕیی ڕووناک ببۆوە. وی پێی لەوەنا کە ئیدی ئەو خۆی بەدەستەوە داوە و بەکارهێنانی بەردەوامی بۆ حەبی ئازار، گوڕی نرخاندنی شتەکانی تێکوپێکداوە و ئەوی بەهەڵەدا بردووە. بەوجۆرە پەی بەوە بردبوو کە ترسی خۆی لە مردن بۆ وێناکردنی کەسێتی (کاپتن) بەکارهێناوە. خەمینانە سەرزەنشتی کردم کە من لەو بارەیەوە بێ دەنگ بووم.

من و ئەکتەرەکان لە نووسینگەی سینەماتۆگراف لە نهۆمی سەرەوەی باڵەخانە کۆنەکە، لەناوەوە لە حەوشەکە کۆبووینەوە. دەبوو لەبارەی (سۆناتای پاییز)[23]ەوە بدوێین. (ئینگرید بێرمان) ڕۆڵەکەی خۆی بەدەنگێکی گڕ و بەجووڵە و دەربڕینەوە دەخوێندەوە. وی پێشتر لەبەر ئاوێنەدا پرۆڤەی خۆی کردبوو و بڕیاریشی دابوو دەبێ چۆناوچۆنی ڕۆڵی خۆی ببینێت. ئەوە شۆکێک بوو. ژانەسەر گرتمی و سکریپتانەکە بەقاڵدرمەکانا چووە دەرەوە و لە زەندەقچوویدا گریا: ئاخر لە دەیەی سییەکانەوە کەس گوێی لە ئاوها تۆنگەلی ساختە نەگرتبوو. ئەو ئەکتەرە ئەستێرەیە چاکسازی کردبوو لە دیالۆگەکانیدا و قایل نەدەبوو چ وشەیەکی ناشیرین ببێژێ.

22- Kaptenen
23- Höstsonaten



ئینگرید ڕوونی کردەوە کە چیرۆکەکە تا ڕادەیەک بێزەوەرە و پێویستە بەچەند دیالۆگێکی خۆش، سەرنجڕاکێش بکرێت: ئەرێ ئینگمار، بۆچی کاتێ دەنووسیت ئەوەندە بێزاریی وروژێنیت؟ خۆ دەتوانیت و لە تواناتدا هەیە وانەبیت و بەزەوق بیت. وی گوێی لە (پرێلیۆدی شۆپێن) کە ساتەوەختێکی باڵای لە بەشی یەکەمی فیلمەکەدا دەنواند، ڕادێرا، ئەوە یەکەمجار لەلایەن کیژەکەوە دەژەنرا و پاشان لەلایەن دایکەکەوە: خوای گەورە، ئاخر دەبێ مۆسیقایەکی ئاوها بێزەوەر دووجار بژەنرێت؟ بەڵام ئاخر ئینگمار ئەمە شتێکی ئاقڵانە نییە، بینەران خەویان لێ دەکەوێت، لانی کەم تۆ دەبوو شتێکی جوانتر و کورتترت هەڵبژاردبا، ئەمە بەڕادەیەک بێزەوەرە کەوا من هەر ئێستا خەریکە لە حەژمەت باوێشکدان گیانم دەردەچێت.

(ئینگرید بێرمان) ڕۆڵی پیانۆژەنێکی بەنێوبانگی دەبینی. هەموو پیانیستەکان دەشێ جگە لە (ڕۆبێن ستێین)[24]، پشت ئێشەیان هەبێ. ئەو پیانیستەی پشت ئێشەی هەبێت، حەز دەکات ڕێک لە ئەرزەکەدا پاڵکەوێت. من دەمویست ئینگرید لە یەکێک لە دیمەنەکانیدا لەسەر ئەرزەکە پاڵکەوێت. ئەو پێکەنی، گوتی: ئینگماری ئازیز، تۆ هەر تەواوێک شێتیت، ئاخر ئەمە دیمەنێکی جیددییە، دەی من ناتوانم دیمەنێکی جیددی بەڕاکشانەوە لەسەر ئەرزەکە بنوێنم، ئیدی ئەوە دەبێتە شتێکی گاڵتەجاڕ و بینەران پێمان پێدەکەنن. هەڵبەت من دەزانم لەم چیرۆکە خەمینەدا شتێک نییە پێکەنین بورووژێنێ. بەڵام ئەدی تۆ بۆچی گەرەکتە بەناچاری خەڵک لە شوێنێکی هەڵەدا بخەیتە پێکەنین؟ دەتوانیت پێم بڵێیت بۆ؟

وێنەگرتن بەشێوەیەکی ناڕەحەت دەستی پێ کرد. کۆمپانیای بیمە نەدەچووە ژێر باری ئەوەی بیمە بۆ ئینگرید بێرمان ئیمزا بکات لەبەرئەوەی نەشتەرگەریی شێرپەنجەی کردبوو. هەفتەیەک بەر لە دەستپێکردنی وێنەگرتن، لە لەندەنەوە، کە ئینگرێد بۆ کۆنترۆڵێکی ئاسایی نەخۆشییەکەی چوو بوو، پێمان ڕاگەیەنرا لووی تر لە جەستەیدا دۆزراوەتەوە و پێویستە دەسبەجێ بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریی نوێ و لیزەرکردن ئامادە بێت. ئەو گوتی گەرەکییەتی یەکەمجار فیلمەکەی تەواوکات، پاشان بەشێوەیەکی ئاسایی پرسیاری کرد کە ئەگەر بکرێت پەلە لە وێنەگرتنەکەی ویدا بکرێ و بەچەند ڕۆژێک تەواو بکرێت. گەر دەرکەوتبا ئەوە شتێکە نالوێ، ئەوا تا کاتی بڕیار لەسەردراو دەمایەوە.

ئینگرید وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو. ئەو بۆڵە

24- Rubinstein

بۆڵەی ڕۆژانی یەکەمی، بەهێرشی پرۆفێشیونالّیی ئازایانە گۆڕا. ئەو لەبەر کێماسیی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی لە مندا هێرشی کردە سەرم و ناچاری کردم ڕاشکاوانە ڕای خۆم بڵێیم. من ڕێک ئەوەم پێ گوت کە بڕوام وابوو، بەشەڕ هاتین و ئیدی لە هەموو ئەو جێگایەنەدا کە وی پێی باش نەبوو، بەکارەکەدا چووینەوە.

هاوکات ئینگرید دیاردەیەکی هەڵگۆزی کە هەرگیز لە ژیانی پیشەیی خۆیدا ڕووبەڕووی نەببۆوە. لەنێو ئەو هەموو ژنەی گرووپی فیلمەکەدا، کە ژنانێکی بەهێز، متمانە بەخۆ و خاوەن ئەزموون بوون لە ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتییاندا، جۆرە پێوەندییەک، جۆرە خوشکایەتییەک هەبوو. (کاتینکا فاراگۆ)، بەڕێوەبەری بەرهەم بوو، (ئینگێر پێرسۆن) بەرپرسیاری جلوبەرگ، (سیلا درۆت)، ماکێر، (سیلڤیا ئینگمارسۆن) مۆنتێر، (ئاننا ئاسپ) سێنۆگراف، (شێشتین ئێریکسدۆتێر) سکریپتان، (ئینگرید)ی هاوسەرم بەڕێوەبەری نووسینگە، (لیڤ ئوللمان) ئەکتەر. ئینگرید بەشوکرانەبژێرییەوە بۆ نێو ئەم هاوبەستەییە ڕاکێشرا و بۆ ماوەیەکی کورت توانی لە مەحەبەتێکی خوشکانەی ناهەستییدا ئارام بگرێت.

ئینگرید لە قوتوویەکی ژەنگاویدا، کە بۆ هەر شوێنێکی دونیا ڕۆیشتبا لەتەک خۆیدا دەیبرد، چەند پارچە فیلمێکی تافی منداڵی و جحێڵیی خۆی هەڵگرتبوون. باوکی فۆتۆگراف و هەندێ جار کامێرایەکی سینەمایی بەکرێ هێنابوو. لە ماوەی چواردە دەقیقەدا کە زەمەنی ئەو شریتی فیلمە بوو، کیژێکی گچکە وێنەگیرا بوو کە لەسەر ئەژنۆی دایکی دانیشتبوو، کیژێکی جحێڵی جلکی پرسەپۆش، لای قەبری دایکییەوە، کیژێکی لاواز لای پیانۆکەوە پێدەکەنێ و گۆرانی دەچڕێ، ژنێکی جحێڵ بەزەردەخەنەیەکی جوانەوە کە گوڵ لە گوڵخانەیەکدا ئاو دەدات. ئینگرید ترسی لەبزربوونی ئەو فیلمەی هەبوو. من دوای جۆرێک لە زەحمەت توانیم فیلمەکەی لێ بخوازم تا نێگەتیفی نوێ و کۆپیەی نوێ لەو شریتی نیتراتە کۆن و ترسناکە بگرمەوە.

ئینگرید تووڕە و بێ هەدادان لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا ڕووبەڕوو ببۆوە، بەڵام جەستە بەهێزەکەی تێکوپێک شکاو و زەینی داخورابوو. لە ستۆدیۆدا تا ئەوپەڕی خودان دیسپلین بوو. کاتێک بەربەرەکانی دەنواند، بەشێوەیەکی ئاسایی خۆی دەگونجاند و پاڵنەرێکی لە حەقیقەتی ئەوەدا دەبینییەوە کە کەسێکی تر بڕیاری دابا. بەیانییەکیان بەتوندی ئاوڕی دایەوە و یەک شەپازللەی لێدام (بۆ گاڵتە؟) و گوتی کە ئەگەر دەسبەجێ پێی نەڵێیم دیمەنەکە چۆن دەبێت، ئەوا تێکوپێکم دەشکێنێ. من کە لەو پەلامارە ناکاوەی ئەو،



تووڕەیی لەخۆوەی پێچام، وەڵامیم دایەوە کە سەد جار داوام لێ کردووە هیچ شتێک نەکات، ئاخر ئەوە ئاماتۆرە نەفرەتییەکانن کە بڕوایان وایە دەبێ لە هەر ساتەوەختێکدا شتێک بکەن. وی گاڵتەئامێز بەڵام توندوتیژ تانووتی لە نێوبانگم وەک ڕێنوێنی ئەکتەران لێ دام. منیش بەهەمان نەغمە وەڵامیم دایەوە کە حەیف بۆ ئەو دەرهێنەرانەی ناچاربوون بەهۆی توانای هونەرییەوە کاری لەگەڵدا بکەن. بەهەمان ستیل درێژەمان بەقسە پێ گوتنی یەکدی دا، پاشان پێکەنین و خۆمان کرد بەستۆدیۆکەدا کە لەوێ ئەوانی دی بەجۆرێک لە پەیجۆرییەوە چاوەڕێ بوون. ئینگرید هێور بۆوە، وەک بڵێیی چاوانی لەژێر زەبری گریاندا ئاوسابن، ئاخر دەمامکە ڕەقەکەی کەوتبووە خوارەوە و کامێراش عەزابی نیشتووی سەر ڕوخساری ئینسانێکی تۆمار دەکرد.

لە کاتی وێنەگرتندا فیلمێکی دۆکیومینتاریش ئەنجام درا کە ماوەکەی پێنج سەعات بوو. شەش مانگ دواتر ئینگرید بۆ دوورگەی (فۆرئۆ) بۆ سەردانم هات. پێی داگرت گەرەکییەتی فیلمە دۆکیومینتارەکە ببینێت کە هێشتا تەواو دەستی پێدا نەهێنرابوو. کە فیلمەکە تەواو بوو چەند دەقیقەیەک بەبێ دەنگی دانیشت، ئەوە لە ئینگریددا شتێک بوو نائاسایی. بەنەغمەیەک کە لاسایی ناکرێتەوە، گوتی: دەبوو من بەرلەوەی بکەوتمایەتە وێنەگرتن، ئەم فیلمەم بینیبا.

پاش نیوەڕۆیەک لەودیو دیکۆرەکەوە دانیشتبووین و چاوەڕێ بووین ڕووناکی ئامادە بکرێت. شوێنەکە نیوە تاریک و هەریەکەمان لە سووچێکدا لەسەر قەنەفەیەکی کۆنی چەرم دانیشتبووین. ئینگرید قلاّفەتێکی بەخۆوە گرت کە بۆ ئەکتەر شتێکی زۆر نائاساییە: چەند جارێک دەستی بەڕوخساریدا هێنا، ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و تەماشای کردم، بەبێ چ هاوڕێیەتییەک یان هەوڵێک بۆ دروستکردنی پێوەندی، گوتی: تۆ دەزانی من لە زەمەنێکی خوازراودا دەژیم (کتوپڕ زەردەخەنەیەکی هاتێ)... لە زەمەنێکی خوازراودا.

یەکێک لە گەورەترین ئەکتەرەکانمان لەمیانەی ساڵ و سەدەکاندا، کەسێتییەکی بلیمەت لە ناکۆتا پادشایان، قارەمانان، تاوانباران، ژیان درۆزنان، لێبوکگەلی هەزەلی، کەسێتییەکانی ستریندبێری و پادشایانی دی، یەک ڕیز لە سێبەرگەلی بەهێز لە دوایەوە، لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا دووچاری تەنگژەی سووڕانەوەی خوێن لە قاچی چەپیدا بوو. نەشتەرگەرییەکی بۆ پێویست بوو، بەڵام ئەو نەچووە ژێر بار و ترسی مەرگ لەخۆوەی پێچا.

بۆ ئەو شانۆ ژیان و، دراماتنیش ببووە دڵنیایی. هەنووکە تەنها چۆڵەوانی لەنێوان ئەو و مردندا هەبوو. سەرەڕای عەزابی سەخت، لە بینینی ڕۆڵەکانیدا بەردەوام بوو. دوای یەکەمین پێشکەشکردنی نمایشێک، من سوپاسیم کرد کە ئاوها سەرنجڕاکێش ڕۆڵەکەی خۆی بینی. وی لە ژووری خۆگۆڕینی خۆیدا دانیشتبوو، هێشتا میکیاژەکەی پێوە و قاچە دەردەدارەکەشی لەسەر کورسییەکە دانابوو، خۆیشی لە ڕۆبێکی پیسی حەمامەوە پێچابوو. بەرقێکی سارد، لە ئاوێنەی ماکیاژکردنەکەوە تەماشای کردم و گوتی: گوو بەگۆڕی خۆت و خۆ بردنە پێشەوەکانت. من دەزانم چی لەژێر سەرتایە.

پادشایان، تاوانباران، کەسێتییەکانی ستریندبێری، ژیان درۆزنان و لێبووکە هەزەلییەکان بەبێ دەنگی بەچواردەوری ئەودا ڕاوەستابوون، هەر لە منداڵیمەوە ئەوانم بینیبوو. ڕقی ئەکتەرەکە وەک شووشە ڕۆشن بوو. من بەڕێوەبەرێکی شانۆ بووم کە هەرگیز ستایش و بەهای منی وەدیار نەدەخست، بەڵکوو بەرازێکی تەڵەکەباز بوو کە ستۆدیۆکەی کردبووە ژووری فراوینکردن. کە ئەوی لە شانۆی گەورەوە بۆ شانۆی گچکە وەدەرنابوو، کە (شا لیر)ی پێ ڕەوا نەبینیبوو. من دەبوو بەهۆی قاچە شین و مۆرەکەیەوە سەرزەنشت کرابام، ئاخر ئەوە من بووم کە مەرگم لە ئەمباری کەلوپەلەکانەوە بەرەڵڵا کرد.

ئەوسا کە ڕۆڵەکان و نمایشەکان وردە وردە ڕاوەستان، ئەو خۆی گەیاندە شانۆ و کارێکی لەپاڵ تابلۆی ئاگادارییەکانا وەرگرت کە هەموو کەسێک دەرەقەتی کارێکی ئاوهایی دەهات. ئەو هەروەک (فیلۆکتێتێس)[٢٥] سەر و ڕیش نەتاشراو، خۆ نەشۆردوو و مەست، تووڕەیی لەخۆیەوە پێچا. بەترسێک کە لە چاوە شینە ئەفسووناوییەکانیدا پرشنگی دەدا، کەوتە ڕێگەپێگرتنی ڕێبواران، یەخەی دەگرتن و ڕقی خۆی بەسەر (هیتلەر - بێریمان)دا دەڕشت. بێ دەنگیی قووڵتر، سێبەرەکان چاویان نەبوون، ئاوێنەکە وردوخاش ببوو، پارچەکانی، چۆڵەوانییان پێچەوانە دەکردەوە. ئەو دەنگە چارشێوپۆشە ئاشنایە لەسەر پێپلیکانەکان دەنگی دەدایەوە، هەمووان گینگلیان دەدا، هەمووان دەمیان ببووە تەڵەی تەقیو و کەس وەڵامی نەدەدایەوە. ڕۆژ دوای ڕۆژ، لەوێ لە دوایەمین نمایشی ترسناکیدا لەسەر شانۆکە ڕاوەستا، جێگایەک کە لەوێ پادشای پادشایان بوو، ڕیزی سێبەرەکان گەمارۆیان دابوو. لاڵ بەڵام قسە ڕەوان: بێگانە، هاملێت، ریچاردی سێیەم. ئۆلاندێر. هیکۆری. باوک، برێندێل، کاپتێن ئێدگار. ئۆرین، جەیمیس تیرۆنێ، ئۆدیپۆس،

25- Filoktetes



پیوسی حەوتەم، ڤۆمیسەر، گوستاف ڤاسا، یۆران پێرسۆن، گیوبێن هیومێل، گوستاڤی سێیەم، کارڵی دوازدەیەم.

***

ڕاستەوخۆ لە شانۆی شاری (مالمیۆ) وە بۆ شانۆی دراماتن هاتم، سەرەڕای بوونی گرووپێکی بەتوانای ئەکتەران، توانیم نمایشێکی خەراپی (مەلی زەریا)[1] پێشکەشکەم، ئیدی داوای مەرەخەسیم کرد تا خۆم بۆ کاری فیلمسازی تەرخان کەم. لەناکاوێکرا خۆم وەک کەسێکی سەرکەوتوو بینییەوە، پارەیەکی باشم دەست دەکەوت و ئیدی خایلەی دابینکردنی خەرجیی خێزان و بەخێوکردنی، بەریدابووم.

هەنووکە ئەز لە ژیانی بووهیمییم شەکەت ببووم، (شێبی لارێتێی)[2]م هێنا، وی پیانسیتێک بوو لە ڕەوتی ناوبانگ دەرکردندا. بۆ ڤێللایەکی گەورە لە (یوشهۆلم)[3] گواستمانەوە کە نیازم وابوو لەوێدا ژیانێکی بۆرژوایییانەی باش ئۆرگانیزەکراو بژیم. هەموو ئەوە نمایشێکی نوێ و ئازایانە بوو کە بەخێرایی بەکارەساتێکی نوێ و ئازایانە گۆڕا. دوو مرۆڤ کەوتنە دوای شوناس و دڵنیایی، ڕۆڵەکانی یەکدییان دەنووسی کە بەپێداویستییەکی بەهێز ئەوەیان قەبووڵ کردبوو یەکتری بەختەوەر بکەن. دەمامکەکان بەیەکەم زریان کەوتنە سەر ئەرز و وردوخاش بوون. هیچ کامیان حەوسەڵەی تەماشاکردنی

1- Ma˚sen
2- Käbi Laretei
3- Djursholm



ڕوخساری ئەویتریانی نەبوو. هەردوو بەچاوانێکی تۆراو هاواریان دەکرد: تەماشام کە، ببینە. بەڵام هیچ کامیان نەیاندەبینی. هەوڵەکانیان بێهوودە بوون. دوو تەنیایی فاکتێک بوو، شکست و واقیعییەتێکی دان پیانەنراو بوو. پیانیستەکە لە سەفەرەکەی خۆی بەردەوام بوو، دەرهێنەرەکە دەرهێنانی دەکرد و منداڵەکەیش بەهێزێکی شارەزا سپێردرا بوو. لە ڕووکاری دەرەوە وێنەکە هاوسەرێتییەکی جێگیری نێوان هەردوو لایەنەکەی وێنا کردبوو. دیکۆرەکە بەسەلیقانە داڕێژراو و ڕووناکی بەباشی دامەزرابوو.

پاش نیوەڕۆیەکیان وەزیری بەڕێوەبردن تەلەفۆنی بۆ ژووری مۆنتاژ کرد و پرسیاری لێ کردم ئاخۆ دەخوازم ببمە بەڕێوەبەری دراماتن. یەکترمان بینی و دەسبەجێ خواستی خۆی خستە ڕوو. ئەو دەیویست شانۆیەکی مۆدێرن لە دراماتن بخوڵقێنم کە گەرچی دەزگایەکی درەوشاوە بوو بەڵام لە ڕووی ڕێکخراویی و کاروباری ئیدارییەوە کۆن بوو. من ئاماژەم بەوەدا کە ئەوە پارەیەکی زۆری تێدەچێت. وەزیر وەڵامی دامەوە ئەگەر من ئەوە بکەم ئەوا ئەو پارەیەی تێدا خەرج دەکات. نەزان لە وەفادارییی ڕێژەیی سیاسییەکان بەبەڵێنەکانیانەوە، داوام لێ نەکرد ئەو گفتەیم بۆ بخاتە سەر کاغەز، بەڵکوو دڵنیام کردەوە کە هەموو هەوڵێکی خۆم بۆ ئەو مەبەستە دەخەمە گەڕ، گەرچی ئەوە هاتوباتێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. وەزیر ئەوەی بەپڕۆگرامێکی نایاب لە قەڵەم دا و ئیدی من بوومە بەڕێوەبەری دراماتن.

وابزانم یەکەمین کاردانەوە لەنێو ئەو دەزگایەدا تا ڕادەیەک ئەرێنی بوو. گەرچی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی خەڵکانێکی بەدخوو بوون چونکە لەتەک بەڕێوەبەرە دەست لە کارکێشاوەکەی پێشوودا لەسەر دانانی کەسێکی تر بەبەڕێوەبەر ڕێککەوتبوون، بەڵام بوغزی خۆیان خواردەوە و بەئەدەبێکی بێ لایەنانەوە پێشوازییان کردم.

بەڕێوەبەرە دەست لەکارکێشاوەکەی پێشوو بەهۆکاری تاکتیکی، چەندێک کرابا، مەسەلەی خانەنشینیکردنەکەی خۆی بەنهێنیی دەهێشتەوە. بۆیە من تەنها شەش مانگم لەبەردەمدابوو تا یەکەمین وەرزی شانۆیی خۆم ئامادەکەم. جگە لەوەش من بەئەنجامدانی کارێکی گەورەی تەلەفیزیۆنی بۆ بەهار و فیلمێکیش بۆ هاوین، بەسترابوومەوە.

ئەو ڕێکخراوەی لە شانۆکەدا خرابووە ژێر دەسەڵاتمەوە بێ کەڵک و بێ کاریگەری بوو. (دراماتیۆرگ)[4] یی لە جێی نەبووان بوو. ئەو شەش دەرهێنەرە بەشێوەیەکی هەمیشەیی

٤- dramaturg ڕاوێژکاری شانۆیی، نووسەری شانۆیی، شارەزای شانۆ. و.ک

دامەزراوەش، ڕەوتێکی چاوەڕوانکارانەیان گرتبووەبەر. خوێندنەوەی دەق، دەستنیشانکردنی بەرنامەی کار، نووسینی گرێبەند و پلاندانان ببووە تا ڕادەیەک شتێکی لاکەوتە و ڕەقوتەق.

یەکەمین ڕێگەچارەی فەرمیی من بریتی بوو لە دیموکراتیزەکردنی پرۆسێسی بڕیارەکان. لەسەر مۆدێلی فیلهارمۆنیکەکانی ڤێنا، ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراوی پێنج کەسییم، کە هەر پێنجیان ئەکتەر بوون، دامەزراند. ئەو ئەنجوومەنە لەگەڵ بەڕێوەبەری شانۆدا، دەزگاکەیان بەڕێوە دەبرد، بەرپرسیاری ڕێپێرتوار[٥] بوون، ئەکتەرەکانیان دەستنیشان دەکردن و لەبینینی ڕۆڵەکاندا بەشدارییان دەکرد. دەبوو ئەوان تەواوێک لە کاروباری ئابووری و ئیداریی شانۆکە ئاگاداربن. لەکاتی دروستبوونی ڕای جیاوازدا لەسەر مەسەلەیەک، بەدەنگدان چارەسەر دەکرا و هەمووان بەبەڕێوەبەریشەوە، دەنگی خۆیان دەدا. ئەم ئەنجوومەنی نوێنەرایەتییە لەبەردەم گرووپەکەدا بەرپرسیاربوو. ئیدی بەو جۆرە، سیاسەتی ڕاڕەوەکان و پڕوپاگەندەی ساختە و چاڵ بۆ هەڵکەندن ڕادەماڵرا.

ئەکتەران بەجۆرێک لەخانەگومانیی، پێشنیارەکەی منیان وەرگرت. ئاخر هەمیشە خۆت لە هەڵوێستێکی پاسیڤدا بیت و گلەیی و گازەندەت لە بڕیاری خەڵکانی دی هەبێت خۆشترە لەوەی خۆت بەرپرسیارێتی هەڵگریت. زۆریان سەبارەت بەئەنجوومەنی ئەکتەرانمان دڕدۆنگ بوون، دڕدۆنگییەک کە بەزوویی ڕەوییەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی، ئەرکی خۆی لەکۆڵ بگرێ و بەتەرزێکی جیددی بەشداری لە سەرپەرشتیکردنی شانۆکەدا بکات. مرۆڤ دەیتوانی بەشێوەیەکی بابەتییانەی سەرسوڕهێنەر، چاو لە ئیمتیازاتەکانی خۆی و دیدگا تەنگ و خۆپەرستانەکانی بپۆشێت، مرۆڤ دەیتوانی بەوردبینیی و بەسیرەتێکی هاوسەنگەوە لە هاوکارەکانی بنۆڕێت. بەڕێوەبەرێک کە بەڕادەی پێویست بەهێز بێت بۆ هاریکاریکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیدا، کەڵکێکی بێ وێنەی لە پشتیوانی یان ڕەخنەکانیان وەردەگرت.

ئیدارە بەدەست کەمیی کارمەند و کاری زۆرەوە دەیناڵاند. سکرتێری بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنیش بوو. ئەتێلییەکانی جلوبەرگ لە هەڵوەشاندنەوەدا بوون. سینۆگرافە بەشێوەیەکی هەمیشەیی دامەزراوەکان، یان نەخۆش بوون یاخۆ خوویان بەخواردنەوەوە گرتبوو. پێوەندی[٦]، واتایەک بوو نامۆ.

٥- repertoar بەرنامەی کاری شانۆیی لە وەرزێکی دیاریکراودا. پێڕستی نمایشەکان. و.ک

6- kommunikation



لە خانەی دراماتن ڕێستۆرانێکی گەورە هەبوو کە بەهۆی خواردنە زۆر خەراپ و مشتەرییە گومان لێکراوەکانییەوە، ناوبانگی زڕابوو. لەتەک وەزیردا پێکەوە لۆکاڵەکانمان بەسەرکردنەوە. لە ژووری گۆشت جنیندا، کونی زێرابەکە گیرابوو، ئاوی زێراب بەچەند سانتیمەترێک لە ئەرزەکەدا پۆنگی خواردبۆوە و بەهۆی قێزەوەنیی جێگاکەوە کرمی قەڵەو و بۆر لەسەر کاشی دیوارەکانی، دروست ببوو.

ڕێستۆرانەکەمان بۆ دەرەوە گواستەوە و خۆیشمان چووینە ناوەوە.

هەموو شتێک کۆن، پیس، ناڕێکوپێک. نۆژەنکردنەوەکانی پێشوو بەحاڵ وەزعەکەی باشتر کردبوو. ئەوسا کە پارەکە تەواو ببوو، ئیدی ئەنجوومەنی ساختمان کارەکەی ڕاگرتبوو. بەو جۆرە لەبری ئەوەی بۆری هەوا هەڵمژ لە ساپیتەی دەرەوەدا دانرێن، بۆری هەوا گۆڕ لە یەکەمین ڕیزی ئاودەستەکانەوە، ڕێک لەودیو دووەمین ڕیزی هۆڵی هاتنەژوورەوە[٧] هاتبووە دەرێ. کە با بەهەندێک ئاراستەدا هەڵی دەکرد، ئیدی بۆگەن ئەو ناوەی دەتەنی.

لە ڕووی هونەریشەوە کێشەگەلی عەزابدەر هەبوون. یەکێک لە جیددیترین ئەو کێشانە ناوی (ئۆلۆف مولاندێر) بوو. وی لەمیانەی چەند دەیەیەکدا، گەورە مامۆستای شانۆ بووە و بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەتەک (ئاڵف خیۆبێری) دا، سەرگەرمی کێبەرکێکردنێکی هەمیشەیی ببوو. هەنووکە وی تەمەنی لە حەفتا بەرەو ژوور بوو. پیری، دڕدۆنگی و کاملّییویستی ئەوی چڕتر کردبۆوە و داوای لە ئەکتەران و هاوکارەکانی بێ ئەژمارتر کردبوو. وی مرۆڤێکی سەخت خودان عەزاب بوو کە عەزابی خەڵکانی تری دەدا.

بەرهەمەکانی ئەو لە هەموو کات و وادەکان لایان دەدا. بەهۆی خوڵقییەوە شانۆکەی خستبووە بارودۆخێکی تا ئامێزەوە کە چ داهێنەرانە نەبوو بەڵکوو ڕووخێنەرانە بوو. هیچکەس گومانی لە بلیمەتیی ئەو نەبوو، بەڵام تا دەهات خەڵکانی زیاتر لە هاریکاریکردنی دەتەکینەوە. لەئەنجوومەنەوە ڕاسپێردرام بە(ئۆلۆف مۆلاندێر) ڕاگەیەنم کە چالاکییەکانی لە دراماتن ڕاگیراوە.

بەنامە داوام لێ کرد یەکتر ببینین. ئەو پێی باش بوو بۆ ژووری کارەکەم بێت.

وەک هەمیشە کەشخە، قاتێکی باش ئوتووکراو، کراسێکی سپی ئاولەچاوهێنەری پۆشیبوو، بۆینباخێکی ڕەشی بەستبوو، پێڵاوی بۆیاخکراوی لەپێ کردبوون. نینۆکێکی

7- Foajé

درز بردوو لە دەستە سپییە جوانەکەیدا بوو کە کەمێک ناڕەحەتی کردبوو. ڕوانینە سارده ڕووناکەکەی لەسەر خاڵێک لەجێگەیەکی ئەوسەری گوێی ڕاستمدا نیشتەوە، سەرە قورسە سیزارییەکەی کەمێک لار، زەردەخەنەیەکی تاڕادەیەک هەست پێنەکراویش لەسەر لێوی نەخشی بوو.

هەڵوێستەکە قێزەوەن بوو. ئاخر (ئۆلۆف مولاندێر)، ئەو پیاوی شانۆیە بوو کە قوولترین سیحری شانۆی پیشان دابووم. من بەهۆی ئەوەوە یەکەمین و بەهێزترین خواستەکانی خۆم ناسیبوون. کتوپڕ پەیامەکەی ئەنجوومەن، کە ڕایانسپاردبووم بە(مۆلاندێر)ی بێژم، بەلامەوە وەک شتێکی مەحاڵ هاتە بەرچاو. وێڕای ئەوەش، ئەو کەوتە باسکردنی پلانەکانی بۆ وەرزی داهاتوو: (بەرەو دیمەشق)[٨]، هەرسێ بەشەکەی لە شانۆی گچکە، بەژمارەیەکی کەم ئەکتەر و تەنها سەکۆیەکەوە بۆ دیکۆر. کە دەدوا نینۆکە درز بردووەکەی بەپەنجە دەگرت. زەردەخەنەی دەهاتێ، ڕوانینی لەسەر دیوارەکە بریبوو. لەناکاوێکرا بەخەیاڵمدا هات کە ئەو هەستی کردووە چ لە دەوروبەریدا دەگوزەرێ، بەخەیاڵمدا هات گەرەکییەتی دیمەنێک وازی بکات تا هەموو شتەکان بەسۆتر بکەونە ڕوو. گوتم: دکتۆر مولاندێر، من پەیامێکی ئەنجومەنم پێیە پێتانی ڕابگەیەنم. بۆ یەکەمجار تەماشای کردم و قسەکەی پێبڕیم: دەڵێیت پەیامی ئەنجوومەنتان پێیە. ئەدی تۆ خۆت ڕات چییە؟ وەڵامیم دایەوە: منیش لەگەڵ ڕای ئەنجوومەندام. جەنابی بێرمیان، ئەدی هەنووکە ڕای ئێوە و ئەنجوومەن چییە؟ هەنووکە زەردەخەنەکەی تۆسقاڵێک زیاتر لە ناخەوەڕا بوو. دکتۆر مولاندێر، من ناچارم پێتان ڕاگەیەنم کە ئێوە لە وەرزی داهاتوودا چ نمایشێک بۆ ئەم شانۆیە بەرهەم ناهێنن. زەردەخەنەکە کوژایەوە، سەرە زلەکەی بەرەو لای ڕاست لار بۆوە، دەستە زۆر سپییەکەی هێشتا بەنینۆکە درزبردووەکەوە خەریک بوو. بەڕاست! بێ دەنگی باڵی کێشا. لە فیکرەوە چووم: ئاخر ئەم شتە ناچیزەیە و منیش وا خەریکە هەڵەیەکی کوشندە دەکەم. ئەم پیاوە لە دراماتندا دەمێنێتەوە تەنانەت گەر هەمووشمان تێکوپێک بشکێنێ. من هەڵە دەکەم. ئەمەی من دەیکەم هەڵەیە. هەڵەیەکی ترسناکە. ئەم بڕیارەی ئێوە کێشەتان بۆ دەنێتەوە. جەنابی بێرمیان بیرتان لەوە کردۆتەوە؟ گوتم: دکتۆر مولاندێر، ئێوە خۆتان بەرێوەبەری شانۆ بوون. هێندەی لە مێژووی شانۆ بزانم، ئێوەیش بڕیاری ناجۆرتان داوە. ئەو سەری لەقاند و زەردەخەنەی هاتێ. جەنابی بێرمیان، پێناچێ ڕۆژنامەکان ئەم هەنگاوەی ئێوە بەباش بنرخێنن. گوتم: دکتۆر مولاندێر،

٨- Till Damaskus یەکێک لە پییەسەکانی ستریندبێری. و.ک



من لە ڕۆژنامەکان ناترسم. من بەگشتی هیچ ترسێکی تایبەتیم نییە. تەماشای کردم و بەئارامی لێی پرسیم: ئاوها، ناترسیت؟ پیرۆزباییت لێدەکەم. گەر وابێت ئەوا فیلمەکانت داهێنراوی ئازایانەن.

بەخێرایی هەستا: هیچ شتێکی زیاترمان نییە بەیەکتری بڵێین. وایە؟ بیرم کردەوە: چما بڵێی بکرێ لە ئەووەڵەوە دەست پێبکرێتەوە و گوێ لەو بریندارکردنە بخەوێنرێت؟ نا... تازە ئیتر درەنگ بوو. تازە ئیتر من وەک بەرێوەبەری شانۆ، یەکەمین هەڵەی ترسناکی خۆم کرد. دەستی تۆقەم بۆ ڕایەڵ کرد. دەستی نەهێنا. گوتی: من خۆم نامە بۆ ئەنجوومەن دەنووسم. وای گوت و لێیدا ڕۆیشت.

وەک نەریت، بەرێوەبەری دراماتن ڕۆڵی لە هەموو بڕیارەکاندا هەیە، هەر لە بڕیاری گەورەوە تا گچکەترین. هەمیشە هەر وا بووە و هێشتاش هەر بەو شێوەیەیە، سەرەڕای وەرگرتنی بڕیاری هاوبەش و یەک تۆفان لە کۆبوونەوەی هاوبەش. شانۆی دراماتن دەزگایەکی دیکتاتۆرییانەی وایە کە چ هیوایەک بەگۆڕانکاری تێداکردنی نییە، دەزگایەکە کە بەرێوەبەرەکەی خودان ئەگەرگەلی گەورەیە بۆ فۆرماندنی چالاکییە دەرەکی و ناوەکییەکانی ئەو دەزگایە. من حەزم لە دەسەڵات بوو، ئەوە تامی خۆش و شتێک بوو ورووژێنەر. لەلایەکی ترەوە ژیانی تایبەتیم بەکارەساتێکی زۆر تێکچڕژاو گۆڕابوو، بەڵام لەمیانەی مانەوەمەوە لە سەعات هەشتی بەیانییەوە بۆ یازدەی شەو لەشانۆ، خۆم لەبیرکردنەوە لەو ژیانە دەدزییەوە. وێڕای ئەوە لە ماوەی ئەو چل و دوو مانگەدا کە بەرێوەبەر بووم، حەوت نمایشم پێشکەش کردن، دوو فیلمم دەرهێنان و چوار سیناریۆم نووسین.

هەوڵێکی زۆر خرابوونە گەڕ. لەماوەی ساڵێکدا بیست و دوو نمایشمان بەرهەم هێنا، نۆزدەیان لە شانۆی گەورە و شانۆی گچکە و سیانیشیان لە شانۆی چین[٩]، کە لەوێ بۆ جحێلان کارمان پێشکەش دەکردن.

مووچەی ئەکتەرەکان کەم بوو، من مووچەکەیانم بەتێکڕای لەسەدا چل زیاد کرد، لەبەرئەوەی پێموابوو، ئەکتەرێک وەک یاریدەدەری قەشە یان ئەسقەفێک بەکەڵکە. ڕۆژێکم لە هەفتەدا کردە پشوو کە لەو ڕۆژەدا پرۆڤە و نمایشکردن قەدەغە بوون. ئیدی ئەو ئەکتەرە ماندووانە دڵخۆش بوون و کەڵکیان لەو ڕۆژە بۆ حەوانەوە و کاری تایبەتیی خۆیان وەردەگرت.

9- Chinateatern

یەکەمجار، ڕیفۆرمەکانم بەبێ دەنگییەکی دڕدۆنگانە ڕووبەڕوو بۆوە، بەڵام بەرەی دژ خۆی بەتەرزێکی سوێدییانە و مۆن ڕێکخستبوو. بەڕێوەبەرانی هەموو شانۆکانی دیکەی وڵات لە (گیلێنێ ئیوتێرن)[10] کۆبوونەوە تا وتووێژ لەسەر ئەو ڕیفۆرمانە بکەن. شانۆیەک کە دەیویست بەخێرایی نەشەونما بکات، بەبەڵگەی ئاشکرا، کەوتە ڕەخنەکردنی خۆی. ئەو ڕەخنانە بۆ ڕۆژنامەکانی ئێواران دزەیان کرد. قوتابخانەی شانۆمان ڕەخنەی لێ گیرا لەبەرئەوەی لە شانۆی چین نمایشی کردووە، شانۆی منداڵانمان ڕەخنەی لێ گیرا لەبەرئەوەی لەشانۆی گەورە نمایشی کردووە. پێیان وابوو ئێمە زۆر زۆر، زۆر کەم، زۆر جار، بەدەگمەن، نمایشی زۆری کلاسیکی، نمایشی زۆری مۆدێرن پێشکەش دەکەین. سەرزەنشتی ئەوە دەکراین کە ئێمە شانۆی هاوچەرخی سوێدی نمایش ناکەین. ئەوسا کە شانۆی هاوچەرخی سوێدیمان نمایش دەکرد، دەکەوتنە وێزەی و نابووتیان دەکرد. هەموو ئەوە لەمیانەی سەدەکاندا بەدوای شانۆی نەتەوایەتیمانەوە بووە، ئەوە حەقیقەتێک بوو هیچی بەرامبەر نەدەکرا.

بەڕاستی نازانم ئەوە چۆناوچۆنی بوو، پێموایە ئەوە بەتەرزێکی شێتانە بەچێژ بوو، هاوکات ترسناک و بەچێژیش بوو. بیرم دێتەوە من زۆر جاران ترسێک تا ڕادەی ڕشانەوە دایدەگرتم، بەڵام لە هەمان کاتدا سووتێنەرانە پەیجۆر بووم بۆ هەر ڕۆژێکی نوێ. بیرمە چ تێکەڵەیەک لە هەستی شاگەشکەبوون و زیرەکردن لەخۆوەی دەپێچام کاتێ بەو پێپلیکانە دارینە باریکەدا بۆ ژووری سکرتێر و بەڕێوەبەر سەردەکەوتم. فێری ئەوەبووم کە هەموو شتێک مەسەلەی ژیان و مردنە بەڵام گرنگییەکی تایبەتیشی نییە، تێگەیشتم حاڵیی بوون و بەدحاڵیی بوون وەک جمکێکی تایلەندی بەتەنیشت یەکترییەوە دەڕۆن، تێگەیشتم کە ڕێژەی باو لە میحنەت، شتێکە بەهەژموونتر، تێگەیشتم کەمایەتی لە متمانە بەخۆبووندا خەتەرناکترین شتە، تێگەیشتم شکست دووچاری بەهێزترین دەبێ و بۆڵە بۆڵی ڕۆژانە وەکی تۆنێکی بەزرنگە لەدڵنیایی، لەمیانەی ساپیتە و دیوارەکانەوە دەڕوات: ئێمە هاوار دەکەین و بۆڵەبۆڵ دەکەین و شیکایەت دەکەین، بەڵام زۆربەی جار پێدەکەنین.

لە ڕوانگەیەکی وردی پیشەییەوە، ساڵەکانم وەک بەڕێوەبەری شانۆ بەهەدەر چوون. لەو ساڵانەدا من پێشڤە نەچووم، پێدا ڕانەگەیشتم بیربکەمەوە و لە دووی ڕێگەچارە

10- Gyllene Uttern



ئەزموونکراوەکاندا، بەرەو دواوە دەگەڕامەوە. کە سەردەکەوتمە سەر تەختەی شانۆ، سەعات دە و نیو بوو، سەرم پڕبوو لە کێشەکانی پێش نیوەڕۆی شانۆ. دوای پرۆڤە، وتووێژ و کۆبوونەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ لە چاوەڕێمدا بوون.

پێموایە (هێدا گابلێر)[11] ەکەی (ئیبسێن)[12]، تاقە بەرهەمێک بوو کە لێی قایل بووم. کارەکانی دی کاری خێرا بوون، کاری پینەکاری بوون. هۆکاری ئەوەی من خۆم بۆ (هێدا) تەرخان کرد ئەوە بوو، لە ڕاستیدا (گێرتریود فرید)[13]، کە یەکێک بوو لە ژنە زۆر بلیمەتەکانی شانۆی سوێدی، چ ڕۆڵێکی بۆ وەرزی پاییز پێ نەسپێردرابوو. من بەجۆرێک لە نائارەزوومەندییەوە دەستم دایە پیەسەکە. لەمیانەی کارکردن تیایدا، ڕوخساری شاعیر لەودیو دەمامکی بیناسازە نایابە شەکەتەکەوە وەدیارکەوت. پەیم بەوەبرد (ئیبسێن) لەنێو کەرەستەکانیدا، لە ڕاڤەکردنەکانیدا، لە دیمەنە تەواوێک هونەری، بەڵام بەشێوەیەکی وەسوەسە ئامێز ڕۆنراوەکانیدا، لەکۆتایی وەڵامەکانیدا، لە گۆرانییە یەک کەسی و دوو کەسییەکانیدا، ژیانێکی قورس و نائومێدانە دەژی. لەودیو ئەم هەموو خرتکەوپرتکە زۆرەوە، خۆسپاردنێکی ئەفسوونبوو هەیە کە زۆر لەوەی ستریندبێری لێژترە.

نزیک کۆتایی یەکەمین ساڵی نمایشەکانمان، میحنەتەکان دەستیان پێکرد. یەکەمین نمایشی دەرەوەی شانۆنامەی (سێ چەقۆ لە وێی ەوە)[14] کەی (هاری مارتینسۆن)[15]، کە لە فێستیڤاڵی ستۆکهۆڵمدا بەشێوەیەکی تەمومژاوی نمایش کرا، بووە شکستێکی ڕاستەقینە. چەند ڕۆژێک دواتر یەکەمین نمایشی فیلمە کۆمیدییەکەم (بۆ ئەوەی قسان لەبارەی ئەو هەموو ژنەوە نەکرێت)[16] بوو، کە شکستێکی قەناعەتپێکەر و شایستەی لێ کەوتەوە.

هاوینێکی گەرم بوو، نە من و نە ژنەکەشم کات یان ئارەزوومان نەبوو بەدوای خانوودا بگەڕێین تا پشووی هاوینەی تێدا بەرینە سەر. لە (یوشهۆڵم) ماینەوە، لە حەژمەت ئەو گەرما قورسە و خەمگینیی خۆمان لە پەلوپۆ کەوتبووین.

11- Hedda Gabler
12- Ibsen
13- Gertrud Fridh
14- Tre knivar fra˚n Wei
15- Harry Martinson
16- För att inte tala om alla dessa kvinnor

لە دەفتەری یادەوەرییە پچڕپچڕەکەمدا نووسیوومە: ژیان ڕێک هەمان ئەو بەهایەی هەیە کە مرۆڤ پێی دەبەخشێت. بێگومان ئەمە دەربڕینێکی هاکەزاییانەی خستنە ڕووی مەسەلەکانە. بۆ من ئەو ڕوانینە هێند بێ ڕۆح و نوێ بوو، کە نەمدەتوانی پراکتیزەی بکەم.

یاریدەدەرە هەمیشەییەکەم، کە بە(تیم)[17] بانگ دەکرا، هاوینێکی زەحمەتی گوزەراندبوو. وی پێشتر لە بالێتی شانۆی شاری مالمێۆ سەماکەربوو. بەهۆی کورتەبالآیی خۆیەوە، سەرەڕای لێهاتووییەکەی، چ ڕۆڵێکی گەورەی وەدەست نەهێنابوو. کە تەمەنی ببووە چل و دوو ساڵ، خانەنشین کرابوو. من وەک یاریدەدەرێک لای خۆم داممەزراند. دوای پێشڤەچوونە نێودەوڵەتییەکانم، ژیانی پراکتیکیم ئاڵۆز ببوو. دەبوو یەکێک وەڵامی تەلەفۆن بداتەوە و نامە بنووسێت، دەبوو یەکێک خەرجییەکان و تۆمارکردنەکان بگرێتە ئەستۆ، دەبوو یەکێک سەرپەرشتیی بنکەی دامەزراوەکە بکات، دەبوو یەکێک سەرئێشەی ئەوە لە ئەستۆ بگرێ کە ببێتە دەستە ڕاستی من. وی کەسێکی کەشخە و نێوچەوان بەرز، قژ ڕەنگکردوو، کەپوویەکی باریکی جوان، چاوانی شین و زەق و منداڵانە و برژانگی درێژ. دەمی هێڵێکی بێڕەنگ، بەڵام مۆن نەبوو. ئەو کەسێکی بەنەزاکەت، ئامادە وەڵام و خۆش خولق، وی ئەفسوون بەشانۆ بەڵام قێزی لە مامناوجێتی دەهاتەوە.

بەبەختەوەری لەتەک هاوڕێیەکی کوڕدا دەژیا کە ژنی هێنا و چەند منداڵێکی هەبوون. ژنی هاوڕێکەی کەسێکی ئاقڵ بوو، ڕوخسەتی ئەو پێوەندییەی پێداو و بگرە هانیشی دەدا. بۆ من (تیم) پێویست بوو، هاوڕێیەتییەکەمان بەشێوەیەکی ڕێژەیی، بەئاسایی مایەوە. لەناکاوێکڕا مەرگەسات بەشێوەیەکی ناچاوەڕوانکراو باڵی بەسەردا کێشا. هاوڕێکەی لە جێگایەکی ترەوە عاشق بوو. ئیدی (تیم) لەئامێزی دڵنیایی ئەو هاوخێزانیی و پێکەوەژیانە ڕێکوپێکە پەرتەوازە بوو. کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داو بەتوندی لەنێو زەلکاوی بەدمەستی، گیرۆدەبوون بەبەکارهێنانی حەپ و سێکسوالیتێت لە نامرۆڤانەترین شێوەیدا، ڕۆچوو. سۆز و نزیکایەتی بەبەرەڵایی، هەرزەیی و بەد کەڵک لێوەرگرتنێکی ڕاشکاوانە، گۆڕا. ئەو کوڕە ڕێکوپێک، وادەناس و بەرپرسیارێتی هەڵگرە، وای لێهات کە ئیدی کەمتەرخەمی لە ئەرکی خۆیدا دەنواند و بەئاشکرا لەگەڵ مەخلوقگەلی سەیروسەمەرەدا دەردەکەوت کە خەراپ مامەڵەیان دەکرد.

گا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دیار نەدەما، گا تەلەفۆنی دەکرد و بیانووی هەوکردنی گەدەی

17- Tim



بۆ نەهاتنی دەهێنایەوە، هەمیشە هەر هەوکردنی گەدە. ئامۆژگاریم کرد سەردانی پزیشکێکی دەروونی بکات – بەڵام هیچ شتێک سوودی نەبوو. چاوە گەورەکانی شەکەت و خوێنتێزاو، لێوە باریکەکەی خەم لەسەر نیشتووتر، ئارایشتکردنەکەی بێ باکانەتر، قژە ڕەنگکردووەکەی چین چین و جلکەکانی لە چڕیی دووکەڵی جگەرە و عەتردا بۆگەنی دەهات: وەفا لای هەتیوبازان نییە، ئاخر ئێمە ناتوانین منداڵ بخەینەوە، پێت وانییە من بووبێتمە دایکێکی تا ڕادەیەک باش؟ ئێمە ناچارین بەکەپوویەکی ڕۆچووەوە لە گوودا تا ڕادەی خنکان بژین. ڕێک سۆز و نزیکایەتی نییە، یان تۆ ڕات چییە؟ من باوەڕم بەڕزگاربوون نییە، نا، دەم پڕ و چەند دڵۆپێک شلەمەنی لە قووندا، ئەوە ئینجیلی منە. دەشێ بۆ ئێمە هەردووکمان باشتر بووبێت کە لە چ جۆرێک پێوەندیی جەستەییدا نەژیابایین. ئاخر ئەمە تەنێ دڵپیسی و دوژمنایەتی دەخولقێنێت، بەڵام هەڵبەت ئەوە شتێکی بێزەوەر بوو کە تۆ چکۆلانەترین هەوڵت نەدا. هەرچۆنێک بێ من لە تۆ سەروەتمەندترم، لەبەرئەوەی من هەردوو ژن و پیاویشم. وێڕای ئەوەش منی نەفرەتی زۆر لە تۆ زرنگترم. بەیانییەکی یەکشەممە (تیم) مرد لەکاتێکدا کە جلکی گەمەی لەبەردابوو بەوێنەی فیگۆری (کاللێ ئانک)[18]ەوە لەسەر بەربەرۆکەی موبەق و خەریکی بەرچایی ئامادەکردن بوو. لەجێگەی خۆیدا کەوت و بەلادا هات. ڕێی تێدەچێ لەماوەی چەند چرکەیەکدا گیانی دەرچووبێت. مردنێکی میهرەبان بۆ پیاوێکی چکۆلانەی ئازا کە زۆر لە مردن[19]ە بەڕوحمەکە زیاتر دەترسا وەک لە ژیانە دڕندەکە.

بۆ کۆرسەکەی (ئالشێستیس)[20]، (ئالف خیۆبێری) کیژە ئەکتەری جحێڵی بالآبەرزی هەڵبژاردن. لەنێو ئەو کیژانەدا (مارگەرێتا بیتستڕۆم)[21] هەبوو کە تازەکیی قوتابخانەی شانۆی تەواوکردبوو. هاوکات دەرهێنەرێکی دی ڕۆڵێکی گەورەی پێ بەخشیبوو. من بێ ئەوەی مشورەت بە(خیۆبێری) بکەم، سەربەخۆ ئەوم بۆ ئەوێ گوێزایەوە. بڕیارەکە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرایەتییەوە ڕەزامەندی لەسەرکرا و لیستی دەورەکان بەتابلۆی ئاگاداریدا هەڵواسرا. چەند سەعاتێک دواتر نەڕەیەک هاتە گوێ کە دەرگا دەبڵەکان و دیوارە کونبڕ و مەتر ئەستوورەکانی ژووری بەڕێوەبەری بڕی. پاشان زرمەیەک و نەڕەیەکی دی. (ئالف

١٨– kalleanka کالێی مراوی . فیگۆرێکی گەمە و چیرۆکی منداڵانە. و.ک
١٩– Döden یەکەمین وشەی ناوەکە بەپیتی گەورە نووسراوە.

20- Alkestis

21- Margaretha Byström

خیـۆبێری) هاتە ژوورەوە، ڕەنگپەڕیو و تووڕە، داوای کرد هەر ئەلعان دەبێ (مارگەرێتا بیستـرۆم) بگەڕێنمەوە. بۆم ڕوون کردەوە ئەوە شتێکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا ئەوە هەڵێکە و بۆ (مارگەرێتا) ڕەخساوە، جگە لەوەش من ناچمە ژێر فەرمانی هیچ کەسێکەوە. (خیـۆبێری) گوتی کە هەر ئێستا دەمم دەشکێنێ، من بۆ ئەودیو مێزی کۆبوونەوە کشامەوە و شتێکم لەبارەی ڕەوتاری جوتیارانەوە گوت. دەرهێنەری هەڵچوو وەڵامی دامەوە کە من هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بەربەرەکانی ئەوم کردووە و ئیتر جامی تووڕەییەکەی لێی دەڕژێت. بۆ لای چوومە پێشێ و داوام لێ کرد هەر ئێستا بفەرمووێ دەست بووەشێنێ گەر پێیوایە ئەو جۆرە ئەرگیومێنتە چ کەڵکێکی هەیە. زەردەخەنەیەکی ترسناکم لەسەر لێوم نەخشاند. (خیۆبێری) دەموچاو و لەشی دەلەرزین. قورس هەناسەی دەدا. گوتی ئێستا من دەبێ بەجۆرێک سەما بکەم کە کراسەکەم بەحەوادا بچێت. لە هەمان چرکەدا ئێمە هەردووکمان پەیمان بەو هەڵوێستە برد کە چەندێک شێتانە کۆمێدی بەڵام دوورە لە پێکەنین.

(خیۆبێری) لەسەر نێزیکترین کورسی دانیشت و بیری کردەوە کە ئاخۆ چۆن دوو مرۆڤی بەشێوەیەکی ڕێژەیی باش پەروەردەبوو، دەبێ ئاوها گێلانە هەڵسوکەوت بنوێنن. بەڵێنم پێدا ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ڕێگە بەگۆڕانکاریی بدەن ئەوا (مارگەرێتا بیستـرۆم)ی بدەمەوە. وی قـڵافەتێکی سووکایەتیئامێزی بەرپێگری بەخۆوەگرت و ژوورەکەی جێهێشت. جاری دواتر کە یەکتریمان بینییەوە لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە نەدواین. ئێمە جیاوازی جیددیمان لە هەردوو لایەنی هونەری و ئینسانییەوە لە ڕوانینەکانمانا هەبوو، بەڵام بەنەزاکەت و بێ بوغز ڕەوتارمان بەرامبەر یەکدی دەنواند.

لە ڕۆژەکانی جێژنی سەری ساڵی ١٩٣١ دا بۆ یەکەم جار سەردانی شانۆی دراماتنم کرد[٢٢] لەوێ نمایشی ئەفسانەئامێزی (کلاسی گەورە و کلاسی گچکە)[٢٣]، نووسینی Geijerstam پێشکەش دەکرا. دەرهێنەرەکەی (ئالف خیـۆبێری) تەمەن بیست و حەوت ساڵە بوو. ئەوە دووەمین کاری وی بوو. هەموو شتێکی ئەو نمایشەم بەوردەکارییەکانییەوە لەیادە، ڕووناکی، وێنەکان، خۆرهەڵاتن بەسەر (ئێلڤ)[٢٤]ە گچکەکاندا بەجلکی

٢٢- واتە ئەوکات بێریمان تەمەنی سیازدە ساڵان بووە. و. ک

23- Stor-Klas och Lill-Klas

٢٤- älva-or مەخڵوقگەلێکن لە ئەفسانەکانی وڵاتانی باکووردا، کە باوەڕ وایە لە ئێوارانداا لای مێرگەکانەوە سەما بکەن. ئێلڤا شازادە، ئێلڤا سەما. و. ک



خۆماڵییەوە، بەلەم لە ڕووبارەکەدا، کڵێسا کۆنەکە بە(قەدیس پێر)ەوە وەک دەرکەوان، خانووە بەشکراوەکە. من لە دووەمین ڕیزی نهۆمی سەرەوە، نزیک لە دەرگای هاتنە ژوورەوە دانیشتبووم.

هەندێ جار، لە دوایین سەعاتی بێ دەنگی نێوان پرۆڤە و ئێوارەدا، لە جێگاکەم دادەنیشم، ڕێگە بەخۆم دەدەم سۆزێکی نۆستالگییانە دامگرێ و لەتەک هەر لێدانێکی دڵدا هەست بکەم کە ئەم هۆڵە ناکردەیی و کاڵ و کوێرەوە بووە، ماڵی ڕاستەقینەی منە. ئەم ژوورە گەورەیە کە لە بێ دەنگییدا ڕاکشاوە و نیوە تاریکە - دوای دردۆنگییەکی زۆر بیرم کردەوە بنووسم: سەرەتا و کۆتایی و تا ڕادەیەک هەموو شتێک لەو نێوانەدایە. ئەمە زۆر گاڵتەجاڕییانە و زۆرپێوەنراو خۆی دەنوێنێ کاتێ بەوشەی ئاشکرایانە دەردەبڕدرێت، بەڵام ناتوانم گوزارشتێکی لەوە باشتر بدۆزمەوە، کەواتە با هەر ئاوها بێ: سەرەتا و کۆتایی و تا ڕادەیەک هەموو شتێک لەو نێوانەدایە.

(ئالف خیۆبێری) جارێکیان گێڕایەوە کە ئەو هەرگیز لەکاتی وێنەکێشانی ڕووبەری دیمەنەکاندا، بۆ داڕشتنی ڕەشنووسی وێنەی دیمەنێک، گەرەکی بەڕاستە نەبووە. دەستی، پێوانەی وردی ڕووبەرەکانی زانیوە.

بەو جۆرە ئەو لە یەکەمین نمایشییەوە وەک ئەکتەرێکی جاحێڵی ئارەزوومەند لەو ماڵەدا مایەوە، (ماریا شیلدکنیتچێت)[٢٥] گوتی: خیۆبێری ئەکتەرێکی جحێڵی زۆر بەهرەوەر بووە، بەڵام هێند نارەسەن و تەمەڵ بووە کە ئیتر بۆتە دەرهێنەر. وی تا مردنی لەو ماڵەدا مایەوە، شانۆکانی دی دوو یان سێ جار میوانداریيان کرد، بەڵام ئەو لە ماڵەکەدا مایەوە، جێگەیەک کە تیایدا بووە پادشا و زیندانی. من پێموانییە هەرگیز کەسێکم ناسیبێ بەخودێکی هێند لە ناکۆکیگەلی بەزەبرو زەنگی ڕاشکاوانەوە: ڕوخساری دەمامکی کاسپەرێکی پیشان دەدا کە لەوێدا هەموو شتێک بەحەز و ئەفسوونێکی سەرچڵانە کۆنترۆڵ کرابوو. لەودیو ئەو تایبەتمەندییە شێلگیرە ئامادەیەیەوە نادڵنیایی کۆمەڵایەتی، عەزابی ڕۆشنبیرانە، تێگەیشتنێکی قووڵ لە خۆ، خۆفریودان، ئازایەتی و ترسنۆکی، خوڵقی ڕەش و جیددییەتێکی بکوژ، میهرەبانی و دڵڕەقی، بێ حەوسەڵەیی و ئارامییەکی بێ پایان لە جەنگ یاخۆ هاواهەنگیدا بوون. وەک هەموو دەرهێنەرانی دی، ئەویش ڕۆڵی دەرهێنەری دەبینی. لەبەرئەوەی ئەو ئەکتەرێکی بەهرەوەریش بوو ئەوا نمایشەکانیشی بڕوا پێهێنەر بوون: لە دونیابینیی و پراکتیکەکاندا.

25- Maria Schildknecht

سەبارەت بەمن، هەرگیز پێشبڕکێم لەگەڵ (خیۆبێری)دا نەکردووە. ئەو لە شانۆدا لە من بەتواناتر بوو، ئەمەش حەقیقەتێکە بەبێ چ تفتی و تاڵییەک قەبوولم بووە. ڕاڤە شەکسپیرییەکانی ئەو بۆ من هەموو شتێکیان لەخۆ گرتبوون. ئیدی من چ شتێکم نەبوو بیخەمە سەر ئەو ڕاڤانەی وی، ئەو لە منی زیاتر دەزانی، ئەو قووڵتر دەیبینی و سەرلەنوێ ئەوەی دەخولقاندەوە کە دەیبینی.

سەخاوەتی ئەو زۆرجاران بەرەخنەیەکی کورتبین و بێ شەوق ڕووبەڕوو دەبۆوە، هەستم بەوە نەدەکرد کە هەستی ئەو بەم شینوزارییە بەرەنگی خۆڵەمێشیی ڕەنگبووە، بریندار دەبێت.

دەشێ ئەو بەقووڵترین شێوە، بەشۆڕشی ناوچەیی کولتووریی ئێمە کاریگەر بووبێت. پێچەوانەی من، (خیۆبێری) گرنگی بەسیاسەت دەدا و زۆر ئیدیالیستییانە باسی شانۆی وەک چەکێک دەکرد. کاتێ بای شۆڕش بەسەر دراماتندا هەڵی کرد، ئەو ویستی بچێتە سەنگەری گەنجەکانەوە. نائومێدییەکی گەورە دایگرت کاتێ ناچارکرا ئەوە بخوێنێتەوە کە دەبێ دراماتن بسووتێنرێ و (خیۆبێری) و (بێریمان)یش بەبورجی کاتژمێرەکەی (تورنبێری)[26]دا لە (نیبرۆپلان)[27] هەڵواسرێن.

ڕێی تێدەچێ ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسێکی زانا بێت و بوێرێت لەوە بکۆڵێتەوە کە چۆناوچۆنی ژیانی کولتوورمان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەبزاڤی ساڵی شەست و هەشت زەرەرمەند بووە. ئەمە ڕێی تێدەچێ بەڵام ئەگەری هاتنی ئەو کەسە زانایە کەمە. شۆڕشگێڕە نائومێدەکان هێشتا توند دەستیان بەمێز و کورسییەکانیانەوە گرتووە و بەحەسرەتەوە قسان لەبارەی ئەو نوێگەرییەوە دەکەن کە خۆ بەخۆ دێت. ئەوانە نازانن (ئاخر چۆناوچۆنی بزانن!) کۆششەکانی ئەوان گورزێکی کوشندە بوو لەو پێشڤەچوونە درا کە هەرگیز نابێ لە ڕەگەکانی خۆی جیابکرێتەوە. لەوڵاتانی دیدا، کە ڕوخسەت دراوە چەندین فیکر لەیەک کاتدا گەشە بکەن، ترادیشون و فێربوون وێران نەکران. ئاخر تەنها لە چین و سوێد بوو سووکایەتی بەهونەرمەند و مامۆستایان کرا و زەلیل و ڕیسوا کران.

من خۆم، لەبەرچاوی کوڕەکەمدا، لە قوتابخانەی دەوڵەتیی شانۆ تووڕدرامە دەرەوە. کاتێ گوتم دەبێ ئەو قوتابییە گەنجانە خۆیان فێری تەکنیکی ئەکتەر بکەن تا پەیامە شۆڕشگێڕانەکەیان بگەیەننە دەرەوە، کەچی ئەوان کتێبە گچکە سوورەکەیان ڕاوەشاند و

26- Tornberg
27- Nybroplan



فیکەیان کێشا، مەراییکەرانە لەلایەن (نیکلاس بریونییۆس)[28]ی بەڕێوەبەری ئەوکاتی قوتابخانەکەوە هان دەدران.

جحێڵان بەخێرایی و بەلێزانییەوە خۆیان ڕێکخست، دەستیان بەسەر ماسمیدیادا گرت و ئێمەی پیران و لەکارکەوتووانیان بێ ڕوحمانە گۆشەگیر کرد. من بۆ خۆم لە کارەکەمدا بەئاستەم ڕووبەڕووی کۆسپ بوومەوە. ئاخر بینەرانی من لە وڵاتانی دی هەن، ئەوان گوزەرانیان دابین دەکردم و لە خولقێکی باشدا دەیانهێشتمەوە. من ڕقم لەو دەمارگیرییەیە کە لەتافی منداڵییمدا ناسیومە: هەمان خڵتەی هەستگەرایی، تەنها لە ڕوخساردا جیاواز بوون. لەبری هەوای ئازاد، ئێمە شێواندن، گرووپ گرووپێنە، دەمارگیری و ڕێزنەگرتنی ڕای بەرامبەر، مەرایی کردنێکی ترسئامێز و خەراپ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتمان هەبوو. وێنەکە چەسپاو و بێ گۆڕان بوو: ئایدیاکان بیرۆکراتیزە و گەندەڵ دەکرێن. گا ئەوە بەخێرایی ڕوودەدات، گا سەد ساڵی پێدەچێت. سەبارەت بەساڵی شەست و هەشت، ئەو بیرۆکراتیزەکردن و گەندەڵبوونە زۆر بەخێرایی ڕووی دا. ئەو زیانانەی کە لەماوەیەکی کەمدا لەو پرۆسەیە بەدی هاتن، سەرسوڕهێنەر بوون و هەمدیس ڕۆنانەوەیان زەحمەت بوو.

لەمیانەی ئەو ساڵانەی دواییدا، (ئالف خیۆبێری) گەلێک کاری گەورەی پێشکەش کردن. (پەیام بۆ مەریەم)[29]ی کلاودێل[30]ی پاچڤە و ئامادەکرد، کە نمایشێکی نەمر بوو. (گالیلی)ی (برێخت)ی دەرهێنا کە وەک شوورایەک لە کەرەستەی تۆکمە ڕۆینا. دواجار (قوتابخانەی خانمان)[31] هات کە بەرهەمێکی بزێو، کۆ، تاریک و ناویژدانیی بوو. ئێمە ژوورەکانمان لەیەک ڕاڕەودا بوو لە نهۆمی دووەم، زوو زوو بەخێرایی لە ڕێی چوونماندا بۆ پرۆڤە و کۆبوونەوە یەکترمان دەبینی. هەندێ جار لەسەر دوو کورسی دارینی لەق دادەنیشتین و دەکەوتینە قسان، زەم یاخۆ گلەیی و گازندەمان دەکرد، بەدەگمەن لەوەندە زیاتر سنووری یەکتریمان نەدەبەزاند، ئێمە هەرگیز بەشێوەیەکی تایبەتی دیداری یەکترمان نەکرد. ئێمە لەسەر کورسییە دارینەکان دادەنیشتین. هەندێ جار بۆ چەند سەعاتێک، ئەوە بۆ خۆی ببووە ڕیتواڵ.

28- Niklas Brunius
29- Budskapet till Maria
30- Claudel
31- Hustruskolan

ئەوڕۆکە کاتێ بەپەلە بەو ڕاڕەوە بێ پەنجەرە، هەوا تیایدا پۆنگخواردووە، بەڕووناکییەکی خەوهێن ڕووناککراوەدا تێدەپەڕم، لەفیکرەوە دەچم و دبێژم: ڕەنگە یەکتری ببینین.

شاری (ئۆریبرو)[٣٢] شانۆیەکی نوێی لێ ڕۆنرا. دراماتن بانگێشتی ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەو شانۆیە کرابوو. کۆمیدیایەکی پێشتر بڵاونەکراوەمان هەڵبژارد کە لە نووسینی کوڕە نێوبانگ باش و سەر بەگۆبەندەکەی ئەو شارە، (هیالمەر بێریمان)[٣٣] بوو. کارەکە ناوی (عەشیقەکەی جەنابی خاوەن شکۆ)[٣٤] بوو، کە بەشێوەیەکی نەرم بەڵام بەئۆریگینێلیتیتییەکی کەمەوە دەچۆوە سەر فیگیورەکانی پیەسی (وەسێتنامەکەی جەنابی خاوەن شکۆ)[٣٥]، بەخانمە نازدارەکە، بەعەشیقە لەناکاوێکرا دەرکەوتووەکەشەوە. من داوام لە (ئولۆف ساندبۆری)[٣٦]، جەنابی خاوەن شکۆی هەموو سەدەکان کرد کە هەمدیس خۆی بەجلک و عەتر لە تەل بدات. وی سەرگەرم بوو. ماوەیەک بەر لە دەستپێکردنی پرۆڤە، (ئولۆف ساندبۆری) نەخۆش کەوت و ناچار بوو ڕۆڵەکەی ڕەت کاتەوە. داوام لە (هولگێر لۆوێنادلێر)[٣٧] کرد ئەو ڕۆڵە وەربگرێت. بەبێ چ پەرۆشبوونێک ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرت، ئاخر ئەو باش دەیزانی کە خۆی لەتەک (ساندبۆری)دا پێ بەراورد ناکرێ و ڕەخنەگرە وردبینەکانی ئێمەیش خۆیان بۆ بەراوردکارییەکی ناجۆر تەرخان دەکەن. چەند ڕۆژێک بەر لە سەفەرەکەی ئۆریبرۆ، (پێر-ئاکسێل برانێر)[٣٨]ی دەرهێنەر، پشت ئێشەیەکی خەراپی گرت و ناچاربوو لەماڵەوە بکەوێت. من خۆیشم لە هەفتەیەک لەوەوبەرەوە تووشی هەڵامەت ببووم، بەڵام پێموابوو دەبێ لە ئاهەنگەکەدا ئامادەبم تا نوتقێک بدەم و دیاری دابەش کەم.

ئەو شانۆ نوێیە وەک دێوێکی چیمەنتۆیی قێزەوەن وەدیارکەوت کە بوغزێکی ڕیشەیی لە هونەری نواندن، لەخۆیدا هەڵگرتبوو. سەبارەت بەوە دەگوترا، ئۆریبرۆ خودان یەکێک لە جوانترین شانۆکانی وڵات بوو کە بێباکیی سوێدییانە بەرامبەر بەترادیشۆنی کولتووریی، لێگەڕا برمێت.

٢٣- Örebro شارێکی خۆراوای ستۆکهۆڵمە.

33- Hjalmar Bergman
34- Hans Na˚ds Maitresse
35- Hans Na˚ds Testamente
36- Olof Sandborg
37- Holger Löwenadler
38- Per-Axel Branner



ڕۆژی بەر لە نمایش، پرۆڤەمان کرد و ڕووناکیمان دامەزراند. (ئاندێش هێنریکسۆن)[٣٩] کە ڕۆڵی (ویکبێری)[٤٠] دەبینی، کوتوپڕ زۆر نەخۆش کەوت و نۆرە سەرەگێژە و بوورانەوە لێیدا. بانگکردنی پزیشکی ڕەت کردەوە و بڕیاری دا دەورەکەی ببینێ لەبەرئەوەی ئاهەنگەکە شکست نەهێنێ. لە بەیانی ڕۆژی نمایشدا پلەی گەرمای لەشم چل پلە بەرزبۆوە و لێکدا لێکدا دەڕشامەوە. ئیدی کۆڵم دا و داوام لە بەڕێوەبەری داراییمان کرد خۆی سووکانی پاپۆڕەکە بەدەستەوە بگرێت.

ئاهەنگی کردنەوەی شانۆکە دەستی پێکرد. (لاش فۆرسێل)[٤١] پرۆلۆگ[٤٢]ێکی وەستایانەی نووسیبوو، لەلایەن (بیبی ئەندێرشۆن)، کە جلکی ڕۆڵە درەوشاوەکەی خۆی، ڕۆڵی کەسێتیی (ساگان)، لە شانۆنامەی (ساگان)ی (هیالمێر بێریمان)دا لەبەردابوو، خوێنرایەوە. تازەکیی دەستی بەخوێندنەوەی پرۆلۆگەکە کردبوو، پیاوێک لە ڕیزی دووەم بەلاداهات و مرد. پیاوەکە بۆ دەرەوە برا و ئیدی لە کەشێکی بێ ئەندازە سەیردا گوێ بۆ پرۆلۆگەکە ڕادێررا. تەندروستی (ئاندێش هێنریکسۆن) خەراپتر بوو، بەڵام هەوڵی دەدا کارەکە تا کۆتایی بگەیەنێت. ئاهەنگەکە بووە شتێکی ترسناک کاتێ مولەقینەکە کەوتە بینینی یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکییەکان. ڕەخنە، وێرانکەرانە کەوتە خۆ و (ئاندێش هێنریکسۆن) یش لەبری سوپاس بۆ ئازایەتییەکەی، تەنگپێهەڵچنینی پێبڕا.

ئاشکرایە هەمووان لە شانۆدا خەڵکانی خورافین. ئاخر هونەرەکەی ئێمە ناماقووڵە و لە هەندێک ئاستدا ڕاڤە نەکراو و هەمیشەش دەکەوێتە بەر ڕێکەوتگەلەکانی گەمەکەوە. ئێمە لەخۆمان دەپرسی (هەڵبەت بەگاڵتەوە) گەر (هیالمەر بێریمان) دەست وەرداتە هەوڵەکانمانەوە، ئەوا ڕێی تێدەچێ نەهێڵێت پیەسەکەی پێشکەش بکرێ و هەوڵ دەدا ڕێگەمان لێ بگرێت.

چەند جارێک ڕێکەوتی ئەزموونی هاوشێوەی ئەوەم کردووە. لەم ساڵانەی دواییدا ستریندبێری تووڕەیی خۆی بەرامبەر پیشانداوم. خەریکی (سەمای مەرگ) بووم کە پۆلیس هاتن و بردمیان. خەریک بوو جارێکی دی (سەمای مەرگ) م دەکرد کە (ئاندێش ئێک) بەقورسی نەخۆشکەوت. لە میونشین پرۆڤەم لە (گەمەیەکی خەون)دا دەکرد و

39- Anders Henrikson
40- Wickberg
41- Lars Forssell

٤٢- prolog پێشەکی، کورتە پێشەکی بۆ کارێکی هونەری یان ئەدەبی. و.ک

پارێزەرەکە شێت بوو. چەند ساڵێک دواتر ئیشمان لە (خاتوو یولی)دا کرد و یولی شێت بوو. پلانم دانا (خاتوو یولی) لە ستۆکهۆڵم نمایش بکەم کەچی ئەو ژنە ئەکتەرەی لەخەیاڵمدا بوو ڕۆڵی یولی بدەمێ دووگیان بوو. ئەوسا کە کەوتمە ئەوەی خۆم بۆ (گەمەیەمی خەون) ئامادەکەم، سێنۆگرافەکە دووچاری خەمۆکی بوو. (کیژەکەی ئیندرا) دووگیان بوو، خۆیشم تووشی هەوکردنێکی سەیرو قورس بووم کە سەرەنجام پرۆژەکەی خستە مەترسییەوە. ئاخر ئەو هەموو بەڵایە ڕێکەوت نین. بەبیانوویەک لە بیانووەکان ستریندبێری منی نەدەویست. خایلەیەکی لەو جۆرە خەمباری کردبووم، ئاخر من ئەوم خۆشدەویست.

لەگەڵ ئەوەشدا شەوێکیان تەلەفۆنی کرد و وادەیەکمان لە (کارلاڤێگێن)[٤٣] بۆ یەکدی بینین دانا. من وروژاو و سوپاسگوزار بووم، بەڵام بیرم کەوتەوە کە بەدروستی ناوەکەی گۆبکەم: ئۆگێوست[٤٤]، ئەو میهرەبان و بگرە گەرموگوڕیش بوو، ئەو (گەمەیەکی خەون)ی لە شانۆی گچکە بینیبوو، بەڵام یەک تاقە وشەی لەبارەی پارۆدی[٤٥]یە تەژی لە خۆشەویستییەکەم لە ئەشکەوتی فینگال[٤٦] دا نەگوت.

بۆ ڕۆژی دوایی مەزەندەم کرد گەر بونیادەم لەکارکردن لەتەک (ستریندبێری)دا تێوەبگلێ، ئەوا دەبێ بەقۆناغەکانی بوغزاندندا تێپەڕێت. بەڵام ئەوجارە ئیدی بەدلێک حاڵیبوونەکە ڕەوییەوە.

ئەز هەموو ئەوە وەک چیرۆکێکی خۆش دەگێڕمەوە، بەڵام لەقووڵایی زەینی منداڵانەمدا، پێموایە ئەوە بەهیچ کلۆجێک چیرۆکێکی خۆش نییە. تارمایی، شەیتانەکان و دەعبای دیکەی بێ ناو و بێ ناوونیشان، هەر لە تافی منداڵیمەوە گەمارۆیان داوم.

کاتێ تەمەنم دە ساڵان بوو، دەرگای مەیتخانەکەی (سۆپیاهێم) م لەسەر داخرا. یەکێک لە حەرەسەکانی نەخۆشخانەکە ناوی (ئالگۆت) بوو. وی کەسێکی زل و کەتە بوو، قژێکی کورتی سپی مەیلە و زەردی هەبوو. سەری خڕ، برۆی سپی و چاوانی باریک و گەلێک شین. دەستی گۆشتن و سوورێکی شین هەڵگەڕاو. (ئالگۆت) مەیتی دەگواستەوە و

43- Karlavägen

44- a˚gust

٤٥- parodi لاساییکردنەوەی ستایلی هونەرمەندێک یان ئەدیبێک بەشێوەیەکی پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕی. و.ک

46- Fingalgrottan



بەخۆشحاڵییەوە لەبارەی مردن و مردووانەوە، لەبارەی گیاندان و بوورانەوە[٤٧]وە دەدوا.

مەیتخانەکە لە دوو ڕووبەر پێکهاتبوو، یەکێکیان کلێسایەکی گچکە، کە لەوێدا کەسوکاری مردووەکە دوا ماڵئاواییان لە ئازیزەکەی خۆیان دەکرد و دووەمیشیان ژوورێکی ناوەکی، کە لەوێدا مردووەکە دوای توێکاری، ڕێکوپێک دەکرا.

ڕۆژێکی خۆرەتاوی نێوان بەهار و زستان، (ئالگۆت) ئیغوای بۆ خۆکردن بەو ژوورە ناوەکییەدا کردم و چەرچەفەکەی لەسەر مەیتێک لابرد کە هەر ئەلعان گەیشتبوو. مەیتەکە هی کیژێکی جحێڵ بوو بەپرچێکی ڕەشی درێژ، دەم و لێوێکی پڕ و چەناگەی گرد. ماوەیەکی درێژ تەماشایم کرد و (ئالگۆت) یش خەریکی شتی تر بوو. لەناکاوێکڕا دەنگێکی کپم هاتە گوێ. دەرگای دەرەوە داخرا و من بەتەنها لەگەڵ مردووەکاندا جێهێڵرام. لەتەک ئەو کیژە جحێڵە شۆخە و پێنج یان شەش مەیتی دیکەدا کە لەسەر تاقەکان بەدرێژایی دیوارەکان درێژکرابوون و تەنها چەرچەفی زەردی پەڵە پەڵەیان پێدادرابوو. لە دەرگاکەم دا و بانگی (ئالگۆت) م کرد، چ سوودی نەبوو. بەتەنها لەگەڵ ئەو مردووانە یان لەگەڵ ئەو بووراوانەدا بووم، هەر ساتەوەختێک بۆی هەبوو یەکێکیان هەستێت و توند بەخۆیەوەم بگرێت. هەتاو لەمیانەی شووشەی پەنجەرە سپییە شیرییەکانەوە پرشنگی دەدا، خامۆشی بەژوور سەرمەوە پۆنگی خواردبۆوە، گومبەزێک بوو گەیشتبووە ئاسمان. دەنگی لێدانی دڵی خۆمم دەژنەفت، بەزەحمەت هەناسەم بۆ دەدرا و قووڵایی زگ و سەر پێستم ببوونە شەختە.

لە کلێسا گچکەکە لەسەر کورسییەک دانیشتم و چاوانم لێکنان. ترسناک بوو، ئاخر دەبوو بونیادەم ئاگای لەوە بێت چ ڕوودەدات، چ لە پشتەوە یاخۆ چ لەو جێگایەدا کە نایبینێ. بێ دەنگییەکە بەوڕەیەکی کپ ڕما. دەمزانی ئەوە چییە. (ئالگۆت) بۆی گێڕابوومەوە کە مردووان وەک دۆزەخ، هەوای ڕیخۆڵەیان دەردەدەن، دەنگەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ترسێنەر نەبوو. چەند قڵافەتێک لە دەرەوەی کلێساکەوە تێپەڕین، گوێم لە دەنگیان بوو، لەمیانەی پەنجەرە بەشەختەبووەکانەوە دیاربوون. ئەوەی بووە مایەی سەرسوڕمانم ئەوەبوو بانگم نەکردن، بەڵکوو بێ دەنگ بووم و جووڵەم لەخۆ بڕی بوو. وردە وردە دیارنەمان و دەنگیان ڕەوییەوە.

حەزێکی توندی سووتێنەر و ختووکەدەر لەخۆیەوەی پێچام. هەستام و ئەو حەزە بەرەو

٤٧- skendöd بوورانەوەیەک کە لە مردن دەچێت. لێدانی دڵ و هەناسەدان ڕادەوەستن. و.ک

ژوور، بۆ لای مەیتەکانی بردم. ئەو کیژە جحێڵەی تازەکیی بۆ توێکاری هێنرابوو، لەسەر مێزێکی تەختەیی ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانرابوو. چەرچەفەکەی سەریم ڕاکێشا و جەستەیم خستە ڕوو. وی تەواوێک ڕووت بوو جگە لە پلاستەرێک کە لە قوڕگییەوە تا عەورەتی هاتبوو. دەستم هەڵێنا و بەشانیمدا هێنا. من لەبارەی ساردوسڕیی مردووانەوە شتم بیستبوو، بەڵام پێستی کیژەکە سارد نەبوو، بەڵکوو گەرم بوو. دەستم بۆ سەر مەمکی گواستەوە کە گچکە و نەرم بوو بەگۆپکەیەکی ڕەش و ڕەپەوە. گەندەموو لەسەر زگی ڕوابوو، هەناسەی دەدا، نا .. هەناسەی نەدەدا، ئاخۆ دەمی کردبۆوە؟ ددانە سپییەکانی لەژێر کەوانەی لێوەکانیدا خۆیان وەدیارخست. جووڵام تا عەورەتی ببینم و حەزم دەکرد دەستی لێوەبدەم، بەڵام نەموێرا.

هەنووکە دەمبینی ئەو بەچاوانێکی نیوەلێکنراو تەماشام دەکات. هەموو شتەکان ئاڵوگۆڕبوون، زەمەن کۆتایی هات و ڕووناکییە بەتینەکەش بەتینتر. (ئالگۆت) بۆی گێڕابوومەوە، هاوڕێیەکی حەزی کردووە گاڵتە لەتەک سیستەرێکی جحێڵدا بکات. چووە دەستێکی قرتاوی خستۆتە ژێر بالیفەکەیەوە. کاتێ سیستەرەکە بۆ نوێژی بەیانی نەهاتبوو، ئەوسا چووبوونە ژوورەکەی. بینیبوویان بەڕووتی دانیشتووە و دەستەکە دەجوێت، کەڵەپەنجەی دەستەکەی بەگاز لێکردبۆوە و کردبووی بەعەورەتی خۆیدا. هەنووکە منیش بەهەمان شێوە شێت دەبم. خۆم بۆ دەرگاکە فڕێدا کە هەر لەخۆیەوە کرایەوە. ئەو ژنە جحێڵە لێگەڕا ڕابکەم.

لە فیلمی (سەعاتی گورگ)[48]دا هەوڵم دا ئەم ڕووداوە وەسف کەم بەڵام نەمتوانی و هەموو دیمەنەکەم بڕی. ئەمە لە پرۆلۆگی (پێرسۆنا)[49]دا دووبارەکرایەوە و پاشان دوایین شێوەی خۆی لە (چرپە و هاوارەکان)[50]دا وەرگرت، لەوێدا مردووەکە نامرێ بەڵکو زیندووەکان نیگەران دەکات. تارمایی، جنۆکە و شەیتانەکان، شەڕانگێزەکانیان، خێرەومەندەکانیان یاخۆ تەنیا بێزارکەرەکانیان. ئەوانە زللەیان لێداوم، پاڵیان پێوەناوم، دەرزی ئاژنیان کردووم، بلووسەکەیان ڕاکێشاوم. ئەوان قسانیان کردووە، دەنگەدەنگیان کردووە یاخود بەچرپە دواون، بەدەنگی ئاشکرا، دەنگێکی نە بەتایبەتی ئاشکرا بەڵام گوێ لێخەواندنیشیان مەحاڵ.

48- Vargtimmen
49- Persona
50- Viskningar och rop



بیست ساڵ لەمەوبەر نەشتەرگەرییەکم بۆ کرا، نەشتەرگەرییەکی هێند گەورە نەبوو، بەڵام دەبوو بەنج بکرێم. بەهۆی هەڵەیەکەوە بڕێکی بەهێزی بەنجم وەرگرت. شەش سەعات لە ژیانم بەهەدەر چوون. چ خەونێکی ئەو شەش سەعاتەم بیر نییە، زەمەن ڕاوەستا: شەش سەعات، شەش میکرۆچرکە یاخۆ ئەبەدییەتێک.

نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو: لە هەموو ژیانی ئاگایانەمدا، من لەگەڵ پێوەندییەکی خوداییدا لە بەرخۆداندا بووم کە هەم بەسۆ و هەم چۆڵیش لە شادومانی بووە. باوەڕ و بێ باوەڕیی، تاوان، سزا، لێبوردن و لەخۆبوردن حەقیقەتی زۆرەملێیی بوون. دۆعاکانم بەپەژارە، پاڕانەوە، نەفرەت، سوپاسگوزاری، متمانە، بێزاری و نائومێدی بۆگەن بوون: خودا قسانی کرد، خودا بێ دەنگ بوو، ڕووی خۆتم لێ وەرمەگێڕە.

سەعاتە بزربووەکانی نەشتەرگەرییەکە پەیامێکی ئارامبەخشی پێدام: تۆ بە بێ ئامانج لەدایک بوویت، بەبێ مانا دەژیت، ژیان مانای خۆی هەیە. ئەوسا کە تۆ دەمریت، ئیدی تۆ دەکوژێیتەوە، لە بوونەوە دەبیت بەنەبوون. خودایەک پێویستی بەوە نییە بەزەرووڕەت بوونی لەنێو گەردیلە حولحولیترینەکانماندا هەبێت.

ئەم دیدەی من جۆرێک لە دڵنیایی لەتەک خۆیدا هێنا کە بەتەرزێکی یەکلاکەرەوە ترس و ئاژاوەی ڕەواندەوە. لە بەرامبەردا هەرگیز نکوڵێیم لە ژیانی دووەمم (یان یەکەمم) نەکردووە، ژیانی ڕۆحیم.

کاتێ لە ئۆرێبرو وە بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، پلەی گەرمای لەشم چل و یەک پلە و ئیدی لەوەدا بوو بێهۆش بکەوم. پزیشکی بانگکراو دووچاربوونمی بەهەوکردنی دووانەیی سی دووپاتکردەوە. ئیدی لە ئەنتی بیوتیک ئاخنرام، لە جێگەدا کەوتم و کەوتمە خوێندنەوەی پیەس.

وردە وردە کەوتمەوە سەر پێ بەڵام هێشتا بەتەواوەتی چاک نەببوومەوە، بەڵکوو دووچاری تایەکی هەمیشەیی ببووم و چەند ڕۆژێک درێژەی کێشا. دەرەنجام بەمەبەستی پشکنینی پزیشکی لەخەستەخانەی (سۆپیاهێم) خەوێنرام. ژوورەکەم بەسەر پارکەکە، باخچە زەردەکەی قەشە بەسەر گردەکەوە و گۆڕستانی کلێساکەدا دەینۆڕی، لەوێدا خەڵکانی جلکی ڕەشپۆش، بەبێ تابووت یان بەتابووتەوە، بەڕیز دەچوونە دەرەوە و لێی دەهاتنە دەرەوە. ئیدی من گەڕابوومەوە خاڵی سفر.

هەرچەندێک توانیبام هامشۆی شانۆم دەکرد تا ئەو پڕوپاگەندانە پووچەڵ کەمەوە کە

دەربارەی مەرگی چاوەڕوانکراوم دەگوتران. بەگشتی تەندروستیم خەراپتربوو. سەرەسوورەی کوتوپڕ لێی دەدام. ناچاربووم تەواوێک بێ جووڵە ڕاوەستم و چاو لە خاڵێکی ژوورەکە ببڕم. کە سەرم دەجولاند، هەستم دەکرد دیوار و کەلوپەلی ژوورەکە بەسەرمدا دەکەون و ئەوسا دەڕشامەوە. وەک پیرەمێردێک دەمنواند، بەپارێزەوە قاچێکم لەپێش قاچەکەی ترمدا دادەنا، توند خۆمم بەدنگەی دەرگاکانەوە دەگرت و بەکاوەخۆ دەدوام.

ڕۆژێکیان ئازارم نەما و تا ڕادەیەک بوومەوە بەکەسێکی ساخ. (ئینگرید ڤۆن ڕوسێن)[51] کە هاوڕێیەکی ئازیز بوو، بەترومبێلەکەی هەڵیگرتم و بۆ دوورگەی (سمۆدەلار)[52]ی بردم. ڕۆژێکی هەتاوی و زریاناویی مانگی ئاپریل بوو بەپەڵەی بەفرەوە لەسەر نشێوەکانی باکوور و بەبوونی پەناگەیەکی گەرمەوە بۆ خۆپەنادان لە با. لەسەر پێپلیکانەکانی خانووە هاوینەییەکە لەژێر داربەڕووە پیرەکەدا دانیشتین، بابۆڵەمان خوارد و بیرەمان خواردەوە. من و ئینگرید حەوت ساڵ بوو یەکترمان دەناسی. زۆر شتمان پێ نەبوو بەیەکدی بڵێین بەڵام حەزمان دەکرد پێکەوە بین.

من ڕۆتینەکانی خەستەخانەکەم جێبەجێ دەکردن: زوو لە خەو هەڵدەسام، بەرچایم دەکرد، هەوڵم دەدا پیاسەیەک لە پارکەکە بکەم، تەلەفۆنم بۆ شانۆ دەکرد تا وتووێژ لەبارەی بەڵا و کارەساتەکانەوە بکەم، ڕۆژنامەکانم دەخوێندنەوە و لەودیو مێزەکەوە دادەنیشتم تا بزانم سەرەڕای هەموو شتێک، ئاخۆ دەتوانم شتێکی داهێنەرانە ئەنجامدەم.

دەبوو مانگێک یان زیاتر چاوەڕێ بکەم بەرلەوەی وێنەکان، ئەوپەڕی خۆویستانە، لە ئاگاییمەوە خۆ قوتارکەن و لێگەڕێن لە وشەی گوماناوی و ڕستەگەلی شپرزەدا وێنابکرێن.

گرێبەندێکم لەتەک (سڤێنسک فیلم ئیندیوستری)دا بۆ فیلمێک هەبوو کە لە مانگی یونی دا دەست بەوێنەگیرانی دەکرا، دەبوو کارێکی باش دەرچێت کە ناوی (مرۆڤ خۆرەکان)[53] بوو.

هەر لە کۆتایی مانگی ئازارەوە سەرنجم دا پڕۆژەکە ناواقیعییە، لەبەرئەوە پێشنیاری فیلمێکی گچکەم کرد بەدوو ژنەوە. ئەوسا کە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بەئەدەبەوە لێی پرسیم فیلمەکە لەبارەی چییەوەیە، من بەخۆ دزینەوەوە وەڵامیم دایەوە فیلمەکە لەبارەی

51- Ingrid von Rosen

52- Sma˚dalarö

53-  Kannibalerna



دوو ژنی جحێڵەوەیە کە شەپقەی زلیان لەسەردایە و لە کەناری زەریا دانیشتوون، لەبەراوردکردنی نێوان دەستەکانی خۆیاندا ڕۆچوون. بەڕێوەبەر بەهەمان دەمامکی پێشوویەوە و بەپەرۆشەوە ڕوونی کردەوە، ئەوە بیرۆکەیەکی نایابە. بەو تەرزە لە کۆتایی ئەپرێلدا من لای مێزی ژووری نەخۆشیمدا دانیشتم و کەوتمە تۆمارکردنی چۆنیەتی هاتنی بەهار لە دەوروبەری باخچەی قەشە و مەیتخانەکەدا.

ئەو دوو ژنە هێشتا دەستەکانی خۆیان لەگەڵ یەکدیدا بەراورد دەکەن. ڕۆژێکیان پەیم بەوە برد یەکێکیان وەک خۆم لاڵە. ئەویتریشیان قسەزان، پەیجۆر و بەپارێز وەکی خۆم. نەمدەتوانی سیناریۆکە بەفۆرمێکی ئاسایی بنووسم. دیمەنەکان بەشەکەتییەکی ناماقووڵانە لەدایک دەبوون، تاڕادەیەک مەحاڵبوو وشە و ڕستەکان فۆرمۆلێرە بکرێن. پێوەندی لەنێوان ماشێنی خەیاڵ و چەرخی دندانەداری خولڤاندندا لەکار کەوتبوو یاخۆ بەقورسی زەرەری پێ گەیبوو. دەمزانی دەبێ چ بڵێم بەڵام نەمدەتوانی بیڵێم.

کارەکە بەشێنەیی ڕۆژ دوای ڕۆژ دەچووە پێش، بەنۆرە تا، سەرەسوورە و شەکەتییەکی نائومێدیئامێز پەکی دەکەوت. کاتەکە لەوەدابوو بەسەربچێت. دەبوو ئەکتەرەکان دەستنیشان بکرێن. من وەڵامەکەیانم دەزانی. هەفتەی جارێک فراوینم لای هاوڕێ و پزیشکم (ستیورێ هێلاندێر) دەکرد. وی ئەماتۆرێکی خۆتەرخانکردووی فۆتۆگراف بوو. لە سەرەوە، لە (لۆفۆتێن)[54]، فیلمی (پان)[55]ی (هامسیون)[56]، بەناوی خوازراوی (هاوین کورتە)[57] وێنەدەگیرا. (هێلاندێر) و هاوسەرەکەی سەردانی شوێنی وێنەگرتنەکەیان کردبوو، چونکە هاوڕێی نێزیکی (بیبی ئەندێرشۆن) بوون. دکتۆر ژمارەیەکی زۆر وێنەی فۆتۆی گرتبوون. لەبەرئەوەی من حەزم بەتەماشاکردنی وێنەیە، دکتۆر بەری ڕەنجەکەی پیشان دام، زۆربەی وێنەکان وێنەی هاوسەرەکەی و چیا بوون، بەڵام دوو وێنەیان تێدابوو کە بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجیان ڕاکێشام: وێنەی (بیبی ئەندێرشۆن) لای دیوارێکی سووری تۆخی تەختەییەوە دانیشتبوو. ئەکتەرێکی جحێڵ لە تەنیشتییەوە، کە ئەو و (بیبی) لە یەک دەچوون و لە یەکیش نەدەچوون. ئەو ئەکتەرەم ناسییەوە، ساڵێک لەوەوبەر لەگەڵ وەفدێکی ئەکتەرانی نەرویژییدا سەردانی دراماتنی

54- Lofoten

55- Pan

56- Hamsun

57- Kort är sommaren

کردبوو. بەمژدەیەکی گەورە مەزەندە دەکرا و پێشتر هەردوو ڕۆڵی (یولیا) و (مارگەریتا)ی بینیوو و ناوی (لیڤ ئیولمان)[٥٨] بوو.

کەوتینە سۆراخی ئەو دوو خانمە کە دوای وێنەگرتنەکە لەتەک مێردەکانیاندا بۆ بەسەربردنی پشوو، بەرەو یۆگۆسلافیا، سەفەریان کردبوو.

ئەوسا کە وەرزی شانۆیی دراماتن کۆتایی هات، من دواجار سیناریۆکەم لەنێو دەستدا و ئەکتەرەکانم بینی کە لەبەرامبەر ئەم ئەرکەیاندا ترس و دڕدۆنگی دایگرتبوون.

لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیدا، سەرەسوڕێکە لێی دام. ئەوسا کە وێنەگرەکە هەوڵی ئەوەی دەدا وێنەی من و دوو خانمەکە لەژێر دار بێتولایەکدا بگرێت، من دەبوو ئەو داوایە ڕەت کەمەوە. ئاخر نەمدەتوانی خۆم بجووڵێنم. وێنەکە سێ مرۆڤی ڕەنگ پەڕیو و تۆقیوی پیشان دەدا کە هەرسێکیان سەریان بەرەو لای چەپ لار کردبووەوە. ئەوسا کە (کێیل گرێدێ)[٥٩]، وێنەکانی بینی، گوتی: ئەو پیرێژنە ئەکتەرە، تانجییەکانی بەهەوا دەدا.

کاتی وێنەگرتنی فیلمەکە دەستنیشان کرا و شوێنی وێنەگرتنەکەش دوورگەی (فۆرئۆ) بوو. هەڵبژاردنەکە هاسان بوو. فۆرئۆ لە ساڵانێکی زووەوە بۆ من ئەوینێکی شاراوە بووە. لەڕاستیدا ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر بوو. من لە دالارنا گەورە بووم. ڕووبارەکە، گردۆڵکەکان، دارستانەکان و زەوییە ڕووتەنەکان دیمەنێک بوون لە قووڵایی ئاگاییمدا هەڵکۆڵرا بوون و ببوونە فۆرئۆ.

مەسەلەکە ئاوهایی بوو: ساڵی ١٩٦٠، دەبوو فیلمێک دروست کەم کە ناوی (وەک لە ئاوێنەیەکدا)[٦٠] و لەبارەی چوار کەسەوە بوو لە دوورگەیەکدا. لە یەکەمین وێنەدا، لە تاریکوڕوونیی زەریایەکی بەلرفەوە سەر دەردێن. بێ ئەوەی هەرگیز لەوێ بووبم، دەمویست وێنەی فلیمەکە لە دوورگەکانی (ئورکنی)[٦١] وێنە بگیرێت. بەرێوەبەرێتیی بەرهەمهێنان لەبەردەم خەرجییەکی وەک ئەوەدا، بەتووڕەیی دەستیان بەیەکدادا و هەلیکۆپتەرێکیان خستە خزمەتمەوە تا زوو بەزوو کەنارەکانی سوێدی پێ بپشکنم. پشکنیم و گەڕامەوە و ئەوجا زیاتر لە جاران پێم داگرت لەسەر ئەوەی وێنەی فیلمەکەم لە دوورگەکانی (ئۆرکنی) بگرم. کارمەندێکی ئیداری تا ڕادەیەک نائومێد، ناوی (فۆرئۆ)ی

58- Liv Ullmann
59- Kjell Grede
60- Sa˚som i en spegel
61- Orkneyöarna



بەزاردا هات: فۆرئۆ لە دوورگەکانی (ئۆرکنی) دەچێ. بەڵام هەرزانترە. کردەیی ترە. هاسان و بێ ئەرکترە.

بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەهەموو وتووێژەکان، ڕۆژێکی زریاناوی مانگی ئەپرێل بەرەو (یۆتلاند) بەڕێ کەوتین تا دورگەی فۆرئۆ ببینین و پاشان دوابڕیار لەبارەی دوورگەکانی (ئۆرکنی)یەوە بدەین. تاکسییەکی خەڕەکەشکاو لە (ڤیسبی)[٦٢] هەڵیگرتین و بەباران و بەفردا بەرەو جێگای بەلەمەکانی بردین. پاش سەفەرێکی سەخت بەزەریاچەیەکی بەلرفەدا گەیشتینە فۆرئۆ. بەرێگە خز و پێچاوپێچەکانی کەناردا کەوتینە گەڕان.

لە فیلمەکەدا بەلەمێکی تێشکاو لە کەناردا هەیە. بەدەوری گاشە بەردێکدا سووڕاینەوە و لەوێدا بەلەمەکە کەوتبوو، بەلەمێکی چارۆکەداری ڕووسیی ڕاو، ڕێک وەک ئەوەی کە لە فیلمەکەدا وەسفیم کردبوو. خانووە کۆنەکە دەبوو لە باخچەیەکی گچکەدا بێت کە دارسێوی بەتەمەنی تێدا ڕوابێ. باخچەکەمان دۆزییەوە، دەمانتوانی خۆمان خانووەکە ڕۆنێین. لەوێدا دەبوو کەنارێکی بەردین هەبێت، کەنارێکی بەردینمان دۆزییەوە کە ڕوو لە ئەبەدییەت بوو.

دووجار تاکسییەکە بۆ ستوونە بەردینەکانی لای باکووری دوورگەکەی بردین. ئێمە پشت لە زریان ڕاوەستاین و بەچاوانێکی ئاوتێزاوەوە لەو وێنە خودایییە تەژی لە نهێنییانە ڕامایین کە نێوچەوانە پانەکانیان بەرامبەر شەپۆلە تێکشکاوەکانی کەنار و ئاسۆی ڕەشداگەڕاو هەڵبڕیبوو.

لە ڕاستیدا نازانم ئەوە چ بوو کە ڕووی دا. گەر مرۆڤ بخوازێ شکۆدار بێت ئەوا دەتوانێ بڵێ من جێگای خۆم و ماڵی ڕاستەقینەی خۆمم دۆزیوەتەوە. گەر مرۆڤ بەکەیفیش بێت ئەوا دەتوانێ باسی خۆشەویستی لە یەکەمین نیگاوە بکات.

بە(سڤێن نیکڤیست)[٦٣]م گوت گەرەکمە ئەودوای تەمەنم لەو دوورگەیە بژیم، گەرەکمە خانوویەک لەهەمان ئەو جێگایەی خانووی فیلمەکەی لێیە، ڕۆنێم. (سڤێن) پێشنیاری کرد چەند کیلۆمەترێک خوارتر بگەڕێم. ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ خانووەکەمی لێیە. ئەو خانووە لە ساڵی ١٩٦٦- ١٩٦٧ ڕۆنرا.

ڕایەڵەکانی بەسترانەوەی من بەدوورگەی (فۆرئۆ) وە چەندین هۆکاری هەیە: یەکەم،

62- Visby
63- Sven Nykvist

ئاماژەگەلێک لە وتووێری منەوە دێن و دەبێژن: بیریمان، ئێرە جێگادیمەنی تۆیە. ئەمە لەتەک قوولترین ئەندێشەکانتا بۆ فۆرمەکان، هاوگونجانەکان، ڕەنگەکان، ئاسۆکان، دەنگەکان، بێ دەنگییەکان، ڕووناکی و پێچەوانەبوونەکان دێتەوە. لێرە دڵنیایی هەیە. مەپرسە بۆ، ئاخر ڕاڤەکردنەکان دەبنە مەنتیقاندنێکی ناشیانە. بۆ نموونە: لە پیشەکەتا تۆ بەدوای ساکاری، هاوگونجان، گرژی، هێوری، هەناسەداندا دەگەڕێیت. سروشتی (فۆرئۆ) هەموو ئەو شتانەت بەپێوانەیەکی زۆر پێدەبەخشێت.

هۆکاری دووەم: من دەبێ هاوسەنگییەک لەگەڵ شانۆدا بدۆزمەوە. لە کەناردا دەتوانم هەڵچم و هاوارکەم. نەوڕەسێک بەرەو بەرزایی فڕینی خۆی باڵ لەیەک دەدا. لەسەر شانۆ ئەمە دەبێتە کارەسات.

هۆکاری ویژدانی: من دەبێ خۆم لە دونیا گۆشەگیرکەم، ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە تا هەنووکە نەمخوێندوونەتەوە، ڕابمێنم، ڕۆحم پاقژکەمەوە (دوای چەند مانگێک بێ ئەوەی خۆم بمەوێت لە کێشەی دوورگەنشینەکانەوە گلام، شتێک کە فیلمی "فۆرئۆ دۆکیومێنت **٦٩**"[٦٤]ی لێکەوتەوە).

هۆکاری دیکەی ویژدانی: لەمیانەی وێنەگرتنی فیلمی (پێرسۆنا) دا، من و (لیڤ) لە پێوەندییەکی سۆزدارییەوە ئالاین. لە بەهەڵە نرخاندنێکی گەورەدا، خانووەکەم بەخەیاڵی ژیانێکی پێکەوەییانە لە دوورگەکەدا ڕۆنا. بیرم چوو لە (لیڤ) بپرسم ئاخۆ ڕای چییە. دواتر لە کتێبەکەی ویدا (گۆڕانکاری)[٦٥]، لەوە حاڵی بووم. پێموایە شایەتیی وی، تا ڕادەیەکی زۆر میهرەبانانە، تەواوە. ئەو چەند ساڵێک مایەوە. هێندەی توانیمان لەگەڵ شەیتانەکانماندا جەنگاین. ڕۆڵی (کریستینا)[٦٦]ی لە فیلمی (کۆچەرەکان)[٦٧]دا وەرگرت. ئەو فیلمە ئەوی دوورخستەوە، کاتێ کە ڕۆیشت، ئەوسا ئەوەمان زانی.

تەنیاییەک خۆت هەڵیبژێریت چ خەوشێکی نییە. خۆمم قایم کرد و ڕۆتینگەلی وەسوەسە ورووژێنم خولقاند: زوو لە خەو هەڵدەستام، پیاسەم دەکرد، کارم دەکرد، دەمخوێندەوە، سەعات پێنج ژنە جیرانێک دەهات، شێوی لێدەنا، قاپەکانی دەشتن و دەڕۆیشت. سەعات حەوت هەمدیس تەنیا دەبوومەوە.

64- Fa˚rödokument 69
65- Förvandlingar
66- Kristina
67- Utvandrarna



بیانوویەک هەبوو بۆ ئەوەی ماشێنەکە هەڵوەشێنیت و لە ئەشیاکانی بنۆڕیت. ئاخر من لە فیلم و دەرهێنانە شانۆییەکانی ئەو دواییەم ناڕازی بووم، بەڵام ناڕازیبوونێکی دوای ئەنجامدانیان. لەکاتی ئەنجامدانی کارەکاندا، خۆم و کارەکانم لە ڕەخنە لەخۆگرتنی ڕووخێنەر دەپاراستن. یەکەم جار لەدواییدا دەمتوانی بەرەنجامی هەڵە و خاڵە لاوازەکان بنرخێنم.

***

لە بەهاری ساڵی **١٩٣٩** دا بۆ لای (پاولینێ بریۆنیوس)(١) چووم کە بەڕێوەبەری دراماتن بوو. داوام کرد لێگەڕێن لەو دەزگایەدا بم و هەرئیشێکم پێ بسپێردرێ دەیکەم تەنها ڕوخسەتم بدرێتێ لەوێ بم و فێری ئیشەکە ببم. خاتوو (بریۆنیوس) ژنێکی باریک ئەندام و شۆخ، ڕەنگپەڕیو، چاوانێکی شینی ڕووناک و شتێک زەق و خودان دەنگێکی میهرەبان. لەماوەی سێ دەقیقەدا بۆی ڕاڤەکردم بێ ئەندازە خۆشحاڵ دەبێ کە دوای کۆتایی تاقیکردنەوە ئەکادیمییەکانم وەرمبگرێت. لەبارەی گرنگیی خوێندنەوە قسانی کرد وەک باشترین ڕێگە بۆ هونەری شانۆ، بەتایبەتی بۆ کەسێک هێند چاوقایم بێ بیەوێ ببێتە دەرهێنەر. کاتێ سەرنجی نائومێدیی ڕاستەقینەی دام، باسکی نەوازش کردم و گوتی: جەنابی بێریمان، چاومان لە دووتە. دوای چوار دەقیقە ئیدی من بەخەونگەلی تێکوپێکشکاوەوە، چوومە سەر جاددە. ئاخر چ سنوورێک نەبوو بۆ ئەو ئومێدانەی لەسەر ئەو دیدارە، لەتەک خاتوو (بریۆنیوس) دا، هەڵمچنیبوون.

دوای ماوەیەکی زۆر ئەوجا زانیم باوکم بەهۆی هەندێک ئەرکی پیشەکەیەوە، خاتوونی بەڕێوەبەری دراماتنی ناسیوە و لە گەڵیدا لە پێوەندییدا بووە. باوکم خواستەکانی خۆی سەبارەت بەئایندەی خوێندنی من و چ شێوەیەک دەشێ بۆ من باش بێت، ڕای خۆی بەو خانمە گوتبوو.

1- Pauline Brunius



لە نائومێدیی خۆمدا داوام کرد بەبێ مووچە لە (ئۆپێرا)(٢) کاربکەم. (هارالد ئاندرێ)(٣) تازەکیی ببووە بەڕێوەبەر، وی پیاوێکی باڵابەرز و سوورفل، قژ و سمێڵی سپی چون بەفر. بەچاوانێکی نیوەکراوە و لەمیانەی درزی باریکی چاوانییەوە سەرنجی لە پەژارەم دا و شتێکی خێرەومەندانەی لەژێر لێوەوە گوت کە من نەمژنەفت. ئیدی لەناکاوێکرا بەیاریدەدەری دەرهێنەر دامەزرام. بەگوێرەی بڕیارێکی ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، مووچەیەکی ساڵانەی نەوەد و چوار ریکسدالێر(٤)ییم بۆ بڕدرایەوە.

(هارالد ئەندرێ) دەرهێنەرێکی بەنێوبانگ و بەڕێوەبەرێکی دەستەڕەنگین بوو. (لیۆ بلێچ)(٥)، (نیلس گریڤیلیۆس)(٦) و (ئیسای دوبرۆوین)(٧) سەرکردایەتیی تیپە مۆسیقاییەکەیان دەکرد. شانۆکە گرووپێکی هەمیشەیی و شایستە، کۆرسێکی تا ڕادەیەک زرنگ و باڵێتی زۆر خەراپ، یەک کۆمەڵ کرێکارانی سەر شانۆ و یەک ئیدارەی کافکایی. ڕێپێرتوارەکە گەورە و کاری بەنۆرەی لە (میگنون) ەوە تا (ئەڵقە)(*) بۆ داڕێژرابوو. بینەران کەم، وەفادار و خۆپارێز، هونەرمەندە باشترینەکانی خۆیان خۆشدەویستن و بەردەوام بۆ بینینیان دەهاتنەوە.

بیرۆی تەختەی شانۆکە تەوەرەی بەکرەی هەبوو، لەلایەن پیاوێکی گچکەوە کۆنترۆڵ دەکرا کە لە (دکتۆر مابوس)(٨) دەچوو و هەمیشەش لە شوێنی کاردا ئامادەبوو.

تەختەی شانۆکە فراوان بوو بەڵام بەکار قورس، زەوینەکەی بەرەو ڕیزە لەمپاکانی پێشی شانۆکە نشێو ببۆوە، چ پانتاییەک لەملاولای تەختەی شانۆکەوە نەبوو، بەڵام چوار دەریچە و پانکەیەکی گەورە هەبوو.

ژمارەیەکی زۆر دیکۆر لەلایەن (تۆرلۆف یانسۆن)(٩)ەوە کرابوو. یەک وێنەکێشانی گەورەی شانۆیی بەسەبکی قوتابخانەی کۆن: یەک داربێتولای ڕاستەقینەی لەخەیاڵدا

2- Operan
3- Harald Andre
٤- riksdaler دراوێکی زیوینیی دێرینی سوێدییە کە جاران دراوی سەرەکیی وڵات بووە.
5- Leo Blech
6- Nils Grevillius
7- Issay Dobrowen
(*) fra˚n Mignon till Ringen ئەڵقە بەشێکە لە زنجیرە ئۆپێرایەکی گەورەی ڤاگنەر
8- doktor Mabuse
9- Torolf Jansson

چەسپیو لە ناوەڕاستی سروشتێکی (ئارنلیۆت)ی (یێمتلاندایی)[١٠]دا، دارستانێکی خەتەرناک بەلێرەوارو پشتیرەوە بۆ (بووکی پاکیزە)[١١] و مێرگێکی بەهاریی بۆ پێشبڕکێی (مامۆستایانی گۆرانی)[١٢]. سروش و مەعریفە، باکگراوند و ئەملاولاکان. تایبەتمەندییە دەنگییەکان و تابلۆ بەسەلیقە کێشراوەکان کە بەشێوەیەکی کردەیی بگۆڕدرێن و بپارێزرێن.

وەک کۆنتراست لەگەڵ ئەم جوانییە هاوسەنگ و دێرینەدا، (یۆن-ئاندس)[١٣]، ئێکسپرێسیۆنیسمێکی پڕ لە خولق و لە ئاڵمان ئیلهاموەرگرتوو: کارمێن[١٤]، سەرکێشییەکانی هوفمان[١٥]، ئۆتێللۆ[١٦] ڕاوەستابوون.

ڕووناکی سیستمێکی نائاشکرا و کۆنی ساڵی ١٩٠٨ بوو، لەلایەن پیاوێکی پیر و خانەدانەوە کە بەنازناوی (مامۆستای ئاگر) بانگ دەکرا و کوڕەکەیەوە، کە کوڕێکی بێ دەنگ و تەمەن مامناوەنجی بوو، سەرپەرشتی دەکرا. ئەوان لە جێگایەکی تەسکی لە ڕاڕەوچووی لای چەپی تەختەی شانۆکەوە کاریان دەکرد. توانستیان بۆ بینینی ئەوەی ڕووی دەدا شتێک بوو، نەبوونی باشتر بوو.

ئەرزی هۆڵی بالێتەکەش بەهەمان شێوە وەک هۆڵی شانۆکە نشێوبۆوە. خەراپ سیتسمی ئاڵوگۆڕی هەوای تیادا دامەزراو، سەربەرەڵا و پیس. ژوورەکانی خۆگۆڕین لە ئاستی تەختەی شانۆکەدا، فراوان و پەنجەرە ڕێژکراو. سەرەوە خەراپتربوو، هەلومەرجە تەندروستییەکان زۆر سنووردار بوون.

ئەو هێزە گەورەیەی کار، دیکۆرەکانیان ڕۆدەنا، لایاندەبردن، باریان دەکردن، دەیانگواستنەوە و دایاندەگرتن. لە ڕاستییدا هەموو ئەوە لوغزێک بوو. هەژمونی کۆمپیوتەریی سەرنجڕاکێشی ئەوڕۆکە خەراپتر لە ئامێرە ناقۆڵاکانی ساڵانی سی کاردەکات.

لە ڕاستیدا ئەو لوغزە یەک ڕاڤەی هەبوو: ئەویش ئەوە بوو کە شەو و ڕۆژ یەک سوپا لە

10- i Arnljots jämtländska landskap

١١- Krunbruden یەکێک لە پیەسەکانی ستریندبێری.

12- Mästersa˚ngarna
13- Jon-And
14- Carmen
15- Hoffmanns äventyr
16- Otello



کارمەندانی بەشێوەیەکی هەمیشەیی دامەزراو، تا ڕادەیەک پیر، تا ڕادەیەک خوو بەکهولەوە گرتوو، لێزان و بەئەزموون، بەئیرادەوە کاریان لە شانۆکەدا دەکرد. ئەوان خەڵکانێکی بەرپرسیاریی هەڵگربوون، دەیانزانی چ دەکەن و دەیانزانی و دەیانتوانی دیمەنەکان بگۆڕن. دەشێ ئەوانە بەشەفت کاریان کردبێ، نازانم. بەڵام هەڵبەت پێموایە هەر هەمان ئەو پیرەمێردانە بوون کە شەو و ڕۆژ، ساڵ دوای ساڵ هەمان سەری گوریسیان گرتبێ. دەشێ وریایی بەجۆرێک لە جۆرەکان کەوتبێتە ژێر کاریگەریی نۆتە درێژەکانی (ڤاگنەر) و مردنی سەراپاگیری (ئیسولدێ)[١٧] وە بەڵام دیکۆرەکان لە کاتی خۆیدا دەبرانە دەرەوە و دەهێنرانە ژوورەوە، پاشینە بەخێرایییەکی ماقووڵ بەرزدەکرایەوە و بەردەدرا، پەردەکە بەشێوەیەکی وا هونەرییانە هەڵدەبڕدرا یان دادەنەوێنرا کە هەرگیز ناتوانرێ بەماتۆڕێک جێی بگیردرێتەوە کە خێراییەکەی سیستماتیزەکرابێت. کەشتی (هۆڵەندایییەکان)[*] چارۆکەی هەڵدەدا، نیل[١٨] بەتریفەی مانگ پرشنگی دەدا، (سیمسۆن)[١٩] پەرستگاکەی وێران دەکرد، (گوندول)[٢٠]ی (بارکارۆلێن)[٢١] بەشێنەیی بەکەناڵەکانی ڤێنیسیادا ڕێی دەکرد، جادووگەرەکان دەفڕین، زریانی بەهار ڕێگای خۆی بەرەو خانووەکەی (هیودینگ)[٢٢] دەکردەوە و ڕاڕەوێکی بۆ ڕاکردنی خوشک و براژن و مێردە زەناکارەکە لە شازدەیەمین دیمەنی بەر لە کۆتایی نمایشەکەدا دەکردەوە.

هەندێ جار هەموو شتێک تێکدەچوو. ئێوارەیەکیان ئۆپێرای (لۆهێنگرین)[٢٣] بەبەشداریی (ئینار بیرون)[٢٤] و (بریتا هێرزبێری)[٢٥] نمایش دەکرا. من لەسەر

١٧- Isolde یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئۆپێرای (لۆهێنگرین)ی ڤاگنەر.

(*) ئۆپرایەکی ڤاگنەر.

١٨- Nilen ڕووباری نیل.

19- Simson

٢٠- gondol بەلەمی ڤێنیسیا. بەلەمێکی درێژ و باریک و خاوە کە تەنها بەلەمەوانێک لە دواوەیدا ڕادەوەستێ و سەوڵ لێدەدا. ئەم بەلەمە بەزۆری لە کەناڵەکانی ڤینیێسادا بەکاردەهێنرا و هەنووکەش جێگە سەرنجی گەشتیارانە. و.ک

21- Barcarolen
22- Hunding
23- Lohengrin
24- Einar Beyron
25- Brita Herzberg

ڕووناکیی بووم بۆ ئەوەی بەگوێرەی ڕانومایی دەرهێنەر لە (پارتیتیور)[٢٦]ەکەدا، ساتەوەختی ڕووناکی بدرێت. هەموو شتێک بەگوێرەی پرۆگرامەکە تا کۆتایی تێپەڕی. (لۆهێنگرین) چیرۆکی (گرال)[٢٧]ەکەی خۆی بەگۆرانی چڕیبوو. کۆرسەکە لە ڕاڕەوی باریکی زەمینیی ڕووبەڕووی ڕووبارەکەدا بەدەنگێکی زرنگەئامێزەوە ڕادەگەیەنێ کە ئەوا قازەکە بەسەر سەدەفێکی بەشکۆوە نزیک دەبێتەوە لەوەی پاڵەوانی موو زەرد بهێنێ. (ئێلسا)[٢٨]، تێکوپێک شکاو و جلکی سپیپۆش. (من بریتا هێرزبێرییم سوتێنەر و نهێنییانە خۆشدەویست.) قازەکە مەخلوقێکی بێ ئەندازە جوان بوو کە بەهاوبەشی لەلایەن (تۆرۆلف یانسۆن) و بەڕێوەبەری تەکنیکییەوە دروست کرابوو. قازەکە بەشێنەیی ڕێی دەکرد، مەلەی دەکرد، ملە باریکەکەی دەجوولاند و دەیتوانی بەباڵەکانی، خۆی بلەرزێنێ.

هەنووکە قازەکە بەسەدەفەکەوە چەند مەترێک بەر لە نیشتنەوەی، گیربوو. تەکانی دا و خۆی ڕاکێشا بەڵام دەرەقەت نەهات و نەیتوانی بجوولێت. سەدەفەکە گیری کردبوو، لە هێڵە ئاسنەکەی خۆی هاتبووە دەرەوە. قازەکەش ملە درێژەکەی دەجوولاند و وەک ئەوەی بەهۆی وەزعی کارەساتباری عارەبانەکەیەوە لە جوولە وەستابێ، باڵەکانی لەیەک دەدا. بەگوێرەی ڕانوماییەکانی (ڤاگنەر)، دەبێ مەلەکە بەخێراییەکی داواکراو سەر لە ئاو دەربێنێ. لەو جێگایەدا برا گچکەکەی (ئێلسا) وەدیاردەکەوێ کە (ئۆرتریود)ی شەڕانگێز سیحری لێ کردووە و هەنووکەش ئازادی کردووە، خۆی فڕێدەداتە نێو باسکی خوشکەکەیەوە کە لە ئانوساتی مردندایە. لەبەرئەوەی قازەکە گیری کردووە، بۆیە ناتوانێ لە ئاوەکەوە سەر بێنێتە دەرێ، هەرچۆنێک بێ براکەی (ئێلسا) هاتە سەرەوە. ئەوسا ترس باڵی بەسەر کارمەندانی یەکەمین ژێر زەمیندا کێشا. ئەدی ئەی قازەی نەفرەتی کوا؟ ئێمە کوڕەکەمان زۆر زوو بەرەو سەرەوە هەنارد، دەی با هەمدیس بەرەو خوارەوە شۆڕی کەینەوە.

براکەی ئێلسا بەرلەوەی دەرگا گچکەکەی سەر تەختەی شانۆ جێبێڵێ، دیارنەما.

٢٦- partituret مانای شاکارێکی مۆسیقی بەرهەمێکی ئۆپێرا دەگەیەنێ. ئۆپێرا لە دووبەش پێکدێت، ئەوانیش چیرۆک و گۆرانییە ئۆپێراڵییەکەیە کە نووسەرێک دەینووسێت، مۆسیقای ئۆپێراکەش کە هاوتەریب لەگەڵ گۆرانی و چیرۆکەکەدا دەڕوات و هونەرمەندێکی مۆسیقی دەینووسێت، ئەمەیان پێیدەگوترێت پارتیتیور. بێگومان هەموو ئەوە بەنۆتەی مۆسیقی دەنووسرێت و ڕێکدەخرێت. و. ک

27- Graal

28- Elsa



هەنووکە ئیدی بونیادەم لە پارتیتیۆرەکە زۆر دواکەوتبوو، کوڕەکەش جارێکی تر نێردرایەوە بەڵام هاوسەنگیی خۆی لەدەست دا و بەسەر (ئێلسا)دا لەتری دا کە ئیدی لەپێ کەوتبوو. بەگوێرەی (ڤاگنەر) هەنووکە کۆترێک لە ساپیتەکەوە بۆ خوارەوە شۆڕ دەکرێتەوە. پەتێکی ئاڵتوونی بەسەدەفەکەوە دەبەستێ. کاتێ (لۆهێنگرین) لەمیانەی ماڵئاواییە خەمینەکەی کۆرسەوە، دێتە سەر شانۆ، دەبێ سەدەفەکە لەلایەن کۆترەکەوە ڕابکێشرێت و لای کەوالیسەکانی چەپەوە دیارنەمێنێت. لەبەرئەوەی قازەکە گیری کردووە و سەدەفەکەش بەرەو بنەوە برابوو، ئەوسا (لۆهێنگرین)ێکی نائومێد پەتە ئاڵتوونەکەی گرت و لە ڕیزی کۆرسەکەدا و لەگەڵیاندا ماڵئاواییە زیاتر خنکاوەکەی گوت. قازەکە ملە جوانەکەی وەرگێڕا و باڵەکانی لەرزاند. ئێلسا لەرزە لەرز ڕۆچووە نێو باسکی براکەی و لەوێدا پشووی گرت. ئەوسا هێواش هێواش پەردەکە دادرایەوە.

چەند هەفتەیەک بەو ناوەدا وەک ئەوەی نەبینرێم، دەگەڕام و خۆم ڕادەکێشا. کەس سەرنجی نەدەدام. لە دووی پێوەندیگەلی خۆپارێزانە بووم بەڵام بەشێوەیەکی ڕەق دەست بەڕوومەوە دەنرا. ئێواران لە سووچێکی بیرۆی تەختەی شانۆکەدا دادەنیشتم. ئەوێ ژوورێکی گەورە بوو بەساپیتەی نزم و پەنجەرەی گومبەزیی لای ئەرزەکەیەوە. زەنگی تەلەفۆنەکان لێی دەدا، خەڵکی دەهاتن و دەڕۆیشتن، ڕاسپاردە وەردەگیرا و جێدەهێڵرا، هەندێ جار گەورە پیاوێک لەبەردەرگاکەدا وەدیار دەکەوت، من هەڵدەستام و سڵاوم لێی دەکرد، کەسێک بەخەیاڵ پەرتیی تەماشای دەکردم، زەنگی کاتژمێرەکە لێی دەدا کە وا ئیدی پشووی نێوان فەسڵەکان تەواو بووە، جگەرەکان دەکوژێنرانەوە و هەمووان جێگاکانی خۆیان دەگرت.

ئێوارەیەکیان (دکتۆر مابیوس)[٢٩] ئێخەی پاڵتۆکەی گرتم و گوتی: ئەوانی دی پێیان ناخۆشە لەکاتی پشوودا لێرە لە ژوورەوە دانیشیت، دەتوانیت بۆ خۆت بچیتە ڕاڕەوەکەی پشت تەختەی شانۆوە. لەودیو دەرگای هۆڵی بالێتەوە خۆم حەشاردەدا، فرمێسکی زەلیلیم هەڵدەڕشت. سەماکارێکی شۆخ کە ناوێکی ئیتاڵیایی هەبوو، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو گلۆپی هۆڵەکەی بالێتی داگیرسان، پێیزانیم و ئەوسا گوتی: تۆ زۆر خۆشییت بەبالێت دێت. بەڵام ئێمە کاتێ ئیش دەکەین، حەزناکەین کەس تەماشامان بکات.

29- doktor Mabuse

دوای چەند مانگێک لە سوورانەوە بەو وڵاتی بێ کەسی و نائومێدییەدا، بۆ لای (راگنار هیلتێن- گاڤالیۆس)[٣٠] نێردرام کە (فاوست)ی (گۆیونۆد)[٣١]ی دەردەهێنا. وی بە(فیامێتە)[٣٢] بانگ دەکرا و کەسێکی باڵابەرز بوو بەسیفاتی خانەدانانەوە.

لەگەڵ هەموو شتێکدا ئەو بەلای منەوە کەسێکی لێهاتوو بوو. دەمزانی ژمارەیەکی زۆر فیلمی دەرهێناون، ژمارەیەکی زۆر سیناریۆی نووسیون و ژمارەیەکی بێ شوماریش ئۆپێرای خستوونەتە سەر شانۆ. من ئەوم لەکاتی ئیشکردن لەتەک گۆرانیبێژان و گرووپی کۆرسدا بینیبوو. دەنگی گیراو و زوبانی کەمێک فس، سەری بۆ پێشەوە ڕۆچوو، شانی دەرپەڕیو، دەستە درێژەکانی شەکاوە. من حاڵی بووم کە ئەو کەسێکی بەتوانا، حولحولی و کۆنە. بەرامبەر ئەکتەرە گەورەکان کەسێکی نەرم، هاوڕێیانە و سوعبەتچی بوو، بەڵام بۆ خەڵکانی خوارەوە، کەسێکی گاڵتەجاڕ، شەڕانگێز و دڵڕەق بوو. هەمیشە لەکاتی میهرەبانی و لەکاتی تووڕەییشدا، لێوە باریکەکەی زەردەخەنەی لەسەر بوو.

زوو بەزوو لە هیچ لەباردانەبووییم گەیشت و ئەوسا بۆ ئاستی شاگردێکی زەلیل دایگرتم. هەندێ جار نوقورچی لە گۆنام دەگرت، لەبەرئەوەی من بەزۆری قوربانییەکی سوپاسگوزاری گاڵتەجاڕییەکانی بووم. سەرەڕای ترس و سەرەڕای ڕقبوونەوەم لێی، بەڵام من زۆر شت لە ڕانومایییە لەهەموو چرکەیەکدا وردەکانییەوە، فێربووم. پێکەوە لەگەڵ سێنۆگرافی بلیمەتی دراماتن (سڤێن ئێریک سکاوۆنیۆس) دا، نمایشێکی پڕ لە هەستی میلۆدییە میللییەکانی (گویونۆد)ی بەتەزرێکی میتۆدی ڕۆنا.

(لیۆن بیۆرکێر)[٣٣]ی گەورەگۆرانیبێژی باس[٣٤] کە نەیدەزانی نۆتە بخوێنێتەوە، گوتی: ئەرێ بۆ ئەوەندە فیز زل دیاریت. چما ئەدی تۆیش حیز[٣٥] یت؟ من ناحاڵی دیقەتیم دا: فیز زل؟ بیۆرکێر درێژەی بەقسەکانی دا: ئێمە لەم شانۆیەدا هەمووان سڵاو لە یەکدی دەکەین، ئێمە ڕۆژانە بەلای یەکدیدا تێدەپەڕین، کەچی تۆ سڵاوێک ناکەیت. ئەدی

30- Ragnar Hylten-Gavallius

31- Gounods Faust

32- Fiametta

33- Leon Björker

٣٤- bas چینێکی دەنگیی مۆسیقاییە.

٣٥- بۆ پاچڤە کوردییەکە بەکارهێنانی ئەو وشەیەم بەگونجاو زانی. لە دەقە سویدییەکەدا stjärtpojke بەکارهاتووە کە مانا ڕاستەوخۆکەی واتای کوڕێکی هۆمۆسێکسوال دەگەیەنێ. و.ک



تۆ حیزیت؟ نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، ئاخر لەو ڕستەبەندییە حاڵی نەبووم، هیچ شتێکم لە وتی وتی: حیزە تازەکەی فیامێتە، نەدەزانی.

فیامێتە کەسێکی بێ شەرم، ئیرۆنیسک و بریندارکەر بوو بەڵام هەرگیز خۆهەڵقورتێنەر نەبوو. لەڕاستیدا من خۆشیم دەویست و ستایشی خۆ بۆ کار تەرخانکردوویی و ئەو پێچەقێنییەم دەکرد کە شتێک بوو بەگوتن دەرنابڕدرێت. ئەو کەسێکی ناسروشتی، شەڕانگێز و قیرسیچمەی تەمەن مامناوەنجی بوو کە لە جحێڵێدا ئایندەیەکی درەوشاوەی بۆ پێشبینی کرابوو.

پاش نیوەڕۆیەکیان دوای پرۆڤەکردن، لەسەر کورسییەکی دارین دانیشت. خەم دایگرتبوو، بەسەر ئەو مێزەدا چەمییەوە کە من لەسەری دانیشتبووم و خەریکی نووسینەوەی تێبینییەکانی پارتیتیرێورێتەکەم بووم. بەدەنگێکی نزم و بەسۆزێک بۆ داواکردنی یارمەتی، گوتی: جەنابی بێرمان چ بکەم؟ هیۆردیس پێ دادەگرێت. وی پرچی درێژ و زەردی گەرەکە. ئەمە دەبێتە شتێکی قێزەوەن. وی لە ژیانی تایبەتیشیدا بەخۆوە نازە. بێ دەنگبوو، کورسییەکەی کێشانە کرد. ئەوجا گوتی: جەنابی بێرمان، ئێوە کارێکی سەیرتان هەڵبژاردووە. ئەوسا کە مرۆڤ زیاتر بەساڵدا دەچێ، نائومێدانەتر خۆدەنوێنێت.

(ئیسای دوبرۆوین) سەرکردایەتی ئۆرکیسترا و کاری دەرهێنانی Hovansjtjinaی Musorgskijی دەکرد. یاریدەدەرەکانی لەگەڵ خۆیدا بردن. هەورێک لە یاریدەدەر دەوریان دابوو. من ئەو دەرفەتەم قۆستەوە کە ڕەدووی کارەکەی بکەوم. ئەوە بۆ من بووە ئەزموونێکی ڕیشەیی.

(دۆبرۆوین) ڕووسێکی جوولەکەی خەڵکی مۆسکۆ بوو. لیستی توانستەکانی سەنگین و ئەو نێوبانگەی پێشی کەوتبوو وای لێ کردبوو کە کەسێکی پڕ بێت. ئێمە بەدیداری مرۆڤێکی گچکەی خاوەن نێوبانگ و بەئەدەب گەیشتین، بەڕوخسارێکی جوان و لاجانگەیەکی گونجاوی ماشوبرنجییەوە. کاتێ پێی دەنایە سەر تەختەی شانۆ یاخۆ سەر دەکەوتە سەر سەکۆی سەرکردایەتیی ئۆرکیسترا، شێوەی دەگۆڕا. ئیدی ئێمە توانایەکی ئەوروپاییمان دەبینی کە لێبڕاوانە و بەبێ پلەوپایەدانان بۆ خەڵک، دەیویست ئاستی هونەری شانۆ بەرزکاتەوە. هەڵوێستێکی لەو جۆرەش یەک لەدوای یەک کاردانەوەی سەرسوڕمانێکی هەرزانی دەخوڵقاند (چیی؟ ئاخر بونیادەم دەتوانێ شتێکی ئاوها بەمرۆڤێک بڵێ، خۆ منیش بەهەمان ئەندازەی ئەو نرخم هەیە!) یان تووڕەیییەکی خەفەبوو: (دەبێ بەدەمی ئەم نەفرەتییەدا بکێشم!) تا چۆکدادان: (ئەو یەک شەیتان

بەڵکوو یەک نەفرەتییە!) دواجار لایەنگیریی: (ئەمە باشترین شتێکە کە لە خۆمان و شانۆدا ڕوویداوە!)

بەشادییەکی بێ دەنگەوە ئەو پیاوە گچکەیەم دەبینی لەسەر تەختەی شانۆ بەدوای ئەو (بیۆرکێر)ە زلەدا ڕای دەکرد، نەک جارێک یان دووجار، بەڵکوو سی جار. (گێرتریود پۆلسۆن-وێتێرگرێن)[٣٦]ی شۆخی ڕەشتاڵە، ژنە گۆرانیبێژی ئاڵت، بەسەردا کەوتە نێو عەشقەوە و ئیدی هەرگیز جوانتر گۆرانی نەچڕی. (ئینار بیرۆن) لەسەر حەق ڕۆژانە سووکایەتی پێدەکرا. وردە وردە کەوتە سەر ڕێڕەوتی کاری خۆی، لەنێو ئەو هونەرمەندە ناوچەییەدا، چ گۆرانیبێژێک لەدایک نەبوو (ئاخر سنوور بۆ هەموو موجیزەکان هەیە) بەڵکوو ئەکتەرێکی جوان لەدایکبوو. (دۆبرۆوین) زوو لەوە حاڵی بوو کە کۆرسی ئۆپێراکە بەشێوەیەکی خەراپ فێرکراون، بەڵام ماتریاڵێکی خاوی بەرزن، بەخۆشەویستی و وردبینییەوە گرتنییە دەست خۆی. باشترین ساتەکانی ژیانی وی ئەوە بوو کە لەتەک کۆرسدا بوو.

چەند جارێکی کەم دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا قسانی لەگەڵدا بکەم، ڕێزی من بەرامبەری و کێشەی زوبان، گەورەترین بەربەست بوون، بەڵام شتگەلێک هەبوون هەر مایەی لەیەکدی حاڵیبوون بوون. ئەو گوتی هەم لە ڕووی شانۆیی و هەم لەڕووی موزیکەوە، لە (فلووتی سیحراوی)[٣٧] دەترسێت. شیکایەتی لە وێنەگەلی قورس و قووڵ لێراماوی سینۆگرافەکان هەبوو، یەکەمین نمایشی دەرەوە ناکرێ هێند گەورە بووبێت، تەنێ بیر لە (تامینۆ و سێ دەرگاکە)[٣٨] بکەنەوە: موزیک ژمارەی هەنگاوەکان لە دەرگایەکەوە بۆ دەرگایەکی دی وەدیاردەخات، گۆڕانکارییەکانی سەر تەختەی شانۆ ساکار و خێران، تەنها پشتەوە و ئەملاولاکانن کە جێگا دەگۆڕن، چ وچانێک بۆ سەرلەنوێ ڕۆنانەوە نییە. (فلووتی سیحراوی) لە شانۆیەکی تەختەیی گچکەدا[٣٩] دا بەساکارترین کەرەستە و ئەکیوستیک[٤٠]ێکی بێ وێنە لەدایک بوو. کۆرس، (پیانیسیمۆ)[٤١]ی

36- Gretrud Pa°lson-Wettergren

٣٧- Trollflöjten ئۆپێراکەی مۆزارت، لە دەرهێنانی بێریمان. و.ک

38- Tamino och de tre portarna

39- Intim

٤٠- akustik زانستی دەنگ و جووڵەی شەپۆلەکان.

41- pianissimo



لەودیو تەختەی شانۆوە دەچڕی: Pamina lebt noch. [٤٢]، (دۆبرۆوین) گۆرانیبێژی گەنجی گەرەک بوو، موزیکژەنی گەنجی گەرەک بوو. گۆرانیبێژە فەردییە گەورەکان ــ گۆرانی بێژی فەردیی مێدالیۆن[٤٣]، گۆرانی بێژی فەردیی دی مۆول[٤٤]، کولوراتیور[٤٥]ی شازادەی شەو[٤٦]- لەلایەن تۆپگەلی زۆر سەدەی ناوەڕاستییەوە بەڕێوەدەبران. تۆپ تەقاندنی گەنجانە، سۆزی گەنجانە، بزێویی گەنجانە. ئەگینا ئەوە دەبووە شتێکی پێکەنیناوی، بەڵێ تەنها پێکەنیناوی.

دواتر لە فیلمەکەمدا (سەعاتی گورگ)، هەوڵم دا ئەو دیمەنە کە زۆر قووڵ کاری تێکردبووم، بەرجەستە بکەم: (تامینۆ) بەتەنێ لە باخی کۆشکدا جێهێڵراوە. دونیا تاریکە، گومان و نائومێدیی باڵیان بەسەردا کێشاوە. هاوار دەکات: ئاه ئەی شەوی تاریک! کەنگێ دەڕەوێیتەوە؟ کەنگێ ڕووناکی لەتاریکییدا دەدۆزمەوە. کۆرس لەناو پەرستگاکەوە وەڵامی (پیانیسیمۆ) دەداتەوە: بەم زووانە، بەم زووانە یان هەرگیز! تامینۆ: بەم زووانە؟ بەم زووانە؟ یان هەرگیز. ئەی بوونەوەرە شاردراوەکان، وەڵامم بدەنەوە: ئایا پامینا هێشتا زیندووە؟ کۆرس لە دوورەوە وەڵام دەداتەوە: پامینا، پامینا هێشتا زیندووە.

ئەم دوازدە جووڵەیە دوو پرسیاری دەربارەی دوورترین سنووری ژیان ــ بەڵام دوو وەڵامیشی لەخۆی گرتووە. کاتێ (مۆزارت) ئۆپێراکەی خۆی نووسی، پێشتر نەخۆش بوو. حەقیقەتی مەرگ باڵی بەسەردا کێشابوو. لەچرکەی نائومێدییەکی نائارامانەدا هاوار دەکات: ئاه ئەی شەوی تاریک! کەنگێ دەڕەوێیتەوە؟ کەی ڕووناکی لە تاریکیدا دەدۆزمەوە؟ کۆرس بەشێوەیەکی دووماناییی وەڵام دەداتەوە: بەم زووانە، بەم زووانە یان هەرگیز. مۆزارتی ڕاوەستاو لەسەر لێواری مەرگ، بەهاوارەوە پرسیارێک ئاراستەی تاریکی دەکات. لەنێو ئەو تاریکاییەوە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە- یان وەڵامێکی چنگ دەکەوێت؟

ئەم پرسیارەی دیکەیش: پامینا هێشتا زیندووە؟ مۆسیقا پرسیارە ساناکەی تێکستەکە

٤٢- واتە: پامینا هێشتا زیندووە.

43- medaljongarian

44- d-mollarian

٤٥- koloratur هێنانی توخمی نوێ بۆ ناو گۆرانی. و.ک

46- Nattens Drottning

بۆ گەورەترین پرسیار پاچڤە دەکات: هێشتا ئەڤین زیندووە؟ چما ئەڤین واقیعییە؟ وەلامەکە لەرزلێهێنەر بەلام هیوابەخشانە لە دابەشکردنێکی سەیری ناوی (پامینا)دا دێت: پا- می - نا هێشتا زیندووە! ئیدی ئەوە پرسیار نییە لەبارەی ناوی ژنێکی جاحێڵی سەرنجڕاکێشەوە، بەڵکوو ئەوە کۆدی وشەیەکە بۆ ئەڤین: پا- می - نا هێشتا زیندووە؟ هێشتا ئەڤین هەیە. ئەڤین لە دونیای مرۆڤەکاندا شتێکی واقیعییە.

لە (سەعاتی گورگ)دا چاوی کامێرا لەسەر شەیتانەکان بەرفراوان دەبێ کە بەهۆی دەسەلاتی موزیکەوە، بۆ چەند ساتێک پشوویان داوە، پاشان لەسەر ڕوخساری (لیڤ ئیولمان) ڕادەوەستێ. ڕاڤەیەکی دوالیزمی بۆ ئەڤین: دڵناسک بەلام نائومێد.

چەند ساڵێک دواتر پێشنیارم بۆ ڕادیۆی سوێد کرد کە فلووتی ئەفسووناوی تۆمارکەین. پێشنیارەکە بەگومان و دڕدۆنگی ڕووبەڕوو بۆوە. خۆ گەر (ماگنیوس ئێنهۆرینگ)[٤٧]ی بەڕێوەبەری ئەوسای مۆسیقای ڕادیۆ، بەگوڕ و بەپەرۆشەوە نەهاتبایە ناوەوە ئەوا هەرگیز پرۆژەکە ڕووناکی نەدەبینی.

بەدرێژایی ژیانی پیشەییم ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی درامای موزیکیم ئەنجام نەداون. هۆکاری ئەوە شتێکی تەنگەتاوی ورووژێنە: ئاخر من خۆشەویستیم بۆ موزیک، بەحاڵ خۆراک دراوە: من عەزاب دەچێژم بەبێ توانایيم بۆ وەبیرهێنانەوە یان دووبارەکردنەوەی نۆتە. زوو بەزوو ئەو موزیکە دەناسمەوە، بەلام بۆم زەحمەتە جێگای بکەمەوە و ناتوانم بەگۆرانی یان بەفیکە بیچڕم. خۆفێرکردنم بۆ ئەزبەرکردنی باشی کارێکی موزیکی لەلای من وەک کارکردن لە تەقاندنەوەی چیادا وایە. ڕۆژ دوای ڕۆژ بەڕێکۆردەر و پارتیتیۆرەوە دادەنیشم، ئاخر بێ سەلیقەیی هەندێ جار لە پەلوپۆخەرە و هەندێک جاری دیکەیش پێکەنیناوی.

دەشێ بەرخۆدانە شێلگیرانەکەم لایەنێکی ئەرێنی هەبێ: ناچار دەبم تا ناکۆتا خۆم بۆ کارەکە تەرخان کەم. پیاڕادەگەم بەوردی گوێ لە هەموو جووڵەیەک، هەموو ترپەیەک، هەموو چرکەیەک ڕادێرم.

نمایشەکانی من لە موزیکەوە هەڵدەگۆزرێن. ناتوانم ڕێگایەکی دی بگرمە بەر. ئیفلیجیم ڕێگەم نادات.

(شێبی لارێتی) شانۆی خۆش دەویست و منیش موزیکم خۆش دەویست. لەمیانەی

47- Magnus Enhörning



ژیانی هاوسەرێتیماندا خۆشەویستیی یەکترمان کە کاڵ و بەشێوەیەکی هەستیار ڕاگوزاریی بوو، تێکوپێک شکاند. لە کۆنسێرتێکدا کە تەژی بەشادییەکی پێشوازییکەرانە بوو، لام بۆ (شێبی) کردەوە، ئەو بەگومانەوە تەماشای کردم. گوتی: هەر بەڕاست پێتوایە ئەوە شتێکی باش بوو. هەمان نەگبەتیمان لە شانۆشدا هەبوو. ئەو حەزی لێ دەکرد، من حەزم لێ نەدەکرد و بەپێچەوانەوە.

هەنووکە ئێمە باشترین هاوڕێی یەکدین و بۆ نرخاندنە ئەماتۆرییەکانی خۆمان گەڕاوینەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم کە لە ژیانی پێکەوەییمدا لەتەک (شێبی) دا، زۆر شت لەبارەی موزیکەوە فێربووم.

بەتایبەتی مامۆستاکەی (ئاخر هەموو موزیکژەنەکان مامۆستایەکیان هەن)، لەمیانەی بلیمەتە پێداگۆگیگیەکەی خۆی و چارەنووسی ژیانە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆیەوە، جێپەنجەیەکی نەمری لەسەر جێهێشتووم.

***

(ئەندرێیا کورێللی)[1] لەخێزانێکی سەروەتمەندی چینی باڵای (تیورین)[2]ەوە هاتبوو، بەگوێرەی نەریتی ئەو سەردەمە، پەروەردە بووە و لە دەیرێکدا خوێندنی بناغەیی کلاسیک و زوبانی خوێندووە و لە ئەکادیمیای موزیک، لەڕۆما وەرگیراوە. وەک پیانیستێکی بەهرەوەری مژدەبەخش لێی دەڕوانرا، لەنێزیک خێزانەکەیەوە دەژیا، بەقووڵی ئیماندار و تەواوێک داخراو لەنێو ئاکار و نەریتی چینە بەرزەکانی ئیتاڵیادا پارێزراو بوو.

ئەو ژنێکی جاحێڵی شۆخ، شادومان و تا ڕادەیەک ڕۆمانسی بوو بەپەیجۆرییەکی ڕووناکبیرانەوە، ببووە جێگەسەرنجی دەوروبەرەکەی و زۆر کەس دەیانویست خۆیانی لێ نێزیک بخەنەوە، لەبەرئەوەی لەلایەک زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لەلایەکی دیکەیش شتێک بوو کە پێی دەگوترا هاوسەرێکی باش. (یۆناتان ڤوگلێر)[3] ڤیۆلینژەنێکی جاحێڵ بوو، سەردانی ئەکادیمیای کرد و کەوتە وانەگوتنەوە. ئەو لە بەرلینەوە هاتبوو، کەمێک ڕەنگپەڕیو و داکەوتوو بەلاجانگەی ماشوبرنجییەوە، چاوانێکی نائاسایی گەورە و ڕەش کە بەتوندی خێل دەیاننواند. بەموزیکژەنین و درەوشانەوە ئەهریمەنانەکەی سۆز و سەرسوڕمانی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو.

1- Andrea Corelli
2- Turin
3- Jonatan Vogler



(ئەندرێیا) دەستنیشان کرا لە هەندێک لە کۆنسێرتە ئەکادیمییەکاندا، هاوڕێیەتی مۆسیقایی وی بکات، کەوتە داوی ئەڤینییەوە، وازی لە خێزان و قوتابخانە هێنا، شووی بەڤیۆلینژەنەکە کرد و بۆ سەفەرە بەرفەرەوانەکانی دوای کەوت. دواتر (ڤوگلێر)، کڤارتیتێکی ژێدار[٤]ی پێکهێنا کە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا ناوبانگی دەرکرد. هەرکاتێ تیپەکە لەگەڵ پیانۆدا بیانژەندبا، ئەوا (ئەندرێیا)ش بەشداری دەکرد و پیانۆی دەژەند. وی کچێکی خستەوە کە لای خزمەکانی دانرا و دواتریش لە قوتابخانەی ناوخۆیی.

(ئەندرێیا) هەر زوو پەی بەوەبرد کە (ڤوگلێر) خیانەتی لێ دەکات. ئاخر ئیشتیای وی بۆ هەموو جۆرێکی ژنان شتێک بوو شایانی سەرنج. ئەم جەنابە کورتەباڵا، خێلە، ورگنە، دووچار بەئازاری دڵ و هەناسە تەنگییە، شەیدا و عاشقی چێژی ژیان و موزیکزانێکی بلیمەت بوو. (ئەندرێیا) بەجێی هێشت، ئەو سوێندی خوارد خۆی دەکوژێت، ئەندرێیا گەڕایەوە لای و ئیدی هەموو شتێک وەک جارانی لێهاتەوە.

ئەندرێیا هەنووکە حاڵی بوو لەوەی ئەوی بەبێ مەرج خۆش دەوێت. بۆیە هەموو ئاکار و نەریتەکانی وەلانا و نەک هەربووە بەڕێوەبەری دارایی چوارینەکە، بەڵکوو بەخولق و

٤- stra˚kkvartett یاخۆ چوارینەی ژێدار. وشەی کڤارتیت بەو گرووپە مۆزیکییە بچووکە دەوترێت کە لە چوار ژەنیاری مۆزیک پێکدێت، سەرهەڵدانی ئەم جۆرە گروپە موزیکییە مێژوویەکی کۆنی هەیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی شازدەهەم. لە دیارترین جۆرەکانی ئەم گرووپە موزیکییە (چوارینەی ژێدار) ە کە لە ئینسترومێنتە موزیکییە ژێدارە کەوانەییەکان پێکدێت ئەویش بەپێی دابەشبوونێکی گونجاو. ئەم دابەش بوونە گونجاوە سەرئەنجام توانای نمایشکردنی دەنگە جیاوازەکانی هەر چوار چینە دەنگییە سەرەکییەکەی دەبێت لە ڕووی سروشتی دەنگی و پێکهاتەی ئاواز و میلۆدییەکانەوە. گونجاوترین دابەشبوونی (چوارینەی ژێدار) بریتییە لە (ڤایۆلینی یەکەم، ڤایۆلینی دووەم، ڤیۆلا، چەلۆ) کە دیارە ئەم پێکهاتەیە جگە لەوەی توانای ژەنینی زۆر لە فۆرم و نۆتە موزیکییەکانی هەیە، فۆرمی موزیکیی تایبەت بەخۆشیان هەیە کە ئەویش فۆرمی موزیکیی تایبەت بە (چوارینەی ژێدار)ە کە دەکرێت نموونەی شاکارەکانی موزیکزانانی وەک (بیتهۆڤن، مۆزارت، برامس...) و زۆریتریش جوانترین نموونەکانی ئەم شێوازە موزیکییە بێت. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە زۆرجار گرووپی چوارینە لە کۆی هەندێک لە ئینسترومێنتە موزیکییە فوویە دار و مسەکانیش پێکدێت کە ئەمڕۆ لە دونیادا چەندین گرووپی بەناوبانگی لەم جۆرە هەیە. ئەم جۆرە گرووپە و زۆر لە گرووپە بچووکەکانی دی کە ژمارەی ژەنیارەکان تیایاندا لەنێوان یەک تا هەشت موزیکژەن دەبێت، زیاتر بەگرووپی (موزیکی هۆڵ) دەناسرێن واتا Cham-ber Music. سەرچاوە: فەرهەنگی موزیک، غەمگین فەرەج، ماڵپەڕی چراکان.

لێبراویشەوە بووە بەڕێوەبەری سەودا و مامەڵە سۆزدارییەکانی مێردەکەی. خۆی کردە هاوڕێی دوڵبەرەکانی وی، وەکی کارمەندی وێستگەیەکی قەتار، ترافیکی ئیرۆتیکییانەی مێردەکەی سەرپەرشتی دەکرد. ئیدی بووە جێ متمانەی وی. بەڵام مێردەکەی هەر دەسبەرداری درۆکردن نەبوو، لەبەرئەوەی توانستی گوتنی ڕاستی نەبوو، بەڵام ئیدی ناچاربوو بەرەڵایی و داوێنپیسیی خۆی بشارێتەوە. لەمیانەی شێلگیریی و بەهرە ڕێکخراوییەکەی خۆیەوە، ئەندرێیا توانی سەرکردایەتی مۆزیکژەنەکانی گرووپەکە لە گەشتە بێ شومارەکانیاندا بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵات بکات.

هەموو هاوینێک لەکاتی نێوان دوو جەنگدا، بانگێشت دەکران بۆ کۆشکێک لە نزیک (شتوتگارت)ەوە. ئەو ناوچەیە خاوەن سروشتێکی دڵڕفێن و بەسەر شاخ و ڕووباردا دەینۆڕی. خاوەن ماڵ ناوی (ماتیلدێ ڤون مێرکێنس)[٥] و خانمێکی سەیری بەتەمەن بوو. ژنی پسپۆڕێکی بواری پیشەسازی بوو، دوای مردنی مێردەکەی، ئیدی خانم و کۆشکەکەی وێران ببوون. سەرەڕای ئەوە، ئەو خانمە ساڵ دوای ساڵ بەردەوام بوو لەوەی ژمارەیەک لە پێشەنگانی موزیک لە ئەوروپا بانگێشت کات: کاسالس[٦]، ڕۆبینشتاین[٧]، فیشێر[٨]، کریسلێر[٩]، فیورتوێنگلێر[١٠]، مێنیوهن[١١]، ڤوگلێر. ئەوانە هەموو هاوینێک بەپیر بانگێشتەکەوە دەهاتن، لەسەر خوانە زۆر سوپاسگوزارەکەی نانیان دەخوارد، لە شەرابە نایاباکانیان دەنۆشی، لەتەک ژنەکانی خۆیان و ژنی ئەوانی دیکەدا جووت دەبوون و موزیکی گەورەیان دەژەند.

ئەندرێیا پارێزگاری بەبەهرەی خۆیەوە لە گێڕانەوەی حەکایەتە ئیتاڵییە حەیابەرەکان و پێکەنینە گوێ نەوازەکەی خۆی، کردبوو. حەکایەتە شێتانە، سەیرو سەمەرە، حەیابەرە و کۆمیدییەکانی ئەو، ماددەیەکی خاو بوون کە فیلمێکیان تێدادەبوو، بۆیە منیش بڕیارم دا لەگەڵ یادەوەرییە ئازیزەکانی ویدا، لە هەموو ئەوانە فیلمێکی کۆمیدی دروست کەم.

ناخۆشبەختانە لە فیلمەکەدا خاڵێکی گرنگم بەسەردا تێپەڕیبوو، خاڵێک کاتێک پەیم

5- Mathilde von Markens
6- Casals
7- Robinstein
8- Fischer
9- Kreisler
10- Furtwängler
11- Menuhin



پێ برد کە ئیدی فیلمەکە وێنەگیرا و و چ بواری قەرەبووکردنەوەی نەبوو.

ئەندرێیا سەردانی من و شێبی لە (یوشۆڵم) کرد و هەندێ وێنەی فۆتۆی هاوینێکی کۆشکەکەی (ماتیلدێ ڤون مێرکێنس)ی لەتەک خۆدا هێنابوون. لەو فۆتۆیانەدا، بەتایبەتی دانەیەکی تێدابوو کە لە خەمدا سەرەسووڕەی پێخستم. ئەو وێنەیە گرووپەکەی وەدیاردەخست کاتێ دوای فراوینێکی ئاشکرا بەشکۆ، لە بانیژەکەدان. گیای چرۆکردوو بەسەر پەرژین و پێپلیکانە بەردینەکانا بەرزبوونەتەوە، لە مۆسایکەکانەوە دەرچوون و بەسەر پەیکەر و زەخرەفەکانا هەڵگژاون. ژمارەیەک لە موزیکژەنانی ئەوروپا لەسەر زەوییە درزبردووەکەی بانیژەکە و لەسەر کورسی زەمیلەیی هەلاهەلا، ڕاکشاون. سیگار دەکێشن، شەلاڵن لە ئارەقە و کەمێک ڕیشهاتوو. یەکێک پێدەکەنێ، لە وێنەکەدا باش دەرنەچووە، ئەوە (ئەلفرێد کورتۆت)[١٢]ە. (یاککوێس تایباولت)[١٣]، خۆی بۆ پێشەوە چەماندۆتەوە تا شتێک بێژێ، شەپقەکەی بۆ سەر کەپووی ڕۆبردووە. (ئێدوین فیشێر) ورگی بەپەرژینەکەوە داداوە. (ماتیلدێ ڤون مێرکێنس) کوپێک قاوەی بەدەستێکی گرتووە و جگەرەیەکیش بەدەستەکەی دیکەییەوە. ڤوگلێر چاوانی لێک ناون و قۆپچەکانی هێلەکەکەی کراونەتەوە. (فیورتوێنگلێر) پەی بەکامێراکە بردووە و فریاکەوتووە زەردەخەنەیەکی ئەهریمەنانە لەسەر لێوی بنەخشێنێ. لەودیو پەنجەرە بەرزەکانەوە ڕوخساری چەند ژنێک دیارن، پیر، ئاوساو، خەمگین. خانمێکی جاحێڵ بەجلکێکی شکۆدار و پرچی شانەکراوەوە، کەمێک لەولاترەوە ڕاوەستاوە، جوانییەکەی خۆرهەڵاتییانەیە. ئەوە (ئەندرێیا ڤوگلێر – کورێللی) یە. دەستی کیژە پێنج ساڵانەکەی لەنێو دەستدایە.

بەشێک لە گەچی دیوارەکان کەوتوونەتە خوارەوە، شووشەی پەنجەرەیەک بەپارچە تەختەیەکی بازنەیی قەرەبووکراوە، (ئامۆرین)[١٤]ێک سەری لێبۆتەوە. وێنەکە فراوینێکی بەشکۆ، گەرمایەکی ئارەقە پێکەرەوە، بەرەڵایی و وێران بوونێکی هێور ڕەنگ پێدەداتەوە. ئەوسا کە ئەو جەنابانە کەوتوونەتە قرقێنە، هەوای زگیان بەتاڵ کردۆتەوە و قاوەی ئێوارەیان خواردۆتەوە، دەشێ لە هۆڵە زۆر بۆنگرتووەکەی (ماتیلدێ ڤون مێرکێنس)، کۆبووبێتنەوە. موزیکیان ژەندووە. ئاخر ئەوان وەک فریشتان، کامڵ و نموونەیی بوون.

12- Alfred Cortot
13- Jacques Taibault

١٤– amorin پەیکەرێکی خواوەندی ئەڤین لە شێوەی منداڵێکی باڵداردا. و. ک

نائومێدانە لەفیلمە کۆمیدییە هاکەزاییی و دەسکردەکەم شەرمەزاربووم. ئەوە شتێکی فێرکارانە بەڵام ناپەسەند بوو. ئاخر شتی دی زۆر هەبوون بیریان لێ بکەمەوە، هەر ئەلعان ببوومە بەڕێوەبەری دراماتن، لەبەردەم یەکەمین وەرزی خۆمدا ڕاوەستابووم، بڕستم نەبوو هەموو ڕێگاکە ببڕم، بۆیە خۆم بەساکارترین ڕێگەچارەکان دەسپارد. باشتربوو دەستم لەکار کێشابایەوە، بەڵام ئاخر بەڵێنم دابوو، هەموو گرێبەندەکان ئیمزاکرابوون، هەموو شتەکان بەگچکەترین وردەکارییانەوە ئامادەبوون. هەڵبەت سیناریۆکەش خۆش و هەمووان پێی خەنی بوون.

هەندێ جار ڕاشکاوانە پێویست بەئازایەتی دەکات ئیستۆپ بگیرێت وەک لەوەی مووشەکەکە بتەقێنرێت. من لەو ئازایەتییەم کەم بوو، درەنگ پەیم بەوە برد کە من دەبێ چ فیلمێک دروستکەم.

سزای ئەوە بریتی بوو لە شکستێکی بەسۆ، شکست چ لە ڕووی بینەران و و چ لە ڕووی ئابوورییەوە.

جەنگ هەڵایسا. کڤارتێتەکەی (ڤوگلێر) لە سەفەرەکانی خۆی بەردەوام بوو. ئەوسا کە ڕێوشوێنە بەرتەنگە جەنگییەکان گیرانەبەر، دەرگای شانۆ و خانەی کۆنسێرتەکان داخران. کڤارتێتەکەی ڤوگلێر هاوشان لەتەک چەند شانۆ و گرووپێکی مۆسیقایی کەمی دیکەدا، ڕوخسەتی تایبەتییان پێدرا درێژە بەگەشتەکانی خۆیان بدەن.

ڕۆژێکی پاییز، (ئەندرێیا) و موزیکژەنەکانی دی خۆیان لە (پرێیوسی خۆرهەڵات)[15]، لەنزیک (شۆنیگسبێری)[16] بینیەوە. لە ئوتێلێکی گچکەی گوێ زەریادا دەژیان و کۆنسێرتیان بۆ ناوچەکانی ئەو نزیکانە پێشکەش دەکرد.

ئێوارەیەکیان (ئەندرێیا) بەتەنێ لە کەنار زەریادا پیاسە دەکات، خۆر لەنێو تەمتومانێکی هەڵایساودا ئاوادەبێ، زەریا بێ جوولەیە. لە دوورەوە دەنگی گوللەتۆپ دەگاتە گوێ. (ئەندرێیا) کوتوپڕ ڕادەوەستێ. دوو ئەزموونی بەهێز و هاوکات باڵی بەسەردا دەکێشن، یەکێکیان ئەوەیە کە وی دووگیانە، ئەوی تریشیان ئەوەیە کە فریشتە دەیپارێزێت.

چەند ڕۆژێک دواتر کەنارەکانی دەوروبەری (شۆنیگسبێری) لەلایەن یەکە سەربازییە

15- Ostpreussen

16- Königsberg



ڕووسییەکانەوە داگیر دەکرێت. ئەندرێیا، کیژەکەی، مێردەکەی و موزیکژەنەکانی دی بەرەو جێگایەکی گردکردنەوە ڕاپێچ دەکرێن. گومان لە مەرەخەسینامەی گەشتەکەیان دەکرێت. هەموویان لە ژێرزەمینێکدا زیندانی دەکرێن. لەمیانەی پەنجەرەی بەرزی ژێرزەمینەکەوە، حەوشەی چیمەنتۆیی قوتابخانەیەک دەبینرێت. سەربازەکان ئامێرە موزیکییەکان لە موزیکژەنەکان دەسەنن. فەرمان بە(جۆناتان ڤۆگلێر) دەدرێت جلکەکانی داکەنێ و ئەوسا لەگەڵ زیندانییەکانی دیکەدا بۆ گوللەبارانکردنیان ڕاپێچی حەوشە دەکرێن. بەهۆی جۆرە دوودڵییەکی ئیدارییەوە، بۆ چەند سەعاتێک لەپاڵ دیوارەکەدا دەهێڵرێنەوە. پاشان فەرمانیان پێدەدرێت بۆ ژێرزەمینەکە بگەڕێنەوە. ڕۆژی دواتر هەمدیس هەمان ڕێوڕەسم دووبارە دەبێتەوە.

پاسەوانەکان لاقەی زیندانییە ژنەکان دەکەن. بۆ ئەوەی کیژەکەی زیرە نەکات، (ئەندرێیا) لێدەگەڕا پاسەوانەکان چیی لێدەکەن لێی بکەن. ئەو پێیوابوو بیست و سێ یان بیست و چوار جار لاقە کراوە.

چەند ڕۆژێک دواتر یەکە تایبەتییەکانی سوپای ڕووس هاتنە شارەوە، دەست بەئیدارەدا هێنرا، هەندێک لە سەربازانی ڕووس گوللەباران کران تا بۆ ئەوانەی دیکەیش ببنە عیبرەت: ئاخر سوپای سوور تاڵانکراوان تاڵان ناکا و دەستدرێژی ناکاتە سەر نامووسی خەڵکانی بێ پشت و پەنا.

ژووری ژێرزەمینەکە لە زیندانەوە دەبێتە خانوو. (ڤۆلگێر) جلکەکانی وەردەگرێتەوە و دووچاری حاڵەتێک لە هەرەسهێنان دەبێت، لە قوژبنێکدا ڕادەکشێ و هەڵدەلەرزێ، بەڵام متەقی لێوەنایەت. (ئەندرێیا) و موزیکژەنەکان بەمەبەستی گەڕان بەدوای خواردندا، دەچنە دەرەوە.

(ئەندرێیا) لە یەکێک لە چوونە دەرەوەکانیدا، بەڕێوەبەری شانۆی شارەکە و چەند ئەکتەرێک دەبینێ. بڕیار دەدەن پێکەوە سەردانی کۆمێندانت[17] بکەن تا جۆرێک لە شانۆ و چالاکیی موزیکایی بخەنەگەڕ. (ئەندرێیا) بەڕووسی دەپەیڤێ و پڕۆژەکەی بۆ سەرهەنگێک باس دەکات، ئەویش پێیێ باش دەبێ. لەمیانەی خولێکی ڕێکخراوەیی لە تێگەیشتن نەهاتووەوە، موزیکژەنەکان ئامێرە موزیکییەکانیان بەساخی وەردەگرنەوە.

چەند ڕۆژێک دواتر (ئەندرێیا) و بەڕێوەبەری شانۆی شارەکە، شەوەئاهەنگێک لە

١٧- kommendant فەرماندەی یەکەی سەربازی.

هۆڵی خانەی شارەوانی ڕادەگەیەنن. پێشتر نهۆمی سەرەوەی خانەکە سووتابوو، بەڵام هۆڵی ئاهەنگەکە تا ڕادەیەک بێ زیان دەبێ. سەعات هەشت هۆڵەکە لە خەڵکی شار، ئاوارە و داگیرکەرانی ڕووس جمەی دێت. باخ، شوبێرت و براهمس[١٨] دەژەنرێن. بەڕێوەبەری شانۆ و ئەو دوای ئەندامانی تیپەکەی، چەند دیمەنێک لە (فاوست) نمایش دەکەن. ئاهەنگەکە چەند سەعاتێک درێژەی دەبێت. بارینی بارانێکی بەلێزمە و دڵۆپەکردنی ئاو لە ساپیتەکەوە، ئاهەنگەکە ڕادەگرێت. نمایشەکە دووبارە دەکرێتەوە، سەرکەوتنەکە گەورە دەبێت، نرخی هاتنە ژوورەوە، پارچەیەک خەڵوز، هێلکەیەک، نەختێک کەرە یان هەر پێداویستییەکی دی دەبێت. (ئەندرێیا) چالاکییەکان ڕێکدەخا و بەڕێوەیان دەبات، جگە لەوە، مێردەکەی و موزیکژەنەکانی دی ناچاردەکات پرۆژەی ڕێکوپێکی خۆیان ئەنجامدەن.

دوای جەنگ (جۆناسان ڤوگلێر) وازی لە ژنەکەی هێنا و لە یەکێک لە ئەکادیمیا ئەڵمانیاییەکاندا بووە پرۆفیسۆر. هەنووکە وی تەواوێک قژی سپی، پێستی دەڵێیت بەتەباشیر ئارایشت کراوە، چاوە ڕەشەکانی وەکی پەنگر دەسووتێن، ورگی ناقۆڵا و ئازاری دڵەکەی بەشێوەی ڕێکوپێک و ناو بەناو بۆ دێتەوە. وی لەتەک سێ دولبەری هەمیشەییدا دەژی.

(ئەندرێیا) ڕوودەکاتە شتوتگارت و وەک پێداگۆگێکی پیانۆ دەکەوێتە کار. (شێبی لارێتی)، قوتابیە وەفادارەکەی وی، لەلایەن مامۆستاکەیەوە بەئەڤینێکی ناهەستی و عەزمێکی ڕەق وەکی بەردەوە مامڵە دەکرێت.

کێشەی (شێبی) کێشەیەکی جیددی بوو. شێبی، بەبەهرەیەکی سەخاوەتمەندانەی موزیکی، بەگەرموگوڕی و حەز و هاوئاهەنگکردنی ئەوە لەگەڵ جوانی و درەوشاوەییدا، پێشڤەچوون لەکارەکەی خۆیدا بەدەست دێنێت. کێشەکە لەوەدا دەبێ کە ئەم سترکتورە بەشکۆیە لەسەر بناغەیەکی لەرزۆک ڕۆنراوە: ئاخر ئەو خودان تەکنیکێکی چەسپاو نابێت. دەرەنجامی ئەمەش دروستبوونی نادڵنیاییەکی ترسناکی، لەودیو متمانە بەخۆبوونێکی جوانەوە، لێ دەکەوێتەوە. کۆنسێرتەکانی، درەوشاوە یان جێی بەزەیی پێدا هاتنەوە دەبن، ئەمە پێوەند دەبێ بەژمارەیەکی بێ شومار هەلومەرجەوە.

(شێبی لاتێرتی) پەنا بۆ (ئەندرێیا ڤوگلێر- کورێللی) دەبات تا شوورایەکی تۆکمە

18- Bach, Schubert och Brahms



لەسەر ئەو بونیادە جوانە ڕۆبنێت. ئەوە دەبێتە کارێکی زەحمەتی حەوسەڵەپڕووکێن و ساڵانێکی زۆر دەخایەنێت. لەو ماوەیەدا هاوڕێیەتییەکی گیانی بەگیانی لەنێوان ئەو دوو ژنەدا دروست دەبێت.

هەندێ جار ڕوخسەتم پێدەدرا لە وانەکاندا ئامادەبم. ئەویش هەمان ڕێوشوێنە توندوتیژە پێداگۆگییەکانی (تۆشتێن هاممەرێن)ی پراکتیزە دەکردن. ڕستەیەک بەسەر بەشە پێکهێنەرەکانیدا دابەش دەکرا، بەسەعات بەپەنجەگەلێکی وەسوەسەئامێز پرۆڤەی لەسەر دەکرا و پاشان کە کاتی خۆی دەهات، هەمدیس ئەو یەکانە کۆدەکرانەوە.

ئەندرێیا دەستە گەورەکانی (شێبی)، حەز و بەهرە موزیکییەکەی ئەوی خۆش دەویستن بەڵام گلەیی لە تەمبەڵییەکەی هەبوو. (ئەندرێیا) وەک چیمەنبڕێک دڵڕەق بوو. (شێبی) کەسێکی سەرکێش، بەڵام ئیدی خۆی بەدەستەوەدابوو. هەموو شتێک سەراپاگیر وەک شیکارییەک. ڕێگەچارەکان تا ڕادەیەک هەمیشە تەکنیکی بوون، بەڵام لەمیانەی کارکردندا کرابوونە شتگەلی ڕۆحی. جومگەی پەنجەکان، دەست، ژێر قۆڵ، سەر قۆڵ، شان، پشت، شێوەی دانیشتن، قامکدانان، گزی مەکە، کاتێ دوودڵیت پەلە مەکە، ڕاوەستە و بیر بکەوە، لەم جووڵەیەدا تۆ ڕێگەچارەی هەموو ڕستەکە دەدۆزیتەوە، دەی فەرموو، لەوێدا دەبێ تۆ هەناسە وەرگریت، هەی منداڵەی ئازیز، بۆچی بەدرێژایی کات هەناسەت لەبەر خۆ بڕیوە، هەنووکە تەنها نیو سەعات کات ماوە، کەمێک حەوسەڵەت هەبێ ئەوسا چا کەت دەخۆیتەوە، ئەگەر جومگەی دووەمی پەنجەت ئەزییەتت دەدا، ئەوا ئەزیەتدان ئەمەیە (بە پەنجەی ئاماژە، کەشکێک لە دەفەی شانی شێبی دەدا). هەنووکە نۆتەی فا بیست جار، نا سی جار بژەنە، بەڵام باش بیری لێ بکەرەوە! یەکەمجار بەپەنجەی ئاماژە و دووەم جاریش بەکەڵە پەنجە. ئەم شێوازی ژەنینەت لەکوێوە هێنا، تەواوە: هێز لە زگەوە دێت، لە شێوەی دانیشتندا گزی مەکە. چ ئامێرێکی موزیکایی نییە، چ ئامێرێکی موزیکایی نابێت بتوانێ ئەو دینامیکییەتە ڕاڤە بکات کە بیتهۆڤن لە دونیا کەڕەکەی خۆیدا، ئەندێشەی بەرجەستەی دەکرد. هەنووکە دەبینیت جوانتر خۆ دەنوێنێ، تۆ کە لە ناوەوەتڕا هێندە جوانیت، ئەوا پێویستە لەسەرت خۆت فێرکەیت ئەو جوانییە هەڵگۆزیتە دەرێ. بەردەوام دەبین، لێرەدا ئاژێرێک هەیە بۆ شتێک کە بیست و نۆ جووڵە دواتر تووشمان دێت، ئەوە بەحاڵ دەبینرێت، بەڵام گرنگە. چ زیادەکارییەک لای بیتهۆڤن نییە، وی سۆز وورووژێن و کاریگەرانە، شتێتگیرانە، خەمینانە، شاگەشکەبووانە و تەژی لە عەزاب دەئاخڤێت، ئەو هەرگیز بلەمە بلم ناکات، دەی تۆیش نابێ بلەمە بلم

بکەیت، هەرگیز ئەو فاکتانە مەخەرەڕوو کە بەڵگەنەویستن و هەموو کەس دەیانزانێت! تۆ دەبێ بزانیت چیت گەرەکە تەنانەت گەر ئەو شتە هەڵەش بێت. مانا و ناوەڕۆک، دەی فەرموو. ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێ پێ لەسەر هەموو شتێک داگیرێت، جیاوازی هەیە لەنێوان پێ لەسەرداگرتن و مانادا. هەنووکە بەردەوام دەبین، حەوسەڵەت هەبێ، لەسەر حەوسەڵە خۆت ڕابێنە، کاتێ دەتەوێ کۆڵ بدەیت، ئەوا پاترییەکی تایبەتی لە خۆت ببەستە کە تەقەلاکانت دوو بەرامبەر بکات. هیچ شتێک لە ویژدانێکی نەخۆش لە مەسەلە هونەرییەکاندا خەراپتر نییە. لێرەدا ڕاوەستە. سێ یەک. (هورویتز)ی هاوڕێم هەموو بەیانییەک دوای قاوەڵتی دەچوو بۆ لای پیانۆکە و چەند جارێک لە کلیلی سێ ماژوری دەدا. دەیگوت بەوە گوێی دەشوات.

من گوێم بۆ ئەندرێیا ڕادەدێرا و بیرم لە شانۆ دەکردەوە، بیرم لە خۆم و ئەکتەرەکان. بیرم لە بێباکییمان، لە نەشارەزاییمان، لەو بەرهەمە گشتییە نەفرەتییانەمان دەکردنەوە کە بەرامبەر مووچە ئەنجامی دەدەین.

لە دیمەنی پەرتی کولتووریماندا، بێگومان ئێمە خودان ژمارەیەک ئەکتەری گەورەین کە لە توانای بەرایی تەکنیکییان کەم بووە. پشت بەستوو بەدرەوشانە بێ چەندوچوونەکەیان دەچوونە سەر تەختەی شانۆ و جۆرێک لە پێوەندیی جووتبوونی سێکسواڵییان لەتەک بینەراندا دروست دەکرد. کاتێ پێوەندییەکە دروست نەبووە، ئیدی دووچاری شڵەژان هاتوون، دەقەکەیان بیرچۆتەوە (کە هەرگیز بەباشی ئەزبەریان نەکردووە)، نائاشکرا و تەمومژاوی ئاخڤیون، بەسەر ئەکتەرانی دی و بەسەر مولەقینەوە بوونەتە مۆتەکە. ئەوانە بۆ ساتەوەختێک ئاماتۆرگەلێکی بلیمەت بوون، ڕەنگە لە تەواوی ئێوارەکاندا بەبیرۆکەیەکی بروسکەیی ئەو بلیمەتییەی خۆیان نواندبێ، لەو نێوانەدا بەشێوەیەکی ناچوونیەک خەمگینی، ماددەی وریاکەرەوە، ماددەی سڕکەر و کهول بوونیان هەبووە.

(یۆستا ئێکمان)[19]ی گەورە باشترین نموونەیە. ئەزموونی وی، درەوشانەوە ئەفسووناوییەکەی و بلیمەتییەکەی یارمەتییان نەدا. مرۆڤ دەتوانێ دەستکورتیی ئەو لە فیلمەکانیدا تاووتوێ کات. ئاخر کامێرا فێڵەکە، بەتاڵی، نادڵنیایی، کەموکوڕی لە شوناسی سێکسوالییدا دەخاتەڕوو.

یەکەمین نمایش بەدڵنیاییەوە مەزن بوو. بەڵام ئەی لەبارەی پێنجەمین یان پازدەیەمین

19- Gösta Ekman



نمایشەوە چیی؟ من لە پێنجشەممەیەکی تەواو ئاساییدا (هاملێت)ەکەیم بینی. ئەوە خۆنمایشکردنێکی لەخۆباییانە و زۆرلەخۆکردنێکی بێ پاساو بوو لەدیالۆگێکی سەختکۆشانەدا بەمولەقینێکی هەراسانەوە.

هەندێک هاوین من و شێبی لە کۆدوورگە لە باکووری (ئۆرنئۆ)[20] خانوویەکمان بەکرێ دەگرت. ئەو خانووە ڤێللایەکی بەردینی زەبەلاح و نەجیبزادانە و کەوتبووە کلکەیەک کە بەسەر (یونگفریو فێیاردین)[21] و ڕێگای چوونە ناوەوە بۆ (دالارئۆ)[22]دا دەینۆڕی. کلکەکە بەدارستانێکی چڕ و دێرین، جیاببۆوە کە بەرەو خانووەکە چووبووە پێش و پەلاماری بێستانی بەڵاڵووک و کێڵگەکانی پەتاتەی دابوو. لەوێدا تاریکاییەکی شێدار باڵی کێشابوو، بوومەلێڵان سارمەگیای کێوی پرشنگیان دەدا، مێشوولەکان هار و ژەهراوی بوون.

لەم ژینگە تاڕادەیەک بیانییەدا ئێمە: شێبی، دایکی، (ڕوسێ)ی کارەکەری ئەڵمانیایی و من، لە هاویندا ئاهەنگمان دەگێڕا. شێبی دووگیان و دووچاری نەخۆشییەکی ناترسناک بەڵام زۆر عەزابدەر ببوو. ئەو نەخۆشییە پێی دەگوترا (ڕێستلێس لێگس) و کەسی تووشبوو بەو نەخۆشییە، بەدەست خورووی ئەژنۆ و پەنجەکانی پایەوە بۆڕۆ دەبوو. شێبی ناچاربوو قاچی لە جووڵەیەکی بەردەوامدا ڕاگرێ. شەوانە خەراپتر بوو، چونکە بێ خەوی شتێک بوو بێ چەندوچوون.

شێبی کە بەگچکەترین شت دەکەوتە نووکەنووک، بەحەوسەڵە و خوێندنەوەی ڕۆمانی ئەستووری ڕووسییەوە لە بەرامبەر ئەو عەزابەدا، بەرگری دەنواند، لێکدا لێکدا بەخانووەکەدا دەهات و دەچوو. هەندێ جار بەدەم پیاسەوە خەوی لێدەکەوت. ئەوسا کە وەئاگا دەبۆوە پەی بەوە دەبرد شتگەلێکی کردوون کە چ زانیارییەکی لەبارەیانەوە نەبووە.

شەوێکیان لە دەنگی زرمە و قیژەیەک خەبەرم بۆوە. شێبی لە پێپلیکانەکان کەوتبووە خوارەوە، لەکاتی ڕۆیشتندا خەوی لێکەوتووە و ئیدی کۆنترۆڵی لەدەست داوە و کەوتووە. ئەوسا تۆقیو و بەچەند جێگە ڕووشانێکەوە ڕایکردبوو.

بۆ من ئەوە خەراپتر بوو. لەحەژمەت شۆک، میکانیزمی نووستنم تێکوپێک شکا. بێ خەوی یان خەوم بەشێوەیەکی هەمیشەیی لێ پچڕپچڕ بوو. ئاخر من چوار پێنج سەعات

20- Ornö

21- Jungfrufjärden

22- Dalarö

دەنووم و هێشتا هەر ئاساییم. زۆرجاران وەک سپرینگێک لە خەوێکی قووڵ ڕادەکێشرێم. ئەوە هێزێکە بەرگەنەگیراو، بیردەکەمەوە ئاخۆ دەبێ لەکوێدا خۆی شاردبێتەوە. ئاخۆ ئەوە هەستی تاڵی ئازاری ویژدانە یاخۆ پێداویستییەکی لە خامۆشبوون نەهاتووە بۆ کۆنترۆڵکردنی واقیع؟ نازانم، لە ڕاستیدا ئەوە گرنگ نییە. تەنێ شتێکی گرنگ ئەوەیە، وا بکەیت شەو بەکتێب، مۆسیقا، پسکیت و ئاوی کانزایی بەڕێ بکەیت. قورستترین کات، ساتی گورگی نێوان سەعات سێ و پێنجە. لەو کاتەدا شەیتانەکان دێن: شەیتانەکانی هەست بەحەیاچوونکردن، بێزاری، ترس، ڕۆحداهێزران و شێتگیری. ناکرێ سەرکوتیان بکەیت، چونکە خەراپتر دەبن. کە چاوان لە خوێندنەوە شەکەت دەبن، مۆسیقا هەیە. چاوانم لێکدەنێم و بەتەرکیزەوە گوێ لە مۆسیقا ڕادەدێرم و ئازادی دەدەمە شەیتانەکان: وەرن، من دەتانناسم، دەزانم چۆن ئیش دەکەن، بەردەوامبن تا شەکەت دەبن، چ بەربەرەکانییەک نانوێنم. شەیتانەکان خەراپتر هەڵدەچن، دوای چرکەیەک ڕۆدەچنە بنەوە و حۆل دەبن، ئیدی ئەوان دیار نامێنن و منیش بۆ چەند سەعاتێک دەنووم.

(دانێل سێباستیان)[٢٣] لە ٧ی سێپتێمبێری ساڵی **١٩٦٢** دا بەنەشتەرگەری لەدایک بوو. شێبی و ئەندرێیا ڤوگلێر تا دوایین سەعات لێواولێو لە گوڕ و تین کاریان کرد. ئێوارەی دوای منداڵبوونەکە، کە شێبی دوای حەوت مانگ لە عەزاب خەو بردییەوە، ئەندرێیا پارتیتیۆری (فلوتی ئەفسووناویی) لەتاقی کتێبەکان دەرهێنا. من لەبارەی خەونی خۆم، بۆ دەرهێنانی ئەو کارە قسەم کرد و (ئەندرێیا)ش کۆڕاڵەکەی کردەوە کە لەلایەن پاسەوانەکان و کڵاوە ئاسنینە کڵپە سەندووەکان[٢٤]ەوە دەچڕدرێت. ئەندرێیا ئاماژەی بەوە دا کە چ شتێکی نایابە (مۆزارت)ی کاسۆلیک، کۆراڵێکی ئیلهاموەرگرتووی لە (باخ)[٢٥]ەوە هەڵبژاردووە بۆ پەیامەکەی خۆی و (شیکانێدێر)[٢٦]. وی نۆتەکانی پیشان دام و گوتی: ئەمە ئەوەیە کە دەبێت ببێتە ئەرز[٢٧]ی کەشتییەکە. کۆنترۆڵکردنی فلوتی ئەفسووناوی زەحمەتە. بەبێ ئەرز ئەوە شتێکی مەحاڵە. کۆڕاڵەکەی باخ ئەرزەکەیە.

---

٢٣- Daniel Sebastian کوڕی بێریمان لە شێبی.

24- Väktarna med De Brinnande Hjälmarna

25- Bachinspirerad koral

26- Schikaneder

٢٧- لە دەقە سوێدییەکەدا köl بەکارهاتووە کە خوارووترین بەشی کەشتی پێکدەهێنێ. جگە لە وشەی ئەرز چ موورادیفێکی باشترم نەدۆزییەوە.



چەند لاپەڕەیەکمان لەدواوە هەڵدایەوە و گەیشتینە هەڵهاتنی شادومانانەی (پاپاگێنۆ)[٢٨] و (پامینا لە مونوستاتۆس)[٢٩]. بەئاماژەدانەوە گوتی: تەماشای ئێرەکە. تا ڕادەیەک وەک ڕستەیەکی ئیعتیرازی. پەیامێکی دی: ئەڤین وەک باشترین شتی ژیان. ژیان وەک قووڵترین مانای ژیان.

کارێکی دەرهێنان، ڕەگەکانی خۆی بۆ دوور لە زەمەن و خەونەکان درێژدەکاتەوە. حەزدەکەم وا بیهێنمە بەرچاوی خۆم کە ئەوانە لە ژووری تایبەتی ڕۆحدا نیشتەجێن. لەوێدا بەئاسوودەیی ڕاکشاون و وەک پەنیری نایاب دەبن. هەندێکیان بەناچاری یان تاڕادەیەک بەخۆشحاڵی و تا ڕادەیەک بەزۆریی دێنە پێش چاو، ئەوانی دی قەت نایەن، ئەوانە چ پێداویستییەک نابینن کە لەم بەرهەمەدا بەشداربن.

***

---

28- Papageno

29- Monostatos

چەند فیلمێکی جێگەگومانم دروست کردن و شتێک پارەم چنگ کەوت. دوای ئەو دەرهێنانە بەشکۆ بیرلێکراو، بەڵام شکستخواردووەی کە من و (لیڤ ئیوٚلمان) ڕۆڵی سەرەکیمان تێدا دەبینی و ستوونە بەردینەکانی دوورگەی (فۆرئۆ) ببوونە دیکۆری، لەبارودۆخێکی خەراپدا بووم. یەکێک لە پرۆتاگونیست[١]ەکان وازی هێنا و ئیدی بەتەنها خۆم لەسەر تەختەی شانۆ مابوومەوە. نمایشێکی تا ڕادەیەک باشی (گەمەیەکی خەون) م پێشکەش کرد، کەوتمە داوی عەشقی ژنە ئەکتەرێکی جحێڵەوە. لە میکانیکییەتی پرۆڤەکردن تۆقیم، خۆم لە دوورگەکەمدا گۆشەگیر کرد و لە پەلامارێکی درێژخایەنی هێستریادا فیلمێکم نووسی، ناوم نا (چرپەکان و هاوارەکان).

هەموو پاشەکەوتەکانم کردنەیەک، هەر چوار کەسێتییە سەرەکییەکەم قایل کردن، کرێکانی خۆیان وەک شەریکە بەش بەبارمتە دانێن و نیو ملیۆن کرۆنیشم لە ئینستیتیۆی فیلم قەرز کرد. ئەمە دەسبەجێ تووڕەیی زۆر لە فیلمسازانی وروژاند و کەوتنە ئاهونالەی ئەوەی کە گوایە بێریمان نانی لە دەمی هاوکارە هەژارە سوێدییەکانی خۆی ڕفاندووە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو دەتوانێ لە دەرەوەی وڵات سەرمایەگوزاریی فیلمەکانی بکات. مەسەلەکە ئاوها نەبوو. ئاخر دوای زنجیرەیەک نیوە شکست، چ سەرمایەگوزاریکردنێک بوونی نەبوو، چ لە وڵات و چ لە دەرەوە. بۆیە ئەوە شتێک بوو تەواو لەجێگای خۆیدابوو. من هەمیشە ستایشی دڵڕەقیی ڕاشکاوانەی فیلمی نێودەوڵەتییم کردووە. بونیادەم هەرگیز نابێ لەبارەی نرخی بازاڕییەوە خانەگومان بێت. ئەوەی من سفر بوو. ڕەخنەگرانی

١- خاوەن ڕۆڵی سەرەکی. ڕیشەی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ درامای ئەنتیکی گریک. و.ک



ڕۆژنامەکان بۆ دووەمین جار لە ژیانمدا کەوتنە هۆنینەوەی قسەوقسەڵۆک لەبارەی ئەوەوە کە پێشڤەچوونی من کۆتایی هاتووە. هەڵبەت شتێکی سەیربوو کە من گوێم بەو هەموو فەرامۆشکردنە گوتراو و نەگوتراوە نەدا. فیلمەکەمان لە کەشوهەوایەکی متمانەبەخۆی شادومانانەدا ئەنجام دا. جێگای وێنەگرتن خانوویەکی گەورەی وێرانی دەرەوەی (مارییێفرێد)[٢] بوو. پارکەکە وەک پێویست بەسەوزایی پۆشراو و ژوورە دڵگیرەکان لە بارێکی هێند خەراپدابوون کە بەو شێوەیەی دەمانویست گۆڕانگاریمان تیایاندا ئەنجام دان. ماوەی هەشت هەفتە لەو خانووەدا ژیاین و کارمان کرد.

هەڵبەت هەندێ جار خەفەت دەخۆم بۆ وازهێنانم لە دروستکردنی فیلم. ئەمە شتێکی سروشتییە و تێدەپەڕێت. زیاتر غەریبیی کارکردن لەتەک (سڤێن نیکڤیست) دەکەم. دەشێ ئەمە لەبەرئەوەبێت کە ئێمە هەردووکمان بەتوندی کۆیلەی کێشەکانی ڕووناکیین. کۆیلەی ڕووناکیی میهرەبان، خەتەرناک، خەونامێز، زیندوو، مردوو، ڕۆشن، تەمومژاوی، گەرم، بەگوڕ، سارد، ناکاو، تاریک، بەهاری، کەوتوو، لە سەرەوەختی ڕوودانیدا، ڕێک، لار، هەستی، دەستەمۆ، سنوودار، ژەهراوی، هێمنکەرەوە، ڕووناکی ڕووناک. ڕووناکیی.

ئەنجامدانی (چرپەکان و هاوارەکان) کاتی خایاند. کاری دەنگ و لابۆراتۆر درێژخایەن و خەرجییەکەی زۆر بوو. بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئاکامەکەی بکەین، فیلمی (دیمەنگەلێک لە ژیانێکی هاوسەرێتی)مان دەست پێکرد. ئەوە زیاتر لە گەمە دەچوو. لەنێوەڕاستی وێنەگرتندا بووین کە پارێزەرەکەم تەلەفۆنی کرد و پێی ڕاگەیاندم لەماوەی یەک مانگدا پارەکان تەواو دەبێت. مافی سکاندناڤیایی فیلمەکەم بەتەلەفیزیۆن فرۆشت و فیلمە شەش سەعاتییەکەم پێهێنایەوە وشکانی و لە خەتەری خنکان ڕزگارم کرد.

ئاشکرابوو پەیداکردنی دابەشکارێکی ئەمریکایی بۆ فیلمی (چرپەکان و هاوارەکان) زەحمەت بوو. (پاول کوهنێر)[٣]ی وەکیلم، کە بازرگانێکی پیر و خودان ئەزموون بوو، هەوڵی خۆی خستە گەڕ بەڵام چ ئاکامێکی نەبوو. دابەشکارێکی ناسراو دوای بینینێکی فیلمەکە، ڕووی لە (کوهنێر) کرد و هاواری کرد: I will charge you for this damned screening.(٤) دواجار کۆمپانیایەکی گچکە کە تایبەتبوو بەفیلمی ترسناک و نیوەڕووت، ڕوحمی بەرامبەرمان جوولا. لە یەکێک لە هۆڵە سینەماییەکانی نیویۆرکدا

2- Mariefred

3- Paul Kohner

٤- من دەبێ لەسەر ئەم فیلمە نەفرەتییە، تاوانبار (غەرامە) ت کەم.

بۆشاییەک دروست ببوو _ فیلمەکەی ڤیسکۆنتی لە کاتی خۆیدا ئامادە نەببوو. دوو ڕۆژ بەر لەجێژنی لەدایکبوون، (چپەکان و هاوارەکان)، بۆ یەکەمین نمایشکردنی جیهانی دانرا.

ئینگرید و من لەمانگی نۆڤەمبەرەوە چووبووینە ژیانی هاوسەرێتییەوە و بۆ خانوویەک لە (کارپلان)، کە وەک پارچەیەک شیرینیی جوان بوو، گواستمانەوە. ڕۆژێک لەڕۆژان ئەوێ (خانووە سوورەکە) بووە کە تیایدا ستریندبێری لەتەک (هارییێت بوسێ)[5]دا دەژیا. یەکەمین شەو لەو خانووەدا لە دەنگێکی دووری پیانۆ، کە لە زەوینەی خانووەکەوە دەهات، وەئاگابوومەوە. ئەوە Aufschwungەکەی (شۆمان)، یەکێک لە مۆسیقا لە بەردڵانەکانی ستریندبێری بوو. بڵێیی ئەوە سڵاوێکی هاوڕێیانە نەبووبێت؟

بەدردۆنگییەکی شاراوە بەرامبەر ئایندە، خۆمان بۆ جێژنی لەدایکبوون ئامادە دەکرد. (شێبی) ڕاهاتبوو بڵێ کە وی گوێ ناداتە پارە، بەڵام پارە بۆ ئەعساب باشە. من بەرامبەر ئەوەی کە چالاکییەکانی سینەماتۆگراف بەشێوەیەکی مەنتیقی کۆتایی هاتبوو، نەختێک خەم دایگرتبووم.

ڕۆژی بەر لە ئێوارەی جێژنی لەدایکبوون، (پاول کوهنێر) تەلەفۆنی کرد. دەنگی سەیر دەینواند و بەمنگە منگەوە گوتی: It is arave, Ingmar It's a rave!. من نەمدەزانی مەبەستی وی لە rave چییە. چەند چرکەیەکی خایاند ئەوجا توانیم پەی بەو هەموو سەرکەوتنە بەرم. دە ڕۆژ دواتر فیلمەکە بەهەموو ئەو وڵاتانە فرۆشرا کە سینەمایان تێدابوو.

سینەماتۆگراف بۆ لۆکاڵگەلی فەراوان گواستییەوە. سینەمایەکی جوانمان بەئامێر و کەرەستەی تەواوەوە دامەزراند، کونتورەکەمان بووە جێژوانێکی دڵگیر و ناوەندێک بۆ چالاکییەک کە هێور هێور فەراوان دەبوو. خۆم وەک بەرهەمهێن دامەزراند و لەتەک دەرهێنەرانی دیکەدا کەوتینە پراکتیزەکردنی پرۆژەکان.

پێموانییە بەشێوەیەکی تایبەتی بەرهەمهێنێکی باشم لێ دەرچووبێت. لەبەرئەوەی زۆرم لەخۆم دەکرد کۆنترۆڵکار نەبم. ئیدی بەو تەرزە بوومە ناپاک، زۆرتر هاندەر و بێ داواکاری. دەرفەتی زۆرم هەبوون کە بەهرەی بەرهەمهێنیی (لورێنس مارمستێدت)[6]ی پێ ڕۆبنێم، توندوتۆڵییەکەی وی، دڵڕەقییەکەی، ڕاشکاوییەکەی و بوێرییەکەی. بەڵام هەروەها ڕیتمی جووڵەی، دڵسۆزی و هەستیارییەکەی. گەر ئێمە تاقە بەرهەمهێنێکمان

5- Harriet Bosse
6- Lorens Marmstedt



بەدەستڕەنگینیی (مارمێستێدت) هەبایە، ئەوا بەهرەمەندترین فیلمسازەکانمان زایە نەدەبوون: (یان ترۆێل)[7]، (ڤیلگوت خیۆمان)، (کای پولاک)[8]، (ڕۆی ئەندێرسۆن)[9]، (مای زێتێرلینگ)، (ماریەنێ ئارنێ)، (چیل گرێدێ)، (بۆ ویدێربێری)[10]. قۆناغگەلی بێ بەر لە نائاسایش و نادڵنیایی، تێکشکانی متمانەبەخۆبوون و قەرەبووکردنەی ئەوە لە فەزای دیدا، پرۆژەگەلی ڕەتکراوە. کوتوپڕ چەند ملیۆنێک، بێ دەنگی، بێ باکی و هەڵگژانێکی ترسنۆکانە. ئەوسا کە شکست یان ئەو بێ بەختییە دەبێتە حەقیقەتێک، ئیدی زەردەخەنەیەکی تاڵ دەنەخشێ: ئەدی ئێمە چیمان گوت؟

ژیانی هاوسەرییەکی باش، هاوڕێیانێکی باش، کۆمپانیایەکی باش لەکار و سەروەتمەند. بای فێنک لەملاولای گوێچکە دەرپەڕیوەکانمەوە هەڵی کردبوو، ژیان تامی لەهەرکاتێکی تری ژیان خۆشتربوو. فیلمی (دیمەنگەلێک لەژیانێکی هاوسەرێتیی) سەرکەوتنی بەدەست هێنا، (فلووتی ئەفسووناوی)ش بەهەمان شێوە.

بۆ ئەوەی تەنها بۆ یەکجار لە نزیکەوە موعاشەرەتی ناوبانگ بکەم، من و ئینگرید سەفەرمان بۆ هۆلیود کرد. بەشێوەیەکی فەرمی بانگێشت کرابووم تا سیمینارێک لە (قوتابخانەی فیلم)[*] لە لۆس ئەنجێلێس بدەم کە زۆر نایاب گونجابوو. لە ڕووکاری دەرەوە بیانوویەکی لە ڕەخنە نەهاتوو، بەنهێنیی نائاسایی، تا ڕادەیەک چێژێکی قەدەغەئامێز.

هەموو شتێک لەسەروو چاوەڕوانییەوە بوو: ئاسمانە زەرد و ژەهراوییەکەی لۆس ئەنجێلێس. شێوی فەرمی لەتەک دەرهێنەر و ئەکتەراندا. فراوینی لە وەسف بەدەر لە کۆشکی (دینۆ دێ لاورێنفیس)[11] کە بەسەر شار و زەریای ئارامدا دەینۆڕی: ژنەکەی دینۆ، (سیلڤانا مانگانۆ)[12]، جوانی بێ ئەندازەی دەیەی پەنجا، کە هەنووکە ببووە پەیکەرێکی ئێسکی بزاوت بەکەللەسەرێکی باش ئارایشتکراو و چاوانێکی بریندار و بێ

7- Jan Troell
8- Kay pollak
9- Roy Andersson
10- Bo Widerberg

(*) Filmskolan

11- Dino De Laurentiis Palats
12- Silvana Mangano

ئۆقرەوە. کیژە شۆخە پازدە ساڵانەکەیان لەباوکی جیا نەدەبۆوە، خواردنی خەراپ، دۆستایەتییەکی نەرم و بێباکانە.

شێوێکی دی و ئێوارەیەکی دی: (پاول کوهنێر)ی وەکیلم، پسپۆڕی هولیود، چەند دەرهێنەرێکی بەتەمەنی بۆ سەر مێزەکەی خۆی داوەت کردن: (ولیام وایلەر)[١٣]، (بیللی ویلدەر)[١٤]، (ولیام وێلمان)[١٥]. کەشەکە بەشکۆ و خۆش. لەبارەی دراماتۆرگی ڕێک و نایابی فیلمی ئەمریکاییەوە قسانمان کرد. (ولیام وێلمان) گێڕایەوە کە چۆناوچۆنی لە سەرەتای دەیەی بیستدا لەمیانەی دەرهێنانی کارێکی دوو ئەکتەرییەوە خۆی فێری پیشەکە کردووە. مەسەلەکە ئەوەیە کە پێش هەموو شتێک خێرا هەڵوێستەکە بچەسپێنرێت: دیمەنەکە شەقامێکی تۆزوخۆڵاویی دەرەوەی مەیخانەیەک دەنوێنێ. لای پێپلیکانەکەوە سەگێکی گچکە کروشکەی کردووە. قارەمانەکە لە دەرگاکەوە دێتە دەرەوە، نەوازشی سەگەکە دەکا و ئەوجا سواری ئەسپەکەی دەبێت و دووردەکەوێتەوە. پیاوخەراپ لە دەرگاکەوە دێتەدەرەوە، لەقە بەسەگەکەدا دەکێشێت، سواری ئەسپەکەی دەبێت و دووردەکەوێتەوە. دراما دەتوانێ دەست پێبکات. بینەر پاش یەک دەقیقە بڕیاردەدات ڕقی لە کێ بێ و کێی خۆش بوێت.

من پێشتر، لەو ساڵەدا (یەکەمین زریکەی ساوا)[١٦]کەی (ئارتۆر یانۆف)[١٧]م خوێندبۆوە، کتێبێک بەتوندی بیروڕاهەژێن و گفتوگۆ و وروژێن کە جێگای ستایشم بوو. وی ڕێگەچارەیەکی دەروونی دەهێنێتە ئارا لەگەڵ نەخۆشە ئەکتیڤ و چارەسەرکارە بەشێوەیەکی ڕێژەیی پاسیڤەکاندا. تیۆرییەکانی وی نوێ و سەرکێشانەبوون. بەشێوەیەکی ڕۆشن و سەرنجڕاکێش خرابوونە ڕوو. زۆر وروژام و بەدوای هێڵە گشتییەکانی (یانۆف)دا کەوتمە ڕۆنانی فیلمێکی تەلەفیزیۆنیی چوار زنجیرەیی. لەبەرئەوەی کلینیکەکە لە لۆس ئەنجێلێس بوو، داوام لە (پاول کوهنێر) کرد وادەیەک ڕێکخات. (ئارتۆر یانۆف) لەتەک دوڵبەرە زۆر شۆخەکەیدا بۆ کونتۆرەکەی (کوهنێر) هات. وی کەسێکی باریک و تاڕادەیەک لاواز بوو، بەقژێکی لوولی ماشوبرنجیی بژ و ڕوخسارێکی دەرپەڕیوی

13- William Wyler
14- Billy Wilder
15- William Wellman
١٦- Primalskriket رزیکەی ساوای تازە لەدایکبوو لە حەژمەت ترس و ئازار.
17- Arthur Janov



جوولەکانەوە. هەر یەکسەر ئاشنای یەکدی بووین. هەردووکمان پەیجۆور و کراوە، بەسەر ڕێوڕەسمە فەرمییەکاندا بازماندا و هەوڵمان دا یەکسەر خۆمان بگەیەنینە خاڵە جەوهەرییەکان.

ساڵانێکی زۆر لەوەوبەر، (جێروم روبینس)[١٨] لەتەک هاوڕێ خۆرهەڵاتییە زۆر شۆخەکەیدا بۆ (شاری فیلم) سەردانیان کردم. ئەو ئەزموونە هاوشێوەی ئەوەبوو: پێکگەیشتنێکی ڕاشکاوانە و گەرموگوڕ، یەکترناسینێکی هاسان بەڵام بەکەفوکوڵ. پەرۆشبوون لەساتی ماڵئاواییدا و دڵنیایی بۆ یەکتربینینەوەیەکی زوو بەزوو.

ئەوە ڕووی نەدا، هەرگیز ئەوە ڕووی نەدا. دەستەوەستانی بێریمانی لادێیی، شەرمی وی لەبەردەم هەستە بێ ئەژمارەکاندا: وا باشترە بکشێیتەوە، بێ دەنگبە، خۆتی لێ لادە. ژیان وەک ئەوەی هەیە مەترسیئامێزە، من دەڵێم سوپاس و بەپارێزەوە خۆم دەکشێنمەوە دوا، پەیجۆریم بەپەژارە دەگۆڕدرێ، سوپاسگوزارم بۆ ئەم ژیانە خۆڵەمێشییەی ڕۆژانە. ئەمە دەتوانرێ چاودێری بکرێ و دەربهێندرێ.

فیلمی (ڕوو بەڕوو)[١٩] دەبوو فیلمێک بێت لەبارەی خەون و واقیعەوە. خەونەکان دەبوو ببنە واقیعێکی هەستپێکراو. واقیع دەبوو لێکبەرهەڵبوەشێ و ببێتە خەون. من کەم جار توانیومە بەبێ لەمپەر لەنێوان خەون و واقیعدا ببزوێم: (پێرسۆنا)، (ئێوارەی لێبووکەکان)، (بێ دەنگیی)، (چرپەکان و هاوارەکان). ئەمجارەیان مەسەلەکە زەحمەتتر بوو. ئامانج گەرەکی بەسروشێک بوو کە من لە قەرەی نەدەهاتم. زنجیرەی خەونەکان تێکەڵ پێکەڵ بوون و واقیعیش تەمومژاوی. لێرەولەوێ چەند دیمەنێکی جێگیر هەبوون و (لیڤ ئیولمان) یش وەکی شێر بەرخۆدانی دەنوواند. لەمیانەی هەژموون و بەهرەوەریی خۆیەوە فیلمەکە هاوپەیوەندبوو. بەڵام تەنانەت ئەویش نەیتوانی چڵەپۆپە قوتارکات، یەکەمین زریکەی ساواکە کە کارێکی پەرۆشانەبوو، بووە میوەیەکی کەمتەرخەمانە بەکاربراوی خوێندنەوەی من. ئەو خۆبەدەستەوەدانە هونەرییە، لەمیانەی تاڵە داوە ناسکەکانەوە برۆی گرژکرد.

خەریک بوو تاریکی دەکرد بەبێ ئەوەی من ئەو تاریکاییە ببینم.

تەلەفیزیۆنی ئیتاڵیایی دەیویست فیلمێک لەبارەی (ژیانی مەسیح) ەوە دروست کات.

18- Jerome Robbins
19- Ansikte mot ansikte

سەرمایەگوزارانێکی بەدەسەڵات لەپشت پڕۆژەکەوە بوون. لیژنەیەکی نوێنەرایەتی کە لە پێنج کەس پێکهاتبوو، بۆ سوێد هاتن و کارەکەیان ڕاسپارد. من بەڕەشنووسێکی ورد لەبارەی دووایین چل و هەشت سەعات ژیانی مەسیح وەڵامم دانەوە. هەر ئێپیسود[۲۰]یک لەبارەی یەکێک لە کەسە سەرەکییەکانی دراماکەوە بوو: (پیلاتۆس) و ژنەکەی، (پێترۆس)ی مونکیر، (ماریا) دایکی مەسیح، (مارییای مەگدەلە)، ئەو سەربازەی تاجی دڕکەکەی هۆنییەوە، (سیمۆن)ی قەیرەوانی کە خاچەکەی هەڵگرت، (یەهودا)ی خایین. هەریەک لەو کەسێتییانە ئێپیسۆدی خۆی هەبوو کە لەمیانەیەوە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەو درامای عەزابەدا وەدیاردەکەوت کە واقیعییەتیانی تێکوپێک شکاندووە و ژیانیانی گۆڕیوە. پێمڕاگەیاندن گەرەکمە فیلمەکە لە (فۆرئۆ) وێنەبگرم. شورا بازنەییەکەی شاری ڤیسبی دەبێتە شوراکەی دەوری ئۆرشەلیم. زەریای خوار ستوونە بەردینەکان دەبێتە زەریاچەی (گێنێسارێت)[۲۱]. دەمەوێت خاچەکە بەگردۆڵکە بەردینەکەی (لانگهاممەر)[۲۲]دا سەرخەمە سەرەوە.

ئیتاڵییەکان ڕەشنووسەکەیان خوێندەوە، تاووتوێیان کرد و ڕەنگپەڕیوانە کشانەدواوە. سەخاوەتمەندانە پارەکەیان دا و ئەرکەکەیان بە(فرانکۆ زێفیرێللی)[۲۳] سپارد، ئەوە کتێبێکی وێنەیی جوانی لەبارەی ژیان و مردنی مەسیح، ڕاڤەیەکی ڕاستەقینەی ئینجیلی لێکەوتەوە.

خەریک بوو تاریکی دەکرد بەڵام من ئەو تاریکاییەم نەدەبینی.

ژیانم خۆش و سەرەنجام لە ناکۆکییە بڕستلێبڕەکان ئازاد ببووم. خۆم فێری ئەوە کرد بزانم چۆناوچۆنیی لەتەک شەیتانەکانمدا مامڵەدەکەم. هەروەها توانیم یەکێک لەخەونەکانی تافی منداڵییم وەدی بێنم. پشتیرێکی سەد ساڵەی نیوە داڕووخاو لە نزیک (دێمبا)[۲٤] لە (فۆرئۆ) هەبوو، سەرلەنوێ ڕۆماننایەوە و وەک ستۆدیۆیەکی پریمیتیڤی فیلم بۆ (دیمەنگەلێک لە ژیانێکی هاوسەریی) بەکارمان هێنا. دواى وێنەگرتن، ستۆدیۆکەمان کردە سینەما بەژوورێکی نایابی مۆنتاژەوە لە کادانەکەدا.

---

۲۰- episod ڕووداوێکی لاوەکی، ڕووداوێکی هاکەزایی.

21- Genesarets sjö

22- Langhammars steniga kulle

23- Franco Zeffirelli

24- Dämba



کە (فلوتی ئەفسووناوی) مۆنتاژ کرا، چەند کەسێکمان لە بەشداران، هەندێ لە فۆرئۆنشینان و ژمارەیەک منداڵمان بۆ یەکەمین نمایش بانگێشتکردن. وەرز وەرزی ئاگۆستی و مانگ چواردە، تەم خۆی لەنشێوی (دێمبا)وە ئالاندبوو. خانووە کۆنەکە و ئاشەکە لەو ڕۆشناییییە کزە ساردەدا پرشنگیان دەدا. تارمایی خاوەن ماڵ، (دادگەری دادوەر)[۲٥] لە تەلانی گوڵە یاسەمینەکانا هەناسەی هەڵدەکێشا.

لە پشووەکەدا، ئاگری بەنگالیاییمان داگیرساند و لە چاوی هەژدیها[۲٦]، لە چاوی دەسکێشە شڕەکانی (تالەرێن)[۲۷]، شەمپانیا و ئاوی سێومان خواردەوە. لە چاوی (پاپاگێنا)[۲۸] کە کیژێکی بووە و لە خۆشی کۆتاییهاتنێکی بەختەوەرانەی ژیانێکی درێژی فلوتی ئەفسوناویی لەکۆڵە پشتەکەمدا، خواردمانەوە.

کە بونیادەم بەتەمەندا دەچێ ئیدی پێداویستی و حەزی وی بۆ ڕابواردن کز دەبێت. من سوپاسگوزاری هەموو ڕۆژە بێ ڕووداو و میهرەبان و شەوە نە هێند، بێ خەوەکانم. سینەماکەی (فۆرئۆ) م چێژێکی لەڕادەبەدەری پێبەخشیم. لەمیانەی پێوەندیی هاوڕێیانەی سینەماتێکی ئینستیتیۆی فیلم[۲۹]ەوە دەتوانم فیلمی کۆن لە ئارشیفە بێ ئەندازە گەورەکەیان بخوازم. کورسییەکەم ڕاحەت، ژوورەکەم گەرم و خۆش، دونیا تاریک دەکا و یەکەمین وێنەی لەرزۆک لەسەر دیوارە سپییەکە وەدیاردەکەوێت. ئارامی باڵ دەکێشێ. پرۆژکتۆرەکە لە ژووری مەکینە باش گۆشەگیرکراوەکەدا، بەئەسپایی وڕەی دێت. سێبەرەکان دەجوولێن، ڕوو بەلای مندا وەردەگێڕن، دەیانەوێ ئاگام لە چارەنووسیان بێت.

شەست ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا هەمان وورووژان بەری نەداوم.

***

---

25- Den Rättvise Dommaren

26- Draken

27- Talaren

28 Papagena

29 Filminstitutets Cinematek

ساڵی ١٩٧٠ (لاورانس ئولیڤەر)[١] قایلی کردم (هێدا گابلێر) بەبەشداری (ماگیّ سمیس)[٢] لە ڕۆڵی سەرەکییدا، بۆ شانۆی نەتەوەیی[٣] بخەمە سەر شانۆ. جانتاکەم پێچایەوە و لەژێر ناکۆکییەکی بەهێزی ناوەکیدا و تا سەرکەپوو پڕ لە مەزەندەگەلی خەراپ، سەفەرم کرد. دەبوو ئەو مەزەندە خەراپانە بێنەدی.

ژووری ئوتێلەکە تاریکوپیس، گرمەی ترافیک لە دەرەوە ئاپارتمانەکەی دەلەرزاند و پەنجەرەکانی دەخستە تەقوهۆڕ، بۆ شیّ و بۆ گەنیو دەهات، هەوا گەرمکەرەکەی لای ڕاستی دەرگاکەوە وڕەی دەهات. لە گەرماوەکە مێرووی گچکەی پرشنگدار هەبوون کە گەرچی جوان بوون بەڵام لەجێگای خۆیاندا نەبوون. شێوی بەخێرهێنان لەتەک (ئۆلیڤەر)ی تازەکیی ناوونیشانی لۆرد پێبەخشراو و ئەکتەرەکاندا سەرکەوتووانە نەبوو، خواردنەکە توون و نەدەخورا، یەکێک لە ئەکتەرەکان کە هەر لە خواردنەوەی بەخێرهێنانەوە سەرخۆش ببوو، گوتی کە ئیبسێن و ستریندبێری دوو دایناسۆر بوون، خستنە سەر شانۆیان مەحاڵە و ئەو دووانە تەنها پێچەوانەکەرەوەی هەرەسهێنانی شانۆی بۆرژوازین. من لەفیکرەوە

1- Laurence Olivier
2- Maggie Smith
3- National Theatre



چووم، ئاخر توو دۆزەخ کە ئاوهایە ئەدی بۆچی لە (هێدا گابلێر)دا بەشداری دەکات، وەڵامی دامەوە، کە لە لەندەندا پێنج هەزار ئەکتەری بێ کار هەن. لۆرد زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی هاتێ و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم هاوڕێیەمان ئەکتەرێکی سەرنجڕاکێشە و لە چرکەساتی مەستییدا دەبێتە شۆڕشگێڕ، ئیدی گوێ ناداتە هیچ شتێک. زوو لە دانیشتنەکە هەستاین.

شانۆی نەتەوەیی بەشێوەیەکی کاتیی لە دوو هۆڵدا کارەکانی خۆی نمایش دەکردن. شانۆ نوێیەکە لەخوارەوە لە گوێ ڕووبارەکە لە ڕۆناندا بوو. هۆڵی پرۆڤەکردن ژێر زەمینێکی کۆنکرێتی بوو کە میچەکەی بەچینکۆی ددانەدار گیراو و حەوشەیەکی گەورەی هەبوو کە تەنەکەی زبڵی بۆنگرتووی لێ دانرابوون. کاتێ هەتاو لەسەر چینکۆکان هەڵدەئایسا ئیدی گەرما لەهۆڵەکەدا لەوەدا نەبوو بەرگە بگیرێت. چ پەنجەرەیەک لە هۆڵەکەدا نەبوو. بەمەودای پێنج مەتریی، کۆڵەگەی ئاسنین، میچەکەیان ڕاگرتبوو. دەبوو دیمەنەکان لە پشت و لەبەردەم کۆڵەگەکانەوە جێگە بکرێنەوە. لەڕاڕەوێکی باریکی نێوان هۆڵی پرۆڤە و کوختێکی ئیدارەی کاتییدا، دوو ئاودەستخانە هەبوون. هەمیشە ئاو تیایاندا مەوجی دابۆوە و بۆنی میز و ماسی گەنیویان گرتبوو.

ئەکتەرەکان مەزن بوون، هەندێکیان بێ ئەندازە مەزن بوون. پرۆفیشیۆناڵیی و دەستوبردییان کەمێک ترساندمیان. یەکسەر پەیم بەوەبرد، میتۆدی کارکردنی ئەوان لەوەی ئێمە جیاوازە. لە یەکەم پرۆڤەدا دەقەکەیان ئەزبەر بوو. لەگەڵ چوونە سەر تەختەی شانۆشدا بەتیمپۆیەکی بەرزەوە دەکەوتنە نواندن. داوام لێ کردن خێراییان کەم کەنەوە، ئەوان دڵسۆزانە هەوڵیان دا بەڵام تیامابوون.

بەڕێوەبەرەکەیان دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە ببوو، بەڵام هەموو بەیانییەک سەعات نۆ دەچووە کوختی ئیدارەوە، بەدرێژایی ڕۆژ کاری دەکرد و چەند ئێوارەیەکیش لە هەفتەدا و هەندێ ئێوارەیش دوو جار، ڕۆڵی (شایلۆک)[٤]ی دەبینی. ئێوارەیەکی شەممە دوای یەکەمین نمایش لە ژووره ناخۆش و تەنگەبەرەکەی خۆگۆڕینیدا، سەردانیم کرد. جلکی ژێرەوەی لەبەردا و میکیاژێکی تێکەڵ پێکەڵ بەڕوخسارییەوە، گیانی شەلاڵی ئارەقە و ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. لە دەفرێکدا چەند بابۆڵەیەک دانرابوون کە مرۆڤ حەزی خواردنی نەدەچووە سەریان. وی شەمپانیای دەخواردەوە، پەرداخێک، دوو پەرداخ، سێ

٤- Shylock کەسێتیی سەرەکی شانۆنامەی (بازرگانی ڤێنیسیا)ی ولیام شەکسپیر.

پەرداخ. ئەوسا ماکێرەکە هات و ماکیاژەکەی بۆ جۆرکرد، لێپرسراوی جلوبەرگ هات و لە لەبەرکردنی پاڵتۆ شڕوپڕەکەی شایلۆکدا یارمەتی دا، ئەوجا ددانە دەسکردەکانی تایبەت بەڕۆڵەکەی لەدەم کرد و بەدوای شەپقەکەیدا گەڕا.

نەمتوانی خۆم لە بیرکردنەوە لە ئەکتەرە سوێدییە جحێڵەکان بدزمەوە کە هاتوهاواریان پێدەکەوێ لەسەرئەوەی ناچاردەکرێن بەرۆژ پرۆڤە بکەن و ئێوارەش ڕۆڵ ببینن. یان لەوەش خەراپتر: بەرۆژ ڕۆڵ لە (ماتینێ)[٥]دا ببینە و پاشان وەرە بۆ نمایشی ئێوارەیش. چ شەلوکوت بوونێکە! چ خەتەرێکە بۆ بەهرە هونەرییەکان! چەند زەحمەتە بۆ ڕۆژی دواتر! چ کارەساتێکە بۆ ژیانی خێزانی!

من بەتۆپزی بۆ ئوتێلی (ساڤۆی)[٦] گواستمەوە و سوێندم خوارد خۆم کرێکەی بدەم. لۆرد پێشناری بۆ کردم بچمە باڵەخانە شەوانەکەی کە بەژوور ئاپارتمانێکی بەرزەوە بوو لە یەکێک لە ناوچە بەشکۆکانی شاردا. دڵنیای کردمەوە لەوێ بێزار نابم. ئەو خۆی و (جوان پلاورایت)[٧]ی هاوسەری لە (بریگتۆن)[٨] دەژیان. زۆر کەم شەوان لە باڵەخانەکەیدا لە لەندەن دەمایەوە و گەر ئەوەش ڕوویدابا ئەوا هیچ کاممان مەزاحیمی ئەوی دیکەمان نەدەبووین. سوپاسی ئەو گرنگیپێدانەیم کرد و گواستمەوە ئەوێ و لەلایەن کارەکەرێکەوە بەخێرهێنرام کە لە (ناقوسلێدەرەکەی نۆتەردام)[٩] دەچوو. وی ئایرلەندایی بوو، درێژی ١٢٠ سەنتیمەتر و بەلادا دەڕۆیشت. ئێواران بەگوڕێک نوێژەکانی دەکردن کە یەکەم جار وام زانی بلندگۆیەک بەقوداسەوە، لە ژوورەکەیدایە.

باڵەخانەکە لە یەکەمین بینیندا بەشکۆ دەینواند بەڵام دەرکەوت ئەوێش پیسە. قەنەفە گرانبەهاکان پەڵەپەڵاوی، کاغەزی دیوارەکان دڕاو و بەهۆی ڕوتوبەتەوە شێوەی سەرنجڕاکێش لە ژێر میچەکەدا دروست ببوون. هەموو شوێنێک تۆزوخۆڵ، هەموو شوێنێک تەڕ. کووپەکانی بەرچایی خەراپ شۆردراو، پەرداخەکان جێگەلێویان پێوەبوو، فەرشە سەراپاگیرەکان شڕووڕ، پەنجەرەی پانۆرامەکە خەتخەت. تاڕادەیەک من هەموو بەیانییەک لەسەر مێزی بەرچایی بەدیداری لۆرد دەگەیشتم.

٥- Matine نمایشی فیلم یاخود شانۆنامەیەک لە ڕۆژدا.

6- Savoy
7- Joan Plowright
8- Brighton
9- Ringaren i Notre Dame



بۆ من ئەوە شتێک بوو فێرکاریی. ئاخر (لۆرانس ئۆلیڤێر) لەسەر بەرچایی و بەدیار کووپی قاوەوە، سیمیناری پێشکەش دەکرد و لەبارەی شەکسپیرەوە دەدوا. ئەفسوون بوونم بەقسەکانی شتێک بوو بێ سنوور. من پرسیارم دەکرد و ئەو وەڵامی دەدامەوە و کاتی بەوەڵامەکەی دەدا، هەندێ جار تەلەفۆنی دەکرد و پۆزشی لە ئامادەنەبوونی بۆ کۆبوونەوەیەکی بەیانیان دەهێنایەوە و کۆبوونەوەکەی لەغو دەکرد، ئینجا دادەنیشت و کووپێک قاوەی دیکەی دەخواردەوە.

بەو دەنگە گەمارۆدەرە ئەفسووناوییەی خۆیەوە، لەبارەی بەسەربردنی ژیانێک لەتەک شەکسپیردا دەپەیڤی، لەبارەی دۆزینەوەکان، لەبارەی میحنەتەکان، پەی پێبردنەکان، ئەزموونەکان. من بەشێنەیی بەڵام بەشادومانییەوە لەنهێنیی قووڵی کەسایەتی ئەو خەڵکانە و مامەڵەی کردەیی نادەمارگیرانەیان لەگەڵ هێزێکی سروشتیدا حاڵی دەبووم کە بۆی هەبوو تێکوپێکیان بشکێنێ یاخۆ بەجۆرە ڕایەڵێکی کۆبلایەتییانەوە گرێبدات. ئەوان تاڕادەیەک لە ترادیشۆنێکدا ئازاد دەژیان: دڵناسک، سەرکێش، دوژمنکارانە بەڵام ڕێگە لێنەگیراو. شانۆکەی ئەوان بەپرۆڤەی ماوە کورتەوە، گوشارێک بوو بێ ئەندازە توند، ناچاریی بۆ گەیشتنە بینەر شتێک بوو ڕاستەخۆ و چەسپیو. پێوەندییان بەترادیشۆنەوە چەند مەودایی و ئەنارشیستییانە بوو. لۆرانس ئۆلیڤێر، پێڕەوکەری ترادیشۆن بەڵام پرۆتێستانتیش بوو. لەمیانەی هاریکاری بەردەوام لەتەک هاوکارە جاحێڵ و پیرەکانیدا کە لەژێر هەمان هەلومەرجی توند بەڵام داهێنەرانەدا دەژیان، بەبێ پچڕان پێوەندی ئەوی بە شتە مەزنترینەکەوە گۆڕی: ئەوە بووە شتێک مایەی پەی پێبردن، مایەی ڕاییکردن، گەرچی هەمیشە خەتەرناک، شێلگیرانە و سەرسامی ورووژێن.

ئێمە چەند جارێک یەکتریمان بینی، پاشان ئیدی ئەوە کۆتایی هات. لۆرد ئەلعان دەرهێنانە شانۆییەکەی خۆی (سێ خوشکەکە)[١٠]ی کردبووە فیلم. من پێموابوو فیلمەکە کەمتەرخەمانە دروست کراوە. خەراپ مۆنتاژ کراوە و ناجۆر وێنەگیراوە. وێڕای ئەوەش لە وێنەی نزیک[١١]ی کەم بوو. هەوڵم دا چەندێک بکرێت، هەموو ئەوانە بەنەزاکەتانە بڵێم، ستایشی کڤالیتێتی نمایشەکە و ئەکتەرەکانم کردن: بەتایبەتی (جووان پلۆرایت)، (ماسیا)[١٢]یەکی بێ وێنە. بەڵام قسەکانم بێ سوود بوون. لۆرانس ئۆلیڤێر کوتوپڕ بووە

١٠- Tre systrar شانۆنامەکەی چێخەف.
١١- närbilder وێنەیەک کە لەنێزیکەوە گیرابێت.
١٢- Masja یەکێک لە سێ خوشکەکە.

کەسێکی زۆر فەرمی، ئەو هاودڵی و هاوپیشەییەی جاران بەشەڕێکی دوو لایەنە لە سەر شتی گچکە گۆڕدرا.

لە ژەنەراڵ پرۆڤەدا[١٣] ، وی نیو سەعات درەنگ کەوت، داوای لێبوردنی نەکرد، چەند سەرنجێکی گاڵتەجاڕییانە (بەڵام ڕاستەقینانە)ی لەسەر خاڵە لاوازەکانی نمایشەکە پێدام.

لە یەکەمین نمایشدا، من لەندەنم کە بەهەموو گەردیلەکانی جەستەمەوە ڕق لێی بوو، جێهێشت. لە ستۆکهۆڵم و لە ئێوارەیەکی خۆرەتاوی مانگی مایسدا، لە خوارەوە لە نوربرو[١٤]، ڕاوەستابووم و تەماشای ماسیگرەکانم لە بەلەمەکانیاندا و بەتۆڕە سەوزەکانیانەوە، دەکرد. لە (کیونگینستریدگۆردێن)[١٥] ئۆرکیسترایەکی ئامێری هەوایی موزیکیان دەژەند. هەرگیز لە ژیانمدا ژنی ئاوها شۆخم نەدیتبوون. هەوا سارد و هاسان بوو هەناسە بدەیت. بۆنی گێلاس دەهات، سەرمایەکی بڕندە لەنێو ئاوە بەلرفەکەوە دەهاتە دەرەوە.

چارلی چاپلین[١٦] سەردانی ستۆکهۆڵمی کرد تا ڕیکلام بۆ کتێبی یادەوەرییەکانی بکات کە تازەکیی چاپ کرابوو. (لاسێ بێریستروٚم)[١٧]ی پەخشکاری کارەکانی وی، لێی پرسیم داخۆ دەخوازم ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە (گراند هۆتێل) ببینم و منیش لەخوام دەویست. سەرلەبەیانییەک سەعات نۆ لە دەرگاکەیمان دا، دەرگاکە دەسبەجێ لەلایەن چاپلین خۆیەوە کرایەوە. وی قاتێک چاکەت و پانتۆڵی ڕەشی بێ خەوشی باش دووراوی پۆشیبوو، مێدالێکی شەرەفی لیگیۆن بەبەرۆکی چاکەتەکەیەوە دەدرەوشایەوە، دەنگێکی گڕی چەند تۆنیی زۆر بەنەزاکەتەوە بەخێری هێناین. (ئۆونا)ی هاوسەری و دوو کیژە جاحێڵەکەی کە لە جوانییدا دەتگوت ئاسکن، لە ژوورێکی ناوەوە هاتنە دەرەوە.

دەسبەجێ لەبارەی کتێبەکەیەوە دواین. من لێم پرسی، کەنگێ ئەو بۆ یەکەمجار پەی بەوە برد دەتوانێ خەڵک بهێنێتە پێکەنین و کەنگێ زانی خەڵک ڕێک بەو پێدەکەنن. بەپەرۆشەوە سەری لەقاند و بەخواستەوە وەڵامی دامەوە: لە (کیستون)، لە گرووپێک ئەکتەردا دادەمەزرێ و گرووپەکەش ناوی (کیستون کوپس)[١٨] دەبێ. ئەوان لەبەردەم

١٣– مەبەست لە ژەنەراڵ پرۆڤەی شانۆنامەی (هیدا گابلێر)ی (ئیبسێن) ە.

14- Norrbro

15- Kungsträdgaˌrden

16- Charlie Chaplin

17- Lasse Bergström

18- Keystone cops



کامێرایەکی جێگیردا کاری زۆر خەتەرناکیان دەنواند، وەکی نمایشی (ڤارییێتێ)[١٩] لەسەر تەختەی شانۆ. ڕۆژێکیان پێیان گوتراوە دوای تاوانبارێکی زل و ڕیشن و بەڕەنگی سپی ماکیاژکراو بکەون. دەکرێ بونیادەم بتوانێ بڵێ ئەوە ئەرکێکی ڕۆتینی بووە. دوای ڕاوەدوونان و کەوتنێکی بێ شومار، پاش نیوەڕۆ تاوانبارەکەیان دەسگیر کردووە. وی لە ئەزرەکەدا دانیشتووە، بەپۆلیس گەمارۆ دراوە و بەتێلاکانیان بەسەریاندا کێشاوە. چاپلین دێت بەخەیاڵیدا، وەک ئەوەی پێی گوتراوە، لێکدا لێکدا لە تاوانبارەکە نەدا. لەبری ئەوە بچێتە شوێنێکی بینراوی نێو بازنەکەوە. ئەوسا لەوێدا ماوەیەکی درێژ دلڕەقانە بەتێلاکەی نیشانەی لە تاوانبارەکە گرتۆتەوە، چەند جارێک ویستوویەتی تێلاکەی بووەشێنێ بەڵام لە دوایین چرکەدا دەستی کێشاوەتەوە. کاتێ وردە وردە دوای خۆئامادەکردنی ورد، لێگەڕاوە تێلاکە بەر تاوانبارەکە بکەوێ، لێدانەکە چرووکی کردووە و چاپلێن خۆی کەوتووە. فیلمەکە لە (نیکل– ئودیۆن) نمایش کراوە. ئەم خۆی بۆ ئەوێ ڕۆیشتووە تا بەرەنجامەکە ببینێ. کە تێلاکەی چرووک دەکات، ئیدی خەڵکەکە بۆ یەکەمجار بەچارلی چاپلین پێدەکەنن. (گرێتا گاربو)[٢٠] بەسەردانێکی خێرا گەیشتە سوێد تا ڕاوێژ بەپزیشکێکی

١٩– Variete ئاهەنگی منەوعات، ئاهەنگی گۆرانی.

٢٠– Greta Garbo یەکێکە لە گەورەترین ئەستێرە سینەماییەکانی سوێد لە جیهاندا. لە ١٨ی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٠٥ لە شاری ستۆکهۆڵم لەدایک بووە. یەکەمین دەرکەوتنەکانی گاربۆ بەشداریکردنی بوو لە چەند فیلمێکی ڕیکلامدا. ساڵی ١٩٢٢ بەشداری لە یەکەمین فیلمی خۆی بەناوی Luffar-Petter دا کرد و هەمان ساڵ یەکێک بوو لەو پێنج کەسەی کە لە قوتابخانەی شانۆیی دراماتین وەرگیرا. لەو قوتابخانەیەدا بوو کە دەرهێنەری سینەمایی بەنێوبانگ (ماورتز ستیللێر)ی ناسی کە مامۆستای قوتابخانەکە بوو. گرێتا گاربۆ لەو ماوە کورتەی تەمەنی هونەریی خۆیدا لە ٢٧ فیلمدا بەشداربووە. یەکەمین ڕۆڵی لە هۆلیبود لە فیلمی (گێژەن)دا بوو. ساڵی ١٩٣٠ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار سەبارەت بەهەردوو ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە هەردوو فیلمی Anna Christie و Romance پاڵێورا، بەڵام خەڵاتەکەی پێنەبەخشرا. ساڵی ١٩٣٢ بەشداری لە فیلمی Grand Hootel دا کرد و فیلمەکە ئۆسکاری باشترین فیلمی وەرگرت. (ئاننا کارنینا) ش فیلمێکی دی بوو کە گاربۆ تیایدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا، بەڵام ئەمجارەیش خەڵاتەکەی وەرنەگرت. ساڵی ١٩٤١ و لە تەمەنی سی و حەوتساڵیدا، گاربۆ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەسەرکەوتنەکانی خۆی کەوت و بەهۆی گرفتی ئابوورییەوە هیچ کام لەو فیلمانەی وەدی نەهاتن کە گاربۆ گرێچنی لەگەڵ ئیمزاکردبوون. ساڵی ١٩٦٢ گاربۆ ئینگمار باریمان و جۆن ئێف کەنەدی دەبینێت. لە ١٥ی ئەپرێلی ساڵی ١٩٩٠ لە شاری نیویۆرک کۆچی دوایی دەکات. و.ک

سوێدی بکات. هاوڕێیەکی ژنم پێیڕاگەیاندم کە ئەو ئەستێرەیە دەخوازێ پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ سەردانی (فیلم ستادین) بکات. وی ئەوەی ڕەت کردۆتەوە لیژنەیەک بۆ پێشوازیکردنی پێک بهێنرێ و داوای کردووە ئاخۆ ئەز دەخوازم بەدیداری بگەم و بەشوێنی دێرینی کارەکەیدا بیگەڕێنم.

ڕێک لە دوای سەعات شەشی ئێوارەی ڕۆژێکی ساردی زستاندا، ترومبێلێکی لیموبوسینی ڕەشی بریقەدار لە حەوشەی فیلم ستادین ڕاوەستا. خۆم و یاریدەدەرەکەم پێشوازیمان کرد و بەخێرمان هێنا، دوای جۆرێک لە شپرزەیی و وتووێژی زۆرەکیی، من و (گرێتا گاربو) بەتەنها لە ژوورە هاکەزاییەکەی کارکردنم جێهێڵراین. یاریدەدەرەکەم چوو بەلای هاوڕێکەی (گاربو)وە و بەخواردنەوەی کۆنیاک و دواین وتی وتییەوە سەرقاڵی کرد.

ژوورەکەم تەنگەبەر بوو، مێزێکی نووسین، کورسییەک و قەنەفەیەکی داکەوتووی لێبوو. من لەلای مێزەکەوە دانیشتم، (گریتا گاربۆ)ش لەسەر قەنەفەکە، لەمپای سەر مێزی نووسینەکە هەڵکرابوو. تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد و دەسبەجێ گوتی: ئێرە ژووری (ستیللێر) بوو. نەمزانی چ بڵێم، وەڵامیم دایەوە کە بەر لە من، (گۆستاف مولاندێر) لێرە دانیشتووە. با، ئەمە ژووری (ستیللێر) بوو، بەدڵنیاییەوە دەزانم. نەختێک تەمومژاوی لەبارەی (ستیللێر) و (خیۆسترۆم) ەوە قسانمان کرد، گێڕایەوە کە (ستیللێر) لە فیلمێکی هۆلیوددا دەرهێنەری بووە. لەڕاستیدا ئەو پێشتر لەکارەکەی دەرکرابوو. دەرکرابوو یان نەخۆش بوو. من هیچم نەدەزانی. هەرگیز نەدەلالایەوە، ئاخر من کێشە و گرفتی خۆم هەبوون.

بێ دەنگی باڵی کێشا.

لەناکاوێکڕا چاویلکە سەراپاگیرە هەتاوییەکەی لە چاو داگرت و گوتی: جەنابی بێریمان، من ڕوخسارم ئاوهاییە. زەردەخەنەکەی خێرا و پرشنگدار و گاڵتەجاڕییانە بوو.

زەحمەتە بگوترێ ئەفسانە مەزنەکان لەبەرئەوە بەتەرزێکی بەردەوام ئەفسووناوین چونکە ئەفسانەن یاخۆ سیحرەکەیان وەهمە و ئێمەی بەکاربران، خولڤاندوومانن. لەو ساتەوەختەدا چ گومانێگ لەئارادا نەبوو. لەو ژوورە تەنگەبەرە نیوە تاریکەدا، خودان جوانییەکی نەمر بوو. گەر من بەدیداری فریشتەیەکی یەکێک لە ئینجیلەکان گەییبام، ئەوا دەبوو بڵێم کە جوانیی ئەو فریشتەیە بەدەوری ویدا لە باڵە فرێدابوو. جوانی وەک



گورێک، لە هێڵە بەرجەستەکانی ڕوخسارە پاقژەکەیدا هەبوو، لەنێوچەوانیدا، لە هێڵە یەکتربڕەکانی چاوانیدا، لە چەناگە خانەدان خولڤاوەکەیدا، لە هەستیاری کونە کەپوویدا. دەمودەست کاردانەوەکەی منی خوێندەوە، کەیفی پێهات، کەوتە گێڕانەوەی کارکردنی خۆی لەتەک چیرۆکی (یۆستا بێرلینگ)[٢١] دا. سەرکەوتینە سەرەوە بۆ ستۆدیۆ گچکەکە و گۆشەی چەپی گەڕاین. لەوێدا هێشتا چاڵوچۆڵییەکی ئاسەواری ئاگرکەوتنەوەکەی (ئێکێبی)[٢٢] هەبوو. ناوی یاریدەدەر و کارمەندانی ڕووناکی هێنا کە یەکێکیان نەبێ هەر هەموویان مردوون. ئەو کەسەی لە ژیاندا بوو، (ستێللێر) بەپاساوێکی نادیار لە ستۆدیۆکە کردبوویە دەرەوە. لەکاتی سەرزەنشتکردنیدا قەڵافەتێکی تایبەتی بەخۆوە گرتبوو، لەسەر پاژنەی پێ سووڕابۆوە و چووبووە دەرەوە. دوای ئەوە سەری بەژووردا نەکردبووەوە، بەڵکوو ببووە پاسەوان و باخەوانی فیلم ستادین،[٢٣] گەر دەرهێنەرێکی خۆش ویستبا، ئەوا قەڵافەتێکی تایبەتی بەخۆوە دەگرت و بەپەلە بەبێڵەکەیەوە دەکەوتەخۆ، هەندێ جار چەند بەیتێک لەسروودی پادشایەتی دەبێژا. ئەو دەرهێنەرەشی کە ئەم خۆشی نەویستبا، زۆرجار گەڵایەک یاخود تۆپەڵە بەفر لەبەردەم ترومبێلەکەیدا بوو.

(گرێتا گاربو) پێکەنینێکی تیژ و پاقژ پێکەنی. وەبیری خۆی هێنایەوە کە ئەو پاسەوانە بەشەکرلەمەی لە ماڵەوە دروستکراو، تێری دەکرد و هەرگیزیش نەیوێراوە پێی بڵێ ناخۆم.

پیاسەیەکی خێرامان بەو ناوەدا کرد. وی جلکێکی پانتۆڵیی جوانی لەبەرکردبوو، بەگوڕەوە دەجوولا، جەستەی چوست و چالاک و سەرنجڕاکێش. لەبەرئەوەی ڕێگاکە لێژ و چەند جێگایەکی خزیی تێدابوو، بۆیە باسکی گرتبووم. ئەوسا کە بۆ ژوورەکەم گەڕاینەوە، وی سەرحاڵ و هێوربوو. یاریدەرەکەم و میوانەکەی لە ژوورەکەی دی هەراو زەنایان بوو.

ئاڵف خیۆبێری دەیویست پێکەوە فیلمێک دروست کەین، بەدرێژایی شەوێکی هاوین لە ترومبێلێکدا لە دەرەوە لە (یورگۆردن) دانیشتین و قسانمان کرد، وی زۆر قەناعەتپێکەر بوو، نەدەتوانرا دەست بەڕوویەوە بنرێت. من قاییل بووم بەڵام بۆ بەیانی پەژێوان بوومەوە و گوتم نا. ئەوە بەشێوەیەکی ترسناک گێلانە بوو. جەنابی بێریمان، تۆیش پێتوایە ئەوە شتێکی گێلانە بووبێت؟

٢١- Gösta Berling ڕۆمانێکی (سێلما لێگەرلیۆف) ە.

22- Ekeby

٢٣- Filmstaden شاری فیلم.

نەختێک خۆی بەسەر مێزەکەدا نووشتانەوە بەشێوەیەک کە تیشکی لەمپای سەر مێزی نووسینەکە نیوەی خوارەوەی ڕوخساری ڕووناک کردەوە.

ئەوسا شتێکم بینی کە لەوەوبەر نەمبینیبوو! دەمی ناشیرین بوو: درزێکی ڕەنگپەڕیوی بەچرچولۆچ دەورەدراو بوو. ئەوە شتێک بوو سەیر و تووڕەیی ورووژێن. ئاخر ئەو هەموو جوانییە و لەنێوان ئەو جووانییەدا هاواهەنگییەکی نەشاز. ئەو دەمە و ئەوەی ئەو دەمە گێڕایەوە چ نەشتەرگەرێکی پلاستیک یاخۆ ماکیێرێک ناتوانێت لایبەرێت. ئەو دەمودەست تێفکرینی خوێندمەوە و بێ دەنگ بوو، بێزاری دایگرت. چەند دەقیقەیەک دواتر خواحافیزیمان لەیەکدی کرد.

لە دواین فیلمیدا لێی وردبوومەوە و موتالایم کرد، تەمەنی سی و شەش سالان. ڕوخساری جوان بەڵام گرژ، دەمی ڕەق، سەرەڕای هەڵوێستە کۆمیدییەکان، ڕوانینی پەرتەوازە و خەمین. دەشێ بینەرەکانی پەییان بە شتێک بردبێ کە پێشتر ئاوێنەی ماکیاژکردنەکەی پەی پێ بردبوو.

هاوینی ١٩٨٣ (دۆن جوان)ی (مۆلێر)[٢٤]م بۆ فێستیڤاڵی (سالزبۆرگ)[٢٥] دەرهێنا. پلاندانان بۆ ئەو پڕۆژەیە نزیکەی سێ ساڵ درێژەی کێشا، هەموو ئەوە بەمانگی هەنگوینیی نێوان من و (کیورت مێسێل)[٢٦]ی نەمسایی، بەڕێوەبەری شانۆی (ڕێسیدێنز)[٢٧] دەستی پێکرد کە دەبوو ڕۆڵی (سگانەرێللێ)[٢٨] ببینێ. پاشان لە شانۆکە دەریکردمە دەرەوە بەڵام گرێبەندەکە لەتەک (سالزبۆرگ)دا هەر وەک خۆی مابوو. (سگانەرێللێ)یەکی دیکەم هەڵبژارد کە ئەویش (هیلمەر تات)[٢٩] بوو کە لە ئەڵمانیای خۆراوادا پەراوێزێنرابوو. گروپێکی پرشنگدارم لەبەردەستدا بوو، لەو کەسانەی لەو گرووپەدا بوون، (میشێل دێگێن)[٣٠] کە ڕۆڵی دۆن جوانی پیری دەبینی.

پرۆڤەکان لە (میوینشن) دەستیان پێکرد، پرۆسەی ئامادەکردنەکان بەچواردە ڕۆژ لە

24- Molieres Don Juan
25- Salzburg
26- Kurt Meisel
27- Residenztheaters chef
28- Sganarelle
29- Hilmar Thate
30- Michael Degn



شانۆ ناقۆڵا و تەنگەبەرەکەی (هوڤ)[٣١] لە (سالزبورگ) تەواوبوون. ئەو شانۆیە تاقە شتێکی باشی هەبوو: سیستەمی هەوای فێنک، بەشێوەیەکی نایاب کاری دەکرد. ئاخر ئەو هاوینە گەرم بوو، بەگوێرەی ئامار، ئەوە گەرمترین هاوین بوو.

ئەز بڕوام بەکارەکتەری نەتەوەیی نییە، بەڵام پێدەچێ نەمساییەکان لە ڕەگەزێکی تایبەتی بن، لەو جۆرە بن کە لە فێستیڤاڵی شاری (سالزبۆرگ)دا دەکەونە درەوشە. میهرەبانییان شتێک بوو بێ سنوور. کەموکوڕی لە کارایی، ڕێکخراوەیی زیاتر، درۆزنی، بیرۆکراتی و تەمبەڵییان پێوە دیاربوو.

بەڕێوەبەرایەتیی پڕۆژەکە تا ڕادەیەک بەزوویی پەی بەوەبرد کە بەدەرهێنانەکەی من بۆ (دۆن جوان)، گایەکی لە مەغازەیەکی کریستاڵدا دەستکەوتووە. زەردەخەنەکان ساردتربوونەوە بەڵام لەو گەرما بەتینەی هاویندا منیان فێنک نەدەکردەوە.

بۆ سەردانی (هێربێرت ڤون کارایەن)[٣٢] بانگێشت کرام کە خۆی بۆ دووبارە نمایشکردنەوەی (روسێنکاڤالییەر)[٣٣]، لە خانەی فێستیقاڵی گەورە ئامادە دەکرد، ئەوە پڕ شانازیترین داهێنانی وی بوو.

ترومبێلەکەی بەدوامدا هات و بۆ نووسینگە تایبەتییەکەی خۆی بردم کە کەوتبووە قولایی ئاپارتمانێکی گەورە. ئەو چەند دەقیقەیەک دواکەوت، ئەوسا پیاوێکی گچکەی لاواز بەکەللەیەکی زلەوە وەدیارکەوت. شەش مانگ لەوەوبەر نەشتەرگەرییەکی قورس بۆ پشتی کراو و قاچێکیشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. یاریدەدەرێک یارمەتی دەدا. لە ژوورێکی خۆشی ڕەنگکراو بەڕەنگێکی خۆڵەمێشیی هاوتۆن، ژوورێک بەشێوەیەکی میهرەبانانە نا شەخسیی، فێنک و خۆش، دانیشتین. یاریدەدەر و سکرتێر و یارمەتیدەرەکانی کشانەوە. چاوەڕێ دەکرا نیو سەعات دواتر پرۆڤەی (روسێنکاڤالییەر) بەئۆرکیسترا و سۆلۆکانەوە دەست پێبکات.

مایسترۆ ڕێک هاتە سەر کرۆکی مەسەلەکە. دەیویست (تیوراندۆت)[٣٤] بەدەرهێنانی من، وەک ئۆپێرا و فیلمی تەلەفیزیۆنی دروست کات. بەچاوە ڕووناک و ساردەکانی تەماشای کردم – من بەشێوەیەکی ئاسایی (تیوراندۆت) م پێ کارێکی بێزەوەر،

31- Hovteatern
32- Herbert von Karajan
33- Rosenkavaljeren
34- Turandot

ناکردەیی، نەشاز و منداڵی زەمەنی خۆی زانیوە-. ئیدی لەڕوانینی ڕووناکی هیپنۆتیسکی ئەو پیاوە گچکەیەدا غەرق بووم و گوێم لە خۆم بوو دبێژم ئەمە بۆ من شانازییەکی مەزنە، دبێژم من هەمیشە بە(تیبوراندۆت) سەرسام بووم، مۆسیقاکەی بۆ خۆی لوغزە، بەڵام بێ ئەندازە کاملە و ناتوانم جگە لە هاوکاریکردنی (هێربێرت ڤون کارایەن)، زێدەتر لەوە شتێکی ورووژێنەرتر مەزەندەکەم.

بەرهەمەکە بۆ بەهاری **١٩٨٩** جێگیر کرا. (کارایەن) پێشنیاری ژمارەیەک ئەستێرەی جیهانیی ئۆپێرای کرد، پێشنیاری سینۆگراف و ستۆدیۆی کرد. فیلمەکەش لەسەر بنەمای تۆمارکراوێک دەبێ کە لە پاییزی **١٩٨٧** دا بەرهەمی دەهێنێ.

کوتوپڕ هەموو شتەکان ناواقیعی خۆیان نواند. بەرهەمهێنانی (تیوراندۆت) تاقە شتێک بوو واقیعی. ئاخر من دەمزانی ئەو پیاوەی بەردەمم تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵە، من دە ساڵ لەو جاحێڵتر بووم. سەرکردەیەکی مۆسیقایی هەشتا و یەک ساڵە و دەرهێنەرێکی حەفتاو یەک ساڵە دەتوانن پێکەوە ژیان بکەنەوە بەبەری ئەم کارە سەیر و مۆمیاکراوەدا. ئەو تێکەڵوپێکەڵییەی پرۆژەکە سەرنجی ڕانەکێشابووم، ئاخر من زۆر دەستەپاچانە کەوتبوومە ژێر کاریگەرییەوە.

کاتێ نەخشەسازییە بەراییەکان جۆربوون، مایسترۆ کەوتە باسکردنی (شتراوس)[٣٥] و (روسێنکاڤالییەر). ئەو لە تەمەنی بیستساڵیدا بۆ یەکەمین جار سەرۆکایەتی مۆسیقایی ئەو کارەی کردبوو، تەواوی تەمەنی لەتەک ئەو کارەدا ژیاوە و هەمیشە لەلای نوێ و پڕ لە بەرخۆدان بووە. کوتوپڕ ڕاوەستاو گوتی: نمایشی (گەمەیەکی خەون)ەکەی ئێوەم بینی. نمایشەکەت وا دەرهێنابوو وەک ئەوەی خۆت مۆسیقار بیت، ئێوە هەستتان بەڕیتم و موزیک و نەغمە هەیە. ئەوە لە (فلوتی ئەفسووناوی)یەکەشتانا هەبوو، ئەوەش دیمەنی سەرنجڕاکێشی لەخۆی گرتبوو بەڵام زۆر بەدڵم نەبوو. ئێوە چەند دیمەنێکتان لە کۆتاییدا گۆڕیبوو. ئەوە لەتەک (مۆزارت)دا ناکرێ، هەموو شتەکانی ئەو ئۆرگانییە.

یاریدەدەرێک دەرگاکەی کەلاکرد و ئاماژەی بەوەدا ئیدی کاتی پرۆڤەیە. (کارایەن) بەئاماژەی دەست، جوابی کرد بەوەی دەتوانن چاوەڕێ بکەن. وردە وردە بەزەحمەت هەستایە سەر پا و دەستی بەکەمەی گۆچانەکەیەوە گرت. یارمەتیدەرێک وەدیارکەوت و ئێمەی بەڕاڕەوگەلی بەردیندا بەرەو شانۆی فێستیڤاڵ برد، ئەوێ هۆڵێکی ترسناک بوو کە

35- Strauss



جێگای هەزاران بینەری تێدا دەبۆوە. لەکاتێکدا ئێمە بەکاوەخۆ دەچووینە پێش، ببووینە کەژاوەیەک، کەژاوەیەکی سیزاریی کە پێکهاتبوو لە یارمەتیدەران، کۆمەککەران، گۆرانیبێژی ئۆپێرالیی لە هەموو ڕەگەزێک، ڕەخنەگرانی ماستاوچی، ڕۆژنامەنووسانی سەرشۆڕ و کیژێکی تێکوپێک شکاو.

سۆڵۆژەنەکان لەسەر تەختەی شانۆ ئامادەبوون، گەمارۆدرابوون بەدیکۆرگەلی ترسناکی دەیەی پەنجا: من لێگەڕام وێنە ئۆرگیناڵەکان بەوردەکارییەکانیانەوە کۆپی بکرێن، سینۆگرافەکانی ئەوڕۆکە یان شێتن یان گێل یاخۆ هەردووکیانن. ئەندامانی (فیلهارمۆنیکا)ی ڤیێنا لە نشێوی ئۆرکستەرەکەدا چاوەڕێ بوون. لە هۆڵەکەدا سەدان نوێنەری فەرمی و هاووڵاتی لە وەسفنەهاتوو لە قەڵەمڕۆی ئەو سیزارەدا دانیشتبوون. هەرکە ئەو قڵافەتە لەڕولاوازەی کە قاچی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، وەدیارکەوت، هەمووان هەستانە سەر پێ و تا مایسترۆ بەسەر پێپلیکانەکانی ئۆرکستەرەکەدا نەبرایە سەرەوە و نەچووە جێگای خۆی، دانەنیشتنەوە.

دەسبەجێ کارەکە دەستی پێکرد. ئیدی ئێمە لە شەپۆلێک لە جوانیی وێرانکەر و بوغزندا غەرق بووین.

***

بەهاری ساڵی ١٩٧٦ تاراوگەی خۆهەڵبژاردەم لە پاریس دەستی پێکرد. دوای هەندێک گەڕان بەرێکەوت لە (میونشین) گیرسامەوە. بەرێکەوتێکی دی چوومە شانۆی (رێسیدێنز)[١] کە ئەوێ دراماتنی (بایێرن)[٢] بوو: سێ شانۆ، تا ڕادەیەک هەمان ژمارەی کارمەند، هەمان کۆمەکی دەوڵەتی، هەمان ژمارەی بەرهەم. من لەوێ یازدە نمایشم خستنە سەر شانۆ، برێک ئەزموونی یەکلاکەرەوەم وەرگرتن و برێکی زۆرتریش گێلێتی.

خودی بیناکە دەکەوێتە نێوان (ئۆپێرا) و (رێسیدێنز)ەوە و ڕووی لە (ماکس = جۆزیف پلاتز)ە. ئەو جێگا ناجۆرە بەو تەرزە خۆ دەنوێنێ کە بایێرنییەکان ناویان ناوە یەک Schnaps-Idee[*] کە خۆیشی هەر ئاوهایە. بیناکە تا ڕادەیەک بەزوویی دوای جەنگ بەیەکەوە لکێنران و بەبەراورد لەگەڵ ئۆپێرا بەشکۆکەدا، ئەوێ ناشیرینترین شوێنێک بوو بەرچاو بکەوێت، چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەیش.

هۆڵەکە جێگای زیاتر لە هەزار بینەری تێدا دەبۆوە و زیاتر لە سینەمایەکی تافی نازییەکان دەچوو. ئەرزی هۆڵەکەی جێگای بینەران، تەختایی و نموودێکی ناشیرینی

1- Residenz-teatern
2- Bayerens Dramaten

(*) واتە بیرۆکەیەکی بێ مانا، بیرۆکەیەکی زۆر هیچوپووچ. و.ک



هەبوو، کورسییەکان تەسک، نێزیک لەیەکدی و بەشێوەیەکی دۆزەخییانە دانیشتن لەسەریان ناخۆش بوو. ئەگەر بینەرەکە گچکەبا ئەوا باشتر دادەنیشت بەڵام بەرچاوی دەگیرا، خۆ گەر وەک سوێدییەکانیش درێژ با، ئەوا مەودای بینینی باش بوو، بەڵام وەک ئەوە وابوو لەناو مەنگەنەیەکدا دانیشتبێت. پێوەندی لەنێوان هۆڵ و تەختەی شانۆکەدا نەبوو، تەختەی شانۆکە هەرگیز دەستی پێنەدەکرد و هۆڵەکەش هەرگیز تەواو نەدەبوو، یان بەپێچەوانەوە. ڕەنگەکان خۆڵەمێشییەکی تۆخ و خشتی سووری پیس بەزەخرەفەی ئاڵتوونی بەربەستی نێوان ڕیزەکانەوە. چلچرایەکی زەبەلاحی نیۆن بەمیچەکەوە پرشنگی دەدا و گڵۆپە نیۆنەکانی قەد دیوارەکانیش دەنگێکی گیزەگیزئاسایان لێ بەرز دەبۆوە. سیستیمی ئامێرەکانی شانۆکە بێ عەمەل و ئەفەرۆز کرابوون لەبەرئەوەی بەگوێرەی قسەی لێپرسراوان بەکارهێنانیان بۆ سەر ژیان خەتەرناک بوو. نووسینگەی ئیداری و شوێنەکانی خۆگۆڕینی ئەکتەرەکان تەنگەبەر و نامرۆڤانە بوون. هەموو شتەکان بۆنی ماددەیەکی پاککەرەوەی ئەڵمانیاییان وەبیر دەهێنایەوە، ماددەیەک کە بۆ قەڵاچۆکردنی مێرووی موزیڕ بەکاردەهات یاخۆ بۆنی ماددەیەکی پاککردنەوەی سۆزانیخانەی بەسەربازخانەکراو.

ئەڵمانیای خۆرئاوا خودان ژمارەیەکی زۆر شانۆی (شار)[٣] و هەندێک لەو شانۆیانە باشترین شانۆکاری بەتوانایان بۆ خۆیان ڕادەکێشا. ئەمەش لەلایەک لەبەرئەوەبوو کە مووچەی باش دەدرا و لەلایەکی دی چونکە بونیادەم ترسی ئەوەی نەبوو لە بێ دەنگییدا ڕۆبچێت. بەڕێوەبەری شانۆکان و ڕەخنەگران لەجووڵەدا بوون. لەهەموو کون و قوژبنێکەوە دەهاتن تا بزانن چ باسە. لاپەڕەی کولتووریی لە ڕۆژنامە زەبەلاحەکاندا بەبەراورد لەتەک لاپەڕەی کولتووریی وڵاتانی دیکەدا، زیاتر جێگای گرنگیی پێدان بوون و بەئاشکرا پێیان وابوو نابێ شانۆ بەڤیدیۆ و هونەری پۆپەوە پێوەند بکرێت. بەحاڵ ڕۆژێک تێدەپەڕێ و ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەسەر ڕووداوێکی شانۆیی یاخۆ دێباتی هەمیشەیی و گەرموگوڕی شانۆیی بڵاونەکرابایەوە.

بەزەحمەت چەند دەرهێنەرێک یان سینۆگرافی بەشێوەیەکی هەمیشەیی دامەزراو هەبوون کە خاوەن ئیمتیازی گەورەبن. ئەکتەرەکان بۆ ماوەی ساڵێک گرێبەندیان لەتەکدا ئیمزا دەکرا و ئیدی ئەو گرێبەندە کەنگێ ویسترابا بەتاڵ دەکرایەوە. تەنێ ئەو کەسانە جواب نەدەکران کە زیاتر لە پازدە ساڵ بوو دامەزرابوون. ئەو نادڵنیاییە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیشی هەبوو. لایەنە ئەرێنییەکان ئاشکران و پێویست ناکات قسەیان لەبارەوە

3- Stadsteater

بکرێت. نەرێنییەکان چاڵ بۆ هەڵکەندن، خەراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دوژمنایەتی، زەلیلی، ترس و هەست بەبێ ڕەگ و ڕیشەییکردن، بوون. کە بەڕێوەبەری شانۆیەک دەگوێزرایەوە، بیست یاخۆ سی ئەکتەری لە شوێنی پێشووی کارەکەیەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنان و بیست یان سی ئەکتەری دیکەیشی دەخستە سەر جادده. ئەم سیستێمە تەنانەت لەلایەن سانديکاشەوە قەبووڵ کراو و هەرگیز نەدەخرایە ژێر پرسیار.

ڕیتمی کارەکە چڕوپڕ بوو. لە (شانۆی گەورە) زیاتر لە هەشت نمایش بەرهەم دەهێنران، لە شانۆی (ئانێکس)[٤] چوار، لە شانۆی (ئەزموونگەری)[٥] ژمارەیەکی ناجێگیر. هەموو ڕۆژێک نمایش هەبوو، بەبێ چ پشوویەکی هەفتانە، پرۆڤەکردن شەش ڕۆژ لە هەفتەیەکدا و هەروەها ئێوارانیش. دەبووا پابەندی ڕیپێرتوار بیت، پرۆگرامەکە ڕۆژ بەڕۆژ دەگۆڕدرا، سی نمایشێک بۆ ماوەی چەند ساڵێک پێشکەش دەکران. نمایشێک کە بەدڵی خەڵک با دەشیا دە ساڵ زیاتر بەردەوام بووایە.

پرۆفیشیۆناڵییەت بەرز دەنرخێنرا، هەروەها شارەزایی و بەتواناییش، لەخۆڕابینین بۆ بەرگەگرتنی میحنەت، تەنگپێهەڵچنین و نادڵنیایی بەبێ شیکایەت و بۆڵەبۆڵکردن.

وەک گوترا کارکردن زەحمەت بوو، پرۆڤەکان بەدەگمەن ماوەی هەشت تا دە هەفتەیان تێدەپەڕاند. چارەسەری دەرمانیی یاخۆ دەروونیی تایبەتیی دەرهێنەر و ئەکتەران کە کاری خۆیان لەوڵاتانێکدا دەکەن خودان کەشوهەوایەکی میهرەبانتر و مەیلێکی حەماسیتری بۆ ئەماتۆرییەت هەیە، چ پێگەیەکی ئابووریی نییە. بەو تەرزە چالاکییەکان قورس بۆ بەرەنجامەکان ئاڕاستە دەکرێن، هاوکات چ شانۆیەکیش نییە وەکی شانۆی ئەڵمانیایی هێند ئانارشیستیکانە و لەژێر پرسیاردا بێت، دەشێ تەنێ شانۆی پۆڵەندایی لەم ڕووەوە شان لە شانی بدات.

کاتێ بۆ میونشین هاتم، وامدەزانی تاڕادەیەک لە زوبانی ئەڵمانیاییدا باشم. بەڵام وا دەرنەچوو.

یەکەمین جار کە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا ڕووبەڕووبوومەوە لەکاتی خوێندنەوەی پێکەوەیی (گەمەیەکی خەون)ی (سترێندبێری)دا بوو. لەوێ چل و چوار ئەکتەر و ژنە ئەکتەری بەتوانا دانیشتبوون. تەژی لە چاوەڕوانی تەماشایان دەکردم. کەچی من تێکشکام: زوبانم لاڵ بوو، وشەکانم لێ بزربوون، ئامرازی ناسراو و نەناسراو و بونیادی ڕستەم لێ ئاڵۆزکا،

4- Annexscenen

5- Experimentscenen



سووربوومەوە، ئارەقەم دەردا و وا هات بەخەیاڵمدا کە ئەگەر بەسلامەتی لەم هەڵوێستە دەرچم، ئەوا دەتوانم لە هەر قەیرانێکی دی خۆم قوتارکەم. خەسارەتە بۆ خەڵک کە بەئەڵمانی دەکاتە: Es ist Schade um die Menschen. ئەمە لەتەک بانگە میهرەبان و ئاشتیخوازانەکەی سترێندبێریدا نایەتەوە.

یەکەمین ساڵەکان قورس بوون. هەسم دەکرد کەسێکی ئیفلیجم، دەست و پێ زەوتکراو و مەزەندەم دەکرد ڕاستترین وشە لەو ساتەوەختە خێرا و زوو تێپەڕبووەدا، ئازیزترین کەرەستەم بووە وەک ڕێنوێنی ئەکتەران. وشەیەک کە ڕیتمی کارەکە ناشکێنێت، تەرکیزی ئەکتەرەکان و گوێ ڕادێریانیان لێم تێکوپێک نادات. ئەو وشە خێرا و کاریگەرە کە بەوتووێر لەدایک دەبێ و تەواوێک هاوگونجاوە. بەتووڕەیی، خەم و بێ حەوسەڵەییەوە دەبوو مەزەندە بکەم کە ئەم وشەیە نابێ لێگەڕێ لە زوبانی وتووێژە بازاڕییە ئەڵمانیاییەکەمەوە لەدایک بێت.

دوای چەند ساڵێک فێری ئەوەبووم پێوەندی لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەدا دروستکەم کە بەوتووێر لێم حاڵی دەبوون و دەیانزانی چ دەڵێم. ئێمە وردە وردە توانیمان سیستێمێکی ئاماژە لە هەست و پێوەندی دروست کەین کە تاڕادەیەکی باش دڵخۆشکەربوو. هۆکاری ئەوەش کە من بەو ئیفلیجییەی خۆمەوە هەندێک لە باشترین نمایشەکانی خۆم لە میونشین کردن، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ هەستیاریی ئەکتەرە ئەڵمانیاییەکان، بۆ خێرایی تێگەیشتن و بۆ حەوسەڵەیان نەک بۆ ئەو زوبانە خەراپەی من پێی دەدوام. ئاخر لە تەمەنی مندا فێربوونی زوبان شتێک بوو مەحاڵ. بونیادەم دەبوو خۆی بداتە دەست سەرکەوتنە بەرماوە و ڕێکەوتەکان.

شتێکی مەزن لە بینەرانی میونشیندا هەبوو. ئەوان بەشێوەیەکی وەفادارانە وەئاگابوون و بەسەر هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەش ببوون. دەکرا تا ئەوپەڕی ڕەخنە بگرن و بەفیکەفیک و هوهاکێشان ناڕەزایەتی خۆیان لە نمایشێک بخەنەڕوو. شتێکی سەرنجڕاکێش لەو بینەرانەدا ئەوە بوو کە بۆ هەموو نمایشەکان دەچوون، بەچاوپۆشین لەوەی ئەو نومایشە بۆ ناخی ئەرز براوە یاخۆ گەیەنراوەتە کەشکەڵانی فەلەک. من نامەوێ بێژم ئەوان بەدگومان بوون لە ڕەخنەی ڕۆژنامەکان - بەدڵنیاییەوە ئەوان ئەو ڕەخنانەیان دەخوێندنەوە - بەڵام مافی ئەوەیان بەخۆ ڕەوا دەبینی خۆیان بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر نمایشێک بدەن کە ئاخۆ بەدڵیانە یان نا.

ڕێژەی ئامادەبوون نزیکەی لەسەدا نەوەد و گەر هەستیان کردبا ئێوارەیەکی شایستەیان

گوزەراندووە، ئەوا ئافەرینکردنەکان لە دڵەوە دەبوون. بەکاوەخۆ، تا ڕادەیەک بێ مەیل، هۆڵەکەیان چۆڵ دەکرد، بەگرووپ گرووپ ڕادەوەستان و وتووێژیان لەسەر بیروڕای خۆیان سەبارەت بەنمایشی ئەو ئێوارەیە دەکرد. وردە وردە مەیخانەکانی شەقامی (ماکسیمیلیان)[٦] و قاوەخانە گچکەکانی ڕێگا لاوەکییەکان پڕ لە خەڵک دەبوون. ئێوارە شێدار و گەرم، هەورە بروسکەیەک لەجێگایەک بەسەر چیاکەوە گرمەگرمی بوو، ترافیک ورەی دەهات. نیگەران و ورووژاو ڕادەوەستام و هەڵمی خواردنەکان، دووکەڵی ترومبێلەکان و ئەو بۆنە قورسەم هەڵدەمژت کە لە پارکە تاریکەکانەوە دەهات، گوێم بۆ هەزارەها تەپەی پێ و بۆ ئەو زوبانە بێگانەیە ڕادەدێرا. لەفیکرەوە دەچووم و بەخۆم دەگوت: بێگومان ئێرە وڵاتێکی بێگانەیە.

کوتوپڕ بیری وڵاتەکەی خۆم دەکرد و بیری بینەرەکانی خۆم کە میهرەبانانە هەر چوار پەردەکە چەپڵە لێدەدەن. پاشان وەک ئەوەی ئاگر کەوتبێتەوە، هۆڵەکە چۆڵ دەکەن. کاتێ بۆ (نیبرۆپلان) دەچمە خوارەوە، بارێزەی بەفر خۆی لە کۆشکە مەڕمەڕییە بێ دەنگ و پیسە پەڵەپەڵاوییەکەوە دەپێچێت. لە دەشتە قاقڕەکانی ئەوسەری زەریاوە، با دێت و چەند (پیونک)[٧]ێک، تەنیایی خۆیان لەو چۆڵەوانییە سپییەدا بەهاوار هاوار دەردەبڕن.

یەکەمین پێشوازیم لە میونشین مەزن بوو. ئامێزم بۆ کرایەوە: بێریمان لە دۆزەخە سۆسیالیستییەکەی باکوور هەڵاتووە و پەنای بۆ کۆمەڵگە خۆشگوزەرانە دیموکراتییەکەی بایێرن هێناوە، میهرەبانانە لە باوەشە ورچ ئاساکەی فرانز- جوزێف شتراوس[٨] دا لە ئامێز نراوە.

لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا کە بەشانازیی منەوە سازدرابوو، لەگەڵ ئەو پیاوە گەورەیەدا وێنەگیرام. وی بەشێوەیەک لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا کەڵکی لەو وێنەیە وەرگرت کە من ئیدی ناچار بووم حاشا لەو شانازییە بکەم.

یەک لەدوای یەک ئاهەنگی بەخێرهێنان سازدەدران. (فلوتی ئەفسووناوی) دەنگی دایەوە و لە گەورەترین سینەمای شار نمایش کرا و سەرنجی بینەرانی ڕاکێشا. فیلمی

6- Maximilianstrasse

٧- punk-punkare جۆرە ستایلێکی جحێڵانە کە بەتەرزی قژ بڕین و جلک پۆشین و میکیاژکردندا دەناسرێتەوە. هەروا بەکارهێنانی جۆرێک مۆسیقای ڕۆکی خێرا بەتێکستی گاڵتەجاڕییانەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە. و.ک

8- Franz-Joseph Strauss



تەلەفیزۆنیی (دیمەنگەلێک لە ژیانێکی هاوسەریی) بەدێبات و بەوردییەوە قسانی لەبارەوە کرا و لە تەلەفیزیۆن پیشاندرا. میوان دۆستیی و پەیجۆرییەکان وێرانکەربوون. هەوڵم دا بەرامبەر هەموو ئەو میهرەبانییە سوپاسگوزاربم و زۆرم لەخۆم کرد بۆ هەموو لایەک بەنەزاکەت بم، درەنگ حاڵی بووم لەوەی بایێرن کۆمەڵگەیەکی سیاسیکراوە و سنووری لە بەزاندن نەهاتوو لەنێوان حزب و فراکسیۆن[٩]ەکاندا هەیە.

دوای ماوەیەکی کورت، بەگوڕی هونەر توانیم خۆم بۆ هەموو لایەک بکەمە گێل.

لە شانۆی (رێسیدێنز) کردمە هەرا، پرێنسیپ و بیرۆکەگەلێکم لەتەک خۆمدا هێنابوون کە لەمیانەی ژیانێکی درێژی پیشەییدا و لە کونجێکی تا ڕادەیەک پارێزراوی ئەم جیهانەدا بەدەست هێنرابوون. ئەو گێلێتییە شوومەم لێوەشایەوە کە مۆدێلگەلی سوێدیی لەسەر هەلومەرجی ئەڵمانیایی ئەزموون کەم. لەبەرئەوە کات و توانایەکی گەلێک زۆرم بۆ دیموکراتیزەکردنی پرۆسێسی بڕیارەکانی شانۆ خستەگەڕ.

ئەوە گێلێتییەکی ڕاستەقینەی شووم بوو. لە کۆبوونەوەی گروپەکەدا گوشارم هێنا و توانیم ڕوخسەت بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتیی ئەکتەران وەربگرم کە پێکهاتبوو لە پێنج ئەندام و لە ئەرکی مشوورەت پێکردن، بەهرەمەند بوون. ئەمە سەری نەگرت و شکستی هێنا. لە پەیوەند بەم مەسەلەیەدا دەشێ پێویست بێ باسی ئەوە بکرێت کە شانۆی نەتەوایەتیی بایێرن[١٠]، خودان چ ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن نەبوو، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی کولتووری (بایێرن)ەوە بەڕێوە دەبرا. وەزیریش، ئۆرگژەنێکی بەکەشوفش بوو کە پەیداکردنی، لە پەیداکردنی سیزاری چین زەحمەتتر بوو.

ئەوسا کە دواجار ئەنجوومەنی ڕاوێژکارییەکەم دوای عەزاب و ئەشکەنجەیەکی زۆر لەگەڵ گرووپەکەدا سەری گرت و کەوتە گەڕ، حاڵی بووم لەوەی من خەریکی دروستکردنی چ مەخلوقێکی شێواوم. لە ئەنجامی کەڵەکەبوون و ترشانی ساڵانێک ڕق، هەنووکە دەکەوتە بەر ڕووناکی و ئیدی ماستاوچێتی و ترس گەییە ئاستگەلێکی مەزەندەنەکراو. دوژمنایەتی لەنێوان فراکسیۆنە جیاوازەکاندا بڵێسەییدا. پیلانگێڕیی و گەمەی ڕێوی بەفراوانی و چۆنایەتییەک بوو کە لە سوێد وێنەی نییە-تەنانەت لە دەستەوتاقمە کڵێساییەکانیشدا- لەو پۆخڵترین چێشتخانەی سەربازگەیانەدا بووە ژەمی ڕۆژانە.

بەڕێوەبەری شانۆکەمان تەمەنی حەفتا ساڵ و خەڵکی ڤێنا بوو. وی ئەکتەرێکی

9- Fraktion

10- Bayerns Nationalscen

پرشنگداربوو، بەداخەوە ئەکتەرێکی شۆخ بەڵام بەئاشکرا کەمتر پرشنگداری هێنابوو، کە ئەو کێماسییەی بەدەسەڵاتویستی، گەمەی حەشەرییانە و پیلانگێڕی قەرەبوو دەکردەوە. ئەم بەڕێوەبەری شانۆیە و (کلیتایمنێسترا)[١١]کەی، دیکتاتۆرییانە حوکمیان دەکرد. پێکەوە دەجەنگین تا ڕێگای خۆیان بەنێو مەزەلەت و شکۆی شانۆی ئەڵمانیاییدا بکەنەوە.

بەڕێوەبەری شانۆکە بەئەندێشەی وەهمێکەوە دەژیا کە گوایە بەژیرییەکی باوکانەوە بەڕێوەبەرایەتی دەکات. لەمیانەی ئەنجوومەنی تازەکیی ڕۆنراوی ئەکتەراندا، بەدەستێکی بەهێز لەو وەهمەی دەرهێنرا. بەبیانوویەکی سروشتی، ئیدی منی وەک ویرانکەری پێوەندیی پڕ لە خۆشەویستیی نێوان باب و کوڕ تەماشا دەکرد. وەک سەرسەختترین دوژمنی خۆی دەیبینیم، بەپەرۆشەوە لەلایەن ژنەکەیەوە، کە لە نمایشەکەی من، (سێ خوشکەکەدا) ڕۆڵی (ئۆلگا)ی دەبینی، پشتیوانی دەکرا. لەشێوازی گۆکردنی وی بەقورگ، کە ڕەنگە پێی وابووبێ سێکسوالییانەیە، پەست بووم. بەجیددی ئامۆژگاریم کرد سەردانی پێداگۆگێکی پەیڤین بکات. ئیدی بەو قسەیە هەرگیز لێم نەبوورا.

شەڕی نێوان من و بەڕێوەبەرەکەم دەستی پێکرد، کۆمەڵێکی زۆر ئەکتەر، شاهێدی ئەو شەڕەمان بوون و هەریەکەشیان پشتی لایەنێکی دەگرت. شەڕەکەمان کراوە و دەسپاکانە نەبوو. شەڕەکە بەو حەقیقەتە تراژیدییانەیە ژەهراوی بوو کە ئێمە جاران یەکتریمان خۆشویستووە و ستایشی یەکدیمان کردووە.

بەرەنجامی هەموو ئەو شەڕە ئەوەبوو، شانۆکە کەوتە ژێر گوشارێکی گەورە و بێ ماناوە. لە پەرۆشیی خۆمەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان بەباشترین شێوە، فاکتەرێکی گرنگم بیرچووبوو: ئەویش ئەوەبوو، ئەکتەرەکان بەبێ بوونی چ جۆرە فۆرمێکی دڵنیایی دەژیان. ترسیان شتێک بوو قابیلی تێگەیشتن، ئازایەتییان شتێک بوو نەدەچووە ئەقڵەوە.

لەمانگی یونی ١٩٨١ دا دەسبەجێ لە شانۆ دەرکرام. نمایشەکانم لە ڕێپێرتوار لابران، چوونە ژوورەم بۆ شانۆکە لێ قەدەغە کرا. هەموو ئەوە هاواهەنگ بوو بەتۆمەتبارکردن و سووکایەتیپێکردن و گەیەنراشە ڕۆژنامەکان و وەزارەتی کولتوور. من نامەوێ بڵێم بەتەرزێکی نادادوەرانە مامەڵە کرام. گەر بەڕێوەبەریش بام ئەوا دەشێ بەهەمان شێواز مامەڵەم کردبا، بەڵام بەدەستوبردتر.

١١- Klytaimnestra هاوسەری ئەگا مەمنون.



دوای شەش مانگ گەڕامەوە شانۆکە. بەڕێوەبەرە کۆنەکە دەستی لەکار کێشابۆوە و بەڕێوەبەرێکی نوێ بەپۆخڵترین کەمپانی ڕۆژنامەیی و سیاسی، کە لە کۆمەڵگەیەکی کراوەتر لە کۆمەڵگەی بایێرن جێی باوەڕ نەبوو، دەست بەکار بوو.

ئەوە بۆ کەسێک کە لە دەرەوە هاتبا فێرکارانە و کەمێک ورووژێنەر بوو، بەڵام بۆ قوربانییەکان ترسێنەر و سووکایەتیئامێز بوو.

گێلێتییەکی دی: من هەموو هاموشۆیەکم لەگەڵ چاپەمەنییەکاندا لە میونشین ئەفەرۆز کردبوو، ئەمەش واتە لێگەڕابووم بەشێوەیەکی حیسابی، تەواو ببم.

پێوەندیم لەتەک دەسەڵاتی گەورە یان گچکەی ڕەخنەگراندا ڕەت کردبۆوە. ئەوە تا ڕادەیەک شتێکی گێلانە بوو، چونکە جۆرێک لە گەمەی هاوبەش لەنێوان قوربانی و جەللاددا لەو گەمەی گەیاندنە کەشکەڵانی فەلەک و ڕۆبردن بەناخی عەردەی کۆمەڵگە بایێرنییە خودان سرووتە توندوتیژەدا، فاکتەرێکی گرنگە.

جارێکیان (ئێرلاند یۆسێپسۆن)[١٢] گوتی، دەبێ مرۆڤ لە کاتی ناسینی خەڵکدا ئاگای لەخۆبێت، لەبەرئەوەی لەسەرەتادا تەنها بیر لە خۆشویستنیان دەکرێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوە لە من ڕووی دا. ئاخر من پێوەندیم لەگەڵ زۆر لە هاوکارەکانمدا ڕایەڵ کرد. ئیدی پچڕاندنی ئەو ڕایەڵە شتێکی بەسۆ بوو. لە ڕاستیدا ئەو خۆڕایەڵکردنانە زیاتر لە دوو ساڵ، ڕۆیشتنی منی دواخست. هەر ئاوها بووە و هەر ئاوهاش دەگوزەرێت!

هەرگیز لە ژیانمدا هێندەی ئەو نۆ ساڵەی لە میونشین بووم، ڕەخنەی خەراپم لێ نەگیراوە. بەڕق و سووکایەتییەکی بێزەوەرەوە کە تا ڕادەیەک سەرنجڕاکێش بوو، مامەڵەی نەمایشەکانم، فیلمەکانم، چاوپێکەوتن و وەدیارکەوتنەکانی دیکەم دەکران. هەڵبەت هاوێردە[١٣]ش هەبوو!

هەندێک ڕوونکردنەوە: یەکەمین نمایشەکانم لەڕاستیدا ئەو باشە نەبوون. بەجۆرێک لە جۆرەکان نائاشکراو تەقلیدی بوون. بێگومان ئەمەش شپرزەییەکی ڕیشەیی خولقاندبوو. وێڕای ئەوەش من بەشێوەیەکی پرانسیپی نەدەچوومە ژێر باری ئەوەی قسان لەبارەی ئەو هێڵە فیکرییەوە بکەم کە لەودیو نمایشەکانمەوە هەیە. ئەمەش تووڕەیی و بێزارییەکی دیکە خولقاندبوو.

12- Erland Josephson

١٣- هاوێردە: دەرهاوێشتە، ئیستیسنا

کاتێ دواتر لێوەشاوەتر و باشتربووم، ئیدی کارەسات قەومابوو. جۆرە نەفرەتێکی گشتی بەرامبەر ئەم سکاندیناڤیاییە لە حەوسەڵە بەدەرەی کە خۆی بەشت دەزانی، دروست ببوو. ئەوسا کە لە یەکەمین نمایشی (خاتوو یولیی)دا هوهام لێ کێشرا، ئیدی شەپۆلی جنێو دەستی پێکرد، ئەوە ئەزموونێکی وروژێنەر بوو.

دەرهێنەر دەبێت لەتەک ئەکتەرەکاندا بۆ بینەران بنووشتێتەوە، لانی کەم لە یەکەمین نمایشدا. گەر دەرهێنەر لەو کاتەدا لەوێ نەبێ ئەوا مقۆمقۆ دروست دەبێت. یەکەم جار چەپڵە بۆ ئەکتەرەکان لێدرا و لەلایەن بینەرانەوە ئافەرین کران. ئەوجا نۆرەی من هات. هاتمە سەر شانۆ و ئیدی یەک هوهاکێشانی گوێ سڕکەر بەرزبۆوە. ئەدی چیم کردبا ؟ هیچ. لەشوێنی خۆمدا مامەوە و بەزەردەخەنەیەکی مەڕئاساوە چەمیمەوە. هاوکات لە فیکرەوە چووم: باشە بیریمان، ئەلعان شتێکی نوێت بۆ دەرکەوت. هەرچییەک بێ شتێکی خۆشە کە خەڵک لەپێناوی هیچدا ئاوها تووڕە بن. لە پێناوی (هێکیوبا)[١٤]دا.

ئەرزی تەختەی شانۆکە بەچڵمی دێو سواغدرابوو. تارمایییە داماوەکەی (ئیبسێن) قاچەکانی لەو زەلکاوە لینجەدا بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا. ئەو چڵمی دێوە، کە هەموو کەسێک مەزەندە دەکا مەبەست لێی چییە، نغرۆبوونی بۆرژوازییەت دەنوێنێ. لەژێر تەختەنوێنی خەستەخانەیەکدا، باوکی هاملێت، تارماییەکەی خستۆتە بەر گوشار، بێگومان ڕووت. بازرگانێکی ڤێنیسیایی پلانێرەکراو لە وێستگەیەکی نزیک سەربازگەیەکی نازیی دیلە جەنگییەکانا لە Dachau، کۆتایی پێ دەهێنرێت. بینەران بەپاس بۆ ئەوێ دەبرێن. دوای جەنگ، شایلۆک[١٥] بەتەنیا لەوێدا ڕاوەستاوە. جلکی ئۆردوگای لەبەردایە، بەچرای شەوقدار ڕووناک بۆتەوە. ئۆپرای (هۆڵەندایییەکە)ی ڤاگنەر[١٦] لە ساڵۆنێکی (بیێدێرمیێر)[١٧]ی فراواندا دەست پێدەکات، لەوێدا کەشتییەکە لەنێوان دیوارەکاندا تێکوپێک دەشکێت. نوقوومبوونی (تایتانیکی ئینزێنسبێرگێر)[١٨] بەئەکڤاریۆمێکی گەورەوە لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆکەدا نمایش دەکرێت. ماسییەکی ترسناک لە حەوزەکەدا مەلە دەکات. لەکاتێکدا کە کارەساتەکە درێژەی هەیە، ئەکتەرەکان بۆ لای ماسییەکە دادەبەزن. لە هەمان شانۆدا (خاتوو یولی)

١٤- Hekuba یەکێکە لە کەسایەتییەکانی نێو ئەفسانەکانی گریک. و.ک

15- Shylock

16- Wagners Holländaren

١٧- biedermeier ستایلێکی دێرینی بۆرژوازییانەیە بۆ کەلوپەلی ناو ماڵ. و. ک

18- Enzensbergers Titanics underga˚ng



وەک فیلمێکی درێژی بێ دەنگی سێ سەعاتی نمایش دەکرێت. ئەکتەرەکان بەسپی ئارایشت کراون، بێ وەستان دەقیژێنن و شێتانە ئاماژە دەدەن و مەبەستی خۆیان دەردەبڕن. ئیتر ئاوها تا دوایی. ئیتر ئاوها تا دوایی. هەموو ئەوە لە سەرەتاوە سەیرو سەمەرەیە. پاشان مرۆڤ تێدەگات ئەوە ترادیسۆنێکی جوانی ئەڵمانییە، تۆکمە و بەهێزە. ئەو ئازادییە تەواوە، ئەو لەژێر پرسیارنانە تەواوە کە بەخەمۆکییەکی پرۆفیشۆناڵییانە لە هەسان دەدرێت.

بۆ بەربەرێکی باکوور[١٩] کە وەفای بەشیری دایکییەوە خواردووە، هەموو ئەوە ترسناک بەڵام بەچێژ بوو.

بینەران هەڵدەچوون و چەپڵەیان دەکوتا، ڕەخنەگران هەڵدەچوون و چەپڵەیان لێدەدا، من خۆم سەرم داخ دەبوو، ئەرز لەژێر پێمدا دەلەرزی. ئەرێ ئەوە چ دەبینم؟ ئەرێ ئەوە چ دەژنەڤم؟ ئەوە منم کە - یاخۆ؟

وردە وردە گەیشتمە ئەو بڕیارەی هەڵوێست وەربگرم و هەمووانیش وا دەکەن و ئەمەش بۆ بونیادەم باشە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژی دواتریش پەژێوان بیتەوە و هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئەوە وەربگریت. واتە: زۆرینەی ئەو ساتانەی لە شانۆی ئەڵمانیاییدا بەسەرمدا داڕووخا، ئازادیی ڕەها نەبوو، بەڵکو شپرزەی دەروونی و ڕۆحیی ڕەها بوو.

جگە لەوەش ئاخۆ ئەو شەیتانە بەستەزمانانە چ بکەن بۆ ئەوەی برۆ بەبینەران و بەر لەهەمووانیش بەرەخنەگران هەڵبڕن. دەرهێنەرێکی جاحێڵ ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆ گرت کە ئەویش نمایشکردنی (گوڵدانە شکاوەکە)[٢٠] بوو. ئەو خۆی حەوت جار ئەوەی لە دیدگای جیاوازەوە بینیبوو. دەیزانی بینەرەکانی هەر لە منداڵییەوە بیست پاچڤەی ئەوەیان بینیوە و ڕەخنەگرانیش لە پەنجا و هەشتەمینیدا باوێشکیان داوە. هەنووکە ئیدی گەر بیەوێ خۆی بخاتەڕوو، دەبێ کەسێکی چەقاوەسوو بێت.

ئەوە ئازادی نییە.

لەنێوەندی ئەو فەوزایەدا ئەزموونی گەورەی شانۆیی، ڕاڤە و لێکدانەوەی پرشنگدار، وەدیارکەوتنی یەکلاکەرەوە و تەقینەوەیی دەپشکووین.

خەڵک دەچن بۆ شانۆ، پێیان خۆش نابێ. یاخۆ پێی دڵخۆش دەبن. یان پێیان خۆش نابێ و پێی دڵخۆش دەبن. ڕۆژنامەکان لەسەری دەنووسن. قەیرانە شانۆییە

١٩- مەبەست لە باکوری ئەوروپایە. و. ک

20- Den sönderslagna krukan

ناوخۆییەکان بێ پچڕان لە تەقینەوەدان، ڕیسواییەکان جێی یەکدی دەگرنەوە، ڕەخنەگران هەتک دەکەن و هەتک دەکرێن، بەکورتی هەراوزەنای دۆزەخە. دونیایەک قەیران بەڵام بەحاڵ هەبوونی هیچ جۆرێک قەیران.

بایەکی گەرم لە بیابانەکانی ئەفەریقاوە هەڵی کرد، بەئیتاڵیادا هات، بەسەر چیاکانی (ئاڵپ)دا هەڵگژا و شێی خۆی بڵاوکردەوە، وەکی میتاڵێکی تواوە بەسەر دەشتە بەرزەکانا ڕژا و (میونشین)ی گرتەوە. بەیانی دەشێ بەفرو باران بێ و دوو پلە سارد بێت، پاش نیوەڕۆ کاتێ لە تاریکیی شانۆ دێیتە دەرێ، سەروو بیست پلە گەرمە و هەوا بەگەرماییەکی تەنکی داخوراو دەلەرزێ. زنجیرە چیای ئاڵپ لای ئاسۆوە هێند نێزیکە کە دەتوانیت دەستی لێ بدەیت. مرۆڤ و ئاژەڵان کەمێک شێتگیر دەبن بەڵام مایەی بێزارییە کە بەشێوەیەکی خۆش نا. ڕووداوی ترافیک ڕوو لە زیادبوون دەکات، چالاکییە گرنگترینەکان ڕادەگیرێن و ئاستی خۆکوشتن بەرز دەبێتەوە، سەگە میهرەبانەکان گاز دەگرن و پشیلەکان وەک برووسکە چنگ دەگرن. پرۆڤە شانۆییەکان زیاد لە ڕادەی ئاسایی لە ڕووی پەرۆشییەوە دادەبەزن. شار بارگاوی دەبێت، من خەوم دەزڕێ و تووڕەیی باڵم بەسەردا دەکێشێ.

ئەم بایە ناوی (فۆن)[٢١]ە و دیاردەیەکی ترسێنەرە، ڕۆژنامەکانی ئێواران بەمانشێتی گەورە، ڕیپۆرتاژی لەبارەوە بڵاودەکەنەوە و میونشین نشینان بیرەی ئاوی گەنم دەخۆنەوە لەگەڵ قاشێک لیمۆی ئاودار لە بنی پەرداخەکەدا.

زستانی ساڵی ١٩٤٤ لە پەلامارێکی ئاسمانیدا ناوەڕاستی شار بەکلێساکانیەوە، بەکۆمەڵگەی شوێنە دێرینەکانی و بەخانەی شکۆداری ئۆپێراکەیەوە لەگەڵ ئەرزدا یەکسان کران. دەسبەجێ دوای شەڕ بڕیاردرا هەر هەموو ئەوانە سەرلەنوێ ڕۆبنرێنەوە کە ڕێک وەک بەر لە کارەساتەکە خۆ بنوێنن. خانەی ئۆپێراکەی سەرلەنوێ ڕۆنرایەوە و بەخۆشەویستییەوە، زۆرینەی وردەکارییەکانی لەبەرچاو گیرا. هێشتا دووسەد جێگا لەوێ هەیە کە مرۆڤ لێیانەوە هیچ نابینێ، بەڵکوو تەنها گوێی لێدەبێ.

لەم خانە سەرنجڕاکێشەدا و لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا کە بای (فۆن) تیایدا هەڵی کردبوو، (کارل بۆم)[٢٢]، ژەنەراڵ پرۆڤەی لە (فیدێلیۆ)[٢٣]دا دەکرد. من لە یەکەمین ڕیز

21- Föhn
22- Karl Böhm
23- Fidelio



دانیشتبووم، لار لەودیو سەکۆی سەرکردایەتی کردنەکەوە بووم و دەمتوانی بەوردی ئاگام لە گچکەترین جووڵە و خولقی مایستڕۆی پیر، ببێت. بەنائاشکرایی لەیادمە نمایشەکە ترسناک و سینۆگرافیاکە خەریک بوو لە سنوور دەردەچوو، چ پێوەندییەکی بەبابەتەکەوە نەبوو. (کارل بۆم)، (بایێرن)یاییە نازدار بەڵام خاوەن شارەزاییە هونەرییەکانی خۆی بەجووڵەی گچکەی دەست سەرکردایەتی دەکردن- چۆناوچۆنی کۆرس و سۆڵۆژەنەکان دەیانتوانی لە ئاماژەکانی حاڵی بن، ئەمە بۆ خۆی مەتەڵ بوو. وی کەمێک کۆم دانیشتبوو، هەرگیز باسکی بەرز نەدەکردەوە، هەڵنەدەسایە سەر پێ، هەرگیز پەڕەیەکی لە پارتیتیۆرەکە هەڵنەدایەوە.

ئەم تەقەلا و شکستەی دێوی ئۆپێرا، لەناکاوێکڕا بووە ئەزموونێکی وەک سەرچاوەی ئاو ڕوون. مەزەندەم کرد (فیدێلیۆ) بۆ یەکەم جار دەژنەڤم، بەساکاری بڵێم مەزەندەم کرد، من هەرگیز پەیم پێ نەبردووە، تێی نەگەیشتووم، لێی حاڵی نەبووم. ئەزموونێکی ڕیشەیی یەکلاکەرەوە، خودان لەرزێکی ناوەکی، قاییلمەندی، سوپاسگوزاری، بونیادێک لە کاردانەوەگەلی چاوەڕوان نەکراو.

هەموو شتەکان ساکار خۆیان دەنواند: نۆتەکان لە شوێنی خۆیاندا، بەدەر لە چ فێڵێکی سەرنجڕاکێش، بەدەر لە هیچ شتێکی سەرسوڕهێن، هەرگیز تیمپۆکان نەدەبیستران. دەربڕینی هەست بەرامبەر ئەو کارە ئەوەیە کە ئەڵمانیاییەکان بەسووکە گاڵتەجارییەکەوە دەڵێن[*] werktreu. لەگەڵ ئەوەشدا موجیزە حەقیقەتێک بوو.

ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر فیلمێکی کارتۆنی (واڵت دیزنی) یم بینی. فیلمەکە لەبارەی پەتریقێکەوە بوو کە تاسەی زەریای باکوور دەکات. وردە وردە دەکەوێتە ڕێ و دەگاتە دوورگەیەکی پڕ لە دارخورمای نێو ئاوێکی گەرم و شین. وێنەگەلی (ئانتراکتیس)[٢٤] بەدارخورمایەکەوە هەڵدەواسێت. تاسەی زێدی خۆی هەڵیدەگرێ و ئەوسا ژێرانە دەکەوێتە دروستکردنی بەلەمێکی نوێ کە بتوانێ بۆ ماڵەوەی بگەیەنێتەوە.

دەی من وەک ئەو پەتریقەم. کاتێ کە لە شانۆی (ڕێسیدێنز) بووم، زۆر جاران بیری دراماتنم دەکرد و تاسەی زوبانەکەی خۆم و هاوڕێکانم و خەڵکانی نزیکی خۆم هەڵیدەگرتم. هەنووکە من لە ماڵەوەم و تاسەی بەگژدا چوونەوەکان، تاسەی شەڕ و جەنگە خوێناوییەکان و ئەو ئەکتەرانە دەکەم کە تا لێواری مردن بەرخۆدانیان دەنواند.

(*) واتە دڵسۆزی کار.

24- Antarktis

لە عومری مندا هاندەرێک لە مەحاڵدا هەیە. ئەز لە (وەستا سولنێس)[٢٥] تێدەگەم کە سەرەڕای ئەوەی بەدەست سەرەگێژەوە دەناڵێنێ کەچی بەبورجی کلێساکەدا دەکەوێتە هەڵگژان. ڕاڤەکاران زۆر بەحیرسەوە دەبێژن، پاڵنەر بەرەو مەحاڵ پێوەندی بەخامۆشبوونی کوڵی توانا[٢٦] وە هەیە. ئەدی ڕاڤەکارێک جگە لەوە دەتوانێ چ بڵێ؟

مەزەندە دەکەم پاڵنەری دیکەیش بەرێوەی بردووم. دەکرێ شکست تامێکی سازگار و تونی هەبێت، میحنەت، دوژمنایەتییەکان کنە دەدا و ژیان لەخولْقاندنێکی بڕیاردەرانەدا دەهەژێنێ. هەڵگژان بەدیواری باکووری خۆراوای (مۆونت ئێڤریست)[٢٧]دا چێژبەخشە. بەرلەوەی لەبەر هۆکاری بایۆلۆژیی بێ دەنگ بم، لە دڵەوە حەزدەکەم بەرپەرچم بدرێتەوە و بخرێمە ژێر پرسیار. نەک تەنها لەلایەن خۆمەوە، ئەمە هەموو ڕۆژێک ڕوودەدات. دەخوازم زەحمەت، ئازاردەر و قورس دەسنیشانکراو بم.

مەحاڵ بێ ئەندازە وەسوەسە ئامێزە، هەڵبەت من چ شتێکم نییە بیدۆڕێنم. چ شتێکیشم نییە بیبەمەوە مەگەر پشتگیریی میهرەبانانە لە هەندێک لە ڕۆژنامەکاندا نەبێت. پشتگیرییەک کە خوێنەران دوای دە دەقیقە بیریان دەچێتەوە و خۆیشم دوای دە ڕۆژ.

حەقیقەت لە ڕاڤەکانی ئێمەدا بەزەمەنەوە ڕایەڵە. نمایشە شانۆیییەکانی ئێمە لە ڕاستیدا لە بوولێڵێکی دڵسۆزانەدا بزردەبێ، بەڵام ساتەوەختە تایبەت بەخۆکانی گەورەیی، یاخۆ بەدبەختی هێشتا بەڕووناکییەکی میهرەبان دەدرەوشێنەوە. فیلمەکان بەپێچەوانەوە، هەن و گەواهی بۆ ئەو گۆڕانکارییە بێ ڕوحمانەیەی حەقیقەتە هونەرییەکان دەدەن. چەند ستوونێکی بەردین لەسەر گاشەبەردە وردوخاشبووەکان سەر دەردێنن.

لەساتەوەختێکی وردبینیی تووڕەیی ئامێزدا، پێموایە شانۆکەم هی دەیەی پەنجایە و مامۆستاکانیشم هی دەیەی بیست. ئەو گۆشەنیگایە وام لێ دەکات ئاگادار و نائارام بم. من دەبێ واتا باوەکان و ئەزموونە گرنگەکان لەیەکدی جوێ بکەمەوە، ڕێگەچارە کۆنەکان تێکوپێک بشکێنم بەبێ ئەوەی بەبێ پاساو بەڕێگەچارەی نوێ قەرەبوویان بکەم.

(یۆرپیدس)[٢٨]، مامۆستای نمایشنامەنووس، لە تافی پیرییدا لە مەنفاکەی خۆی، لە

٢٥- byggmästar Solness کەسێتی سەرەکی یەکێک لە شانۆنامەکانی هێنریک ئیبسێن.

٢٦- potens توانای پیاو بۆ جووت بوون. گوڕ، هێز. و.ک

27- Mount Everest

28 Euripides



مەکێدۆنیا دانیشتووە. سەرگەرمی نووسینی باکانتەکان[٢٩]ە. بەتووڕەیییەوە خشت لەسەر خشت شووراکەی ڕۆدەنێ: ناکۆکی لەتەک ناکۆکیدا پێکیان دەدا، پەرستن لەتەک کوفردا، ژیانی ڕۆژانە لەتەک سروت[٣٠]دا. وی لە مۆرالیزەکردن شەکەت ببوو، پێیوابوو ئیدی گەمەکردن لەگەڵ خواوەندەکانا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە، کاتی بەسەرچووە. گوتەبێژان لەبارەی شەکەتیی ئەم شاعیرە پیرەوە قسانیان کرد. ئەمە بەپێچەوانەوەیە. بونیادی قورسی یۆرپیدس پیشاندەری مرۆڤ، خواوەند و دونیایە لە جووڵەیەکی دڵڕەقانە و بێ مانای ژێر ئاسمانێکی چۆڵدا.

باکانتەکان گەواهیدەری ئازایەتین بۆ شکاندنی قاڵبەکان.

***

29- Backanterna

30- Ritual

سێ شەممە ٢٧ی دیسێمبێری ساڵی **١٩٨٣** کاتی خۆراوابوون کارەبای ستۆکهۆڵم کوژایەوە. ئێمە لەوکاتەدا پرۆڤەمان لە شانۆنامەی (شا لیر)[1] لە ژوورێکی گەورە و جوانی ژێر ساپیتەی دراماتندا دەکرد. گرووپێک بووین پێکهاتبووین لە شەست ڕۆح، ئەکتەر، سەمازان و یارمەتیدەر.

پادشای شێت لە ناوەڕاستی تەختەی شانۆکەدا ڕاوەستا و بەهەموو بابەتێک لە خەڵکی ئاژاوەگێڕ دەورەدراو ڕایگەیاند کە ژیان شانۆی خەڵکانی دەبەنگە. کارەبا کوژایەوە، هەمووان پێکەنین، پەردەی پەنجەرەکان هەڵدرانەوە، با، پرووشەی بەفری بەشووشەی پەنجەرەکاندا دەکێشا. ڕووناکی ڕۆژ وەکی قوڕقوشم و گوماناوی دزەی دەکردە هۆڵی پرۆڤەکردنەوە. یەکێک بەتەلەفۆنە ناوخۆکەی هۆڵەکە ڕایگەیاند کە تاریکی باڵی بەسەر شانۆکە، ناوچەکە، ڕەنگە هەموو شاردا کێشابێت.

پێشنیارم کرد تاوێک چاوەڕێ بکەین، لەبەرئەوەی کارەبابڕان لە شارێکی گەورەدا ئەوپەڕی چەند دەقیقەیەک دەخایەنێت. لەسەر ئەرز و لەسەر کورسییەکان دانیشتین، بەدەنگی نزم لەتەک یەکدیدا دەدواین. هەندێ لە جگەرەکێشەکان خۆیان گەیاندە ژووری چاوەڕوانی، بەڵام دەمودەست گەڕانەوە. تاریکییەکی میسرییانە[*] باڵی بەسەر دەرەوەدا کێشابوو.

1 Kung Lear

(*)ett egyptiskt mörker



دەقیقەکان تێپەڕین، ڕووناکی بێ سێبەری ڕۆژ کاڵ بۆوە، پادشا کەمێک لار ڕاوەستابوو، هێشتا جبە پان و ڕەشەکەی پۆشیو و تاجێک گوڵی پەرشوبڵاوی بەسەرەوە کە دەشێ هی (ئۆفێلیا) یان (ئاننا) یاخۆ (سگاناریللێ) بێ. شا لێوی دەجوولا، بەدەست زەمەنی دەژمارد، چاوانی لێکنابوون. (گلۆوسێستێر)[2] بەپەرۆ خوێناوییەکەی سەر چاوە دەرهێنراوەکانییەوە، دێتە پێشێ و بەزوبانێکی نەختێک لاڵەوە دووپاتی دەکاتەوە کە وی لە ماسی برژاندنا لێوەشاوەیە. هەندێک لە سەمازانە شۆخەکان لە سووچێکدا دانیشتوون و گوێیان بۆ ئەلبانیایی هەجووگۆ ڕادێرابوو کە شمشێری هەڵگرتووە و جزمەی لە پێدا و تەراکسودی لەبەردا. جاروبار سوپاسگوزارانە بەڵام کپ پێدەکەنن، ئاخر کەشوهەوای ژوورەکە کەمێک گرژ، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناپەسەند نەبوو.

(ئێدگار)[3] کە نوێنەری کارمەندان بوو بۆ خۆپارێزی[4]، ڕوونی کردەوە هەڵوێستەکە بەبێ چ مەرجێک پەیژەیەکی گەرەکە. چاویلکەکەی داگرت و بەپەرۆشەوە لەگەڵ یاریدەدەری شانۆدا، کە تێبینییەکانی دەنووسین، کەوتە قسان. (کێنتی سەرڕاست)[5] ڕاکشابوو، پشتئێشە یان هەر ئازارێکی قۆڕی دی، لێی دابۆوە. (کۆردێلیای شۆخ)[6] مۆمێکی دۆزیبۆوە و ڕێگەی خۆی بەرەو ژووری چاوەڕوانی دەکردەوە تا میز بکا و جگەرەیەک بکێشێ، دوو پێداویستی هەمیشەیی گرنگ.

نیو سەعات تێپەڕی، زریانی بەفر توندتر دەبوو، هەنووکە تاریکی دوورترین کونج و قوژبنەکانیشی داپۆشیبوو. لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا مایسترۆی تیپە مۆسیقاییەکە لەتەک سەمازانانی سترانبێژ، کوڕ و کیژی موزیکژەن و دەنگخۆش، لە بازنەیەکدا بەدەوری پێنج مۆمدا دانیشتبوون و مادریگالێکیان دەچڕی.

ئێمە بێ دەنگ بووین و گوێمان ڕادێرا: دەنگەکان لە بازنەگەلی هاوسەنگدا دەجولان، زریانی بەفر لەدەرەوە وژەی دەهات. چ ڕووناکییەکی شەقام، ڕووناکی نادڵنیا و لە حاڵەتی گیانەڵای ڕۆژی ڕانەدەماڵی کە خەریک بوو بەخێرایی دیارنەدەما. گۆرانییەکە بەنێو زەینماندا پیاسەی دەکرد و ڕوخسارمان دیارنەدەما. زەمەن ڕاوەستا، ئەلعان ئیدی

2- Gloucester

3- Edgar

4- skyddsombud

5- Den ärlige Kent

6- Den väna Cordelia

ئێمە لە قووڵاییڕا بووین، لە قووڵایی دونیایەکدا کە هەمیشە هەیە، دونیایەک گەلێک نێزیک. ئێمە تەنێ گەرەکمان بەمادیریگالێک بوو، گەرەکمان بەزریانێکی بەفر و شارێکی کارەبا تیایدا کوژاوە بوو تا بەژوورێک ئاشنا گەمارۆ بدرێین، گەرچی ئێمە وا خۆمان دەنوێنین کە ئەوە شتێکە وەدەستخستنی مەحاڵ. هەموو ڕۆژێک ئێمە لە پیشەکەماندا لەگەڵ زەمەندا گەمە دەکەین: درێژی دەکەینەوە، کورتی دەکەینەوە، ڕایدەگرین. هەڵبەت وا ئەمە ڕوودەدات بەبێ ئەوەی چ بیرۆکەیەکمان لەبارەی دیاردەکەوە هەبێت. زەمەن ناسکە، ئاستێکی بونیادییە، وا ئەلعان بەتەواوی دیارنامێنێ.

(شالیر) یەک کیشوەرە بۆ خۆی. ئێمە نێردە پشکنینکارییەکەمان چەکدار کرد و بەلێهاتوویی و سەرکەوتنی جۆراوجۆرەوە، ئەرزێکی قاقڕ، ڕووبارێک، چەند کەنار زەریایەک، چیایەک، دارستانگەلیان لەسەر نەخشەکەی کێشا. هەموو وڵاتانی دونیا نێردە پشکینینکارییەکانیان چەکدار کرد، هەندێ جار لە پیاسەکانماندا پێک دەگەیشتین و نائومێدانە دووپاتمان دەکردەوە ئەوەی کە دوێنێ زەریاچەیەک بوو ئەمرۆ بووەتە چیا. ئێمە نەخشەکانمان کێشان، قسەمان لەسەرکردن و ڕاڤەمان کردن، چ شتێک وا نەبوو. ڕاڤەکارێکی بەئەزموون پەردەی چوارەمی دەستنیشان کرد. ئەمە دەبێت ئاوهابێ: پادشا دڵشادە، شێتێتییەکەی نەرم. هەمان ڕاڤەکار لە هەڵایسانە بورکانییەکەی پەردەی دووەمدا خەم دایدەگرێ و هێز لە ئەژنۆیدا نامێنێ. ماددەکە بەقسەیەکی دەبەنگانە دەکرێتەوە: باشترە هەموو شتەکان بکەیتە گەمەیەکی پڕ لە پێکەنین و خولقی ئاهەنگ. پادشا بیرێکی وەسوەسەئامێز بەڵام ترسناکی بەخەیاڵدا دێت، ئەو خۆی پێکەنی. بەڵام ئەی درامای گەڕانەکە؟ ئەدی هەڵگەڕانەوەکە؟ کێ دەسەڵات و توانای فیزیکی هەیە کە لەو سنوورە دوورانەوە شێوەی تێکشکان وەربگرێت؟ سەرەتا هەموو شتێک ڕێکوپێک بوو، لەماوەی چرکەیەکدا دونیا لە فەوزادا ڕۆچوو، کارەساتێکی ژیانی.

من دەمزانی ئەوە لەبارەی چییەوەیە، دراماکەم بەپێستی ڕۆحم ئەزموون کردبوو. جێگەبرینەکان سارێژ نەببوون. ئەدی چۆناوچۆنی دەمتوانی ئەزموونەکەم وا پاچڤە بکەم کە پادشاکەم قاییل کا سنووری شورا مەحکەمەکانی دژی ئاژاوە و سووکایەتی بتەقێنێتەوە؟ نابێ ئەکتەرەکانمان بەقووڵایی ناوەوە قورس بن: دەبێ ئەوە خێرا، ڕووەو دەرەوە، لە تێگەیشتن هاتووبێت. ئێمە خودان چ ئەزموونێک نین، خودان چ ترادیسۆنێک نین، تەنێ خودان فێربوونێکی خەراپین. ئەدی حەز دەتوانێت جێگای تەکنیک بگرێتەوە؟ یاخۆ لە زەلکاوی ئەو هەموو وشەیەدا بمرین؟ ئێمە کە تەنیا دیالۆگە ڕاستەخۆ و خۆهەڵگرەکانی



(سترێندبێری) مان ئەزموون کردوون، ئایا ئەکتەرە ژن و پیاوە هاکەزاییەکانمان دەتوانن گوزارشت لە عەزابە دوو لایەنەکەی (گلۆوسێستێر)، لە تووڕەییە پڕ لە حەزەکەی (کێنت)، لە دێوانەییە خۆ نوێنییەکەی (ئێدگار)، لە شەڕانگێزییە شەیتانییەکەی (ڕێگان) بکەن.

نێردە پشکنینکارییەکەمان ڕێگای خۆی بەنێو ئەرزە قاقڕەکانا کردەوە، خۆر سووتێنەر و ئێمەیش شەڵاڵ لە ئارەقە. لەناکاوێکڕا خۆر وەک بەردێکی هەڵایساو دەکەوێتە خوارەوە، تاریکی ئەستوور و ئیدی ئێمە پێمانوایە بەسەر زەلکاوێکی بێ بنەوەین. ڕۆژان و ڕۆژان: ئەمە ساتەوەختێکە لە حەقیقەت، خاڵێکی جێگیرە، دەرەنجام، هەنووکە ئیدی دەبێ بەهێوری ببینە کەسانی میتۆدیی. لێرەوە تا ئەوێ دوو مەتر و حەڤدە سانتیمەترە، ئەمە دەنووسین. باشترە جارێکی دیکەیش بیپێوین. ئەمجارەیان چواردە هەزار مەترە.

بینەران، دەرهێنەر، ئەکتەرەکان، ڕەخنەگران هەریەکەی (شا لیر)ی خۆی بینی، گا تەمومژاویی و گا وەهمامێز بەگوێرەی وتووێر و هەستی خۆیان. هەموو هەوڵدانێک بۆ ڕاڤەکردن بێ بەر، بەڵام سەرنجڕاکێش. بفەرموون، با پێکەوە گەمەی تێگەیشتن بکەین، هەندێکیان ڕوویان بەلای باکووری خۆراوادا وەرگێڕا و بەرامبەر خۆر کەوتنە پێشبینی، ئەوانی دیکەیش چاوانیان لێکنا و چەناگە لەسەر سینگ، ڕووەو باشوور کەوتنە ورتەورت. کێ دەتوانێ باشترین ڕاڤەی (کڤارتێتی ژێدار)ی بیتهۆڤن لە (بێ- دیور ئۆپیوس ١٣٠)، جوولەی سێیەم، (ئاندەتێ کون موتو)[7]، (ما نون تروپۆ)[8] بکات؟ دەتوانین بیخوێنینەوە؟ دەتوانین بیبیستین؟ من پێموایە ئەوە باشە، بەڵام کەمێک بێزارکەرە. بەڵام باشە! گەردوون، هەڵاوگێڕاو، کۆنتراپونکت[9]، خودان بونیاد، دیالێکتیکی، میمێتیسک. خێراتر یاخۆ بەکاوەخۆتر؟ خێراتر و بەکاوەخۆتر؟ بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر بونیادی. هێند خرۆشام کە کوڵی گریانم بەربوو، ئەوەم بەخەیاڵدا هات کە هەڵبەت وی (کەڕ)[10] بووە. ڕاڤەکردنی موزیک شتێکی خەیاڵییە، لەبەرئەوەی جوولەی پێچاوپێچی تۆنەکان کار لە هەست دەکات. ڕاڤەکردنی شانۆ مەزەندە دەکرێ شتێکی گونجاو بێت، لەبەرئەوەی وشە ئەو شتە دەڵێ کە ئەقڵ تێی دەگات. نەفرەت.

---

7- Andate con moto

8- ma non troppo

٩- kontrapunkt یەکانگیربوونی دوو دەنگی میلۆدیی سەربەخۆ یان زیاتر. و. ک

١٠- مەبەست لە بیتهۆڤنە.

ئیبسێن و درۆکانی، ستریندبێری و بوومەلەرزەکانی، تووڕەیی مۆلێر، بازدان بەسەر ئەسکەندەرییەنشینانی فیێلبازدا، کیشوەرەکانی شەکسپیر. نەفرەت. من لە ڕاستیدا ستایشی پووچگەرایان، نوێگەران، ئەفرێنەران دەکەم: هەموو شتێک مایەی پێشبینی، هاسان دووبارەکراو و پڕ لە حەز و ختووکەدەر، لێدانە هاسانە گچکەکان، خواردنی خێرایە بۆ بێ حەوسەلان.

هاوڕێی ئازیز و خۆشەویستم هەنووکە باسکت دەگرم و زۆر بەپارێزەوە ڕاتدەوەشێنم، گوێم بۆ ڕادێرە: تۆ هەنووکە ئەم وشانەت هەموو ڕۆژێک چەند جارێک گوتوون. تۆ دەبوو بتزانیبا کە ئەم وشانە داواکارییەکیان بۆ ئەزموونەکەی تۆ لەخۆگرتوون. ئەو وشانە بەزەحمەت یاخۆ بەچێژ، بەخێرایی یاخۆ بەخاوییەکی جاڵجاڵۆکەئاسا شێوەیان گرتووە. هەنووکە من دەستت ڕادەوەشێنم، تۆ پێتوایە، من پێموایە، من تێدەگەم، تۆ تێدەگەیت، لەحزە پرشنگ دەداتەوە بەسەرکەوتن، بێهوودەیی باڵی بەسەر ڕۆژدا نەکێشاوە، دواجار ژیانە گوماناوییەکەمان ماناو ڕەنگی وەدەست هێناوە. ئەو سۆزانییەتە بێ تاوە گۆڕاوە بەئەڤین. نەفرەت! نەفرەت!

***

یەکێک دەڵێ پێویستە من لەبارەی هاوڕێیانمەوە بدوێم. ئەوە شتێکی ڕیالیستی نییە، ئاخر خۆ جارێ وا زۆر پیر نەبووم و هاوڕێکانیشم هێشتا دونیایان جێ نەهێشتووە. پێچەوانەی ئەمە، مرۆڤ دەکەوێتە هاوسەنگیگەلێکی تەنزئامێزی نێوان نەزاکەت و نهێنیپارێزییەوە: ئارامبە، ئەوە دەخوێنیتەوە کە من نووسیومە.

کەسێک ددانپێدانانامەیەکی وردی نووسی. هەڵبەت دوڵبەرەکەی پێشووی مۆڵەتی پێدرابوو دەستنووسەکە بخوێنێتەوە. کاتێ خوێندبوویەوە چووبووە ئاودەست و لەوێ ڕشابۆوە، پاشان داوای کردبوو ناوی ئەوی تێدا بسڕێتەوە. نووسەرەکەیش قایل ببوو، بەڵام هاوکات هەموو داوەرییە ئەرێنییەکانی لێ لابرد و لایەنە نەرێنییەکانی بەهێز کرد.

هاوڕێیەتیش وەکی ئەڤین بێ ئەندازە تیژبینە. لە جەوهەری هاوڕێیەتیدا کراوەیی و ئەوپەڕی پێداویستی بۆ گوتنی حەقیقەت هەن. ئەوە جۆرێک لە ئاسوودەییە کاتێ ڕوخساری هاوڕێکەت دەبینی یان لە تەلەفۆندا گوێت لە دەنگی دەبێت و قسە لەبارەی شتە زیاتر ئازاراوی و گرنگەکانەوە دەکات، یاخۆ گوێت لە هاوڕێکەت دەبێت ددان بەشتێکدا دەنێ کە بەحاڵ جورئەتی کردووە بیری لێ بکاتەوە. هاوڕێیەتی زۆرجاران هەستییە. شێوەی هاوڕێکە، ڕوخساری، چاوانی، لێوی، دەنگی، جووڵەی، تۆنی دەنگی لە ئاگاییتدا تۆماربوون، کۆدێکی نهێنین و لە متمانە و هاریکارییدا خۆیان دەکەنەوە.



پێوەندییەکی خۆشەویستی لە ناکۆکییەکاندا دەتەقێتەوە، ئەمە شتێکە خۆی لێ لانادرێ، هاوڕێیەتی بەپاشەکەوتی زیاتر دەچێژرێت، پێداویستی بەهەراوزەنا و پاڵاوتن نییە. هەندێک جار دەنکێک لم دەچێتە نێوان ئاستی ناسکی پێوەندییەکەوە، ئیدی خەم و گیروگرفت دەخولقێن. لە فیکرەوە دەچم: من بەبێ ئەو دەبەنگە بەباشی تەگبیری خۆم دەکەم! بەو جۆرە کاتێک تێدەپەڕێ، هەستێکی ناخۆشحاڵانە لەئاستی جۆراوجۆردا خۆی وەدیاردەخات، هەستێک گا ئاشکرا و زۆرجاریش بەپارێز.

هەنووکە من پێوەندی دەگرم، نابێ مەسەلەکە ئاوهابێ، دەبێ سەرمایەکە مسۆگەر بکرێت. پاکی دەکەینەوە، گسکی دەدەین و وەک خۆی لێدەکەینەوە.

بەرەنجامەکەی دڵنیانییە: باشتر، خراپتر یاخۆ وەک جاران. مرۆڤ ناتوانێ بزانێ. هاوڕێیەتی پشت بەسوێند و تەوکید نابەستێ، هەروەها بەزەمەن و شوێنیش. هاوڕێیەتی تەنها لە یەک خاڵدا نەبێ، بێ ئەندازە بێ داواکارییە، ئەویش تەنها ڕاشکاوییە. ئەوە تەنها داواکارییە بەڵام داواکارییەکی قورسە.

هاوڕێیەکی نێزیک دوای ژیانێک لە چالاکیی زیندوو لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکیدا، هیجرەتی کرد. لە (ڕیڤییەران)[1] نیشتەجێ بوو. لەوێ باڵەخانەیەکی سێ ژووریی بەکرێ گرت، لە بانیژەکەیدا دانیشت و کەوتە چنینی بەڕە. کیژە هاوڕێ زۆر جاحێڵترەکەی لە وڵاتەکەی خۆیدا لەسەر کارەکەی بەردەوامبوو، بەڵام ساڵی چەند جارێک سەردانی بانیژە خۆشەکەی دەکرد. ئەو هاوڕێیە بێ دەنگی دایگرت، تەلەفۆنەکانمان بەخۆپارێزییەوە دەچووە پێش، ئاخر کات و ئازایەتی گەرەکە بتوانرێت پێوەندییەک بەکراوەیی بهێڵرێتەوە. پەیامەکانی زیاتر دەچوونەوە یەک. ئاخر تو شەیتان بۆچی بۆ بانیژەیەکی ڕووەو زەریای ناوەڕاست تێتەقوچاند! تۆ بەکاوەخۆ و شکۆدارانە و بەبێ بینینی چ پەڵەیەکی سووری شینباو[2] لە سەر پێستت، دەمریت. ئێمە بەگوێرەی نەریت دەدواین، هەڵبەت دەمزانی، ئەو نیگەرانییەکی هەیە کە متمانەی پێم نییە باسیم بۆ بکات. باشە سوپاس، لەڕاستیدا گەلێک سەرنجڕاکێشە. گەرچی بەفر بەسەر دارخورماکاندا دەبارێ کەچی ماگنۆلیا[3] چرۆی کردووە.

١- Rivieran ناوچەیەکی گەشتیاری شاری (نیس)ی باشووری خۆرهەڵاتی فەڕەنسا و هاوسنووری ئیتاڵیا. و.ک

٢- likfläckar مەبەست لەو پەڵە سوورە شینباوانەیە کە دوای مردن لەسەر پێست وەدیاردەکەون. و.ک

٣- magnolia جۆرێک درەخت یاخۆ تەلانە، بەگوڵی گەورە و زەخرەفییەوە. و.ک

ناتوانم بڵێم هەستم بەنیگەرانییەکانی دەکرد، هەڵبەت ناشمەوێ بەسەرزەنشتکردنی بەوەی خودان ڕاشکاوی نەبوو، بریندراری بکەم.

بەگشتی ئێمە لە ڕووی پراکتیکییەوە هاوتەمەنین - دەشێ ئەمە لە سەرەتای پیرییەکی واقیعیدا ئاوهابێ. ئێمە تا دێت قووڵتر خۆمان لە هۆڵە تاریک و ڕاڕەوە پێچاوپێچە گسک نەدراوەکانا بزر دەکەین. لەمیانەی تەلەفۆنە ناوخۆییە کرەکرکەرەکانەوە قسان لەتەک یەکدیدا دەکەین و بەتیاماوییەوە بەسەر هەلومەرجە بەزەحمەت کەشفکراوەکاندا، هەڵدەنگوێین.

هاوڕێیەکی ئەکتەرم دراما یەکی سەرنجڕاکێشی ئیزگەیی نووسی و داوام لێ کرد ڕێگەم بدا دەری بهێنم. چەند مانگێک دواتر پرسیارم لێ کرد کە ئاخۆ دەخوازێ ڕۆڵی تارمایی و ئەکتەری یەکەم لە (هاملێت)ەکەی مندا ببینێت. دوای شتێک بێنەوبەردە قایل نەبوو. من هەڵچووم و گوتم مادامەکی وایە ئەوا منیش ئیش لە پیەسە ئیزگەییەکەیدا ناکەم. وی بەشۆکێکی ماقووڵەوە وەڵامی دامەوە کە چ پێوەندییەک لەنێوان ئەو دوو مەسەلەیەدا، کە بۆ من ئاشکرابوو، نابینێت. دوای وتووێژێکی زۆر ناکۆکییەکانی نێوانمان جۆرکردن، بەبێ ئەوەی پێگەی خۆمان شوێن گۆڕکێ پێبکەین. لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕێیەتییەکەمان زیانی بەرکەوت.

هاوڕێیەکم کە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنابوو، ترسێکی ڕۆحی لەهەموو دوژمنایەتیکردنێکی ڕاستەوخۆ هەبوو. بەگاڵتەوە ناوی لەخۆی نابوو زانا[٤]، کە خۆیشی هەروا بوو. من بەخۆشحاڵییەوە ڕێگەم پێدا ئامۆژگارییم کات، لەبەرئەوەی شتی زۆری فێرکردبووم. ساڵانێکی زۆر لەوەوبەر لەبارەی پێگەی لەقی منەوە لە بازاڕی جیهانیی فیلمدا، شتێک کە خۆم لەهەر کەسێکی دی زیاتر پێی ئاشنابووم، مامۆستایەتییەکی تاڕادەیەک زۆری بەسەرەوە کردم. حەوت جار لەو بارەیەوە مامۆستایەتی بەسەرەوە کردم، لە هەشتەیەمین جاردا ئیدی من هەڵچووم و داوام لێ کرد دەمی داخات و لەبەرچاومدا نەمێنێ، هەڵبەت بە وشەگەلی کەمتر ڕاستەوخۆتر لەمە. چەند ساڵێکی خایاند ئەوسا هاوڕێیەتییەکەمان چاک بۆوە.

من بەگشتی چ وەهمێکم لەبارەی بەهرەکانی هاوڕێیەتیمەوە نییە. گەرچی لە

٤- besserwisser کەسێک کە خۆی بەخاوەن شارەزاییەکی گەورەتر لە دەوروبەرەکەی دەزانێ و بەخۆشحاڵییەوە ئەو زانیاری و شارەزاییەی خۆی دەخاتە ڕوو. و.ک



هاوڕێیەتیدا بەوەفام بەڵام بێ ئەندازە خانەگومانم. گەر پێموابێ خیانەتم لێدەکرێ ئەوا دەسبەجێ خیانەت دەکەمەوە، گەر پێموابێ پێوەندیم لەگەڵدا دەپچڕێنرێ، ئەوا منیش پێوەندی خۆم دەپچڕێنم، ئامادەییەکی گوماناوی، بەهرەیەکی گەلێک (بێزیمان)یی.

لەتەک هاوڕێ کیژەکانمدا کارم هاسانتر جۆر دەبێت. ڕاشکاوی شتێکە بەڵگەنەویست (وا مەزەندە دەکەم) بەتاڵ لە بەرژەوەندییە (پێموایە ئاوهایە) دڵسۆزی لە بریندارکردن نەهاتووە (وا دەیهێنمە پێش چاوی خۆم). وتووێژ بەبێ چ بڕیارێکی پێش وەخت دەبزوێت، هەست خۆی دانەپۆشیوە، چ پلەوپایەیەک بوونی نییە. ناکۆکیگەلێک کە وەدیاردەکەون پڕ لە متمانەن و هەو ناکەن. پێکەوە لە هەموو ئەو گێمانەدا سەمامان کردووە کە بەخەیاڵدا دێن: لە عەزابدا، لە نەرم و نیانیدا، لە سۆزدا، لە دەبەنگیدا، لە خیانەتدا، لە تووڕەییدا، لە کۆمیکدا، لە بێزاریدا، لە ئەڤیندا، لە درۆدا، لە شادییدا، لە لەدایک بوونەکاندا، لە هەورە بروسکەدا، لە مانگە شەودا، لە قەنەفەدا، لە کەلوپەلی موبەقدا، لە دڵپیسییەکاندا، لە تەختەنوێنی پانوپۆڕدا، لە تەختەنوێنی باریکدا، لە زەنادا، لە سنوور بەزاندنەکانا، لە باوەڕی باشدا - هێشتا شتی زیاتریش هەن - فرمێسکەکان، ئیرۆتیک، تەنێ ئیرۆتیک، کارەساتەکان، سەرکەوتنەکان، کۆسپەکان، بێ شەرمییەکان، دەست لەیەک کردنەوەکان، پەژارە، پەرۆشی بێ ئەندازە، هێلکە، سپێرم، خوێنی بێ نوێژی، کۆچکردن، مایۆی ژنانە - هێشتا شتی زیاتریش هەن، باشترە کۆتایی پێبهێنین بەرلەوەی بگەینە دوایین وێستگە - بێ توانایی سێکسواڵیی، بەرەڵایی، وەحشەت، نزیکی لە مەرگ، مەرگ، شەوە ڕەشەکان، شەوانێک کە خەو تیایاندا دەزڕێت، شەوە سپییەکان، موزیک، بەرچاییەکان، مەمک، لێو، وێنەکان، ڕوو بەلای کامێراکەدا وەرگێڕە و تەماشای دەستم بکە کە لە لای ڕاستەوە کورتەی شتەکان وێنەدەگرم، پێست، سەگ، سرووتەکان، مراوییە برژاوەکە، گۆشتی پشتی نەهەنگ، سەدەفگەلی خەراپبوو، فیڵ و چاڵ بۆ هەڵکەندن، لاقەکردن، جلکی جوان، زێڕو زیو، نەوازش، ماچ، شان، سمت، ڕووناکی بێگانە، شەقامەکان، شارەکان، نەیاران، ئیغواکان، تاڵە قژەکان بەشانەوە، نامەی درێژ، ڕاڤەکردنەکان، هەموو پێکەنینەکان، پیریی، نەخۆشییە درێژخایەنەکان، چاویلکەکان، دەستەکان، دەستەکان، دەستەکان - هەنووکە گۆرانیی[٥]ەکە تەواو دەبێت - سێبەرەکان، میهرەبانی، من یارمەتیت دەدەم، هێڵی کەنار، زەریا - هەنووکە ئیدی بێ دەنگی. کاتژمێرە ئاڵتوونە کۆنەکەی باوکم

٥- arian گۆرانییەک کە یەک گۆرانیبێژ دەیچڕێت. و.ک

بەشووشە شکاوەکەیەوە لە شوێنەکەی خۆیدا لەسەر مێزی نووسینەکە دەچرکێنێ، سەعات حەوت دەقیقەی دەوێ بۆ دوانزە پیشان دەدات.

نا، لەبارەی هاوڕێکانمەوە نانووسم، ئەوە شتێکە مەحاڵ، لەبارەی (ئینگرید)ی هاوسەریشمەوە نانووسم. چەند ساڵێک لەمەوبەر سیناریۆی فیلمێکی کەمتر سەرکەوتووم نووسی بەناوونیشانی (ئەڤین بەبێ ئەڤینداران)[٦]. ئەو کارە وەک پانۆرامایەک لەبارەی ژیانەوە لە ئەڵمانیای خۆرئاوا شێوەی گرتبوو، پێموایە کارەکە بەتووڕەیی بێ ئەندازە و بێ دەسەڵاتانەی زیندانیی ڕەنگیی بوو، تەواوێک بەدڵنیاییەوە شتێکی دادوەرانە نەبوو.

لەم دێوەی کە بەشێوەیەکی سروشتی مرد، پارچەیەک گۆشتم لێکردەوە کە بووە فیلمێکی تەلەفیزیۆنی بەناوی (لە ژیانی قەرەقۆزەوە[٧]. گەرچی ئەم فیلمەش ئەو سەرکەوتووە نەبوو بەڵام یەکێکە لەفیلمە باشەکانم، ڕایەک کە کەم کەس لەگەڵمدا کۆکن.

لەم سیناریۆ تێکوپێکشکاوەدا (لەگەڵ نزیکەی زەمەنێکی شەش سەعاتیی نواندندا)، وەک هاوسەنگی دروستکردنێک بۆ ئەو شپرزەییە بەرگەنەگیراوەی لە ستروکتورە بنچینەییەکەدایە، (پارافراس)[٨]ێک بۆ چیرۆکەکەی (ئۆڤیدیۆس)[٩] هەیە لەبارەی (فیلێمون و باوکیس)[١٠]ەوە. من چیرۆکەکەم وەک میحرابێکی زیان بەرنەکەوتوو لە قووڵایی کلێسایەکی وێراندا دانا.

خودا بەخۆگۆڕیوی بەئەرزدا دەگەڕێ تا بزانێ مەخلوقەکانی چۆناوچۆی دەژین. ئێوارەیەکی ساردی بەهار لای کەناری زەریاوە، دەگاتە کێڵگەیەکی وێرانی نزیک کۆمەڵە خانوویەک کە تەنها جوتیارێکی پیر و ژنەکەی لێدەژین. بۆ شێو و نووستن بانگێشتی دەکەن. بۆ بەیانی خودا دوای ئەوەی ڕوخسەت بەو پیرەمێرد و پیرێژنە دەدات خواستێک دەربڕن درێژە بەسەفەرەکەی دەدا. خواستەکەشیان ئەمەیە: ناخوازن مردن لێکیان جوێ بکاتەوە. خودا خواستەکەیان وەدی دێنێ و دەیانکاتە درەختێکی گەورە.[١١]

---

6- Kärlik utan älskare

7- Ur marionetternas liv

٨- parafras سەرلەنوێ نووسینەوە یاخود شیعراندنەوەی تێکستێک بەمەرجێک پارێزگاری بەناوەڕۆکی بابەتە ئۆرگینالەکەوە بکرێت. و.ک

9- Ovidius

10- Filemon och Baukis

١١- va˚rdträd درەختێک لە کێڵگە یاخود گونددا کە خەڵکی بەسیمبوڵی بەختەوەری و خۆشنوودیی دەزانن. و.ک



من و هاوسەرەکەم نێزیک لە یەکتری دەژین[*]. یەکێکمان بیردەکاتەوە و ئەویتریشمان وەڵام دەداتەوە، یاخۆ بەپێچەوانەوە. من چ دەربڕینێک شک نابەم تا وەسفی ئەو پێکەوەییەمانی پێبکەم.

کێشەیەک هەیە گرێکوێرەیە، ڕۆژێک لە ڕۆژان تەورەکە دادەکەوێ و جیامان دەکاتەوە. چ خودایەکی میهرەبان نابێ و بمانکاتە درەختی بەختەوەری. ئەز بەهرەی ئەوەم هەیە هەڵوێستەکانی ئەودوای ژیانمان بهێنمە پێش چاوی خۆم: وتووێری خۆم دەخەمە کار، فانتاسیای خۆم، هەستگەلی گونجاو هوروژم دێنن، دەڕەنگێنن و قووڵ دەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا من لەو کەرەستەیەم کەمە کە بەهۆیەوە ساتەوەختی جیابوونەوەمان بهێنمە بەرچاو. لەبەرئەوەی ناتوانم یاخۆ ناخوازم ژیانێکی دی بهێنمە بەرچاو، جۆرێک ژیانی دی لەوبەری هێڵی سنوورەوە، گۆشەنیگایەکی ترسێنەرە. لە کەسێکەوە دەبمە هیچ کەسێک، ئەم هیچ کەسە تەنانەت یەک یادەوەریشی لەبارەی ژیانی پێکەوەییەوە نییە.

***

---

(*) بێریمان باس لە زەمەنێک دەکات کە هێشتا (ئینگرید)ی هاوسەری نەمردووە. و.ک

کاتێ باوکم لە ناوەڕاستی مانگی یولیدا بۆ بەسەربردنی پشووی هاوینە بۆ ڤۆرومس هات، شەکەت و شپرزە بوو. تەنیای تەنیا بەڕێگای درێژی دارستانەکاندا پیاسەی دەکرد و لە خانووی هاوینەی شوانان و ئەمبارەکانی دانەوێڵەدا دەنووست.

یەکشەممەیەکیان دەبوو لە کڵێسای (ئامسبێری)[1] وەعز بدات. بەیانییەکی قورس و هەورە بروسکاوی بوو، خۆر و مێشەکەرانەکان بونیادەمیان دەگەست، هەورێکی ڕەشی شینباو لە خوارەوە بەسەر گردۆڵکەکانەوە بوو.

لە ماوەیەکی زۆر لەوەوبەرەوە بڕیار درابوو منی لە تەکدا بم. لە پێشی پاسکیلەکەیدا داینام، لە دواشەوە پڕیاسکەی خواردن و جانتایەک کە جبەی قەشەیییەکەی تێدابوو، دانا. من پێم پەتی بوو، پانتۆڵێکی کورتی شینی خەتخەت و بلوسێکی ئێخە هەڵاوگێڕاوم لە هەمان قوماش لەبەردا بوو، باندجێکم بەمەچەکمەوە بەستبوو، ئاخر بەهۆی خوراندنی شوێنپێوەدانی مێشوولەیەک، مەچەکم هەوی کردبوو. بابم پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردا، قایشی تایبەتیی پاسکیل، جزمەی ڕەشی قەیتاندار، کراسی سپی، کڵاوی سپی و چاکەتێکی هاوینەی تەنک. من هەموو ئەوانە دەزانم، لەبەرئەوەی تازەکیی وێنەیەکی فۆتۆگرافیم بینیوە. لە دواوەی وێنەکەدا (گێرتیود)[2]، کە هاوڕێیەکی خێزانەکەمان بوو،

1- Amsberg
2- Gertud



دەبینرێت. وی بەڕوانینێکی عاشقانە لە بابم دەنۆڕێ و بەبوغزەوە زەردەخەنەی دێتێ. من بەگێرتیود خۆشحاڵ دەبووم، ئاخر کە دەهات شادی لەتەک خۆیدا دەهێنا، لەدڵەوە پێدەکەنی و خولقخۆشی بەبابم دەبەخشی و وایش ڕاهاتبوون پێکڤە گۆرانی بچڕن. نەنکیشم لە دواوە دەبینرێت، بەڕێوەیە بۆ ئاودەستخانە بچێت. براکەم دانیشتووە و ڕەنگە خۆی بەسەر ئەرکێکی قێزەونی ماتماتیکدا چەماندبێتەوە، خوشکەکەم هێشتا نوستووە، من تەمەنم حەوت ساڵانە و دەبمە هەشت. دایکم کامێراکەی بەدەستەوەیە، دایکم حەزی لە وێنەگرتن بوو.

بەسەرەوخوارکە لێژەکەی دارستانەکەدا تێپەڕین کە بەدار سنەوبەر و شارە مێروولە دەورەدرابوو، بۆنی کەتیرە و قەوزەی لێدەهات. پەلکی قەرقاتەکان هێشتا پڕ لە میوەی کاڵ بوون. بەلای جلکی شۆراوی بەتەنافدا هەڵخراوی باخەوانەکەدا، تێپەڕین. چەند هەفتەیەک لەوەوبەر، براکەم و هاوڕێکانی، لە (ڤێلای میسیۆن)[3] تووی فەرەنگییان دزی بوو، تووەکەیان فلیقاندبۆوە و شتی ناشیرینیان لەسەر سەرچەفەکانی خاتوو (تیۆرنکڤیست[4] پێکێشابوو. بەتوندی گومان لە هەر هەموومان دەکرا، بەڵام لەبەر کەمیی بەڵگە، قوڕوقەپ لە مەسەلەکە کرابوو. ئەوجا نۆرەی کوڕەکانی باخەوان، گەرچیش بێ تاوان بوون، بۆ لێکۆڵینەوە هات. من نەمدەزانی کە سەرەڕای هەموو شتێک، ئاخۆ پێویستە براکەم لە زمانەوە بدەم یان نا، لەبەرئەوەی بیانووم هەبوو بۆ تۆڵە لێکردنەوەی. ڕۆژێکیان براکەم کرمێکی قەڵەوی چەشەی لەبەر کەپوومدا شۆڕکردەوە و گوتی: گەر ئەم کرمە بخۆیت ئەوا پێنج فلست دەدەمێ. من کرمەکم خوارد. کاتێ هەموویم قووتدا، براکەم گوتی: گەر ئەوەندە دەبەنگ بیت کرم بخۆیت، ئەوا مەحاڵە پێنج فلسەکەت بدەمێ.

من بەگشتی خۆشباوەڕ بووم و بەهاسانی فریودەدرام. لەبەرئەوەی کێشەی هەناسەدانیشم هەبوو، نەمدەتوانی بەدەم هەناسەبدەم و بەکەپوو دەمدا، بۆیە ئەوە قڵافەتێکی دەبەنگانەی پێ بەخشیبووم.

براکەم گوتی: چەترەکەی نەنکم هەڵگرە، بیکەرەوە، من یارمەتیت دەدەم. ئێستا گەر لە بانیژەکەی سەرەوە خۆت هەڵدەیتە خوارەوە، ئەوا دەفڕیت. لە دووایین لەحزەدا بەرم لێ گیرا و منیش لە تووڕەییدا گریام، نەک لەبەرئەوەی فریودرابووم بەڵکوو لەبەرئەوەی کە نەلوا بەچەترەکەی نەنکم بفڕم.

٣- mission ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئاینی مەسیحی.
4- fru Törnqvist

(لالا)ی پیـر[٥] گـوتی: لەبەرئەوەی ئینگمـار لە یەکشـەممەدا لەدایک بووە، دەتوانێ پەرییـەکـان ببینێ. بەڵام ئینگمـار نابێ لەبیـری بچێت کـە دوو پەلک وەک خـاچ لەبەر سینگیدا ڕاگرێت. نازانم لالا چەندێک بڕوای بەو قسەیەی خۆی هەبوو. باوەڕم نەکرد و بەخشکەیی چوومـە دەرێ: چ پەرییـەکم نەبینی بەڵکوو پیـاوێکی گرگنی خـۆڵەمێشـییم بەڕوخسـارێکی پرشنگدار و لێوڕێژ لە تووڕەیی بینی. وی دەستی کـیژێکی گرتبوو کە لە کەڵە پەنجەی دەستم درێژتر نەبوو. ویستم کـیژەکە بگرم، بەڵام پیاوەی گرگن و کـیژەکەی دیارنەمان.

کاتێ لە (ڤیللاگـاتان) دەژیاین، زۆرجاران مـوزیکژەنانی گـەڕۆک دەهاتن و مـوزیکیـان دەژەند. ڕۆژێکیـان خێزانێکی تەواو هاتن. باوکم هاتە هۆڵی نانخواردن و گوتی: ئەلعان ئێمە ئینگمارمان بەقەرەجەکان فرۆشت و پارەیەکی باشمان لەبری وەرگرت. من ئیدی لە ترسدا کەوتمە هاوارهاوار. لەناکاوێکڕا هەمووان دایان لە قاقای پێکەنین، دایکم لەکۆشیدا دایانم، سەری گرتم و بەپارێزەوە کەوتە ڕاژەنینم. هەمـوان سەیریان لێ هات کە من هێند خۆش باوەڕم، دەیانگوت: ئەو زۆر خۆش باوەڕە و چ خولەقێکی نییە.

هەنووکە گەیشتینە گردەکەی لای پۆست، من دەبوو لە پاسکیلەکە دابەزم و بەپێ بڕۆم. لەبەرئەوەی پام پەتی بوو، بەو ڕێگایانەدا دەڕۆیشـتم کـە گـیـای نەرم و پێ پیـانراو داپۆشـیـبوون. سـڵاومـان لە بەڕێوەبەری پۆست کـرد کـە بەڕێوە بوو بۆ وێسـتگەی قـەتار بچێت، تا فریای قەتاری بەیانی، کە بەرەو (کریلبو)[٦] دەچوو، بکەوێت. پۆستەکەی لە عـارەبانـەیەکی گچکە بـارکردبوو. (لاسسێ) لەسەر پێپلیکانەکە دانیشـتبـوو، زۆر بەژن زراف و باسکی شـۆڕ. کـە بەلایدا ڕەت بووین، سـەری لەقـاند و بۆڕاندی. من ڕەقـوتەق سـڵاوم لێ کـرد. (لاسسێ) گـۆرانیـیـەکی حـەیابەرەی فـێـرکـردبووم کە لەبارەی ئەندامی زاووزێوە(*) بوو. لە ناوەڕۆک و ڕۆحی گۆرانییەکە حاڵی نەدەبووم، بەڵام مەزەندەم دەکرد ئەوە شیعرێکی تەرتیلەیی نەبێت.

کاتێ لە گردەکە تێپەڕین، هەمدیس سواری پاسکیلەکە بوومەوە. باوکم فەرمانی پێدام قاچم بڵاوبکەمەوە. ئاخر ساڵێک لەوەوبەر پێی ڕاستم لە تەلی تایەی پاسکیلەکەی خاڵە (ئێرنست) گیرا و چەند وردە ئێسکێکی شکاندم. گوژمان دایە خۆمان و ئیدی وا بەلای

5- Gamla Lalla
6- Krylbo

(*) گۆرانییەکە زۆر نەشیاوترە لەوەی کە پاچڤە بکرێت. و.ک



کێڵگەی گەورەی (بێرگلیوند)[٧]دا تێدەپەڕین کە ئێمەی منداڵان لەوێ شیرمان دەهێنا و سێومـان دەدزی. (دوللی)[٨] بەدەنگێکی گڕ وەڕی و بەقـایشـەکەیەوە ڕایکرد کە لای سیمێکی پۆڵایینەوە لەنێوان دوو دارسنەوبەردا بەستراوبۆوە. دوای کێڵگەکە، (خانوویەکی تارمایی)(**) و پاشان (ڤێللای میسیۆن) هەبوو، لەوێدا منداڵانی زۆری (فریکهۆڵم)[٩] دەژیان کە دایکان و باوکانیان لە پێناوی خودادا لە کێڵگەکانی ئەفریقیادا کاریان دەکرد. لە (ڤـێللای مـیـسـیـۆن)دا مـەسـیـحـیـیـەتێکی دڵشـادانە و پڕ لە ئەڤین، بەبێ یاسا و زۆرەملێیی باڵی کێشابوو. منداڵان هەمـوو ڕۆژەکان بەپێی پەتی دەڕۆیشتن و پێویستی نەدەکرد خۆیان بشۆن. ژەمەکانی خواردن، بەپێوە لەسەر لێواری مێزێک و هەر چ کاتێک بونیـادەم برسی با، دەخوران، جگە لەوەش (بێنگت فریکهـۆڵم)[١٠] شانۆیەکی سیحریی هەبوو کە بەگوێرەی ڕانومایییەکانی (ئالێرس فامیلی جۆرناڵ)[١١] ڕۆنرابوو. (ئاوازی دەستپێکردنی منداڵان)[١٢] هەرگیز لە (ڤێللای میسیۆن)دا نەدەچڕدرا.

من لە ئەفەریقا لەدایک بووم
باوکم لەوێ پادشا بوو
زەڕافە، تیمساح و مەیموونێک
کە گەنج بووم، یاری من بوون
چیۆهادیلیەلیو!
میسیۆنێرێک[١٣]ی قەڵەو بکەرە قاورمە

هەنووکە بەخێراییەکی باش بەسەراولێژاییە درێژەکەی لای (سولباکا)[١٤]دا دەڕۆین. ڕێگاکە نزیکی ڕووبارەکەیە، خۆر سوتێنەر، تایەی پاسکیلەکە جیرەجیر و تەقوهوڕی دێت، ئاوەکە پرشنگ دەداتەوە. لەودیو بەرزاییەکـانەوە، هەورە بروسکاوییەکە هەر لە جێگای

7- Berglund
8- Dolly
(**) ett Spökhus
9- Frykholm
10- Bengt Frykholm
11- Allers Familje-Journal
12- Barnens signaturmelodi

١٣- missionär موبەشیر، مژدەهێنی ئاینی مەسیحی

14- Solbacka

خۆیدا و لە تەشەنە سەندندایە. باوکم نەختێک گۆرانی بەدەم خۆیەوە دەڵێ. لە دوورەوە قەتاری بەیانی دەتوتێنێ. من بەپەرۆشەوە بیری قەتارەکەی خۆم دەکەم، دەکرا ئەلعان لە ماڵەوە، لە (ڤۆرومس) بام و سکەکەیم لەو ڕێگە باریکەدا بەستبا کە دەچۆوە سەر ژێرزەمینە گڵەکە. سەفەرکردن لەتەک بابمدا هەمیشە مامەڵەیەکی زەحمەت بوو، مرۆڤ نەیدەزانی چۆناوچۆنی کۆتایی دێت. گا خولْقی بابم بەدرێژایی ڕۆژەکە خۆش بوو، گا شەیتانەکان دەچوونە بن کلێشەی قەشە و ئیدی دەبووە کەسێکی کەم قسە، بیانووگر و چیکڵدان گچکە.

چەند عارەبانەیەک بەزیارەتکارانی کلێساوە لە وێستگەی بەلەمەکان چاوەڕێ بوون، پیرەمێردێکی زۆر بەتەمەن بەمانگایەکی پۆخڵەوە و چەند کوڕێک کە بەرەو (یوپتێرن)[١٥] دەچوون تا لەوێ مەلە بکەن و ماسی ڕاوکەن.

گوریسی پۆلایین بەدرێژایی کەناری ڕووبارەکە ڕاکێشرابوو. بەلەمەکە بەبازنەی ئاسنین و بۆربرینگی ژەنگاوی بەگوریسەکەوە بەسترابۆوە و کارەکانی بەڕێکردن هەمووی بەدەست دەکران. پیاوەکان توند کێبڵەکانیان بەئامێرێکی قورسی لە تەختەی قیراویی دروستکراو دەگرت. بەوجۆرە بەلەمە بن پانەکە لەو کەناڵە خوڕەدا، کە کۆتەرەداری سەرئاوکەوتوو بەدەنگێکی کپ خۆیان بەملاولای بەلەمەکەدا دەدا، بۆ پێشەوە و دواوە دەجووڵێنرا.

باوکم دەسبەجێ لەتەک ژنانی ناو عارەبانەیەکدا کەوتە دەمودۆ. من لە پێشەوە لەسەر عەردەکە دانیشتم و قاچم نایە ئاوەکەوە کە بەو چلەی هاوینە هێشتا کەللەتەزێن و بەڕەنگێکی قاوەیی هاژەی دەهات و بەتامەزرۆییەوە خۆی بەپێ و پلمدا دەکێشا.

هەر لە تافی منداڵیمەوە ئەم ڕووبارە لە خەونەکانمدا بوونی هەبووە. هەمیشە لێڵ و پێچخواردوو بووە وەک ڕووباری (گرۆدان)[١٦]، لای پردی قەتارەکە، کۆتەرە دارەکان بۆنی توێکڵی درەخت و کەتیرەیان لێدەهات و بەکاوەخۆ لەو خوڕییە بەهێزەدا پێچی دەکردەوە، لە قووڵاییەوە بەردگەلی تیژ، هەڕەشەکەرانە لەژێر ئاستی بەخوڕەی ئاوەکەوە دەردەپەڕین. کەناڵی ڕووبارەکە قووڵاییەکەی لەنێوان لێژایی زۆری کەنارەکەدا کەم دەبۆوە و لەوێدا درەختی توسکا و داربی ڕەگیان داکوتیبوو، ئاوەکە چەند ساتێک بەخۆرەکە دادەگیرسا، پاشان دەکوژایەوە و لەجاران ڕەشتر هەڵدەگەڕا. جووڵەی بەردەوام بەرەو پێچی ڕووبارەکە، خوڕەی کپ. هەندێ جار دەڕۆیشتین و لە کەناری ڕووبارەکەدا مەلەمان دەکرد،

15- Djuptjärn
16- Gra˚dan



ئەو ڕێگە باریکەمان دەگرتەبەر کە بەلای لێژاییەکەی نزیک (ڤۆرومس)دا دەهاتەخوار، بەلای چەوڕێژی ڕێگا ئاسنەکە و جاددەکەدا، بەلای مێرگی (بێری لیوند)دا تێدەپەڕین و بەلێژاییەکەدا بۆ کەنار، دادەبەزینە خوارەوە کە لە بەری ئێمەوە تا ڕادەیەک نزم بوو. لەوێدا کەڵەکێکی بەستراو هەبوو کە بونیادەم دەیتوانی خۆی هەڵبداتە سەری. جارێکیان کەوتمە ژێر کەڵەکەکە و ئیدی نەمتوانی بێمەوە دەرەوە. بەهیچ جۆرێک نەترسام، بەڵکوو چاوانم کردنەوە و گژوگیا شەکاوە ئاوییەکانم بینی، بڵقی ئاوی هەناسەی خۆم، تیشکی هەتاو کە لێلایی ئاوەکەی ڕووناک دەکردەوە، ئەو ماسییە گچکانەم بینین کە لەنێوان بەردەکاندا ڕۆچووبوونە بنی قوڕاوەوە. خۆم بێ جووڵە ڕاگرت و بەکاوەخۆ دیارنەمام. پاش ئەوە چ شتێکی دیکەم یاد نییە، ئەوە نەبێت خۆم لەسەر کەڵەکەکە بینییەوە و ئاو و بەڵخەمم دەهێنایەوە و هەمووان لە یەک کاتدا لەتەک یەکدیدا دەدوان.

هەنووکە لە گوێ بەلەمەکەدا دانیشتووم و پاژنەی سووتاوی پێم و دەوری قۆزەنگی پام فێنک دەکەمەوە کە مێشوولە پێوەی داون. لەناکاوێکڕا کەسێک شانم دەگرێ و فڕێم دەداتە دواوە. شەپازللەیەکی توند دەخۆم. باوکم بەتووڕەییەوە دەبێژێ: نازانیت شتێکی ئاوهام قەدەغە کردووە، تێناگەیت کە ڕەنگە بکەویتە خوارەوە. شەپازللەیەکی دیکەی وەشاند. نەگریام، لێرە لەبەرچاوی ئەو خەڵکە نەناسیاوانەدا نەگریام. نەگریام، بەڵام ڕقم لەم پیاوە شەڕانگێزە نەفرەتییە بۆوە کە هەمیشە دەستی دەوەشاند، دەبێ بیکوژم، لێی نابوورم، کە گەیشتینە ماڵەوە پلانێکی بەسۆ بۆ کوشتنی دادەڕێژم، ئەوسا دەپاڕێتەوە و داوای بەزەیی دەکات، دەبێت گوێم لێی بێ کە چۆن لە حەژمەت ترس دەقیژێنێت.

کۆتەرەکان قورس ڕێیان دەکرد و تەپەیان دەهات، ئاو خوڕەخوڕی بوو، من چوومە ئەولاوە بەڵام لەبەرچاواندا بووم. باوکم بۆ یارمەتیدان لە ڕاکێشانی بەلەمەکەدا بۆ پێشەوە، کەوتەخۆ، بەکێشمەکێش لەگەڵ کۆتەرە قورسەکەدا ئارەقەی دەردابوو، هەروەها تووڕەیش بوو، دەمتوانی ئەوە ببینم.

دابەزین، ئاو چینکۆ تەختەییە قەبەکانی دەشوشتەوە، عارەبانەکان لە وشکاییدا ئاژووران، پردەکە دەلەرییەوە و جۆلانەی دەکرد. باوکم خواحافیزی کرد، بۆ ئەو هەمیشە دامەزراندنی سەری قسە هاسان بوو، ئەو کوڕانەی خەریکی ڕاوەماسی بوون بەبوغزەوە زەردەخەنەیان هاتێ و قوولپەکانیان هەڵگرت. پیرەمێرد و مانگا پیسەکەشی خەرامان خەرامان لە گردەکەوە ئاودیو بوون.

باوکم بەدەنگێکی هاوڕێیانە گوتی: ئا وەرە ئێرە کەللەپووت. من لەجێی خۆم نەجولاّم، تەماشای دوورم کرد. کاتێ باوکم میهرەبان دەینواند، ئیدی ئیغوا دەبووم بگریم. لێم نێزیک بۆوە، دەستی بەپشتمدا کێشا و گوتی: خۆت باش دەزانی من ترسام، ئاخر دەخنکایت و کەسیش ئاگای لێ نەدەبوو. جارێکی دیکەیش دەستی بەپشتمدا کێشایەوە. ئەوسا پاسکیلەکەی هەڵگرت، لەسەر چینکۆ تەختەیییەکان داینا، کارمەندی بەلەمەکە خەریکی سەرخستنی خەڵکی دی بوو.

باوکم دەستە زلەکەی ڕایەڵ کرد و بەدوای دەستی مندا گەڕا. تووڕەیییەکەم لە یەک چرکەدا ڕەوییەوە. ئەو ترساوە، ئەمە وایە. گەر بونیادەم بترسێ ئەوا تووڕەیی دایدەگرێت، لەوە تێدەگەم. هەنووکە وی کەسێکی میهرەبانە، ئەو بەتوندی لێیدابووم و ئەلعانیش پەژێوان بۆوە.

گردەکە لە وێستگەی بەلەمەکانەوە لێژایی بوو. لە پاڵپێوەنانی پاسکیلەکەدا یارمەتی باوکم دا. لە ژوور لێژاییەکەوە، گەرما وەک دیوارێک بەرز ببۆوە و گێژەڵووکەی کەمخایەن و گەرم لمە جوانەکانی ڕادەماڵی. پانتۆڵە ڕەشەکەی باوکم و جزمەکانی تۆز و خۆڵاوی ببوون.

کە گەیشتین ڕێک زەنگی سەعات دە لێدرا. سێبەر باڵی بەسەر گۆڕستانەکەدا کێشابوو، هەندێک ژنی ڕەشپۆش گوڵی سەر گۆڕەکانیان ئاودەدا. بۆنی گیای تازە ڕوواو و قیر دەهات. لەژێر دەروازە بەردینەکەدا هەوایەکی فێنک دەهات. کارمەندی کلێسا کە زەنگەکانی لێدەدا، بۆ ژووری جلوبەرگ و شتە پیرۆزەکان دوای باوکم کەوت. لە دۆلابێکدا تەشتێکی دەست شتن و مەسینەیەک هەبوو. باوکم کراسەکەی داکەند و دەموچاوی شت، ئەوسا کراسێکی پاکی لەبەر کرد و ئێخەی قەشەیی و جبەکەشی گۆڕی. ئەوسا لەودیو مێزی نووسینەوە دانیشت و تەرتیلەکانی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسین. من دوای مجێور کەوتم تا لە هەڵبژاردنی ژمارەی ڕاستی وێرد و تەرتیلەکاندا یارمەتی بدەم. ئێمە کە خەریکی ئیشە گرنگەکەمان بووین، هیچ لەتەک یەکدیدا نەدەدواین: ئاخر ژمارەیەکی هەڵە، کارەساتی لێدەکەوتەوە.

دەمزانی هەنووکە دەبێ باوکم بەتەنێ جێبهێڵرێت. لەبەرئەوە من چووم بۆ قەبرستانەکە و کەوتمە خوێندنەوەی نووسینی سەر کێلەکان، بەتایبەتی هی بەشی منداڵان. گومبەزی ئاسمان بەسەر پەلکی چڕ و تاریکی دار بەنافەکاندا سپی دەچۆوە. گەرما بێ جووڵە بوو.



چەند مێشهەنگێک، مێشوولەیەک. مانگایەک کە دەیبۆڕاند. وەنەوز دەدەم. نەختێک دەنووم. دەنووم.

ئەو کاتەی خەریکی خۆئامادەکردن بۆ فیلمی (میوانەکانی دووایین شێو)[١٧] بووم، لە بەهارێکی زوودا بەئۆپلاند[١٨] دا گەڕام و سەردانی کلێساکانم کرد. بەزۆری کلیلەکەم لە زێوانی کلێسا قەرد دەکرد و چەند سەعاتێک لە ژووری کلێسا دادەنیشتم، تەماشای پیاسەی ڕووناکیم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ کۆتایی فیلمەکەم چۆن لێبکەم. ئاخر جگە لە کۆتایی فیلمەکە، هەموو شتێک نووسراو و پلان بۆ دارێژراو بوو.

ڕۆژێکی یەکشەمە، بەیانی زوو تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد و پرسیارم لێکرد کە ئاخۆ تاقەتی هەیە پێکەوە پیاسەیەک بکەین. دایکم بەهۆی سەکتەی یەکەمین جاری دڵەوە لە خەستەخانە خەوێنراو و باوکیشم خۆی گۆشەگیر کردبوو. دەست و پێی باوکم خەراپتر ببوون، بەگۆچان و جزمەی پزیشکیی[١٩]ەوە دەیتوانی ڕێ بکات. بەئیرادە و دیسپلینی خۆیی خۆی، بەکارەکەیدا لە کلێسای سلۆت[٢٠] ڕادەگەیشت. وی ئەوکات تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو.

ڕۆژێکی تەمومژاوی بەهارێکی زوو بوو، هەتاوێکی بەتین لە بەفری دەدا. ئێمە لە کاتێکی گونجاودا گەیشتینە کلێسا گچکەکەی باکووری ئۆپسالا. بەر لە ئێمە پێنج زیارەتکاری دی لە سەر سەکۆ باریکەکان دانیشتبوون و چاوەڕێیان دەکرد. کارمەندی کلێسا و پاسەوانی کلێسا لە حەوشە[٢١] چپەچپیان دەهات. لەسەر سەکۆی ئۆرگەکە، ژنە بەڕێوەبەری موزیک، بێهوودە خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ کردبوو. کاتێ نەوای ناقوسی ئامادەبوون لێدرا و لە دەشتەکەدا مەحف بوو، هێشتا قەشە وەدیار نەکەوتبوو. بێ دەنگییەکی درێژ ئەرز و ئاسمانی داگرت. باوکم نائارامانە دەجوولا و بۆڵە بۆڵی پێکەوتبوو. دوای چەند دەقیقەیەکی دی، دەنگی وڕەی ماتۆڕی ترومبێلێک لە سەرەوژوورکە خزەکەدا هاتەگوێ، دەرگایەک بەتوندی بەیەکدادرا و قەشە بەهەناسە بڕکێوە

17- Nattvardsgästerna
18- Uppland
19- ortopediska kängor
20- Slottsförsamlingen

٢١- vapenhuset، ژووری چەک یاخۆ خانەی چەک: دەروازە یان حەوشەیەک کە دەچێتەوە سەر بینای کلێسا. لە ڕابردوودا ئەو کەسەی بەچەکەوە بهاتبایە کلێسا، چەکەکەی لەوێ دادەنا. و.ک

خۆی بەژووردا کرد. کاتێ گەیشتە میحرابەکە، ئاوڕی دایەوە و بەچاوانێکی سوورەوە تەماشای ڕەعیەتەکەی خۆی کرد. ئەو کەسێکی باریک و پرچ درێژ، ڕیشە هاوگونجاوەکەی، چەناگە ئاوساوەکەی شاردبۆوە. باسکەکانی وەک یەکێک کە سواری گالیسکەی سەر بەفر بووبێت، ڕاوەشاند و کۆکی، قژی لەسەر تەوقە سەری لوول و نێوچەوانی سوور هەڵگەڕاو. قەشە گوتی: نەخۆشم. تاکەم سی و هەشتە، سەرما چۆتە بەدەنمەوە. لەنیگاکانماندا بەدوای هاوسۆزییدا دەگەڕا. پاشان گوتی: تەلەفۆنم بۆ ئەسقەف کرد و ڕوخسەتی پێدام کورتە نوێژێک بکەین. بەوجۆرە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ڕەبانیی لە میحراب و شێوی ڕەبانیی لادەبرێت. تەرتیلەیەک دەچڕین و منیش بەباشترین شێوەیەک کە بتوانم وەعزی خۆم دەدەم. پاشان تەرتیلەیەک دەچڕین و ئیتر ئەوەندە بەسە. ئەلعان دەسبەجێ بۆ ژووری شتومەکە پیرۆزەکان دەچم و جبەی قەشەیەتی دەپۆشم. چەمایەوە و بۆ چەند چرکەیەک هەروا دڕدۆنگ مایەوە، وەک بڵێی چاوەڕێی چەپڵە یاخۆ لانی کەم ئاماژەیەک بێ بۆ لێکحاڵی بوون. ئەوسا کە کەس خۆی نەکردە خاوەنی، لە دەرگایەکی قەبەوە ئاودیو بوو.

باوکم کەوتە ئەوەی لەسەر سەکۆکە هەستێت، تووڕەیی لەخۆوەی پێچابوو. گوتی: من دەبوو لەتەک ئەم مەخلوقەدا دوابام، ئا ڕێگام بکە تا بچمە پێش. لەسەر سەکۆکە هەستا و لەکاتێکدا توند خۆی بەگۆچانەکەیەوە گرتبوو، چووە ژووری کەلوپەلە پیرۆزەکانەوە. لەوێ وتووێژێکی کورت بەڵام تووڕەی بەدوادا هات.

دوای چەند دەقیقەیەک کارمەندی کڵێسا وەدیارکەوت. سەخاوەتمەندانە زەردەخەنەی هاتێ و ڕوونی کردەوە کە هەردوو ڕێوڕەسمی ئەنجامدانی ڕەبانیی لە میحراب و شێوی ڕەبانی ئەنجام دەدرێت. هاوکارێکی بەتەمەنتر بۆ یارمەتیدانی قەشە دەکەوێتە خۆ.

تەرتیلەی بەرایی لەلایەن ئۆرگژەنەکە و ئەو چەند زیارەتکارەی کڵێساوە بێژرا. لە کۆتایی بەیتی دووەمدا باوکم بەجبەیەکی قەشەیی سپی و گۆچانەوە هاتە ناوەوە. ئەوسا کە گۆرانییەکە تەواو بوو، ئاوڕی بۆ داینەوە و بەدەنگە هێورە ئازادەکەی بۆمان دوا و گوتی: پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە سێباوت[٢٢]ی خودا. هەموو ئەرز لێوانلێوە لە شکۆی وی.

من بەش بەحاڵی خۆم کۆتایی (میوانەکانی شێوی ڕەبانی) و بنەمای یاسایەکم

٢٢– Sebaot وشەیەکی عیبرییە واتە جەماوەر. Sebaiot Herren واتە جەماوەری خودا. جەماوەر مەبەست لەو فریشتانەیە کە دەوری خودایان داوە. سێباوت ئەو کەسەیە کە فەرمان دەدا و جەماوەریش ئەوانەن کە فەرمان جێبەجێ دەکەن. ١Mos32:1,2,2 kung 6:12 و.ک



دەستکەوت کە هەمیشە پەیڕەوم کردووە و دەبوو لە ئایندەیشدا پەیڕەوی بکەم: بەچاوپۆشین لە هەموو شتێک، تۆ دەبێ نوێژی خۆت بکەیت. ئەوە بۆ زیارەتکاران گرنگە، بۆ تۆ گرنگترە. خۆ گەر ئەمە بۆ خوداوەندیش گرنگبێ، ئەوا با ئەو گرنگێتییە وەدیارکەوێت، گەر جگە لە هیواکانی خۆت، چ خواوەندێک بوونی نەبێ، ئەوا ئەوە بۆ خوداش گرنگە.

لەسەر سەکۆیەکی ژێر سێبەردا خەوێکی خۆشم کرد، ئەلعان زەنگی ئامادەبوون لێدرا و من بێ خشپە بەپێی پەتی خۆم بەکڵێساکەدا کرد. ژنی قەشە دەستی گرتم و ڕایکێشام تا لە پێشی پێشەوە و لەژێر کورسی وەعزداندا لەلایەوە دانیشم. من حەزم دەکرد لەسەر سەکۆی ئۆرگەکە، نەختێک لەودیو کەوالیسەکانەوە دانیشم، بەڵام ئەو خانمە لە دوا قۆناغی دووگیانیدا بوو، هیچ بواری ئەوە نەبوو بەبەردەمیدا تێپەڕیت. دەسبەجێ تەنگاوبووم و پێموابوو ئەو عەزابی تەنگاوییەم درێژخایەن دەبێت. (ئاخر ڕێوڕەسمی کڵێسا و شانۆی خەراپ، درێژترین شتێکن کە لە دونیادا هەبن. گەر تۆ جارێک لە جاران هەستت کرد ژیان بەخێرایی تێدەپەڕێت، ئەوا بۆ کڵێسا یاخۆ بۆ شانۆ بڕۆ. لەو جێگایانەدا زەمەن ڕادەوەستێت، پێتوادەبێ هەڵەیەک لە کاتژمێرەکەتدا هەیە، وەک ئەوەی ستریندبێری لە (زریان)[٢٣]دا دەبێژێت: ژیان کورتە بەڵام لەو کاتەیدا کە دەگوزەرێت، درێژ خۆ دەنوێنێت.

منیش وەکی هەموو زیارەتکارانی تری کڵێسا و لە هەموو زەمەنەکاندا لە تابلۆکانی میحراب، ئەمباری میحراب، پەیکەری مەسیحی لەخاچدراو، پەنجەرە وێنە لەسەرکێشراوەکان و وێنەی سەر دیوارەکاندا ڕۆچووم. لەوێدا مەسیح و چەتەکان شەڵاڵ لە خوێن بوون و عەزابیان دەچەشت، (مارییا) خۆی بەسەر (یۆهانێس)دا دانەواندبۆوە، کوڕەکەت ببینە، دایکت ببینە، ماریای مەگدەلانە، گوناهبار، دوایین کەس کێیە کە لەگەڵیدا جووت بووە؟ سوارە لەتەک مردندا شەترەنج دەکات. مردن درەختی ژیان دەبڕێتەوە، داماوێکی لێوڕێژ لە ترس لەسەر چڵەپۆپە دانیشتووە و دەستی بەیەکدا دەماڵێت. مردن ڕووەو سەرزەمینی تاریک سەرۆکایەتی سەما دەکات، داسەکەی وەک ئاڵا بەدەستەوە گرتووە، ڕەعیەتی کڵێسا بەڕیزێکی درێژ سەما دەکەن و لێبووکەکە دوایین کەسە. شەیتانەکان کولاتووەکەیان ڕاگرتووە، گوناهباران بەسەردا دەکەونە ناو ئاگرەکەوە، (ئادەم و ئێڤا) پەییان بەڕووتی خۆیان بردووە. چاوی خودا لەودیو درەختی حەرامەوە خێل بووە. هەندێک لە کڵێساکان وەک ئەکڤاریۆمن، چ پەڵەیەکی بەتاڵ بوونی نییە، لە

23- Oväder

هەمـوو شوێنێـک خەڵـک دەژین و بەخێـرایی گـەشە دەکـەن، قەدیسـەکـان، پێغـەمبـەران، فریشـتـەکان، ڕۆحە شەڕانگێزەکان و شەیتـانـەکان. لێرەو لەوێ لەسەر شوورا و تاقـەکان وەک دووکـەڵ بەرز دەبنەوە. واقـیع و ئەندێشـە لە بۆتەی پێکهـاتەیەکی کـانزایی پتـەودا تواونەتەوە: گـوناهبـار، کاری خـۆت ببینە، بنۆڕە چ شـتـێک لەو گۆشـەیەدا چاوەڕێتـە، لە سێبەرەکەی پشت سەرت بنۆڕە!

من چەند سالـێک لە قوتابخانەی شانۆ لە مالمیۆ مامۆستا بووم، دەبوو نمایشـێک ئامادە بکەین، بەڵام نەماندەزانی کام نمایش. ئەوسا بیـرم لە دیوارەکانی تافی منداڵـیم بەهەمـوو ئەو وێنانەوە کە لەسـەریان کـێشـرابوون، کـردەوە. لە هەندێک پاش نیـوەڕواندا، کـورتە پیەسێکم نووسی و ناوم نا (وێنەی سەر تەختە)[٢٤] و تیایدا بۆ هەر قوتـابییەک ڕۆڵـێکم دانا. هەڵبـەت بەداخـەوە، بەقـڵافـەتتـرین گـەنجی قـوتابخـانەکە بێ بەهرەترینیـان بوو، دەیویست بچێتە ئۆپێرا. ئەو ڕۆڵـی (سوارە)ی دەبینی، کافران زمانی ئەویان بڕیبوو، ئەو لاڵ بوو.

(وێنەی سـەر تەخـتـە) وردە وردە بووە فـیلمی (مـۆری حـەوتەم)[٢٥]، فـیلمـێکی ئاست جـیـاواز و لە دڵـمـەوە نێـزیـک، لەبەرئەوەی لە هەلومـەرجـێکی بەرایی و خـۆڕسکانە و بەگـوڕێکی بەهێزەوە لە چالاکی و خولیا، ئەنجامدرا. لە شەوی دارستـانی سیـحربـازدا، کە لەوێدا وی لەسـێـدارە دەدرێت، بونیـادەم دەتوانێ لەمـیـانەی درەخـتـەکـانەوە، پەنجـەرە بەرزەکـانی مـاڵەکـانی (ڕۆسوندا)[٢٦] ببینێت. ڕیزی (فـلاگـێلانت)[٢٧]ەکان بەشوێنێکی وێرانەی چۆڵدا دێنەپێش، شـوێنێک کـە سـتـۆدیۆ نوێـیـەکـەی لەسـەر ڕۆدەنرێت. وێنەکـانی سەمای مردن لەژێر هەورێکی تاریکدا بەخێراییـیەکی سەرسوڕهێن بەئەنجام گەیشت دوای ئەوەی کە زۆربەی ئەکتەرەکان کاری ڕۆژانەیان تەواو ببوو. یارمەتیدەران، کارەباییـیەکان، ماکێرێک و دوو میـوانی هاوینە کە هەرگیز نەیاندەزانی مەسەلە چییە، جلکی خەڵکانی بەمەرگ فەرمان بەسەردا دراویان لەبەر کرد. کامێرایەکی بێ دەنگ دامەزرێنرا و بەرلەوەی هەورەکە بڕەوێتەوە، دەست بەوێنەگرتن کرا.

---

24- Trämaˆlning
25- Det sjunde inseglet
26- Raˆsunda
٢٧- flagellant کـەسـێک کـە بڕوای وایە بەقـامـچی لە خـۆدان باری گـوناهەکـانی سـەرشـانی هەڵدەگیرێت. و.ک



من کاتێ باوکم خەریکی وەعزدان بووە هەرگیز نەموێراوە بنووم. ئەو هەمیشە دەینۆڕی. هاوڕێیەکی خێزانەکەمان لەکڵێسای سۆپیاهێم لەمیانەی ڕێوڕەسمی قوداسی باڵای بەیانی ڕۆژی لەدایکبـــووندا، وەنەوزی دابوو. بـاوکم وەعـــزەکـــەی بڕیو و تەواوێک بەئارامی گوتبووی: (ئێینار) وەئاگابەوە، ئەلعـان نۆرەی باسکردنی تۆیش دێت. پاشان سەبارەت بەوەی کـە دوایەمین، دەبێـتـە یەکەمین، قسـانـی کـرد. مامـە (ئێینار) لە وەزارەتی دەرەوە جێگری ئارشیڤکار بوو، خەونی بەوەوە دەبینی بۆ خۆی ببێتە بەرپرسیاری ئارشیڤ. وی ڕەبەن و ڤیۆلینی دەژەند.

دوای ڕێوڕەسمی قـوداسی باڵا، قاوە لای قەشە دەخورایەوە. لەوێ کوڕێکی قەڵەوی قژ زەردی هاوتەمەنی خۆم هەبوو. شەربەت و کولیچەیان بۆ دانایین. (ئۆسکار)[٢٨] کەسێکی قـێـزەون بوو، پێـسـتـی سـەری دووچاری ئێکسـێم ببـوو، کـڵاوێکی پیـسی لە لەفـافی پەڵـەپەڵەی پەمـەیی، بەسـەرەوە و بێ وچان خـۆی دەخـوراند و بۆنی دەرمـانی مـۆرانەی لێدەهات. ئێمەیان بۆ ژووری منداڵان هەنارد کە (ئۆسکار) کردبوویە کڵـێسا بەمیحراب، مۆم، خاچ و پەڕەی ئاوریشمینی ڕەنگاوڕەنگ بەپەنجەرەکانییەوە. لە قوژبنێکدا ئۆرگێک هەبوو. تابلۆگەل بەموتیـڤی ئینجیلییـەوە بەدیوارەکـانەوە هەڵواسرابوون. بۆنی دەرمـانی مۆرانە و مێشی مردوو، قـورس بوو. (ئۆسکار) پرسیاری لێ کردم: ئاخۆ دەخوازم گوێ لە وەعزێک بگرم یاخۆ گەمەی مەیت ناشتن بکەین. لە دۆڵابەکەدا تابووتێکی گچکەی منداڵ هەیە. من پێمگوت: بڕوام بەخودا نییە. ئۆسکار سەری خوراند و دڵـنیای کـردمەوە کـە بوونی خـودا بەشـێـوەیەکی زانسـتی سەلمێنراوە، گـەورەترین زانای جیـهـان کـە خـەڵکی ڕووسـیــایە و نـاوی ئێـــینشـــتـــێین[٢٩]ە، ڕوخســاری خــودای لە قــووڵایی فــۆرمــوڵە ماتماتیکییەکانیدا بینیوە. من وەڵامیم دایەوە فێـڵێکی لەو جۆرەم بەسەردا تێپەڕ نابێت. ئێمە تا ڕادەیەک خێرا کردمانە هەرا. ئۆسکار کە لە من بەهێزتر بوو، قۆڵی بادام و داوای کرد تا نەڵێم بڕوام بەبوونی خودا هەیە بەرمنادات. ئێشم زۆر دەهات و ترسام، بەڵام خۆم گـرت بەوەی هاوار بۆ یارمـەتی نەکـەم. بیـرم کـردەوە ڕەنگە ئۆسکار شـێت بێت. شـێت و دەبەنگان دەبێ ویسـتی خۆیان بەدی بهـێنن ئەگـینا بونیـادەم نازانێ چ ڕوو دەدات. ناچار خێرا بڕوام بەبوونی خودا هێنا.

دوای ئەوەی بڕوام هێنا، هەر یەکـەمـان بەمـۆنیی لە قـوژبنێکدا دانیـشـتین. وردە وردە

---

28- Oscar
29- Einstein

ساتی خواحافیزی و جیابوونەوە هات. باوکم جبە و یەخەی قەشەیەتییەکەی پێچابۆوە، کڵاوەکەی تا سەر پشت ملی هێنایە خوارەوە و لێگەڕا هەڵگژێمە سەر سنوقەکەی پێشەوە. قەشە و ژنەکەی دەیانویست تا زریانەکە هێور دەبێتەوە نەڕۆین: ئاخر خۆر بەلێواری هەورێکی چڕەوەیەوە و بەتین و تاو دەدرەوشێتەوە. گەرما بەهۆی بارانێکی چاوەڕوانکراوەوە شێدار و هەناسە لێبڕە. باوکم سوپاسی کردن و زەردەخەنەی هاتێ، هەڵبەت بەسلامەتی دەگەین. هەرچۆنێکیش بێ کەمێک تەپونم خۆشە. ژنی قەشە بەسینگە زلەکەی خۆیەوە گوشیمی، زگی لەوەدابوو بترەکێ و خۆیشی بۆنی ئارەقەی لێدەهات، خەریک بوو لەسەر سنووقەکە بەربیمەوە. قەشە تۆقەی لەگەڵ کردین، لێوی ئەستوور و کاتێ دەدوا تف لە دەمی دەردەپەڕی. ئۆسکار لەو ناوەدا نەبوو.

دواجار کەوتینە ڕێ. هیچمان نەگوت، بەڵام هەستم کرد باوکم دڵی خۆشە. لەبەرخۆیەوە تەرتیلەی هاوینانی دەچڕی و پایدەری لێدەدا. بەخێرایی ڕێگاکەمان دەبڕی.

کاتێ لە ڕێگا لاوەکییەکەی (یوپچێرن)، تێپەڕین، باوکم پێشنیاری کرد مەلەیەکی خێرا بکەین. پێموابوو ئەوە پێشنیارێکی باشە، لە باریکە ڕێیەکدا لاماندا و بەنێو لەوەڕگایەکدا شۆڕبووینەوە کە بۆنێکی چڕوترشی ڕووەکی ئورم بونکێ[30] و قامیشی کۆن، ئەو ناوەی تەنی بوو.

زەریاچەکە قووڵ و بێ بن دەینواند. باریکە ڕێگاکە بەهێلێکی باریکی لمین کە بەئاوەکەوە لکاو و بەلێژاییەکی زۆر ڕووەو تاریکی ببۆوە، کۆتایی دەهات. جلکەکانمان داکەند، باوکم بەپشتا خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە و حیلاندی، من بەپارێز بووم و چەند جووڵەیەکم لە ئاوەکەدا کرد و پاشان لێگەڕام بۆ ژێر ئاستی ئاوەکە ڕۆچم، لەوێ نە بن هەبوو، نە ڕووەکی ئاویی و نە هیچ شتێک.

لە کەنار دانیشتین و لەو گەرما تەنگەنەفەسکەرەدا خۆمان وشک کردەوە، مێرووی باڵدار بەدەورماندا گیزەگیزیان دەهات. باوکم شانی ڕێک، قەفەسەی سینگی بەرز، قاچی درێژ و بەهێز و زەکەرێکی زلی تا ڕادەیەک بێ تووک. قۆڵەکانی ماسوولکاویی و پێستە سپییەکەشی پەڵەپەڵاوی. من لەنێوان ئەژنۆکانی باوکمدا وەکی مەسیح کە لە نێوان ئەژنۆکانی خودادا لە باوڵی میحرابی دێریندا لە خاچەکە دەنەوێ، دانیشتم. باوکم گوڵێکی وەنەوشەیی تۆخی لە ڕۆخی ئاوەکە دۆزیبۆوە و سەری سووڕمابوو کە ئاخۆ دەبێ

30- Ormbunke



ناوی ئەو گوڵە چ بێت، گوڵەکەی لێکردەوە و مەزەندەی ناوەکەی کرد. ئاخر ئەو تا ڕادەیەک هەموو شتێکی لەبارەی گوڵ و پەلەوەرانەوە دەزانی.

گەرچی بەخواردنە دەوڵەمەندانەکەی ماڵی قەشە تێر ببووین، کەچی بابۆڵەکانی خۆیشمان خوارد و یەک لیمۆنادیشمان پێکەوە خواردەوە.

ڕۆژ تاریکی دەکرد، چەند مێشهەنگێک هوروژمی خێرایان بۆ بابۆڵەکان برد، لەناکاوێکڕا بازنەگەلی بێ شومار لەسەر ڕووی ئاوە ڕۆشنەکە وەدیارکەوتن، تا ڕادەیەک بەخێرایی دیارنەمان.

بڕیارماندا بکەوینەوە ڕێ.

کە باوکم بێوە کەوت و بەتەنێ مایەوە، من زۆر جاران سەردانیم دەکرد و هاوڕێیانە لەگەڵ یەکدیدا دەدواین. ڕۆژێکیان لە ژوورەوە لەگەڵ کارەکەرەکەیدا لەبارەی کێشەیەکی کردەییەوە دەدواین. لە ڕاڕەوەکە گوێمان لە تەپەی هەنگاونانە بەکاوەخۆکەی و ڕاکێشانی قاچی بوو بەدوای خۆیدا، لە دەرگا درا و هاتە ژوورەوە و لەو ڕووناکییە بەتینەدا وردبۆوە، دیاربوو کە نووستبوو. هەنووکە بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کردین و گوتی: هێشتا (کارین) نەگەڕاوەتەوە. لە هەمان کاتدا پەی بەو بەدحاڵی بوونە بەسۆیەی خۆی برد. بەشەرمەوە زەردەخەنەی هاتێ. چوار ساڵ بوو دایکم مردبوو، کەچی باوکم هەر پرسیاری ئەوی دەکرد و بەدوایدا دەگەڕا و بەوەش خۆی دەبەنگ کردبوو. بەرلەوەی کەسمان فریا بکەوێت هیچ شتێک بڵێ ، گۆچانەکەی بەئاماژەی ڕوخسەت پێنەدان بۆ قسەکردن بەرزکردەوە و ئەوسا بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە.

یادەوەرییەک لە کتێبی کارنامەکەم، ٢٢ی ئاپریلی ساڵی ١٩٧٠: باوکم گیان دەدا. ڕۆژی یەکشەممە لە نەخۆشخانەی (سۆپیاهێم) سەردانیم کرد. ئەو نووستبوو و دەیپرخاند. (ئێدیت) کە شەو و ڕۆژ لای وی بوو، وەئاگای هێنایەوە و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. ڕوخساری هی کەسێک بوو لە سەرەمەرگدا بێت، بەڵام چاوانی ڕۆشن بوون و بەتەرزێکی سەرسوڕهێن، پڕ لە دەربڕین بوون. شتێکی بەچرپە گوت بەڵام مەحاڵ بوو لەو شتە تێگەیشتبام کە گوتی. پێدەچوو کەمێک شپرزە بێت. شتێکی دڵڕفێن بوو تەماشاکردنی دەربڕینەکان کاتێ لە چاوانیدا ئاڵوگۆڕ دەبوون: بەربەرەکانیی، پرسیار، نائارامی، ترس، گەڕان بەدوای پێوەندیدا. ئەوسا کە گەرەکم بوو بڕۆم، کوتوپڕ دەستی گرتم و بەدەنگێکی نائاشکرا شتێکی گوت. شتێکی دەخوێندەوە. یەکسەر حاڵی بووم دۆعای بەرەکەت

دەخوێنێت. باوکێک لە سەرەمەرگدا داوای بەرەکەتی لە خودا بۆ کوڕەکەی دەکرد. هەموو ئەو شتانە خێرا و ناچاوەڕوانکراو ڕوویان دا.

**٢٥ی ئاپریلی ١٩٧٠**: باوکم هێشتا لە ژیاندا ماوە. دەمەوێ بڵێم لە بێ هۆشییەکی قووڵدایە، ئەوەی لە جەستەیدا کاردەکات دڵێکی بەهێزە. (ئێدیت) پێیوایە لەمیانەی دەستگرتنی باوکمەوە دەتوانێ لەهەست و داواکانی بگات. وی قسانی لەگەڵ دەکات و باوکیشم بەدەست وەڵامی دەداتەوە، ئەوە شتێکی نهێنیئامێز بەڵام خەم ورووژێنە. ئاخر ئەوان هاوڕێیانی تافی منداڵی و هاوتەمەنی یەکدین.

**٢٩ی ئاپریلی ١٩٧٠**، باوکم مرد. لە ڕۆژی یەکشەممەدا مرد، سەعات چوار و بیست دەقیقەی پاش نیوەڕۆ. مردنەکەی بەسۆ نەبوو. قورسە بتوانم ئەو هەستە بەیان کەم کە لەکاتی بینینی ڕوخساریدا دایگرتم. لەڕاستییدا تەواوێک نەدەناسرایەوە. زیاتر لە هەر شتێک، ڕوخساری، وێنەی مردووانی ئۆردوگای بەکۆمەڵی دیلەکانی وەیاد دەهێنامەوە. ئەوە ڕوخساری مردن بوو. من لە مەودایەکی نائومێدانە بەڵام بەسۆزەوە بیری لێدەکەمەوە. ئەمڕۆ سەرەڕای ئەو ڕووناکییە میهرەبانەی سەر ڕووی زەریا، کەچی بێریمان وەزعی خەراپە. دواجار پەرۆشم بۆ کەسێک دەستم تێوەبدات، لێم خۆش بێت. ئەمڕۆ ڕۆژێکی خەراپە بۆ من. نەک لەبەرئەوەی خۆم وەزعم خەراپە – بەپێچەوانەوە – بەڵکوو ڕۆحم...

ئەوسا کە لەدارستانی داربێتولاکان بۆ دەشتەکان بەکێڵگە پانوپۆڕەکانیانەوە هاتینە دەرەوە، تیشکی هەورە برووسکەمان بەسەر گردە دوورەکانەوە بینی. دڵۆپە بارانی قورس بەسەر تەپوتۆزی ڕێگاکەدا دەکەوتن و هێڵ و شێوەگەلیان دەخولقاند. من گوتم: ئاوها دەبێ من و باوکم بەدەوری ئەرزدا بگەڕێین. باوکم پێکەنی و کڵاوەکەی بۆ ڕایەڵ کردم تا بۆی هەڵگرم. هەردووکمان خولقمان خۆش بوو. لە بەرزاییەکی نێزیک گوندێکی چۆڵدا زریانی تەزرە هەڵی کرد، لە دەقیقەیەکدا هەڵی کرد، برووسکە لەمیانەی ئەو ڕەشاییەدا هوروژمی هێنا، هەور بێ وچان دەیگرماند. بارانە قورسەکە بووە پارچەی ئەستووری سەهۆڵ. من و باوکم بەڕاکردن خۆمان گەیاندە نێزیکترین کێڵگەیەکی چۆڵ. ئەوێ واگۆنێک و چەند عارەبانەیەکی جێهێڵراوی لێبوو. میچەکە داڕووخابوو، بەڵام ئێمە لەژێر شتێکدا کە جاران کادان بووە، پەنامان گرت.

لەسەر کۆڵەگەیەکی ئەستوور دانیشتین و لەمیانەی دەریچە کراوەکەوە لە دەرەوەمان دەنۆڕی. لە هەورازەکەدا داربێتولایەکی درێژ هەبوو کە دووجار هەورە برووسکە لێی دا، دووکەڵێکی چڕ لە قەدەکەیەوە بەرزبۆوە، پەلک و گەڵاکانی هێند توند لوولیان خوارد کە دەتگوت لە عەزابدان. گرمەکە ئەرزەکەی لەرزاند. من زیاتر خۆم بەئەژنۆی باوکمەوە گوشاردا. پانتۆڵەکەی باوکم بۆنی تەڕیی لێدەهات، ڕوخساری شەلاڵ بوو لە ئارەقە و بەسەرقۆڵەکەی وشکی کردەوە. منیش بەسەرقۆڵەکەم دەموچاوم وشک کردەوە. باوکم لێی پرسیم: دەترسیت؟ گوتم ناترسم. بەڵام لە فیکرەوە چووم، ڕەنگە ئەمە ڕۆژی لێپرسینەوەی گەورە بێت کە فریشتەکان فوو بەشەیپوورەکانیاندا دەکەن و ئەو ئەستێرەیەشی ناوی (مارلۆرت)[31]ە دەکەوێتە زەریاوە. گەرچی باوەڕم بەخودا نەبوو، کەچی پێمـوانەبوو سزابدرێم، لەبەرئەوەی باوکم بەمسۆگەری کەوتۆتە لای دەستە ڕاستەوە، لێدەگەڕێ هەر بەخۆحەشاردراوی بمێنمەوە.

وژەی با کوتوپڕ توند و سارد بوو، دونیا ساردی کرد و ددانە چۆقەم پێکەوت. باوکم چاکەتەکەی داکەند و تێوەی پێچام، گەرچی چاکەتەکەی تەڕ بوو بەڵام گەرمای لەشی باوکمی هەڵمـژتبوو. هەندێ جار دیمەنی دەرەوە لەودیو پەردەیەک لە بارانەوە بزر دەبوو. تاوە تەرزەکە خۆشی کردبۆوە، بەڵام هێشتا پارچە سەهۆڵ لەسەر ئەرزەکە مابوون. لە دەرەوەی کادانەکە زەریاچەیەکی دروست کردبوو، وردە وردە بۆ ژێر ئەو پایە بەردانە دەهات کە کوختەکەی لەسەر ڕاگیرابوو. ڕووناکی لێڵ و وەک تاریکداهاتنێکی بێ خۆرئاوابوون، ناجێگیر بوو. هەورەگرمە پاشەکشەی کرد و تۆنێکی کپتری بەخۆوە گرت، بەهەمان بەردەوامیی پێشووی بەڵام ترسناکتر. باران لە زریانەوە بووە خوڕە خوڕێکی بەلێشاو.

کەوتینەوە ڕێ. هێشتا لە ماڵەوە زۆر دووربووین، ژەمی شێو بەسەر چووبوو. ڕێگاکە لێرەو لەوێ ببووە جۆگەلەی بەخوڕ و پاسکیل ئاژووتن بەناویدا زەحمەت بوو. لەناکاوێکڕا پاسکیلەکە خلیسکا، من قاچم کێشایەوە و بۆ ناو پێدەشتێک خلۆر بوومەوە. باوکم لەسەر ڕێگاکە کەوت. ئەوسا کە هەستام، باوکمم بینی بێ جووڵە کەوتبوو، قاچێکی لەژێر پاسکیلەکەدا و سەریشی بەپێشەوەدا لاربۆوە: هەنووکە ئیدی باوکم مرد.

ساتێک دواتر سەری وەرگێڕا و پرسیاری کرد ئاخۆ سەلامەتم، ئەوسا دای لە قاقای پێکەنینە میهرەبانانەکەی. هەستا و پاسکیلەکەی هەڵگرتەوە. برینێکی گچکە کەوتبووە ڕوخساری و خوێنی لێدەهات، هەردووکمان پیس ببووین، تەڕ و قوڕاویی. هێشتا هەر باران دەباری. لەنێزیک یەکدییەوە دەڕۆیشتین، باوکم جاروبار پێدەکەنی، وەک ئەوەی باری سەر شانی سووک بووبێت.

ڕێک کێڵگەیەکی گەورە بەر لە بەلەمگاکە هەبوو. باوکم لە دەرگای دا و پرسیاری کرد

31- Marlört

ئاخۆ دەكرێت تەلەفۆنەكەیان بەكاربهێنرێت. پیرەمێردێك لەوێ بوو وەڵامی دایەوە تەلەفۆنەكە لە زریانەكەدا كوژاوەتەوە. پیرێژن بانگێشتی قاوەخواردنەوەی كردین. زۆری كرد كە دەبێ جلكەكانم داكەنم و ئەوسا بەخاولییەكی زبر هەموو لەشی وشك كردمەوە. پاشان دەرپێیەكی كورت، فالینەیەكی ئەستوور، بیجامەیەك، چاكەتە بلوسێك و جووتێك گۆرەوەی خوریی پێدام. یەكەمجار نەمویست ئەو جلكانە وەربگرم، بەڵام باوكم زۆری كرد و منیش ناچار بووم بەگوێی بكەم. باوكم پانتۆڵێكی لە پیرەمێرد خواست و جبەی قەشەییەكەی پۆشی. هێلەكێكی كۆنی چەرمی بەسەر جبەكەیدا لەبەركرد. پیرەمێرد مشووری عارەبانەیەكی سەر داخراوی خوارد و ئیدی خۆرئاوابوون گەیشتینەوە ڤۆرومس.

هەمووان بەو دیمەنەمان پێكەنین.

هەمان ئێوارە براكەم و دوو هاوتەمەنی خۆی بەفەرشێكی سیحراوی لە (ڤێللای میسیۆن) فڕین و لە پەنجەرەكەوە هاتنە دەرەوە، خۆیان بەدارستانەكەدا كرد. پیلانگێڕان لەسەر ئەو دۆشەكەڵانە نووستبوون كە پێكەوە لە كەلەگییەكی باریكی ناو ژووری یاریكردنی منداڵان ڕایانكێشابوون، من بەسەختی ئاگادار كرابوومەوە لەسەر سیسەمەكەم بمێنمەوە و نەجووڵێم.

ڕێگەدان بەڕۆیشتن بۆ پیاسەیەكی فڕین شتێك بوو نەدەچووە ئەقڵەوە، ئاخر من زۆر گچكە بووم، جگە لەوەش دیارنەبوو كە ئاخۆ فەرشەكە زیاتر لە سێ كەسی پێ هەڵدەگیرێت یان نا. دەرگاكە نیوەكراوە بوو، گوێم لە چرپە چرپ و پێكەنینی كپ بوو. هەور لە مەودایەكی دوورەوە دەیگرماند و لەسەربان دەنگی خوڕەی باران دەهات. جاروبار ژوورەكە بەزنجیرەیەك هەورە بروسكەی بێ دەنگ ڕووناك دەبۆوە.

هەنووكە بەئاشكرا گوێم لێ بوو كە پەنجەرەكە لەناوەوە كرایەوە. فەرشە سیحراوییەكەیان لەسەربانی ژووری پێشوازی ڕاخست و فڕۆكەوانەكان چوونە سەری. بایەكی توند خۆی بەماڵەكەدا دا و خۆی بەدیوارەكانا كێشا، باران بەلێزمە دایكرد. من نەمدەتوانی ددان بەخۆدا بگرم و بەپڕتاو بۆ ژوورەكەی تەنیشتم چووم. ئەوێ چۆڵ بوو، فەرشەكە نەمابوو، پەنجەرەكە بەڕووی شەودا كراوە و پەردەكەش دەشەكایەوە. بەڕووناكی هەورە برووسكەیەك براكەمم بینی كە بەسەر فەرشە سوورە چوارگۆشە لەسەركێشراوە شڕەكەوە، لەتەك (بێنگت)[٣٢] و (ستێن فریكهۆڵم)دا بەئاسمانی دارستانەكەوە دەشەكێنەوە.

---

32- Bengt



بۆ بەیانی گەڕابوونەوە، شەكەت و بێ دەنگبوون. ئەوسا كە ویستم لەكاتی بەرچاییی كردنی خێزانەكەماندا مەسەلەی فڕینەكە بهێنمە پێش، براكەم بەڕوانینە پڕ لە هەڕەشەكەی بێ دەنگی كردم.

***

ڕۆژێکی یەکشەممەی مانگی دێسێمبێر لە کڵێسای (هێدڤیگ ئێلیۆنورا) گوێم لە (ئوراتوریومی لەدایکبوونەکەی باخ)[١] ڕادێرابوو، پاش نیوەڕۆ بوو، بەدرێژایی ڕۆژ بەفر دەباری، دونیا بێ دەنگ و با نەدەهات. هەنووکە خۆر وەدیارکەوت.

من لەلای چەپی سەکۆکە، لەسەرەوە لەژێر گومبەزەکەدا دانیشتبووم. تیشکی خۆر بەجوولەی زێڕینی پرشنگدار، بەتوندیی لەسەر ڕیزی پەنجەرەکانی بەرامبەر کلێسا پێچەوانە دەبۆوە و شێوە و فیگۆری لەسەر کۆڵەگەکانی ناوەوەی گومبەزەکە دەنەخشان. ڕووناکییە ڕاستەوخۆکە لەمیانەی گومبەزەکەوە لەشێوەی دەمەکێردی تیژدا دەشکایەوە. پەنجەرە مۆزایکییەکەی لای بڵندگۆکەوە بۆ چەند ساتێک هەڵایسا و کوژایەوە، ئەوە تەقینەوەیەکی بێ دەنگ بوو لە سوورایییەکی تاریک، شین و قاوەییەکی ئاڵتوونی. کۆڕاڵەکە تەواوێک بەمتمانەوە بەنێو ئەو ژوورە مەیلەو تاریکەدا دەجوولاَ: تەقوای باخ، عەزابی بێ ئیمانی ئێمە هەتوان دەکات. ئەو شێوە لەرزیوە جێگیرانەی کە تیشکی خۆر لەسەر دیوارەکە نەخشاندبوونی، بەرەو سەرەوە هەڵکشان، باریکتر بوونەوە، گوڕیان لەدەست دا و کوژانەوە. ترومپێتەکانی دی- دیور[٢]، تەهلیلەی شادییان بۆ ڕزگارکەر[٣]

1- Bachs Juloratorium
2- D-durtrumpeterna

٣- Frälsaren مەبەست لە مەسیحە.



بەرزکردەوە. ڕووناکییەکی شینی مەیلەو خۆڵەمێشی کلێسای پڕ لە بێ دەنگییەکی ناکاو کرد، بێ دەنگییەکی ئەبەدی.

ساردی کرد، گلۆپی دارتێلەکانی شەقام پێنەکرابوون، هێشتا بەفر لەژێر پێی ڕێبواراندا خرمەی دەهات، هەناسە هەڵمی لێ هەڵدەستا، سەرمایەکی سەخت لە (ئەدڤێنت)[٤] دا، ئاخۆ دەبێ چ زستانێکمان لەپێش بێت، هەنووکە وا ئیدی سەخت دەبێ. کۆڕاڵەکەی باخ هێشتا وەکی شاڵی ڕەنگاوڕەنگ لە زەینی هۆڵەکەدا دەشەکایەوە. لەسەر دەروازەکان و لەمیانەی دەرگا کراوەکانەوە دەهاتنە پێش و بۆ دواوە دەچوون. شادومانی بوو.

لە یەکێک لە سەرچڵییە کاتییەکانمدا، یەکشەممەی ئارامی (ستورگاتان) قەدبڕ دەکەم و خۆم بەماڵی قەشەدا دەکەم. لەوێ بۆنی پۆدرەی پاقژی و بۆنی قەداسەت دێت، ڕێک هەروەکی پەنجا ساڵ لەمەوبەر.

باڵەخانە گەورەکە بێ دەنگ و چۆڵ. ڕووناکیی بەفر لەسەر سەربانی هۆڵەکە دەبزوێ، لامپایەکی سەر مێزی نووسین لە ژوورەکەی دایکم پرشنگ دەدا، هۆڵی نانخواردن تاریک دەچێتەوە. کەسێک بەخێرایی و کەمێک کووڕ لەمیانەی دەرگای موبەقەوە تێدەپەڕێ. لە دوورەوە دەنگێکی نزم دێ، دەنگی ژنان، دەنگی وتوێژێکی میهرەبانانەی کپ، زرەی لەخۆبوردوانەی کەوچکەکان کاتێ خۆیان بەدەفرە چینییەکانا دەکێشن، ئەلعان قاوەی پاش نیوەڕوانی یەکشەممە لەسەر مێزی موبەق دەخورێتەوە.

پاڵتۆ و پێڵاوەکانم دادەکەنم، بەسەر ئەرزە تەختەییە جیڕە جیڕکەرە تازەکییە پۆڵیشکراوەکەی هۆڵی نانخواردندا دەڕۆم. دایکم لەودیو مێزی نووسینەوە دانیشتووە و چاویلکەکەی لەسەر کەپوویەتی، قژە هێشتا سپی نەبووەکەی کەمێک بژ، بەسەر دەفتەری یادەوەرییەکانیدا نەویوەتەوە و بەقەڵەم پاندانێکی باریک دەنووسێت. دەسخەتەکەی جوان و بەسەلیقانەیە بەڵام زۆر ورد. دەستی چەپی لەسەر ژێردەستی سەر مێزەکە داناوە، قامکەکانی کورت و بەهێزن، پشتی دەستی بەدەماری هەڵتۆقیوی شینی یەکتربڕ پۆشراوە، ئەنگوستیلەی قورسی هاوسەریی و ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماس لەنێوانیاندا دەدرەوشێنەوە. نینۆکەکانی کردوون، پێستی دەوروبەری نینۆکەکانی فەرامۆش کردوون.

بەخێرایی سەر وەردەگێڕێ و دەمبینێت. گەلێک سەخت پەرۆشی ئەم ساتەوەختە بووم، لەوەتەی دایکم مردووە من عەودالی ئەم ساتەوەختەم. زەردەخەنەیەکی کەمێک

٤- advent چوار هەفتەی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح.و.ک

فەرمیبیانەی دێتێ و دەمودەست دەفتەرەکە دادەخات، چاویلکەکەی لە چاوان دادەگرێت. من کوڕانە، نێوچەوان و پەڵە قاوەییەکەی چاوی چەپی ماچ دەکەم.

– دەزانم مەزاحیمت دەبم، ئاخر ئەمە ساتەوەختی تایبەتی دایکمە، دەزانم باوکم بەر لە نیوەڕوان دەحەوێتەوە و دایکیشم یان دەخوێنێتەوە یاخۆ لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا شت دەنووسێت، من هەر ئەلعان لە کلێسا بووم و گوێم لە ئۆرەتوریۆمی لەدایکبوونەکەی باخ ڕادێرا، زۆر شتێکی جوان بوو، ڕووناکی جوان بوو، بەدرێژایی کاتەکە لە خەیاڵی ئەوەدا بووم: من ئەلعان هەوڵێکی دی دەدەم، بەشکەم هەوڵی ئەم جارەیانم بیگرێت.

دایکم زەردەخەنەی هاتێ، پێموایە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕییانەیە. ئاخر دەزانم بیر لە چ دەکاتەوە! تۆ تا ڕادەیەک زۆر جاران، هەموو ڕۆژێک لە (ستورگاتان) ەوە بۆ شانۆکەت تێپەڕبوویت. بەدەگمەن یاخۆ هیچکات بەخەیاڵتا نەهاتووە سەردانێکمان بکەیت. من وام نەکردووە، نا. من هەڵبەت بێڕیمانییم: نابێ مەزاحیم بیت، نابێ خۆت لە شت هەڵقورتێنیت، جگە لەوەش هەمیشە قسە لەبارەی منداڵەکانەوە دەکرێت، من ناتوانم لەبارەی منداڵەکانەوە قسان بکەم، لەبەرئەوەی هەرگیز نایانبینم. ئیدی ئەو هەموو زۆربۆهێنانە سۆزدارییەش: لەبەر خاتری من دەتوانیت. دایکە هەنووکە تووڕە مەبە! با بێ پەردە نەدوێین، ئاخر ئەوە هەڵبەت شتێکی بێ مانایە. تەنێ ڕێگەم بدە چەند دەقیقەیەک لەسەر ئەم کورسییە دێرینە دانیشم، چ پێویست ناکات لەگەڵ یەکدیشدا بدوێین. گەر دایکم دەخوازێ لە دەفتەری یادەوەرییەکانیدا بنووسێت – ئامێری جلک شتن. هەڵبەت من دەمویست ئامێرێکی جلک شتن بکڕم، نەفرەت. دایکم دەبوو ئامێرێکی جلک شتنی هەبێت، جاروبار بیرم لەوە کردبۆوە، بەڵام بێگومان ئەوە بەدی نەهات.

دایکم هەڵدەستێ و بەخێرایی (هەمیشە بەهەنگاوی خێرا) بۆ هۆڵی نانخواردن دەچێ و لە تاریکاییەکەدا بزر دەبێ، گوێم لێیەتی لە هۆڵەکە خۆی خەریک دەکات، لامپای سەر مێزە بازنەییەکە دادەگیرسێنێت، دەگەڕێتەوە، لەسەر تەختەنوێنەکەی کە چەرچەفێکی سووری تۆخی بەسەردا دراوە، ڕادەکشێ و شاڵێکی لۆکەیی شینی مەیلەو خۆڵەمێشی بەخۆیدا دەدات.

– من هێشتا هیلاکم. دایکم وەک ئەوەی داوای لێبوردن بکات وا دەڵێ.

– گەرەکمە لەبارەی شتێکەوە پرسیار لەدایکم بکەم. چەند ساڵێک لەمەوبەر، وابزانم هاوینی ساڵی هەشتا بوو، لە دوورگەی فۆرئۆ، لەسەر کورسییەکەم لە ژووری کارکردنم دانیشتبووم، باران دەباری، لەو بارانە هێورانەی هاوینان، بارانێک کە بەدرێژایی ڕۆژ



دەبارێت، بارانێک لەڕاستیدا دەمێکە نابارێت. دەمخوێندەوە و گوێم بۆ بارانەکە ڕادێرابوو. ئەوسا هەستم کرد دایکم لە نێزیکمەوەیە، لە تەنیشتمەوە، دەمتوانی دەست ڕایەڵ کەم و دەستی دایکم بگرم. مەسەلەکە وا نەبوو کە نووستبم، لەوە دڵنیام، ئەزموونێکی سەروو سروشتیش نەبوو. دەمزانی دایکم لە ژوورەکەدا لە تەکمدایە، یاخۆ ئەوە وەهم بووە؟ هێند ژیر نیم بتوانم لەوە تێبگەم، بۆیە هەنووکە پرسیار دەکەم!

دایکم کە بەگرنگی پێدانەوە تەماشام دەکات، سەر وەردەگێڕێ، سەرینێکی گچکەی کە شێوەی چوارگۆشەیی لەسەر کێشراوە، ڕادەکێشێ و دەیخاتە سەر زگی.

– هەڵبەت ئەوە من نەبووم. دایکم بەئارامی وا دەڵێ. من هێشتا زۆر شەکەتم. تۆ دڵنیایت کە ئەوە کەسێکی دی نەبووە؟

سەر ڕادەوەشێنم: نائومێدی، هەستی سنوور بەزاندن.

– ئێمە بووینە هاوڕێ، نەبووینە هاوڕێ؟ ئەرێ ئەو ڕۆڵ دابەشکردنە دێرینەی نێوان دایک و کوڕ هەڵوەشایەوە و ئیدی بووینە هاوڕێ؟ ئەدی ئێمە کراوە و تایبەتییانە دواین. وامان نەکرد؟ ئەدی ژیانی دایکم مایەی تێگەیشتن بوو، من بەگشتی نێزیک ببوومەوە کە تێیبگەم؟ یاخۆ ئەوە تەنها وەهمێک بوو بۆ هاوڕێیەتییەکەمان؟ نا، پێتوانەبێ من لێرە دانیشتووم و خۆم شپرزە کردووە، لەخۆ سەرزەنشتکردندا تێکوپێکشکاوم. هەرگیز بەو شێوەیە نییە. بەڵام ئەی هاوڕێیەتی؟ چما ڕۆڵەکان نەگۆڕاون، تەنێ دیالۆگەکانن کە سەرلەنوێ نووسراونەتەوە؟ گەمەکە بەگوێرەی هەلومەرجەکانی من ئەنجامدرا. بەڵام ئەدی ئەڤین؟ دەزانم، ئێمە تێرمی لەو چەشنە لە خێزانەکەماندا بەکارناهێنین. باوکم لە کلێسا، لەبارەی ئەڤینی خوداوە دەدوێت، بەڵام ئەدی لێرە لەماڵەوە؟ ئەرێ ئەوە بۆ ئێمە چ بوو؟ ئەدی ئێمە بەو دڵە شەقار بووەوە، بەو ڕقە خەفەبووەوە چۆناوچۆنی توانیمان دەرەقەت بێین؟

– تۆ پێویستە لەتەک کەسێکی دیکەدا باسی ئەمە بکەیت. من زۆر شەکەتم.

– لەگەڵ کێ؟ من ناتوانم تەنانەت لەگەڵ خۆیشمدا بدوێم. ئەلعان دایکم شەکەتە، ئەمە شتێکی ماقووڵە، منیش بۆ خۆم شەکەتییەکی کپ لە دەمار و هەناومدا هەست پێدەکەم. دایکم دەڵێ: تۆ ئێستا خۆت بە شتێکەوە خەریک بکە، بڕۆ و بەلێبیستۆکە نوێیەکانت گەمە بکە. نا، من حەزناکەم نەوازش کرێم، تۆ زۆر نازداریت، وەکی کیژێک هەڵسوکەوت دەکەیت.

– دایکم جارێکیان گوتی، ئەو هەرگیز لەلایەن نەنکمەوە قەبووڵ نەکراوە. ئاخر نەنکم هەمـوو خۆشەویسـتـیی خـۆی داوەتە ئەو منداڵە گـچـکەترینەی کـە دواتر مـرد. ئەدی کێ ئەڤینیی دایکمی بۆ خۆی مسۆگەر کرد؟

هەنووکە دایکم ڕوخساری بۆ لای ڕووناکی لەمپای سەر مێزی نووسینەکە وەردەگێڕێ و من ئەو ڕوانینە تاریکە دەبینم کە نە دەتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە و نە دەشتوانرێ بەرگە بگیرێت.

– دەزانم. من بەپەلە و بەهەڵڵەرزینێک کـە زەحـمـەتە کـۆنتـرۆڵی بکەم، وا دەڵێم. گـوڵەکـان بەخـێـرایی گـەشـەیان کـرد، ڕووەکـە هەڵـگژەکـان هەڵـگژان، خـونچـە نوێـیـەکـان پشکووان، گوڵەکان بەخێرایی گەشەیان کرد، بەڵام ئەدی ئێمە؟ بۆچ هەموو شتەکان هێند بەدبەختانە بوون؟ ئایا ئەوە ئیفلیجبوونێکی بیریمانیانەیە یاخۆ شتێکی دییە؟

– شـتـێکی خـەمـهـێنم لەبیـرە کـە براکـەم بووە هۆی ڕوودانـی. دایکم لەم ژووره هاتە دەرەوە، بەنێو هۆڵەکەدا تێپەڕی، ئێمە لە ساڵۆنەکە بووین، دایکم بەرەو لای چەپ لەتری دا. من لەفیکرەوە چووم: وی گەمە دەکات، بگرە زیادەڕۆییش لە گەمەکەیدا دەکات، ئاخر ئەمەی ئەو دەیکات هەرگیز شتێکی قاییلکەرانە نییە. ئێمە لەبری ڕوخسار دەمامکمان پێبڕا، لەبری هەست، هێستریامان تووش بوو، لەبری سۆز و لێبوردن، شەرم و گوناهمان پێبڕا.

دایکم جووڵەیەک بەپرچی دەکات، نیگای تاریک و بێ جووڵەیە، هیچ لەو بڕوایەدا نیم چاو بتررووکێنێ.

– بۆچی براکەم ئیفلیج کرا، بۆچی خوشکەکەم تێکوپێک شکێنرا، بۆچی من بەبرینێکی هەرگـیز سـاڕێژ نەکراو و هەوکـردووەوە ژیام کە بـۆ هەمـوو جـەسـتـەم تەشەنەی سـەند؟ من نامـەوێ گـوناه بخـەمـە ئەسـتـۆی هیچ کـەسێـک، من قـەرز وەرگرەوە نیم. تـەنێ گـەرەکـمـە بزانم، بۆچی بەدبەختیی ئێمە لەنێو ئەو پلەوپایە کۆمەڵایەتییە فشـەڵەدا هێند ترسناک کەوتەوە؟ بۆچی خوشک و براکەم سەرەڕای دڵسۆزی پێبەخشین و پشتگیری و متمانە، هێند خـوێناوی تێوەگلان؟ بۆچی من بۆ ماوەیەکی درێژ بەرامبەر پێوەندییە سروشتـییە ئینسانییەکان ناکامڵ بووم؟

دایکم هەڵدەستێتەوە و دادەنیشێت، لە دوور دەنۆڕێ و بەقووڵی هەناسە دەدا، دەبینم پلاستەرێک بەقامکی دۆشاومژەی دەستی چەپییەوەیەتی. لەسەر مێزی تەنیشت تەختە



نوێنەکەیەوە کاتژمێرێکی گچکەی ئاڵتوونی، بەپەرۆشەوە دەچرکێنێ. چەند جارێک ئاوی دەمی قووت دەداتەوە.

– یەک جبەخانەی گەورە ڕاڤەکردنم بۆ هەمـوو هەستێک، بۆ هەمـوو جووڵەیەک یاخۆ بۆ ناشایسـتـەیی جەسـتـەیی هەیە، لەبەرئەوەیە کە ڕێک ئەم وشانە بەکاردەهێنم. بونیـادەم سەری زۆر بەحاڵەتی حاڵیبوون دەلەقێنێ، ئەمە ئەوەیە کە پێویستە وابێت! لەگەڵ ئەوەشدا من بەسەردا دەکەومە ناو هەڵدێری ژیانەوە، ئەم ڕستەیە گەورە خۆ دەنوێنێ: من بەسەردا دەکەومە ناو هەڵدێری ژیانەوە. بەڵام هەڵدێر حەقیقەتێکە و وێڕای ئەوە بێ بنیشە، ئیدی بونیـادەم ناچار نابێت لە زنارێکی قـووڵ و تەنگەبەر یاخـۆ لە ئاوێکی تەنکدا خـۆی بکوژێت. دایکە، من بانگی دایکم دەکەم کە هەمیشە بانگم کردووە: ئەو کاتەی شەوە و من تام لێـهـاتووە، ئەو کـاتەی لە قـوتابخـانەوە بۆ مـاڵەوە دەگـەڕێمـەوە، ئەوکـاتەی لە تاریکییـدا بەپارکی خـەستـەخانەکەدا ڕادەکـەم و تارماییـیـەک ڕاوم دەنێ، ئەوکاتەی لە (فـۆرئۆ) پاش نیـوەڕۆیە، باران دەبارێ و من دەست ڕایەڵ دەکـەم تا بیگـەیەنمە دەسـتـی دایکم. نازانم، هیچ شتـێک نازانم. ئەرێ ئەو شتـە چییـە کە پێکەوە ئەنجامی دەدەین؟ دەرەقەتی نایەین. با، ئەوە ڕاستە، من گوشاری خوێنم بەرزە، ئەوەم لە زەمەنێکدا تووش بوو کە زەلیل دەکرام و سووکایەتیم پێدەکرا. گۆناکانم دەسووتێننەوە و گـوێم لە کەسێکە دەناڵێنێت، دەشێ ئەو کەسە خۆم بم.

– هەنووکە دەبێ خۆم کۆنترۆڵ کەم و هێور ببمەوە. ئەم دیدارە وەک ئەوە نەکەوتەوە کە بیـرم لێ کـردبۆوە: ئێـمـە دەبوو کـەمـێک خـەمین باین و بەچرپە لەبارەی مـەتەڵەکـانەوە دواباین. دایکم دەبوو گوێی ڕادێرابا و ڕاڤەی کردبا. هەموو شتەکان دەبا بەچەشنی پاقژی و کاملـیی کۆراڵەکەی باخ شێوەیان گرتبا. باشە بۆچی ئێمە هەرگیز نەمانگوت " باوکە تۆ " یاخـۆ " دایکە تۆ "؟ بۆچی ئێـمـە ناچاربووین بەمـەودایەکی گـرامـاتیکیی نامـاقـووڵەوە لەگەڵ دایک و باوکی خۆماندا بئاخڤین؟

– دەفـتـەری یادەوەرییەکانی دایکمان لە سندووقی قاسەکەدا دۆزییـەوە. دوای مردنی دایکم، باوکم هەمـوو ڕۆژێک بەزەڕەبینێکی بەهێزەوە دادەنیـشت و هەوڵی دەدا دەسخەتە زۆر وردە تا ڕادەیەک هێمادارەکەی دایکمی پێ هەڵبێنێ. باوکم بەکاوەخۆ لەوە حاڵی بوو، هەرگیز ئەو ژنەی نەناسیوە کە ماوەی پەنجا ساڵ ژیانی هاوسەریی لەتەکدا بەش کردووە. ئەدی بۆچی دایکم دەفتەری یادەوەرییەکانی خۆی نەسووتاند؟ سزادانێکی باشی نەخشە بۆ داڕێژراو: هەنووکـە من دەدوێم و تۆیش نامـگەیتێ، من قـووڵایی خۆمت پێدەڵـێم و تۆیش

ناتوانیت بەقورڕوقەپکردن وەڵامم بدەیتەوە. هەنووکە ئیدی تۆ ناتوانیت وەک هەمیشە قورڕوقەپ بکەیت کاتێ هانام بۆ دەهێنایت، دەگریام و هەرەسم دەهێنا.

هەنووکە پەیم بەوە برد دایکم دەتوێتەوە. قاچی لەژێر شاڵەکەدا بزر دەبێ، ڕوخسارە ڕەنگپەڕیوەکەی لە گەردنی دەبێتەوە و لەبەردەم پەردە خۆرهەڵاتییەکەدا دەشەکێتەوە، چاوانی نیوە لێکنراون. ڕوانینە تاریکەکەی بەرەو ناوەوەی دەبێتەوە، قامکی دۆشاومژەی بەپلاستەرە گچکەکەیەوە بێ جووڵە لەسەر قەراغی کاتژمێرە ئاڵتوونییەکە ڕاکشاوە. جەستە لاوازەکەی بەنێو شێوە و فیگۆرەکانی سەرچەفی سەر تەختە نوێنەکەدا ڕۆدەچێ. من گوڕ دەدەمە خۆم، بەڵام زۆر نا.

– ئێمە بەشەڕهاتین، دایکم شەپازللەیەکی لێ دام. من شەپازللەکەم لێدایەوە، بۆچی ئێمە بەشەڕ هاتین: ناکۆکیگەلی ترسناک، دەرگاگەلی بەتوندی بەیەکدا دراو، فرمێسکگەلی هەڵچووانە. بۆچی ئێمە شەڕمان کرد؟ تێمەی شەڕەکانمانم بیر نییە جگە لە یەکێکیان نەبێ کە ئەویش دوایەمین شەڕ و ئەوکاتە بوو باوکم لە خەستەخانە خەوێنرابوو. ئاخۆ ئەوە دڵپیسی بوو، گەڕان بوو بەدوای پێوەندی یاخۆ پەروەردەبوونمان خۆی ئاوها بوو؟ ئاشت بوونەوەکانمانم لەیادە، ئاسوودەییەکی خۆش. بەڵام ئەدی درۆکان؟

لە مویەقەکەوە بۆنێکی کەمی ماسی برژاو دێت. باوکم دوور، لە ژووری کارەکەیدا دەکۆکێ، ئەلعان لە وەنەوزەکەی نیوەڕوانی هەڵدەستێ و بەسیگارێک و کتێبی گراماتیکی زوبانی عیبرییەوە لە پشت مێزەکەیەوە، دادەنیشێت.

چەند ساڵێک لەمەوبەر کورتە فیلمێکم لەبارەی ڕوخساری دایکمەوە بەکامێرا هەشت میللیمییەکەم و عەدەسەیەکی تایبەتی دروست کرد. لەبەرئەوەی من لەمیانەی مردنی باوکمدا هەموو ئەلبومی وێنەی خێزانەکەمانم دزی، بۆیە ماتریاڵێکی گەلێک زۆرم بۆ ئەو فیلمە لەبەردەستدا بوون. بەوجۆرە فیلمەکە لەبارەی ڕوخساری دایکمەوە، لەبارەی ڕوخساری (کارین)[٥]ەوە بوو، لە یەکەمین وێنەیەوە کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا گیرابوو تا دوایین وێنەی، کە وێنەی پاسپۆرتەکەی بوو، چەند مانگێک بەر لە دووچاربوونی بە سەکتەی دڵ، گیرابوو.

ڕۆژ دوای ڕۆژ بەعەدەسەی گەورەکەر و گچکەکەرەوە لە سەدان وێنەم تۆژییەوە: کیژی نازدار و پێچەقێن و لەبەردڵانی باوکە پیرەکەی خۆی. کیژە قوتابی لەتەک هاوڕێکانیدا لە

٥– Karin دایکی بێریمان. کورتە فیلمەکە ناوی (ڕوخساری کارین)ە. و.ک



قوتابخانەی (پوورە ڕوسا)[٦]ی یەکەمین ئامادەکاریی، ساڵ ساڵی ١٨٩٠، وی بەئازارەوە خۆی جەڕاندووە، بەربەرۆکێکی نەخشی گەورە لەسەرچنراوی پۆشیوە، هاوڕێکانی بەربەرۆکیان نییە. ناونووسی لەکلێسا بەبلوسێکی گرانبەهای نەخشی سپی لەسەر چنراوی ڕوسیی، لە کیژێکی (چێخەف) یی دەچێ، پەرۆش و نهێنییئامێز. بەجاحێڵی وەک یاریدەدەری پزیشک لە جلکی فەرمیدا، کیژێکی ئیشکەری خوێندن تەواوکردوو، بەئیرادە و پڕ لە متمانە بەخۆبوون. وێنەی دەسگیرانییەکەی، ساڵی ١٩١٢ لە (ئورسا)[٧] گیراوە. وەدیارکەوتنێکی وەستایانە لە ژێرییەکی ئینتیوتیڤیی: زاوا جوان قژ شانەکراو و کەشخە و بەیەکەمین جلکی قەشەیییەوە لە پشت مێزێکەوە دانیشتووە و کتێبێک موتاڵا دەکات. دەسگیرانیش لەسەر هەمان مێز بەکاری دەستییەوە کە لەبەردەم خۆیدا دایناوە، دانیشتووە و خەریکی چنینی پارچەیەک قوماشە. کەمێک کووڕ دانیشتووە و تەماشای کامێراکە دەکات، ڕووناکی لەسەرەوە دێ و سێبەری لەسەر چاوە ڕەش و گەورەکانی دروست کردووە، وەک بڵێی – دوو تەنیایی بن بەبێ چ سنوورێکی هاوبەش. وێنەی دوایی هەژێنەرە: دایکم لەسەر کورسییەکی بەرزی دەسکدار دانیشتووە، سەگێکی بۆر لەبەر دەمیدا کرووشکەی کردووە و بەبەرخۆدانەوە تەماشای دەکات، دایکم لە دڵەوە پێدەکەنێت (ئەمە یەکێکە لەو وێنە کەمانەی کە دایکم تیایاندا پێدەکەنێ). وی ئازادە، تازە شووی کردووە.

خانوویەکی بچووکی قەشە لە دارستانی هێلسینگلاند، دوور لە ڕقی نێوان (ما) و (قەشە ئازیزەکەی وی)، وەک ئەوەی کە باوکمی پێ بانگ دەکرد. یەکەمین دووگیانیی، دایکم کەمێک بەسەر شانی باوکمدا دانەویوەتەوە، باوکم بەشانازییەکی پارێزگاری لێکەرانەوە، نەک زۆر بەڵکوو ئاسایی، زەردەخەنە لە گرتوویەتی. لێوی دایکم ئاوساو بەماچی زۆر، چاوانی نهێنیئامێز، ڕوخساری نەرم و کراوە.

هەنووکە بەوێنەکانی پایتەختدا دەگەڕێین: ژن و مێردی جوان بەمنداڵی جوان و باش سەرپەرشتیکراوەوە لە باڵەخانەیەکی ڕووەو هەتاوی شەقامێکی هێمنی (ئۆستێرمالم)ی هێمندا. پرچ جوان بڕدراو، جوانپۆش، ڕوانین بەدەمامک پۆشراو، زەردەخەنەی دروستکراو، زێڕو زیوی جوان، لێوڕێژ بەژیان، دڵڕفێنی. ئەوان ڕۆڵەکانی خۆیان وەرگرتووە و بەپەرۆشەوە ئەو ڕۆڵانەی کە پێیان سپێردراوە، دەبینن.

6- tant Rosa

7- Orsa

وێنەیەکی دی کە دایکم تیایدا پێدەکەنێ: لەسەر پێپلیکانەکانی هەیوانەکەی (ڤۆرومس) دانیشتووە و منیش لە کۆشیدام، تەمەنم چوار ساڵ بەرەو ژوورە، براکەم پاڵی بەپەرژینەکەوە داوە، تەمەنی هەشت ساڵانە. دایکم جلکێکی سادەی لۆکەیی ڕووناکی پۆشیوە، گەرچی گەرماشە بەڵام پووتی بەرزی لەپێدایە، توند گرتوومی و هەردوو دەستی بەسەر زگمدا هێناوەتەوە. دەستەکانی دایکم کورت و بەهێز، نینۆکەکانی کردوون، پێستی دەوری نینۆکەکانی کرۆژتوون. ئەوەی کە باشتر لەیادمە ئەو هێڵی قووڵی ژیانەیە کە لەسەر دەستی نەخش ببوو، دەستە وشکە نەرمەکەی، تۆڕێک لە دەماری شین: گوڵ، منداڵ، ئاژەڵ. بەرپرسیاری، سەرپەرشتی، هێز. هەندێک جار سۆز، هەمیشە ئەرک.

لە تەماشاکردنی وێنەکان بەردەوام دەبم. دایکم تا دێت زیاتر لە وێنە قەرەباڵخە بەکۆمەڵییەکانی خێزانەکەماندا دیارنامێنێت. هەنووکە نەشتەرگەری بۆ کراوە، ڕەحم و هێلکەدانی لێکراوەتەوە، لەم وێنەیەدا بەچاوانێکی نیوەکراوەوە دانیشتووە و جلکێکی ڕووناکی جوانی لەبەردایە، چیدی زەردەخەنەکەی بەچاوانی ناگات. وێنەی دی: هەنووکە پشتی ڕاست کردۆتەوە دوای ئەوەی هەندێک خونچەگوڵی لە ئینجانەیەکدا ڕواندووە. دەستەکانی قوڕاوین، نەختێک تیاماو شۆڕبوونەتەوە. شەکەتی، ڕەنگە پەژارە. ئەو و باوکم بەتەنێ جێهێڵراون. منداڵ و منداڵی منداڵەکان دوورکەوتوونەتەوە. ئاخر ئەوانە منداڵی بێریمانیین: بونیادەم نابێ مەزاحیم بێت، نابێ خۆ تێهەڵقورتێن بێت.

ئەوجا نۆرەی دوایین وێنە، وێنەی سەر پاسپۆرتەکەی دێت. دایکم حەزی لە گەشتوگوزار، لە شانۆ، لە کتێب، لە فیلم، لە خەڵک بوو. باوکم ڕقی لە گەشتوگوزار، لە سەردانی هەڕەمەکی و خەڵکانی غەریبە بوو. نەخۆشییەکەی باوکم خەراپتر بووە، شپرزەیی لەبەکارهێنانی دەستیدا هەیە، سەری دەلەرزێ، بەزەحمەت ڕێکردنی بێزاری کردووە. دایکم تا دێت زیاتر دەبەسترێتەوە. جارێکیان ڕێگەی بەخۆی دا و بۆ ئیتاڵیا سەفەری کرد. هەنووکە پاسپۆرتەکەی بەسەرچووە و دەبوو دانەیەکی نوێ دەربێنێ، کیژەکەی شووی کردووە و بۆ ئینگلیستان گواستوویەتییەوە. وێنەی پاسپۆرتەکە گیرا. دایکم دوو سەکتەی دڵی هەبوو. پێدەچێ کزەبایەکی وەک بەفر سارد لە ڕوخساری دابێت و نەختێک هێڵەکانی سیمای جێگۆڕکێ پێکردبێت. چاوانی دیارنەماو، وی کە هەمیشە دەیخوێندەوە، ئیتر نەیدەتوانی لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێت، دڵی لە دابینکردنی خوێندا ڕەزیلی دەنوێنێ، قژی بەسەر نێوچەوانە پانە نزمەکەیدا بۆ دواوە دادەهێنێ و ڕەنگەکەی ماش و برنجیی وەدیاردەکەوێ، دەم و لێوی زەردەخەنەی گومانیاوی لەسەر



دەنەخشێ، ئاخر خۆ دەبێ بونیادەم لە وێنەکاندا زەردەخەنە بیگرێت. پێستە نەرمەکەی گۆنای شۆڕ و چرچ و لۆچی تێبووە، لچولێوی وشک هەڵگەڕاوە.

بەوجۆرە من ئەلعان لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممەیەکی سەرەتای (ئەدڤێنت) دا، لە کلێسای (هێدڤیک ئێلێونورا) بووم. پەرچەکرداری ڕووناکیم لەسەر گومبەزەکە بینی و توانیم خۆم بگەیەنمە باڵەخانەکەی سێیەمین نهۆم. دایکم لەوێ بینی سەری بەسەر دەفتەری یادەوەرییەکانیدا شۆڕکردبۆوە، ڕوخسەتی پێدام لەتەکیدا بدوێم. من دەسبەجێ ڕستی قسەکانم لێ ئاڵۆزکا، کەوتمە پرسیارکردن لە شتگەلێک کە پێموابوو لەگۆڕنراون. داوای وەڵامم لێ کرد. تاوانبارم کرد. دایکم ئاماژەی بەشەکەتیی خۆی دا. ئەوە شتێک بوو کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا پەنای بۆ دەبرد و هەنووکە ئیدی تەنک ببۆوە و بەحاڵ دەبینرا. من دەبێ بیر لەو شتانە بکەمەوە کە هەمن، نەک بیر لەو شتانەی کە دۆڕاندوومن یاخۆ هەرگیز نەمبوون. خەزنەکانم لەدەوری خۆم کۆدەکەمەوە، هەندێکیان بەدرەوشانەوەیەکی تایبەتی پرشنگ دەدەن.

لە ساتەوەختێکی کورتدا حاڵی دەبم لە عەزابی وی لەبەردەم ناکامییەکانی ژیاندا. ئەو وەکی باوکم درۆزن نەبوو، ئەو ئیماندار نەبوو. گوڕی ئەوەی هەبوو گوناه لە ئەستۆی خۆی بگرێت تەنانەت گەر بەرپرسیاری وی لەو بەشە گوناهەشدا جێی گومان بووایە. ساتەوەختی شانۆیی ورووژێنەرانەی ئەو، هەست و سۆزی توندوتیژی ئەوی حەشار نەدا و ئەو هەست و سۆزەش لە ژیانێکی کارەساتاوییدا خۆی وەدیارخست.

ئاوها من لەسەر کورسییەکەی دانیشتووم و بەتاوانگەلێک تۆمەتباری دەکەم کە نەیکردوون. پرسیارگەلێکی لێدەکەم کە ناتوانرێ وەڵام بدرێنەوە. بەپرۆژکتۆرەکەم بەسەر وردترین وردەکارییەکاندا دەگەڕێم.

بەپێچەڤێنییەوە لەبارەی چۆن و بۆچییەکانەوە دەپرسم. دەشێ لە بیرتیژیی بێهوودەمدا، ئەو هێزە ساردەی نەنکم لەودیو تراژیدیای دایک و باوکمەوە بینیبێ. وەکی کیژێکی جاحێڵ، نەنکم شووی بەپیاوێکی پیری خاوەنی سێ کوڕ کرد کە زۆر لەو جاحێڵتر نەبوون. دوای ژیانێکی کورتی هاوسەری، مێردەکەی دەمرێ و ژنەکەی بەپێنج منداڵەوە جێدێڵێ. ئیدی دەبوو وی چ شتێک خەفە و وێران بکات؟

بەدڵنیاییەوە مەتەڵەکە هاسانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەنەکراوەیی دەمێنێتەوە. ئەوەی من بەدڵنیاییەوە دەتوانم بیبینم ئەوەیە کە خێزانەکەمان خەڵکانێکن خودان ویستی باش بەمیراتییەکی کارەساتاوییەوە لە لێڕابینینی زۆر، لە ویژدانی بریندار و لە گوناه.

له دەفتەری نهێنی یادەوەرییەکانی دایکمدا بەدوای مانگی یولی ساڵی ١٩١٨ دا دەگەڕێم. لەوێدا نووسیویەتی: ئەم چەند هەفتەیەی پێشوو هێند نەخۆش بووم کە نەمتوانیوە هیچ بنووسم. (ئێریک) بۆ دووەمین جار ئینفلۆنزای ئیسپانیایی گرتووە. کوڕەکەمان بەیانی ڕۆژی یەکشەممە، چواردەی یولی لەدایک بوو. یەکسەر تاکەی بەرز بۆوە و زگچوونێکی سەختی گرت. له پەیکەرێکی ئێسکیی گچکە دەچێ بەکەپوویەکی زلی وەکی ئاگر سوورەوە. پێچەقێنانە نایەوێ چاوانی بکاتەوە. دوای چەند ڕۆژێک من بەهۆی نەخۆشییەکەوە چ شیرێکم نەما. ئەوسا ئەو لێرە، له نەخۆشخانە بەناچاری غوسڵدرا. ناوی (ئێرنست ئینگمار) ە. ما، بۆ (ڤۆرومس)ی برد، لەوێ دایەنێکی بۆ دۆزیوەتەوە. ما له ناکامڵی (ئێریک) بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە پراکتیکییەکانمان تووڕەیە. (ئێریک) له خۆهەڵقورتاندنی ما له ژیانی تایبەتی ئێمەدا تووڕەیە. من لێرەدا بێ دەسەڵات و داماو ڕاکشاوم. هەندێ جار کە بەتەنها دەبم دەگریم. ما دەڵێ گەر ئەم منداڵه بمرێت، ئەوا چاودێری (داگ) دەکات و دەبێ منیش بچمەوە سەر کارەکەم. دەیەوێ هەرچیی زووە (بەرلەوەی بەرقە شێتانەکەی کەتنێکی خەراپ بدات)، من و (ئێریک) لەیەکدی جیابینەوە. پێموایە مافی ئەوەم نییە ئێریک جێبێڵم. ئاخر وی تەواوێک شەکەتە و بەدرێژایی بەهار ئەعسابی هیلاک بوو. ما دەڵێ ئەو ڕاست ناکا و خۆی دەنوێنێ، باوەڕ بەو قسەیە ناکەم. من بەبێ چ متمانەیەک له خودا دەپاڕێمەوە. هەڵبەت بونیادەم دەبێ بەباشترین شێوە له قەرەی ژیانی خۆی بێت.

فورئۆ

١٩٨٦/٩/٢٥

***



## بەخشەکانی بێریمان:

فیلم:

* تەنگ پێهەڵچنین (فیلمنامە) ١٩٤٤
* قەیران ١٩٤٦
* باران بەسەر خۆشەویستییەکەماندا دەبارێت ١٩٤٦
* ژن بەبێ ڕوخسار (فیلمنامە) ١٩٤٧
* ئێڤا ١٩٤٨
* موزیک له تاریکیدا ١٩٤٨
* شاری بەندەر ١٩٤٨
* زیندان ١٩٤٩
* سەبووریی ١٩٤٩
* بە شادیی ١٩٥٠
* شتی وا لێرە ڕوونادات ١٩٥٠
* کاتێک کە شار دەنوێت (فیلمنامە) ١٩٥٠
* گەمەی هاوین ١٩٥١
* تەڵاقدراو ١٩٥١
* چاوەڕوانیی ژنان ١٩٥٢
* هاوین لەگەڵ مۆنیکادا ١٩٥٣
* ئێوارەی لێبووکەکان ١٩٥٣
* وانەیەک لەبارەی ئەڤینەوە ١٩٥٤
* خەونی ژن ١٩٥٥
* زەردەخەنەی شەوی هاوین ١٩٥٥
* دوایین جووت له دەرەوە ١٩٥٦
* حەوتەمین مۆر ١٩٥٧
* تووی فەرەنگی کێویی ١٩٥٧
* نزیک ژیان ١٩٥٨

* Tungfrukällan 1960
* چاوی شەیتان ١٩٦٠
* هێندەی لە ئاوێنەیەکدا ١٩٦١
* باخی ئارەزوو ١٩٦١
* میوانەکانی دواشێو ١٩٦٣
* بێدەنگی ١٩٦٣
* بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم هەموو ژنانەوە قسان نەکرێت ١٩٦٤
* پێرسۆنا ١٩٦٦
* سەعاتی گورگ ١٩٦٨
* شەرم ١٩٦٨
* یەک عەزاب ١٩٦٩
* بەرکەوتن ١٩٧١
* چرپەکان و هاوارەکان ١٩٧٢
* فلووتی ئەفسووناوی ١٩٧٥
* ڕوو بەڕوو ١٩٧٦
* هێلکەی مار ١٩٧٧
* سۆناتای پاییز ١٩٧٨
* لە ژیانی قەرەقۆزەکانەوە ١٩٨٠
* فانی و ئەلیکساندێر ١٩٨٢
* ڕوخساری کارین (کورتە فیلم) ١٩٨٦
* منداڵانی یەکشەممە (فیلمنامە) ١٩٩٢
* خایین (فیلمنامە) ٢٠٠٠



## فیلمە تەلەفیزیۆنییەکان:


* دیمەنگەلێک لە ژیانێکی هاوسەرییەوە ١٩٧٣
* دوای پرۆڤە ١٩٨٤
* خواستە باشەکە ١٩٩١
* Backanterna 1993
* Lamrmar och gör sig till 1997
* Saraband 2003

## کتێب

* سۆناتای پاییز ١٩٧٨
* چرای ئەفسووناوی ١٩٨٧
* وێنەکان ١٩٩٠
* خواستە باشەکە ١٩٩١
* نمایشەکان ٢٠٠٠
* ساراباند ٢٠٠٣
* سێ دەفتەری یادەوەری (بەهاوکاری لەگەڵ ماریا ڤۆن ڕوسێن) ٢٠٠٤
* ئەلیکساندەر و فانی



ڤیکتۆر خیۆسرێت




سڤێن نیکڤیست





فیلمی (بێدەنگی)




فیلمی
(دیمەنگەلێک لە ژیانێکی هاوسەریی)



سینەماتۆگراف




دوورگەی فۆرۆ





فیلمی (سۆناتای پاییز)



بێریمان و ئینگرید



بێریمان و سڤێن نیکڤیست





بێریمان